KURDISTAN



# کۆمەڵێک وتارو دیمانەی نووسەرانی بیانی

## وەرگێڕاوە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی

### هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور

بەشی: سێهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

## ساڵی.........٢٧٢٢ .........٥

١- لە ٢٠٢٢، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سووریە پێش بە تاران دەگرن و ئامادەکاریی بۆ لێدان لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن............................................................ جودا ئاری گرۆس .....
٢- ئەو هەموو ڕق و قینە دژی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟.........................................................................
٣- دەوڵەت یارمەتیی خەڵک دەدا یان زیانیان پێ دەگەیەنێ؟.......................................... سکات پیترسن .....
٤- دۆخی وتووێژەکان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران................. ئەنستیتۆی نونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک .....
٥- ئوکراین و گرینگیی خۆراگری.......................................................................... جان ڕاین .....
٦- جان میرشایمەر و بناخە تاریکەکانی کەتوارگەرایی......................................................... ئادام تووز .....
٧- گۆڕانکارییەکانی دادێ لە ئێران و قەیرانی گەورەی داهاتووی پەنابەران.................................. مایکڵ ڕوبین .....
٨- بۆچی ڕووسیە ئەو جەنگە دەدۆڕێنێ؟.................................................................. کامیل گالییەڤ .....
٩- ڕێککەوتنێکی لاوازی بایدن دەگەڵ ئێران، یارمەتیی ئابووری و سەربازیی بە ڕووسیەیە............ کارین حەججار .....
١٠- بۆچی هێندێک جوو داکۆکی لە سوپای پاسداران دەکەن؟......................................... جاناتان س. تۆبین .....
١١- ئەمریکا و ئێران ڕێک دەکەون یان نا؟..................................................................... کلیفۆرد د. مای .....
٢- دەرگای دیجیتاڵی خەریکە بەسەر ڕووسیەدا دابخرێ؟................................................. کەللێ ویکلوند .....
١٣- هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زەخت دەخەنە سەر بایدن تا ستراتێژییەک بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێ......................................................................................... سی ئێن ئێن .....
١٤- وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتێژییەکی باشتر بۆ چاوترسێنکردنی ئێران هەیە.............. دێنیس ڕاس .....
١٥- ئێهود باراک: ئێران دەتوانێ خۆی بکاتە خاوەن چەکی ناوکی و بۆ وەستاندنی بە هێرشی ئاسمانی زۆر درەنگ بووە ....
١٦- نارەزایەتییەکانی ئێران دژی دڕندەیی ڕێژیم گەیشتنە سێهەم شەو............................ سێت جەی فرانتزمەن .....

١٧- بەرگریی ئوکراینی لە ناوچەکانی داگیرکراو لە لایەن ڕووسیەوە پەرە دەستێنێ.........................................
........................................................................ یوراس کراماناو و هاننا ئارهیرۆڤا .....
١٨- کوردستان لە تاران: کوشتنی ژینا ئەمینی چ واتایەکی بۆ داهاتووی ئێران هەیە................. لوقمان ڕادپەی .....
١٩- کاریگەریی دۆخی گەلی کورد لە ئێران لەسەر ناڕەزایەتییەکانی دوای کوژرانی ژنێک لەو وڵاتە.........................
................................................................. وتووێژی ڕادیۆی گشتیی نیشتمانی دەگەڵ مێگان بۆدێت .....
٢٠- ئێران دەیهەوێ ناڕەزایەتییەکان چۆن سەرکوت بکا و دنیا دەبێ چۆن وەڵام بداتەوە؟............... مایکڵ ڕوبین .....
٢١- ئێمە بۆ ناوی ئەو و ئاڵاکەمان خەبات دەکەین............................................. لوک جەیمز .....
٢٢- ئازایەتیی بێوچانی خۆپێشاندەرە ئێرانییەکان، تاقیکارییەکی ئەخلاقیی بۆ دنیای ڕۆژاوایە........ فریدا غیتیس .....
٢٣- وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران... دەیڤید ئی سانگەر ....
٢٤- مۆڵەتی کوشتن: چۆن ئورووپا ڕێگا بە ئێران و ڕووسیە دەدا بێ سزا مرۆڤ بکوژن............... ماتیو کارنیشنیگ .....
٢٥- خۆپیشاندەرانی ئێران خوازیاری گۆڕینی ڕێژیمن، ئەمریکا دەبێ یارمەتییان بکات..................................
........................................................... فارین ئەفەیرز ئێریک ئێدێلمەن و ڕەی تاکیە .....
٢٦- ئورووپا پێویستیی بە ستراتیژییەکی نوێ لە هەمبەر ئێران هەیە...............................................
٢٧- تۆ دەجووڵێی، ئەوان وەدوات دەکەون.......................................................................

## ساڵی......... ٢٧٢٣......... ١٤٣

١٣- ڕێککەوتنی ئێران و عەڕەبستان..................................................... فەلیم کاین .....
١٤- ئێران خەریکە لە چەند لاوە ئیسڕائیل بەرەو ئاگر دەبات............................... یاکۆب ناگەل .....
١٤- پشتئەستووریی پیشەسازیی نیزامیی ئێران بە تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی............................ تیم لیستەر .....
١٥- لێکنزیکبوونەوەی سعودی - ئێران لە هێورکردنەوەدا ناسەرکەوتوو بووە...................... ستیڤن ئگگ. کووک .....
١٦- ئورووپاییەکان بەتەمان درێژە بە گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە هاژەکی بالیستیک دژی ئێران بدەن......................
......................................................... جان ئایریش، ئارەش محەممەد و پەریسا حافزی .....

بەشی: سێهەم

١٧- سەدەی بیستەم، دوایین سەدەی ڕێبەرانی تاقانە.........................................................................
١٨- تێچووی ئێران بۆ یارمەتیدانی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین.............................................. سکات پیترسن .....
١٩- هێزی پشت دەزگای تیرۆری ئێران.............................................................. جاناتان برۆدەر .....
٢٠- لاسایی‌کردنەوەی مێتۆدەکانی ک.گ.ب. لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە....................................................
٢١- کێشەی ئەرمەنستان - ئازەربایجان دەتوانێ هاوسەنگیی دەسەڵات لە ئێران، تورکیە، ڕووسیە هەتا چین بگۆڕێ........
........................................................................................................... مەلیک کایلان .....
٢٢- لێکدانەوەی پسپۆڕانی ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک لەسەر شەڕی حەماس - ئیسرائیل و کاریگەرییە نێونەتەوەییەکانی........................................................................................
٢٣- کاتی هاتووە بایدن ستراتیژییە لاوازەکەی بەرانبەر بە ئێران بە باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بگۆڕێتەوە...............
................................................................................................. فێدراڵیست چاک دەڤۆر .....
٢٤- ژەنراڵ جۆزەف ڤۆتەڵ: کێشەی غەززە ڕەنگبێ تەشەنە بکات...................... عەمبرین زەمان و جارێد زووبا .....
٢٥- وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەی لەهەمبەر ئێراندا بکات.......... شوکریە برادۆست .....
٢٦- ئێران بەرەوڕووی کێوێک لە کێشەی نێوخۆیی چارەسەرنەکراو بۆتەوە........... ناوەندی ستیمسۆن نووسەر نهێنی .....
٢٧- لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەوڕووی بەکرێگیراوانی ئێران دەبێتەوە، بایدێن لەژێر گوشاردایە.................
.......................................................................................................... دێهیڵ برەد درێس .....
٢٨- ئێرانی خەیاڵیی بایدن............................................................................. ڕیچارد گۆلدبرگ .....
٢٩- ئێمە لەگەڵ مەلاکانی ئێران لەشەڕ داین، یەکێک دەبێ ئەوە بە جۆ بایدن بڵێ.............. جەیمز هگ. مەکگی .....
٣٠- ئایا ئەمریکا دەبێ هێرش بکاتە سەر ئێران؟............................................. ئانهرد ڕوئەل مارک گەرەشت .....
٣١- ئایا واشینگتۆن لە جێهێشتنی عێراقدا جیددییە؟................................................... عەدنان ناسر .....

## بابەتی ساڵی ............ ٢٠٢٢

# لە ٢٠٢٢، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سووریە پێش بە تاران دەگرن و ئامادەکاریی بۆ لێدان لە بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکەن

**جودا ئاری گرۆس**

بەگوێرەی زانیاریی تایمز ئاف ئیزرائێل، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ساڵی ڕابردوو بە هۆی هێرشە ئاسمانییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو پێشی بە ئێران گرتووە تا چەکوچۆڵ و کەلوپەل بە سووریەدا بگوێزێتەوە و، بەتەمایە  ئەو کارە لە ٢٠٢٢دا درێژە پێ بدات.

لە هەمان کاتدا، هێزی سەربازی، لە میانەی ئەو گفتوگۆیانەی لە ڤییەن لە نێوان تاران و زلهێزەکانی جیهان بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ٢٠١٥ بە مەبەستی وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر سووککردنی ئابلۆقەکان لەئاراداں، درێژە بە ئامادەکارییەکانی بۆ ئەگەری هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران دەدا.

لە کاتێکدا کە هەوڵەکان بۆ گەشەپێدان بەو شتەی کە کاربەدەستانی ئیسرائیل وەک "هەڕەشەی سەربازیی باوەڕپێکراو" دژی بەرنامەی ئێران باسی دەکەن بەخێرایی درێژەی هەیە و سەرەڕای وتە شەڕانییە جاروبارەکانی سیاسەتوان و ئەفسەرەکانی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، هێشتا بەتەواوی ناڕوونە ئاخۆ ئیسرائیل بەڕاستی هێرشێکی ئەوتۆ بەڕێوە دەبات، تەنانەت بێتوو ئێران لە سنووری دروستکردنی چەکی ئەتۆمییش بێ: هێرشێکی ئەوتۆ بێگومان دەبێتە هۆی تۆڵەئەستاندنەوەی بەربڵاوی ئێران، ڕاستەوخۆ و لەلایەن بەکرێگیراوەکانی لە ناوچە، کە دبێتە هۆی تێوەگلانی ئیسرائیل لە جەنگێکی ماڵوێرانکەری چەند بەرەیی.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: سێهەم**

بڕیاری شێوەی هەڵسوکەوت لە کۆتاییدا بەستراوەتەوە بە چەند فاکتەری جۆراجۆر، لە ڕێژەی پشتیوانیی ئەمریکا بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ تا ئاستی ئامادەیی بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل و پەناگای بۆمبان و ڕەنگبێ لە هەمووی گرینگتر، تا چ ڕادەیەک هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وایە هێرشەکەی بەکردەوە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران وەدوا دەخا. لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا، هێزی سەربازی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تێچووی ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئیسرائیل لە سوودەکانی زۆرترە.

بێجگە لەوە، ئامادەکاریی بۆ بەروڕووبوونەوە دژی هەڕەشەی مەزنتری ناوچەیی، چاوەڕوان دەکرێ هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل سامانی بەرچاو لە ساڵی داهاتوودا بۆ بەرپەرچدانەوەی حەماس لە کەرتی غەززە -سەرەڕای ئەوە کە دوای قەیرانە ١١ ڕۆژەکەی مانگی مای هەنووکە ئاگربڕێک لە ئارادایە- تەرخان بکات و دژی چالاکییە تێرۆریستییەکانی کەناری خۆراوا، کە بەگوێرەی ئاماری هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، لەو دواییانەدا هەردوو هێرشی فەلەستینییان دژی ئیسرائیلییان و نیشتەجێکراوەکان دژی فەلەستینییان، گەلێک توندوتیژانەتر بوون، بوەستێنێتەوە.

لە کاتێکدا کە ڕێژەی کەمی کوژراوانی ئیسرائیلی لە هێرشە تێرۆریستییەکانی کەناری خۆراوا، بەقەد هی ساڵی ٢٠٢٠ بوو، کە تا ڕۆژی سێ شەممە دەکاتە ٣ قوربانی، ڕێژەی کوژراوانی هێرشەکان لە کەرتی غەززەوە زۆر زیاترە، واتە ١٣ کەس کە هی جەنگی مانگی "مای"ـە (١٢ لەوان خەڵکی مەدەنی بوون)، و ئەفسەرێکی پۆلیسی سنوور کە لە کاتی شەڕوهەرایەک لە پەرژینی ئەمنییەتی غەززە لە مانگی ئاگوست، کوژرا.

بەسەر یەکەوە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل چاوەڕوانی ڕەوتێکی ئارام بۆ ئاسایشی ئیسرائیل لە ساڵی داهاتوویە. هێزە سەربازییەکان لەسەر ئەو بڕوایەیە کە زۆربەی دوژمنانی ئەو وڵاتە لە دەستپێکردنی کێشەیەکی بەربڵاو دژی ئیسرائیل چاوترسێن کراون. پێوەندییە گەشەئەستێنەکانی ئورشەلیم دەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە هاوپەیمانە ئاشکراکان وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرەین تا هاوبەشە لەمێژینەکان وەک ئوردۆن و میسر، توانایییەکی زۆرتر بە ئیسرائیل دەبەخشن تا لە ناوچەیەکی بەربڵاوتردا هەڵسوکەوت بکات. دوای چەند ساڵ بێبودجەیی، بودجەی تازە پەسندکراو سامانی پێویست دەداتە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل تا وتوویژ لەبارەی ڕێککەوتنی درێژمەودا دەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرگریی ئەمریکایی بەرێوە بەرن، بۆوەی دڵنیا بن کە هێزە سەربازییەکان ئەو چەکوچۆڵ و سیستەمانەی دەست دەکەون کە لە ساڵەکانی داهاتوودا پێویستی پێ دەبن.



سەرچاوە
Serchawe

## لێکهەڵتەکاندنی زنجیرەی دابینکردنی کەلوپەل

بەگوێرەی بەراوردەکانی سەربازی، بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیل، ئێران لە نزیکەی ٧٠ لە سەدی کاتەکان نەیتوانیوە سیستەمەکانی چەکوچۆڵی خۆی بە ناوچەدا بگوازێتەوە، چ بە ئاسمان، دەریا یان بە زەویدا، و توانای ئیسرائیل لەو ڕوانگەوە لە باقی کاتەکاندا بەربەستی خستۆتە سەر ڕێگای ئەو هەوڵانە. بە بۆچوونی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا، ڕێژەی سیستەمی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو یان ستراتیژیک لە سووریە خەریکە کەم دەکات.

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، ئاڤیڤ کۆخاوی، ئەو حەوتوویە، لە توێی ئاگادارکردنەوەی کۆتایی ساڵدا بە هەواڵنێرانی گوت، "زیادکردنی ڕێژەی ئۆپەراسیۆنەکان لە ساڵی ڕابردوودا بووە هۆی پەکخستنی بەرچاوی هەموو ڕێچکەکانی هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ بەرە جیاوازەکانی دوژمنانمان".

لە ساڵی ڕابردوودا، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، دەرزەنێک هێرشی ئاسمانییان کردە سەر ئامانجەکانیان لە سووریە کە لەواندا کەڵکیان لە سەدان بۆمب وەرگرت، کە کەمێک لە ڕێژەی ئۆپەراسیۆنەکانی ٢٠٢٠ زیاتر بوو و نزیکەی دوو هێندەی ئەوانی ٢٠١٩ بوو. لە هەمووان تازەتر، سووریە ئیسرائیلی تۆمەتبار کرد کە ڕۆژی سێشەممە هێرشێکی دەگمەنی کردۆتە سەر بەندەری ئەو وڵاتە لە لازقیە، ناوچەیەک کە تا ئەو مانگە ئیسرائیل خۆی لە هێرش بۆ سەر ئەوێ، لەبەر بوونی هێزەکانی ڕووسیە لە نزیک ئەوێندەرێ، دەبوارد. لە مانگی ڕابردوودا ئەوە دووهەمین هێرش بۆ سەر بەندەرەکەیە کە وێدەچێ دەرخەری ئەوە بێ کە ڕووسیە تا ڕادەیەک ڕەزامەندیی بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانە دەربڕیبێ.

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وانییە کە بتوانێ بەتەواوی پێش بە هەوڵەکانی ئێران بۆ گواستنەوەی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بۆ بەکرێگیراوانی بگرێ، بەڵام هیواداره تا ئەو جێیەی دەکرێ سنوورداری بکا. بێجگە لە هێرشە ڕاستەوخۆکان بۆ سەر جبەخانەی چەکوچۆڵی ئێرانی و دژی دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە ئێران لە سووریە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هەروەها هەوڵ دەدا دیمەشق ناچار بکا نرخی ئێزندان بە چالاکیی سەربازیی ئێران لە وڵاتەکەی بدا، بەو هیوایە کە بتوانێ قەناعەت بە ئەسەد بێنێ کە ڕایگرێ یان لانی کەم ئەو پشتیوانییە کەم بکاتەوە. ئەو هەوڵە لە هێرشەکانی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بەرگریی ئاسمانیی سووریە و دژی بنکە سەربازییەکانی سووریە کە هاوکاریی سوپای پاسدارانی ئێران دەکەن، دەر دەکەوێ.

بەشی: سێهەم

زیاتر لە یەک دەیە پاش دەستپێکی شەڕی نێوخۆیی سووریە، هەنووکە ئەسەد نزیکەی دوو لەسەر سێی وڵاتی بەدەستەوەیە، پاشماوەکەی بەدەست شەڕکەرانی سووریە، هێزە کوردییەکان، تورکیە یان وڵاتە یەکگرتووەکانەوەیە (لە دۆخی ناوچەی تەنف لە خۆرهەڵاتی سووریە).

لە کاتێکدا کە ئەسەد دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەشی خۆی لە وڵاتدا دەسەپێنێ، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هیواداره کە ئەو دەست بکا بە وێستانەوەی ڕێژەیی دژی چالاکییەکانی ئێرانیان، ئەگەرچی وێناچێ ئەو بە تەواوی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران وەدەر نێت، کە لە ١٠ ساڵێ ڕابردوودا یارمەتییان کردووە.

لە کاتێکدا کە ئیسرائیل پێی خۆشە سەرجەم هێزە پشتگیریکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە لە سووریە بچنە دەر، ئەو زۆرتر نیگەرانی بوونی ئەوان و بوونی هێزەکانی حیزبوڵڵا لە بەرزاییەکانی گوڵانە و هەوڵێکی زۆر بۆ وەدەرنانی ئەوان تەرخان دەکات، هێرش دەکاتە سەر بنکەی ئەوان و هی ئەو یەکە سوورییەییانە کە ڕێگایان پێ دەدەن، هەروەها بەئاشکرا فەرماندەکانی تێوەگلاو لەو کارەدا لەقاو دەدات.

لە کاتێکدا کە هێزەکانی حیزبوڵڵا لەسەر سنوور ماونەوە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئۆپەراسیۆنەکانی بوونە هۆی پێشگرتن بەو تاقمە تێرۆریستییە تا ئەو ڕێژە هێز و چەکۆچۆڵە لەو بەرەیە کۆ بکاتەوە کە پلانی بۆ داڕشتبوو.

## ئامادەکاریی بۆ هێرشێک کە ڕەنگبێ قەت نەقەومێ

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل درێژە بە ئامادەکارییەکانی بۆ هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ساڵی داهاتوودا دەدات، بە پلانی مانۆڕێک لە بەهاری تا لاسایی هێرشێکی ئەوتۆ بکاتەوە و هەروەها هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ وەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی بۆ مەئمورییەتەکە.

لە کاتێکدا کە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل پێی وایە کە ڕەنگبێ هەنگاوی سەربازیی دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە ماوەیەکی کورتدا پێویست بێ، وێدەچێ ئەو هەنگاوە کاریگەریی سنوورداری هەبێ. بۆ وێنە، هەنووکە هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل توانایی بۆمبارانکردنی ناوەندی پیتاندنی نەتەنزی هەیە، کە ئامانجێکی هاسانترە، چونکە تەنانەت ئەو بەشەی

کە لەژێر زەوییە هێندە قووڵ نییە کە بۆمبی ئاسایی نەیگاتێ. بەڵام، بنکەی فۆردو، کە لە قووڵایی عەرزدا و لە ژێر چیایەکی بەردیندا نێژراوە، بەبێ کەڵکوەرگرتن لە بۆمبی بانکر-باستر (کونەتەیارە هەڵتەکێن)، جۆرە بۆمبێک کە فڕۆکەکانی ئیسرائیلی توانایی هەڵگرتنیانی نییە، گەلێک دژوارترە.

لانی کەم شەش مانگ و ڕەنگبێ ساڵێک بخایەنێ تا ئیسرائیل بتوانێ توانایی بەرێوەبەری هێرشێکی وەها بەربڵاو کە بتوانێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ماوەی چەند ساڵ بوەستێنێ، وەدەست بێنێ. ئەگەرچی ئامانجی هێرشێکی ئەوتۆش تەنیا چاوترسێنکردن دژی پیتاندنی ئورانیۆم لە داهاتوویە، تەنانەت بەربڵاوترین هێرش تەنیا بەرنامەی ئەتۆمی وەدوا دەخات، چونکە زانیاریی تەکنیکی و ئەو ئەزموونەی زانایانی ئەتومیی ئێران هەر ئێستا کۆیان کردۆتەوە لەنێو ناچێ.

بودجەی نەتەوەیی تازە پەسەندکراو، کە لەویدا بودجەی بەرگریی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کرایەوە، بە تایبەتی بۆ ئەوە تەرخان کراوە تا ئامادەکاری بۆ لێدانێکی ئەوتۆ بکرێ، ئیزنی بە هێزە سەربازییەکان داوە تا هەوڵەکانیان خێراتر بکەن، نەتەنیا چەکوچۆڵی پێویست بۆ هێرشەکە بکڕن بەڵکوو سیستەمی بەرگریی ئاسمانی بەهێزتر بکەن کە بۆ پارێزگاریی لە وڵات لە بەرانبەر تۆڵەئەستاندنەوە چاوەڕوانکراوەکە یەکلاکەرەوەیە.

ئەو حەوتوویە کۆخاوی گوتی، "پلانی خۆ بەهێزکردنی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل لە ساڵی ڕابردوو بە خێراییەکی پەرەئەستێن پێشوەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. خاڵی سەرەکیی ئەو، باشتربوونی بەرچاوی ژمارەی ئامانجەکانی دەستنیشانکراوی دوژمن و هەواڵگرییە؛ تەواوکردنی مامەڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی بەرچاوی ژمارەی بۆمب و مووشەکی فڕۆکەی شەڕکەر؛ پێشوەچوونی پلانەکانی ڕایەڵەیەکی بەرگریی ئاسمانیی سەرانسەریی و باشتر کردنی سیستەمەکانی پێوەندیی".

## نیزیکتر لەماڵەوە

تەنیا شەش مانگ دوای جەنگی ١١ ڕۆژەی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل و تاقمە تێرۆریستییەکانی کەرتی غەززە، هێزە سەربازییەکان چەند مووشەکیان دیتوون کە دوای ئەو شەڕەی لە مانگی مای کۆتایی هات، بەرەو ئیسرائیل هاوێژراون: تەنیا پێنج مووشەک لە شەش مانگی ڕابردوودا، لە بەراورد لەگەڵ ٢٢ دانە کە شەش مانگ دوای کۆتایی جەنگی غەززە لە ٢٠١٤ هاوێژران.

**بەشی: سێهەم**

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل هۆی ئەو ئارامییە بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێنێتەوە: یەکەم، سیاسەتە مەدەنییەکانی دەوڵەت بەرانبەر بە غەززە کە وردە وردە ئیزنی بە غەززەی گەمارۆدراو و بێدارایی داوە تا وێرانییەکانی دوای جەنگ چاک بکەنەوە؛ و دووهەم، هەڕەشە سەربازییەکان لەمەڕ تۆڵەئەستاندنەوەی سەخت لە ئەگەری هێرش لە کەرتی غەززەوە، کە لە کێشەی مانگەکانی دواتر بە هەنگاوتنی بنکەکانی حەماس بە بۆمبی ٨٠ تۆنی، لە جوابی چەند مووشەک و پزدانی بەڕێکراو لەوێوە بە مەبەستی ئاگربەردان لە ناوچەکانی نێوخۆی ئیسرائیل، نیشان درا.

لە هەمان کاتدا، سوپا ژمارەیەک ناوچەی دیتنەوە کە لەوێ لە کاتی کێشەی مانگی مای زەختی کەوتبووە سەر، لە ئیسرائیل ئەوە بە ئۆپەراسیۆنی پارێزەری دیوارەکان ناسراوە: بە تایبەتی بۆ پێشگرتن بە حەماس و جیهادی ئیسلامی تا مووشەک بە بەرەی نێوخۆوە بنێن. لە کاتێکدا کە ٩٠ لە سەدی مووشەکەکانی ئاراستەکراو بەرەو ناوچە مەدەنییەکان پێش تەقینەوە لەنێو بران و، ڕێژەیەکی بەرچاو لەوانی هاوێژابوون نەگەیشتنە ئامانج. هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل دەڵێ توانایی دیتنەوەی شوێنەکانی هاویشتنی مووشەکەکان و لەنێوبردنیانی لە کاتی جەنگ باشتر کردووە، بەڵام ئەو پرسە هێشتا جێگای نیگەرانیی هێزە سەربازییەکانە. تیمێکی پسپۆڕ لەنێو بەڕیوەبەرایەتیی گشتیی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بۆ ئەو مەبەستە و بۆ گەشەپێدانی تێکنۆلۆژی و تاکتیکی نوێ بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشەیە دروست کراوە.

کەناری خۆراوا سەرچاوەی سەرەکیی نیگەرانیی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیلە. ساڵی ڕابردوو توندوتیژییەکان لەوێ بە شێوەی بەرچاو زیادیان کردووە. بەگوێرەی ڕاپۆرت لە ٢٠٢١ لە بەراورد دەگەڵ ساڵی پێشوو، ڕێژەی تەقە و هێرشی چەقۆوەشاندن دوو هێندە بووە، (٦١ و ١٨، کە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەو ڕێژەیە ٣١ و ٩ بوون). هەروەها بە گوێرەی ئاماری هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل، ڕێژەی بەردهاویشتن ٤٠٪ و بۆمبی ئاگرخەرەوە ٣٣٪ زیادی کردووە.

هێزە سەربازییەکان هۆی زۆربەی ئەوانە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی دەزانن کە هەروەها لە کەناری خۆراوا لە کاتی ئۆپەراسیۆنی پارێزگاریی لە دیوارەکان دیترا، بەڵام بەشێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پشێوەییەکانی ئەو دواییانە. لە پاییزەوە، کە وەرزی کۆکردنەوەی بەری زەیتوونە، هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل ئاستێکی بەرزتر لە توندوتیژی لەنێو توندئاژۆیانی ئیسرائیلییدا دژی فەلەستینییان بەدی کردووە و لە هێندێک دۆخ دژی هێزە ئاسایشییەکانی ئیسرائیل، دەگەڵ بەرزبوونەوەی هێرشی فەلەستینییان دژی نیشتەجێکراوەکانی ئیسرائیلی.

هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل بەردەوام ڕەخنەی لێ گیراوە کە پێش بە هێرشی ئیسرائیلییان دژی فەلەستینییان ناگرێ.

بەشی: سێهەم

ئەگەرچی هێزە پارێزەرەکانی ئیسرائیل ددان بەوە دادەنێن کە سەربازەکان لەو بوارەوەدا دەتوانن کاری زۆرتر بکەن، بەڵام هێزە سەربازییەکان بە گشتی پێی باشتر کە پۆلیسی ئیسرائیل بەڕێوەبەری ئەو هەوڵانە بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠٢٢

## ئەو هەموو ڕق و قینە دژی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

لە ڕوانگەی زانستییەوە سوڕی گەشەی مرۆڤ ٢،٥ ملیۆن ساڵ لەوە پێش لە ئەفریقا دەستی پێ کرد و ٢ ملیۆن ساڵ لەوە پێش جۆرێک مرۆڤی سەرەتایی لەوێوە بەرەو ئەوراسیا کۆچیان کرد. ٥٠٠ هەزار ساڵ لەوە پێش نیاندرتاڵەکان لە ئورووپا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەشەیان کرد. ٧٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا شۆڕشی بیرکردنەوەی مرۆڤی ژیر دەستی پێ کرد و ئەوان لە خۆرهەڵاتی ئەفریقاوە بەرەو ئەوراسیا کۆچیان کرد. دەستپێکی شۆڕشی بیرکردنەوە و دوانی مرۆڤ بە سەرەتای مێژوو دادەندرێ.(١)

تا ئێستا چەند بەڵگەی مێژوویی سەلماندوویانە کە کورد لە چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە لە ناوچەی نێوان دوواوان (مێزۆپۆتامیا) و چیاکانی زاگرۆس ژیاون. ١٢٠٠٠ ساڵ لەوە پێش شۆڕشی کشتوکاڵی لە نێوان دوواوان دەستی پێ کرد(٢) و کۆنترین پەرستگەی دەستکردی مرۆڤ لە باکووری کوردستان لە تەپۆلکەی گۆبەکلی دۆزراوەتەوە.(٣) هەروەها سومێرییەکان یەکەم داهێنەرانی نووسین و دراو بوون(٤). هەموو ئەوانە و زۆر بەڵگەی مێژوویی دیکە دەیسەلمێنن کە کوردیش وەک هەموو گەلانی دیکە پشکی حاشا هەڵنەگریان لە گەشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە.

چەند ڕۆژ لەوەپێش فایلێکی دەنگی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەست دەکرا کە لەویدا عەبدولکەریم سروش، فەیلەسووف، پسپۆڕی بواری مێژووی زانست و هەروەها مەولەوی‌ناسی ئێرانی، ئاماژە بە پێشەکی عەرەبیی دەفتەری مەسنەویی مەولەوی دەکا و بەو شێوەیە دەدوێ: "مەولەوی گوتوویەتی مەسنەویی بۆ حوسامەدین نووسیوە و لە دانانی شێعرەکانی مەسنەوی، بەردەنگەکەی حوسامەدینە" و لە باسی ئەوە کە ئەو حوسامەدینە کێیە دەڵێ: "گوایە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر حەزرەتی ئەبوبەکری سددیق، یەکەم خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام کەسێکی دیکەش لەو بەینەدا هەیە کە یەکێک لە باپیرانی حوسامەدین بووە و ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە گوتوویەتی "امسیت کردیا و اصبحت عربیا" واتە شەو کورد بووم و بەیانی بوومە عەرەب." بە گوتەی سروش ئەو کەسە لە خودا پاڕابۆوە کە فێری عەرەبیی بکا. لێرەدا سروش دەڵێ: "بە داوای لێبوردن ئەگەر کەسێکی کورد لێرەیە یان گوێی لێ دەبێ، لە ڕابردوودا بە کەسێکی نەخوێندەواری بێ فەرهەنگیان گوتوە کورد و مەولاناش هەرکاتێک بیهەوێ نموونەی کەسێکی ساکاری نەزان بێنێتەوە دەڵێ کوردێک. لەناو جیلەکانی ڕابردوودا، ئەوە هەر باو بوو کە بڵێن کورد هۆزێکی جندۆکانن و لە بنەڕەتڕا پێیان وا بوو کە بنەچەکەیەکی غەیری مرۆڤیان هەیە، ئێستا ئەوە تەنیا قسەهایەکن کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە دەیڵێین دەنا قسەی دروست و قبووڵکراو



سەرچاوە
Serchawe

نین"...

عەبدولکەریم سروش کە بە ڕواڵەت فیلسووف و ڕۆشنبیری ئایینییە، هەڵوێستەکانی لە مەتەرێزی شیعەگەرییەوە ئاراستە دەکا و گوتەی بنەچەکەی غەیری مرۆڤبوونی کوردان لە زمانی ئیمام جەعفەری سادق، ئیمامی شەشەمی شیعە، دەگێڕێنەوە و گوایە ئەو گوتەیەی ناوبراو لە کتێبی ئەلمەسائیل ئەلعەمەلیەدا هاتووە. هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو درۆ ئاشکرایە بۆ ئێمە نارٍوونە.

هەراری گوتەنی، بەگوێرەی زانیاریی زانستی، سەرجەم ئەو نووسراوە "پیرۆزانە" لەلایەن مرۆڤی خەیاڵاوی نووسراون. ئەوانە تەنیا چیرۆکن کە باوباپیرانمان هەڵیان بەستوون تا ڕەوایی بە نۆرمەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوە سیاسییەکان بدەن."(٥)

شتێکی ئاشکرایە کە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە زۆر دەمێکە دەسەڵاتدارانی نەتەوە باڵادەستەکان بەئانقەست هەوڵی بەدێوزمە کردنی کوردانیان لەنێو بیروڕای گشتیی خۆیاندا داوە. عەلی فەتحی لە وتارێکدا لەژێر ناوی "شێواندنی مێژوو، هونەری بەردەوامی پارسەکان" کە لە ژمارەی ٦١ی گۆڤاری تیشکدا بڵاو بۆتەوە نووسیویەتی: "خۆیان هەرچەند میللەتێکی ڕەش و ڕووت بوونە، بەڵام کاتێک دەسەڵاتیان دەست کەوتووە، هەم لە خەزێنەی فەرهەنگیی گەلانی تر کەڵکیان وەرگرتوە و هەم بە چاوی سووک سەیری ئەو گەلانەیان کردوە کە لەژێر چەپۆکیاندا بوونە. ئەوەتا هێرۆدۆتی ئەفسانەسەرای باوکی مێژووش بە قەولی ئەوان، لە کتێبی یەکەم، بەندی ١٣١ دا بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێ: "پارسەکان بە چاوی سووک سەیری گەلانی دوور لە خۆیان دەکەن."(٦)

لیندا شافەر لە نامیلکەی "ئێران لە پارس زیاترە"دا دەنووسێ: "مێدیای ئێران پەیتا پەیتا کەمینە ئەتنیکییەکان بە شێوەی نەرێنی وێنا دەکا."(٧)

لە مرۆڤایەتی داماڵینی ناسنامەی کورد لە تورکیەش دەمێکە پێڕەو دەکرێ. لە گێڕانەوەکانی تاراوگە لەمەڕ ئاسیمیلە کردن و بەرخۆدان کە لە ژمارە ٥٧ی گۆڤاری تیشکدا بڵاو بۆتەوە نووسەری بابەتەکە لە زمان لەیلا (یەکێک لە بەشدارانی لێکۆڵینەوەک) دەگێڕێتەوە: "کاتێک باوکم لە بورسا دەژیا، بە تورکێکی گوت کە ئەو کوردە. تورکەکە پێی گوت: "کورد تورکان دەخۆن؟" ئەوان لەوە دەترسان کە بنەماڵەی ئێمە کاتێک ئەوان خەوتوون، سەریان ببڕن. ئێمە ماوەی ٣ساڵ

جیرانیان بووین و کاتێک لەوێ ڕۆیشتین، ئەو گەلێک دڵگران بوو و لە بۆچوونی پێشووی خۆی لەمەڕ کوردان گەلێک پەژیوان بوو. ئەو گوتی مێشکی شۆردرابۆوە و فێر کرابوو کە کوردان وەک مرۆڤ سەیر نەکات."(٨)

ستراتیژی بەدێوەزمە کردنی دوژمنان بەدرێژایی مێژوو بەردەوام کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەو ستراتیژییە بێگومان دەبێتە هۆی بازنەی خراپی ستەمکاریی کە لە لایەن زۆر نووسەرانەوە باسی لێوە کراوە لەناویاندا کارل ڤۆن کلاوسەویتز.(٩)

نمونەیەکی دیکەی بەدێوزمە کردنی کوردان ئیددیعای سەربڕینی پاسداران لە لایەن کوردانەوەیە کە لە سەرەتای بەرخۆدانی گەلەکەمان دژی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە لایەن دەسەڵاتەوە بڵاو بۆوە. ئەگەرچی تاکە یەک جاریش ئەو ئیدیعایە نەسەلمێنرا، بەڵام بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەرخواردی بیروڕای گشتی دراوە.

لە ئاڵمانی نازیش پرۆپاگاندای هیتلەر کەڵکی لە ستراتێژی بەدێوزمە کردنی جوولەکە و قەرەجەکان وەردەگرت تا بەو شێوەیە کۆمەڵکوژ کردنی ئەوان هاسان بکات.

بڕوا ناکەم جەنابی سروش نەزانێ کە لە ماوەی دەسەڵاتی چەند سەدەیەی عەڕەباندا، زمانی دیوان و نووسین عەڕەبی بووە و نەتەنیا بیرمەندانی کورد بەڵکو هی فارس و نەتەوە نا عەڕەبەکانی دیکەش ناچار بوون بەرهەمە هزرییەکانیان بە عەڕەبی بنووسن. دوای نەمانی دەسەڵاتی عەڕەبان بە سەر ئێرانەوە، وردە وردە زمانی فارسی بۆتە زمانی دەرباری پاشایان، بۆیە ئەوانی خوێندەوار بوون بۆ نووسینەوەی بەرهەمەکانیان کەڵکیان لەو زمانە وەرگرتوە. بۆ نموونە کتێبی "مێژووی زانایانی کورد" کە سێ بەرگە و لە لایەن بابا مەردوخ ڕوحانی (شیوا) نووسراوە ناوی سەدان نووسەر، بیرمەند و زانای کوردی تێدایە. بێجگە لەوە بە گوتەی بەڕێز ئیسماعیل شەمس، نووسەری یەکەم مێژووی حیکمەت و فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامدا، واتە "نزهه الارواح و روضه الافراح (تاریخ الحکما)" و مەزنترین شیکەرەوەی "حکمت الاشراق" ی سوهرەوەردی کە بە هەڵکەوت هاوسەردەمی مەولەوی بووە، زانایەکی کورد بە ناوی شەمسەددین محەممەد شارەزووری بووە.

بۆ خۆبواردن لە درێژدادڕی، وتارەکەم بە چەند نمونە لە گێڕانەوەی گەڕۆکە بیانییەکان کۆتایی پێ دێنم کە سەردانی پارس و کوردستانیان کردوە و لە کتێبەکانیاندا باسی هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەو شوێنانەیان کردوە. من دادوەریی لە سەر ئیددیعای جەنابی سروش هەموو ئەو کەسانەی کە بە قسەی بێ بنەما دەیانەوێ ناسنامەی کوردان لە مرۆڤایەتی داماڵن بە

خوێنەرانی هێژا دەسپێرم.

بۆ نمونە م. گ. جێرارد لە کتێبی "یادداشتەکانی سەفەرێک بەناو کوردستاندا" ،کە لە ١٨٨٣ی زایینی نووسراوە، کاتێک لە پارێزگاری سلێمانی (تورکێکی عوسمانی) بە هۆی پیلانگێڕیی ناوبراو تووڕە بووە نووسیویەتی: "بە تەنیایی لە نێو کورداندا زۆرتر هەست بە ئاسایش دەکەم تا لە ناوچە بە ناو شێوە شارستانییانە.(١٠)

ئیزابێللا بیرد لە بەرگی یەکەمی "سەفەرەکانی پارس و کوردستان"، کە لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی نووسراوە، کاتێک دەگاتە شاری قوم بەو شێوە لەسەر ژنانی فارس دەنووسێ: "ژنێکی خاوەن "پێگە" نابێ قەت لە ماڵ بچێتە دەرەوە جگە لە ڕۆژی هەینی بۆ مزگەوت، یان لەسەر ئیزنی مێردەکەی و بە تەواوی داپۆشراو و بە پاسەوانەوە، بچێ بۆ دیتنی ژنانی هەڤاڵی خۆی. کیژۆڵە لە دوو – سێ ساڵی ڕا دەبێ چارشێوە بنێنە سەر و وەک دایکیان جیا دەکرێنەوە و هیچ کەس جگە لە باوک یان براکانی ناتوانن ڕوخساریان ببینن. بەشێکیان لە دوازدە ساڵی بە مێرد دەدرێن."(١١)

لە جێیەکی دیکە لە هەمان کتێبدا باسی چوونە دەر بۆ نێو بازاڕی شاری قوم دەکا، هەڵبەت خۆی لە جلوبەرگی ژنی پارسدا بە تەواوی حەشار داوە: "دوای ناردنی ئەسپەکان بۆ کاروانسەرا بە جلوبەرگی خانمی لاین کە بۆ نێو شار دەبەریان دەکا و وەک ژنێکی چینی مامناوەندی پارس دەچێ خۆم داپێچا، لێچکەیەکی ئەستووری کرێپ کە تەنیا شوێنی چاوی مرۆڤ کونە، قوماشێکی ڕەش کە لە تەپڵی سەری تا بەری پێ دادەپۆشێ. ئەمسەر ئەوسەری لە ملی ڕا قوڵفەی درێژ بەربوونەوە و بە دەستی چەپ لە ژێر چاوان ڕادەگیری، بەو شێوەیە، ئەگەرچی نەمتوانی لاسایی لارە لاری ڕۆیشتنی خانمانی پارس بکەمەوە، بێ ئەوەی هیچ کەس سەرنجم بداتێ بە نێو شەقامە درێژ و قەرەباڵخەکانی ئەو شارە دەمارگرژەدا ڕۆیشتم و تەنیا غولامێکم لەگەڵدا بوو تا گەیشتمەوە بەر دەرگای ژوورەکەم کە لەوێ خزمەتکارەکانم پێشیان پێ گرتم تا دوایە بە دەنگم ڕا ناسیانمەوە."(١٢) یان لە جێیەکی دیکەدا نووسیویەتی: "دوای ئەوەکە خۆم لە بەرگەکەدا شاردەوە، دەگەڵ خزمەتکارێک، بۆ جاری سێهەم بێ ئەوەی کەس دەستم بۆ بهێنێ بە نێو بازاڕە قەرەباڵخەکاندا، بە نێو دەروازە و بە سەر پردەکەدا ڕۆیشتم، کاتێک کوڕێک بە جوانی ڕوانییە سەرپۆشەکەم، کە ڕەنگبێ وا توندم نەبەستبوو کە بۆ شوێنی پڕ حەشیمەت باوە، چەند جار هاواری کرد "کافر" و ڕایکردەوە نێو شار. من ڕام نەکرد، بەڵام بە زووترین کات خۆم گەیاندەوە "هوتێلەکە."(١٣)

گێڕانەوەی خاتوو ئیزابێللا لەمەڕ یەکەم ئەزموونی لە شاری ئیسفەهانیش سەرنجڕاکێشە. ئەو نووسیویەتی: "ئەوڕۆ دوایین

ڕۆژی پشووی نەورۆزیی بوو و بازاڕەکان و شوێنە بەرئاوالاکان پڕ بوون لە پیاو بە جلوبەرگی ڕەنگینەوە و تاقمی ژنی داپۆشراو لە ڕێگا چۆلەکان دەڕۆیشتن. هەوا لەوە گەرمتر بوو کە بۆ لەبەر کردنی کۆتە پێستە مەڕەکە گونجاو بێ کە لە قوم و بەولاوە زۆر خزمەتی کردبووم و لەبەر هەستیاریی بەرانبەر بە ئورووپاییان لەبەرم دەکرد. کوڕەکان دەستیان کرد بە هاوار کردن "ژنێکی فەرەنگی! ژنێکی نەسرانی!" و پاشان نێو و نرتکیان لێ هەڵدام؛ پاشان پیاوان دەستیان کرد بە پێکەنینی ئەهریمەنی، و لە کاتێکدا بە ناچاری بە پیادە دەڕۆیشتم، هات و هاوارەکە بەهێزتر دەبوو، تف کردن شتێکی زۆر ئاسایی بوو، بێچارە ماهبود کە بەردەوام بە ڕوخسارێکی خەمۆکەوە دەیڕوانییە من و لە بێڕێزییەکانی هاوئایینەکانی دڵگران بوو و ناڕەزایەتی دەربڕین کارێکی مەترسیدار بوو. ئەوە نیو سەعاتێکی گەلێک ناخۆش بوو."(١٤)

ئەوجار با بزانین خانمی بیرد کاتێک عەجەمستان بەجێ دێڵێ و دێتە گوندێکی کوردستان بە نێوی "گۆیئاغاج" کە لە نێوان تیکاب و شاهیندژ هەڵکەوتووە چۆن لەسەر ژن و پیاوی کورد دەدوێ؟ ئەو نووسیویەتی: "گۆی ئاغاج یەکەم گوندی کوردییە کە من لەوێ بە ڕاستی لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بووم. من ئەوان خوێنگەرم، میوانپەروەر و گەلێک خۆشمەشرەف دەبینم. هاوسەری کوێخا سەردانی کردم و من دوایی چوومەوە سەردانی." لە شوێنێکی دیکە نووسیویەتی: "هاوسەرەکە جوان بوو و لە هیچ ولاتێکیتر کیژێکی جوانتر لە کچەکەیانم نەبینیبوو کە وەک حەزرەتی مریەم دەچوو. ئەوان پێیان گوتم کە ٥ مانگی زستان بەفر هێندە دەبارێ کە دەگاتە ملان، و کەس ناتوانێ لە گوندەکە دەرکەوێ. پیاوەکان بە ئەسپەکان و ئاژەڵەکان ڕادەگەن و ژنەکانیش فەرشان دەچنن، بەلام زۆربەی کاتی هەردوو لا بە خەوتن تێپەڕ دەبێ. لەگەڵ ئەم کیژە جوانە، کە هەم دڵڕفێنە و هەم جوان، و خزمەتکارێک، سەردانی زۆر کەسم کرد و بۆم دەرکەوت کە گشت خانووەکان بە یەک شێوەن. من لە خاوێنیی لەڕادەبەدەری ئەوان سەرم سوڕ ما. ئەردە گلێیە ڕەقەکان تا ئەو جێیەی دەکرێ بە گەسک بماڵدرێن، خاوێن دەکرێنەوە و خەڵکەکە هەم خۆیان و هەم جلوبەرگیان خاوێنە. ژنەکان، کە زۆربەیان جوانن، لێچکەیان پێوە نییە، و تەنانەت چارشێویش بە خۆ دانادەن. تاجیلەیەکی ڕەشیان لەسەرە کە زۆر لێیان دێتەوە و زنجیری سکەی زێوی پێوە هەڵواسراون. پەڕۆیەکی سوور بە گرێیەکی نە زۆر تووند لە پشت سەریان دراوە کە لەسەر ئەویشەوە پرچە ئەستوورەکانیان بە دەرزیلەی زێوین هەڵپێچراون. ئەم کچە بێ لێچکەیە بەناو دەستەی پیاوی بێگانەدا، بە ساکاریی و ڕێزداریی کیژانە لەگەڵمدا دەهات کە زۆر دڵخۆشی کردم. دوای دیتنی شێوەی ڕۆیشتنی شل و شەوێلی ژنی بێ فۆرم و داپۆشراوی فارس، دیتنی ڕوخساری جوان، بالای بەرز و قایم و شێوەی ڕۆیشتنی چستوچالاکی ئەم ژنە کوردانە شتێکی وزەبەخش بوو. پیاوەکانیش بەهەمان شێوە جوانن، و زۆر پیاوانە دێنە بەرچاو."(١٥)

**کۆتا قسە ئەوەیە کە بۆ ئەوەی بزانین ئێمە کێ بووین دەبێ مێژوو بخوێنینەوە و تێبگەین کە دۆخی ژێردەستەیی**

بەشی: سێهەم

هەنووکەییمان شتێک نییە کە لە ئاسمانەوە بڕیاری بۆ درابێ. هەراری گوتەنی بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە تەنیا یەک ڕێگا هەیە، بەڵام بۆ داهاتوو ژمارەیەکی زۆر ڕێگا لەبەر دەممانن کە بێتوو ژیر و تەیار بین دەتوانین داهاتوویەکی پڕشنگدار بۆخۆمان مسۆگەر بکەین.

### سەرچاوەکان:


١- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٧

٢- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٨

٣- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ٩٤

٤- نوح هەراری، یوڤال. مرۆڤی ژیر، ل ١٣١

٥- نوح هەراری، یوڤال، ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١ ل ١٢٦

٦- فەتحی، عەلی، شێواندنی مێژوو، هونەری بەردەوامی پارسەکان، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٦١، ل ١٧٧

٧- شافەر، برێندا، ئێران لە پارس زیاترە، وەرگێڕ: کەمال حەسەنپوور، ل ٥٧

٨- گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٧، ل ٤١٥

٩) https://en.wikipedia.org/wiki/Demonizing_the_enemy - سەردانکردن ٢٦ی بەفرانبار، ٢٧٢١)

١٠- جێرارد، م. گ، یاددشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا، وەرگێڕ: کەمال حەسەنپور، ل. ١٠٠

١١- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١٠

١٢- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١٠

١٣- هەمان سەرچاوە

١٤- سەفەرەکانی پارس و کوردستان، نامەی ژمارە ١١

١٥- هەمان سەرچاوە


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٢

## دەوڵەت یارمەتیی خەڵک دەدا یان زیانیان پێ دەگەیەنێ؟

## "ناسەقامگیریی دەروونی" لە ئێران

### کریستیان ساینس مۆنیتۆر - سکات پیترسن

بۆ ئەو ئێرانییانەی زەختەکانی ئابووری، تەندروستی و سیاسی بڕستی لێ بڕیون، پەرەئەستاندنی گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا، مەزنترین گۆڕستانی تاران، ناتوانێ گاڵتەجاڕییەکی مێژوویی تەنگەتاوتر بێ.

ئەوە لەوێ بوو کە ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، لە کاتی گەڕانەوە لە تاراوگە، لە فێبریواری ۱۹۷۹ شۆڕشە ئیسلامییەکەی دامەزراند، بەڵێنی "ژیانێکی دەوڵەمەندانە و پڕ لە ڕەزامەندیی" بە ئێرانییەکان دا و پێی گوتن چاوەڕوانی شتی زیاتر لە خانووی نوێ، ئاو و کارەبا و سواریی ئوتوبوسی بەخۆڕایی بکەن. ئەو مەلا کاریزماتیکە شیعەیە ڕایگەیاند: "بەو شتانە ڕازی مەبن، ئێمە لایەنی مەعنەویی ئێوە بەرز دەکەینەوە".

لەگەڵ ئەوەشدا، ٤٣ ساڵ دواتر و لە مانگی دیسەمبەردا زۆر هەواڵ بڵاو بوونەوە کە بە هۆی زەختی ئابووری دزرانی کێلی قەبران لە بەهەشتی زەهرا و گۆڕستانەکانی دیکەی سەرانسەری وڵات ڕوویان داوە و دزەکان دوای سڕینەوە ناوی مردووەکە لە سەر کێلەکان، ئەوان بە نرخی کەمتر دەفرۆشنەوە.

سووکایەتی بە گۆڕستان هەر چەند ناخۆش بێ، بۆ ئێرانییەکان ئەوە تەنیا نیشانەیەکی دیکەی دابەزین لە خەونی بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوییە. دەگەڵ لێکهەڵوەشانی ئابووری، بێجگە لە چاوەڕوانییەکی کەم بۆ یارمەتی لەلایەن دەوڵەتەوە، نیشانەی دیکە، هەڵکشانی بەرچاوی ڕێژەی خۆکوژیی و پەرەئەستاندنی داواکاری و خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکانە.

لە دیسەمبەر، سەرۆکی هێزی بەرەبەرەکانی دەگەڵ کۆرۆنا لە تاران، دوکتور عەلیڕەزا زالی، لێدوانێکی دا کە بۆ مانشێت دەبێ. ئەو گوتی یەک لە سەر سێی خەڵکی وڵات گیرۆدەی "تێکچوونی باری تەندروستیی دەروونی" بوون.

## بەشی: سێهەم

براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل، خاتوو شیرین عەبادی لە تورکیەڕا و لە سیمینارێکی ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کە بنکەکەی لە واشینگتۆنە، گوتی "لە ژینگەیەکی وەها دیکتاتۆرانەدا، مرۆڤ خۆیەتیی خۆی لە کیس دەدا و هەستی ڕێز لەخۆگرتن دادەبەزێ و بڕوا بەخۆ بوون لەنێو دەچێ و بشێویی دەروونیی مرۆڤ گەشە دەکا".

هەموو نەتەوەیەکی دنیا هەستیان بە زەختی دەروونی بەهۆی کۆڤید - ١٩ کردوە. لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ٢٠٤ وڵات کە لەلایەن لانسێت بەڕێوە چووە و لە ئۆکتۆبری ڕابردوودا بڵاو کرایەوە، بۆ وێنە، بەو ئاکامە گەیشت کە لە٢٠٢٠دا ڕێژەی "خەمۆکیی بەربڵاو" و نیگەرانیی پێوەندیدار بە پەتای کۆرۆناوە لە ئاستی جیهانیدا زیاتر لە ٢٥٪ بەرز بۆتەوە.

لە بارەی پەتای کۆرۆناوە، دامودەزگاکانی ئێران لە ڕاستیدا لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ستایش کران بۆ "هەنگاوێکی داهێنەرانە لە خزمەتگوزارییەکانی ساخڵەمیی دەروونی بە شێوەی گشتی،" کە لەواندا لاسایی "شێوە باشەکانی بەرەوڕووبوونەوە لە لایەن وڵاتانی دیکەی دنیا"یان کردۆتەوە.

بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، سێ حەوتوو دوای ئاشکرابوونی یەکەم دۆخی کۆڤید-١٩، کاربەدەستانی تەندروستیی ئێران هێڵێکی نەتەوەیی یارمەتی سەرهێڵیان بە "کارمەندانی ڕاهێنراو لە بەشی تەندروستیی دەروونی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تاکەکەسیی" دامەزراند کە بە شێوەی مامناوەندی ڕۆژانە وەڵامی ٥١٣٠ کەسیان لە نۆ مانگی یەکەمی پەتایەکە داوەتەوە.

بەڵام بێجگە لە کۆڤید - ١٩، نەهامەتیی ئێران بەهۆی کۆیەک لە ئابلۆقەکانی ئەمریکا، بێدەرەوەستیی ئابووریی دەوڵەت، ویشکەساڵی و ڕێژیمێک کە بەگشتی وەک دۆزەرەوەی ڕێگاچارەی گیروگرفتان سەیر ناکرێ بەڵکوو وەک سەرچاوەی ئازارچێشتنی هاووڵاتیانە، قووڵتر بۆتەوە. بەکردەوە، کۆی زەختی سەر ئێران، تەندروستی دەروونیی ئەو وڵاتە دەکاتە شتێکی تاقانە و ئاکامەکەی شتێکە کە لێکۆڵەرەوان پێی دەڵێن پەرەگرتنی "کولتووری خەمۆکی".

دوکتور موژگان حەکیمی، سەرۆکی بەشی دەروونناسیی کۆلێژی تورۆ لە لۆس‌ئانجێلێس، بە سیمیناری ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی گوت، "وڵاتان تووشی دۆخی خەمۆکی دەبن. بەڵام سیاسەت دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ، ئازادیی دەتوانێ یەکلاکەرەوە بێ".

بەشی: سێهەم

نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە توندئاژۆ سیاسییەکان، کە کۆنترۆڵی سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتیان بەدەستەوە گرتووە، خەریکە دان بە جیددیبوونی گیروگرفتەکە دادەنێن، ئەگەرچی هێشتا پێشتریەتییان بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان نەداوە.

کاربەدەستە پلەبەرزەکان دانیان بە دژوارییەکان داناوە و پێشنیاری دراوی نەخدیان کردوە و بەڵێنی چارەسەرکردنی ئابووریان داوە. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرهاد مۆئمێنی، بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی ناحکوومیی لێکۆڵینەوە ئایینی و ئابوورییەکان دەڵێ، خەیاڵپڵاویی سیاسی کاریگەریی سەرەکی لەسەر تەندروستیی دەروونیی گشتی هەبووە.

موئمێنی لە نۆڤەمبەر بە کاربەدەستانی باسکی توێژینەوەی ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەلایەتیی دەوڵەتی گوت، "لە کاتێکدا کە پێوەندیی خەڵک دەگەڵ سیستەمی دەسەلاتدار خراپتر دەبێ، ئێمە تووشی بێمتمانەیی، ناسەقامگیری، پاشقولدان، دابەزینی ڕەوشتی، گیرۆدەبوون بە ماددەی سڕکەر، گەندەڵیی، خۆکوژیی، گیروگرفتی دەروونی، نەخۆشیی دەروونی، چوونەسەری ڕێژەی تەلاق و تاد. دەبین." ئەو هۆشداریی دا، "سیستەمی [دەوڵەتیی] لێکۆڵینەوە و چاودێریی ... لە دیتنی ئاشکراترین دیاردەکان ناسەرکەوتوویە".

لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هەڵاوسانی نرخەکان، هەژاری، هەستی بێهیوایی و ڕێژەی خۆکوژی، هەموویان بەرەو هەڵکشانن. بێگومان، ئاماری فەرمی ئاشکرای دەکەن کە ڕێژەی ئەوانەی لە "هەژاریی تەواو" دان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بۆتە دوو هێندە و ٣٠ میلیۆن ئێرانی، واتە زیاتر لە یەک لەسەر سێی حەشیمەت، دەگرێتەوە.

بەگوێرەی ئاماری دەوڵەت، مانگی ڕابردوو ڕێژەی هەڵاوسانی ساڵانە گەیشتە ٤٣،٤٪ و نرخی بەشێک لە خواردەمەنی نزیکەی ٨٠٪ زیادی کرد. لە تاران، نموونەیەکی زیندووی ئاستی هەژاریی لە بازاڕی مەزنی میوە و سەوزەمەنی، شوێنێک کە فرۆشیاران بەرهەمە زیاندیتووەکان و ماوەبەسەرچووەکان، کاتژمێر ٧ی ئێواران دەفرۆشن، دەر دەکەوێ. کڕیاران بە ڕیز ڕادەوەستن تا کەڵک لە نرخە داشکاوەکان وەرگرن.

ڕۆژنامەوانێکی ئێرانی کە ئەزموونی دەیان ساڵەی هەیە و لە لایەن کەسێکەوە کە لە ژێرخانی ماڵەکەیدا دەژی ئەو بازاڕەی پێ ناسێندرا، گوتی، "ڕاستییەکەیت بوێ، من بەڕاستی سەرم سووڕ ماوە چۆن خەڵک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوەدا دەکەن".
ئەو دەڵێ بەگوێرەی ئاماری نوێ لەلایەن یەکیەتیی ناوەندیی خواردەمەنی، ئاستی خواردنی گۆشت بە بەراورد دەگەڵ ساڵی

ڕابردوودا ٥٠٪ دابەزیوە، لە کاتێکدا کە لە هەمان ماوەیەدا کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمەکانی شیرەمەنی نزیکەی ٦٠٪ دابەزیون چونکە نرخەکانیان ٧٠٪ چۆتە سەر.

ڕۆژنامەنووسەکە کە داوای کردووە ناوی نەدرکێندرێ، دەڵێ: "ئەوە هەروەها کاریگەریی لەسەر دۆخی دەروونیی خەڵک هەبووە، چونکە ئەوان ناتوانن ئەو شتانە بکرن کە پێشدا توانایی کرینیان هەبوو." ئەو هەروەها دەڵێ مەترسیی بێکاری لە کاتێکدا کە ڕێژەی بێکاریی لە سەرەوەی دە لە سەدە، پەرەی گرتوە.

دژواریی دارایی پەرەئەستێن، هەر دێت و زۆرتر لە ژیانی ڕۆژانەدا دەر دەکەوێ: خەڵک سەربانی ماڵان بەکرێ دەگرن تا بتوانن خێوەتی لێ هەڵدەن؛ ڕێژەی ئەوانی لە زبڵدا بەدوای بژێوی ژیان دەگەڕێن لە زیاد بوونە. لەو حەوتووانەی دواییدا، مێدیای ئێرانی لە ڕاپۆرتەکانیاندا باسی ئەوەیان کردوە کە چۆن خەڵکی تاران، نەوەک ئەوانی کە فرە هەژارن یان گیرۆدەی ماددەی هۆشبەرن، بەڵکوو خەڵکی مووچەخۆری ئاسایی کە چیدیکە ناتوانن کرێ خانوو بدەن، هەموو شەوێ لەنێو ئوتوبوساندا دەخەون، لە کاتێکدا کە ئوتوبوسەکان لە شاردا لە هاتوچۆ دان.

وێنەگرێکی پرۆفێشنال کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕاپۆرتی ڕۆژانەی لەبارەی شەڕی ئێران دژی کۆڤید-١٩ و گیروگرفتەکانی دیکە بڵاو کردۆتەوە و داوای کردوە نهێنی بمێنێتەوە، دەڵێ، "لە ئێران ئابووری هەموو شتێکە و تەندروستیی دەروونی پێوەندیی جیددی بە دۆخی ئابوورییەوە هەیە." ئەو وەبیری دێ کە ، "خەڵک هەستیان دەکرد لە لێواری ئەو مۆتەکەیەدا بن، کاتێک چاویان کردەوە ئەو دنیایەی مردووی نەناسراویان چاو پێکەوت، ئەوان بۆ ئەو دۆخە ئامادە نەبوون".

ئاکامێک :بە گوێرەی ئاماری فەرمیی ناوەندی ئاماری ئێران، لە مانگە سەرەتاکانی پەتایەکەدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو ڕێژەی خۆکوژیی ٢٩٪ زیاتر بووە و ڕەوتەکە هەروا بەرەو ژوورە، ئەگەرچی هیچ ئاماری نوێ لەلایەن دەوڵەتەوە بڵاو نەکراونەوە.

ئێرانییەکان بە هەمان شێوە تووڕەیی خۆیان لە شکستی دەوڵەت لە هێور کردنەوەی دۆخی ئابووری وڵات ئاشکرا کردووە و ڕژاونە سەر شەقامەکان تا لە ناڕەزایەتیەکاندا بەشداریی بکەن کە لە ٢٠١٨ بەولاوە بە شێوەی توندوتیژانە سەرکوت کراون و سەدان کوژراوی لێ کەوتۆتەوە.

نوێترین نارەزایەتییەکانی مامۆستایان دوای ئەوە دەستیان پێ کرد کە سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی مانگی ڕابردوو بودجەکەی پێشکەش کرد. ئەو پێشنیاری زیادکردنی ٢٤٠٪ بودجەی سوپای پاسداران و ٥٦٪ بودجەی مێدیای دەوڵەتی کرد لە کاتێکدا کە مووچەی مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی دەوڵەتی تەنیا ١٠٪ زیاد دەکا. ئەوانە هەموو زەختی سەر تەندروستیی دەروونی زیاد دەکەن.

دوای بڵاو کردنەوە بەکاوەخۆ لەبەر دژایەتی سەرەتایی ڕێبەری گەورەی ئێران، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، بەرانبەر بە واکسینی دروستکراو لە لایەن خۆراواییانەوە، زیاتر بوونی دەستڕاگەیشتن بە ڤاکسینی کۆڤید - ١٩ کەمێک لە زەختەکەی سووک کردوە.

ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ، "ئێستا تۆزێک لە ڕابردوو جیاوازە؛ دۆخە خراپەکە وێدەچێ دەستاوی دەسەڵاتداران بێ، تەنانەت خامنەیی گوتوویەتی کە متمانەی نێوان خەڵک و ڕێژیم زەرەری دیتووە".

سەرکۆمارە توندئاژۆ نوێیەکە هێندێک هەنگاوی پۆپۆلیستیی هەڵگرتوون وەک سەردانی ئەو پارێزگایانە کە سەرکۆماری پێشوو، حەسەن ڕوحانی، خۆی لێ بواردوون. ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ، "ئەوانە هەوڵێکن بۆ پڕکردنەوەی ئەو قەڵشتە کە ئێستا ئەو هەموو کاربەدەستە دانی پێدا دەنێن".

"هەواڵی خۆش" کە سەرۆکی کاروباری ئابووریی دەوڵەت، موحسین ڕەزایی، بەڵێنی دابوو، دەرکەوت کە کارتێکی یاریدەی دارایی بێ کە تەنیا مانگی ٨ دۆلارە و هێشتا جێبەجێ نەکراوە. پارلمانی ئێرانیش لەبەر پاشگوێخستنی چەند قەیران و جەختکردن لەسەر پرسە ئایینییەکان و سنووردارکردنی زۆرتری ئازادییەکان، کەوتۆتە بەر ڕەخنە. ئەو لەو دواییانەدا کاتی ئەوەی هەبووە هاوردەکردنی ئامێری موسیقا و چاویلکەی هەتاو یاساغ بکات.

ڕەخنەگران دەڵێن ئەو کردەوانە ئاشکرای دەکەن کە ڕێبەرانی ئێران چەندە لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگە نامۆن و چەندە لە باشترکردنی مەرجە ئابوورییەکان، کە ڕەنگبێ بتوانێ یارمەتیدەری باشتربوونی دۆخی تەندروستی دەروونیی ئێرانیان بێ، بێتوانان.

بەشی: سێهەم

ئالێکس وەتەنخا، پسپۆڕێکی ئێران لە سێمیناری ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گوتی: "ئەوان پێشترییەتی بە شتی دیکە دەدەن. ئەوان خەریکی "گرینگترین جەنگی مێژوو" دژی وڵاتە یەکگرتووەکانن؛ و پرۆژەیەکی سیاسەتی دەرەوەی (ناوچەییان) بەدەستەوە کە دەیانهەوێ کۆتایی پێ بێنن. و لەو ماوەیەدا، ئەوان نیشتمانی خۆیان لەبیر دەکەن.... زۆربەی ئێرانییەکان گیروگرفتیان هەن کە پێویستە لە نێوخۆ بۆیان چارەسەر بکرێ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢

# دۆخی وتووێژەکان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران

## ئەنستیتۆی نونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک

زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ دەگەڵ ئێران دەرکەوتوە لەوە دژوارتر بێ کە زۆر لە لایەنگرانی چاوەڕوان بوون و نەیارانی لێی دەترسان. وتووێژەکانی نێوان ئەو لایەنانەی لەنێو ڕێککەوتنی بەرجام مانەوە (چین، یەکیەتیی ئورووپا، فەڕانسە، ئاڵمان، ئێران، ڕووسیە و بریتانیا) و وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە مای ٢٠١٨ ڕایگەیاند ڕێککەوتنەکە جێدەهێڵێ، لە ئاپریلی ٢٠٢١ دەستیان پێ کرد. لایەنەکان نەیانتوانی پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران، لە مانگی جوون، بگەنە ڕێککەوتن و لە مانگی نۆڤەمبەردا دەوڵەتی توندئاژۆی کۆنەپارێزی سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی، هەڵوێستێکی بەرزەفڕانەی گرت (ئەگەرچی لەو کاتەوە ویستی خۆگونجاندنی نیشان داوە).

لەو ماوەیەدا بەرنامەی ناوکیی ئێران بە شیوەی بەرچاو خێراتر بووە کە بەشێک لە سوودەکانی پێشگرتن بە بڵاوکردنەوە [توانایی گەشەپێدانی چەکی ناوکی] بە بەرجامێکی زیندووکراوە، خەوشدار بووە. لە کاتێکدا کە هێشتا ئەگەری ڕێککەوتن هەیە، بەڵام زۆر وێدەچی سێناریۆی ئەمساڵ لەبەر بێبەرهەمی یان وەستانی وتووێژەکان لە پەلوپۆ بکەوێ و دەگەڵ ڕەچاوکردنی ستراتێژیی بێڕێککەوتن لە لایەن ئێران، ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێگا بۆ قووڵبوونەوەی گرژییەکان بکرێتەوە.

## ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتن؟

لە نێوان ئاپریل و جوونی ٢٠٢١، وتووێژەکانی ڤییەن شەش جار بەڕێوە چوون و بۆ گەڕانەوەی ئێران و ئەمریکا بۆ نێو بەرجام، پێشوەچوونی هەبوو. لەسەر داوای ئێران، ئەمریکا و ئێران ناڕاستەوخۆ و بە نێوبژیوانی وڵاتانی ئورووپایی، وتووێژیان دەکرد. لە کاتێکدا کە ئەو گفتوگۆ ناڕاستەوخۆیانە بۆتە هۆی وەدرەنگی کەوتن و بەهەڵە لێکحاڵێبوون، تاران بەردەوامە لە خۆبواردن لە دیداری ڕاستەوخۆ دەگەڵ واشینگتۆن. ئەگەرچی لەکاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لە مانگی جوون لایەنەکان ڕێک نەکەوتن، هێندێک دیپلۆمات لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ناهومێد نەبوون.

چەند مانگ دوای هەڵبژاردن، ئێران نەگەڕایەوە سەر مێزی وتووێژ، بەرنامە ناوکییەکەی گەشەی کرد و چاودێریی

نێونەتەوەیی کاریگەریی نەما. ڕەئیسی کە، لە کێبەرکێییەکی گەلێک سنووردار بە بەشدارییەکی کەمی دەنگدەران کە لە مێژوودا بێوێنە بوو هەڵبژێردرا، دەڵێ ئامانجی ئێران گەڕانەوە بۆ نێو بەرجامە. بەڵام ئەو هەروەها گوتوویەتی نایهەوێ داهاتووی سیاسی و ئابووریی ئێران بە ڕێککەوتنێک دەگەڵ واشینگتۆن ببەستێتەوە و ڕەخنەگرێکی دیاری ڕێککەوتنەکە، عەلی باقێری کانیی، وەک سەرۆکی وەفدی دانوستانکار لە ڤییەن دیاری کردووە.

دەوری حەوتەمی وتووێژەکان لە کۆتاییەکانی نۆڤەمبەر دەستیان پێ کرد. وەفدی ئێرانی، تاقمێک داواکاریی بەرزەفڕانەی پێوەندیدار بە بەرنامە ناوکییەکەیان و سووککردنی ئابلۆقەکانی پێشکێش کردن کە پاشەکشە لە پێشوەچوونەکانی بەهاری پێشوو بوو. سیاسەتوانانی خۆراوایی پێیان وابوو کە پێشنیارەکان جیددی نین و لە دێسەمبەری ٢٠٢١ و جانیواری ٢٠٢٢، دیپلۆماتەکان گوتیان پێشوەچوونێکی کەم بەرەو تێکهەڵکێشکردنی داواکانی ئێران لەو نووسراوەیەی لە مانگی جوون لەسەری ڕێککەوتبوون هاتۆتە ئاراوە.

زۆر لەو خاڵانەی ماون، لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرجامن. ئێران داوای مێکانیزمێکی کردوە کە سووککرانی ئابلۆقەکانی پێ مەزەندە بکرێ و داوای گارانتی لە سەرکۆماری ئەمریکا جۆ بایدن یان جێگرەوەکەی کردوە کە لە ڕێککەوتنەکە نەکشێنەوە. ئەو هەروەها داوای لابردنی سەرجەم ئابلۆقەکانی سەردەمی سەرکۆماریی پێشوو دۆناڵد ترامپی کردوە و دەیهەوێ لە داهاتووشدا هیچ ئابلۆقەیەکی نوێ زیاد نەکرێ. دانوستانکارەکانی ئەمریکایی جیبەجێکردنی زۆر لەو داوایانە لە ڕوانگەی یاسایی یان کردەیی بە مومکین نازانن.

مشتومڕێکی بەربڵاو لە ئارادایە کە ئاخۆ ئێران بەڕاستی حەزی لە ڕێککەوتنە یان تەنیا کات دەکڕێ بۆ گەشەپێدانی بەرنامە ناوکییەکەی. هێندێک لێکدەرەوە گوتوویانە کە بێتوو ئێران بەو ئاکامە گەیشتبا کە ڕێککەوتن ناکرێ، ڕەنگبێ درێژەی بە بەشداری لە وتووێژەکاندا نەدابا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، لێدوانەکانی ڕەئیسی ئەو بووچوونە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەوانی دیکە دەڵێن دەوڵەتە توندئاژۆیەکە، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکەوە نەگۆڕە و نایهەوێ سازش بکا، چونکە ئەمریکا ئەو لایەنە بووە کە بەرجامی جێهێشتووە. ڕەنگبێ بەو شێوەیە بێ کە تاران خوازیاری ڕێککەوتنە بەڵام تەنیا بە مەرجی گەلێک دیاریکراوەوە، واتە مەرجی باشتر لەوەی لە ٢٠١٥ لەسەری ساغ بوونەوە. تاران لە درێژەدان بە وتووێژەکان سوود وەردەگرێ، تەنانەت ئەگەر پێشوەچوونی ڕاستەقینەشیان نەبێ، چونکە ئەوان زەختی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی کەم دەکەنەوە و قەڵغانێکن دژی هێرشی سەربازیی لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێران ڕوونی کردۆتەوە کە نیگەرانی شکستی دانوستانەکان نییە؛ ڕەئیسی بودجەی داهاتی ٢٣-٢٠٢٢ی بە گریمانەی مانەوەی ئابلۆقەکان داڕشتوە.

ئەگەری ئەوەش هەیە کە ڕێبەری، لە نێویاندا ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی، هێشتا بڕیاری لەسەر باشترین هەڵوێست نەدابێ.

## نیگەرانییە ناوکییەکان

بۆ دەوڵەتانی خۆراوایی، ڕەوتی هێواشی وتووێژەکان گیروگرفتە، چونکە بەرنامەی ناوکیی ئێران بەخێرایی گەشەی کردوە. کاربەدەستانی ئەمریکایی گوتوویانە بێتوو ئەو گەشەکردنانە بەو خێراییە درێژەیان هەبێ، سوودەکانی بڵاونەکردنەوەی [توانایی گەشەپێدانی چەکی ناوکی] بەرجام ڕەنگبێ لە وەرزی یەکەمی ٢٠٢٢ بکەونە ژێر پرسیار.

ئێران چیدیکە ملکەچی سنووردانانەکانی بەرجام بۆ بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆمەکەی نییە. کاتی دەرچوونی ئەو، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆمی فرە پیتێندراو بۆ دروستکردنی بۆمبێکی ناوکی، لە ساڵێک یان زیاتر، لە کاتی بەرجامدا بۆ نزیکەی مانگێک دابەزیوە و، ئەگەری گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ گەڕانەوە بۆ کاتی دەرچوونی پێشوو کەم بۆتەوە. ئەگەرچی پێوانەی یەک ساڵ لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە شتێکی گۆترەیە، لانی کەم لە واشینگتۆن لە ڕوانگەی سیاسییەوە پێوەرێکی گرینگ بۆ بەراوردکردنی ڕێککەوتنی داهاتوویە.

### کاربەدەستانی خۆراوایی بۆ سێ پرسی نێونەتەوەیی زەختیان خستۆتە سەر تاران:

١- مەترسیی دەرچوونی دەستبەجێ
٢- ئاستی پێشکەوتوویی گەشەکردنی بەرنامەی ناوکی و
٣- دەستئاوالایی بۆ پشکنینە نێونەتەوەییەکان.

**لە پرسی یەکەم**؛ کاتی دەرچوونی ئێران، بە گوتەی کاربەدەستێکی ئەمریکا "سنووری هەڵە" لە کۆتایی ٢٠٢١ ـە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران لەوانەیە توانایی گۆڕانی خێرای سانتریفیوژەکانی هەبێ و بتوانێ بەشی بۆمبێک ئۆرانیۆمی بەکەڵک، پێش دیتنەوەی لە لایەن پشکێنەرانی نێونەتەوەیی، دروست بکا. بەگوێرەی نوێترین ڕاپۆرتی پشکێنەران کە لەلایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ، لە ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ بڵاو بۆوە، ئێران نزیکەی ١٦٨،٣ کیلۆ ئۆرانیۆمی هێکسافلۆریدی (UF6) پیتێندراو بە پلەی ٢٠٪ ی ئیزۆتۆپی U-235 ی هەیە. زیاتر لە ٢٥٪ ئەو ڕێژەیە لە سێ مانگی

پێش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە بەرهەم هێنرابوو. بەگوێرەی هەمان ڕاپۆرت، ئێران هەروەها ۲٦،۲ کیلۆ UF6 ی پیتێندراو بە پلەی ٦۰٪ی هەیە.

بەو خێراییەی بەرهەمهێنان، ئێران دەتوانێ سنووری دەستڕاگەیشتن بە ڕێژەیەکی بەرچاوUF6 ی پیتێندراو بە پلەی ۲۰٪ (نزیکەی ٥۰ - ۲٤۰ کیلۆ) لە سەرەتای ی ۲۰۲۲ ببەزێنێ. دوای بڵا بوونەوەی ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە نۆڤەمبەر، ئێران دەستی بە پیتاندنی U-235 بە پلەی ۲۰٪ بە کەڵکوەرگرتن لە سانتریفیوژی IR-6 لە فۆردۆ، بنکەیەکی پیتاندنی بەتوندی قایمکراو، کردوە. بێتوو ئێران سنووری دەرچوون ببەزێنێ و ئۆرانیۆمی پێویست بۆ بۆمبێک بپیتێنێ، بەگوێرەی هێندێک بەراورد، ڕەنگبێ پێویستی بە یەک یان دوو ساڵی دیکە بێ تا لە ئامێرێکی هەڵگری بۆمبی قایم کات. بەڵام کاتێک قۆناخی پیتاندن تەواو بێ، توانایی وڵاتان بۆ ئاشکراکردنی هەوڵی چەکدروستکردن لە ئورانیۆم بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز دەبێ، چونکە ئەو چالاکییە لە ژێر چاودێریی نێونەتەوەییدا نییە.

**دووهەم**: ئێران خەریکی وەدەستهێنانی توانایی ئەوتۆیە کە بناخەیەکی نوێ و پێشکەوتووتر بۆ بەرنامە ناوکییەکەی دەستەبەر دەکات. لە ۲۰۲۱، ئێران بۆ یەکەم جار ئۆرانیۆمی U-235 ی پیتێندراو بە پلەی ٦۰٪ی بەرهەم هێنا و تاقیکاریی بە سانتریفیوژی پێشکەوتوو، لە نێویاندا IR-6ی دەست پێ کرد. لە کاتێکدا ئۆرانیۆمی پیتێندراوی کەڵەکەکراوی ئێران دەتوانێ لە تیۆریدا لەنێو ببردرێن و سانتریفیوژەکانی لێک هەڵوەشێندرێن، سڕینەوەی زانیاریی وەدەستهاتووی زانا ئێرانییەکان لە ڕێگای ئەو توێژینەوە، مومکین نییە. ئێران، لێهاتوویی لە بواری نوێشدا گەشە پێ داوە، لە نێویاندا لە بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم، کە ڕاستەخۆ پێوەندی بە گەشەپێدانی چەکی ناوکیەوە هەیە.

**سێهەم**: ئێران چاودێریی ناوەنەتەوەیی بەسەر بەرنامە ناوکییەوەیەوە سنووردار کردووە، لە ناویاندا بە وەستاندنی پرۆتۆکۆلی زیادکردنی چاودێریی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە فێبریواری ۲۰۲۱ و، پێشگرتن و جارزکردنی پشکێنەرەکان. بەڵام، تەنگەتاوترین پرس دەستڕاگەیشتن بە بنکەی دروستکردنی پارچەی سانتریفیوژان لە کەرەجە، کە دوای زەختی ڕووسیە، لە کۆتایی ۲۰۲۱ چارەسەر کرا. (ئێران دوای هێرشێکی سابۆتاژی لە مانگی جوون، کامێراکانی لە بنەکەکە لابردبوون و لەبەرانبەر زەختی نێونەتەوەیی بۆ دانانەوەی ئەوان، تەنانەت دوای دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی پارچەی سانتریفیوژ، خۆی ڕاگرتبوو.)

## پلانی B ی واشینگتۆن

درەنگانێکی ٢٠٢١، ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا دەستیان بە داڕشتنی بناخەی هەڵوێستێکی سیاسیی نوێ لە ئەگەری شکستی وتوویژەکان کرد. لەو سێناریۆیەدا، ڕەنگبێ واشینگتۆن زەختی سیاسی و ئابووری بۆ سەر ئێران زیاتر بکا بۆ ئەوەی قەناعەتی پێ بێنێ ڕێککەوتنێکی ناوکیی بەتەواوی نوێ کە هێشتا ڕوون نییە پەسەند بکا. کەمپەینی "ئەوپەڕی زەخت" کە ترامپ دەستی پێ کرد تا گرەوەکانی ئێران بە شیوەیەکی بەرچاو بەرز بکاتەوە، وای کردوە کە ئامانجێکی زۆر کەم بۆ خستنە نێو لیستەی ئابلۆقە مابن. لەجیاتان وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگبێ جەخت بکاتە سەر جێبەجێکردنی سزا دژی ئەو تاک و ناوەندانە کە ئابلۆقەکانی ئەمریکا پێشێل دەکەن.

بە هاوکاریی فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا، ڕەنگبێ ئەمریکا هەروەها بیهەوێ مێکانیزمی "پەلە پیتکە" بەگوێرەی بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بسەپێنێ، کە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ دوای سەپاندنەوەی ئابلۆقەکانی نەتەوە یەگرتووەکان، ئێران هەمان ئابلۆقەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە سەردا دەسەپێندرێ کە پێش ڕێککەوتنی بەرجام لە ئارادا بوون. ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوە کەمترن کە لە لایەن ئەمریکاوە سەپێندراون، بەڵام ئەو پەیامە سیاسییە کە بەرجام مردوە و ئێران گەڕاوەتەوە ناو جەغزی سزای سیاسی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بۆ تاران زەبرێکی گورچوبڕ دەبێ.

چین مەزنترین کریاری نەوتی ئێرانە، بۆیە ئابلۆقەکانی ئەمریکا بۆ سەر پیشەسازیی نەوتی تاران پێشێل دەکا. ئە لە ٢٠٢١ بە شێوەی مامناوەندی ڕۆژانە ٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی خاو و گازی شلەمەنیی ئێرانی کڕیوە. کاریگەرترین ئامراز بۆ زەخت خستنە سەر تاران ئەوەیە کە قەناعەت بە بەیژینگ بێنی کە کڕینی نەوتی ئێران کەم بکاتەوە. بەڵام وێدەچی چین دۆخی هەنووکەیی بەدڵ بێ و زۆرترین هەڵوێستی دڵخوازی ئێرانی لە وتوویژە ناوکییەکان گرتوە. بەڕیوەبەرایەتیی بایدن ئابلۆقەکانی سەپێندراو بەسەر لایەنە چینییەکانی تێوەگلاو لەو ئالوویرانەوە نەسەپاندوە و ڕوون نییە ئاخۆ بێتوو وتوویژەکان شکست بێنن ئەو کارە بکا یان نا. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها ئاشکرای کردوە کە زەختی سەر ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی زیاد دەکا چونکە بەشێک لەو نەوتەی بۆ چین دەچێ بە ئاوەکانی ئەودا تێپەڕ دەبێ. (ئیماڕات هەروەها هاوبەشی مەزنی مامەڵەی کاڵای غەیری نەوتی و کاروباری بانکیی ئێرانە.)

لە کۆتاییدا، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان بەئاشکرا باسی بڕارە سەربازییەکان بۆ پێشگرتن بە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیی لە لایەن ئێران بکا، هەم بۆ ئەوە کە ئێران چاوترسێن بکا و هەروەها هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی ئەمریکا دڵنیا بکاتەوە. بەگوێرەی هێندێک ڕاپۆرت پێنتاگۆن لە مانگی دێسەمبەر پلانی هاوبەشی دەگەڵ ئیسرائیل داڕشتوە و هەنگاوی زۆرتر چاوڕوان دەکرێن، وەک ڕاهێنانی سەربازیی زیاتر دەگەڵ وڵاتانی ناوچە.

## پلانەکانی ئیسرائیل

بێتوو وتووێژەکان تووشی شکست بن، ئیسرائیل ڕەنگبێ بیهەوێ بە قووڵکردنەوەی گرژییەکان و چڕکردنەوەی هەوڵە تێکدەرانەکانی و هێرشی سایبەری دژی ئەو وڵاتە، دەوڵەتی ئێران ناسەقامگیر بکا. ئەگەرچی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران وێناچی ڕوو بدا، بەڵام ئەگەری ئەو ڕووداوە نابێ ڕەت بکرێتەوە.

دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل، کە لە جوونی ٢٠٢١ هاتە سەر کار، تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕای ڕوانگەی هێرشبەرانەی سەرۆکوەزیرانی پێشوو، بنیامین ناتانیاهوو، دژی ئێران و دژایەتیی بەرجامە. بەڵام سەرۆکوەزیرانی نوێ، نەفتالی بێنێت، کەمتر لە ناتانیاهو خوازیاری مشتومڕی ئاشکرا دەگەڵ ئەمریکا لەو بارەوەیە. هۆی ئەوە تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی ئاشتیبیانەی یائیر لاپید، وەزیری کاروباری دەرەوە و گرینگترین هاوپەیمانی بێنێت و ئەو ڕاستییە کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هێشتا نوێیە. ئەو هەڵوێستە جیاوازە لە ساڵی داهاتوودا و لە ئەگەری چڕبوونەوەی گرژییەکانی دەگەڵ ئێران تووشی تاقیکاری دەبێتەوە.

هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیل ڕاهێنانەکانیان بۆ ئامادەکاریی هێرشێک بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران دەست پێ کردۆتەوە و دەوڵەت ١،٥ میلیارد دۆلاری بۆ باشترکردنی ئامادەیی بۆ هێرشێکی ئەوتۆ تەرخان کردوە. ڕاگەیاندنی ئەو بڕیارە وێدەچی بۆ ئاشکراکردنی هێز بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیسەلمێنن کە پلانی هێرش لەو ساڵانەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ دەکرا، چەندە لاواز بوون. بەگوێرەی ڕاپۆرت، سەرۆکی هەواڵگریی سەربازی لە جانیواری ٢٠٢٢ بە کابینەی گوتوە کە هێرش بۆ سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران کاریگەرییەکی ناڕوونی دەبێ و ڕێککەوتنێکی سیاسی زۆر لە سێناریۆی ڕێکنەکەوتن بە سوودترە. (بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرت موساد هاوڕا نییە.) لە ١٢-٢٠١٠، ڕووداوێکی ئەوتوو قەوما. کاتێک ڕێبەرانی هێزە سەربازییەکان و هەواڵگریی ئیسرائیل بۆچوونی جیاوازیان دەگەڵ ناتانیاهو لەمەڕ شێوەی بەڕێوەبردن و ئاسەوارەکانی هێرشێک بۆ سەر ئێران هەبوو. لە کۆتاییدا، ئیسرائیل ئەوساڵ هەڕەشە و ڕاهێنان بۆ هێرشێکی ئاسمانی دەکا. بە شێوەی

هاوتەریب، بێتوو وتووێژەکان ناسەرکەوتوو بن، وێدەچێ شێوە جەنگی دەیان ساڵەی ئیسرائیل و ئێران بە سابۆتاژ و ئۆپەراسیۆنی سایبەری چڕتر بێتەوە.

ئیسرائیل توانایی هێرش بۆ سەر بنکەی بە چڕی پارێزگاریکراوی ئێران، لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٠، کاتێک زانای ناوکیی موحسین فەخریزادەی کوشت و لە ٢٠٢١ کاتێک هێرشی کردە سەر بنکەکانی پیتاندن لە نەتەنز و کەرج نیشان داوە.

## تاران باوەش بۆ "مقاومەت" دەکاتەوە

هەڵوێستی دەوڵەتی ڕەئیسی بەرانبەر بە پلانی ئابووری جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بە "ئابووریی مقاومەتی" ناسراوە بووە، کە لەویدا ئێران جەخت لەسەر بەرهەمهێنانی نێوخۆیی، بازرگانیی غەیری نەوتی دەگەڵ دراوسێکان و کەمترکردنەوەی بەستراوەیی بە هاوردەکردن دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆچوونە، کە خامنەیی برەوی پێ دەدا، ڕەنگبێ ستراتێژییەکی ئابووریی سەرکەوتوو نەبێ، لانیکەم لە کورتماوەدا و، ڕەنگبێ لەجیات چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکان، ببێتە هۆی ئاڵۆزتر بوونیان. دەوڵەت پێشنیاری کەمکردنەوەی ڕاستەقینەی تێچووەکانی کردوە، لە نێویاندا مووچەی کارمەندانی دەوڵەت، بەڵام تەنانەت جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنییەی کەمکردنەوە و هاوکات کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسانی نرخەکان ئالنگارییەکی مەزنە. بێتوو وڵات درێژە بە کەمهێنانی بەرچاوی بودجە بدات، پێویستی بە قەرزکردنی ناڕاستەوخۆ لە بانکی ناوەندی دەبێ، ئەوەش دروست نوسخەی هەڵاوسانی زۆرتر و ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتییە.

وێدەچێ پەرەپێدانی ناوکیی ئێران هۆشدارییە نێونەتەوەییەکان زیاتر بکا. دەوڵەتی شەڕانیی ئێران دەتوانێ بڕیار بدا لێبڕاوانەتر وەدوای ئەو پرسە بکەوێ، ئۆرانیۆم تا پلەی ٩٠٪ بپیتێنێ یان دەستڕاگەیشتنی پشکێنەرە نێونەتەوەییەکان سنووردارتر بکا یان وەدەریان بنێ، ئەو هەنگاوانە بەزاندنی هێڵی سووری ئیسرائیلن. تاران هەروەها دەتوانێ بڕیار بدا وشیارانەتر بجووڵێتەوە، کۆی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ٢٠٪ و ٦٠٪ زیاتر بکا، پەرە بە کەڵکوەرگرتن لە سانتریفیوژی پێشکەوتوو و تاقیکاریی لەسەر بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم بدا. هەڵوێستێکی ئەوتۆ ئەو باشییەی هەیە کە نابێتە تاکە بیانوو بۆ وروژاندنی پەرچەکرداری یەکگرتووی نێونەتەوەیی. هەرچۆنێک بێ، نیگەرانییە نێونەتەوەییەکان لەمەڕ ئەوە کە ئاخۆ دەکرێ بێ کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازی، ڕێبازی ناوکیی ئێران بوەستێندرێ کەڵەکە دەبێ و ڕەنگبێ وا بکا کە ئەمریکا یان ئیسرائیل بەزاندنی هێڵی سوور لە لایەن ئێرانەوە ڕاگەیێنێ.

بەشی: سێهەم

لە کۆتاییدا، ئێران وێدەچێ وەڵامی ئۆپەراسیۆنەکانی سابۆتاژی سایبەری بە هەڵمەتێکی ناڕاستەوخۆ، ئەنجامدەرانی ئەو ئۆپەراسیۆنانە تووشی تێچوو بکا (ئەگەرچی ئێران لەو ساڵانەی دواییدا هەوڵی داوە بە شێوەیەکی بەرچاو تۆڵە لە ئیسرائیل بکاتەوە). لە کاتێکدا کە وێدەچێ نیگاکان ئاراستەی ئیسرائیل بکرێن، هێرشی تۆڵەئەستێنەوە دەتوانێ ئاراستەی ئەمریکا و هێزە سەربازییەکانی لە ناوچە بکرێنەوە و ببنە هۆی بەرزکردنەوەی مەترسیی لێکدانەوەی هەڵە یان کێشەیەکی بەربڵاوتر. هەروەها عەرەبستانی سعودی یان ئیماراتی بکەونە ژێر هێرش، ئەگەرچی لەوانەیە ئێران کە دەیهەوێ پێوەندییەکانی لەوێ باشتر بکا، لە بەرینکردنەوەی کێشەکە بەرەو خەلیج بەگومان بێ (ئەگەرچی هاوپەیمانانی یەمەنیی ئێران هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر ژێرخانەکانی سعودین.(

## دووره دیمەن

پێچەڵپێچی و مەترسییەکانی پێوەندیدار بە پلانی سێناریۆی نەگەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ دەوڵەتانی خۆراوایی، ئەگەر نەڵێین بۆ ئێران، گرینگیی زیندووکردنەوەی بەرجامی سەلماندوە. هێشتا نەخشە ڕێگایەکی سیاسی لەبەر دەستدایە و لە حەوتوو و مانگەکانی داهاتوودا جموجۆڵی بەرچاو نابێ حیسابی بۆ نەکرێ. ئاماژەی سەرەکیی بۆ پێشوەچوون تێکەڵاوێک لە هێواشکردنەوەی بەرنامەی ناوکیی ئێران و خۆ گونجاندنێکی زۆرتر بۆ ئەو داوایانن کە لەوپەڕی بەرجامن. ئەوە ڕەنگبێ سازشی زیاتر لە لایەن واشینگتۆن بۆ قەناعەت هێنان بە ئێران بێ کە بەڕاستی سوودی ئابووری پێ دەگا، و بە ڕێککەوتنەوە بەستراونەوە. تەنانەت ئەگەر وتووێژەکانی ڤییەن شکست بهێنن و ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا دەست بە جێبەجێ کردنی پلانی'B' ی خۆیان لە ٢٠٢٢ بکەن،

**ڕەنگبێ هێشتا دیپلۆماسی بە شیوەی وتووێژی فەرمی و نافەرمی بەرەو گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی بچووکتر و کاتی بۆ دیاریکردنی میچی ناوکیی یان ئاستی گرژیی ناوچەیی، درێژەیان هەبێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢

# ئوکراین و گرینگیی خۆڕاگری

## جان ڕاین

### ئەنستیتۆی ناونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک

گریمانەی ئاراستەی کێشەی ئوکراین ڕەنگبێ بە قەد زانیاریی ئەوەی کە تا ئێستا ڕووی داوە گرینگ نەبێ. بەکورتی، ئەو هەڵمەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و ئەوانی دیکە دەمێک بوو هۆشدارییان لەبارەیەوە دەدا، وەک پێشبینی دەکرا، بەڕێوە چووە. ئەوە ئاراستەی زانراوە. وەستاندن و پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەکە، لە ئابلۆقە زیاتر دەخوازێ. بۆ ئەو مەبەستە خۆڕاگریی ئوکراینیان یەکلاکەرەوە دەبێ.

### چاونەترس و لەسەر ڕێچکە

تا ئێستا، پوتین ئاشکرای کردوە کە نە گوێ دەداتە چاوترسێنکردن و نە لۆژیکی ستراتیژیک کە زۆر کەس هیوادار بوون جێبەجێکردنی پێش بە دەستدرێژییەکی وەها ئاشکرا بگرێ. بەڵام لەوە گرینگتر، ئەو هەنگاوەکەی دژی ئوکراینی لە چوارچێوەی چیرۆکی ترسناکی "گێڕانەوەی ناتۆ"دا بەڕێوە بردوە. ئەو بە شێوەیەکی دەستدرێژیکارانە، وەک یەکەم هەنگاوی ستراتیژیی بەربەرینکردنەوە و دروستکردنەوەی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەت، دژی وڵاتە دراوسێیەکانی جووڵاوەتەوە. ئەوە گرەوەکە لە چارەنووسی سەربەخۆیی ئوکراین بەولاوە بەرز دەکاتەوە.

پوتین هۆی بڕوابەخۆبوونی هەیە. ئەو چەند دەیەی بۆ بەهێزکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی ڕووسیە تەرخان کردوە، بۆ ئەو هەڵمەتە شکڵ و شێوەی نوێی بەوان داوە، پاشان سیستەمەکانی، بە کەڵکوەرگرتن لە مرۆڤ و کەرەستە لە شەڕی سووریەدا، دەستکاری و تاقی کردوونەوە. بێجگە لەوە، ئەو لە ئوکراین بەرەوڕووی وڵاتێک دەبێتەوە کە تواناییە سەربازییەکانی گەلێک لە هی خۆی لاوازترن و تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر کەرەستەی ئاشنای ڕوسی دامەزراون. لەوەش گرینگتر، ناوبراو لەلایەن وڵاتانی خۆراواییەوە پێی ڕاگەیەندراوە کە ئەوان لەنێو ئوکراین هێزی سەربازیی دانابەزێنن. ئەو بەردەوام وەبیری هێنراوەتەوە کە خۆراوا، بە هۆی سیاسییەوە، ناچار دەبێ لە ئابلۆقە وەک ئامرازی بەرپەرچدانەوە کەڵک وەرگرێ. دوای نائومێدبوون لە هەوڵەکان بۆ تێکەڵاوکردن و لە نێوەوە کاریگەری لەسەر دانان، لە ٢٠٠٨ بەولاوە،

ئابلۆقە و تەریکخستنەوە هیچ بایەخێکی لە لێکدانەوەی ستراتیژیکی پوتیندا نییە. لە کاتێکدا کە ئەو لە هەڵبژاردنی چەکدا ئازادە، دژبەرەکانی، بێجگە لە یەکیان ئەو ئازادییەی نییە، ئەویش لە ڕوانگەی ناوبراوەوە نەتەنیا مەترسی نییە بەڵکوو توانای چاوترسێنکردنیشی نییە.

## بەڵام پوتین ڕیسک و خاڵی لاوازی هەن

مەزنترین ڕیسکی پوتین ئەوەیە کە ئەو لێکدانەوەی هەڵەی بۆ توانایی ئوکراین لە زەرەر گەیاندن بە کەلوپەلی هێزە سەربازییەکانی لە ڕێگای خۆڕاگری هەبوو. لە ژووری زایەڵەی کۆمەڵگای ئاسایشی ڕووسیە، وێدەچی ئەو پێی ڕاگەیەندرابێ کە ستراتیژیی هێرش، چارەسەرکردن و پاشەکشە، وەک لە گورجستان بەڕێوە چوو، دەتوانێ لە ئوکراینیش جێبەجێ بکرێ. لەو پلانەدا، ئوکراین بە داگیرکارییەکی تاسێنەر و کورت بۆ هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دەستەمۆ، دەتوانێ تێک بشکێ و بەچۆک دابێ و پێویست ناکا داگیر بکرێ. خۆڕاگرییەک کە بتوانێ هێزەکانی ڕووسیە بریندار بکا، گەلێک بۆ پوتین زەرەری دەبێ و ناچاری دەکا خۆی بگونجێنێ. ئەو دەتوانێ پێش ڕوودانی سێناریۆیەکی ئەوتۆ پاشەکشە بە هێزەکانی بکا، بەڵام خۆراگرییەکی خێرا و کاریگەر ناچاری دەکا هێز لە وڵاتەکە بۆ پارێزگاریی لە ڕێژیمێکی دەستەمۆ بەجێ بهێڵێ. ئەو هێزانە بە نۆرەی خۆیان دەبن بە ئامانج. خۆڕاگریی درێژخایەن ئەوان پەلکێشی کێشەی زۆر، وەک شەڕی سووکی نارێکوپێکی شەقام بە شەقام دەکا، کە پوتین زۆری پێخۆش دەبێ خۆی لێ ببوێرێ. باڵادەستیی سەربازیی ناوبراو کەڵکێکی ئەوتۆی نابێ، مەگەر ئامادە بێ پەلکێشی گرۆزنییەکی [پێتەختی چیچێن. و.] دیکە بکرێ. تێچووی مرۆڤی یەکێک لەو شتانەن کە پوتین بە دژواری بتوانێ لە ماڵەوە هەڵسوکەتیان لەگەڵدا بکات.

دووهەم مەترسی ئەوەیە کە هاوپەیمانییەک دژی ڕوسیە پێک بێ کە مەزنترین زەخت دەخاتە سەری. ئەو هاوپەیمانییە لە دەوری یەکیەتییەکی پێشووتر نەبینراو لە نێوان دوو ڕێکخراوی سەرەکیی فرەلایەنە، ناتۆ و یەکیەتیی ئورووپا، و پشتیوانیی وڵاتانی بێ یان کەمبایەخی ستراتیژیک بۆ ڕووسیە، دروست دەبێ. چین دەورێکی گرینگی دەبێ. پوتین زەخت دەخاتە سەر شی جینپینگ کە ئەگەر هاوکار نابێ، بێلایەن بمێنێتەوە. لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ ناوبراو ببێتە هۆی بێدەنگیی "شی"، دەگەڵ گەشەی کێشەکە، بە لەبەر چاو گرتنی ئاکاری پوتین لە ئوکراین، وێدەچێ ئەوە کارێکی هاسان نەبێ. پێشترییەتیەکانی "شی" لە شوێنی دیکەن. ئەو کارێکی ئەتۆ ناکا کە زەرەر بە ئامادەکارییەکان بۆ بیستەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست، کە لەو ساڵدا دەگیرێ و بەتەمایە بۆ جاری سێهەم وەک سەرۆک هەڵبژێردرێتەوە، بگەیەنێ. هاوکاریی نزیکتر دەگەڵ ڕێبەری تەریک کەوتووی ڕوسیا دەبێتە هۆی مەترسی ناپێویست. ئەرکی دیپلۆماتیک ئەوەیە کە هەر

نیگەرانییەکی چینی بە زەخت لە لای خۆرهەڵاتەوە وەڵام بدرێتەوە. ئەوە دەرچەیەکی گەلێک مەزنە کە پوتین حیسابی بە ئاوالایی مانەوەی بۆ دەکا.

مەترسیی سێهەم بۆ پوتین ئەوەیە کە ناوبراو پێشدەستییەکەی لە هەموو لایەنەکانی هێرشەکە لەکیس بدا. تا ئێستا ئەو توانیویەتی پێشدەستیی سەربازیی بپارێزێ و زەختەکە بەگوێرەی نەخشە ڕێگای کاتیی خۆی بەرز بکاتەوە. ئەو هێشتا پەشۆکان، ترس یان تێچووی کەرەستەیی نەدیتوە. نیشانەی پێش ئاسەوارەکانی گریمانەیان بۆ دەکرا، کە قەرار بوو ببنە هۆی چاوترسێنکردن، لە جیاتان لەلایەن ناوبراوەوە وا لێکدراونەوە کە ئەو ئازادە کاتێک ئیرادە بکا، هەنگاوی دواتر هەڵێنێتەوە. ئەو هەروەها دڵنیا کراوەتەوە کە ئاسەوارەکان دەکرێ مامەڵەیان دەگەڵدا بکرێ. ڕەنگبێ ڕیزپەڕێک لەو پرسەدا، کەڵکی بەهێزی واشینگتۆن و هاوپەیمانانی لە زانیاریی هەواڵگری بێ کە لانیکەم لە دەروەی ڕووسیە دەستی باڵایان هەبوو و مۆسکۆیان ناچار بە پاشەکشە کرد. وانەکە دەتوانێ ئەوە بێ کە هەنگاوێکی لەناکاو، بەهێز و نەزانراو دژی ناوبراو لە شوێنی دیکە و هی ئەوتۆ کە بۆی نامۆ بێ، ئەو دەخاتە دۆخی ناخۆش و نەناسراوی لەکیسچوونی دەستپێشخەری. ئەو ناچار دەبێ خۆی بگونجێنێ، لێهاتوویەک کە نە بۆخۆی و نە هێزە سەربازییەکانی لێی شارەزا نین و ئەوە دەبێتە هۆی لێ ئەستاندنەوەی ئەو تەوژمە ستراتێژیکییەی ئێستا کەڵکی لێ وەردەگرێ.

بەڵام لە داهاتووی نزیکدا، وێدەچێ ئەو تەوژمە هەنووکەییە بۆ هەنگاونان بەرەو قوناخەکانی دیکەی پلانە سیاسییەکەی، واتە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و سنووردارکردنی جوغرافیایی دەستدرێژییەکەی، بەس بێ. نە بەرهەڵستکارانی نێونەتەوەیی و نە خۆڕاگریی ئوکراینی ئێستا هێندە خێرا نین کە بتوانن تەوژمەکە بوەستێنن.

## گرینگیی بەرگریی چەکدارانە و ئالنگارییەکان

بەڵام لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ ئوکراینییەکان بە هێزی سەربازیی ڕووسیە تاسابن، ئەوە ئەو کێبەرکێیە نییە کە بڕیاردەری کێشەکەیە. ئەوە ئەگەری ناچارکردنی ڕووسیە بە دانی تێچووی کەرەستەیی دیار بۆ بەرفراوانکردنەوەی ڕووبەری کێشەکە بە خۆڕاگرییەکی کاریگەری سەربازییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ناتۆ خۆ لە پیادەکردنی هێزی سەربازی لە ئوکراین دەبوێرێ، تەنیا خۆڕاگرییەکی کاریگەری ئوکراینییە کە بتوانێ ئەو کارە بکا. پشتگیریکردن و توانامەندکردنی خۆڕاگری یەکلاکەرەوە دەبێ، بەڵام ئەوە بە هاسانیی خاسبێژیی پشتگیری و هاوپشتی نییە کە ڕێبەرانی خۆراوا باسی دەکەن. گەیاندنی کەرەستە ویستی سیاسی دەخاتە ژێر تاقیکاری، پارامیتری یاسایی و توانایی پسپۆڕانە بۆ شەڕ بە دەستی لایەنی

سێهەم پێویستە. ئەوە تاقیکارییەکە کە هاوپەیمانییە بەربەرینەکەی دژی ئەسەد، پێکهاتوو لە ئەندامانی ناتۆ، لە سووریە شکستی هێنا. لەنێو وانەکانی وەرگیراو لە سووریە، گرینگیی ژینەکی گەیاندنی سیستەمی چەکۆچۆڵ و هەوڵی بەردەوام و لێبڕاوانە لە درێژمەودایە. ئەوە هەوڵ و سەرمایەی سیاسی بۆ دروستکردنی چوارچێوە سیاسی و یاساییەکانی پێویست دەخوازێ. ئەوە بە زەرەری هاوپەیمانانی ئوکراین دەبێ کە بەڵێنی پشتگیریی ئەوتۆ بدەن کە نەتوانن جێبەجێیان بکەن، یان جێبەجێی بکەن، بەڵام نەتوانن بەردەوام بن. هاوپەیمانییەکەی ژێر ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە سووریە و کوردستان پشتیان لە هاوبەشەکانیان کرد. ئەو هاوپەیمانییە ئێستا دەرفەتی ئەوەی هەیە کە ڕەوایی نێونەتەوەیی وەک هاوبەش لە جەنگە نارێکوپێکەکاندا وەدەست بێنێتەوە.

لە ئوکراین شتی زۆرتر لە سووریە لەگرەو دان. بێتوو خۆڕاگریی ئوکراین سەرکەوتوو بێ، دەتوانێ هیوای پوتین بۆ سەرکەوتن لە هەنگاوی یەکەم بۆ گەڕاندنەوەی دەستڕۆیشتوویی بەربڵاوی یەکیەتیی سۆڤیەت، بکاتە دوایین قوماری دیکتاتۆرێکی تاوانکار. وەبەرهێنان لەو سەرکەوتنەدا بەنرخە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٢

# جان میرشایمەر و بناخە تاریکەکانی کەتوارگەرایی

**ئادام تووز**

تووڕەیی لە پسپۆڕی پایەبەرزی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕەنگدانەوەی نائومێدیی لە دەسەڵاتی سنوورداری خۆراوایی بۆ پێشگرتن بە جەنگی ڕووسیە لە ئوکراینە.

بۆ چی ئەوەی لە ئوکراین دەقەومێ خەتای خۆراوایە؟ ئەوە مانشێتی پرسیاری ورووژێنەری وتارێکی پرۆفیسۆر جان میرشایمەر، لایەنگری بەناو بانگی کەتوارگەرایی (ڕیالیزم)ی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانە، کە لە کۆڕێکی دەرچووانی زانکۆی شیکاگۆ لە ٢٠١٥ پێشکەش کراوە و لەو کاتەوە کە بۆ یەکەم جار لە یوتیوب بڵاو بۆتەوە، زیاتر لە ١٦ میلیۆن جار چاوی لێکراوە.

لە ٢٠٢٢ میرشایمەر دیسان پەیامەکەی بە حەماسەتێکی زۆرەوە لە ١ی مارس لە وتووێژێکی تەلەفۆنیی گەمژانەدا لەگەڵ نیویۆرکەر بڵاو کردۆتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی داگیرکردنی ئوکراین لە لایەن ڕووسیەوە، ورووژاندنی میرشایمەر بۆتە هۆی تووڕەیی و ئەو پرسیارەی دروست کردوە: کەتوارگەرایی چییە کە میرشایمەر پشتگیریی لێ دەکا؟

لە لایەکەوە، میرشایمەر دڵنیاکارانە بێلایەنە. هەنگاوی بەربەرینکردنەوەی ناتۆ لە ٢٠٠٨ بە شێوەیەک کە گورجستان و ئوکراین بگرێتەوە هەڵەیەکی سامناک بوو. ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڤیکتۆر یانۆکۆویچ ،کە ڕووسیە پشتگیری دەکرد، لە ٢٠١٤، لە شۆڕشێکدا کە خۆراوا پشتگیریی کرد، ڕووسیەی هێندەی دیکە تووڕە کرد. خۆراوا دەبوو بەرپرسیارەتیی ئافراندنی دۆخێکی مەترسیدار بگرێتە ئەستۆ کە هۆیەکەی بەرینکردنەوەی هاوپەیمانیی دژی سۆڤیەت بەرەو ناوچەی ژێر دەسترۆیشتوویی ڕووسیەیە. ئەوسا ئاکامگیرییە تووڕەکەرەکە دێت: پەرچەکرداره توندوتیژانەکەی پوتین نابێ ببێتە هۆی سەرسوڕمان.

هەر ئەوکاتی لە ٢٠١٥، هەڵوێستی میرسهایمەر جێگای مشتومڕ بوو. ئەمڕۆ، ئەوە لەژێر ڕووناکایی پێشێلکاریی ئاشکرای یاسای نێونەتەوەیی لەلایەن پوتینەوە، دیسان سەری هەڵداوەتەوە. لە ٢٨ی فێبریواری، کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوەی

ڕووسیە لە تویتێکدا پشتیوانیی لە ڕوانگەی میرشایمەر کرد، کەوتە بەر ڕەخنەی توندی ئـان ئەپڵبـاوم، مێژوونـاسی نـاسراو و لایەنگری لیبرالیزمی خۆرهەڵاتی ئورووپای دوای سۆڤیەت.

ئەپڵباوم گوتی، "دە فەرموو!"، بە ئاماژە بە تویتەکەی وەزیری کاروبـاری دەرەوە، "ئێستا لە خۆمان دەپرسین ئـاخۆ ڕووسیە لە ڕاستیدا چیرۆکی میرشایمەر و ئەوانی دیکە دەڵێتەوە. مۆسکۆ پێویستی پێی بوو بڵێ خۆراوا بەرپرسی داگیرکاریی ڕووسیە (لە چیچان، گورجستان، سووریە و ئوکراینە)، نەوەک چاوبرسیەتیی خۆیـان و ئیمپریـالیزم. ئاکادێمیسیەنەکانی ئەمریکـایی چیرۆکەکەیان بۆ دابین کرد".

لە ڕۆژەکانی دواییدا، ئیدانەکردنەکانی ئەپڵباوم پشتگیرییەکی زۆری لێ کرا و خوێندکارانی زانستگای شیکاگۆ لە نـامەیەکی ئاوالادا داوایان کرد بزانن ئاخۆ میرشایمەر مووچەخۆری ڕووسیەیە!

ئـابڕووچوونەکە بەو مانـایەیە کە میرشـایمەر شەڕانشۆیی پـوتین وەک هـیچ شتێک بـێجگە لە ئاکـاری زلهێزێکـی ژێـر زەخـت نـابینێ. بە پـێچەوانەی ئەپڵبـاوم، میرشـایمەر شـتێکی کەمـی هەیە لە مێـژووی ڕووسـیە یـان ئوکراینـدا لێـی بکەوێـتە مەترسییەوە. ئەوەی کە ناوبراو دەیکا شتێک نییە بێجگە لە تیشک خستنەسەر ئاسەوارەکانی تیـۆریی دڵخوازی نـاوبراو لە پێوەنـدییە نێونەتەوەییەکانـدا، کە بە کەتـوارگەرایی "هێرشبەر" یـان "زلهێـز" نـاسراوە. ڕووسیە زلهێـزە. زلهێزەکـان، بە گوێرەی ئەو تیـۆرییە، ئاسایشـی خۆیـان بە نـاوچەی بەرژەوەنـدی دەپـارێزن. وڵاتە یەکگرتووەکـانیش هەمـان کـار دەکـا، بە شێوەی دۆکترینی مۆنرۆ و لەو دواییانەدا بە دۆکترینی کارتەر، کە بەرژەوەندیی ئەمریکا تا کەنداوی فـارس پەرە پێ دەدا. بێتوو پێویسـت بـێ، ئەو نـاوچـانە بە هێـز بەرگرییـان لـێ دەکرێ و هەر کەس دانـی پێـدا نەنـێ و ڕیـزی لـێ نەگـرێ، لە تێگەیشتن لە عەقڵانییەتی توندوتیژانەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان شکست دێنێ.

بەگـوێرەی ئیـدیعای ئەپڵبـاوم، کە هـیچ بەڵگەیەکـی بـۆی نەخسـتە ڕوو، میرشـایمەر ڕەنگبـێ گـوێی نەداتـێ. هەرچـی بـێ، ئەپڵبـاوم ئیـدیعای ئەوە نـاکا کە میرسهـایمەر و هـاوبیرانی، "ئاکادێمیسیەنەکانی ئەمریکـایی"، بیرۆکەکەیـان داوەتە دەست ڕووسییەکان. پوتین پێویستی بە پرۆفیسـۆرە ئەمریکاییەکـان نییە تـا دڵنیـای بکەن ڕووسیە زلهێـزە. زلهێزەکـان کەڵـک لە هەموو ئامرازێک وەردەگرن. کەڵکوەرگرتن لە هۆدانی ئاکادێمیسیەنی بیانیی بچووکترین تـاوانی ئەوە.

تا ئەو جێیەی بیرۆکەکان بە ڕاستی کاریگەرییان لەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکان هەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو

کاریگەرییە یەکلاکەرەوانەی بە بۆچوونی میرسهایمەر بۆ جوغرافیا، ئابووری و هێزی سەربازیی قایلە، ئەوپەڕی ئەو شتەی مرۆڤ دەتوانێ هێوای پێ هەبێ ئەوەیە کە بڕیاردەران و خەڵکی ئاسایی دان بە بەرژەوەندی و ناوچەی دەستڕۆیشتوویی یەکتر دابنێن و خۆ لە بەریەککەوتنی ناپێویست بپوێرن. واتای کەتوارگەرایی لەو چوارچێوەیەدا، ڕوونیی بنەماکەی و پەسەندکردنی بەناچاری ئەقڵانییەتەکەیەتی.

لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەر ئەو هەڵوێستە بوو کە میرشایمەر هان دا لەدژی ئەوەی بە بۆچوونی نابراو دەستڕۆیشتوویی بێهۆی لۆبیی ئیسرائیل لەسەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانە، هەڵوێست بگرێ. ئەو دەستڕۆیشتوویییە بەرچاوی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکایان لە تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی وڵاتەکەیان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لێڵ کردوە. لە دۆخی هەنووکەییدا، ئەوەی میرشایمەر داوای دەکا ئەوەیە کە بیرۆکەی بەرینکردنەوەی ناتۆ بەرەو خۆرهەڵات چ وەک ئاراستەیەکی خۆ لێ لانەدەری مێژوویی یان شەڕێکی خاچپەرستانە کە ئێمە دەبێ بۆی بجەنگێین، دەبێ وازی لێ بێنین.

بێگومان، ئاسەوارەکانی ڕوانگەی میرشایمەر لەسەر سەربەخۆیی ئوکراین دڵڕەقانەیە. ئەو سەربەخۆییە تا هەتایە لەبەر چارەنووسی کەوتنە ناوچەی ژێر دەستڕۆیشتوویی ڕووسیە سنووردار دەبێ. بەڵام ئەگەرچی ئەوە ناخۆشە، بێتوو مرۆڤ دان بە دەسەڵات و بەرژەوەندیی ڕووسیە دانەنێ، ئاکامەکەی لەوەش خراپتر دەبێ. مەترسیی ئەوە هەیە کە ئوکراین لێکهەڵوەشێ. میرشایمەر حاشا لە شەڕانشۆیی ڕووسیە ناکا، ئەو تەنیا بەو شیوە کە هەیە قبوولی دەکا. ئەو سەرجەم هێزی هێرشی ڕەخنەگرانەی خۆی ئاراستەی یەکیەتی ئورووپا و ناتۆ دەکا، چونکە ئوکراین بەرەو "ڕێبازی پڕ مەترسی" دەبەن. بە لەبەرچاوگرتنی لێدوانی خۆراوا لەمەڕ ئەگەری ئەندامەتیی ناتۆ و ڕێککەوتنی لکێندران بە یەکیەتی ئورووپاوە، چۆن سیاسەتوانانی ئوکراین بتوانن خۆ لەبەر خولیای تێکەڵ بوون ڕاگرن؟ بەڵام بێتوو ئەوان نوقمی ئەو وەسوەسەیە بن خۆیان دەخەنە ژێر مەترسیی تووڕەیی ڕووسیە.

بێتوو لە میرشایمەر لەبارەی سەرچاوەی مێژوویی ڕوانگە تیژبین بەڵام تاریکەکەی لەمەڕ دنیا پرسیاری لێ بکرێ، زۆر وێدەچێ پێت بڵێ ئەوە ژیرییەکی کەونارایە کە لە نووسینەکانی مێژووناسی یونانی توکیدیدەسەوە سەرچاوەی گرتوە. بەڵام ئەوە نەریتێکی ساختەی دەستی بڕوامەندانی کەتوارگەرایی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانە کە لە زانستگاکانی ئەمریکایی لە سەردەمی شەڕی سارد دامەزرێندرا.

بەشی: سێهەم

وەک گێڕانەوە سەرنجڕاکێشە تازەکەی ماتیو سپێکتێر، کەتوارگەراکانی ئاتلانتیک (٢٠٢٢) پێمانی نیشان دەدا، بنەچەکەیەکی عەقڵانیتر هی سەردەمی کەونارا نییە، یان تەنانەت هی سەردەمی سیاسەتی کەتوارگەرایانەی بیسمارکیش، کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوداى هاوسەنگیی هێزی سەدەی نۆزدەهەمدا بەڕێوە دەچوو، نییە بەڵکو هی سەردەمی ئیمپریالیزمە. ئەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بە داخرانی بەرە جیهانییەکان و باو بوونی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بوو، کە بۆ یەکەم جار ڕوانگەیەک لەمەڕ دنیا سەری هەڵدا کە لەویدا زلهێزەکان بۆ خۆجێکردنەوە لە هەسارەیەکی سنووردارا شەڕە ئانیشکیان دەگەڵ یەکتر دەکرد.

بۆ سپێکتێر، هێڵێکی فکری لە تیۆریزانانی دەریایی و جوغرافیازانانی پێش ١٩١٤، وەک فریدریش ڕاتزەل و ئالفرێد ماهان، تا پسپۆڕانی جوغرافیای سیاسیی ئاڵمانی نێوان دوو جەنگەکە، کە ناسیاوترینیان کارل هاوهۆفەر و کارل شمیت و لەوێوە بۆ نووسراوە کلاسیکەکانی کەتوارگەرایی ئەمریکایی، کە ناسیاوترینیان نووسراوەکانی هانس مۆرگێنتاو، هەبووە. وەک میرشایمەر، کارل شمیت، پارێزەری ئاڵمانی نازی و دانەری تیۆزی گرۆسراوم (گەورەشار)، پێشبینی پەرگالێکی جیهانیی دەکرد کە لەویدا دنیا بەسەر ڕووبەری مەزندا دابەش کرابوو کە هەر کام لەوان لەژێر دەسەڵاتی زلهێزێکدا بێ. تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو ڕوانگەیە ڕەوشتی خەوشدارە. هێندەی بناخەی ئەو خەوشدارییە لەسەر فرەیی ناوچەی دەسەڵات دامەزراوە، لەسەر فەلسەفە دانەمەزراوە. وەک میرشایمەر، هاوسهۆفەر و شمیت پێشبینی گرۆسراومی ئاڵمانیان وەک شتێکی هاوشێوەی ئیمپراتوریی بریتانیا و دۆکترینی مۆنرۆی ئەمریکایان دەکرد. هەمان پاساوهێنانەوە لەلایەن لایەنگرە ژاپۆنییەکانی ناوچەی مەزنتری هاوخۆشبژێویی ئاسیا لە کۆتاییەکانی ١٩٣٠ کەڵکی لێ وەردەگیرا.

یەکێک لەو هۆیانەی بۆچی ئەو مێژوویە لێڵە ئەوەیە کە ئەوە هەمیشە بۆ لیبراڵەکان ئابڕووبەرانە بووە. پاساوهێناوەی فەڕانسەییەکان بۆ داوای دەسەڵات بناخەکەی بە شێوەیەکی لەرزۆک دەگەڕێتەوە بۆ مافە گەردوونییەکان. لە جەنگی جیهانیی دووهەم، پسپۆڕانی جوغرافیای سیاسی، وەک سپێکتێر لە چەند بڕگەی سەرسوڕهێنەردا، نیشانی داوە کە کەتوارگەرایی ئەمریکایی ناچار بوو مێژوویەکی نوێ بۆخۆی دروست بکا کە بە گوێرەی ئەو، خۆی وەک تیۆرییەکی خەیاڵیی جیا لە ڕەچەڵەکە ئیمپریالیستییەکەی ناساند.

سپێکتێر ئاڵمانخوازە. کتێبەکەی پێشووی ناوبراو ژیاننامەی ڕۆشنبیرانەی فەیلەسوفی قوتابخانەی فرانکفورت، یۆرگێن هابرماسە. بەتایبەتی بۆ بەردەنگێکی ئەمریکایی، گرێدانی ئەو جۆرە کەتوارگەراییەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان کە لە زانکۆکانی ئەمریکادا بڵاو دەکرێتەوە بە بنەچەکە تاریکەکانی سەردەمی ئیمپریالیستی، دەستکەوتێکی ڕۆشنبیرانەی مەزنە.

بەڵام ئەوە بە نرخی بەرتەسککردنەوەی ڕوانگەی مێژوویی. ئەگەر میرشایمەر کەسێکی ناوداری کەتوارگەرایی زلهێزە، کەوابوو بەرژەوەندییەکەی کەمتر لە هێنانە ژێر پرسیاری ئیمپریالیزمی سەدەی نۆزدەهەمدایە تا هێنانە ژێر پرسیاری هۆی دەستپێکی جەنگی جیهانیی لە ١٩١٤. بنەچەکەناسیی ڕۆشنبیرانەی کە ناوبراو ڕەچاوی دەکا لە پێش هەموو شتێک بەرهەمی ئاسەوارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و هەوڵە بەژان و فرەنەتەوەییەکان بۆ تێگەیشتن لە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی جولایە.

لەو باسەدا، ئاڵوویری ئاڵمانی - ئەمریکایی کە سپێکتێر جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەشێک لە پاساو هێنانەوەی بەربڵاوترە کە کەسانی وەک مێژووناس ئی ئێچ کار و فەیلەسوف دۆڵدسوۆرت لۆڤوس دیکینسۆن لە بریتانیا و مێژووناسە چەپییەکانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی وەک چارلز بیرد لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە. ئەمڕۆش هێشتا هاوهەستییەک لە نێوان کەتوارگەرای وەک میرشایمەر و چەپەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە ڕێز لە لێدوانە بوێرانەکانی لۆژیکی دەسەڵاتی ئەو دەگرن، هەیە.

دەبێ دانی پێدا بنرێ کە هەڵوێستی ناوبراو تێگەیشتنی ڕاستەقینە پێشکەش دەکا. بەڕاستی، ئەگەرچی بە دەنگی بەرز نەگوتراوە، بۆچوونەکانی میرسهایمەر لەمەڕ قەیرانی ئوکراین بە کردەوە دەگەڵ هی بەشێکی بەرچاو لە دەسەڵاتدارانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوبەشە. بەڵێنی ئەندامەتیی ناتۆ کە لە بەڕیوەبەرایەتیی بوش لە ٢٠٠٨ باسی کرا، ئاکارێکی خۆ بەزلزانانە بوو. خۆراوا ئوکراین پاشگوێ ناخا، بەڵام بە شێوەی سەربازیش دەستێوەردان ناکا. بەشێک لە تووڕەیی بەرانبەر بە میرشایمەر، تووڕەیی بەلارێدابراوی لیبراڵەکانە کە لەبەر ڕووڕاستیی خۆیان دان بە سنوورە ڕاستەقینەکانی تێوەگلانی خۆراوایی دادەنێن و هۆی باشیش بۆ ئەو سنوورانە هەن. بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ڕووسیە شتێکە کە ناتۆ هەمیشە هەوڵی داوە خۆی لێ ببوێرێ. وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پوتینی ڕوون کردەوە کە هیچ تێوەگلانێکی سەربازیی نابێ. گەیاندنی تەنگەتاوی چەکوچۆڵ تا ڕادەیەکی زۆر ئەو هێڵە لێڵ دەکا. ڕاگەیاندنی ناوچەی دژە فڕین هەڵەیەکی کوشندەیە.

بەڵام بۆ هەموو ئەوانە، بانگەشەی سەرکەوتنێکی ڕۆشنبیرانە بۆ کەتوارگەرایی میرشایمەر قەشمەرییە. بێگومان ئەو لەبارەی هۆیەکانی قەیرانەکە ڕاست دەکا. بەڵام ئەوە نابێ ببێتە هۆی جەنگ، وەک چۆن ئاماژە بە ئیمپریالیزم وەک شیکردنەوەیەکی شیاو بۆ هۆی دانی چەکی سپی لە لایەن قەیسەرەوە بە خەڵکی ئوتریش لە جولای ١٩١٤. مودێلی کەتوارگەرایی تا ڕادەیەکی زۆر لێڵە و لە تێگەیشتن لەو ئاڵوگۆڕە خاوەن چۆنایەتییە کە بە دوژمنایەتی دەستی پێ کرد

ناسەرکەوتوویە. سەرداری یەکەمی پرووسی، کارل ڤۆن کلاوسەویتز، ڕەنگبێ گوتبێتی جەنگ درێژەی سیاسەت بە ئامرازی دیکەیە. بەڵام ئەوە هێشتا ئەو پرسیارە بەرز دەکاتەوە کە بۆ کەسێک، زلهێز بێ یان نا، پەنا بۆ ئامرازێکی وەها بنەڕەتی و ترسناک ببا.

لە خودی مۆسکۆ، هیچکام لە دەسەڵاتدارە جیددییەکانی سیاسەتی دەرەوە، کە هەموویان لایەنگری ڕووسیەی داهاتوو وەک زلهێزن، بڕوایان نەدەکرد پوتین جەنگ دەست پێ بکا. ئەوان بڕوایان نەدەکرد، نەوەک لەبەر ئەوە کە لە لۆژیکی دەسەڵات تێناگەن، بەڵکو دەقاودەق لەبەر ئەوە کە لێی تێدەگەن. ئەوان هیچ هۆیەکی باشیان پێ شک نەدەهات کە بۆچی ڕووسیە پەنا بۆ ئامرازی جەنگی هەمە لایەنە ببا، بە هەموو مەترسییەکان، نادڵنیاییەکان و تێچووەکانیەوە. ڕووداوەکان دەیسەلمێنن ئەوان ڕاست بوون.

ڕەوشتیبوون و یاساییبوون هۆیەکانی دژایەتیی جەنگن. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لانی کەم لە سەدەی ڕابردوودا، هەڵنەکەتووە کە ئاکامی هەبێ. بێجگە لە شەڕی ڕزگاریی نەتەوەیی، گەلێک دژوارە مرۆڤ بتوانێ ناوی تاکە جەنگێکی شەڕانشۆیانە لە ۱۹۱٤ بەولاوە بێنێ کە ئاکامێکی ڕوونی ئەرێنیی هەبووبێ. کەتوارگەراییەک کە لە دانپێدانان بەو ڕاستییە و ئاکامەکانی کە زۆربەی داڕێژەرانی سیاسەت لێیان وەرگرتوون ناسەرکەوتوو بێ، بۆ ئەوە نابێ باسی بکرێ.

ئەوە بەو مانایە نییە جەنگ ناقەومێن. بەڵام گریمانەی داهاتوو وەک دووپاتبوونەوەی بێکۆتایی میلیتاریزمی پێداهەڵگوتراوی ۱۹۱٤، حاشاکردن لە هەر جۆرە توانایی فێربوونی گشتییە و هەڵەیە، بەتایبەتی لە سەردەمی چەکی ناوکیدا. وەک سپێکتێر لە هێندێک بەشی فرە وردبین لەمەڕ کەتوارگەرایی ئەمبەر-ئەوبەری ئاتلانتیک لە سەردەمی دوای جەنگ نیشانی دەدا، ڤییەتنام و چەکی ناوکی بوونە هۆی ئەوە کە کەتوارگەرا کلاسیکەکان هەڵوێستی وشیارانە بەرانبەر بە جەنگ بگرن، لەو پێوەندییەدا 'کەتوارگەرایی هێرشبەرانە'ی میرشایمەر، دەستەواژەیەکی سەردەمی دوای شەڕی سارد، ناوێکی پڕ بە پێستیەتی.

لەژێر ڕووناکایی مەترسییەکانی جەنگدا، مرۆڤ وەسوەسە دەبێ بڵێ بێتوو وتە هڵۆڵەکانی میرشایمەر لەمەڕ عەقڵانییەتی کێشەی زلهێزان بەڕاستی بیانوویان نەدا دەست پوتین بۆ داگیرکارییە کارەساتبارەکەی ڕووسیە، لەجیاتی ئەوەی میرسهایمەر خزمەت بە ڕووسیە بکا، ئەو چەکی نهێنی جبەخانەی خۆراوایە کە یارمەتیی دەکا تا پوتین پەلکێشی کارەساتێکی مەترسیداری سەر گاشەبەردەکانی ئەفغانستانێکی نوێ بکا. ئەگەر ئێمە بمانهەوێ بزانین لە کرێملین چی ڕووی دا، کە

بەشی: سێهەم

لەناکاو گەمژەیی تاوانکارانەی داگیرکاریی قەوما، پێویستیمان بە قسەی بێمانای دووڕییانی ئاسایشیی زلهێزەکان نییە، بەڵکو پێویستیمان بە لێکۆڵینەویەکی چڕ لەمەڕ شکستێکی فرەمەزنی بڕیاردان و هەواڵگرییە. ئێمە پێویستە نەتەنیا لە ڕووسیە تێبگەین، بەڵکوو بە هەمان شێوە لە ئوکراینیش، وڵاتێک کە فرە لاواز دەهاتە بەرچاو، بەڵام تا ئێستا توانیویەتی بە شێوەیەکی وەها کاریگەر بەرگریی بکا. لە سەرووی هەموو شتێکەوە، پێویستە ئێمە بەوە دەست پێ بکەین، دان بەوە دابنێین کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەران، ئەو جەنگە بووە هۆی پەشۆکان، ئەویش هەستی ڕاستیی ئێمە پشتڕاست ناکاتەوە، بەڵکو دەیهێنێتە ژێر پرسیار.

ئەوە سەلمێنەری ئەو شتەیە کە ڕەچاوکردنی هەڵوێستێکی کەتوارگەرایانە بەرانبەر بە دنیا بەو مانایە نییە کە هەمیشە دەست بۆ تاقمە ئامرازی خاراوی باو بەرین، هەروەها بەو مانایەش نییە ویشکەبڕوا بین، بە شێوەیەک کە خۆمان تا هەتایە بەرانبەر بە زەوقوشەوقی لیبراڵ بەرهەڵستدار بکەین.

کەتەوارگەرایی، بێتوو بە جیددی وەرگیرێ، بیرکردنەوەی بێکۆتایی و ئالنگاریی هەستیاریی دەخوازێ. ئەو بە مانای خەباتی خولەک بە خولەک بۆ تێگەیشتن لە دنیایەکی پێچەڵپێچ و هەردەم لە گۆڕانە، کە بۆخۆمان تێیدا نوقم بووین، دنیایەک کە دەتوانین، تا ڕادەیەک، کارتێکەریمان لەسەری هەبێ و بیگۆڕین، بەڵام بەردەوام ئالنگاریی بۆ بەرژەوەندییەکانمان و پێناسەکانیان دروست دەکا. لەو خەباتەدا بۆ کەتوارگەرایی، ئەرکی بێکۆتایی پێناسەکردنی هەستیارانەی بەرژەوەندییەکان و هەوڵدان بۆ پاراستنیان بە باشترین شێوە و پەنابردن بۆ جەنگ، لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێ، دەبێ بەو شێوەی کە هەیە دانی پێدا بنرێ. نابێ ببێتە پەرچەکرداری ئاسایی و عەقڵانی بۆ دۆخێکی دیاریکراو،

بەڵام وەک ئاکارێکی بنەڕەتی، ترسناک و لێوڕێژ لە ئاسەواری ڕەوشتیی سەیر بکرێ. هەر بیرمەندێک یان سیاسەتوانێک کە لەبەر بێهەستیی یان بیرتەنکیی لە ڕادەبەدەر نەتوانێ بەرەورووی ئەو ڕاستیيە تاڵە ببێتەوە، دەبێ بە هەمان شێوە هەڵسەنگێندرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢٢

## گۆڕانکارییەکانی دادێ لە ئێران و قەیرانی گەورەی داهاتووی پەنابەران

### نەیشنال ئینتێرێست - مایکڵ ڕوبین

پەنـابەرانی ئـوکراینی درێـژە بە ڕاکـردن لە هێرشی ڕووسیە دەدەن، بەڵام وەک هـی سـووریە ڕێژەکەیـان لە گـۆترە نیـیە. سەرکۆماری ڕووسیە ڤلادیمیر پـوتین، وەک هاوشـانە سووریەکەی بەشار ئەلئەسەد، بەئانقەست خەڵکی ئـاسایی کـردۆتە ئامـانج تـا بەو شـێوەیە زەخـت بخـاتە سـەر ئوروپاییـان و بەو شـێوەیە ناچـار بە سـازانیان بکـا. بەگـوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەنگی ئوکراین هەر ئێستا بۆتە هۆی زیـاتر لە سێ میلیۆن پەنـابەر و ئەو ئـامارە ئەو کەسـانە نـاگرێتەوە کە بەرەوە خۆرهەڵات بۆ نێو ئەرمەنستان و ئـاسیای ناوەنـدی، شوێنێک کە تێچووی بژێـوی ژیـان گەلێـک هەرزانترە، ڕایـان کـردوە. ئەوە ئـوکراینی تەنیـا لە مـاوەی چەنـد حەوتـوودا، دوای سـووریە و ڤێنێـزوئێلا، کـردۆتە یەکێـک لە وڵاتـانی بەرهەمهێنەری پەنابەر. ڕەنگبێ ئوکراین ئەو پلەیەی بۆ مـاوەیەکی زۆر بەدەستەوە نەبێ. حەشیمەتی سووریە ١٧،٥ میلیـۆن کەس بـوو؛ ڤێنێـزوئێلا ٢٨،٤ میلیـۆن؛ ئـوکراین ٤٤،١ میلیـۆن. بەڵام، حەشـیمەتی ئێـران نـزیکەی دوو هێنـدەی ئـوکراینە و ناسەقامگیریی لە ئاسۆ ڕا دیارە.

ئاڵوگۆڕی ڕێژیم بەڕێوەیە، نەوەک بە هۆی دنیای دەرەوە بەڵکوو لەبەر ئەو هۆیە کە ڕێبەری گەورە عەلـی خـامنەیی پیـرە و دەمـرێ. لە کاتێکـدا کە بـازاڕی دنگۆیـان گەرمە کە خـامنەیی بـۆیە ئیبـراهیم ڕەئیسیی بـۆ پـلەی سـەرکۆمار هەڵکێشـا تـا جێگرتنەوەکەی هاسان بکا، دەستاودەست کردنی بێ کێشەی دەسەڵات ئاواتێکی دوورە دەستە. خامنەیی نە دەسەڵاتی ئـایینیی پێویسـتی هەیە و نە کاریزمـای کەسـی پـێش خـۆی، ئـایەتوڵڵا ڕوحـوڵڵا خـومەینیی هەیە؛ دوای مردنـی نـاوبراو قسـەکانی کرپارێکی ئەوتۆی نابێ.

پلەی ڕێبەر هێندە پڕ سوود بووە کە دەستاودەست کردنی دەسەڵات هێندەی دیکەش پێچەڵپێچ بـووە. خـامنەیی گەنـدەڵە. لە مـاوەی دەسەڵاتداریی سـی و سێ سـاڵەیدا، خـامنەیی چەنـدین میلیـارد دۆڵاری بەو بەرژەوەنـدییە بـازرگانییـانەی کە لە بەر دەسـتی دان کـۆ کـردۆتەوە. وەدەسـتهێنانی پـلەی ڕێبەریـی لە ئێـران نە تەنیـا بە مانـای دەسـەڵاتی بەربەرینـە کە زەختـی سنووردانانەکانی دێموکراسی لەسەر نییە (ڕێبەری گەورە لە سەرووی سەرجەم پلەکـانی ئێـرانە کە بە هەڵبـژاردن دیـاری دەکرێن) بەڵکو سامانی زەبەلاحیشی بەدواوەیە. بە لەبەر چاو گرتنی دەگمەنبوونی دەستاودەست کردنی دەسەڵات، مردنی

خامنەیی بە مانای دووهەمین دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە ماوەی زیاتر لە چل و سێ ساڵە، هیچ هاندەرێک بۆ چاوەڕوانی پشوودرێژانە بوونی نییە. لە جیاتان، هەموو کەسێکی بەرزەفڕ هەوڵی خۆی بۆ چوونە نێو تاقمی ناسەقامگیرکار دەخاتە کار.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیش لەو شەڕە دەستەوئێخەیەدا بەشدار دەبێ. لە ١٩٨٩، ناوەندە دەسەڵاتە جیا جیاکانی ئێران دروست لەبەر ئەوە لەسەر خامنەیی سازشیان کرد، چونکە ناوبراو لاواز بوو. خامنەیی بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبوونی پێگەی سیاسی، پێوەندییەکی خاوەن سوودی دوولایەنەی دەگەڵ سوپای پاسداران دامەزراند: ئەو قەرار بوو لە بەرانبەر هەر شێوە سنوورێکی واتادار بۆ سەر دەسەڵاتەکەی ڕاوەستێ و سوپا قەرار بوو پشتگیریی لە چڕکردنەوەی کۆنترۆڵی خامنەیی بەسەر کێبڕکێکارە سیاسییەکانی بکا. سوپای پاسداران، کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی خامنەییدا سامانێکی سەدان میلیارد دۆلاریی کۆ کردۆتەوە، نایهەوێ بگەڕێتەوە سەربازخانەکان، ناشیهەوێ خۆی تووشی مەترسی شەڕی سیاسی دەگەڵ ڕێبەری گەورەی نوێ بکا. لە جیاتان سوپای پاسداران هەوڵ دەدا پێش بە گەیشتن بە پلەی ڕێبەریی لە لایەن هەموو ئەو کەسانە بگرێ کە دەسەڵاتی بەسەریانەوە نییە.

شەڕەکە گەلێک بێ بەزەییانە دەبێ. هەرکاتێک بۆشایی ڕێبەریی لە ئێران هاتبێتە ئاراوە، هێزە سەربازییەکان جەختیان لەسەر پێتەخت کردوە و ڕێگایان بە هۆزە ناڕازییەکان و تاقمە سیاسییەکانی ناوچە کەنارییەکانی وڵات داوە تا بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە. وڵاتانی دراوسێ زۆر بە دەگمەن خۆیان لە تێوەگلان لە شەڕە دەستەوئێخەکە دەبوێرن. ئەوە لە چوارچێوەی قەیرانی ئازەربایجان لە ١٩٤٦، یەکەم قەیرانی ڕاستەقینەی شەڕی سارد، کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی دا سوود لە لاوازیی ئێران لە ساڵەکانی دوای داگیرکاریی وڵاتەکە و لە سەر کار لابردنی شا لە ١٩٤١ وەرگرێ، ڕووی دا. کاتێک خامنەیی بمرێ، چاوڕوان دەکرێ نە تەنیا ڕووسیە، بەڵکو کوردەکانی عێراق، تورکەکان، سەعودییەلان و پاکستانییەکان پشتگیریی لە تاقمەکانی سەر بە خۆیان ئەگەر لە تارانیش نەبێ، لە ناوچەکانی کەنارەکانی ئێران بکەن.

هەر شەڕێکی نێوخۆیی خەڵکی ئاسایی لەنێو دەبا، بەڵام سوپای پاسداران و لایەنە توندئاژۆکان هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵ وەدەست بێننەوە، ئەوان ڕەنگبێ هەوڵ بدەن خەڵکی ئاسایی بکەنە ئامانج. بڕوانە عێراق دەستبەجێ دوای داگیرکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان: تاقمە میلیشیاکانی دەوروبەری موقتەدا سەدر چالاکانە خەڵکی خوێندەوار و چینی مامناوەندییان لە ناو سەرجەم ئایینزاکاندا کردە ئامانج، چونکە دەیانزانی ئەو خەڵکە قەت پشتگیریی لە سەدر ناکا. سیاسەتوانە خۆراواییەکان بۆ لەنێو چوون و ڕاکردنی خەڵکی لێهاتوو بەپەرۆش بوون بەڵام، بۆ هێندێک لە ناوچەکان کە نایانهەوێ لەسەر بنەمای

بەشی: سێهەم

سیاسی و ڕۆشنبیری کێبڕکێ بکەن، ئەوە گەشەکردنێکی ئەرێنی بوو. جووڵانەوەی پەرەئەستێنی ناڕەزایەتی لە ئێران بەو مانایەیە کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێران ئەگەرچی زۆرینەش نەبن هیوادارن کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ بێ. ئەوە لە بەرژەوەندیی لایەنگرە سەرسەختەکانی ئەزموونە شکست خواردەوەکەی خامنەیی بۆ وەدەرنانی ئێرانییە نارازییەکان لە وڵات دەبێ چونکە ئەوان چیدیکە ناتوانن پێیان بسەلمێن کە کۆماری ئیسلامیی هیچ شتێک نییە بێجگە لە دیکتاتۆرییەتیکی بێدەربەست لە بەرگی مەلایان دا.

گیروگرفتە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران ڕەنگبێ بە هەمان شێوە یارمەتیدەری دروست بوونی گەردەلوولێکی بێخەوش بن. نە ئابلۆقەکان و نە کۆڤید-١٩ ناتوانن بە تەواوی گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران شی بکەنەوە. بە گوێرەی بانکی ناوەندیی ئێران، پوختەی سامانی وڵات، باشترین ئامراز بۆ دیاریکردنی ئاراستەی ئابووری، تەنانەت پێش کشانەوەی سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە بەرجام و سەپاندنی هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ دژی ئابووری کۆماری ئیسلامی، بەرەو هەڵدێر دەچوو. ئەوە بە مانای لاوازیی بنەڕەتیی ئابوورییە کە گەیاندنی چەندین میلیارد دۆلاریش ناتوانێ ئاراستەکەی پێچەوانە بکاتەوە. بە کورتی، سەرپەرشتیی خامنەیی بەسەر ئابووری ئێرانەوە پشتی ئابووریی لە عەرزی داوە. ئێران بەرەو داڕمانی ئابووری هەنگاو دەنێ.

شۆڕشی نێوخۆی ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی دە میلیۆن پەنابەر. ڕێژەیەکی زۆر کەمیان دەیانهەوێ بەرەو خۆرهەڵات واتە ئەفغانستان بچن، وەک هەڵوێستیان بەرانبەر بە پەنابەرانی سوورییەیی، وڵاتانی عەرەبی نایانهەوێ وەریان گرن. ئەوە بەو مانایەیە کە لێشاوی مەزنی پەنابەران بەرەو باکوور و بۆ قەفقاز و پاشان بەرەو خۆراوا بە نێو تورکیەدا بەرەو ئورووپا دەچن.

**ڕێبەرانی ئورووپایی ڕەنگبێ پێیان وابێ دوای شەپۆلەکانی پەنابەری سووریە و ئێستا هی ئوکراین ئەوان گەیشتبنە لووتکەی توانایی وەخۆگریی پەنابەر، بەڵام ڕەنگبێ شەپۆلێکی گەلێک مەزنتر لە ئاسۆوە دیار بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٢

# بۆچی ڕووسیە ئەو جەنگە دەدۆڕێنێ؟

**تویتەر - کامیل گالییەڤ**

لەپێشدا باس لەوە دەکەم کە بۆ ڕووسیە دەدۆڕێ. پاشان باسی بۆچوونی خۆم لەمەڕ چۆنیەتیی ڕوودانی ئەو دۆڕانە دەکەم. شاکلیلی ئەمە تێگەیشتن لە دۆکترینی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیەیە. ئەوە چوارچێوەی ڕووداوەکانی هەنووکەیی شی دەکاتەوە و یارمەتیدەر دەبێ بۆ پێشبینیکردنی کردەوەکانی ڕووسیە.

وێنەکانی ئاژانسی هەواڵدەریی ڕووسیەی فێدراڵ پاشەکشەی بەربڵاو ئاشکرا دەکەن. بەئاشکرا دیارە کە ڕووسیە وازی لە پلانە سەرەتاییەکانی بۆ داگیرکردنی کییەڤ و بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی ئوکراین هێناوە. بۆیە ئامانجە سیاسییەکانی ئۆپەراسیۆنی Z دەستەبەر ناکرێن. گۆڕینی ڕێژیم و داگیرکردنی (ڕێژەیی؟) ئوکراین ڕوو نادا. ئەوەی کە هێندەی دیکە سەرنجڕاکێشە، شێوەی باسکردنەکەی گۆڕاوە. وەک دەبینن، تا ٢ی ئاپریل ئەوان نەخشەی "سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی"یان بڵاو دەکردەوە. لە ٢ی ئاپریل بەولاوە، باس لە "جێبەجێ"کردنەکەی دەکەن. بەڕاستی، ئەو پاشەکشە خێرایە جێگایەک بۆ ئیدیعای سەرکەوتن ناهێڵێتەوە.

ڕووسیە چۆن پاشەکشەکەی شی کردەوە؟ ژەنراڵ فۆمین گوتی: "ئێمە بڕیارمان داوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو، بە چەند وەجبە چالاکییە سەربازییەکانمان لە کییەڤ و چەرنیهیڤ کەم بکەینەوە. ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین کە کییەڤ بڕیاری لەو جۆرە بدا و مەرجەکانی هاوکاریی داهاتوو دروست بکا." بەڵام ئەوە بە مانای ئاساییکردنەوە نییە. سەرگەئی شۆیگو کە لە پرۆپاگانداکردندا دەستێکی باڵای هەیە گوتی کە یەکەم قۆناخی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکە "بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتوە." تواناییەکانی هێزی سەربازیی ئوکراین لاواز بوە، بۆیە ڕووسیە دەتوانێ هەوڵەکانی لە سەر ئامانجی سەرەکی، "ڕزگار کردنی دۆنباس" چڕ بکاتەوە.

هێندێک لایەن هەر ئێستا پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەیان لە ڕووسیە کردوە و ئاکامگیرییان کردوە کە "ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت زۆر لەوەی بیرمان لێ دەکردەوە سنووردارتر بوو." ئەوە وەک کۆپیەی کتێبێک دەچێ. ئامانجە سەرەتاییەکەی Z دەستەبەر نەکراوە، بۆیە هەر دەسکەوتێکی وەدەست هاتبێ، وەک ئامانجی سەرەکی وێنا دەکرێ. زۆر لەو

چاودێرانەی لایەنگری ڕووسیەن دەڵێن پاشەکشە لە باکوور، هەنگاوێکی ڕاستەقینەیە: ڕووسیەکان بۆ هێرشێکی مەزن لە خۆرهەلاّت خۆ ڕێک دەخەوە. ئەوە هەڵە نییە. بە ڕاستی، ڕووسیەکان هێرش "دەکەنە" سەر خۆرهەلاّت، لە دۆنباس. بەلاّم، ئەو لێکۆڵەرەوانە وێدەچێ ناچاریی بکەنە چاکە.

پاشەکشەی ڕووسیە لە باکوور وا نایەتە بەرچاو کە ڕاهێنانی بۆ کرابێ. من زانیاریی تەواوم لەبەر دەستدا نییە بەلاّم بە وێنەکانی ئامێرەکانی گواستنەوەی بەجێماوی ڕووسی ڕا دیارە ئەوان ڕا دەکەن و هەرچی خێرا نەبێ جێی دەهێڵن: تۆپخانە، مووشەکهاوێژ، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی. چۆن ئەو شتە قەوما؟ بو جوابی ئەو پرسیارە، پێویستە بزانین چۆن "پێش" پاشەکشەی ڕووسیە دوژمنایەتییەکان بەڕێوە دەچوون. کام ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسیەدا بوو؟ لێکۆڵەرەوەکان گاڵتەیان بەو نەخشانە کرد کە "تەنیا جادەکانی" ئەو شوێنانەی نیشان دەدا کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسیەدا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، "نەخشەی "جادەکان بە تەنیا" زۆر ڕاست بوون و لێکۆڵەرەوەکان لەهەڵەدا بوون. ستریلکۆڤ ئەفسانەی "خاکی پێکەوەگرێدراو" لەقاو دەدا و دەڵێ لانی کەم لە باکوور ڕووسیە تەنیا کۆنترۆڵی "ناوچەیەکی درێژ و باریکی دەوروبەری جادەکانی" بەدەستەوە. ڕووسەکان بەڕاستی "تەنیا جادەکانیان" لەژێر کووٚنترۆڵدا بوون. بە گوتەی ستریلکۆڤ، ڕووسەکان کۆنترۆڵی ناوچەی نێوان شارێیەکانی باکوور و شاری وەک چەرنیهیڤ و سومی‌یان بەدەستەوە نەبوو. بۆیە مەترسیی دووپاتبوونەوەی دۆخی جەنگی زستانی١٩٤٠ هەیە، کاتێک هێزی گەلێک بچووکتری فینلەندی، داگیرکارە سوڤیەتییەکانیان گەمارۆ دا و زۆریان لێ کوشتن. فینلەندییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە تاکتیکی پارتیزانی لە زستاندا، هێزەکانی سۆڤیەتیان لەنێو بردن. ئوکراینییەکان بەو زووانە دەستی بالاّیان لە کەڵکوەرگرتن لە تاکتیکی ئەوتۆ لە هاویندا دەبێ، کاتێک "ولاّت شینە." کاتێک کە دارەکان بە گەلاّیان داپۆشراون پارتیزانە ئوکراینییەکان لە بەرانبەر هێزی ڕووسیەدا بالاّدەست دەبن.

ستریلکۆڤ ئەو ئاکامگیرییە دەکا کە ڕووسەکان هیچ ڕێگا چارەیەکیان نییە مەگەر ئەوە کە لە باکوور پاشەکشە بکەن تا خۆ ڕێک بخەنەوە و دیسان هێرش بکەنەوە سەر دۆنباس. ئەو دەڵێ، "بەلاّم ئەوەی ڕاستی بێ من گومانم هەیە کە دوای لەکیس‌چوونی هەلی زێڕینی یەکەم مانگی جەنگ، هێزەکانمان بتوانن هێزەکانی ئوکراینی لە دۆنباس گەمارۆ بدەن و لە نێویان بەرن. بەداخەوە دەبینم کە فەرماندەیی هێزی سەربازیی ئوکراین گەلێک لێهاتووتر لە هی ڕووسیە دەجووڵێنەوە".

ئەوە چۆن قەوما؟ چۆن هێزی سەربازیی ڕووسیە کە وێدەچێ گەلێک بەهێزتر بێ وەها خراپ لە ئوکراین شکستیان هێنا؟ بێگومان، زۆر کەس دەڵێن شکستی نەهێناوە. بە هەڵکەوت، هەر ئەو کەسانە زۆر جار پێشبینی هەرەسهێنانی ئوکراینیان لە ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند حەوتوویەکدا دەکرد. هەڵبەت ئێستا ئەوان لەبیر خۆیان بردۆتەوە. شکستی بەشێکی بەرچاو لە

لێکۆڵەرەوەکـان لە پێشبینی دروستی جەنگی Z، لەبەر سێ هۆکـار بـوو. یەکەم، ئەوان تـا ڕادەیەکی زۆر هێـزی سەربـازیی ڕووسـیە - سـۆڤیەتیان بەرز دەنرخانـد (یـان باشـترە بڵێـێن بەهەڵە لێـی تێگەیشـتن). دووهەم، ئەوان هێـزی سـەربازیی ئوکراینیان بە کەم گرت. سێهەم، ئەوان ئامانجە سیاسییەکانی ڕووسیەیان پاشگوێ خست.

چاکسازی لە هێزی سەربازیی سۆڤیەت تەنیا بە شێوەی ڕووکەشی بووە و هێزی سەربازیی سۆڤیەت کەرەستەیەکی فرە چالاکی بوو کە بۆ: "بردنەوەی جەنگی ناوکی"، "هەڵگرتنەوەی پەتاتە" و "دامرکاندنی دەوڵەتـانی سەر بە خۆی" دروست کرابـوو. بـڕوانە کە کەرسـتە فـرە کارەکـان زۆر جـار لە هیچکـام لەوانـدا "هێنـدە" لێهـاتوو نـین. بـۆیە سـەرجەم لقەکـانی هێـزە سەربـازییەکان بۆ جەنگێک گەشەیان پێ درابـوو کە ڕێژەیەکی زۆر چەکی نـاوکی کەڵکی لـێ وەرگیـرێ، کە بەتەواوی لەگەڵ جەنگێکی ئـاسایی جیـاوازی هەیە. ڕێگـام بـدەن جیـاوازییەکە بە نموونە هێنـانەوە لە کەرەسـتەی ڕاگواسـتنی هێـزی پیـادەی سەردەمی سۆڤیەت، بی ئێم پی-١، شی بکەمەوە.

ئەو کەرەسـتەیە ئـاسـاییترین کەرسـتەی ڕاگواسـتنی هێـزی سـەربازیی سۆڤیەت/ڕووسـیە بـووە. ئەو هەروەهـا یەکێـک لە ڤیزەوەنترینیـان بـووە. لە کاتێکدا نـاوەکەی کورتکراوەی کەرستەی ڕاگواستنی جەنگیـی هێزی پیـادەیە، سـەربازانی بەرەی پێشەوەی جەنگ ناویـان نـابوو گۆڕی بە کۆمەڵی هێـزی پیـادە. لە ئەفغانسـتان و هەروەهـا لە چیچـان سەربازەکان پێیـان باشتر بوو لە سەر کەرەستەکە سوار بن نەوەکوو بچنە ناویەوە. بۆچی؟ چونکە ئاسنی قەراخەکانی هێنـدە ناسک بـوو کە زۆر جار بە گولـەی تفەنگ و پرینچکی تۆپ کون دەبوو. ئەوەی لە هەموو شتێک خراپتر بـوو ئەوە بـوو کە بـی ئێم پـی-١ هیچ خـۆڕاگرییەکی لە بەرانـبەر تەقیـنەوەی بەهێـز یـان مینـی دژی تانـک نەبـوو. لە کـاتی تەقیـنەوەی مـین، سـەربازەکان نەیاندەتوانی بێنە دەر و بە زیندوویی لە ناویدا دەسووتـان. بۆچی؟ چونکە نـاوەوەی لە ڕوانگەی ئەرگۆنۆمییەوە (شیاوی بۆ جەسـتەی مـرۆڤ) بێکەڵـک بـوو. نـاوەوەی لە ڕادەبەدەر تەنـگەبەر بـوو. لە سـەردەمی سـۆڤیەتدا زۆر گوێیـان نەدەدایە ئەرگۆنۆمی. باشە بۆچی سۆڤیەت گەشەی بە کەرەستەیەکی گواستنەوەی وەهـا ناسک دا و ڕێژەیەکی زۆری لـێ دروست کردن؟ ئەوان بۆچی نزیکەی ٢٠٠٠٠ بی ئێم پی-١ یان دروست کرد؟ چونکە ئەوان خۆیـان بـۆ جەنگی نـاوکی سـاز کردبوو و بـی ئێم پی-١ بە تـایبەتی بۆ ئەو مەبەسـتە دروست کرابـوو. کەرەسـتەیەکی گواسـتنەوەی تـایبەتی جەنگی نـاوکی، لە کـاتی جەنگی ئـاساییدا زۆر بێکەڵکە.

بـا باسـی پلانەکـانی جەنگی نـاوکی یەکیەتـی سۆڤیەت بکەیـن. جەنگی نـاوکی قەرار بـوو بە هەوڵـی هاوئـاهەنگیی هەمـوو لقەکـانی هێـزی سـەربازیی بەڕێـوە بچـێ. ئەو قەرار بـوو بە لێـدانی چەکـی نـاوکیی سـتراتیژیک کە "بەشـی سـەرەکیی

ئۆپەراسیۆنەکەیان پێک دێنا" دەست پێ بکا و دوای هەڵمەتە ستراتیژیکە ناوکییەکە، هێزی سەربازی هێرشی زەوی و ئاسمانی دەست پێ بکات. لە جەنگی ئاساییدا، هێرشی سۆڤیەت قەرار بوو بە ئاگری تۆپخانەی سەر سەکۆی گەڕۆک جێبەجێ بکرێ. لە جەنگی ناوکی، بە ئاگری مووشەکی تەیارکراو بە کڵاوی ناوکی سەر سەکۆی گەڕۆک. ئاگری تۆپخانەی سەر سەکۆی گەڕۆک دیوارێکی گەڕۆکی ئاگری تۆپخانەیە کە دوژمن لەنێو دەبا و وەک پەردەیەکی بەرگریی بۆ هێرشی خاکیی کار دەکات کە بە دوایدا دێ. ئەوە لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەم بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکی لێ وەردەگیرا و لە جەنگی جیهانیی سێهەمیش بەکار دێ، بەڵام ئێستا بە چەکی ناوکیی تاکتیکی. هێزەکانی سۆڤیەت قەرار بوو بە ئاگری مووشەکی تەیارکراو بە کڵاوی ناوکیی سەر سەکۆی گەڕۆک بچنە پێشەوە. بۆیە ئەوان بە تایبەتی بۆ ڕۆیشتن بە نێو شوێنی وێرانکراو بە چەکی ناوکی دروست کرابوون. بی ئێم پی-١ بەرگرییەکی زۆری بەرانبەر بە تیشکی ناوکی هەبوو. بەڵام لەوحی دەورەکەی تەنک بوو تا بتوانێ لە ڕووباران بپەڕێتەوە. هێزەکانی سۆڤیەت قەرار بوو بە نێو وڵاتی وێرانکراو بە چەکی ناوکیدا بڕۆن. بۆیە کەرستەکانی ڕاگواستن پارێزگارییەکی زۆریان دژی تیشکی ناوکی هەبوو و زرێی کەم. هەرچۆنێک بێ لە وڵاتی وێرانکراو بە چەکی ناوکی بەرگرییەکی کەم دەبێ. بڕواننە بی ئێم پی-١ لە خزمەت ئەسەدی سووریە.

تۆ دەتوانی لە گوگڵ هەزاران وێنەی کەرستەی گواستنەوەی ڕووسی ببینیەوە کە لە ئوکراین شتیان لێ قایم کردوون تا "کەمێک" بەرگرییەکەیان بەرز بکەنەوە. بەشێک لەوانە گەلێک خراپن و ئەوە ئاشکرای دەکات کە ڕووسیەکان کەوتوونە ناو جەنگێکی ئاسایی کە بۆی ئامادە نەبوون. لە ڕوانگەیەکەوە پێموایە ئەو چارەنووسەی هێزی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیە گەلێک شاعیرانەیە. ئەو بۆ ماوەی دەیان ساڵ بۆ کۆمەڵکوژیی ناوکی دروست کرابوو بەڵام قەت هەلی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوت تا ئەزموونی بکا.

بێجگە لە جەنگی ناوکی، هێزی سەربازیی سۆڤیەت ئەرکی دیکەشی هەبوو. یەکێک لەوان هەڵگرتنەوەی پەتاتە بوو، مەبەستم لەوە هەم بە شێوەی ڕاستەقینە و هەروەها مێتافۆرییە. هێزی سەربازی قەرار بوو هەموو بۆشاییەکی ئابووری و بازاڕی کاری سۆڤیەت پڕ بکاتەوە کە داوایان لێ کردبان. ئەوان پەتاتەیان هەڵدەگرتنەوە، چونکە لە بەهار تا درەنگانێکی پاییز، هێزی سەربازیی سۆڤیەت سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵ بوو. ئەوان زەوییان دەکێڵا، ئاودێرییان دەکرد، ڕووبەری زەبەلاحی سیبری و ئوزبەکستانیان دروێنە دەکرد. کەس نەیدەتوانی لەو ئەرکانە ڕا بکا. تەنانەت هێزی ئاسمانیی سۆڤیەت کە لە مەجارستان جێگیر کرابوو، ناچار بوو لە کێڵگەکانی کوبا کار بکا. کارمەندانی مووشەکی ناوکی، مەلەوانەکانی هێزی دەریایی، هیزی ئاسمانی، ئەو هێزانەی لە ئورووپا جێگیر کرابوون، هەموویان ناچار بوون کەرەستەکانی ڕاگواستن و هێزی کار بنێرن بۆ کێڵگەکان. بەکردەوە دەتوانین بڵێین توانایە سەربازییەکانی سۆڤیەت لە

وەرزی کشتوکاڵدا گەلێک نزم بوو.

ئەو کاریگەریی لەسەر بەرز کردنەوەی پلە و پایەش هەبوو. چونکە هێزی سەربازی ناچار بوو لە کێڵگەکان کار بکات، ئەوە بەڕێوەبەرە لێهاتووەکان لە بواری کشتوکاڵدا بوون کە پلەیان بەرز دەکرایەوە، نەوەکوو ئەفسەرە باشەکان. ئەوە هەروەها هۆی بێهەڵوێستیی هێزی سەربازی لە کاتی هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەتدا شی دەکاتەوە. ئەوە لە ئاگوستی ١٩٩١ قەوما، کاتێک کە زۆربەیان لە کێڵگەکان بوون. لە کۆتاییدا، هێزی سەربازیی سۆڤیەت - ڕووسیە ناچار بوو دەوڵەتانی سەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت دامرکێنێتەوە. ئەوە تیۆرەکی ئەفلاتیی ئۆپەراسیۆنی Z شی دەکاتەوە. ئەوە وەک جەنگ پلانی بۆ دانەڕێژرابوو. ئەوان ئەو ئۆپەراسیۆنەیان وەک ئۆپەراسیۆنی دانوب، هی ١٩٦٨، داڕشتبوو. سەرچاوەکانی ڕووسیە بەئاشکرا ئەوە دەڵێن.

"ئۆپەراسیۆنەکە وەک هی چێکۆسلۆڤاکیا لە ١٩٦٨ داڕێژرابوو. لە هەموو لاوە بێنە ژوورەوە و دەوڵەتی نوێ دامەزرێنن. بەڵام نەیانتوانی جێبەجێی بکەن. مانگێکی تەواو ئێمە وامان نواند کە هەموو شتێک بەباشی دەچێتە پێش و بە هێزێکی بچووک کە بۆ جەنگێکی هەمەلایەنە ئامادە نەکرابوو هاوکات لە هەشت لاوە هەوڵمان دا." ئەوە گوتەی دیمیرتییەڤە. ئوکراینییەکی لایەنگری ڕووسیە کە دواتر بۆ ڕووسیە ڕای کرد و خۆی بۆ تۆڵە ئامادە کرد. ئەو یەکێک لە کادرە سیاسییەکانی هێزی سەربازی بوو کە دەگەڵ سوپای ڕووسیە کەوتبوو، بەو هیوایە کە دوای داگیرکرانی ئوکراین لە لایەن ڕووسیەوە، بەڕێوەبەرایەتیی نوێ دامەزرێنێ. ئەو ئێستا دەزانێ کە ناسەرکەوتوو بوون. لە کاتێکدا کە چاودێرە ڕووسیەکان بەئاشکرا باسی ئەوە دەکەن کە ئۆپەراسیۆنی Z وەک هی دانوب لە ١٩٦٨ داڕێژرابوو، تەنیا تاقمێکی بچووک لە لێکۆڵەرەوانی خۆراوایی دەناسم کە بەئاشکرا باسی وێکچوونی ئۆپەراسیۆنی Z و دانوب دەکەن. یەکێک لەوان ئێدوارد لوتواکە کە پێشبینیی شکستی ڕووسیەی دروست لەبەر ئەو هۆیە کردبوو. لە کاتێکدا کە ڕووسیەکان بە تەمای سەرکەوتنێکی خێرا لە ئوکراین بوون، ئەو ئۆپەراسیۆنە قەرار بوو جەنگێکی فرە خێرا بێ. ئەو کۆپییەی "دانوب" بوو کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت سەرهەڵدانی چێکۆسلۆڤاکیی سەرکوت کرد و کۆتایی بە بەهاری پراگ هێنا. لێرە مەبەستم دەقاودەقە نەوەک بە شێوەی مێتافۆر.

ئۆپەراسیۆنەکانی Z و دانوب چ شتێکی هاوبەشیان هەیە؟ یەکەم، ئامانجە سیاسییەکانیان. لە هەردوو دۆخدا مۆسکۆ لە ڕێبەریی سیاسیی وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ئورووپا و ژیانی سیاسیی ئازاد و بێ بەربەست نارازی بوو. ئەوە قبووڵنەکراو بوو و دەبوو پێشی پێ بگیرێ. لە چێکوسلۆڤاکی و هەروەها لە ئوکراین، مۆسکۆ بەتەمای وەستاندنی "پشێوی" (واتە ژیانی

سیاسیی بێ بەربەست) لە وڵاتێک کە وەک وڵاتی سەر بە موسکۆ سەیر دەکرێ، بە زۆر و بە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی بوو. ئەو ئۆپەراسیۆنە پۆلیسییە دەبوو سوپا جێبەجێی بکا، بەڵام گەلێک خێرا، بە کەمترین بەرگریی و تەقە کردن. بۆ دابەزاندنی بەرگریی بۆ نزمترین ئاست، داگیرکارییەکە دەبێ چاوەڕواننەکراو بێ. بۆیە ئامادەکارییەکان لە هەردوو دۆخدا بە "مانۆڕ" حەشار درابوون. داگیرکاریی Z بە "بڕیاری یەکیەتی" لە بێلاڕووس، لە "دانوب" بە مانۆڕی "نێمەن" کە هەلی بۆ کۆکردنەوەی هێزێکی زەبەلاح لە سنووری چێکۆسلۆڤاکی ڕەخساند. لە ١٩٦٨ و هەروەها ٢٠٢٢ سەربازەکان نەیاندەزانی بۆ کوێ دەچن. تەنانەت فەرماندەکانیان نەیاندەزانی. دروست پێش داگیرکارییەکە، فەرماندەکان بڕیارێکی ڕادیۆییان پێ گەیشت "ڤلتاڤا - ٦٦٦" کە بە مانای ئەوە بوو پاکەتێکی سەر بەمۆر هەڵپچڕن کە فەرمانێکی نهێنیی تێدابوو کە دەبوو دەستبەجێ جێبەجێی بکەن.

لە هەردوو دۆخی چێکۆسلۆڤاکیی ١٩٦٨ و ئوکراینی ٢٠٢٢ دا، داگیرکارەکان گیروگرفتی لێک جیاکردنەوەی کەرستەی ڕاگواستنی خۆیان و هی ئەوانی داگیریان کردووەیان هەبوو. بۆیە لە ٢٠٢٢ کەرستەکانی خۆیان بە"Z" ، "V"، "O"، تاد نیشانە کردبوون و لە ١٩٦٨ بە هێڵێکی سپی. ئەوە بۆ لێکجیاکردنەوەی "ئێمە" لە "ئەوان" بوو. لە چێکۆسلۆڤاکی بڕیاریان دا هەموو کەرەستەیەکی ڕاگواستنی سەربازیی کە هێڵی سپی پێوە نەبوو لە کار بخەن و ئەگەر بەرگرییان کرد، لەنێویان بەرن. لە هەمان کاتدا، هێزەکانی سۆڤیەت ئیزنی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ناتۆیان نەبوو، ئەگەر تووشیان بان. وێدەچێ هەمان فەرمان لە ٢٠٢٢ درابێ. هەردوو ئۆپەراسیۆنەکانی دانوب و Z بە هێرشی هێزی ئاسمانیی بۆ سەر فڕۆکەخانەکان دەستی پێ کرد. لە ١٩٦٨داوا کرا لەبەر "ڕووداوێک" ئیزن بە فڕۆکەی ڕاگواستنی سۆڤیەت بدرێ تا لە فڕۆکەخانەی پراگ بنیشێ. فڕۆکەکە نیشت، هێزی ئاسمانی دابەزی و دەستی بە سەر فڕۆکەخانەکە داگرت و ڕێگای بۆ داگیرکەری دیکە کردەوە تا بەهاسانی دابەزن. ئۆپەراسیۆنی Z بە هەمان شێوە دەستی پێ کرد. ئۆپەراسیۆنەکە بە بۆمبارانی هێزی ئاسمانی و دابەزین لە فڕۆکەخانە سەرەکییەکان دەستی پێ کرد، لە فڕۆکەخانەی هۆستۆمەل لە نزیک کییەڤ ویستیان ئەو کارە بکەن، بەڵام ئوکراینییەکان دەستبەجێ تەقەیان لێ کردن. لە گرتە ڤیدیۆیەکدا کە هی دەستپێکی هێرش بۆ سەر فڕۆکە خانەیەکی ئوکراینە، یەکەم قۆناخەکانی ئۆپەراسیۆنی Z زۆر وەک ئۆپەراسیۆنی دانوب دەچێ، بە کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە هێلیکۆپتەری ڕاگواستن: کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەکان بەدەستەوە دەگرن و پاشان هێزێکی زۆر هەر بەو هێلیکۆپتەرانە دێن بۆ ئەوێ. بەڵام هێرشی ئاسمانی ئۆپەراسیۆنی Z چارەنووسێکی زۆر خراپتری لە هی دانوب بۆ مۆسکۆ هەبوو. ئوکراینییەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ هێزی ئاسمانیی ڕووسیە زۆر ئامادەتر بوون. هەرچۆنێک بێ، سەربازی پەڕەشووتدار تا ڕادەیەکی زۆر وەک پۆلیسی مەزنکراون کە ناتوانن لەدژی سوپای ئاسایی بوستنەوە. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە لەنێو چوون. ئەگەرچی داگیرکارییەکەی ٢٠٢٢ لە شێوەی ١٩٦٨ بوو، ئامادەکاریی خراپتری بۆ کرابوو. لە هێرشی ١٩٦٨ بۆ سەر

چێکوسلاڤاکی، هێزێکی زەبەلاحی ٥٠٠٠٠٠ کەسی لە دوو شەپۆلدا هاتن. لە یەکەم شەپۆل ٢٥٠٠٠٠ کەس هێرش دەبا بەرەو پێشەوە و ئەوی دیکە بە دوایدا دێ، وڵات داگیر دەکا و هێڵی دابینکردنی کەلوپەل دەپارێزێ.

ئۆپەراسیۆنی Z بە ڕێژەیەکی گەلێک کەمتر دەستی پێ کرد. تەنیا ١٩٠ - ١٦٠ هەزار سەربازی ڕووسی لە کۆتاییەکانی فێبریواری سنووری ئوکراینیان بەزاند. وەک ١٩٦٨، ئەوان بەرە پێشەوە هاتن. بەڵام هیچ شەپۆلێکی دووهەم نەهات تا وڵات داگیر بکا و هێڵەکانی دابینکردنی کەلوپەل بپارێزێ، چونکە شەپۆلی دووهەم لەگۆڕێدا نەبوو. پوتین چاوەڕوانی بەرگریی ئوکرانییەکان نەبوو و پێی وابوو ئەوان تەسلیم دەبن. پوتین و بەشێک لە لێکۆڵەرەوە خۆراواییەکان کاریگەریی کولتووری کارەساتی دۆنباسیان بە کەم گرت کە هاوسۆزیی دەگەڵ ڕووسیەیەی لە خۆرهەڵاتی ئوکراین لەنێو بردبوو. دەسەڵاتداریی ڕووسیە لە دۆنباس مۆتەکەیەکی ڕاستەقینە بوو. تەنانەت دامودەزگای پڕۆپاگاندای فەرمیی ڕووسیەش دانی بە لێکدانەوەی هەڵەی ڕووسیە لەمەڕ هەڵوێستی جەماوەریی ئوکرانییەکان دانا. ئەوان بەهەڵە پێیان وابوو ئوکرانییەکان وەک خەڵکی ڕووسیەن و سەربەخۆیی ئوکراین تەنیا شتێکی گاڵتەیە. لە هەمان کاتدا ئەوان بەرەورووی خۆڕاگرییەکی سەخت و بڕوابەخۆ بوونەوە. داگیرکاریی لە شێوەی دانوب بە هێزێکی گەلێک کەمترەوە، هەڵە بوو. بۆ؟ چونکە ئوکرانییەکان چاوەڕوانیان دەکرد. ئەوان خۆیان بۆ شەڕی پارتیزانیی و بۆ جەنگ لە نێو جەرگی دوژمندا ئامادە کردبوو. سەرجەم چەمکی هێزەکانی پیادە لە شێوەی لەهستان بۆ ئەو جۆرە جەنگە ئامادە کرابوو. پێشڕەوی سوپای Z و جێهێشتنی خاکێک لەدوای خۆیان کە داگیریان نەکردبوو دەرفەتی بەڕێوەبردنی ئەو شێوە جەنگەی بۆ ئوکرانییەکان ڕەخساند کە خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. لە ئاکامدا، شەڕێکی بەربڵاوی پارتیزانییان دەست پێ کرد کە ستوونی دابینکاری کەلوپەل و سوپای ڕووسیەیان کردە ئامانج. سورپرایزێکی دیکە دژواریی هێرش بۆ سەر هێندێک خاڵ لە شارەکان و بە تایبەت ناوچەی پێشەسازییە، کاتێک بەرگریکارەکان لەسەر خۆڕاگری سوورن. تەنانەت لە چڕترین بۆمبارانەکانیشدا هێندێک کەس زیندوو دەمێننەوە تا بجەنگێن. ماریوپۆل ئەوەی بە باشترین شێوە سەلماندوە.

ڕووسییەکان وێنەیەکی مەترسیدار لە شەڕی هاوشێوەی جەنگی جیهانیی یەکەم لە خۆرهەڵاتی ئوکراین دەدەنە دەست. بەرەی پێشەوەی سوپای Z پەیتا پەیتا هێرش دەکەنە سەر مەتەرێزە قایمەکانی ئوکرانییەکان. ڕووسییەکان زیانێکی زۆریان بەر دەکەوێ بێ ئەوەی بتوانن بچنە پێش، بەڵام فەرماندەکان ئەوان دیسان دەنێرنەوە تا هێرش بکەنەوە. وەک ستێرێلکۆڤ ئاماژەی پێ دەکا. ئێستا ئەوان کێ بۆ ئەو هێرشانە دەنێرن؟ خەڵکی دۆنباس. ئەوان "سوپاگیریی تەوایان" لە دۆنباس و لوهانسک ڕاگەیاندوە و ئەو خەڵکە دەنێرن بۆ هێرش. ئەوە کارێکی زۆر ژیرانەیە. ئەوان سەربازی ڕووسیە نین، بۆیە دەتوانی ڕێژەی فەرمیی کوژراوان لە ئاستێکی نزمتردا ڕاگری.

**بەشی: سێهەم**

بڕوانە سەربازەکانی دۆنباس، مرۆڤ بەزەیی پێیاندا دێ. ئەوان ئەرکی قورسی جەنگی خۆرهەڵاتی ئوکراینیان لە ئەستۆیە. دەگەڵ وێنەی چەکدارە پڕ چەکەکانی قەدیرۆڤ لە تیک تۆک بەراوردیان بکە. لەبیرتان بێ، ئەوانی لە وێنەکاندا زۆر جوان دەردەکەون، شەڕ ناکەن. ئەوانەی شەڕ دەکەن لە وێنەکاندا جوان نین. توانایی هێزە سەربازییەکانی ڕووسیە، زۆر زێدەڕۆیی تێدا کرابوو. لە هەمان کاتدا، هێزی ئوکراینییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بە کەم گیرابوون. تەنانەت ستریلکۆڤ بێمەیلانە دانی پیادا نابوو کە "فەرماندە ئوکراینییەکان فرە لێهاتووتر لە هی ڕووسیەکان دەجووڵێنەوە".

ئوکراین بەئاشکرا مەزنتر لە قەبارەی خۆی دەجەنگێ. ئەو هێزێکی پیادەی جەنگاوەری هەیە کە ورەی بەرزە و دژی سوپای ڕووسیە کە پشتی بە هێزی تۆپخانە ئەستوورە، وەستاوەتەوە. ئەو هێزێکی ئاسمانیی هەیە کە یارمەتی بە شارێکی گەمارۆدراو دەکا بێ ئەوەی کە ڕووسیەکان پێ بزانن و هێرش دەکاتە سەر سوپای ڕووسیە. لە کۆتاییدا، ئوکراین فەرماندەییەکی سەربازیی هەیە کە نە تەنیا ئاگاداری داگیرکاریی ڕووسیە بوو، بەڵکو هەروەها بە دروستی پێشبینی شێوەی هەڵسوکەوتی ئەوانی کرد (هەڵبەت بە گوێرەی مودێلی ڕووسیە) و بەرپەرچدانەوەی کاریگەری ئامادە کردن کە ڕووسیەکان چاوەڕوانییان نەدەکرد. ئێستا کە دەڕوانینە دواوە، هەموو شتێک ماقووڵ دێتە بەرچاو. ئوکراینییەکان لە ٢٠١٤ تووشی شکستێکی بەژان بوون بەڵام تێک نەشکان و هەر شتێک کە لە ناوت نەبا، بەهێزترت دەکا. هیچ شتێک وەک شکستێکی سەرشۆڕانە و هەڕەشەیەکی ژینەکی کە پشتی نەشکاندبی نابێتە هۆی شۆڕشێکی دامەزراوەیی. دیسان، بە ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، لاوازیی سوپای ڕووسیە زۆر ماقووڵ دێتە بەر چاو. بۆچی ڕووسیەکان ناتوانن هێزێکی پیادەی باشیان لە ئوکراین هەبێ؟ تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ئەو هۆیە کە هێزێکی پیادەی ئەوتۆ هەڕەشەیەکی سیاسییە بۆ سەر کرێملین. پوتین ئیزن بە سەرهەڵدانی هێزێکی پیادەی خاوەن ورەی بەرز و لێهاتوو نادا.

هەروەها ئەو هەواڵگریە خراپەی پوتین لەمەڕ ئوکراین پێی گەیشتبوو (واتە هەموویان لایەنگری ڕووسیەن)، بە زۆر گرتنی توانایە سەربازییەکانی ڕووسیە، ماقووڵ دیتە بەرچاو. فەرمانبەرەکان خۆ لە دانی هەواڵی ناخۆش بە دیکتاتۆرێک دەبوێرن و ئەو شتانەی پێ دەڵێن کە دەیهەوێ بیانبیستێ. ئەو لە بلقێکی تەواودایە. گیروگرفتی زانیاریی هەڵە لەو بەری جیاوازیی دیکتاتۆریی و دێموکراسییەوەیە. هۆی بەشی هەرە زۆری زانیاریی هەڵە دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی هەڵە. ئەفسەرەکان بڕیار و دوکترینە داپەسەپاوەکان ناهێننە ژێر پرسیار و بێگومان داکۆکییان لێ دەکەن تا لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە نەیەنە ژێر پرسیار.

**جێگای سەرسوڕمانە لێکۆڵەرەوە خۆراواییەکان چەندە سوپای ڕووسیەیان بە زۆر گرت، تەنانەت سەرسوڕهێنەرتریشە کە**

ئەوان چەندە سوپای ئۆکرانینیان بە کەم گرت. دنیا هەڵسەنگاندنی سوپای ئۆکراینی لە ٢٠١۴ بەولاوە بە تەواوی پاشگوێ خستبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢

## ڕێککەوتنێکی لاوازی بایدن دەگەڵ ئێران، یارمەتیی ئابووری و سەربازیی بە ڕووسیەیە

### نەیشناڵ ڕیڤیو - کارین حەججار

بێتوو ڕێککەوتنی ئێران واژۆ بکرێ، بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوە بەرچاو بنکۆڵ دەکرێ، چونکە ڕێگا بۆ چالاکییە شێوێنەرەکانی تاران ئاواڵا دەبێ. بێجگە لە پێکهاتن لەسەر سنووربەندییەکی لاواز بۆ سەر بەرنامەی ناوکی ئێران، ڕێککەوتنەکە لێشاوی چەند میلیاردی دراو بۆ ئێران و بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی مومکین دەکا و ئەگەری هێنانەدەری سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان، لە کاتێکدا کە ئەندامەکانی بە شێوەی چالاک هەوڵ دەدەن کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان تێرۆر بکەن، ئەو ڕێکخراوەیە بەهێز دەکات. بەڵام ڕێککەوتنەکە تەنیا نابێتە هۆی بەهێزترکردنی ئێران، بەڵکوو زەختی ئەمریکا بۆ سەر ڕووسیەش لاواز دەکات.

مۆسکۆ هەموو جۆرە سوودی لە ئێرانێکی ناوکی پێ دەگات، لەناویاندا قازانجی ئابووری و سەربازی کە دەبنە هۆی پشتگیری لە هەوڵەکانی پوتین لە ئۆکراین.

تێوەگلانی ڕووسیە لە وتووێژەکانی ڤییەن لە سەرەتاوە گیروگرفت بووە. دیمەنەکانی بەتەنیا، مرۆڤ نیگەران دەکەن. لە کاتێکدا کە پوتین خەریکی تاوانی جەنگە و سەربەخۆیی ئۆکراین پێشێل دەکات، وڵاتە یەکگرتووەکان بە وتووێژ دەگەڵ دیپلۆماتەکانی کرێملین خەریکی ڕێککەوتن دەگەڵ تارانە.

لە سەرەتاوە، ڕووسەکان لەلایەن ئێرانییەکانەوە وتووێژیان کردوە و شەرمیشیان لێی نەکردوە. دانوستانکاری سەرەکیی ڕووسیە، میخایل ئولیانۆڤ، ستایشی هەوڵە هاوبەشەکانی دەگەڵ ئێران و چین لە ماوەی وتووێژەکاندا دەکات و دەڵێ، "ئێمە توانیمان بەیەکەوە ئاکامی ئەرێنی مسۆگەر بکەین." ئەو گوتی مەلاکانی ئێران "بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان وەک شێر دەجەنگێن" و وڵاتەکە لە وتووێژەکاندا "زۆر لەوەی چاوەڕوانی دەکرد، دەستکەوتی وەدەست هێنا." ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە "دۆستە چینییەکانی بە هەمان شێوە وەک هاودانوستانکار کاریگەر و بەکەڵک بوون. ئێمە دەمانتوانی پشت بە یەکتر ببەستین... و لە زۆر خاڵدا، بە هۆی هەوڵی هاوبەش، سەرکەوتوو بووین".

هەروەها باڵوێزی ڕووسیە لە ئێران، لێڤان جاگاریان، شانازیی بەوە دەکرد کە نوێنەرانی ئێرانی لە ڤیێن "بەردەوام سوپاسی ئێمەیان دەکرد." بەتایبەتی نوێنەری ئێمە، ئولیانۆڤ، یارمەتیی زۆر دەکات و ئێمە پێوەندی نزیکمان دەگەڵ دۆستە ئێرانییەکانمان هەیە. ئەو گوتی، "ئێمە... دەمانهەوێ یارمەتییان بکەین".

ئەوە بەئاشکرا لە بەرژەوەندیی ئابووری، ستراتێژیک و سەربازیی ڕووسیەدایە کە ئێران بگاتە ڕێککەوتنێکی بەسوود. بێهنام بین تالیبلو، هاوکارێکی پلەبەرزی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان، لە وتووێژێکدا دەگەڵ نەیشنال ڕیڤیودا گوتی، "سێ هۆ شی دەکەنەوە کە بۆچی ڕووسیە ڕێککەوتنێکی خراپی دەگەڵ ئێران دەوێ." ئەو گوتی لەنێو ئەو هۆیانەدا "سووککردنی زەختی ئابووریی پێوەندیدار بە ئۆکراینەوە و پووچەڵکردنەوەی ئابلۆقەکان، فرۆشتنی چەکوچۆڵ و پەرەپێدانی هاوکاریی ناوکی و فرۆشتن".

لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، ڕووسیە دەسکەوتی مەزنی لە بڕیارەکانی ڕێککەوتنی لاوازی بایدن دەست دەکەون. بەگوێرەی ڕاپۆرتی بلومبەری، وەزارەتی کاروباری دەرەوە "بەشداریی ڕووسیە لە پرۆژە ناوکییەکانی" دەگەڵ ئێران ناخاتە لیستەی ئابلۆقەکانەوە، لە ناویاندا هەناردەکردنی بەشە زیادییەکەی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی تاران و گۆڕینی دامەزراوەکانی پیتاندن بۆ دامەزراوەی سووتەمەنیی مەدەنی.

بێتوو ئێرانییەکان بگەنە ڕێککەوتن، دەسکەوتەکەیان هەڵگیرانی ئابلۆقە، بایی ١٣٠ میلیارد دۆلار دەبێ، کە پێوەندیی ئابووری ئەوان دەگەڵ ڕووسیە دەبووژێنێتەوە. بەکردەوە، ئەو پێوەندییە هەر ئێستا خەریکی گەشەکردنە. لە سەرەتای ئاپریل فری بیکن ڕایگەیاند کە ئەو دوو وڵاتە کۆنفرانسێکی بازرگانییان بەڕێوە برد "تا هەوڵەکانیان بۆ خۆبواردن لە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چڕ بکەنەوە." خانەخوێی کۆنفرانسەکە مۆسکۆ بوو و لەوێدا ٧٠ ناوەندی پیشەسازیی ئێرانی و ٣٠٠ ناوەندی ڕووسیەیی بەشدار بوون. سیاسەتوانێکی ئێرانی گوتی کە وڵاتەکان چاوەڕوانی "گەشەی بەرچاو لە پێوەندییە دووقۆڵییەکانیانن." کاتەکەی بە هەڵکەوت نییە. وەک بیکن ئاماژەی پێ کرد، پێوەندیی بازرگانی ئەو دوو وڵاتە دەگەڵ خۆئامادەکردنی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ "لابردنی ئابلۆقە" لەسەر ئێران، پەرە دەستێنێ، کە دەبێتە هۆی "ڕەخساندنی دەرفەت بۆ مۆسکۆ تا لە ئێران وەک ئامرازێک بۆ سووککردنی زەختی نێونەتەوەیی کەڵک وەرگرێ".

مارک دوبۆویتز و ماتیو زویب، لە واڵستریت ژورناڵدا نووسیان کە ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە کاتێکدا پوتین بەرەورووی کەڵەکەبوونی ئابلۆقان بۆ سەر خۆی دەبێتەوە، ئێران تەکنیکەکانی دەربازکردنی سیستەمە داراییە نایاسایییە

چەند ملیار دۆلارییەکەی لە ئابلۆقە فێری ڕووسیە بکات:

تاران دەتوانێ فێری موسکۆ بکات چۆن ئەو دامەزراوە داراییە نایاساییە کۆپی بکات، یان ڕێژیمی مەلایان دەتوانێ ببێتە دەلاڵی مۆسکۆ و بەشێک لە داهاتی ئەو بازرگانییە نهێنییەی کە لە جیات ڕووسیە بەڕێوەی دەبات بۆخۆی هەڵگرێ. تێکەلاویی پسپۆڕی ڕووسیەیی و ئێرانی لە چالاکیی نایاسایی دارایی، دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی پێشکەوتووترین رایەڵەی پەرەئەستێنی خۆبواردن لە ئابلۆقە. بێتوو ئابلۆقەکانی خۆراوا کاریگەریی خۆیان لەکیس بدەن، زەختی سەر مۆسکۆ بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی ئۆکراین و هەڕەشەی دیکەش لەنێو دەچێ.

لە ڕوانگەی ئابووری و سەربازییەوە، ئەو ڕێککەوتنە ڕێگا بۆ بازرگانییەکی پڕ سوودی چەکوچۆڵ لەنێوان تاران و مۆسکۆدا دەکاتەوە. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە کاتێک ئابلۆقەی دەساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٠ کۆتایی هات، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەستبەجێ ئابلۆقەیەکی هاوشێوەی بە سەر ڕێژیمدا سەپاند. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نە دەیهەوێ ئەو ئابلۆقانەی ئەوپەڕی زەخت بسەپێنێ و نە دەشیهەوێ جێبەجێیان بکات. وتوویژە هەنووکەییەکان ئاماژە بە ئابلۆقەی چەکوچۆڵیش ناکەن.

لە مانگی مارچ، وتوویژەکانی ڤییەن لەبەر داواکاریی ڕووسیە لە ولاتە یەکگرتووەکان بۆ دانی زەمانەت لە پارێزرانی بازرگانیی ناوکیی کرێملین دەگەڵ تاران لە ئابلۆقە، وەستێندران. وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیە، سێرگەئی لاڤرۆڤ، نەیدەویست ئابلۆقەکان "زەرەر بە مافی بازرگانی، هاوکاری و وەبەرهێنانی ئازاد و هەمەلایەنەی ئێمە و هاوکاریی تەکنیکی-سەربازیی دەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی بگەیەنن." لە کۆتاییدا لاڤرۆڤ پشتڕاستی کردەوە کە ولاتە یەکگرتووەکان "زەمانەتی بە نووسراوە"ی داوەتە ڕووسیە کە "پارێزگاریی شیاو لە سەرجەم پرۆژە و چالاکییەکانی پلان بۆ داڕێژراو" لە ڕێککەوتنەکەدا دەکات. (ئەوە لە کاتێکدایە کە پوتین لێدوانی ژاراوی لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە چەکی ناوکی لە کێشەی ئۆکرایندا دەدات.)

بە گوتەی گابرییەل نۆرۆنها، ڕاوێژکاری تەیبەتی پێشوو لەمەڕ دۆسیەی ئێران لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەو زەمانەتەی ولاتە یەکگرتووەکان ڕێگا بە ڕووسیە و ئێران دەدا تا مامەڵەیەکی ١٠ میلیارد دۆلاریی ڕاگیراو جێبەجێ بکەن، لە ناویاندا ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی ڕێئاکتۆری مەدەنی لەلایەن ڕووسیەوە لە ناوەندی وزەی ناوکی لە بوشەهر. نۆرۆنها گوتی، "ئەوەی ڕووسیە وتوویژی لەسەر کرد لە بنەڕەتدا پارێزراویی تەواو لە ئابلۆقەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو

مامەڵە ناوکیە ١٠ ملیارد دۆلارییە جێبەجێ بکات".

ڕووسیە هەر ئێستا کەڵک لە چەکی ئێرانی لە کێشەی ئۆکرایندا وەردەگرێت. گاردیەن بڵاوی کردەوە کە ڕووسیە کەڵک لە تەقەمەنی و ڕەقەواڵەی سەربازی وەردەگرێ "کە لە عێراقەوە... بە یارمەتی میلیشیا عێراقییەکانی سەر بە ئێران و خزمەتگوزاریی هەواڵگریی ناوچە کە شارەزاییان لە سەر ئەو پرۆسە هەیە، ڕاگوێزراون". ئەوانە بریتین لە مووشەکی دژە تانکی سوپای پاسداران، سیستەمی مووشەکهاوێژی برازیلی و مووشەکی ٣٧٣ ی باوەڕی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە، ڕووسیە دەتوانێ سوود لە فرۆشتنی چەک بە ئێران ببینێ. نۆرۆنها گوتی کە دوای هەڵگیرانی ئابلۆقەکان، ئێران دراوی دەرەکیی دەبێ تا بتوانێ مامەڵەکانی چەکوچۆڵ دەگەڵ ڕووسیە جێبەجێ بکات. "لە چوارچێوەی برگەکانی ڕێککەوتنەکەدا، ئەمڕۆ ڕووسیە ئازادە چەکی ئاسایی بە ئێران بفرۆشێ و دەتوانێ لە ئۆکتۆبری ساڵی داهاتوو ڕا چەکی پێشکەوتووشی پێ بفرۆشێ".

نۆرۆنها گوتی، "تۆ ناتوانی لە کاتێکدا کە ئیزن بە ئێران دەدەی دەستی بە پاشەکەوتی دراوی بیانیی گەلێک بەرچاو ڕابگات، کە پشتگیریی لە پیشەسازیی چەکوچۆڵی ڕووسیە دەکات، هاوکات بڵێی خەریکی جەنگ دژی [شەڕانشۆیی] ڕووسیە لە ئۆکراینی".

ئەوە بەڕوونی دیارە کە ڕووسیە وتوویژ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات، لەو ڕێککەوتنەدا، بەرژەوەندیی ئێران بەرژەوەندیی ڕووسیەیە. بەڵام، ئەوە نەبۆتە سڵەمینەوەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەوڵ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک، تەنانەت کاتێک کە بە زبری دژی پوتین دەدوێ.

لە مانگی مارچ، لە کۆشکی سپی پرسیار کرا کە ئاخۆ ئەوان ئامادەن دەگەڵ ڕووسیە دەست بە دانوستان بکەنەوە تا "ڕێگا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ناوکی دەگەڵ ئێران خۆش بکەن"؟ وتەبێژی کۆشکی سپی، جێن پساکی وەڵامی دایە کە "ڕووسیە نایهەوێ ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات" و "ئێمەش نامانهەوێ." پساکی گوتی، "ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە لە بەرژەوەندیی هەردوو لایەکمانە کە ئەوە بەرەو پێشەوە بچێ".

**من لە نۆرۆنهام پرسی ئاخۆ کۆشکی سپی چۆن دەتوانێ وتوویژ لەسەر ڕێککەوتنێک بکات کە بە تایبەتی یارمەتی**

بەشی: سێهەم

مۆسکۆ دەکات، باسی ئەوەش ناکەین کە دەڵێن بەرژەوەندیی هاوبەشمان دەگەڵ ڕووسیە هەیە. ئەو پێی گوتم، "ئەوان ئەو شتە دەڵێن و هیوادارن هیچ کەس بەوە نەزانێ و لێیان لەقاو نەدات، ئەوە لەگەڵ هیچکام لە فاکتەرەکانی پشت شانۆکە یەک ناگرێتەوە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢٢

# بۆچی هێندێک جوو داکۆکی لە سوپای پاسداران دەکەن؟

**ئیسرائیل هایوم - جاناتان س. تۆبین**

تا ئێستا، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن خۆی لە بەرانبەر وەسوەسەی سڕینەوەی لە لیستەی تێرۆردا ڕاگرتوە. بەڵام جوولەکە چەپەکان لەو بڕوایەدان کە بتوانن سەرکۆمار ڕازی بکەن پاشەکشە بکات.

بۆ ئەوانەی پێیان وایە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ڕەنگبێ بگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستێکی زۆرتر کەتوارگەرانە لەمەڕ پرسی ئێران، ڕاگەیاندنی بەشداریی فڕۆکە سووتەمەنی گەیەنەرەکانی ئەمریکایی لە مانۆڕی سەربازیی ئیسرائیل کە بەو زووانە بەڕێوە دەچێ، هەواڵێکی خۆش بوو. لە هەنگاوێکی تاقانەدا، فڕۆکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئیسرائیل لە ڕاهێنانێکدا دەفڕن کە لەلایەن زۆرانەوە وەک ڕاهێنان بۆ بۆمبارانی ئێران سەیر دەکرێ.

ئەوە دەبێ وەک پەیامێک بۆ ئێران سەیر بکرێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان بڕارەی زیاتر لە وتووێژە بێئاکامەکان بۆ پێشگرتن بە خولیا ناوکییەکانیان لە بەردەستدایە. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، نەفتالی بێنێت، هیوادارە ئەوە بەو مانایە بێت کە خۆبواردنی لاسارانەی تاران بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە لاوازە ناوکییەکە واژۆکراو دەگەڵ سەرکۆماری پێشووتر باراک ئۆباما، ئەمریکاییەکانی ناچار کردوە، جا پێیان خۆش بێ یان ناخۆش، هاوپەیمانییەکەیان دەگەڵ دەوڵەتی جوولەکە پشتڕاست بکەنەوە. بەڵام ئەوە بەو ساکارییەش نیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە وتووێژە ڕاستەقینەکان لەمەڕ ڕێککەوتنێکی ناوکی نوێ دەگەڵ ئێران، لە ڤییەن دەگەڵ ڕووسییەکان، کە بەڕێوەبەرایەتیی دێموکرات پێی وایە دەگەڵی بەهۆی داگیرکردنی ئوکراین "لە جەنگ"دایە، و ناوبژیوانی نێوان ئەمریکاییەکان و ئێرانییەکانە، بەڕێوە ناچێ. وتووێژە یەکلاکەرەوەکان لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و هاوپەیمانە پێشکەوتنخوازەکانی خەریکی مشتومڕی نێوخۆیی لەسەر ئەگەری ملکەچ بوون بە یەکێک لە داواکانی تارانن، لە واشینگتۆن بەڕێوە دەچێ.

تیمی سیاسەتی دەرەوەی بایدن، لەژێر ڕێبەریی سەرۆکی دەستەی دانوستانکار دەگەڵ ئێران و کۆنەسازشکار، ڕۆبەرت مالی، هەر ئێستا ڕەزامەندیی لەسەر گەلێک لە بڕیارەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئایینی لەمەڕ ڕێککەوتنێکی نوێ و لاوازتری بەرجام دەربڕیوە کە دەستکەوتی نموونەیی سیاسەتی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما بوو. ئەوان لەجیاتی ئەوە کە تەنیا

بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنە کۆنەکە، کە ئەوانی دەوڵەمەند و بەهێز کرد، ئێرانییەکان داوای مەرجی شلتر و دەستخۆشانەی نەغدیی زیاتر دەکەن. بەڵام یەکێک لە داواکارییەکانیان، لانی کەم تا ئێستا، قەڵەمبازێکی مەزن بووە بۆ بایدن: سڕینەوەی سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان.

سوپای پاسداران بەشێک لە هێزی سەربازیی ئێرانە. بەڵام ئەو هەر وەها بەرپرسی ڕایەڵەیەکی نێونەتەوەیی لە تاقمە تێرۆریستییەکانیشە. سوپای پاسداران ڕێکخەری بەخێوکردن و ڕاهێنانی حیزبوڵڵا، جیهادی ئیسلامیی فەلەستین، بەرەی گەلیی ڕزگاریی فەلەستین، حەماس و تێرۆریستەکانی حوسییە و بەرپرسی تاوانە جۆراجۆرەکانیانە.
ئەو هەروەها ڕێژەیەکی لە ئەژمار نەهاتووی شارۆمەندانی ئێرانی کە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی دەوڵەتەکەیانەوە هەستاون، کوشتوە. دەسەڵاتی سوپا هەروەها بەشێک لە ئابووریی ئێرانیش دەگرێتەوە کە ئەوی کردۆتە تیغەرەی پشتی سەرەڕۆیی ئایینی.

بەڵام تا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، ئەمریکا خۆی لە دانی مۆرکی تێرۆریستی لە سوپای پاسداران دەبوارد چونکە دەیهەویست پێوەندییەکی باشتری دەگەڵ تاران هەبێ. لە کاتێکدا کە ئابلۆقەی دیکە خراونە سەر سوپای پاسداران و ڕێبەرییەکەی، دستنیشانکردنەکەشی وەک تێرۆریست بایەخێکی سیمبۆلیکی مەزنی هەیە. دەستنیشانکردنەکە ئاشکرای دەکا وڵاتە یەکگرتووەکان فریوی هەوڵەکانی ئێران بۆ لێکجیاکردنەوەی ئەو تاقمە یان بەناو باڵی سەربازییەکەی لەو ڕێژیمەی خزمەتی دەکات، ناخوا. بێتوو لە لیستەکە بیسڕنەوە، ئەوە زۆرتر وەک داکۆکی لە هەوڵەکانی ئێران بۆ خۆ دەربازکردن لە چالاکییە تاوانکارەکانیەتی. ئەوە بەو مانایە دەبێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانییەکی لەمەڕ هەوڵە بەردەوامەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە و سەپاندنی هێژمۆنیی خۆی نییە.

تا ئێستا سەرکۆمار جۆ بایدن، بە پشتیوانیی باڵی ڕێفۆرمخوازی حیزبەکەی، خۆ لە بەرانبەر داوای هەڵگرتنی مۆرکی تێرۆریستی لەسەر سوپای پاسداران ڕاگرتوە. ئەو تێ دەگات، چونکە وێدەچێ هاوپەیمانە پێشکەوتنخوازەکانی تێ نەگەن، کە هەڵوێستێکی ئەوتۆ وەک ژێستێک دەچێ کە خەڵکی ئەمریکا وەک لاوازیی و بێتوانایی لەمەڕ وەستانەوە دژی دوژمنانی وڵات و ڕێژیمە سەرەڕۆیەکان لێکی دەدەنەوە.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر حەوتوویەک، هاواری ناڕەزایەتی لەبارەی ئەو بڕیارە لە لایەن پێشکەوتنخوازەکانەوە بەرزتر بۆتەوە و، بۆ تووڕەیی ئەوانی هیوادارن بایدن لەسەر بڕیارەکەی پێداگر بێ، تەنانەت پلەبەرزترین کاربەدەستانی

بەڕێوەبەرایەتیەکە باسی دوودڵیی خۆیان لەمەڕ پاراستنی ئەو هەڵوێستە دەربڕیوە.

بۆ وێنە، کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوە ئانتۆنی بلینکن لەو دواییانەدا لە کۆنگرە شایەتیی لەبارەی وتووێژەکانی ئێران دا، بووە مایەی نیگەرانیی هەردوو لایەن. ئەو کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرەی دڵنیا کردەوە کە تا ئێران ئاکاری خۆی نەگۆڕێ، مۆرکی تێرۆریستیی هەڵناگیرێ. ڕەنگبێ بە وەستاندنی چالاکییە تێرۆریستییەکانی کە بوونە بەشێکی دانەبڕاو لە سوپای پاسداران لە سەرەتای دامەزرانیەوە ماوەیەکی کورت دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە لە ١٩٧٩. بەڵام، ئەو درێژەی پێ دا و گوتی کە بە بڕوای ناوبراو مۆرکلێدانەکە بێ سوود بووە.

خەڵکی دیکە لە بەرەی چەپ ئەو گوتەیان دووپات کردۆتەوە، لە ناویاندا مەت داس، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی سەناتۆر بێرنی ساندرز (سەربەخۆ لە ڤێرمۆنتەوە) کە گوتی بە درێژەپێدان بە هێشتنەوەی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستاندا، بایدن لە داوێک کەوتوە کە ترامپ بۆی نایەوە تا بووژاندنەوەی بەرجام دژوارتر بکات. بەڵام لەنێو دەنگ بەرزترینەکان دژی دستنیشانکرانی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، جوولەکە ئەمریکاییەکانی ڕەخنەگری ئیسرائیلن.

لۆبیی چەپڕەوی جەی ستریت زۆر دەخوازێ سوپای پاسداران لە لیستەکە بێتە دەر و دەلیلی هێناوەتەوە کە بایدن هەڵەیە بێتوو وا بیر بکاتەوە ئەو تێچوویەکی سیاسی بۆ ئەو بڕیارە دەدا. وتاربێژی دژە زایۆنیست، پیتر بەینارت لە "نیویۆرک تایمز"دا نووسیی بە "ترسان لە سیاسەتی" پاکانە بۆ سوپای پاسداران، بایدن "لە ئەمینترکردنی دنیا" شکست دێنێ. بە تایبەتی ئەو هۆدانە گەلێک مەترسیدارە. ڕێککەوتنێکی نوێ دەگەڵ ئێران بە کردەوە دنیا کەمتر ئەمین دەکات، چونکە بە هیچ شێوەیەک پێش بە ئێران ناگرێ تا دەستی بە چەک ڕابگات، بەرجامە ڕەسەنەکە و شێوەیەکی لاوازتری ئەو بە کردەوە زەمانەتی ئەوە دەکەن کە ئێران دوای تەواوبوونی کاتی مەرجەکان، پاش چەند ساڵ بومبێکی دەبێ. لە هەمان کاتدا، ئەو دراوەی لە هەڵگیرانی ئابلۆقەکان دەستی دەکەوێ و زانیاریی ئەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشت لە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ئیسڕائیل و هاوپەیمانە عەرەبەکانی دەکات، ئێران مەترسیدارتریش دەکات. کەوابوو، بۆچی جەی ستریت و هێندێک لە هاوپەیمانە توندئاژۆ دژە زایۆنیستییەکانی لە بەرەی چەپ وا لێبڕاوانە بە نوێنەرایەتیی سوپای پاسداران لۆبیگەری دەکەن؟

ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خووی خۆڕسکی داکۆکی لە هەر شتێک کە پێوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباماوە هەیە و

ڕەتکردنەوەی سیاستە ماقووڵترەکەی ترامپ، کە بە دروستی تێگەیشت درەنگ یان زوو، ڕێککەوتنەکەی سەرۆکی پێشوو دەبێ وەلا بندرێ و جێگرەوەکەی شتێکی توندتر بێ کە بەڕاستی پێش بە توانایی ناوکیە پەرەئەستێنەکانی ئێران بگرێ.
ئەو شەڕە غەریزە حیزبییەکان ئاشکرا دەکا، کاتێک تێکەڵی بێوازیی بەرانبەر بە بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ئیسرائیل بکرێ، کە بۆتە هۆی حەزی دەنگدەران، تەنانەت لە نێو جوولەکان کە دەیانهەوێ سیاسەتێک ماقووڵ نیشان بدەن کە دەبێتە هۆی ئەوە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەک دارێژێتەوە کە ببێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە هاوپەیمانە نەریتییەکانی و نزیکایەتی لە ئێران.

گەلۆ ئەوان سەردەکەون؟ پاڵەپەستۆی سەر بایدن بۆ نەرمی نواندن بەرانبەر سوپای پاسداران، بە یارمەتیی ئاماژەکانی ئێرانییەکان کە بێتوو ڕێککەوتنێکی نوێ واژۆ نەکرێ، ئەوان هێندەی دیکەش لە دۆخی تێپەڕین لە لێواری بەناوکیبوون نزیک دەبنەوە. ئەوان کە پێشووتر بە بلۆف سازشی گەلێک زۆرتریان دەستەبەر کردوون، تاران هەموو هاندەرێکی هەیە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان لە کۆتاییدا سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆر دەردێنن و، هەر وەک ڕابردوو، ویستی تاقمە جوولەکەکان بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەو پرسە، وێدەچێ یەکلاکەرەوە بێ.
ئامادەیی تاقمە جوولەکەکان بۆ خۆگێلکردن لەوە ڕاستییە کە ئەو یەکەیە، کە لە ڕشتنی خوێنی ئەو هەموو جوولەکەیەدا دەستی هەبووە، تێرۆریست نییە، کارێکی قێزەوەنە. مرۆڤ بیر دەکاتەوە کە ڕەواییدان بە سوپای پاسداران تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە ئەفسانەی وەستاندنی بەرنامەی ناوکیی ئێران لەلایەن ئۆباماو کشانەوە ترامپ لە ڕێککەتنەکە بووە هۆی گەشەکردن بەرەو بۆمبێک، شوورەییە. هەرچەند ئەو تاقمانە حەز دەکەن وا بنوێنن کە "لایەنگری ئاشتین،" ئەوەی ئەوان لە هەموو شتێک مەیلیان لێیە لاواز کردنی ئیسرائیل و بەهێزکردنی ئەو دوژمنانەیە کە بە کردەوە سوێندیان خواردوە ئیسرائیل لەنێو بەرن. هەمان شت پێشکەوتنخوازە جوولەکەکان وەک ماڵی، کە یەکێک لە دەستڕۆیشتووترین پلەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەدستەوە، دەگرێتەوە.

**بەو مانایە، مشتومڕ لە بارەی سوپای پاسداران بایەخێکی سیمبۆلیکی ئەوتۆی هەیە، بەپێچەوانەی دوودڵیی بلینکن، کە ئاشکرای دەکات هیچ پاشەکشەیەک بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕادەبەدەر سەرشۆڕانە نییە کە نەیانهەوێ پشتگیریی لێ بکەن تا ئەو کاتەی وەک یارمەتیدان بە ئێران و زەرەر گەیاندن بە ئیسرائیل بێتە بەرچاو.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٢

# ئەمریکا و ئێران ڕێک دەکەون یان نا؟

**ئیسرائیل هایوم - کلیفۆرد د. مای**

بێتوو دەسەڵاتدارانی ئێران بەشی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکەن - کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردوو وێناچی کاری ئەوتۆ بکەن- دەرگای چەکی ناوکی دوای ماوەیەکی نە زۆر دوور بۆیان ئاواڵا دەبێ. بەڵام ڕەنگبێ داواکانیان تەنانەت بۆ بایدنیش زۆر بێ.

چەند مانگە بازاڕی گرەوی ڕێککەوتنی ناوکی لەنێوان سەرکۆمار بایدن و دەسەڵاتدارانی ئێران گەرمە. بایدن بەڵێنی دابوو هەر ڕێککەوتنێکی نوێ لە ڕێککەوتنی سەرکۆمار ئۆباما کە لە ٢٠١٥ واژۆی کرد و سەرکۆمار ترامپ لە ٢٠١٨ لێی کشایەوە، "درێژمەوداتر و بەهێزتر" دەبێ؛ بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ملیان نەدا.

ئەوان داوای پاشەکشە لەدوای پاشەکشەیان کرد، چونکە دەیانزانی نێردەکانی بایدن ئیدیعا دەکەن ئەوان پێشیان بە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە توانایی بەرەهەمهێنانی چەکی ناوکی گرت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئیدیعایە بە تەواوی دوور بێ لە ڕاستی.

هاتبا و دەسەڵاتدارانی ئێران بەشی خۆیان لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کردبا، کە بە لەبەر چاو گرتنی ڕابردوو وێناچی ئەو کارەیان کردبا، دەرگاکان بەرەو یانەی ناوکی لە ماوەیەکی نە زۆر دووردا ئاواڵا دەکرا. ڕێککەوتنەکە زایەڵەی ڕێککەوتنێک دەبوو کە لە ١٩٩٤ سەرکۆماری ئەوکاتی کلینتۆن بە شانازییەوە ڕایگەیاند کە ئەو ڕێککەوتنە پێش بە دەستڕاگەیشتنی کۆرەی باکوور بە چەکی ناوکی دەگرێ.

ئێستا کاتی هەواڵە خۆشەکەیە: دوایین داواکاریی تاران دانوستانەکانی تووشی وەستانێکی ڕوون و ئاشکرا کردوە. ڕێژیمی مەلایان لەسەر ئەو داوایە پێداگرە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوی تێرۆریستیی بیانی بێنێتە دەر. بایدن تەسلیم نەبووە. ڕەنگبێ هۆیەکەی ئەوەبێ کە ئەو دەزانێ بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی سوپای وڵاتە

یەکگرتووەکان، زیاتر لە ٦٠٠ ئەمریکایی بە چەکی ئەوتۆ کوژراون کە لەژێر چاودێریی سوپای پاسدارانەدایە و بەتایبەتی بۆ کوشتنی ئەمریکاییان گەشەیان پێ دراوە، بە قاچاخ براون بۆ عێراق و دراون بە میلیشیای شیعە و سوپای پاسداران شێوەی کەڵک لێوەرگرتنیانی فێری ئەوان کردوە. ئەو بێگومان دەزانێ کە سوپای پاسداران بەرپرسی هێرش بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان، سووریە و لوبنانە و پشتیوانی لە حیزبوڵڵا، حەماس، جیهادی ئیسلامیی فەلەستین و حوسییەکان دەکات.

زۆربەی ئەوانەی لەسەر جۆرێکی لاوازتر و کورتەمەوداتری ڕێککەوتنی سەرکۆمار ئۆباما پێداگرن، نکۆڵی لەوە ناکەن کە سوپای پاسداران ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە. بەڵام ئەوان دەڵێن دەستنیشان کردنیان وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریست تەنیا شتێکی "سیمبۆلیکە" و لەبەر ئەو هۆیە گرینگ نییە. ئەوە دەبێ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە سەرسوڕهێنەر بێ کە لیستەیەکی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی بیانی لەبەر دەستدایە کە ناوی ٧٠ تاقمی تێرۆریستی تێدایە، لە ناویاندا ئەلقاعیدە و داعش. بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما ٢٥ ڕێکخراوی بە لیستەکەوە زیاد کرد.

حەوتووی ڕابردوو، وەفدێکی بنەماڵەکانی ئەستێرەی زێڕین [مەبەست کەسوکاری ئەو کەسانەیە کە لە کاتی خزمەت بە نیشتمان گیانیان بەخت کردوە. و.]، کەسوکاری ئەندامانی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا کە بە چەکی ئێرانی کوژراون یان بریندار بوون، هاتن بۆ واشینگتۆن و داوایان لە بایدن کرد ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستان نەسڕێتەوە. چاوپێکەوتنەکە دوای ناردنی نامەیەک دێت کە لەو دواییانەدا لە لایەن ٩٠٠ بریندار جەنگ و ئەندامانی بنەماڵەی ئەستێرەی زێڕین واژۆ کرابوو و تێیدا دژایەتیی خۆیان بۆ سڕینەوەی ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی تێرۆریستاندا دەربڕیبوو.

سەرەتای ئەمساڵیش نامەیەک لەلایەن زیاتر لە هەزار کەس کە لە جەنگدا بەشدارییان کردووە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان نێردرا کە تێیدا داوایان لە بایدن کردبوو میلیاردان دۆلار لە دراوی دەستبەسەرداگیراوی ئێران ئازاد نەکات. ئەو دراوە دەبوو بۆ قەرەبووکردنەوەی دایک و باوک و هاوسەرانی کەسانی کوژراو بە دەست کۆماری ئیسلامی و بریکارەکانی تەرخان بکرێ. بێتوو ئەو دراوە بدرێتە دەسەڵاتدارانی تاران، بۆ تێرۆریزم و شەڕانشۆیی زۆرتر کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

لە کاتێکدا ئەو مشتومڕە لە ئارادایە، سوپای پاسداران بێدەنگ دانەنیشتوە. ڕۆژی یەکشەممە، نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لێدوانێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا گوتراوە: "لەو چەند مانگەی دواییدا هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ تێرۆری

بەشی: سێهەم

ژەنراڵێکی ئەمریکایی لە ئاڵمان، ڕۆژنامەنووسێک لە فەڕانسە و سیاسەتوانێکی ئیسرائیلی لە تورکیە پووچەڵ کراونەوە... ئەو هێرشە تێرۆریستییانە لە لایەن ڕێبەرانی پلەبەرزی ڕێژیمی ئێران فەرمانیان بۆ دراوە، پەسەند کراون و پشتگیریی داراییان بۆ تەرخان کراوە و ئامانج ئەوە بووە کە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە جێبەجێ بکرێن".

هەر لەوکاتدا ئانتۆنی بلینکن، وەزیری کاروباری دەروە دانی بەوە داناوە کە تاران هێشتا "هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر کاربەدەستانی هەنووکەیی و ڕابردووی ئەمریکایە".

لە کاتی لێپرسینەوەی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران کە لە سەرەتای ئەم حەوتوویە بەڕێوە چوو، سەناتۆر تێد کروز لە بلینکنی پرسی: "ڕاستە کە دانوستانکارانی ئەمریکایی بەتایبەتی داوایان کردوە تا سوپای پاسداران بەڵێنی بدا دەست لە هەوڵەکانی بۆ کوشتنی کاربەدەستانی پێشووی ئەمریکایی هەڵگرێ و ئاخۆ ڕاستە ئەوان گوتوویانە نا؟"

ئەو ئەوەشی زیاد کرد: "ئەگەر ئەوان چالاکانە داواکە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن، "نا، ئێمە درێژە بە هەوڵەکانمان بۆ کوشتنی وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو دەدەین،" ئەو بیرۆکەیە کە دانوستانکارانی ئێمە لە ڤییەن دانیشتوون و دەڵێن، "باشە، ئەوە زۆر باشە، کەوابوو چەند میلیارد دۆلاری دیکەتان بدەینێ؟ ئەوە دەگەڵ ئەقڵ یەک ناگرێتەوە".

ئەو ڕاستییەی باسی نەکرا ئەوە بوو کە مەلاکانی ئێران، بێجگە لە بەئامانجگرتنی کاربەدەستانی پێشوو و هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، هەڕەشەیان لە چەند پسپۆڕی کاروباری ئێران لە ناوەندەکانی توێژینەوە کردوە، لە نێویاندا ئەو شوێنەی من کاری لێ دەکەم.

ئەوانی ڕابردوویان لەبیر نەکردووە لەبیریان ماوە، لە ٢٠١١، ئێف بی ئای پیلانی تەقاندنەوەی کافە میلانۆ، ڕێستورانێکی لوکسی "جۆرج تاون" لە کاتێکدا کە عادل ئەلجوبەیر، باڵوێزی ئەو کاتی عەرەبستانی سعودی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەوێ ژەمی شەوی دەخوارد، پووچەڵ کردەوە. مشتەرییەکانی نزیک مێزەکەی ناوبراو دەبوونە قوربانیی لاوەکی. گریمانە دەکرێ ئەو پیلانە دەگەڵ گەلێک پیلانی دیکە، ئەندازیارەکەیان قاسم سولەیمانی بووە، سەرۆکی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران کە پسپۆڕی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنەکانی تێرۆریستی و میلیشیایی لە سەرانسەری دنیایە. سەرکۆمار ئۆباما بەڵێنی کاردانەوەی جیددیی دا، بەڵام قەت جێبەجێی نەکرد. بەڵام، لە جانیواری ٢٠٢٠ سولەیمانی لە بەغدا بە

بەشی: سێهەم

فەرمانی سەرکۆمار ترامپ، کە لە تویتێکدا شیی کردەوە کە ژەنراڵەکە "هەزاران ئەمریکایی لە ماوەیەکی دوور و درێژدا کوشتبوو و بریندار کردبوو و خەریکی دانانی پیلان بۆ کوشتنی ڕێژەیەکی زۆرتر بوو" لە هێرشێکی ئاسمانیدا کرایە ئامانج. دەسەڵاتدارانی ئێران بەڵێنی "تۆڵەی سەخت"یان دا. هێرشەکانی دواتر دژی ئەمریکاییان لە عێراق و شوێنی دیکە وێدەچێ نەبوونە هۆی ڕەزامەندیی ئەوان.

چەند دیموکراتێ ئێستا دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ دەنگی کۆمارییەکان لە دژایەتییان بۆ سڕینەوەی ناوی سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان. سێناتۆر مەنەندێز، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران ڕۆژی یەکشەممە بە فاکس‌نیوزی گوت: "من داوا لە بەڕێوەبەرایەتی [بایدن] دەکەم تێ بگا کە ڕێکنەکەوتن لە ڕێککەوتنێکی خراپ باشترە".

ئەوجار چ دەقەومێ؟ بە لەبەر چاو گرتنی ئەو ئەقڵییەتەی دەسەڵاتدارانی ئێران بڕیارەکانیان دەدەن، تێگەشتنی کارێکی دژوارە.

**لە پێوەندی دەگەڵ بایدن، ئەو دەتوانێ تووڕە بێ. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو بڕیار بدا دەست بۆ ئامرازی دیکە بەرێ تا پێش بەوە بگرێ کە کۆماری ئیسلامی ببێتە پشتیوانێکی تیرۆریزم کە چەکی ناوکیی هەیە. بێتوو ئەو کارە بکات، ئیسرائیل و هاوپەیمانە عەرەبەکانی (دەستەواژەیەک کە قەت پێم وانەبوو ڕۆژێک بینووسم!) بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکانیان پێشکەش دەکەن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢

## دەرگای دیجیتاڵی خەریکە بەسەر ڕووسیەدا دابخرێ؟

### گۆڤاری نی تەکنیک - کەللێ ویکلوند

لە مەنتسەلەی فینلەند هەر ئێستا دەیتا سەنتەرێکی گەلێک پێشکەوتوو بە یارمەتی مەکینەی گازۆڵی درێژە بە کاری خۆی دەدا، چونکە هێچ کۆمپانیایەکی دابینکەری کارەبای ئەو وڵاتە ئامادە نییە چیدیکە کارەبا بە کۆمپانیای ڕووسیەیی یاندەکس بفرۆشێ کە بە سەر هۆڵی سەرڤەرەکان ڕادەگا.

یاندەکس، هێندێک جار پێی دەڵێن "گوگڵی ڕووسیە"، دەگەڵ تەلەگرام و ڤی کەی نموونەی ناسراوی کۆمپانیای تەکنەلۆژیکی ڕووسیەن کە لە سەرانسەری دنیا بە میلیۆنان بەکارهێنەریان هەن.

بەڵام ئیستا داهاتووی دەوری یاندەکس وەک کۆمپانیایەکی تەکنەلۆژیکی جیهانیی لە هەموو کات زیاتر گومانی لەسەرە، هاوکات کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە زەبەلاحەکانی وەک گوگڵ، مەتا (فەیسبوک)، ئەپڵ و مایکرۆسافت لە بازاڕی ڕووسیە دەکشێنەوە، یان هەبوونی خۆیان لەو وڵاتە کەم دەکەنەوە.

ئەوەی ئێستا خەریکە لە ڕووسیە بقەومێ بە شەوێک نەقەوماوە. بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکان لەمەڕ مەترسییەکانی ئینتەرنێتێکی جیای ڕووسیە، "نی تەکنیک" دەگەڵ ئەو کەسانە وتووێژی کردووە:

- ئولاف کۆلکمەن، ڕاوێژکاری پلەبەرزی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی ئینتەرنێت.
- مارسین دێ کامێنسکی، سەرۆکی ئاسایش و داهێنان لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ
- دەنیس شەدۆڤ، پارێزەری ڕووسیەیی مافەکانی مرۆڤ کە کاتێک سانسۆڕ و سەرکوت پەرەی ئەستاند، ناچار کرا وڵات جێ بهێڵێ.

### چۆن بوو ئاوای لێ هات؟

دوای داگیرکاریی بەربڵاوی ڕووسیە لە ئوکراین لە کۆتایی فیبریواری، ڕێژیمی ڕووسیە زەختی پەرەئەستێنی خستۆتە سەر

**ئینتەرنێتی ئاوالا و کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە نێونەتەوەییەکانی چالاک لە وڵاتە.**

سانسۆری کرێملین و چاودێریکردنی بەربڵاو بەسەر ئینتەرنێتەوە بەدناو و بەربەرینە. ئێستا باس لەوە دەکرێ کە دەوڵەتی ڕووسیە پلانی دامەزراندنی "سپلینتەرنێت"ی هەیە، ناوێک بۆ ئینتەرنێتێک کە بە سەر چەند بەشدا دابەش دەکرێ. "دیواری مەزنی ئاگرینی چین" بەناوبانگترین نموونەی سپلینەرنێتە. بەڵام لە دووهەزارەکانەوە ئێمە گەشەکردنی ئەوتۆمان بۆ وێنە لە وڵاتانی وەک ئێران، سووریە و عەرەبستانی سعودی دیتوە. لە هەر جێیەکی دنیا ئەوە بقەومێ هۆی بنەڕەتییەکەی لە پرەنسیپدا یەکە و ئەویش کۆنترۆڵکردنی ئاڵوویری ئازادی زانیاریی لە ئینتەرنێتە، بۆ نموونە لە سۆسیال مێدیا و فیلتەرکردنی نێوەرۆکی ئینتەرنێت.

لە ڕووسیە لە ماوەی چەند ساڵدا ئەو کارە چەند جار لە دە خاڵی ئینتەرنێتی وڵاتدا بەڕێوە چووە و ئەوان لە باقی هێڵی جیهانیی ئینتەرنێت جیا کراونەوە. مەبەست لە "ڕوونێتی سەربەخۆ" (ئەینتەرنێتێکی تایبەتی ڕووسیە کە لە دنیای دەرەوە جیا کراوەتەوە) ئەوەیە کە کۆنترۆڵێکی کۆکراوە لە شوێنێک بەسەر هەموو ئینتەرنێتی ڕووسیەدا و دەسەڵاتی داخستنی ئینتەرنێت لە چەند ناوچەی وڵات، لە کاتی پێویست، بداتە دەست دەوڵەت. کرێملین هەروەها دەیەوێ سیستەمێکی دی ئێن ئێسی [DNS=Domain Name System دەیتا بەیسێکە کە لەویدا ناوی دۆمێنەکان بە ئادرەسی ئایپیی ئەوانەوە گرێ دەدرێن. و.]، نیشتمانی دروست بکا کە لەناویاندا دەتوانی کۆپیەی سەرجەم ئینتەرنێتی جیهانیی تێدابێ.

دوایین جار لە جون و جولای ٢٠٢١ تاقیکاریی دیکە بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەچوون. ڕوون نییە ئەو هەوڵانە چەندە درێژەیان کێشا، یان گەلۆ ئەوانە بوونە هۆی هێندێک دۆخی نائاسایی لە ترافیکی ئینتەرنێتی وڵات. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیتەرز، گوایە تاقیکارییەکان سەرکەوتوو بوون.

لایەنێکی دیکەی خەونی ئینتەرنێتی سەربەخۆی ڕووسیە، کە لە دنیا جیا کرابێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سانسۆری پەرەئەستێن و کۆنترۆڵی چڕتر بەسەر کۆمپانیا تەکنەلۆژیکییە نێوەنەتەوەییەکانەوە کە لەو وڵاتەن وەک گوگڵ، ئەپڵ، مەتا (فەیسبوک) و مایکرۆسۆفت.

هاوکات پسپۆڕان، وەک ڕێکخراوی ناونەتەوەیی ئینتەرنێت سۆسایەتی هۆشداریی دەدەن، کە مانەوە یان نەمانەوەی ڕووسیە لە ئینتەرنێتدا دەتوانێ پێوەندی بە بەشێک لە گەمەیەکی جوگرافیای سیاسی مەزنترەوە هەبێ کە لە ئەگەری ئابلۆقەی

نێونەتەوەیی لەلایەن خۆراواوە دژی ڕووسیە لە داهاتوودا، بتوانێ سەرجەم بنەما بنەڕەتییەکانی ئینتەرنێت بخاتە مەترسییەوە.

### ئینتەرنێت سۆسایەتی: لەبەر ئەو هۆیە دەبێ سپلینتەرنێت پێشی پێ بگیرێت

گەشەی ڕونێتی جیاکراوە بەوردی لەژێر چاودێریی ئینتەرنێت سۆسایەتی‌دایە کە ڕێکخراوێکی ناحوکوومییە و وەک ئۆرگانی ڕێکخستنی ئینتەرنێت کار دەکات. ئینتەرنێت سۆسایەتی، زۆر جار بەکورتی بە ئایسۆک ناو دەبرێت، نیگەرانیی قووڵی خۆی لەبەر سەرهەڵدانی ئینتەرنێتێکی ڕووسیەیی دەربڕیوە کە هەر دێت و زۆرتر سانسۆر دکرێ، یان لە داهاتوودا دەتوانێ بە تەواوی لە دنیا داببڕێ.

ئولاف کۆلکمەن، وتەبێژ و ڕاوێژکاری پلەبەرزی ئایسۆک دەڵێ: "بایەخی ڕایەڵەیەکی ئەوتۆ بە ڕێژەی بەشدارانی مەزەندە دەکرێ. ئینتەرنێت نموونەیەکی ئاشکرای ئەو پرینسیپەیە. ئینتەرنێت بێ گیروگرفت نییە، بەڵام ئێمە دەبینین کە ڕایەڵەکە یارمەتی گەلێک بەرچاوی بە دنیا کردوە لە پێوەندی لەگەڵ داهێنان، ئابووری و گۆڕینەوەی زانیاریی. ئەو جۆرە پەراوێزکەوتنەوە، لێکجیاکردنەوە و فیلتەرکردنە دژی پرینسیپە بنەڕەتیەکانی ئینتەرنێتن و دەتوانن ببنە هۆی ئاسەواری گەلێک نەرێنی نە تەنیا بۆ شارۆمەندانی ڕووسیە بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤی دنیا".

ئەو لەسەرخۆ و بەڕاوتەگبیر دێتە بەرچاو. لەکاتی وتووێژەکە لە ڕێگای ڤیدیۆوە، ئولاف کۆلکمەن لە ژووری کارەکەی لە ژنێڤ دانیشتوە، شوێنی نووسینگەی سەرەکی ئایسۆک. کاتێک باسی ڕونێت، سانسۆری ئینتەرنێت لە ڕووسیە و خراپتر بوونی دۆخی ئینتەرنێت پاش داگیر کردنی ئوکراین دەکەین، دەنگی تیژ دەبێ.

ئەو دەڵێ: "خەڵک لەو جەنگەی ئێستادا دەکوژرێن. دۆخەکە سامناکە. کاتێک بۆ جەنگێکی بەربڵاو بەرنامەڕێژیی دەکەی، وەک چۆن ڕووسیە وێدەچی ئەو کارەی کردبێ، ئەقڵانییە مرۆڤ بیهەوێ سەربەخۆیی خۆی بەرانبەر بە وڵاتانی دیکە بپارێزێ، بە ئینتەرنێتیشەوە. گەشەی ئینتەرنێت بە چەند ئاراستەدا تێپەڕ دەبێ. یەکێک لەو ئاراستانەی ئایسۆک لێی نیگەرانە ئابلۆقەی ئینتەرنێتی لە لایەن وڵاتانی جیاوازەوەیە، کە بە نۆرەی خۆی دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ژێرخانی تەکنیکی ڕایەڵەکە هەبێ. بێتوو ئەوە بقەومێ مەترسی ئەوە هەیە کە خەڵک دەستیان بە ئینتەرنێت ڕاناگا و لە ئاکامدا لە زانیاریی گرینگ بێبەش دەبن.

ئێمە دەزانین تاقیکاریی ڕونێتی سەربەخۆ بەڕێوە چوون. بە بۆچوونی ئێوە ئامانجی دەوڵەتی ڕووسیە لەو کارە چیە؟

- من پێموایە تاقیکارییەکان لە پێش هەموو شتێکدا بۆ دوو شتن. یەکەمیان ئەوەی کە دەیانەوێ بە جۆرێک بە سەربەخۆیی دیجیتاڵی بگەن. هێندێک لایەنی ژێرخانی ئینتەرنێت هەن کە وا دەکات بەشێک لە کەرەستەکان لە دەروەی وڵاتن. دی ئێن ئێس یەکێک لەو شتانەیە کە بەشێکی کەڵک لە دەیتابەیسی ناوەندی وەردەگرێ کە لەلایەن ئایکان و ئایانا، ڕێکخراوێک کە لە ئەمریکایە، بەڕیوە دەچن.

بە گوتەی ئولاف کۆلکمەن، دەوڵەتی ڕووسیە ڕەنگبێ لەوە نیگەران بێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژێک بڕیار بدا ئەو کۆمپانیایانەی لەو وڵاتە چالاکن هان بدات دۆمێنەکانی کە بە ru. کۆتاییان دێ لە سیستەمی دی ئێن ئێس بسڕنەوە. هەروەها بەڵگەی فەرمی ستراتێژیی نەتەوەیی ڕووسیە لە ٢٠١٥ هەن کە نیشانی دەدەن کرێملین بۆ وێنە دەیەوێ کەرستەی ئایتی کە لەدەروە دروست کراون بە کەرستەی ناوخۆ بگۆڕێتەوە.

- بە تاقیکارییەکانی ڕونێت، ڕووسیە هەوڵ دەدا فێر بێ بێتوو تووشی کێشەیەک بێ کە بەو هۆیەوە وڵاتانی دیکە یان لایەنی دیکە بڕیار بدەن ئەو وڵاتە لە ئینتەرنێت جیا بکەنەوە، چۆن بتوانێ ئینتەرنێت لە سەر پێ ڕاگرێ.

## ڕووسیە دەتوانێ ئینتەرنێتێکی تەواو سەربەخۆ دروست بکا؟

ئولاف کالکمەن دەڵێ: "گەلێک دژوار دەبێ. لە پرەنسیپدا بەتەواوی نامومکینە بتوانی ئەو زنجیرانە دروست بکەی بێ ئەوەی تووشی بەستراوەیی بە نەرمامێری ئاواڵا وەک ئەوانەی لە ڕایەڵەی گیتهابدا هەن، نەبی. بێتوو سەرجەم پێوەندییەکان لە ڕووسیەوە بە باقی دنیا بپسێنی بۆ وێنە ئەوە دەبێتە هۆی گیروگرفتی مەزن بۆ بەڕۆژکردنەوەی نەرمامێری ئاواڵا کە کۆمپانیا ئینتەرنێتییە ڕووسیەییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. چۆن ئەوە بە شێوەیەکی کرداری جێبەجێ دەکەی؟ کەسێک بنێرە بۆ ئەو دیوی سنووری ڕووسیە بە یو ئێس بییەک و داوای لێ بکە بەڕۆژکردنەکان لە وڵاتێکی دیکە دابەزێنێ؟ ئەوە کەتوارگەرانە نییە".

## سۆرم، سیستەمی چاودێریی بەربڵاوی ڕووسیە، کە نۆکیا بەستیەوە بەو شێوەیە کار دەکا

چاودێریی دیجیتاڵی بۆ ڕووسیە شتێکی نوێ نییە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا ئەو تەکنیکەی کرێملین بەکاری دێنێ مودێرن

کراوە. دۆخی شارۆمەندانی ڕووسیە، بە تایبەتی چالاکانی بواری دیموکراسی و ئاشتی و هەروەها جیابیرانی سیاسی زۆر دەمێکە دژوارە، بەڵام دوای داگیرکردنی ئوکراین، خراپتر بووە.

سیستەمی چاودێری دیجیتاڵی سۆرم (سیستەمی کارای چالاکیان) لە نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی زایینیەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. سیستەمەکە چەند جار پلەی بەرز کراوەتەوە و دوایین جار نزیکەی ٥ ساڵ لەوەپێش بوو. ئەو وا دەکا کە کرێملین و دامودەزگای هەواڵگری بەتەواوی دەستیان بە زانیاریی بەڕێکراو لە کاناڵە دیجیتاڵییەکانەوە ڕابگا.

دەنگ، پۆستی ئەلەکترۆنیک، پەیامی نووسراو و ژمارەی ئاشکراکەری تەلەفۆنی موبایل لە لایەن ئێف ئێس بی [دەزگای هەواڵگریی] کونترۆڵ دەکرێن.

مارسین دێ کامێنسکی، سەرۆکی ئاسایش و داهێنان لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤەوە دەڵێ: "ئێف ئێس بی هەموو شتێک قوت دەدا و ئێمە نازانین چ لەو هەموو زانیارییەی لە بارەی شارۆمەندانەوە کۆکراوەتەوە دەکەن. بەڵام شتێکی نامۆ نییە کە چالاکانی بواری دیموکراسی بۆ "قسەکردن" بانگهێشت دەکرێن و پاشان بەڵگەی دیجیتاڵییان پێ نیشان دەدەن کە لە ڕوانگەی ئێف ئێس بی چالاکیی نایاساییە. شتێکی نامەقوڵ نییە ئەگەر پێمان وابێ ئەو زانیارییە لەلایەن سۆرمەوە کۆ کراوەتەوە.

تەکنیکەکەی دەمێکە هەیە، بەڵام لە سەرەتای ٢٠٢١ یاسایەکی نوێ لە ڕووسیە پەسەند کرا کە هەر کۆمپانیایەکی پێوەندی ڕێگای دوور و دابینکاری ئینتەرنێت کە لە ڕایەڵەکەیاندا سۆرم دانەمەزرێنێ، سزای قورسی بەسەردا دەسەپێنرێ. هیچکام لەو کۆمپانیایانە دەستیان بەو زانیارییە ڕاناگا کە سۆرم لە ڕایەڵەی ئەوانی کۆ دەکاتەوە، بەڵام ئێف ئێس بی دەستی ئاواڵایە. ماویەکە تەنانەت پێویست بە بڕیاری دادگاش ناکات تا زانیاریی کۆ بکرێتەوە.

سۆرم لە سندوقی ڕەش پێکهاتوە کە لەلای کۆمپانیای پێوەندی دوور و دابینکارانی ئینتەرنێت دادەمەزرێنرێ. دوای دامەزراندنی سیستەمەکە کەڵک لە شێوازێک بە ناوی تی ئێس یو پی (چارەسەری تەکنیکی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە) وەردەگیرێ کە تەکنیکەکەی لەلایەن کۆمپانیای ڕووسیەیی بەرهەمهێنانی کەرەستە، ئار دی پی دابین دەکرێ.

لە بنەڕەتدا تی ئێس یو پی کەڵک لە پشکنینی قووڵی پاکەت وەردەگرێ. (DPI= Deep Packet Inspection)

دەکرێ بڵێین دیوارێکی ئاگرین لە لای ئۆپەراتۆرەکانە کە هەموو نێوەرۆک و هەروەها زانیاریی ئادرەسی سەرجەم پەیامی بەڕێکراو بەو ڕایەڵانەدا دەخوێنێتەوە.

دی پی ئای دەکرێ بۆ فیلتەرکردنی ڤایرۆسی کامپیوتەر یان سپام کەڵکی لێ وەرگیرێ بەڵام کرێملین لە جیاتان لەو تەکنیکە بۆ فیلتەر کردن و سانسۆرکردنی نێوەرۆکی ئینتەرنێت و هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و وتووێژەکانی سەر ئەو ڕایەڵانە، کەڵک وەردەگرێ.

بێجگە لە فیلتەرکردنی نێوەرۆک لە لایەن سۆرم، پێش بە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری و ماڵپەڕە نەخوازراوەکانیش دەگرێ، ئۆپەراتۆرە ڕووسیەییەکان کەڵک لە تەکنیکی دیکەش بۆ ڕێگرتن لە بەشێک لە ئینتەرنێت وەردەگرن. شێوەکارێکی باو ئەوەیە کە کاتێک سەردانی ماڵپەڕێکی قەدەغە بکەی، پێوەندی ئینتەرنێت دەگەڕێندرێتەوە بە شێوەیەک کە بەکارهێنەر لەبەر ئەوەی قەت ناگاتە ماڵپەڕی مەبەست جاڕز دەبێ.

شێوازێکی دیکەی بلۆککردن بەو جۆرەیە کە ئۆپەراتۆرە ڕووسیەییەکان پێش بە پرۆتۆکۆلی توێخی ئاسایی (TLS) دەگرن و ناهێڵن کار بکا. تی ئێل ئێس، ستانداردێکی کۆد کردنی زانیاریی سەر ئینتەرنێتە و بێتوو پێشی پێ بگیرێ ژمارەیەکی زۆر لە ماڵپەڕەکان ناخوێندرێنەوە. نموونەی ئەوتۆش هەن کە ڕووسیە سیستەمی دی ئێن ئێس دەستکاری دەکا و لە ئاکامدا بەکارهێنەرانی ڕووسیەیی ناتوانن سەردانی هێندێک ماڵپەڕ بکەن.

ئولاف کولکمەن دەڵێ: ئەوانە تەکنیکی کەڵکلێوەرگیراو لەلایەن دیواری مەزنی ئاگرینی چینیشن. ئەوانە هەنووکە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەڵام بێتوو سەرنج بدەینە ئەو ڕایەڵانە پێکەوە بەستراونەوە ئینتەرنێت لە ڕووسیە فرەچەشنییەکی تاڕادەیەک بەربڵاوی هەیە. ئەوە کۆنترۆڵ و سنووردارکردنی نێوەرۆکی ڕایەڵەکە دژوار دەکات، بەڵام ڕێژیمی ڕووسیە لاسارانە هەوڵ دەدا.

### داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ: کۆنترۆڵی دیجیتاڵی هەر دێتوو توندتر دەبێ

بە وتەی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، کەمایەسییە دێموکراتیکەکان زۆر دەمێکە هەن، بەڵام دەگەڵ داگیرکردنی ئۆکراین ئازادیی ڕادەبڕین هێندەی دیکەش کپ دەکرێ.

دۆخی ئەو کەسانەی لەوبەری سۆرم و کەرستەکانی دیکەی چاودێریی دیجیتاڵی کە دەوڵەتی ڕووسیە کەڵکیان لێ وەردەگرێ چۆنە؟

مارسین دێ کامینسکی لە ڕێکخراوی داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێ، "بەڕاستی ئێستا بۆ زۆر کەس لەوانەی بۆ دێموکراسی یان مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا کار دەکەن زۆر دژوارە. ئێمە هەستمان پێ کردوە کە چالاکان و ڕۆژنامەوانان زۆر بە دژواری دەتوانن هێندێک زانیاریی لەو وڵاتەوە بەرێ بکەن. ئەوەی ئێستا ڕێژیم هەوڵ دەدا بیکا، کە چاودێریی ئینتەرنێت بەشێکی گرینگیەتی، ئەوەیە کە هەوڵ دەدا کۆمەڵگەی مەدەنی ڕووسیە لەناو بەرێ تا نەهێڵێ پارسەنگێک دژی هەلومەرجی ئێستا دروست بێ. ئەوە مەزنترین مەترسییە.

"ڕووسی"یە تاراوگەنشینەکە: بۆ ئاگاداربوون لە ڕاستی vpn پێویستە

لە حەوشەیەکی ساماڵ لە ئاڵمان دەنیس شەدۆڤ پاڵی لێداوەتەوە. ئەو پارێزەرەکی ڕووسیەیی و شیکارکەرێکی ئۆڤی‌دی-ئینفۆ، کە ڕێکخراوێکی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤە کار دەکا.
پاییزی ڕابردوو ئەو ڕووسیەی بەرەو ئاڵمان بەجێ هێشت، لێرە ئەو لەلای کۆمەڵەی ماکس پلانک توێژەری میوانە. شەدۆڤ دەڵێ دۆخی نیشتمانەکەی لە کۆتاییدا وای لێ هات کە تەحەممول نەدەکرا.

ئەو بە دەنگێکی نزم و لە کاتێکدا کە چاویلکە گەورەکانی میزان دەکا دەڵێ، "هەنووکە سانسۆڕ لە ڕووسیە لە خراپترین دۆخی خۆی لە مێژووی سەردەمی مودێرنی ئەو وڵاتەدایە. بەکورتی هەموو مێدیا سەربەخۆکان داخران. کاتێک من و هاوکارەکەم باسی داخرانی ژمارەیەکی زۆر ماڵپەڕمان دەکرد وەک گاڵتەیەکی بەژان دەچوو، زۆری پێ نەچوو دیتمان تەنانەت ماڵپەڕی ڕێکخراوەکەی خۆشمان داخرا.
دەوڵەتی ڕووسیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندای خۆی پشتی بە بەرنامەی تەلەفزیۆنی ئاسایی ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بەستبوو. بەڵام دەگەڵ پەرەگرتنی خوازیاریی بۆ ئینتەرنێت وەک گۆڕەپانێک، لە دەیەی یەکەمی ئەو سەدەیە، کرێملین لە گرینگیی بەڕۆژ کردنەوەی خۆی بۆ کەڵ وەرگرتن لە تەکنیکی نوێ تێگەیشت.

سیستەمی چاودێریی سۆرم نموونەیەکی ئەو بۆچوونەیە. لەو دواییانەدا دەوڵەتی ڕووسیە هەروەها دەستی بە کەڵکوەرگرتن لە ناسینەوەی ڕوخسار بۆ دەستنیشانکردنی بەشدارانی خۆپیشاندا بۆ وێنە دژی جەنگی ئوکراین کردوە.

**بەشی: سێهەم**

دەنیس شەدۆڤ دەڵێ، "لە دەستپێکی جەنگەوە زیاتر لە ١٥٠٠٠ کەس لە ڕووسیە دەستبەسەر کراون، ١٤٩ کەس دوای خۆپیشاندانەکان دادگایی کراون و هەزاران کەس گیراون و جەریمە کراون. هەموو ڕۆژێک گوێمان لە گیرانی خەڵکی دیکە دەبێ و ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین تا یارمەتیی یاسایی ئەو کەسانە بکەین کە تووشی مەترسیی بەندکران دەبن.

ئەو دەڵێ هەموو ڕۆژێ بە یاساکاندا دەچنەوە و پۆلیس دەسەلاتێکی بەربڵاوی پێدراوە. بۆ وێنە پۆلیس دەتوانێ داوا لە هەر کەسێک بکا تەلەفۆنەکەی نیشان بدا، تا بزانێ کام ئاپ لەسەری دامەزرێنراون. چەند ساڵ لەوەپێش هەڵمەتێکی بەربڵاوی بوختان هەڵبەستن دژی تەلەگرام لە وڵاتدا بەڕێوە چوو و پرۆگرامەکە بەوە تاوانبار کرا کە لەلایەن تاوانکارانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. خەڵکێکی زۆر لە کەڵکوەرگرتن لەو بەرنامەیە یان ئەگەری هەڵمەتی پۆلیس بۆ داخستنی نیگەران بوون. ئێستا زۆر لە خەڵکی ڕووسیە پێیانوایە دەوڵەت هەموو شتێک بە تاوانکاری دەبینێ. بۆیە ئەوە بۆتە خۆسانسۆرکردنێکی بەربڵاو. لە لایەکەوە دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی بێلایەنانە دژوارە و لە لایەکی دیکەوە وەدەستهێنانی دەتوانێ ببێتە هۆی مەترسی مەزن.

ئەو هەروەها دەبینێ زۆر لە کۆمپانیا تەکنەلۆژیکە خۆراواییەکان دوای دەستپێکی جەنگ وازیان لە هاوکاریی دەگەڵ کڕیاری ڕووسیەیی، تەنانەت ڕۆژنامەوان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ هێناوە. بۆ وێنە دتوانی پێش گرتن بە دەستڕاگەیشتنی کڕیاری ڕووسیەیی بە خزمەتگوزارییە دیجیتاڵیەکان بێ یان چیدیکە ناهێڵن لە ئەژماری گوگڵەوە شتی بکڕن.

شەدۆڤ دەڵێ، "من پێموایە کۆمپانیاکانی خۆراوا کە دەمێکە تەکنیکی سانسۆرکردنیان بە دەوڵەت فرۆشتووە بەرپرسیارن. لە لایەکەوە دەبینین ئەو کۆمپانیایانە پشت لە چالاکانی ڕووسیەیی کە دەیانهەوی کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانیان وەرگرن دەکەن و لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو کۆمپانیایانە چەندین ساڵە دەگەڵ دەڵەتی ڕووسیە بازرگانییان کردووە.

### بۆچوونت لەسەر داهاتووی ئینتەرنێتی ڕووسیە و خودی ڕووسیە چییە؟

شەدۆڤ دەڵێ، "دۆخەکە ناڕوونە. من پێموایە ئەگەر بیروڕای ئازاد لە ڕووسیە هەبا، داگیرکردنی ئوکراین نەدەقەوما. من هەروەها پێموایە ئەگەر پێوەندییەکان دەگەڵ خۆراوا کەمتر ببنەوە، بۆ وێنە بێتوو کۆمپانیا تەکنەلۆژیکە ناونەتەوەییەکان وڵات جێبهێڵن، گەلێک مەترسیدار دەبێ. بۆیە درێژەدان بە خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی ئاوالا گەلێک گرینگە. پێچەوانەکەی، دۆخێک کە وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوکی بە ١٤٤ میلیۆن حەشیمەتەوە کە پەراوێزخراوە و تەنیا پرۆپاگاندای دەرخوارد دەدرێ، مەترسی ژینەکی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٢

# هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زەخت دەخەنە سەر بایدن تا ستراتیژییەک بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێ

## سی ئێن ئێن

هاوکات کە هیواکان بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ کاڵ دەبنەوە و بایدن خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ یەکەم سەفەری خۆی وەک سەرکۆمار بۆ ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی لە مانگی داهاتوویە، سەرکۆمار جۆ بایدن لەژێر زەختی پەرەئەستێن لەلایەن هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدایە تا پلانێکی گونجاو بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێت.

بە گوتەی ئاگادارانی ئەو باسوخواسانە لە سەرەتای مانگی جون، جێگری وەزیری بەرگریی عەرەبستانی سعوودی، خالید بێن سەلمان، برای شازادەی جێنشین محەممەد بێن سەلمان، لە سەفەرێکی بۆ واشینگتۆن بە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بایدن-ی گوتوە کە ناوبراو خۆشحاڵە پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عەرەبستانی سعوودی دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی پێشوو.

بەڵام هەمان سەرچاوە گوتیان، ئەو نیگەرانیی خۆی لەوەش دەربڕیوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا ستراتیژییەکی تۆکمەی بۆ هەڵسوکەوت دەگەڵ بەرنامەی ناوکی، جبەخانەی مووشەکی بالیستیکی و پشتگیریی لە تاقمە میلیشیاکانی ناوچە لە لایەن ئێرانەوە دانەڕشتوە. کاربەدەستانی ناوچەکە دەڵێن، بەڕێوەبەرایەتییەکەی بایدن هێشتا بە هاوپەیمانەکانی، لە ناویاندا عەرەبستانی سعوودی، نەگوتوە لە ئەگەری شکستی دانوستانە ناوکییەکان، پلانی جێگرەوەی ئەوان چییە؟

کاربەدەستێکی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بە ئاماژە بە بڕیاری ئەو دواییانەی ئێران لەمەڕ لابردنی بەشێک لە کامێرا چاودێرەکان و ڕێژنەیەک لە ئۆپەراسیۆنی شاراوەی ئیسرائیل لەنێو خاکی ئێراندا، گوتی "دۆخی ئێران بەرەو ئاقارێکی هەستیار هەنگاو دەنێ." بە گوێرەی لێدوانێکی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕۆژی دووشەممە، سێ بەلەمی ئێرانی لە گەرووی هورموز، پاپۆڕێکی وڵاتە یەکگرتووەکانیان "بە شێوەیەکی نائەمین و نابەرپرسانە" جاڕز کرد و تا ٥٠ یاردی (٤٦ میتر) لێی نزیک بوونەوە.

کاربەدەستەکە گوتی، "لەبەر ئەو هۆیەیە ئێمە ئەو سەفەرە دەکەین، هاوپەیمانانمان دەیانەوێ بزانن ئاخۆ ئێمە لە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئەوەدا پێداگرین".

لە مانگی ڕابردوودا نوێنەری تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پرسی ئێران، ڕاب ماڵی، لە شایەتیدانێک لە بەرانبەر کۆنگرەدا گوتی، "هەنووکە، دەتوانین لە باشترین دۆخدا بڵێین ئاسۆی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ ناڕوونە" و هێشتا نازاندرێت ئەگەر ڕێککەوتنێک واژۆ بکرێ و ئابلۆقەکان هەڵگیرێن، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن چۆن پێش بە هێرشی مووشەکیی نائەتۆمی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێران دەگرێت.

وتەبێژێکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بە سی ئێن ئێنی گوت، "ئێمە ئەرکدارین لە نزیکەوە ڕاوێژ دەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەییەکانمان بکەین، بێ لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران و بە شێوەیەکی گشتیی، ئێمە پشتگیریی لە وتووێژی نێوان وڵاتان لەمەڕ سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەیی دەکەین." نوێنەرانی کۆنگرە و هاوبەشان و هاوپەیمانان لە ناوچە زەختیان خستۆتە سەر کۆشکی سپی بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکە نادڵنیایە و لە بەلاڕێداچوونی دانوستانە ناوکییەکان دەترسێ.

کاربەدەستانی ئاگادار لە وتووێژەکان دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی بایدن گوتوویەتی لە ئەگەری شکستی وتووێژەکان، زەختی ئابووری لەسەر ئێران دەپارێزرێت و گەمارۆکان چڕتر دەکاتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها هەوڵی داوە هاوپەیمانییەکی ناوچەیی دژی ئێران دروست بکات و داوای لە وڵاتانی کەنداو کردوە سەرجەم سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکیی خۆیان لەدژی هێرشەکانی ئێران تێکەڵ بەیەک بکەن. هەنگاوەکە لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە لە هەردوو حیزبەکان پشتگیریی لێ دەکرێ بەڵام هێشتا نەیتوانیوە پشتیوانیی وڵاتانی کەنداو وەدەست بێنێت.

کاربەدەستان گوتیان، دەسەڵاتدارانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بڕوایە نین کە سنووردارکردنی ئێران تەنیا ئەرکی بەڕیوەبەرایەتیی بایدن بێت، بەڵام هیوادارن لە ماوەی سەفەری سەرکۆمار بۆ ئیسرائیل، کەرتی خۆراوا و عەرەبستانی سعوودی ببیستن ئاخۆ هاوبەشەکان دەتوانن چ شتێکی دیکە بکەن تا کەریگەرییان لەسەر ئاکاری ئێران هەبێت.

لە هەمان کاتدا، وێدەچێ ئیسرائیل هەر دێت و زۆرتر خوازیاری جێبەجێکردنی شتەکان بە دەستی خۆی بێت. ژمارەیەک کاربەدەستی پێشوو و هەنووکەیی ئاگادار بەسەر کاری هەواڵگرییدا بە سی ئێن ئێن-یان گوت کە دامودەزگای هەواڵگریی

ئەو وڵاتە هەوڵەکانی بۆ هێرشی شاراوە بۆ سەر ئامانجەکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران و زانایانی ئەو بوارە چڕتر کردۆتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر زانیارییەکانی ئەو هەوڵانەیان لە ئەمریکاییەکان شاردۆتەوە.

وڵاتانی کەنداو ئەوەندەی ئیسرائیل لە چەکی ناوکیی ئێران نیگەران نین و زۆرتر نیگەرانی ئەوەن ئاخۆ هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکانی دوای ڕێککەوتنی ناوکیی چۆن یارمەتیی ئێران دەدەن تا سامانی پشتگیریی لە چالاکییە بەدخوازانەکانی دابین بکات.

عەلی شیهابی، بریکارێکی هەواڵگریی عەرەبستان کە لە ڕیاز نزیکە و زۆرجار ڕوانگەی دەوڵەتی ئەو وڵاتە بڵاو دەکاتەوە گوتی "کەنداو دەیهەوێ هەست بە هاوڕایی ئەمریکا بکات، بەڵام هەنووکە گرنگترین پرسیار ئەوەیە ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پشت پێبەستن دەبێت؟ عەرەبستانی سعوودی زۆرترین تێوەگلانی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ سنووردارکردنی ئێران دەوێ، کەوابوو ئەوە پرسی سەرەکییە بۆ باسکردن لە وتووێژی نێوان ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو و بایدن.

بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە مەڕ جیددیبوونی خولیا ناوکییەکانی ئێران هاوهەڵوێست نییە. بەشێک لە کاربەدەستە هەنووکەیی و پێشووترەکانی ئاگادار بەسەر هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێیان وایە ئامانجی سەرەکی ئێران هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکانە و ڕێبەرانی ڕێژیم پێیان خۆشە لە هەڕەشەی گەشەپێدانی زیاتر بە بەرنامە ناوکییەکەیان وەک ئامرازی خستنەژێر گوشار کەڵک وەرگرن. بەشێکی دیکە پێیان وایە ئێران بەڕاستی دەیهەوێ چەکی ناوکیی بەرهەم بێنێت، چونکە ڕێبەری ئەو وڵاتە سەرنجی داوەتە کۆرەی باکوور و ڕووسیە، دوو وڵاتی خاوەن چەکی ناوکیی، کە چۆن خۆیان لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕۆژاوا بۆ داگیرکردن یان گۆڕینی ڕێژیم، پاراستوە.

مانگی ڕابردوو "ماڵی" بە نوێنەرانی کۆنگرەی گوت، لە پێوەندی لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی کە ئێران قەت دەستی بە چەکی ناوکیی ڕانەگات، "هیچ شتێک لەسەر مێزەکە وەلا نەنراوە،" لە ناویاندا کردەوەی سەربازی. بەڵام ئەو دووپاتی کردەوە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە تەنیا ڕێگاچارەی ڕاستەقینە، ڕێگاچارەی سیاسییە. وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەڵویستی خۆی دووپات کردەوە. ئەو گوتی، "ئێمە خۆمان بە ڕەچاو کردنی دیپلۆماسی وەک باشترین و درێژمەوداترین ئامراز بۆ وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانمان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران، ئەرکدار دەزانین".

## ئاسەواری قوولبوونەوەی قەیران

کاربەدەستانی هەواڵگری و سەربازیی ئەمریکا لە نزیکەوە چاوەدێریی ئاسەواری قووڵبوونەوەی گرژییەکان لەنێوان ئێران و ئیسرائیل لە بەرەبەری سەفەری بایدن بۆ ناوچەکە دەکەن؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئیسرائیل وێدەچێ هەوڵەکانی بۆ کوشتنی ئامانجدار و ئۆپەراسیۆنی شەڕی ناڕاستەوخۆ لەنێو ئێران لەو مانگانەی دواییدا چڕترکردبێتەوە، جاناتان پانیکۆڤ، سەرۆکی دەستپێشخەریی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاتلانتیک و جێگری پێشووی ئەفسەری هەواڵگریی نەتەوەیی لە ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتی نزیک و هەواڵگریی نەتەوەییدا گوتی، "ئێستا وێناچێ ئیسرائیل پلانێکی ستراتێژیکی بۆ کۆتاییهێنان بە بەرنامەی گەشەپێدانی چەکی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە هەبێت. ئەو هیوادارە بە زنجیرەیەک هەنگاوی تاکتیکی زەخت بخاتە سەر ئێران و بەردەوام پێشکەوتنەکانی وەدوا بخات".

کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان و سەرچاوەیەکی دیکەی ئاگادار لە هەواڵگریی بۆ سی ئێن ئێن-یان پشتڕاست کردەوە کە ئیسرائیل بەرپرسی کوشتنی سەرهەنگ سەیاد خودایی سەر بە سوپای قودس بوو کە مانگی ڕابردوو لە تاران کوژرا و یەکەم جار نیویۆرک تایمز هەواڵەکەی بڵاو کردەوە. باڵوێزخانەی ئیسرائیل داوای لێدوانی لەو بارەوە بێ وەڵام هێشتۆتەوە.

دوو زانای دیکەی ئێران لە کۆتاییەکانی مانگی مای کوژراون کە ئێران ئیدیعای کردوە بە هۆی دەرمانداوکران لە لایەن ئیسرائیلەوە کوژراون. هەروەها لە کۆتایی مانگی مای، هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کرایە سەر بنکەی سەربازیی پارچین و لە ئەنجامی ئەو هێرشە ئەندازیارێکی ئێرانی کوژرا و ئەندامێکی دیکەی سوپای پاسداران لەناکاو لە باڵکۆنێکەوە کەوتە خوارەوە و مرد.

ئیسرائیل پێش لە بڕیاری ئۆپەراسیۆنەکانی، ئەمریکا ئاگادار ناکاتەوە و قەت دان بە ڕۆڵگێڕی و دەوری خۆیدا ناهێنێ، تەنانەت بە شێوەی تاکییش. چەند کاربەدەستی هەنووکەیی و پێشووی ئاگادار لەو پرسانە بە سی ئێن ئێن-یان گوتوە، بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بەشبەحاڵی خۆیان، تا ڕادەیەکی زۆر لەمەڕ ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل خۆگێلکردیان هەبووە و داوایان لەو وڵاتە نەکردوە واز لەو ئۆپەراسیۆنانە بێنێت.

سەرەڕای ئەوەش، لەو کاتەی کە وێناچێ جەنگێکی ئاسایی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕوو بدا، ئەگەری لێکدانەوەی هەڵە

کە ببێتە هۆی لەدەستچوونی کۆنترۆڵ، زۆرە.

بە گوتەی کاربەدەستێک، ئێران لە وەڵامی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو دواییانەی ئیسرائیلدا، ئامادەیی بەرگریی ئاسمانیی خۆی بەرز کردۆتەوە و کاربەدەستان ئەمە وەک نیشانەی خۆئامادەکردنی ئێران بۆ تۆڵەئەستاندنەوە سەیر دەکەن. پانیکۆڤ گوتی: "هاوکات لەگەڵ زەبر و زەختەکانی ئیسرائیل، ئێرانییەکان بێتوو بەو ئاکامە بگەن کە بەرجام مردوە، هەوڵەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوە زیاتر دەبێت." کاربەدەستان هەروەها گوتوویانە لەگەڵ لێکدانەوەی هێرشەکانی ئەو دواییانەی ئیسرائیل وەکوو هەڕەشە بۆ سەر مان و نەمانی ڕێژیم، شێوەی لێدوانەکانی ئێران هەر دێت و شەڕانشۆیانەتر دەبێت.

نیگەرانییەکان لەمەڕ ئەگەری قووڵترکردنەوەی گرژییەکان لەلایەن ئێرانەوە بوونە هۆی ئاڵوگۆڕی بەربڵاو لە سیاسەتی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداودا، بۆ وێنە بۆتە هۆی ئاسانکاری و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ بەحرەین، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و چەند وڵاتی دیکەی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی. بە گوتەی چەند بەرپرسێک، دۆخی ناجێگیری ئاسایشی ناوچە بۆتە هۆی زەختی زۆر لەلایەن ئیسرائیل بۆ سەر بایدن تا سەردانی عەرەبستان بکا و چاوی بە شازادەی جێنشین بکەوێ و چاوەڕوان دەکرێ لە سەفەری مانگی داهاتووی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بایدن لە هەنگاوێکی زۆر دەگمەندا ڕاستەوخۆ بە فڕۆکەی تایبەتیی سەرکۆمار، لە تەلاڤیڤەوە بەرەو ڕیاز بفڕێت. یاریدەدەرێکی کۆنگرە و ئاگادار لە وردەکارییەکان گوتی، "ژمارەیەکی زۆر لە هاوپەیمانانمان لەسەر ئەو باوەڕە سوورن کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران، ئاسایشی ئەوان بە شێوەی بەرچاو دەخاتە مەترسییەوە، کاتێک ئەو سیاسەتە بە کشانەوە لە ئەفغانستان و سنووردارکردنی فرۆشتنی چەکوچۆڵ، پێشوازیی سارد لە ڕێککەوتنی ئابراهام لە لایەن ئەمریکاوە و ڕاگەیاندنی وەرسووڕانی سەرنجی ئاسایشی بەرەو ناوچەی ئوقیانوسەکانی هندوستان و ئارام، گرێ دەدەی، ژمارەیەکی زۆر لە هاوپەیمانەکانمان بەو ئاکامە دەگەن کە بۆخۆیان جڵەوی کارەکان بەدەستەوە بگرن".

**یاریدەدەرەکە ئەوەشی زیاد کرد کە هەندێ لەم وڵاتانە ڕەنگبێ بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێران، لە هاوبەشی دیکە(وەکوو وڵاتی چین) بگەڕێن. شیهابی ئەو بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە و گوتی، "لە کۆتاییدا، سیاسەتی ئەمریکا زۆر ناجێگیرە و ئەگەر شانشینی عەرەبستان و ئەوانی دیکە وانەیەک لە مێژوو فێر بووبێتن، ئەوەیە کە ناکرێ سەرجەم هێلکەکان لە سەوەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوێی.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٢

## وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی باشتر بۆ چاوترسێنکردنی ئێران هەیە

**دێنیس ڕاس**

(پەرەپێدانی ترسەکانی تاران، ڕەنگبێ تەنیا ڕێگا بۆ پێشگرتن بە جەنگ بێ)

حەوتووی ڕابردوو، ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان بەکورتی دانوستانە ناڕاستەوخۆکانیان، بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی ۲۰۱۵، درێژە پێدا. بەپێچەوانەی کۆبوونەوەکانی پێشوو لە ڤییەن، کە لە مانگی مارس ڕاگیران، ئەو کۆبوونەوەیە بە میوانداریی قەتەر و بێ بەشداریی نوێنەرانی زۆربەی لایەنەکانی ڕێککەوتنە ڕەسەنەکە، واتە چین، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕووسیە و بریتانیا، بەڕێوە چوو. ئەگەرچی وتوێژەکان بێئاکام بوون، نەفسی ڕێککەوتنی تاران و واشینگتۆن بۆ شێوازی نوێی دانوستان دەرەخەری حەزی دوولایەنە بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکەیە. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، حەزێکی بەهێزی بۆ گێڕانەوەی بەرنامەی ناوکی ئێران بۆ نێو سندوقەکە و خۆبواردن لە هەڵبژاردنی بژاردەیەک لەنێو لیستەی نەخوازراو بۆ پێشگرتن بە پیتاندنی یورانیۆم لەلایەن ئێران تا ئاستی نزیک بۆمبی ناوکی و کورت کردنەوەی کاتی "تێپەڕێن" [لە سنووری گەیشتن بە بۆمبی ناوکی. و.] تا نزیکەی سفر هەیە. بۆ ئێران، هاندەری سەرەکی هەڵگیرانی ئابلۆقەکانە، کە ئیزنی پێ دەدا نەوت بفرۆشێ و دەستی بە چەند میلیارد دۆلار لە ئەژماری سڕکراودا ڕابگات. سووککرانی زەختەکە بە تایبەتی ئێستا گرینگە، چونکە دەوڵەتی بێ پارەی ئێران ناچار بووە یارمەتییەکانی شیرەمەنی، هێلکە و گەنم کەم بکاتەوە و لە ئاکامدا بۆتە هۆی تووڕەیی و نارەزایەتیی بەربڵاو لە سەرانسەری وڵات.

گومان لەوە دانیە کە حەزی هاوبەش، زەمانەتی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ ناکەن، وەک چۆن بەرەوپێشنەچوونی دوایین وتوویژ ئەوەی ئاشکرا دەکات. تاران پێداگر بووە کە واشینگتۆن دەبێ سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوی تێرۆریستی بیانی بێنێتە دەر، ئەوە داوایەکە کە بایدن بە فەرمی ڕایگەیاندوە ئەو کارە ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، من پێموایە کاتێک دوولایەن ڕێکدەکەون، تەنانەت ئەگەر دوودڵی هەر لایەک بۆ دانپێدانان بە شتێکی زیاتر، ڕەنگبێ زۆرتر بەو مانایە بێ کە بۆ جێبەجێکردنەکەی، کات پێویستە. هەڵبەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە تاران و واشینگتۆن قەت نەتوانن جیاوازییەکانیان چارەسەر بکەن. یان تاران پێیوابێ کە واشینگتۆن لەژێر زەختی زیاتردا پاشەکشە دەکات، بۆیە بەرنامە ناوکییەکەی خێراتر بکات، ئۆرانیۆمی پیتێنندراو تا ئاستی ٦٠ پلە بۆ چەند بۆمبی ناوکی تا ئاستی ۹۰ پلە (ئاستی

پێویست بۆ بۆمبی ناوکی) بپێتێنێ و لە چەند شوێنی جیاواز کۆیان بکاتەوە و پێش بە دەستڕاگەیشتنی پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بگرێ، بە شێوەیەک کە دنیا نەزانێ خەریکی چییە.

شتێکی ئاشکرایە، بێتوو هیچ ڕێککەوتنێک نەکرێ، یان بێتوو ئێران دەست بە خێراترکردنی بەرنامە ناوکییەکەی، وەک بەشێک لە ستراتێژی دانوستان بکات، وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە ستراتیژییەکی نوێ بۆ چاوترسێنکردنی تاران دەبێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر دوولایەن ڕێک بکەون، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە باشترکردنی چاوترسێنکردنەکەی هەیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە کاتێک ئابلۆقەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ هەڵگیرێن، ئێران هیچ حەزێکی بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی دواتر، وەک ڕێککەوتنێکی "درێژمەوداتر و بەهێزتر"، کە پێشتر بەڕێوەبەرایەتی بایدن باسی کردووە، نابێ. بێجگە لەوە، سنووری سەرەکییەکانی ڕێکەوتنی ٢٠١٥ لە ٢٠٣٠ ماوەیان بەسەر دەچێ، لە ئاکامدا هیچ سنوورێک بۆ قەبارەی ژێرخانی ناوکیی ئێران، ژمارە و چۆنیەتیی سانتریفیوژەکانی، یان ئاستی پێتاندن نامێنێ. بە واتایەکی دیکە، دەگەڵ دەستپێکی ٢٠٣٠، ئێران ڕەنگبێ هیچ هۆیەکی بۆ نەچوون بەرەو خاڵێک کە لەوێدا بتوانێ لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بۆمبی ناوکی هەبێ، نەبێ.

ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە سامانی بەرچاو دەخاتە بەر دەستی ئێران. وەک چۆن ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی و ئیماڕات خوازیارن ئاماژەی پێبکەن، لە کاتێکدا ئێران لەژێر زەختی ئابلۆقان دایە، لێشاوی چەکوچۆڵی بەرەو میلیشیا کرێگیراوەکانی لە عێراق، لوبنان، سووریە و یەمەن ناردوە، بیر بکەنەوە کاتێک ئەو ئابلۆقانە نەمینن، چ دەکەن؟

بۆ باشترکردنی چاوترسێنکردنی ئێران لە درێژخایەندا، واشینگتۆن دەبێ بە ئاشکرا ڕاگەیەنێ کە بێتوو تاران درێژە بەو ڕێبازە بدات، دەدۆڕێ و هەروەها ڕایگەیەنێت بێتوو ئێران ڕێچکەکەی بگۆڕێ، چ دەستکەوتێکی دەبێت. ئامانجەکە دەبێ ئەوە بێ کە ترسی ئێران لە هەنگاوی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان زیندوو بکاتەوە، بێ ئەوەی ڕێگاچارەی سیاسی ڕەت بکرێتەوە. لە لایەکەوە، ڕێبەرانی ئێران دەبێ بزانن کە درێژەدان بەو ڕێچکەیەی گرتوویانەتە بەر، مەترسی لەکیسچوونی سەرجەم ژێرخانی ناوکی هەیە، کە ئەوان چەند دەیەیە خەریکی گەشە پێدانی. لەلایەکی دیکەوە، ئەوان دەبێ تێبگەن کە بێتوو ئەوان دەست لە بژاردەی گەشەپێدانی چەکی ناوکی و زەخت خستنە سەر دراوسێکانیان هەڵگرن، بەرنامەی ئابلۆقەی بەربەرین، کە بە سنووردانانە کردارییەکانی بوونە هۆی دەبەزینی بازرگانی دەگەڵ ئێران، هەڵ دەگیرێن.

## جێگای گومان نییە

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە گەشەپێدانی ستراتیژییەکی کاریگەری چاوترسێنکردندا ناسەرکەوتوو بوو و، تا ئێرە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدنیش بە هەمان شێوە بووە. سیاسەتی "ئەوپەڕی زەختی" سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە پێشگرتن بە هێرشەکانی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەدەست بەکرێگیراوەکانی، ئێران دژی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریە، پاپۆڕەکان لە کەنداوی فارس و کەنداوی عوممان و ژێرخانی نەوتیی عەرەبستانی سعودی، شکستی هێنا. تەنانەت کوشتنی قاسم سولەیمانیش، سەرۆکی سوپای قودسی ئێران، هێرشی بەکرێگیراوانی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان نەوەستاند، ئەگەرچی ڕەنگبێ بووبێتە هۆی سڵەمینەوەی ئێران لە کوشتنی ئەمریکاییان.

هەڵوێستی بایدن کاریگەرتر نەبووە. ئەو داوای ئێرانی بۆ وتوویژی ناڕاستەوخۆ قبووڵ کردوە، ئیزنی بە چین داوە نەوتی ئێران بێ سزادران بکڕێ و میلیشیا حوسییەکانی یەمەن، کە ئێران پشتگیرییان دەکات، لە لیستەی فەرمی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان هێناوەتە دەر. بەڵام، لەجیات بەخۆداچوونەوە، وێدەچێ ئێران بوێرتر بووبێ. لە کاتی سەرکۆماریی ئۆباما و ترامپدا، پیتاندنی ئۆرانیۆم تا پلەی ٢٠، سنووری نێوان پیتاندنی کەم و زۆر، وەک هەنگاوێکی وروژێنەرانە سەیر دەکرا. ئێستا ئێران نەتەنیا ئۆرانیۆم تا پلەی ٢٠ دەپیتێنێ، بێ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە بێ، بەڵکو بەرەو پیتاندن تا پلەی ٦٠ هەنگاوی ناوە، کە بەو مانایەیە هەست بە ترسێکی ئەوتۆ لە هەڵوێستی توندی وڵاتە یەکگرتووەکان ناکات و تا ئێستا هەر واش بووە. (کاربەدەستانی هەواڵگریی ئیسرائیل بە منیان گوت کە لە نێو ڕێژیمی ئێراندا لەسەر پیتاندن بە پلەی ٦٠، مشتومڕ هەیە، بەشێک لە کاربەدەستان پێیان وایە ئەوکارە مەترسیدارە. ئەوانەی هاندەری پیتاندن بە پلەی ٦٠ بوون بێگومان هەست دەکەن حەق بەوانە و تەنانەت دڵنیاتر بوون کە ئەمریکا بە هێز وەڵام ناداتەوە.)

بۆ چاوترسێنکردنی ئێران لە گەشەپێدان بە بەرنامە ناوکییەکەی و هەوڵدان بۆ سیاسەتی وێرانکەری ناوچەیی، واشینگتۆن پێویستی بە ستراتیژییەکی یەکگرتوو هەیە کە لەویدا کەڵک لە ئامرازی سیاسی، دیپلۆماتیک، ئابووری، هەواڵگریی، سایبەری و سەربازیی وەرگیرێت. ئەو بە هەمان شێوە پێویستە هەڵوێستەکەی نەتەنیا بە شێوەی تایبەت، بەڵکو بەگشتیش نیشان بدا. واشینگتۆن دەبێ ئێران ئاگادار بکاتەوە و، وای دابنێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش ئەو چاوەڕوانییەیان هەیە، کە بێتوو ئاشکرا بێ ئێران بەرەو چەکی ناوکی هەنگاو دەنێ، ئەمریکا بە هەموو ئامرازێکی شیاو وەڵام دەداتەوە. وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی ٢٠١٥، ئێران بەڵێنی دا وەدوای وەدەستهێنان و گەشەپێدانی چەکی ناوکی نەکەوێ. چونکە وڵاتە

یەکگرتووەکان بەئاشکرا بەڵێنی داوە پێش بە بۆمبی ناوکی ئێرانی بگرێ، دەبێ ئێران ناچار بکات بەڵێنی خۆی بباتە سەر، بێ لەبەرچاو گرتنی سەرکەوتن یان شکستی ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ٢٠١٥. تەنیا گوتنی ئەوە کە کەڵک لە هەموو بژاردەکان وەردەگرین، لێدوانێکی هێندە سواوە کە کەس بە جیددی وەرناگرێ، وبەس نییە. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەبێ بڵێ، بێتوو ئێران بەرەو چەکی ناوکی هەنگاو بنێ، سەرجەم ژێرخانی ناوکییەکەی دەخاتە مەترسییەوە. پێش ڕاگەیاندنی ئەو هەڵوێستە بە فەرمی، بەڕیوەبەرایەتییەکە دەبێ بە شیوەی تاکی هۆی ئەقڵانی ئەو هەڵوێستە بۆ هاوپەیمانانی خۆی شی بکاتەوە و پشتیوانیی ئەوان وەدەست بێنێ. کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ هاوپەیمانەکانی لەسەر پرسی ئێران هاوهەڵوێست بێ، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ئێران تێدەگەن کە تێچووی کۆماری ئیسلامی بەرز دەبێتەوە. بێجگە لەوە، تەریک خستنەوەی سیاسی ئێران گرینگە. ڕێبەرانی ئێران وڵاتی خۆیان وک کۆرەی باکوور سەیر ناکەن. لە ڕوانگەی خۆیانەوە، ئەوان میراتگری شارستانیەتێکی گەلێک مەزنن، نەوەک شانیشینییەکی پەراوێزخراو.

چونکە ڕێبەرانی ئێران گومانیان لە کەڵکوەرگرتنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێز بۆ پێشگرتن بە پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکییەکەیان هەیە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە چەند هەنگاو هەیە تا سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکەی جێی باوەڕ بێ.

یەکەم، ئەو دەبێ ڕێنوێنی ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بکات تا مانۆڕان بەرێوە بەرێ، هەم بۆ خۆی و هەروەها دەگەڵ هاوپەیمانانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ڕاهێنانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئامانجی پتەو بکات. دووهەم، ئەو دەبێ ڕاهێنانی گەیاندنی سووتەمەنی بە فڕۆکەی ئیسرائیلی لە ئاسمان بکات کە بۆ هەر هێرشێکی بەکردەوەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران پێویستە. ئەوەی نابێ بیکا ئەو کارەیە لە مانگی مای کردی: خۆی لە پڕکردنەوەی سووتەمەنیی فڕۆکەی ئیسرائیلی، لە کاتی ڕاهێنانی هاوبەشی هێرشێ دووری ئاسمان بۆ زەوی، بوارد. واشینگتۆن پێویستە ترسی ئێرانییەکان لە هێرش پەرە پێ بدا، نەوەک بیانوو بداتە ڕێبەرانی ئەو وڵاتە پێیان وابێ ئەمریکا قەت کەڵک لە هێزی سەربازیی دژی ئەوان وەر ناگرێ.

لە کۆتاییدا، بۆ پتەوتر کردنی بڕوا بە سیاسەتی ڕاگەیەنراو، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ یارمەتی سەربازیی زیاتر بدات بە ئیسرائیل. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، ئیسرائیل پێویستی بە توانایی باشتری گەیاندنی سووتەمەنی لە ئاسمان هەیە تا بە شێوەیەکی بڕوا پێکراو و کاریگەر ژێرخانی پتەوکراوی ناوکیی ئێران لە مەترسی باوێ. بۆیە بەڕیوەبەرایەتیی بایدن دەبێ گەیاندنی تانکەری KC-46 ، فڕۆکەیەکی هەڵگری سووتەمەنی کە فرۆشتنەکەی بە ئیسرائیل پەسەند کراوە، خێراتر بکات، بەڵام نەوەکوو لە ٢٠٢٤ کە ئێستا بڕیاری بۆ دراوە. پەسەندکردنی وەپێشدانی ئەو مامەڵەیە، ڕەنگبێ لە سەفەری بایدن بۆ ئیسرائیل لە ١٣ و ١٤ی جولای، ئەو پەیامە بە ئێرانییەکان بدات کە ئەمریکا ئامادەیە ئەگەر پێویست

بێ، توانایی سەربازیی ئیسرائیل بەرز بکاتەوە. بژاردەیەکی دیکەش ئەوەیە کە تەقەمەنی کونکەری مەزن MOP، بۆمبێکی کێوڕمێنی ٣٠ هەزار پاوندی، بداتە ئیسرائیل و فڕۆکەیەکی B-2 ش بۆ هەڵگرتنی بە کرێ بداتەوە ئەو وڵاتە. ئیسرائیل ئێستا توانایی لەنێوبردنی بنکەی پیتاندنی فۆردۆی نییە، کە لەنێو کێوێکدا دروست کراوە، بەڵام یەک MOP و فڕۆکەیەکی B-2 دەتوانن ئەو کارە بکەن، ئەوە سوور بوونی ئەمریکا لە پشتیوانیی هێرشەکانی ئیسرائیل، ئەگەر پێویست بێ، پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەوە بەو مانایە نییە، ئەمریکا بیەوێ ئیسرائیل لەجیات ئەو کردەوەی هەبێ. لەجیاتان، ئەوە سیگناڵێکە بۆ ئێران کە واشینگتۆن بە تەنیا یان دەگەڵ لایەنی دیکە بۆ لەناو بردنی ژێرخانی ناوکی هەنگاو دەنێ، بێتوو ئەو وڵاتە بەرەو بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی هەنگاو بنێ. ڕێبەرانی ئێران دەبێ بزانن هەر هەوڵێکی ئەوتۆ کردەوەیەکی هێندە مەترسیدارە بۆیان؛ ئەوان دەبێ بڕوا بکەن کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەی دەیڵێ مەبەستیەتی و ئەوان دەبێ تێ بگەن کە بێتوو ئێران ڕێگاچارەی سیاسی ناومکین بکەن، ئەمریکا ئامادەکاریی بۆ هەنگاوی سەربازی دەکات.

## شتێک کە لێی بترسی

بەڵام واشینگتۆن ناتوانێ تەنیا جەخت لەسەر بەرنامەی ناوکی ئێران بکاتەوە. ئەو دەبێ هەروەها ستراتیژییەکی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئاکاری تێکدەرانەی تاران لە ناوچەدا، پێشگرتن بە گەیشتنی چەکوچۆڵی ئێرانی بە بەکرێگیراوەکانی و گەشە پێدانی بەرگریی هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لە ناوچەدا هەبێ، بە تایبەت دژی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، مووشەکی دەریایی و مووشەکی بالیستیکی بەکرێگیراوانی ئێران. بۆ ئەو مەبەستە، ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ سیستەمی بەرگریی هۆشداریی سەرەتایی دژی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، بەرگریی سایبەری و مووشەکیی هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەناوچەدا وەسەریەک بخات، ئەگەرچی ئەو هاوبەشانە دەبێ لە پێشدا ڕەزامەندی بۆ ئەو کارە دەربڕن.

لە کاتێکدا کە گەلێک لە دۆستانی وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانی ئەوەن ئەو وڵاتە لە ناوچەکە بکشێتەوە، یەکخستنی بەرگریی، ڕێگایەکە بۆ دڵنیاییدان بەوان و هێشتنەوەی ئەمریکا لەو ناوچەیە. سوودی ئەوە تەنیا دابەشکردنی قورسایی تێچووەکان نییە، بەڵکوو سامانی تاکیی وڵاتەکان لەناوچەدا کەڵکی باشتری لێ وەردەگیرێت. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویست ناکا مووشەکی بەگریی زۆرتر بدات بە هاوبەشەکانی، بێتوو ئەوەی تا ئێستا پێیانی داوە بە شێوەیەکی کاریگەر وەک

کۆیەک کەلکیان لێ وەرگیرێ. کۆی ئەو چەکوچۆڵانە بێگومان لە لە بەشە تاکیەکانی زیاترن. دەبێ دان بنرێت کە لە سایەی بەڕیوەبەرایەتی بایدنەوە، هەر ئێستا کار بۆ گەشە پێدانی ژێرخانی بەرگریی ئاسمانیی و مووشەکیی یەکگرتوو لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەستی پێ کردوە.

لە کۆتاییدا، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئامادە بێ بەهێزتر وەڵامی هێرشەکانی بەکرێگیراوانی ئێران دژی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە عێراق و سووریە بداتەوە. ئەو بنکانەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لێیان جێگیر بوون زیاتر لە ٤٠ جار بەئامانج گیراون، بەڵام ئەمریکا تەنیا دوو جار بە شێوەیەکی باش وەڵامی ئەو هێرشانەی داوەتەوە. وەڵامەکانی واشینگتۆن دەبێ چاوەڕواننەکراو بن و دەبێ ئەوە بە ڕێبەرانی ئێران بڵێن کە، بە پێچەوانەی گریمانەی ئەوان، وڵاتە یەکگرتووەکان ئامادەیە دژی ئەوان کەڵک لە هێز وەرگرێ. ڕەنگبێ کاتی ئەوە هاتبی وەک ئیسرائیلییەکان بکەین: لە نیوەشەودا لە ئامانجەکانی ئێرانی بدەین، نەوەک هی بەکرێگیراوەکانی، و دانیشیان پێدا نەهێنین. وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ ئێران لە دۆخێک هاوێ یان وەڵام بداتەوە یان حەیای بچێ، بەڵام دەتوانێ بۆی ڕوون بکاتەوە کە چیدیکە هێرشەکانی بێ وەڵام ناهێڵێتەوە.

ئامانجی سیاسەتی ڕاگەیەنراوی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ چاوترسێن کردن بێ. تا ڕێبەرانی ئێران باشتر لەوە تێبگەن کە چ دەدۆڕێنن، بەو شێەوەی وێدەچێ ئەوان زۆرتر ملکەچی ڕێگاچارەی سیاسی بن. ئەویش هەڵگیرانی ئابلۆقەکان بەشێوەیەکی گەلێک زیاتر لەوەی چاوەڕوانی دەکەن، بێتوو تاران ڕێککەوتنێکی بەهێزتر و درێژمەوداتر پەسەند بکات. ڕێککەوتنێکی "زیاتر بۆ زیاتر" لەو شێوازە ڕەنگبێ بکرێ وەدەست بێ،

**بەڵام تەنیا کاتێک کە ڕێبەرانی ئێرانی بە شێوەی ڕاستەقینە لەوە بترسن چ شتێک لە کیس دەدەن. بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە، وێدەچێ گەڕاندنەوەی ترسی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا ڕێگای پێشگرتن بە جەنگ، سنووردار کردنی هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچە و گەیشتن بە ئاکامێکی سیاسی شیاو لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکی ئێران بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

## ئێهود باراک: ئێران دەتوانێ خۆی بکاتە خاوەن چەکی ناوکی و بۆ وەستاندنی بە هێرشی ئاسمانی زۆر درەنگ بووە

هەوڵەکان بۆ پێشگرتن بە ئێران لە بوون بە هێزی ناوکی لە نزمترین ئاستدان و ڕوونە کە بەرەو شکست دەچن. لە ٢٠١٥، ڕێککەوتنەکە بە ڕێبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ وەدواخستنی بەرنامەی ناوکیی ئێران بەگوێرەی پێویست بەهێز نەبوو و کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠١٨ لە هەمان ڕێککەوتن، هەلی بۆ ئێران ڕەخساند تا "ڕەوایی" بە هەوڵە خشکەییەکانی بەرەو "لێواری بوون بە خاوەن چەکی ناوکی"، واتە ڕێژەی پێویست ئورانیۆمی پیتێندراو لە ئاستی بەرزدا بۆ ئامێرێک و تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ کردنی بە چەک، ببەخشێ. لە ٢٠١٨ ئەوان ١٧ مانگ لە گەیشتن بەو لێوارە دوور بوون. ئەمڕۆ ڕەنگبێ ١٧ ڕۆژ دوور بن.

### کاتی ئەوە هاتوو بەرەوڕووی ڕاستی ببینەوە

کاتێک نۆ مانگ لەوەپێش وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئانتۆنی بلینکن، گوتی بێتوو لە ماوەی چەند حەوتوودا ڕێک نەکەوین، واژۆکردنەکە بایەخێکی نابێ، ڕاستی دەکرد. ئەو بۆچوونە ئەورۆ زۆر ڕاستترە. ئێران لە پیتاندنی ئورانیۆم بەردەوام بووە و لە وڵاتێکەوە کە لەژێر چاودێریی ڕووسیەدا بوو، بۆتە وڵاتێک کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە دابین دەکات. هەنووکە، ڕێککەوتنێکی نوێ تەنیا بۆ دەرکەوتن بەسوودە، "بیانووی حاشا کردن" بۆ پێویستیی نێوخۆ دەستەبەر دەکات، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، خۆبواردن لە ڕاستیی تاڵتر و بڕاردەی ناخۆشتر و، بۆ ئێرانییەکان، درێژەدان بە ڕاگرتنی سەپاندنی ئابلۆقەکان لە نزمترین ئاستدا.

ئەو هاوینە ئێران بەکردەوە دەگاتە لێواری بوون بە دەوڵەتی خاوەن چەکی ناوکی. بەڵێ، ئێستاش ١٨ تا ٢٤ مانگ دەخایەنێ تا ئەوان بتوانن تواناییەکانیان لە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئورانیۆم باشتر بکەن و بیخەنە نێو کڵاوەی مووشەکی جەنگی. بەڵام ئەو هەنگاوانە دەکرێ لە تاقیگایەکی بچووک یان کارگەیەک جێبەجێ بکرێن و ناکرێ بە هاسانی چاودێری بکرێن، چ بگا بە وەستاندنیان. ئەگەری ئەوەش زۆرە، تەنانەت کاتێک کە ئێران بوو بە وڵاتێکی خاوەن چەکی ناوکی، مەلاکان حاشای لێ بکەن و لە پەیماننامەی بڵاونەکردنەوە(NPT) یشدا بمێننەوە تا خۆیان لە کەوتنە ژێر ئابلۆقەی بەهێزتر ببوێرن. بەڵام ئەوە شتێک لە ڕاستییەکە ناگۆڕێ. دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ هەوڵ و تێکۆشان، ئێران خەریکە بگاتە

خاڵی بێگەڕانەوە و ببێتە ئەندامی "یانەی ناوکی." ئەوە لە سەرەتاوە خولیای مەلاکان بووە.

ئەوان سەرکەوتووانە ڕێچکەی کۆرەی باکوور و پاکستانیان گرتە بەر، کە دژی هەموو دنیا سەرکێشییان کرد و بوونە خاوەن چەکی ناوکی. ئەوان هەروەها خۆیان لە کۆتایی زۆرەملیی بەرنامەی لیبی و ئەفریقای باشوور و، چارەنووسی بەرنامەکانی عێراق و سووریە، کە بە هێرشی نەشتەرگەرانەی ئیسرائیل لە ١٩٨١ و ٢٠٠٧ لەنێو چوون، بوارد. بەڵام لە ١٩٨١ و ٢٠٠٧، ئەو بەرنامانە نەگەیشتبوونە ئاستی پێشکەوتووی بەرنامەی ئێران.

لەبەر هۆی نادیار، دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام لە ٢٠١٨، نە ئەمریکا و نە ئیسرائیل "پلانی"B ی سەربازییان، واتە هێرشێک کە بتوانێ بەرنامەی ئێرانییەکان لانی کەم چەند ساڵ وەدوا بخات، ئامادە نەکرد. بەڵام لە کاتێکدا کە ئێران ١٧ مانگ لە "تێپەڕین"ی سەرکەوتووانە دوور بوو، ئەو ئامانجە دەکرا دەستەبەر بکرێ. بەڵام دۆخەکە لە کاتێکدا ئەوان ١٧ ڕۆژ دوورن بەتەواوی جیاوازە. "تێپەڕین" کورتکراوەی بڕیارە و دوای ئەو هەنگاو دێ، واتە گواستنەوە لە بەرنامەی ناوکی مەدەنی، ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکار دێ، بۆ بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی. ئەو پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ئیزۆتۆپی ٢٣٨ تا ئاستی سەرووی ٩٠٪ دەگرێتەوە. پیتاندنەکە لە سانتریفیوژاندا دەکرێ و پرۆسەی بەرز کردنەوە لە ٦٠٪ بۆ "ئاستی پێویست بۆ چەک" گەلێک لە پرۆسەکانی پێشووتر هاسانترە. ئەو دوایین قۆناخە پێویستیی بە جێگای کەمە، ڕەنگبێ لە تونێلی گەلێک قووڵدا کە هیچ چەکێک نایگاتێ. کەوابوو، تەنانەت بێتوو هەواڵگریی نایابت هەبێ (کە هەمیشە وا نییە) و بزانی کەنگێ دەقەومێ، ڕەنگبێ بەو ئاکامە بگەی کە هیچت لەدەست نایە. ئەوە هەر ئێستا، زیاتر لە جارێک، لە پێوەندی دەگەڵ کۆرەی باکوور، لە ئەمریکا قەوماوە.

کەوابوو ڕاستییەکە ئەوەیە: هەم ئیسرائیل (بێگومان) و ئەمریکاش دەتوانن لە ئاسمانی ئێرانەوە دژی ئەو بنکە یان دامەزراوەیەکی دیکە شتێک بکەن و لەناوی بەرن. بەڵام کاتێک ئێران بەکردەوە گەیشتە لێواری بوون بە دەوڵەتی ناوکی، ئەو جۆرە هێرشانە ناتوانن پێش بەو وڵاتە بگرن تا چەکی ناوکی دروست بکات. بەڕاستی، لە هەلومەرجی دیاریکراودا ڕەنگبێ ئەوان خێراییەکەیان بۆ دروستکردنی بۆمب زیاتریش بکەن و بە بیانووی بەرگریی لە خۆیان، ڕەوایی بە هەوڵەکانیان بدەن.

بە واتایەکی دیکە، بە پێچەوانەی هێرشی نەشتەرگەرانەی کە ١٢ ساڵ لەوە پێش بیریان لێ دەکراوە، یان دەبوو ٤ ساڵ لەوەپێش بیری لێ بکرێتەوە، ئۆپەراسیۆنێک کە دەیتوانی برنامەی ئێرانییەکان گەلێک وەدوا بخات (لە کاتێکدا کە

مەترسیی جەنگ دەگەڵ ئێران هەبوو)، بژاردەکانی ئێستا هەموویان مەترسیی جەنگیان (بە تایبەتی بۆ ئیسرائیل) بەدواوەیە، بە ئەگەرێکی زۆر کەمەوە کە بتوانن بەرنامەی ناوکی ئێرانییەکان وەدوا بخەن.
هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ ئێران لە چوون بەرەو چەکی ناوکی، بە ئۆلتیماتۆمێکی سیاسی بۆ وەستاندنی بەرنامەکە، کە پشتئەستوور بە هەڕەشەی جێگای باوەڕ بۆ جەنگی بەربڵاو بێ، چاوترسێن بکات. هیچ شتێک لەوە کەمتر ئاکامێکی نابێ. هیوادارم ئەوە هێشتا کەتوارانە بێ. دەنا ئێمە تووشی ئالۆگۆڕێکی قووڵ، بەرەو خراپتربوونی هاوسەنگیی ئاسایشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەبین. ئێران هەر ئێستا ڕکەبەرێکی سەخت و لاسارە و دژی ئیسرائیل و وڵاتی دیکە کار دەکات، ڕاستەوخۆ و بە بەکرێگراوەکانی لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن خەریکی بڵاو کردنەوەی تێرۆر، پشێوی و سەرهەڵدان لەهەر شوێنکە کە بتوانێ. من بۆ چاوتروکاندنێکیش گومانم لە تواناییەکانی بۆ هەراسانکردنی ئیسرائیل و ئەوانی دیکە، تێکدانی ژیانی ئاسایی یان خولیای بەچۆک داهێنانی ئیسرائیل نییە.
بەڵام، کاتێک باس لە توانایی ناوکی دەکرێ، دەبێ لەبیرمان بێ بۆ دروستکردنی جبەخانەیەکی ناوکیی سەرەتایی دەساڵ یان زۆرتر دەخایەنێ. ئەوە تەنیا لە درێژمەودادا دەبێتە هەڕەشەی مان و نەمان بۆ سەر ئیسرائیل. بمانهەوی کەتوارگەرانە بدوێین، ئەوە باسی پێدادانی بۆمبێک بە ئیسرائیل نییە. مەلاکانی ئێران کۆنەپەرست و توندئاژۆخوازن، بەڵام گەمژە و شێت نین. ئەوان نایانهەوێ بگەڕێنەوە چاخی بەردین. بەپێچەوانە، بۆ ئێران بوون بە خاوەن توانایی ناوکی، پرسی مانەوەی ڕێژیمە. ئەوە دەبێتە هۆی دڵنیابوون کە هیچ کەس نەوێرێ بە شیوەی بەربڵاو لە ئێران دەستێوەردان بکات، جا هەرچەند ڕێژیمەکە لەرۆزکیش بێ. توانایی ناوکی هەروەها "هاوسەنگی" ئەوان بەرانبەر بە ئیسرائیل ڕادەگرێ و دەستی ئێران ئاواڵا دەکات تا ناکۆکی و پشێوی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بڵاو بکاتەوە.

مەترسییەکی ڕاستەقینە، لەپێش هەموو شتێکدا، ئەگەری هەرسهێنانی پەیماننامەی بڵاونەکرنەوەیە .(NPT) بێتوو ئێران بڕیار بدا ببێتە خاوەن چەکی ناوکی، بڕیارێک کە تەنیا ڕێژیمی ئێران دەیدا، تورکیە، میسر و بە شێوەی جیاواز عەرەبستانی سعودیش هەست پێ دەکەن کە ناچارن ببنە خاوەن چەکی ناوکی. ڕەنگبێ ئەوە دەساڵ یان بیست ساڵ بخایەنێ تا بە ئاکام بگات، بەڵام هەرەسهێنانی (NPT)دیکتاتۆرە پلە سێیەکانی دنیا هان دەدات بۆ پاراستنی ڕێژیمەکانیان هەمان ڕێچکە بگرنە بەر. لەوەش زیاتر، ڕەنگبێ ڕێگای وەڕاستگەڕانی مۆتەکەیەکیش ئاواڵا بێ، کە گراهام ئالیسۆن مامۆستای زانستگای هاروارد وەک تێرۆریزمی ناوکی باسی کردوە، ئەوەش بەو مانایەیە کە هەرچی دەوڵەتی خاوەن چەکی ناوکی زیاتر بن، مەترسیی دەستپێڕاگەیشتنی تاقمێکی تێرۆریستی بە ئامێرێکی خاوی ناوکی زیاتر دەبێ. کەوابوو، چار چییە؟ یەکەم، سەیری ڕاستییەکە بکە و کاری لەسەر بکە، نەوەک لەسەر ئاوات و خەیاڵ پڵاو. دەست بکە بە بیرکردنەوە و خۆ ئامادە کردن بۆ دۆخە ڕاستەقینە نوێیەکە.

**بەشی: سێهەم**

ئەگەر ڕێککەوتنێکی نوێ دەگەڵ ئێران، تەنانەت یەکێکی جێگای گومان، یارمەتی بە پاراستنی پەیماننامەی پێشگرتن بە بڵاوبوونەوە (NPT) دەکات، ئەوە دیسان بۆ ئامانجەکان بەکەڵکە. بەڵام واژۆی ئێران لەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیکات بایەخی کەمترە. واشینگتۆن دەبێ یانەیەکی بچووک لە ولاتانی پێوەندیدار، لە نێویاندا ئیسرائیل، دروست بکات و خۆی لە وەبەرهێنانی پێویست لەسەر هەواڵگریی بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تووش بوونی نائاگاداریی لە هەر پێشوەچوونێکی یەکلاکەرەوە، دڵنیا بکاتەوە. دەبێ کاری زۆر لە بواری هاوکاریی ئۆپەراسیۆنی و سیاسی بکرێت، لە ئۆپەراسیۆنی شاراوە تا سیاسەتی گشتی، تا ئامادەکردنی ئابلۆقەی گەلێک بەهێزتر و هەروەها پلانی ئامادە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەل ڕووداوی پێشبینی نەکراو، ئەگەر یان کاتێک ئاشکرا بێ ئێران هەنگاوەکانی بۆ سەریەک خستنی چەکێک خێراتر دەکات، واتە کاتێک بیهەوێ لە خاڵی بێگەڕانەوە بەرەو بۆمبی ناوکی تێپەڕ بێ.

ئیسرائیلیش دەبێ بەو ئامرازانە تەیار بێ کە توانایی ئەوەی پێ ببەخشێ تا بە شێوەی سەربەخۆ هێرش بکاتە سەر بەرنامەی ناوکیی ئێران، بێتوو هەردوو دەوڵەت بەو ئاکامە بگەن کە بەتەواوی پێویستە. هاوبەشە بچووکترەکە دەبێ ئەو تواناییەی هەبێ، چونکە لە کاتی تێپەڕینی ئێران لە هێڵەکە، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان سەرقاڵی قەیران لە شوێنێکی دیکە بێ، جا ئەو شوێنە ڤێنێزوێلا بێ، دووڕگەکانی دەریای باشووری چین، تایوان، ئوکراین یان کاتی دەستاودەست کردنی دەسەڵات دوای هەڵبژاردن بێ.

دەبێ سەرنجی تایبەتی بدرێتە قەناعەت پێهێنان بە تورکیە، میسر، عەرەبستانی سعودی و ئەوانی دیکە لە ناوچە کە ئەوان بەشێوەی شیاو دژی گوڕەشە گیریی ناوکی ئێران پارێزراون و پێویست ناکات ببنە خاوەن چەکی ناوکی.

دەسەڵاتی ئایەتوڵڵاکان تاهەتایی نابێ. زۆر جار شۆڕشی ئەوتۆ لە کاتی جیلی سێهەمیاندا هەرەس دەهێنن (بڕوانە بۆ وێنە شۆڕشی کۆمۆنیستی). کۆمەڵگەی لە ڕادەبەدەر لاوی ئێران لە یەک دوو دەیەی دیکەدا دەگاتە ئەو قۆناخە. خەڵکی ئێران خەڵکێکی مەزنە و لە سەرەتای مێژووەوە خاوەن شارستانییەتییێکی مەزن بووە.

**ئەوان تەنیا ٤٥ ساڵ پێش ئێستا باشترین دۆستی ئیسرائیل لە ناوچەدا بوون. ئێمە دەبێ لە پێشگرتن بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاوەستاو بین. لە کاتێکی دیاریکراودا، بەو هیوایە زوو بێ و وە درەنگی نەکەوێ، ئەوان هەرس دەهێنن و لاپەڕەیەکی نوێ دەکرێتەوە.**

**با بەیەکەوە بەرەو ئەو قۆناخە کار بکەین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢**

## ناڕەزایەتییەکانی ئێران دژی دڕندەیی ڕێژیم گەیشتنە سێهەم شەو

### ئورشەلیم پۆست - سێت جەی فرانتزمەن

لە کاتێکدا کە ئێرانییەکان دژی توندوتیژیی پۆلیس دژی ژنان ناڕەزایەتی دەردەبڕن، خۆپیشاندانەکان بۆ سێهەمین شەو بەردەوام بوون. ناڕەزایەتییەکان دوای کوشتنی مەهسا ئەمینی، ژنێک کە لەلایەن گەشتی "ئێرشادی" ئێران لە کاتی سەفەرێک بۆ تاران دەگەڵ بنەماڵەکەی دەستبەسەر کرابوو، دەستیان پێ کرد.

هەواڵەکان لە ناوچەی کوردستانی ئێرانەوە، ناوچەیەک لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران، باس لەوە دەکەن کە ڕێکخراوەکانی مەدەنی "دژی ئەشکەنجە و کوشتنی ژینا مەهسا ئەمینی بەدەست هێزەکانی ئێران" داوای مانگرتنی گشتییان کردوە. ڕێکخراوە جیاجیاکانی کورد پشتیوانییان لەو ناڕەزایەتییانە دەربڕیوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتە ئێرانییەکان، ژنە لاوەکە سێشەممەی ڕابردوو دەستبەسەر کرا و دوای لێدرانی لەلایەن پۆلیسەوە کەوتە دۆخی کۆماوە. ئەو بۆیە دەستبەسەر کرا چونکە ئێران پۆلیسی "ڕەوشتیی" حکوومەتی ئایینیی دڕندەی هەیە کە بە هۆی ئازار و ئەزیەتی ژنان بەناوبانگە و ئەوان بەوە تاوانبار دەکا کە داپۆشینی قژی سەریان بەگوێرەی ستانداردی دیاریکراو لەلایەن ڕێژیمەوە لە بەرچاو ناگرن.

دوای دەستبەسەرکران، ناوبراو براوە وێستگەیەکی پۆلیس و پاشان ڕاگەیەنرا کە لەوێ بێهۆش بووە و براوەتە نەخۆشخانە. پۆلیس ئیددیعای کرد کە ئەو جەڵدەی لێی داوە، بەڵام بنەماڵەکەی دەڵێن ئەو ئەشکەنجە کراوە و مێشکی خوێنبەر بووە. ڕۆژی هەینی هەواڵی کۆچی دوایی ناوبراو پشتڕاست کرایەوە و کاربەدەستانی ئێران تێگەیشتوون کە کوژرانی ژنێکی لاو بەدەستی پۆلیس، دەبێتە هۆی تووڕەیی خەڵکی ناوچە. ناوەندە پەیوەندیدارەکان هەوڵیان داوە پاساو بێننەوە و ڕەوایی بە مەرگی ئەمینی بدەن، ئەوان تەنانەت وێدەچی دانیان بە هەڵەش دانابێ، بەڵام تووڕەیی خەڵکی ئاسایی وای کردوە ئەوان بڕژێنە سەر شەقامەکان.

### کورد ڕژاونە سەر شەقامەکانی ئێران

ناڕەزایەتییەکان لە ناوچە کوردییەکانی ئێرانەوە دەستیان پێ کرد، هێندێک کورد لەسەر ئەو بڕوایەن کە کوشتنی ئەمینی

پەیوەندی بە سەرکوتی کەمینەی کورد بە شێوەی گشتییەوە هەیە. هۆیەکەی ئەوەیە کە ناوچە کوردییەکان کولتووری تایبەتی خۆیان هەیە و ڕێژیم لە بەراوەرد لەگەڵ فارسان، هەڵسوکەوتی جیاوازی دەگەڵ کوردان لە تاران هەیە. بەگوێرەی هەواڵە ئێرانییەکان، ناڕەزایەتییەکان لە ورمێ، کرماشان، سەقز، ئیلام و سنە بەڕێوە چوون.

بە گوتەی کوردستان ٢٤ (K24) لە ناوچەی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی عێراق، ڕۆژی دووشەممە سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان مەسعود بارزانی، بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە بنەماڵەی مەهسا (ژینا) ئەمینییەوە گرتوە. کەی ٢٤ گوتی "لە لێدوانێکی نووسینگەی ئەو ڕێبەرە کوردەدا هاتووە کە سەرۆک بارزانی سەرخۆشی لە بنەماڵەی کچە کوردە تەمەن ٢٢ ساڵەکە کردوە و هیوای هێمنی و خۆڕاگریی لەو کاتە دژوارەدا بۆ بەئاوات خواستوە." ئەو هیوای خواستوە کە دادپەروەری بەڕیوە بچێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئەمینی حەوتووی ڕابردوو کاتێک دەگەڵ بنەماڵەکەی سەفەری بۆ تارانی پایتەخت کردبوو، بە شێوەیەکی توندوتیژانە لە لایەن پۆلیسی ڕەوشتەوە دەستبەسەر کرا. دواتر ناوبراو نێردرا بۆ نەخۆشخانە و هاوکات کە لە دەستبەسەریی پۆلیسدا بوو، سێ ڕۆژ لەوێ کەوتە کۆماوە. هەواڵەکان خێرا باسی ئەوەیان کرد کە مردنەکەی بە هۆی ئەو لێدانە بووە کە لە کاتی دەستبەسەربووندا لێی درابوو. دەوڵەت حاشای کرد و گوتی ئەو بەهۆی جەڵدەی دڵ مردوە. دایکی ئەمینی ئەو قسەی وەدرۆ خستەوە و گوتی "کچەکەی پێشینەی هیچ نەخۆشییەکی نەبووە".

کەی ٢٤ ڕایگەیاند کە "لە کاردانەوەیەک دژی مردنی گوماناوی ژنە کوردە ٢٢ ساڵەکە، مەهسا (ژینا) ئەمینی، کە دوای دەستبەسەرکران لەلایەن پۆلیسی ڕەوشت! و بە هۆی دانەپۆشینی خۆی بەشیوەی گونجاو دەستبەسەر کرابوو، مانگرتنێکی ڕێکوپێک لە شارەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چووە ... گرتە ڤیدیۆی نێردراو لە لایەن چالاکانەوە ئاشکرای دەکەن کە دووکاندارەکان دووکانەکانی خۆیان لە شارەکانی سەقز، مەریوان، سنە، بانە، دیۆلان، بۆکان، مەهاباد، سەردەشت، شنۆ و جوانڕۆ بە نیشانەی ناڕەزایەتی داخستووە".

## ئێران تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد

ئێران هەوڵی سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی داوە. گرتە ڤیدیۆییەکانی سەرهێڵ نیشانی دەدەن کە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرێ و پۆلیس لە ژنان دەدا. لەو شارانەی ناڕەزایەتی بەڕێوە دەچن، هێڵی ئینتەرنێت پچڕاوە یان خێراییەکەی کەم

کراوەتەوە. نێت بلاکس ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە سنە دەستی بە ئینتەرنێت ڕاناگات.

هێزە ئەمنییەتییەکان بەوە تاوانبار کراون کە لە هەوڵی خۆیان بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران، تەقەیان لە منداڵێک کردوە و گرتە ڤیدیۆ بلاو کراونەوە کە نیشان دەدا ژنان بە نیشانەی دەربڕینی نارەزایەتی دژی ڕێژیم، لێچکەیان لە سەریان کردۆتەوە.

لە سەقز، شوێنێک کە نارەزایەتییەکان چەند رۆژ لەوەپێش دەستیان پێ کرد، خۆپیشاندەران ئالای ئێرانیان داگرتوە. هێندێک ماڵپەڕی کورد ڕێژیمی ئێران وەک "داگیرکەری" ئەو ناوچەیە ناو دەبەن.

چەند حیزبی سیاسیی کورد دەیان ساڵە دژی ڕێژیم خۆڕاگری دەکەن؛ لەنێویاندا حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و پژاک. لەو ناوچەیە چەند تاقمی کورد چالاکن کە دژی ڕێژیمن. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئێستا نارەزایەتییەکان پەرە دەستێنن بۆ دەرەوەی ناوچە کوردییەکان و ناوچەکانی خۆراوای ئێران.

سەرکۆماری ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی ئەو حەوتوویە سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. ئەو لەو دواییانەدا لە لایەن بەرنامەی ٦٠ خولەکی سی بی ئێس وتووێژی دەگەڵدا کراوە و لەویدا لە بارەی کۆمەڵکوژیی جوولەکان پرسیاری لێ کراوە. وێناچێ ئەو ڕێبەرەی ئێران لەبارەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤەوە، کوشتنی ژنێک کە حیجابی پێوە نییە، یان پێشێلکاریی دژی کەمینەکان پرسیاری لێ کرابێ.

**ڕێژیمی ئێران لە ڕابردوودا لەبەر توندوتیژیی پۆلیس، وەک ئەوەی دوای کوژرانی جۆرج فلۆید ڕووی دا، ڕەخنەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان گرتوە. ئاشکرا نییە ئاخۆ لەو ڕێژیمە لەمەڕ دەوری خۆی لە کوشتنی ژنانی وەک ئەمینی پرسیاری لێ کراوە یان نا.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

## بەرگریی ئوکراینی لە ناوچەکانی داگیرکراو لە لایەن ڕووسیەوە پەرە دەستێنێ

وەک ئالنگارییەکی پەرەئەستێن بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچە داگیرکراوەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئوکراین لەلایەن ڕووسیەوە، هێزە گەریلاکانی وەفادار بە کییەڤ کاربەدەستانی لایەنگری موسکۆ دەکوژن، پرد و شەمەندەفەران دەتەقێننەوە و بە دەستنیشانکردنی ئامانجەکان، یارمەتیی سوپای ئوکراین دەکەن.

پەرەئەستاندنی خۆڕاگری، کۆنترۆڵی کرێملینی لەو ناوچانەدا لاواز کردوە و هەڕەشەیە بۆ سەر پلانەکانی بەڕێوەبردنی گشتپرسی لە چەند شاری جیاواز، وەک هەنگاوێک بۆ لکاندنی ئەوان بە ڕووسیەوە.

ئاندرەی، ڕێکخەرێکی تەمەن ٣٢ ساڵەی جووڵانەوەی گەریلا لە باشووری ناوچەی خەرسۆن گوتی: "ئامانجی ئێمە ئەوەیە ژیان لە داگیرکەرانی ڕووسیەیی تاڵ بکەین و لە هەموو ئامرازێک بۆ پەکخستنی پلانەکانیان کەڵک وەرگرین".

ئاندرەی وەک ئەندامێکی تاقمی بەرگریی ژۆڤتا ستریچکا، یان "قۆڵ زەرد"، بەو مەرجە دەگەڵ ئاسۆشیەیتدپرێس قسەی کرد کە بە تەواوی نهێنی بێ تا ڕووسیەییەکان نەتوانن شوێن پێی هەڵگرن. تاقمی ناوەکەی لە یەکێک لە ڕەنگەکانی ئاڵای ئوکراین وەرگرتووە و ئەندامەکانی لە کاتی دەستنیشانکردنی ئامانجەکان بۆ هێرش بۆ سەریان، پەڕۆیەکی زەرد لە قۆلیان دەبەستن.

هێزەکانی ئوکراین لەو دواییانەدا کەڵکیان لە سیستەمی فرە گەڕۆکی تۆپخانەی ئەمریکایی "هایمارس" بۆ کوتانی پردێکی ستراتێژیک لە سەر ڕووباری دنیپرۆ لە خەرسون وەرگرت، کە ئاڵقەی پەیوەندیی سەرەکیی هێزەکانی ڕووسیە بوو. شاری خەرسۆن کە ٥٠٠ هەزار دانیشتووی هەیە و لە سەرەتای جەنگدا لەلایەن هێزەکانی ڕووسیە داگیر کرا، بە لێشاو بڵاڤۆکی تێدا بڵاو کراوەتەوە کە لەواندا هەڕەشە لە کاربەدەستانی سەر بە ڕووسیە کراوە.

هەر بەر لە هێرش بۆ سەر پردەکە، بڵاڤۆک بڵاو کرابوونەوە کە تیایاندا نووسرابوو، "ئەگەر هایمارس نەتوانێ کارەکە بکات، پارتیزانێک یارمەتیی دەکات".

بەشی: سێهەم

ئاندرەی بە ئەی پی گوت: "ئێمە زانیاریی وردمان لەمەڕ شوێنی ئامانجی جیاواز داوە بە سوپای ئوکراین و یارمەتیی گەریلاکان چەکە دوورهاوێژەکان، بە تایبەتی هایمارس، بەهێزتریش دەکات. ئێمە لە پشت هێڵەکانی ڕووسیە نادیارین و ئەوە خاڵی بەهێزی ئێمەیە".

لەگەڵ هێرشی هێزەکانی ئوکراین لە ناوچەکەدا و گرتنەوەی هێندێک شوێن لە خۆراوای ڕووباری دنیپرۆ، چالاکییەکانی گەریلاش پەرە دەستێنێ. ئەوان لەگەڵ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکانی سوپای ئوکراین هاوئاهەنگی دەکەن، کە یارمەتییان دەکات ستراتیژیی و تاکتیکەکانیان گەشە پێ بدەن. ئەو هێزانە هەروەها ئامانجەکان هەڵدەبژێرن و ماڵپەڕیکیان وەرێ خستوە بە پێشنیار لەبارەی چۆنیەتیی ڕێکخستنی بەرگری، ئانەوەی کەمین و خۆبواردن لە دەستبەسەر کران. ڕایەڵەیەک لە بنکەی چەکوچۆڵی شاراوە و شوێنی نهێنی بۆ خۆ حەشاردان لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دروست کراون. لە نزیک بیناکانی بەڕێوەبەرایەتی، لە ماڵی کاربەدەستان و تەنانەت لە ڕێگای چوونە سەر کارەکانیان بۆمب داندراون. لە کاتی تێپەڕینی یەڤگێنی سۆبۆلەڤ، سەرۆکی بەندیخانەی خەرسۆن، بۆمبێک تەقیەوە کە لەسەر دارێک داندرابوو، بەڵام ئەو لەو هێرشە گیانی دەرباز کرد. ئوتۆمبێلێکی پۆلیس کەوتە بەر پەلاماری بۆمبی تەڵەزمدار، دوو ئەفسەر بەتوندی برینداربوون، کە یەکیان مرد. جێگری سەرۆکی بەڕێوبەریی ناوچەیی لە نۆڤا کاخۆڤکا بە برینەکانی دوای هێرشێکی چەکداری لە کۆتایی حەوتوودا مرد.

بە گوێرەی ڕاپۆرت، گەریلا چەند جار هەوڵی کوشتنی ڤلادیمیر سالدۆ، سەرۆکی ناوچەی خەرسۆن، کە لایەنگرانی ڕووسیە بەڕێوەبەرایەتییەکی کاتییان لێ دامەزراندوە، داوە و دەستخۆشانەی ١ میلیۆن هەریڤنیا (نزیکەی ٢٥ هەزار دۆلار) بۆ کوشتنەکەی دیاری کراوە. یاریدەدەرەکەی، پاڤێل سلۆبۆدچیکۆڤ، لە ئوتومبێلێکدا تەقەی لێ کرا و کوژرا و کاربەدەستێکی دیکە، دیمیتری ساڤلوچەنکۆ، بە بۆمبی نێو ئوتومەبیل کوژرا. ساڵدۆ گوتی، هێرشەکان وای کردوە موسکۆ یەکەی دژی تێرۆر بنێرێتە خەرسۆن.

ساڵدۆ لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکەیدا گوتی، "هەموو ڕۆژێ، یەکە ئەمنییەتییەکانی ڕووسیە دوو یان سێ کۆگای چەک بۆ چالاکیی تێرۆریستی دەدۆزنەوە. دەست بەسەرداگرتنی چەکۆچۆڵ هەڕەشەی سابۆتاژ کەم دەکاتەوە." لە سەرەتای داگیرکارییەکەدا، هەزاران دانیشتوو نارەزایەتیی هێمنانەیان بەڕێوە برد. بەڵام سوپای ڕووسیە خێرا لێکی بڵاو کردنەوە و چالاکەکانی دەستبەسەر کرد، لە ئاکامدا بەرگریی توندوتیژانە دەستی پێ کرد.

وێنەگری زەماوەند، ئۆلێکساندەر خارچیکۆڤ، کە ئێستا بۆتە چالاک گوتی ئەو دوای دەستبەسەر کران لە ڕەشبگیرییەکی ڕووسیدا، لێی دراوە و ئەشکەنجە کراوە. خارچیکۆڤ لە وتووێژێکی تەلەفۆنیدا گوتی، "ڕووسییەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ منیان ئەشکەنجە کرد. ئەوان بە کوتکێکی بەیسباڵ لێیان دەدام، بە پلایس پەنجەکانمیان دەگووشی و بە تەزووی کارەبا ئەشکەنجەیان دەدام. من مێشکم شڵەقا و پەراسوویەکم شکا، بەڵام هیچ زانیارییەکم نەدانێ و ئەوە ڕزگاریدەرم بوو." خارچیکۆڤ ١٥٥ ڕۆژ لە ژێر داگیرکاریی ڕووسیەدا بوو تا ڕای کرد. ئەو بە ئەی پی گوت، "سەرکوتی ڕووسیە چڕتر دەبێتەوە. ئەوان دۆخێکیان خوڵقاندووە کە بە ئوکراییننییەکان تەحەممول ناکرێ و هەر دێتو درێژەدان بە ژیان لەژێر داگیرکاریی ڕووسیە دژوارتر دەبێ".

ئەو گوتی ڕووسیەییەکان ١٠ هەزار ڕوبڵ (١٦٥ دۆلار) دەدەن بە هەر کەس داوای شارۆمەندیی ڕووسیە بکات تا ئەوان بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بەهێز بکەن.

مۆسکۆ لەو ناوچانە ڕۆبڵی کردۆتە دراوی فەرمی، ڕایەڵەی تەلەفۆنی گەڕۆکی دامەزراندوە و تەلەفزیۆنی ئوکراینی نەهێشتووە. لە مەیدانە سەرەکییەکانی شارەکان، شاشەی زەبەلاحیان داناون کە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ڕووسیە بڵاو دەکەنەوە.

ئیڤان فێدۆرۆڤ، شارەداری مەلیتۆپۆل، کە ماوەیەکی زۆریش لە لایەن ڕووسیەییەکانەوە دەستبەسەر کرابوو، بە ئەی پی گوت کە نزیکەی ٥٠٠ چالاکی ئوکراینی دەستبەسەر کران و زۆریان ئەشکەنجە کران. هێندێکیان دوای دەستبەسەرکران بۆ ماوەی چەند مانگ بێ سەروشوێن کران.

فێدۆرۆڤ گوتی، لە مانگەکانی مای و جوون، گەریلا دوو پردی ڕێگای ئاسنی لە مەلیتۆپۆل تەقاندەوە و دوو شەمدندەفەری سەربازیی ڕووسیەی وەرگێڕان. ئەو هەروەها گوتی، "جووڵانەوەی بەرگریی بە دوای سێ ئامانجەوەیە، لەناو بردنی چەکوچۆڵی ڕووسیە و ئامرازەکانی گەیاندنیان، بێ ئیعتیبار کردن و چاوترسێن کردنی داگیرکەران و بەکرێگیراوەکانیان و گەیاندنی زانیاریی لەمەڕ شوێنی دوژمن بە هێزە تایبەتییەکانی ئوکراین".

ڕووسیە گەشتەکانی پەرە پێداوە و بەردەوام هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانە کە گومانی هاوکاریی دەگەڵ گریلایان لی دەکرێ. لە هێرشی ئەوتۆدا، ئەوان تەلەفۆنەکان کۆنترۆڵ دەکەن و ئەو کەسانە دەستبەسەر دەکەن کە سیمبۆلی ئوکراینی

یان وێنەی ئەو خزمانەیان پێیە کە یونیفۆرمی سەربازییان لەبەرە.

فێدۆرۆڤ گوتی، "لە هێرشی بەربڵاوی دەستبەسەرکردنی خەڵکدا، ڕووسیەییەکان تەواوی گەڕەکێک دادەخەن، هاتوچۆی ئوتۆمبێلان لە گەڕەکەکە ڕادەگرن و بە شێوەی مێتۆدیک لە ئاپارتمانێکەوە دەچن بۆ یەکی دیکە. بێتوو هەر سیمبۆلێکی ئوکراینی یان پەیوەندی بە سوپای ئوکراین بدۆزنەوە، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکە لە کامپی پاڵاوتندا ڕادەگرن." لە حەشیمەتی ١٥٠ هەزار کەسی مەلیتۆپۆل بەر لە جەنگ، پتر لە ٦٠ هەزار کەس شاری بەجێ هێشتوە.

بە گوتەی فێدرۆڤ، کاربەدەستانی لایەنگری ڕووسیە خەریکی ئامادەکاری بۆ بەڕیوە بردنی گشتپرسی لە مەلیتۆپۆل و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەدان بۆ لکاندنیان بە ڕووسیەوە، ئەوان هەروەها هێرش دەکەنە سەر خەڵک و پاسپۆرتی ڕووسیە بڵاو دەکەنەوە. ئەو گوتی، "ئێمە هەوڵی گشتپرسی ڕووسیەمان پووچەڵ کردەوە. ئێمە ڕێگا بە دەنگدان لەژێر لوولەی تفەنگی ڕووسیە نادەین." ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە ڕێژەی لایەنگرانی ڕووسیە لەنێو دانیشتواندا لە ١٠٪ تێناپەڕێ و نیوەیان ڕایان کردوە.

گەریلا پەڕۆی زەردی لەو خانووانە داوە کە قەرار بوو تێیاندا دەنگدان بەڕێوە بچێ، هەڕەشەی لە دانیشتووان کرد کە لەوانەیە لە کاتی دەنگداندا ببنە ئامانجی بۆمبان.

هێزی بەرگریی لە چالاکی ڕادیکاڵ تا مامۆستا و خانەنشینکراوەکانی تێدایە کە لە پارکەکان گۆرانی ئوکراینی دەڵێن و بە نهێنی باندی زرد و شین دەبەستن.

ئۆلێکسی ئالێکساندرۆڤ، کە خاوەنی ڕێستورانێک لە دەروازەی باشووریی ماریوپۆل بوو گوتی، "ڕووسیەییەکان چاوەڕوان بوون بە گوڵ پێشوازییان لێ بکرێ، بەڵام ئەوان تووشی ئەو ڕاستییە بوو کە زۆربەی خەڵک خۆیان بە ئوکراینی دەزانن و ئامادەن بە شێوەی جۆراجۆر بەرگریی بکەن، لە کۆکردنەوەی زانیاریی ڕا بگرە تا سووتاندن و تەقاندنەوەی داگیرکەران".
وەک نیشانەیەکی سەرپێچی کردن، لەو دواییانە لە ماریوپۆل، پیاوێکی لاو ئاڵای ئوکراینی لەخۆیەوە پێچا و لە شەقامی نزیک ئەو تیاترە وێستا کە بە بۆمبەکانی ڕووسیە وێران بوو. وێنەکە لە هەموو مێدیاکانی ئوکرایندا بڵاو بۆوە و سەرکۆمار ڤۆلۆدۆمیر زەلەنسکی لە وتارێکیدا بۆ گەل، دەستخۆشیی لێ کرد.

بەشی: سێهەم

زەلەنسکی گوتی، "ئەوە کارێکی گەلێک بوێرانە بوو و من پێم خۆشە سوپاسی بکەم بۆ ئەو کارەی کردی. ئەو پیاوە یەکێک لە ژمارەیەکی زۆر خەڵکە کە چاوەڕوانن ئوکراین بگەڕێتەوە و لە هیچ بارودۆخێکدا داگیرکاریی قبووڵ ناکەن".

ئەگەرچی حەزی لایەنگری لە مۆسکۆ لە ناوچە پیشەسازییەکانی دۆنباس کە بە زمانی ڕووسی دەدوێن بەهێزە، بەڵام جووڵانەوەیەکی گەریلایی لەوێش سەری هەڵداوە.

فەرمانداری لوهانسک، سەرهی هایدای، گوتی شەش کەس لە هێزەکانی ڕووسیە لە مانگی ڕابردوودا، کاتێک ئوتۆمبێلەکەیان لە لایەن گەریلاوە لە شاری سیەڤیەرۆدۆنێتسک، ماوەیەکی کورت دوای داگیرکردنی ئەو شارە، بریندار بوون. ئەوان هەروەها ڕێگای ئاسنیان کردۆتە ئامانج و گەیاندنی چەکوچۆڵ و پێداویستی دیکەی ڕووسیەیان وەستاندوە.

هایدای بە ئەی پی گوت، "گەریلاکان زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەوان تەنیا بلاڤۆکیان بڵاو نەکردوونەوە، بەڵکو ژێرخانی گواستنەوەشیان لەناو بردوون. ئەوە یارمەتییەکی زۆر بە کەم کردنەوەی هێرشەکانی ڕووسیە و بەرەوپێش چوونیان دەکات".

چاودێران دەڵێن جووڵانەوەی گەریلا لە ناوچەکاندا لێک جیاوازن و لەبەرژەوەندیی هەردوو لادایە لەبارەی گەورەیی ئەوان زێدەڕۆیی بکەن.

ڤادیم کاراسەڤ، سەرۆکی ئەنستیتۆی ستراتێژییە جیهانییەکان کە بنکەکەی لە کییەڤە، گوتی: "ڕووسیەییەکان بۆیە ئەوە دەکەن تا ڕەوایی بە سەرکوتی خۆیان لە ناوچە داگیرکراوەکان بدەن لە کاتێکدا لایەنی ئوکراینی لە هەوڵی دەبەزاندنی وەرەی هێزە ڕووسییەکان و زیاتر نیشاندانی سەرکەوتنەکانیانن. بڕوا کردن بە هەواڵی دەرمانداو کردنی سەربازانی ڕووسیە بە کیکی ژەهراوی شتێکی دژوارە، بەڵام هێندێک جار ئەفسانە لە ڕاستی کاریگەرترن".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## کوردستان لە تاران: کوشتنی ژینا ئەمینی چ واتایەکی بۆ داهاتووی ئێران هەیە

**لوقمان ڕادپەی**

لێدانی بێ بەزەییانەی ژینا (مەهسا) ئەمینی بە هۆی نەپۆشینی "حیجابی گونجاو" و کوشتنەکەی لە ئاکامی ئەو لێدانە لە لایەن "گەشتی ئیرشادی" ڕێژیمەوە بۆتە مانشێتی سەرەکیی ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی هەوال لە سەرانسەری دنیا. ئەوەی باسی ناکرێ ئەوەیە کە لە سەرەتای ناردنی هەواڵەکاندا باسی ئەتنیکی ڕاستقینەی ناوبراو نەدەکرا. قوربانییەکە فارس نەبوو. ئەو کورد بوو، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ سەردان چووبوو بۆ تاران. ئەو جلوبەرگێکی شایستەی لەبەر دابوو، تەنانەت بە زۆر پێوەری دنیای مودێڕن، لەناویاندا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆنەپارێزانە بوو.

ژینا ئەمینی بە شێوازی خۆی وەک ئەو جەنگاوەرە ژنانەی کۆنەپەرستانی داعشیان لە بەرەی جەنگی سووریە بەچۆکدا هێنا، بوێر بوو. ئەوەی لەوی قەوما "ئایین" نییە؛ بەڵکو لادەریی سێکسییە. ئەگەر کارێکی ئەوتۆ تەحەمول بکرێ و بە شێوەی سیستەماتیک بەرێوە بچێ، ئەوە ناوێکە کە بە باشترین شێوە تایبەتمەندیی ڕێژیمی تاران پێناسە دەکات. مەرگی ناوبراو دەتوانێ پاڵنەری ئاڵوگۆڕی قووڵ بۆ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها شارۆمەندانی ئێران بە گشتیی بێت.

ژنانی کورد لە ناوچەی خۆیان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە شێوەی جلوبەرگ پۆشینێکیان ڕەد کردەوە کە لە گۆترە لەلایەن ڕێبەرانی فارسەوە، کە لە سەردەمێک و شوێنێکی دیکەدا دەژین و کولتوورێکی جیاوازیان هەیە، سەپێنرابوو. لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە ١٩٧٩، ڕێژیمی ئێران پلانی ئەوەبوو کە کوردان بەدناو بکات. ئەوان بەوە تۆمەتبار دەکران کە خەریکی دامەزراندنی "ئیسرائیلی دووهەم" لە ناوچەن. لە کۆتاییدا، لە دێسەمبەری ١٩٧٩، دەوڵەت لەگەڵ کوردان ڕێککەوت کە بە گوێرەی ئەو دانی بە خودموختاری بۆ کوردان دادێنرا، بەڵام ئەوە بە کردەوە لە لایەن حکوومەتی ئایینیی شیعەوە پێشی پێگیرا.

زۆرینەی کوردەکان، گەلێکی جیاوازی نافارس، مسوڵمانی سوننین بە ڕوانگەیەکی مودێرنەوەن. بەهۆی ئاماژە نەکردن بە مافەکانی کوردان لە یاسای بنەڕەتیی نوێدا، نزیکەی ٨٥ تا ٩٠ لە سەدی کوردەکان گشتپرسی مانگی مارچی ١٩٧٩ یان بایکۆت کرد. لە یەکەم هەڵبژاردنی پارلمانی لە دوای شۆڕش، زۆربەی کوردەکان پشتیوانییان لە حیزبی دێموکڕاتی

کوردستانی ئێران (حدکا) کرد، بەڵام ڕێبەرەکەی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو، وەک کەسی نەخوازراو دیاریکرا و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران وەک "حیزبی شەیتان" دەستنیشان کرا. ئاکامی هەڵبژاردنی ناوچە کوردنشینەکان بە پووچەڵ ناسێنرا. دوژمنایەتییەکان دەستیان پێ کردەوە و، ئایەتوڵڵا خومەینی حوکمی جیهادی دژی کوردان ڕاگەیاند، کە بووە هۆی قەلاچۆکردنی پشتگریکراو لە لایەن دەوڵەت و ئیعدامی نایاسایی کوردان. ئەو 'خودموختارییەی" کوردەکان دەنگیان پێدابوو، لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک جیاییخوازیی سەیر دەکرا.

دەیەیەک دواتر، لە جولای ١٩٨٩، لە ڤییەن و لە کاتێکدا قاسملو، یاریدەدەرێکی و ناوبژیوانێک چاوەڕوانی وەفدێکی ئێرانییان دەکرد، لە لایەن نێردەکانی ڕێژیمەوە کوژران. سەدیق کەمانگەر، ئەندامێکی پلەبەرزی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) و جێگرەوەی قاسملو، دوکتور سادق شەرەفکەندی، لەگەڵ چەند هاوڕێی، بە نێوانی مانگێک و لە سێپتەمبەری ١٩٩٢، لە بەرلین بەرەوڕووی هەمان چارەنووس بوونەوە (کە بە تێرۆری میکۆنۆس ناسراوە). لە ئاپریلی ١٩٩٧، دادگای پێداچوونەوەی بەرلین حوکمی دا کە "ڕێبەرایەتی سیاسیی ئێران، بڕیاری ئەو تاوانەیان دابوو".

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی حیزبە کوردییەکانی نیشتەجێ لە باشووری کوردستان (لە عێراق) بە هەمان شێوە لە لایەن بریکارەکانی ڕێژیمەوە تێرۆر کراون. ڕاپۆرتەکانی مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بە کەڵکی لەڕادەبەدەر لە هێز و کوشتنی سیستەماتیک و نایاسایی دژی کوردان لە ئێران دەکەن. بێجگە لەوە، پێشێلکاریی مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردان بە گشتی لە نزیکەی سەرجەم ڕاپۆرتەکان لەمەڕ دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران ئاماژەیان پێکراوە .دەرکردنی حوکمی سێدارە و ئیعدامی ڕێژەیەکی بێ ئەندازەی زیندانییە سیاسییەکانی کورد ئەوە دەسەلمێنێ. بە گوێرەی کۆمەڵەکانی ماڤەکانی مرۆڤ، تا ئەمڕۆ لە خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانەدا ١٧ کورد کوژراون و زیاتر لە ٨٠٠ کەس تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان برینداربوون. جا باسی دەستبەسەرکردنە بەکۆمەڵەکانیش کە هەر ئێستا لەئارا دان ناکەین.

لە ١٩٩٠ بەولاوە، کوردەکان وازیان لە خەباتی چەکداریی هێناوە تا لە جیاتان وزەی خۆیان بۆ گۆڕانی خشکەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان بکەن، ئەگەرچی چاروبار جووڵەیەکی سەربازییان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، لە زۆربەی ئەو ماوەیەدا بێدەنگ بوون.

بەشی: سێهەم

کوژرانی ژینا ئەمینی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی بەربڵاو، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستیان پێکرد. لە خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی دژی ڕێژیمی ئێران، `بۆ یەکەم جار بەلوچ، عەرەب، فارس، ئازەری و کەمینە نەتەوەیی و ئەتنیکییەکان بۆ پشتگیریی کوردان یەکیان گرتووە. ئەوان هاوار دەکەن "ژن، ژیان، ئازادی". ئەو دروشمە لە کاتی شەڕی ناوخۆی سووریە لە ٢٠١١، لە لایەن ژنە جەنگاوەرە کوردەکانەوە (یەکینەکانی پاراستنی ژنان) برەوی پێدراوە و لە ڕۆژاوا (ڕۆژاوای کوردستان لە سووریە) بە کردەیی کراوە. ئەوە بەو مانایەیە کە ناڕەزایەتییەکانی ئێستا لە پرسی حیجاب، کە قەت پرسی کوردان نەبووە، ئەگەرچی وەک پرسێکی سەرەکی بۆ ڕێژیم ماوەتەوە، تێپەڕ بوون.

ئەوەی لە ژینا قەوما وێدەچێ خەڵکی ئێرانی یەک خستبێ، تا ئەو ڕادەیە کە بۆتە خاڵی یەکگرتن لە نێوان داوای مافی چارەی خۆ نووسینی کوردان و خولیای ئێرانییان بۆ لەکۆڵ خۆ کردنەوەی ڕێژیم.

جێگای ئاماژەیە کە چین و توێژەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پشتیوانیی خۆیان لە خۆپیشاندانەکان نیشان داوە. کوردەکانی ڕۆژهەڵات توانای گۆڕینی دۆخی هەنووکەیان هەیە چونکە ئەوان پێشتر لەساڵی ١٩٤٦ دەوڵەتێکی کوردیی کەم تەمەن بە ناوی کۆماری کوردستانیان دامەزراند. لە سێ دەیەی ڕابردوودا، کوردانی باشوور (لە عێراق) و ڕۆژاوا لە سووریە توانیویانە سەقامگیریی، ئاسایش و گەشەی ئابووری لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان دەستەبەر بکەن، بە پێچەوانەی پشێوی و توندوتیژیی کە تایبەتمەندیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە پانەوە بووە. لە ڕوانگەی دەوڵەتدارییەوە، ناوچە کوردییەکان زۆر باشتر لە دراوسێکانیان کار دەکەن. ئەوە بە دانی نرخێکی بەرز لە لایەن کوردانەوە بۆ مافە ڕەواکانیان دەستەبەر کراوە.

بێتوو ناڕەزایەتییە هەنووکەییەکان درێژەیان هەبێ، دەوڵەتی ئێران ڕەنگبێ کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەکیس بدات، ئەوە، بە نۆرەی خۆی، دەتوانێ ڕێگا بۆ جێبەجێ کردنی مافی چارەی خۆ نووسینی کوردی خۆش بکات. کات ئاشکرای دەکات کام شێوە لە مافی چارەی خۆ نووسین جێبەجێ دەبێ. ڕەنگبێ لە شێوازی خۆبەڕێوەبەریی، فێدرالیزم یان سەربەخۆیی بێ. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێرەی ڕێککەوتنی ١٩١٩ی ئینگلیز-پارس، دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم، بەربژێری مافی چارەی خۆنووسین نەبوون.

ناڕەزایەتییەکان لەسەر کوشتنی ژینا (کە بە کوردی بە مانای "ژیان و ڕووح وەبەرهێنان" و "تاهەتایی"یە) ئێستا پوتانسیەلی ئەوەی هەیە ڕێژیم بگۆڕێ، هەروەها ببێتە هۆی ئازادیی بۆ کوردستان. ئەوە دەستپێکی کۆتایی

ناسەقامگیریی ناوچەیی، تیرۆریزمی دەوڵەتی و ڕەشبگیریی ناوکی دەبێ. ڕەنگبێ جیهان شاهیدی هاتنە دەری خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە بێ، وەک چۆن هەمیشە لە ڕۆژهەڵاتەوە بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---

## کاریگەریی دۆخی گەلی کورد لە ئێران لەسەر ناڕەزایەتییەکانی دوای کوژرانی ژنێک لەو وڵاتە

**(وتووێژی ڕادیۆی گشتیی نیشتمانی دەگەڵ مێگان بۆدێت، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی)**

وتووێژی بێژەری ڕادیۆی گشتیی نیشتمانی، ئایلسا چانگ دەگەڵ مێگان بۆدێت، بەڕێوبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی لەبارەی ناڕەزایەتییەکان لە ناوچە کوردییەکانی ئێران دوای کوژرانی ژنێکی لاو لە حەوتووی ڕابردوودا.

**ئایلسا چانگ**، بێژەر:

ناڕەزایەتیی سەرانسەری لە ئێران کە ئالنگاریی بۆ ڕێبەرایەتیی ئەو وڵاتە دروست کردووە پێی نایە یازدەهەمین ڕۆژ و، ناڕەزایەتییەکان مەترسیدارتر دەبن. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئاسۆشییەتدپرێس، تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران دەڵێ لانیکەم ٤١ خۆپیشاندەر و ئەفسەری پۆلیس کوژراون و، زیاتر لە ١٤٠٠ کەس دەستبەسەر کراون. بەڵام، لە کاتی خۆپیشاندانەکانی پێشوودا، سەلمێنراوە کە ئامارە فەرمییەکانی ڕاگەیەنراو لە لایەن سەرچاوەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە کەمتر لە ڕێگەی ڕاستەقینە بووە، بۆیە وێدەچێ خەڵکێکی زۆرتر کوژراو و دەستبەسەر کرابن. ناڕەزایەتییەکان دوای سەردانی ژنێکی لاوی کورد بۆ تاران و دەستبەسەرکرانی بەهۆی لەسەرکردنی لێچکە بە شێوەی نەگونجاو، دەستیان پێکرد. ژنەکە، "مەهسا ئەمینی"، کە هەروەها بە ناوە کوردییەکەی، "ژینا ئەمینی" ش ناسراوە، لە کاتی دەستبەسەرکراندا لە لایەن پۆلیسەوە مرد.

**بۆ گفتوگۆ لەمەڕ کاریگەریی دۆخی گەلی کورد لەسەر ئەم ناڕەزایەتییانە، بانگهێشتی مێگان بۆدێتمان کردووە. ناوبراو بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی لە واشینگتۆن دی سی یە. بەخێر بێی!**

**مێگان بۆدێت**: سوپاس بۆ بانگهێشت کردنتان.

**چانگ**: وا بزانم تۆ تازە دەگەڵ چالاکێک لە ناوخۆی ئێران قسەت کردووە. دەتوانی پێمان بڵێی چیت لە ناوبراو بیست؟

**بودێت**: بەڵێ. ئێمە دەگەڵ چالاکێک لە ناوچەی کوردستانی ئێران قسەمان کرد کە، بە کورتی، باسی دۆخی دژواری ئەوێ

بۆ گەلی کورد و دژوارتربوونی دۆخەکە بەهۆی ئەو نارەزایەتییانەی کرد. ئەوەی تا ئێستا دیتوومانە و ئەوەی ئەو پێی گوتم و ئەوەی لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا پشتڕاست کراوەتەوە، ئەوەیە کە دەیان خۆپیشاندەر کوژراون، سەدان بریندار بوون و تەنانەت ڕێژەیەکی زیاتریش بە گومانی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکاندا دەستبەسەر کراون. زانیاریی ئەو دواییانە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی چالاک لە ناوچە کوردییەکان، ڕێژەی دەستبەسەر کراوانی ئەو پارێزگایانە لە باکووری خۆراوای ئێران، بە تەنیا، زیاتر لە ١٠٠٠ کەسە.

**چانگ**: بەڵێ

**بودێت**: بۆ هەموو ئەو ئامارانە، ژمارە ڕاستەقینەکان وێدەچێ زیاتر بن. هەروەها ئەوەی پێم گوترا ئەوە بوو کە پێویستیی سەرنجی ناونەتەوەیی لە جاران زۆر زیاترە. کاتێک لە ڕابردوودا گەلی کورد چەوسێندراوەتەوە، گرینگییەکی زۆر کەمی نێودەوڵەتی بە دۆخی ئەوان لە ئێران دراوە، بەتایبەت کاتێک دەگەڵ خەباتی بەشەکانی دیکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و حەشیمەتەکانی دیکەی کورد بەراورد بکرێ.

**چانگ**: بەڵێ، دەمهەوێ باسی ئەوە بکەم چونکە ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئەمینی کورد بوو، کە تاقمێکی کەمینە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستن. دەتوانی بۆمان شی بکەیەوە کوردەکانی ئێران کێن و بەگشتی لە ئێران چیان بەسەر هاتووە؟

**بودێت**: بەڵێ، ئەوان نزیکەی ١٠ لەسەدی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێکدێنن، نزیکەی ٨ بۆ ١٠ میلیۆن کەسن کە زۆرینەیان لە باکووری خۆراوای ئێران دەژین و ئەوان لەلایەن دەوڵەت - نەتەوەی ئێران چەوسێندراونەوە، هەم لە سەردەمی پاشایەتیدا و هەروەها لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئەمڕۆشدا. زمانیان، کە جیاوازە، سنووردار کراوە. فەرهەنگیان سنووردار کراوە. ئەوان نزیکەی نیوەی زیندانییانی سیاسیی ئەو وڵاتە پێکدێنن، سەرەڕای ئەوە کە بەشێکی کەمی دانیشتووانی ئەو وڵاتەن. ناڕازییەکانیان تەنانەت کاتێک کە وڵاتیشیان جێهێشتووە پارێزراو نین. ئێران ڕێبەرانی کوردی لە شوێنی وەک ئورووپا تێرۆر کردووە و پارێزگا کوردییەکان بەهۆی چەوساندنەوەی ئابووری لەلایەن دەوڵەتەوە، کە ژمارەیەکی زۆر ناچار دەکات بژیوی خۆیان بە کاری کوشندە وەک ئاڵوێری بازرگانیی نایاسایی سەر سنوور دابین بکەن، لە هەژارترینەکانی وڵاتن. کەوابوو، بێجگە لە توندوتیژی و دیکتاتۆری کە هەموو شارۆمەندانی ئێران بەرەورووی دەبنەوە، دۆخی ئەوان تەنانەت خراپتریشە.

**چانگ**: بەڵێ. باشە، چ شتێکی ئەو نارەزایەتییانە سەرنجراکێشە، بەتایبەتی کە ئێمە ژمارەیەکی زۆر ژن لە سەر شەقامەکان دەبینین. دەتوانی پێمان بڵێی ئەوە چەندە گرینگە، کە ژنان بەشێوەیەکی بەربڵاو و بە ئاشکرا نارەزایەتی دەردەبڕن؟

**بودێت**: ئەوە لە ڕادەبەدەر گرینگە چونکە، دەزانی دیسان، لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی هەنووکەیی ئێراندا، ژنان بە هیچ شێوەیەک تەنیا تاقمی سەرکوتکراو نین، بەڵام ئەوان یەکەم و مەزنترین تاقمن و یاسای جلوبەرگ پۆشین کە ئەو ژنانە نارەزایەتی لەبارەیدا دەردەبڕن، تەنیا بەشێکی بچووک لە گیروگرفتی گەلێک مەزنترە. یاساکانی ئێران دەسەڵات و کۆنترۆڵی لەڕادەبەدەری داوە بە پیاو و دەوڵەت بە سەر نزیکترین و کەسێتیترین لایەنی ژیانی ژنان، لە هاوسەرگیری و جیابوونەوە تا میرات و سەفەر، کار و پرسە یاساییەکان.

جێگای ئاماژەیە کە ئەوە یەکەم جار نییە ژنانی ئێرانی بەشێوەی بوێرانە دژی ئەو هەڵاواردنانە دەوێستن. بەڵام ئەوە یەکەم جارە کە ئەو داوا فێمینیستییانە، ئەو داواکارییانە بۆ یەکسانیی بنەڕەتیی ژنان، بۆتە هۆی وەها نارەزایەتییەکی بەردەوام لە سەرانسەری وڵات دژی تەواوەتی دیکتاتۆرییەت. چونکە سەرجەم ژنانی ئێران بەرەورووی سەرکوتی توند بوونەوە، داواکانیان خەڵکی لە هەموو هێڵە ئایینی و ئەتنیکییەکانی یەکگرتوو کردووە.

بەهۆی ئەوە کە نایەکسانیی زایەندی، بۆ دەوڵەت و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی ئەوەندە بنەڕەتییە کە داوای ئازادی بۆ ژنان سروشتییە، بە بۆچوونی من داوای دیموکراسی و ئازادی لە سەرجەم ئەو شێوازانەی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ کە ژن و پیاو بە شێوەی یەکسان بە دەستیانەوە دەناڵێنن، شتێکی ئاساییە.

**چانگ**: دەتوانم لێتان بپرسم، هاوکاری من ستیڤ ئینسکیپ قسەی دەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، حوسێن ئەمیر-عەبدوڵڵاهییان کردووە. ئەوان لەو دواییانەدا بە یارمەتیی وەرگێر دەگەڵ یەکتر دواون. ئەوە ئەو شتەیە کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران گوتوویەتی. ناوبراو لەبارەی نارەزایەتییەکان، بە هاوتا ڕۆژاواییەکانی دەڵێ: "من دڵنیایان دەکەمەوە کە هیچ شتێکی گرینگ لە ئێران لەئارادا نییە. هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕێژیم لە ئێران ڕوو نادات. من یاری بە هەست و سۆزی خەڵکی ئێران ناکەم".

**چانگ**: بیروڕات لەسەر ئەو لێدوانە چییە، کاتێک گوێت لە قسەکانی دەبێ کە دەڵێ ئەو نارەزایەتییانەی هەنووکە لە

**بەشی: سێهەم**

**ئارادان شتێکی گرینگ نییە؟**

**بودێت**: ئێ، کاتێک گوێ لەو قسەیە دەگرم، من دیزەبەدەرخۆنە کردنی سەرکوتی هەنووکەیی دەبینم، لەمەڕ کوشتنی خۆپیشاندەران، لەبەر برینداركردنیان، بۆ خەڵکی دەستبەسەرکراو بەگومانی بەشداری لەو جووڵانەوەدا یان لایەنگری لەو جووڵانەوەیە. ئەوان نایانهەوێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەوانە وەک شتێکی گرینگ ببینن. ئەوان نایانهەوێ ڕاگەیاندنە گشتییەکان چاودێریی بکەن.

لە پساندنی هێلی ئینتەرنێتەوە دەردەکەوێ، ئەوان نایانهەوێ زانیارییەکان بێنە دەرەوە. یەکێک لە گرینگترین خاڵەکان کە لە خەڵکی بەشدار و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لەوێ دەمانبیست، گرینگیی ڕاگەیاندنی بەربڵاوی ئەو زانیارییە بوو، چونکە ئەوان نایانهەوێ خەڵک لێی ئاگادار بن. کەوابوو بۆ من ئەوە نیشانەی ترس لە ئەو جووڵانەوەی دێموکراسی و ئازادییە لە سەرجەم شێوازەکانی سەرکوت بە ڕێبەریی ژنانە و لەبەر ئەو هۆیەشە نابێ پاشگوێی بخەین. ئێمە دەبێ بەدواداچوونی بۆ بکەین و چاودێریی دۆخی ئەوێ بکەین.

**چانگ**: مێگان بۆدێت، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە ئەنستیتۆی ئاشتیی کوردی، سوپاس بۆ بەشداریتان لە بەرنامەی ئێمەدا.

**بودێت**: سوپاس بۆ ئێوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## ئێران دەیهەوێ ناڕەزایەتییەکان چۆن سەرکوت بکا و دنیا دەبێ چۆن وەڵام بداتەوە؟

### ماڵپەڕی ١٩٤٥ - مایکڵ ڕووبین

دوای مردنی مەهسا ئەمینی، کچێکی تەمەن ٢٢ساڵەی ئێرانی، کە بە تاوانی دەرکەوتنی قژی دەستبەسەر کرابوو، ناڕەزایەتییەکان لە ئێران هەر وا لە تەشەنەکردندان. دەستبەسەرکردنی ئەوتۆ لەلایەن گەشتی ئیرشادەوە ئاساییین. کاتێک لە گەڕەکێکی خۆشبژێوی باکووری تاران خوێندکار بووم کە زۆرێک لە ژنان بەردەوام "حیجابی نەشیاویان" نیشان دەدا، من ناچار بووم چارەکێک بە پێیان بچم بۆ چوارڕێیانێکی سەرەکی تا لەوێ تاکسیی بگرم بۆ ئەوەی خۆم بگەیەنمە ناوەندی شار کە شوێنی ژیانم بوو. چەند جار، مسافیری بەپەلە بە سرتە ئەو خانمانەیان وشیار دەکردەوە کە بە پێیان بەرەو هەمان ئاراستەی ئێمە دەرۆیشتن و دەیانگوت لە پرسگەی "حیزبوڵڵا" گەشتی ئیرشادی لێیە و خەریکی جاڕزکردن و گرتنی ژنانە. پرسگەکان زۆر جار کەمتر کاریان بە جێبەجێکردنی بڕیارە کۆمەڵایەتییەکانی ئایەتوڵڵاکان بوو تا گەندەڵی. گەشتی ئیرشاد، کە زۆربەیان هی ناوچە هەژارترەکانی کۆمەڵگەی خۆراوای تاران یان گەڕەکەکانی باشووری تاران بوون، داوای دراو یان دەکرد تا پێش بە دەستبەسەرکران بگرن. ئەوان تاقمێک لەو کەسانەی دراویان نەدەدا لە وانێتی پۆلیسدا کۆیان دەکردنەوە و دەیانبردنە بنکەیەک تا بە زۆرەملێ دروای زۆرتریان لێ بستێنن.

لە کاتێکدا ئەوانەی لە ڕوانگەی سیاسی و ئابوورییەوە بە ڕێبەری گەورە -عەلی خامنەییەوە- نەبستراونەوە بەو ناڕەزایەتییانەی ئێستا دڵخۆشن، خۆزگەخوازیی بە تەنیا نابێتە هۆی سەرکەوتن. کۆماری ئیسلامی کەڵک لە ژمارەیەک ستراتیژیی بۆ سەرکوتکردنی ویستی جەماوەریی وەردەگرێ.

### سەرچاوەی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی دژی ناڕەزایەتی

ئێران لە یەکەم وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە باوەشی بۆ ئینتەرنێت کردەوە. کاتێک من بۆ یەکەم جار لە ١٩٩٦ سەفەرم بۆ ئێران کرد، چاوەدێری هێشتا لەگۆترە بوو. لە کاتێکدا کە بێگومان هێندێک ئامرازی ئێلێکترۆنیک بوونیان هەبوو، بەشی هەواڵگریی زۆرتر پشتی بە هەواڵگریی مرۆیی بەستبوو: بەرتیلیان دەدا بە کارمەندانی کافێنێتەکان تا سیخوڕی بکەن یان داوایان لە بەڕێوەبەرەکان دەکرد مێژووی گەڕانەکان تۆمار بکەن.

ئەوە لە ١٩٩٩ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، کاتێک کۆماری ئیسلامی ئەزموونی یەکەم نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی تاقی کردەوە. چەخماخەی ئەو وەرسووڕانە بە هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر شوێنی حەوانەوەی خوێندکاران لە ناوەندی تاران لێ درا. چەند کاتژمێر پێشتر، خوێندکارەکان بە شێوەی هێمنانە نارەزایەتییان دژی داخرانی رۆژنامەیەکی بەناوبانگ دەربڕیبوو. ئەندامانی سپای پاسداران بە جلوبەرگی مەدەنی رژانە شوێنی حەوانەوەی خوێندکاران، کەلوپەلی خوێندکارانیان تێکشکاند و دزییان و، خوێندکارانیان لە پەنجەرەوە فڕێ دا خوارەوە و لانیکەم کەسێکیان کوشت.

ئاستی تووڕەیی و خێرایی بڵاوبوونەوەی نارەزایەتییەکان ڕژێمی پەشۆکاند و تەنانەت ئێرانییەکانیشی تووشی سەرسوڕمان کرد. بە هەڵکەوت، من دیسان ئەوکاتی لە تاران بووم. پچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت یارمەتیی نەکرد. بەسیج درێژەی بە لێدانی سەری خەڵک دا، بەڵام دەگەڵ دەستکردنەوەی ئێرانییەکان ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی لە ڕادەبەدەر، ڕژێم شەقامەکانی ئارام کردەوە، بەڵام هەموو ڕووداوەکە هەناوی هێزە ئەمنییەتییەکانی هەژاند.

## شەڕی دەروونیی کۆماری ئیسلامی

لە ئاکامدا ڕژێم ڕووی کردە چین تا یارمەتی بکات بۆ ناسینەوەی ڕوخسار . کاتێک دوو ساڵ دواتر دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ناچارکردنی یانەی نیشتمانیی تۆپی پێی ئێران بۆ دۆڕاندنی کێبڕکێیەکی چوون بۆ پاڵەوانەتیی جیهانی تا پێش بە جەژنگرتنی تێکەڵی ژن و پیاو لە سەر شەقام بگرێ، نارەزایەتییەکان سەریان هەڵدایەوە، ڕژێم وێنەی خۆپیشاندەرانی دەگرت و پاشان ئەوانی چەند رۆژ دواتر دەستبەسەر دەکرد، هێندێک جار پاش چەند حەوتوو و لە نیوەشەودا، کاتێک لە چاوی دنیا دوور بوون.

لایەنە بەد نییەتە ڕاستەقینەکەی ئەو ستراتیژییە ئەو کارانە بوون کە ڕژێم دەگەڵ دەستبەسەرکراوەکانی کرد. زۆر جار، بەرەوڕووی سزای گەلێک دژوار دەبوونەوە. زۆر جار، دوای ئەوەی پۆلیس دەیبردنە بەندیخانەی ئێڤین، هێزە ئەمنییەتییەکان ئەشکەنجەیان دەکردن. ژن و پیاو باسی لێدان، جارزکردنی سێکسی و، ئەشکەنجەی وەک سەر لە پیسایینانیان کردووە. بەڵام ڕژێم ئەوانی تا هەتایە لە بەندیخانەدا ڕانەدەگرت. لەجیاتان، ئەوان پشوویان دەدا بە زیندانییەکانیان بۆ کۆتایی حەوتوویەک یان ڕەنگبێ زۆرتریش. زیندانییەکان دەگەڕانەوە ماڵەکانیان و نە تەنیا ئەندامانی بنەماڵەکانیان، بەڵکو دۆست و هاوپۆلەکانیشیان دەیاندیت کە هەڤاڵ و خۆشەویستە بەندکراوەکانیان لە ڕوانگەی فیزیکی و دەروونییەوە ئەو

کەسەی چەند حەوتوو لەوەپێش نین. پەیامەکە ڕوون بوو: سنوورێک ببەزێنی، ئەوە تۆش دەگرێتەوە. بۆ تەکمیل کردنی خراپەکارییەکەیان، ئەوانیان دەگێڕایەوە بەندیخانە.

## ڕێکخستنەوەی سپای پاسداران بۆ تێکشکاندنی ناڕەزایەتییەکان

ڕێبەرایەتیی ڕێژیم خێرا سەرنجی دا کە سەرەڕای هەوڵەکانی، ڕێژەی ناڕەزایەتییەکان ڕوو لە زیادبوونە. لە ٢٠٠٧، محەممەدعەلی جەعفەری ڕێبەرایەتیی سپای پاسدارانی گرتە دەست. لێکدانەوەی ناوبراو لەمەڕ ئەمنییەت لە بەرپرسی پێش خۆی، یەحیا ڕەحیم سەفەوی کە ئێستا ڕاوێژکاری سەربازیی تایبەتیی خامنەییە، جیاواز بوو. ئەو پێی وابوو کە هەڕەشەی نێوخۆیی بۆ سەر ڕێژیم لە هی هێزی دەرەکی زیاترە، بە تایبەتی دوای لە سێدارەدانی سەرکۆماری عێراق سەددام حوسێن. لەبەر ئەو هۆیە، جەعفەری سوپای پاسدارانی لە سەرڕا ڕێکخستەوە تا لە هەر پارێزگایەک یەکەیەک بکاتە بەرپرسی ئاسایشی هەمان پارێزگا. ڕوونکردنەوەی ئەوە کە ئاخۆ کارمەندانی ئەو یەکەیانە خۆجێین یان نا، بۆشایی هەواڵگریی واشینگتۆنە، هەرچەندە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوڕۆ گرینگە، چونکە ئاشکرای دەکات ئاخۆ لە کاتی فەرمانی تەقەکردن لە جەماوەری سەر شەقام، خزمایەتی لە ئایدیۆلۆژی گرینگترە. لە ٢٠٠٩، ستراتیژیی گۆڕدراوی دژی ناڕەزایەتی کاریگەر بوو؛ ئەوڕۆ، ناڕوونە ئاخۆ بە هەمان شێوە دەبێ.

ڕێژیم بە هەمان شێوە ستراتیژیی دەستبەسەرکردنی پێشگیرانەی ئەو کەسانەی گرتۆتە بەر کە چالاکیی ئەوان لە هێڵە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان تێپەڕ دەبێ. ئەوە هۆی سەرەکیی ئەوەیە کە بۆچی ڕێژیم چالاکانی ژینگە و سەندیکا کرێکارییەکانی دەستبەسەر کرد.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمنییەتەوە، ڕێژیم پەیوەندییەکی ئاشق-نەفرەتیی بەرانبەر بە ئینتەرنێتەوە هەیە. هێنانەخواری خێرایی ئینتەرنێت و پچڕاندنی بەستەری ماڵپەڕەکانی سۆشیالمێدیا ستراتیژیی یەکلاکەرەوەی ڕێژیمە، بۆیە توانایی ئیلان ماسک بۆ هێنانەکایەی جێگرەوەیەکی ڕایەڵەی پەیوەندیگرتن گرینگە. هەر لەو کاتەشدا، لە دەستپێکی ناڕەزایەتییە ئابوورییەکانی ٢٠١٨، ئەو ڕێژیمە هەوڵی دا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی سەرکردەکانی ناڕەزایەتییەکە کە ڕوخساری خۆیان بۆ ڕێگریی لە ناسرانەوە حەشار دابوو، کەڵک لە تویتەر وەرگرێ.

بەشی: سێهەم

## بەرەوڕووبوونەوەی سەدەیەک سەرکوت

خولیای دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵی زانیاریی تەنیا بۆ پێشگرتن بە هاوئاهەنگیی خۆپیشاندەران نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بتوانن دوور لە چاوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، تاوانە دژی مرۆڤایەتییەکانیان بەڕێوە ببەن. تەنانەت کاتێک ڕێژیم لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەراندا پێشکەوتنی وەدەست هێناوە، کەڵکوەرگرتن لە هێزی ڕووت دوایین تیری نێو کەوانی ئەو دەمێنێتەوە. ئەوە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە. ڕەزا خان، ئەوکاتی کە ئەفسەرێکی قەزاقی پارس لە خزمەت ئەحمەد شادا بوو، بە گێڕاندنەوەی نەزم لە پارێزگاکاندا پاش دەیان ساڵ پشێوی، پلەی بەرز بۆوە. لەکۆتاییدا، لە ١٩٢٥، پارێزەری خۆی لە سەر کار لابرد و، بۆخۆی دەستی بەسەر تاج و تەخت داگرت. لە کاتێکدا کە بریتانیاییەکان لە پاشخانی جەنگی جیهانیی دووهەم و بە گومانی هاوسۆزیی بۆ ئاڵمان ئەویان لە کۆتاییدا لە سەر کار لابرد، محەممەدڕەزای کوڕی، ئەو شایەی کە لە شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ لە سەر کار لابرا، بۆ گەڕاندنەوەی نەزم، پاش ژمارەیەک ڕووداوی جیاییخوازانە لە کۆتاییەکانی چلەکانی زایینی، ڕەچاوی هەمان شێوە کاری کرد.

کۆماری ئیسلامیی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، کوردستانی ئێرانی لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی بە بێبەزەییەکی زیاتریش کردە ئامانج تا کوردەکان بەچۆک دابێنێ. وروژاندنی ناسیۆنالیستیی کوردان و هەروەها ناسنامەی سوننی ئەوان لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئەمنییەتیی ئێران دوو تاوانی ئەوان بوون. ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە کوردەکان زۆرترین ڕێژەی قوربانییانی نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانەیان داون.

کۆماری ئیسلامیی بێ شەڕ چۆک دانادا. لە کاتێکدا کە شەڕەکە هی ئێرانە و دنیای دەرەوە ناتوانی لە دەرەوەڕا سەرکەوتنی بەسەر دا بسەپێنێ، بۆ سەرکەوتنی خۆپیشاندەران، پێویستییان بە پشتگیریی ئەخلاقی و تەکنیکی هەیە. وەک دەستپێک، ستارلینکی ماسک . سەندیکا نێونەتەوەییەکان دەتوانن بە دراوی مانگرتن پشتگیریی کرێکارانی ئێرانی بکەن تا بتوانن هاوکات کە بژیوی بنەماڵەکانیان دابین دەکەن، ڕێژیم لە پەلوپۆ بخەن. ئەوە هەروەها یەکلاکەرەوەیە کە زەرەر نەگەیەنین: هەڵگرتنی ئابلۆقە و دانی دراوی زۆرەملی بە ئێران، ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی سپای پاسدارانەوە. کاتی ئەوە هاتووە پشوویەک بدرێ، ئەگەر سیاسەتی ئەوپەڕی زەختیش نەگەڕێندرێتەوە. ئەوە هەروەها یەکلاکەرەوەیە کە هەواڵەکان لە کوردستانەوە تا کیش و لە بوشەهرەوە تا بەلوچستان بە بەردەوامی بڵاو ببنەوە تا خۆپیشاندەران ببینن کە ئەوان بەشێکن لە جووڵانەوەیەکی مەزنتر و ئەشکەنجە دەرانیان تێبگەن کە بۆ هەر جۆرە پێشێلکارییەک ناچار بە وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریی دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

# ئێمە بۆ ناوی ئەو و ئاڵاکەمان خەبات دەکەین

## ئێمە بۆ ناوی ئەو و ئاڵاکەمان خەبات دەکەین: بۆچی کوردەکانی وەیڵز دەترسن پێناسەکەیان لە نارەزایەتییەکانی ئێرانیدا پاک بکرێتەوە

**نەیشن. کیمرۆ – لوک جەیمز**

زۆرینەی جیهان ئەو وەک مەهسا ئەمینی دەناسێ. ئەوە ناوی فەرمی ژنە ٢٢ ساڵانەکەیە کە مردنەکەی بە دەستی گەشتی ئێرشاد بووە هۆی نارەزایەتی بێ وێنە بۆ مافەکانی ژنان.

بەڵام بۆ بنەماڵەکەی، هەڤاڵەکانی و کۆمەڵگاکەی ئەو ژینا بوو، کە بە کوردی بە مانای "ژیانە". شوناسی دووانەی ئەو لە ئێران، ئەو شوێنەی ناوی کوردی و کەمینەکانی دیکە بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕەت دەکرێنەوە و بنەماڵەکان ناچار دەکرێن ناوی دیکە هەڵبژێرن، زۆر جار ناوی فارسی بۆ کەڵکوەرگرتن لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا، شتێکی ئاساییە.

شوناسی ڕاستەقینەی ژینا لە باشترین حاڵەتدا پاشگوێ خراوە و لە خراپترینیاندا، لە بەسەر هاتەکەیدا پاک کراوەتەوە، تا تێگەیشتنی ئێمە لەمەڕ هۆی کوژرانی تێک بدات، ئەوە بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانە.

دوکتور فەرەنگیس قادری لە زانستگای ئێکزێتەر بەشی لێکۆڵینەوەی عەرەب و ئیسلامی بە نەیشن.کیمرۆی گوت: "ئەوەی جێگای ناهومێدییە ئەوەیە کە ئەگەر، یان شیمانەی پەیوەندی کورد بوونی ناوبراو بە توندوتیژییە کوشندەکە هەر وا پاشگوێ بخرێ".

"لانی کەم ئێمە دەتوانین بڵێین ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو لەبەر ئەتنیکەکەیەوە تووشی ئەو بێ بەزەییە بوو. چونکە پێویستە لەبیرمان بێ کە ئێمە توندوتیژیی گەشتی ئێرشادمان دژی ژنان بیستووە، ڕاپۆرتی باسکی شکاو، لاقی شکاو لە هێندێک دۆخدا، بەڵام قەت تا ئەو ڕادەیە نەبووە کە ژینا ئەزموونی کرد".

## دروشم

ژینا، خەڵکی سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کە بەشێک لە ئێرانە، و دەگەڵ برایەکەی خەریکی هاتنە دەر لە وێستگەی مێترۆ لە کاتی سەردانی تاران بوو، کاتێک لە لایەن گەشتی ئیرشاد لەبەر لەسەر کردنی "لیچکە" بە شێوەی نەشیاو، دەستبەسەر کرا. دوو کاتژمێر دواتر، ئەو بە بێهۆشیی برایە نەخۆشخانەی دەوڵەتیی و لەوێ لە ڕۆژی ١٦ سێپتەمبەر گیانی سپارد.

نارەزایەتییەکان لە دەرەوەی نەخۆشخانە دەستیان پێکرد و ڕۆژی دواتر کاتێک سەدان کەس لە ناشتنی ژینادا لە شارەکەی، سەرەڕای هۆشداریی کاربەدەستان بۆ خۆ بواردن لەو کارە، بەشدار بوون گڕوتێنێکی نوێی گرتەوە. جووڵانەوەی نارەزایەتی زۆر خێرا بەسەرانسەری ئێراندا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئاماژەیەک بە ناوە کوردییەکەی، بڵاو بۆوە.

بە گوێرەی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی ئێران، لانی کەم ٢٠١ کەس، لە ناویاندا ٢٣ منداڵ، تا ئێستا لە سەرکوت کردنەکانی نارەزایەتییەکاندا لە سەرانسەری ئێران کوژراون، لەواندا دیتراوە ژنان و کچان وەک سەرپێچیکردن لەچکەکانیان لادەبەن و دەیانسووتێنن.

بە گوتەی دوکتور قادری، سەرۆکی پێشووی ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی زایەندی کە پێشدا لە ئێران ژیاوە، جووڵانەوەکە بۆتە هۆی یەکگرتوویی "بێ وێنە" لە نێوان کوردان و ئێرانییەکانی دیکەدا. ئەو گوتی، "ئەوەی ئێمە لە دەرەوەی ئێران دەیبینین، خەڵکی ئێران لە سەر شەقام لە پێناسەی کوردیی ناوبراو ئاگادارن و دانی پێدادەنێن. من پێموایە ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە ئێرانییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڕیاریانداوە دروشمی 'ژن، ژیان، ئازادی' وەخۆ بگرن کە دروشمێکی کوردییە و یەکەم جار لە شاری ناوبراو و شارە کوردییەکانی دیکە بەرز کراوەتەوە".

بەڵام ئەوەی پێموایە هیوابڕ و زیانبەخشە ئەوەیە کە من شرۆڤەکاران، پسپۆڕان و ئادێمیسییەنی ئەوتۆ دەبینم کە ئەو توخمە ئەتنیکییە ڕەت دەکەنەوە یان بە کەمی دەگرن، ئەو سەرکوتە ئەتنیکییە بەکەم دەگرن. لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەوە بۆ ئەو هاوپشتییەی خەڵک لە سەر شەقام دروستیان کردووە، زیانبەخشە".



سەرچاوە
Serchawe

## تووڕە

ئەوە یارمەتیدەری شوناسی ژینا بووە و، ئەگەری کاریگەریی لە سەر ڕەفتاری گەشتی ئیرشادی ئێران، تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستی ناونەتەوەییدا، لە ناویاندا لە وەیڵز، پاشگوێ خراوە.

چالاکان و ئەندامانی پارلمان ئەم حەوتوویە لە خۆپیشاندانی هاوپشتی لە دەروەی پارلمان لە کاردیف بەشدار بوون و ئەندامانی پارلمان وەک پشتیوانیی لە نارەزایەتییەکان لە پارلماندا قسەیان کرد و لێدوانێکیان بڵاو کردەوە کە نزیکەی نیوەی ئەندامان واژۆیان کرد. بەڵام، هیچ باسێک لە کورد بوونی ژینا لە لایەن ئەندامانی پارلمان، کە بە مەهسا ناویان برد، نەکرا.

نوێنەرانی کۆمەڵەی کوردانی وەیڵز (کاوا) گوتیان ئەوان تەنانەت پێیان گوترابوو ئاڵای کوردان دەگەڵ خۆیان نەبەن بۆ پارلمان. تەنیا ئاڵای دیار لە وێنەکاندا، ئاڵای ئێرانی پێش شۆڕشی ئیسلامی حەفتاکانی زایینی بوون.

نوێنەرێکی کاوا بە نەیشن.کیمرۆی گوت، "خەڵکی فارس زمان کە لایەنگری ڕێژیمی پێشوون بە کوردەکانیان گوتووە نابێ ئاڵای کوردی بێنن. لە بنەڕەتدا، ئەوان نارەزایەتییەکان بە قازانجی خۆیان بە بارمتە دەگرن." لە مانگی ڕابردوودا کوردەکانی وەیڵز دوو خۆپیشاندانیان لە کاریف بەڕێوە بردووە.

لەیلا حەسەنزارە، کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەڵام ٢٠١٤ بەولاوە لە کاردیف دەژی، یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەشدار بوو بۆ نەیشن.کیمرۆ باسی چۆنیەتی سەپاندنی زۆرە ملیی حیجاب تەنانەت پێش دروست کردنی گەشتی ئیرشاد لە ٢٠٠٥ی کرد. ئەو گوتی، "لە قوتابخانە، لە دەرێ، هەموو کاتێک، ئێمە حیجابمان دەپۆشی. ئێمە لە پۆلیس دەترساین. تەنانەت ئەو کاتەی گەشتی ئیرشادیش نەبوو، ئێمە هێشتا ناچار بووین وریا بین. بە تایبەتی لە قوتابخانە، ئەوان زۆر سەختگیر بوون".

لەیلا گوتی خەبات بۆ دانپێدانانی شوناسی ڕاستەقینەی ژینا هاوکات دەگەڵ خەبات بۆ مافەکانی ژنان و چاکسازیی دێموکڕاتیک "بەژانە."

بەشی: سێهەم

ئە وگوتی: "ئێمە تووڕەین چونکە لێرە دەیانهەوێ دەممان ببەستین و هیچ شتێک لەبارەی کوردستاندا نەڵێین. تەنانەت نەڵێین ژینا. ئەوە زۆر بەژانە. خەباتی ئێمە دژوارترە چونکە ئێمە دەبێ بۆ ناوی ئەو و بۆ ئاڵاکەمان بجەنگێین. لەبەر ئەو هۆیەیە من تووڕەم و هەموو شەوێ ناتوانم بخەوم، تەنیا دەگریم".

## داماڵین لە مرۆڤ بوون

نزیکەی ٣٥ - ٢٥ ملیۆن کورد هەن کە زۆربەیان بە سەر چوار دەوڵەتی: تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەدا دابەش بوون. لە ئێران، کوردەکان نزیکە ١٠% لە حەشیمەتن. بێجگە لە جیاوازیی ئەتنیکی و نەتەوەیی، سروشتی زۆرتر سێکولاری کومەڵگای کوردەواری ئەوان هێندەی دیکەش دەگەڵ دەوڵەتی ئایین تەوەری ئێران نەیار دەکات.

بە گوێرەی ڕێکخراوی لێبوردنی ناونەتەوەیی، کەمینە ئەتنیکییەکان، لە ناویاندا کورد، زۆرتر وێدەچی حوکمی ئیعدامیان لەبەر تاوانی ئایینی وەک "دوژمنایەتی خودا" بەسەردا بسەپێنرێ. ئەو ڕێکخراوەی مافەکانی مرۆڤ هەروەها دەڵێ هەڵاواردنی ئەتنیکی "بەربەستە بۆ دەستڕاگەیشتن بە خوێندن، دامەزراندن و پلەوپایەی سیاسی".

بە گوتەی دوکتور قادری، بێ دابڕان لە خەباتی مافی ژنان کە هەر ئێستا لە سەرانسەری ئێران لە ئارا دایە، پێداگریی لە دانپێدانانی شیاو بە شوناسی ژینا بەشێکی گەلێک گرینگە بۆ ئەوان.

**ئەو گوتی، "ئەوە گرینگە کە هەڵاواردنی مێژوویی، سیستەماتیک و بەدامەزراوەییکراو دژی کوردان، داماڵین لە مرۆڤ بوونی کوردان، دانی پێدا بنرێت. ئەوە یەکەم هەنگاوە بۆ دروست کردنی وڵاتێکی دێموکراتیک".**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

## ئازایەتیی بێوچانی خۆپێشاندەرە ئێرانییەکان، تاقیکارییەکی ئەخلاقیی بۆ دنیای ڕۆژاوایە

سی ئێن ئێن- فریدا غیتیس

چل ڕۆژ دوای کوژرانی مەهسا ئەمینی دوای گیرانی لەلایەن گەشتی خۆتێهەڵقوتێنەری ئیرشادی ئێرانەوە، ئەو خۆپیشاندانەی مردنی ناوبراو چەخماخەکەی لێدا، بەربڵاوتر، سەرکێشانەتر و بڕوابەخۆتر بووە. ئەوان هەروەها ئەرکی ئەخلاقیی دنیایان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر قورستر کردووە.

لە شاری شوێنی لە دایکبوونی ئەمینی، سەقز، شوێنی ناشتنی ئەو کچە ٢٢ ساڵەیە، هەزاران کەس سەرپێچییان لە پۆلیس کرد و کۆ بوونەوە تا ڕۆژێکی گرینگ لە پرۆسەی ماتەمینەکەدا تۆمار بکەن، ئەگەرچی هێزە ئەمنییەتییەکان گوللە و گازی فرمێسکرێژیان پێوە دەنان. هەروەها خۆپیشاندان لە ژمارەیەک شاری دیکەش بەڕێوە چوون: لە ئیسفەهان، ژنان بە بڕوابەخۆبوونەوە لەچکەی ڕەشیان هەڵدەسووراند و هاواریان دەکرد "ئازادی، ئازادی!". لە شیراز ژنی لاو بە متمانەوە بە پیادەڕۆیەکانی شاردا بە سەری ڕووت دەگەڕان و پرچەکانیان بە شنەی با دەشەکایەوە کە ئەمە پێشێلکردنی یاسای ئێرانییە. لە ئامۆل، شوێنێک کە کاربەدەستان تەقەیان لە خۆیشاندەران کرد و لێیان کوشتن، ژن و پیاوی بەبێ چەک ڕاستەوخۆ بەرەو هێزی ئەمنیەتی چەکدار دەڕۆیشتن، چۆکیان دادەدا، دەستەکانیان بەرز دەکردەوە و ڕایاندەگەیاند ئامادەن لە پێناو مافەکانیاندا بمرن.

لە کاتێکدا کوژرانی ئەمینی بۆتە چەخماخەی ئەو سەرهەڵدانە، ئەوە لەچکەی زۆرملێ، یان حیجابە کە بۆتە سیمبۆلەکەی، چونکە تێکهەڵچوونەکەی دەگەڵ گەشتی ئیرشاد بۆ ژمارەیەکی زۆر ژن ئاشنا بوو. ئەو مانگی ڕابردوو کاتێک لە شاری خۆیەوە لە ناوچە کوردییەکانی ئێران بە سەردان چوبوو بۆ تاران، بە بیانووی دانەپۆشینی خۆی بە شێوەی گونجاو، سووکایەتییەک کە ژنانی ئێرانی بەردەوام لەبەر پێشێلکردنی بچووکی یاسای حیجاب بەرەوڕووی دەبنەوە، دەستبەسەر کرا. دواتر کاربەدەستان ئیدیعایان کرد ئەمینی، کاتێک لە "ناوەندێکی ڕاهێنانەوە" بوو لەبەر نەخۆشی مردووە. بنەماڵەکەی دەڵێن ئەو تەندروستییەکی بێخەوشی هەبوو.

لە حەوتووەکانی دوای ئەو ڕووداوەوە، ڕێژیم سەدان خۆپیشاندەری ئاشتیخوازی کوشتووە، لە نێویاندا ڕێژەیەکی زۆر منداڵ و

**بەشی: سێهەم**

لە پێش هەمووانەوە ژنی لاو. یەکێک لەو هەرزەکارانەی بوێرییەکەی و کوژرانەکەی بۆتە هۆی هاواری خۆپیشاندانەکان نیکا شاکەرەمی-یە، کیژێکی ١٦ ساڵە کە مانگی ڕابردوو دوای ڕاوەشاندنی لەچکەکەی لە خۆپیشاندانێکی تاران و پاشان ئاگرتێبەردانی لەچکەیەک لەبەر چاوی تاقمێکی بچووک، بێ سەرو شوێن بوو.

دواتر نیکا بە مردوویی دۆزرایەوە. ئەگەرچی مێدیاکانی دەوڵەتی ئێران ئیدیعایان کردووە مردنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە خۆپیشاندنەکانەوە نەبووە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی سی ئێن ئێن، گرتەیەکی ڤیدیۆیی و شایەتیی کەسێک ئاشکرای دەکەن ئەو دوای خۆپیشاندانەکە لەلایەن بەسیجی لیباس شەخسییەوە، هێزی ئەمنیەتی کە ڕێژیم کەڵکی لێ وەردەگرێ تا خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات، ڕاوەدوو نراوە.

شایەتحاڵان بە سی ئێن ئێن‌یان گوت ئەوان ئەو شەوی دوای خۆپیشاندانەکان نیکایان لەنێو تاقمی خۆپیشاندەراندا دیتووە کە دەستبەسەر کراوە. ئەوە دوایین جار بوو کە ناوبراو دیتراوە، چەند ڕۆژ بەر لەوە جەستەی ئەشکەنجە کراوەکەی بدرێتەوە بنەماڵە تازیەبارەکەی. ئێستا دایکی نیکاش دەچێتە خۆپیشاندانەکان.

بوێریی ئێرانییان، لاو و بەساڵداچوو، کە هەموو شتێکیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ ئەگەری ئازادی، بەپێچەوانەی پێشبینییەکانی چاودێرانی بیانییە. بە وەبیرهێنانەوەی سەرهەڵدانە ناسەرکەوتووەکانی پێشوو، زۆریان دەلیلیان دەهێناوە کە هێزی ئەو یەکەیان، بە هاواری "ژن، ژیان، ئازادی،" کەمێک لە تراویلکەی مەحکووم بە شکستی سۆشیال مێدیا بەهێزترە.

بەڵام ناڕەزایەتییەکان بەردەوامن. دوای حەوت حەوتوو، ئەوان لە سەرجەم سەرهەڵدانەکانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کە ڕێژیمی پەهلەویی ڕووخاند و بووە هۆی هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئایینیی هەنووکەیی، بەردەوامتر بوون و ئەو ناڕەزایەتییانە لە ئەوانی پێشووتر جیاوازن. لە ٢٠٠٩، جووڵانەوەی سەوز پشتیوانیی لە کاندیدایەکی ڕیفۆرمخواز دەکرد. لە ٢٠١٩، خۆپیشاندەران باسی مەرجە دژوارەکانی ئابوورییان دەکرد. ئەمجارە، ژنان و ئەو پیاوانەی تێکەڵیان بوون هاوار دەکەن، "مردن بۆ دیکتاتۆر." ئەوە پرسی ریفۆرم نییە. ئەوە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییە.

با ڕووڕاست بین. لە یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانەوە، ئەوە ئیلهامدەر، بەڵام هاوکات ترسێنەر بووە چاوی لێ بکەی. ئێمە نەماندەزانی کۆماری ئیسلامی توانایی ئەنجامدانی چ کارهایەکی هەیە. ئێمە بۆ سەلامەتیی ئەو خەڵکە ئازایە بەپەرۆشین

و، هانـدانیان نابەرپرسـانە دێـتە بەرچـاو. هەر چۆنێـک بـێ شانسـی سـەرکەوتنیان زۆر نیـیە. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەوان هەڵیانبژاردووە درێژە بە خەباتیان بدەن. ئەوان شایانی هاوپشتیی ئێمەن.

وەک تـاقمێکی ١٢ کەسیی وەزیرانـی ژنـی کاروبـاری دەرەوە لە لێدوانێکـدا لە ٢٦ی ئۆکتـۆبر ڕایانگەیانـد، "ئـێمە ئەرکـی ئەخلاقیمان هەیە" پشتیوانی لەو جووڵانەوە بە ڕێبەریی ژنان بکەین. بەڵام خەڵکی خوازیاری ئازادیی لە ئێران پێویستییان بە شتێکی زۆرتر لە پشتگیریی سیمبۆلیک هەیە، ئەگەرچی سیمبۆلیش گرینگە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانی دیکەی ڕۆژاوایی هەمیشە لە پشتگیریی خۆپیشاندەرانی ئێرانی نیگەران بـوون، چونکە ڕێژیم هەر ئێستا ئەوانەی دژایەتی دەکەن ڕەت دەکـاتەوە و دەڵـێ ئەوانە دەسکیسی ڕۆژاوان. بەڕێـوەبەرایەتی ئۆبـاما ئیزنـی دا نیگەرانییەکی ئەوتۆ پێشی بە وەڵامدانەوە لە کـاتی ناڕەزایەتییەکـانی ٢٠٠٩ بگرێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایـدن هەوڵ دەدا خۆ لە دووپاتکردنەوەی ئەو هەڵەیە ببوێرێ. هەر ئێستا، واشینگتۆن چەنـد جـار پشـتگیریی خـۆی بـۆ جـووڵانەوەی ئەمجـارە دەربڕیـوە. ڕۆژی چوارشـەممە، وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە ئـابلۆقەی نـوێی دژی ئەو ئێرانییـانەی لە سـەرکوتی خۆپیشاندانەکانەوە تێوەگلاون ڕاگەیاند.

ئەوە دەستپێکێکی باشە. هەر کاربەدەستێکی ڕێـژیم، میلیشیای بەسیج، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێـران، کە دەستیان لە سەرکوتی خۆپیشـاندانەکاندا هەبـووە دەبـێ پێشـیان پـێ بگیرێت بێنە نێـو خـاکی ئەمریکـا. وڵاتـانی دیکەش دەبـێ ئەو هەڵوێستە بگرنە بەر.

بەڵام دەکرێ زۆر کـاری دیکەش بکرێن. ئەو حەوتـوویە ئاڵمـان ڕایگەیانـد، بە لەبەرچـاوگرتنی دۆخەکە، چیـدیکە نـاتوانن "وەک نە بـای هـاتبێ و نە بـاران" دەگەڵ ئێـران هەڵسوکەوت بـکەن، بـۆیە وەڵامێکـی بەربەرینـی دیپلۆماتیـک دەداتەوە کە پێداچوونەوە بە پەیوەندییە بازرگانی و دارایی دوولایەنە، پشتگیریی لە ڕێکخـراوە نـاحوکوومییەکـانی چـاودێری تـاوانەکـانی دژی خۆپیشـاندەران و پەرەپێـدان بە پارێزگـاریی لە "ئەو ئێرانییـانەی ئەگەری زەرەرمەنـدبوونیان لە سـەرێیە،" لەگەڵ هەوڵی دیکە، دەگرێتە خۆ.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دیکەی، دێموکراسییەکان لە سەرانسەری دنیا و هەر وڵاتێک کە دژی ئاکارەکانی ڕێژیمن دەبێ یەک بگرن تا ئێران لە ڕوانگەی دیپلۆماتیکەوە تەریک بخەنەوە. پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکان دەبێ درێژەیان

**بەشی: سێهەم**

هەبێ، بەڵام تا ئەوکاتەی ئێران خۆپیشاندەران دەکووژێ، پەیوەندییەکان دەبێ لە ئاستێکی نزمدا بن. هەروەها ئێران دەبێ لە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دۆخی ژنان وەدەر بنرێ، چونکی بوونی ئەو لەویدا گاڵتەجاڕییە.

ئەوسا دەگاتە پرسی وەلاتانی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، بەرجام، کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەوڵی زیندووکردنەوەیدا بووە. هەنووکە، دانوستانەکان بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنەکە، کە بەمەبەستی وەدوا خستنی توانایی ئێران بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی داڕێژراوە، بۆیە ڕاوەستاون چونکە ئێران بەردەوام مەرجەکان زیاتر دەکات. وەزیری کاروباری دەروە، ئانتۆنی بلینکەن گوتوویەتی ئەو چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ بەرجام لە "داهاتوویەکی نزیکدا" ناکات. لێدوانێکی ئەوتۆ بەو مانایەیە کە هەوڵی ژیاندنەوەکەی بەتەواوی کۆتایی نەهاتووە.

وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دەیانهەوێ پێش بە ئێران بگرن تا دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات، ئەوە شتێکە کە ناکرێ بخرێتە ژێر پرسیار. بەڵام دەستپێکردنەوەی ڕێککەوتنەکە دەتوانێ سەدان میلیارد دۆلار بداتە ڕێژیمێک کە هەنووکە خۆپیشاندەری ئاشتیخواز دەکووژێ، ڕووسیە بە درۆنی کوشندە تەیار دەکات کە بۆ کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی ئوکراین کەڵکیان لێ وەردەگرێت و درێژە بە پشتیوانیی لە تاقمی تێرۆریست لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەدا. لانی کەم، ئاقڵانەبوونی زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی دەبێ دیسان هەڵسەنگێندرێتەوە.

**ئازایەتیی بێوچانی ژنانی ئێرانی، خەڵکی ئێران، تاقیکارییەکی بەوەختە بۆ باقی دنیا. ئەوان شایانی شتی زۆرتر لەوەن کە تا ئێستا پێیان دراوە.**

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٤ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

# وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران

### نیویۆرک تایمز - دەیڤید ئی سانگەر

لە کاتێکدا دەوڵەتی ئێران لە جەنگی نێوان ڕووسیە و ئوکراین، یارمەتی ڕووسیە دەکات و درێژە بە پیتاندنی ناوکی دەدات، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن گەمارۆی نوێی خستوونە سەر تاران و پشتگیریی خۆی لە خۆپیشاندەران ڕاگەیاندووە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئێران بە پشکێنەرانی نێونەتەوەیی ڕاگەیاندووە بەتەمایە دەست بە پیتاندنی سووتەمەنیی ناوکی تا نزیکی ئاستی بۆمبی ناوکی لە قوولایی چیادا، شوێنێک کە بۆمبارانکردنەکەی دژوارە و بەرهەمهێنانی سووتەمەنیی ناوکیی خۆی، لە بنکەیەکدا کە ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان پەیتا پەیتا هەوڵی سابۆتاژیان داوە، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە پێ دەدات.

هێزە حکوومەتییەکان نارەزایەتییە دژی دەوڵەتییەکانیان سەرکوت کردوون، درۆنیان داون بە ڕووسیە تا لە جەنگی خۆی دژی ئوکراین کەڵکیان لێ وەرگرێ و، بە گوێرەی بەشێک لە هەواڵگریی ڕۆژاوایی، گومانی ئەوە هەیە خەریکی وتوویژ لە مەڕ بەرهەمهێنانی هاژەک بۆ جبەخانەی چۆڵی ڕووسیە بێ. وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژی سێشەممە جارێکی دیکە ئێرانی تاوانبار کرد کە بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان، دەستدرێژیی کردۆتە سەر خاکی عێراق.

سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئێران دەستی پێ کردووە. بۆ ماوەیەک و لەبەر ڕووداوی دراماتیکی دیکە، لە ناویاندا داگیرکرانی ئوکراین و پەرەگرتنی کێبڕکێی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ چین و، درێژە کێشانی وتوویژ دەگەڵ تاران بە شێوەی ناتەواو، بۆ ماوەی ١٨ مانگ، سەرهەڵدانەکەی شاراوە بوو.

ئێستا، هیوای سەرکۆمار بایدن بۆ گەڕانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نێو ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ دەگەڵ ئێران، کە سەرکۆمار ترامپ لێی کشابۆوە، بەتەواوی مردووە. وتووێژەکان لە مانگی سێپتەمبەردا ڕاگیران و، لەو چەند حەوتوویەی دواییدا بایدن گەمارۆی نوێی خستۆتە سەر ئێران و پشتیوانی لە نارەزایەتییەکان، کە توندئاژۆکانی ئێران وەک هەڕەشەی

کوشندە باسیان کردووە، دەربڕیوە.

بە گوتەی چەند کاربەدەستی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە کۆشکی سپی، کۆبوونەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە بارەی ئێراندا کەمتر بۆ ستراتێژیی وتووێژ و زۆرتر بۆ چۆنیەتیی بنکۆڵکردنی پلانەکانی ناوکیی ئێران، دابینکردنی کەرەستەی پەیوەندی گرتن بۆ خۆپیشاندەران و پساندنی زنجیرەی دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە، تەرخان کراون.

جان کێربی، وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، مانگی ڕابردوو بەڕاشکاوی بە دەنگی ئەمریکای گوت، "لە ئێستادا هیچ دیپلۆماسییەک لە پەیوەندی دەگەڵ ڕێککەوتنی ئێران لە ئارادا نییە. ئێمە ئێستا لە دۆخێکی چەقبەستوو داین و، جەخت لەسەر ئەو ناکەینەوە." هێنری ڕۆم، هاوکارێکی پلەبەرزی ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، گوتی مەودای هەڕەشەکە گەلێک لەوە زیاترە کە بە تایبەتی بەرپرسانی پێنتاگۆنی نیگەران کردووە: گواستنەوەی چالاکیی نیگەرانکەرترین پیتاندنی ناوکی بۆ دامەزراوەی ژێرزەمینی بە ناوی فۆردۆ، کە دە ساڵ لەمەوبەر دروستکردنەکەی تەواو بووە. بەڕێز ڕۆم گوتی، "بیر لەوە بکەنەوە، بە بەڕێوەبەرایەتییەک کە لە ژانویەی ٢٠٢١ دەستی بە کار کرد بگوترابا لە ماوەی دوو ساڵدا، ئێران ئورانیۆم تا ئاستی نزیک بۆمبی ناوکی لە فۆردۆ دەپیتێنێ، ژمارەیەکی زۆر لە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی پیتاندن وەگەڕ دەخات، ئۆرانیۆمی بەرز پیتێندراو بۆ چەند بۆمب کۆ دەکاتەوە و هەوڵە سیاسییەکان ڕەت دەکاتەوە. ئەوە خراپترین سەناریۆ نییە، بەڵام زۆر لێی نزیکە".

لە هاوینی ڕابردوودا، کاربەدەستانی ئەمریکایی هێشتا هیوادار بوون ڕێککەوتنە ناوکییەکە زیندوو بکەنەوە. ڕێککەوتنێک کە ئێران و وڵاتانی ئورووپایی وتووێژیان لەسەر کردبوو نزیکەی تەواوبوون بوو. نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، کە ئێرانییەکان خۆیان لە وتووێژی ڕاستەوخۆ دەگەڵیان دەبوارد، هێڵکارییەکانیان پەسەند کردبوو و چاوەڕوانی واژۆی ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیی بوون، کە قەت نەگەیشت.

کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتوونە ئەو لێکدانەوەیە کە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، لەنێو ئێرانییە کۆنەپارێزەکان و سوپای پاسداراندا، وەک لە نێو ڕەخنەگرانی ئەمریکایی ڕێککەوتنەکە، ناخۆشەویستە. ئێرانییەکان، ئەگەرچی تێیدا ناسەرکەوتوو بوون، بەڵام چاوەڕوان بوون وڵاتە یەکگرتوەکان بەڵێنی بدا کە قەت جارێکی دیکە بە شێوەی یەکلایەنانە لە ڕێککەوتنەکە ناکشێتەوە. ئەوان دەیانزانی کاتێک بگەڕێنەوە نێو ڕێککەوتنەکە، زۆربەی سووتەمەنیی ناوکی، کە ئێران لە جوابی بڕیاری دۆناڵد ترامپدا بۆ کشانەوە کۆی کردۆتەوە، دەبێ بۆ دەرەوەی وڵات بەرێ

بکرێ.

ئەوسا ناڕەزایەتییەکانی سەرشەقام دەستیان پێ کرد و ڕێککەوتن دەگەڵ ڕووسیە لە بنەڕەتدا بووە هۆی ئەوە کە ئێران، دەگەڵ بێلاڕوس، بکەونە بەرەی یارمەتیدەری داگیرکاریی ڕووسیە.

ڕابێرت ماڵی، نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوە بۆ وتوویژ دەگەڵ ئێران، ڕۆژی سێ شەممە گوتی، "ڕێژیم تاقمێک هەلبژاردنی یەک لە دوای یەکی کردوون کە بە شێوەی پەرەئەستێن ئەوان لە خەڵکی خۆیان و تا ڕادەیەکی زۆریش لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دادەبڕێ، لە نێویاندا لە وڵاتانی ئورووپایی کە بەشێکی زۆر لە ساڵەکانی دەسەڵاتداریی ترامپیان بۆ دۆزینەی ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوکییەکە تەرخان کردبوو".

بەڕێز ماڵی، زۆر جار لەبارەی ئەگەری ڕێگاچارەیەکی دیپلۆماتیکدا گەشبین بووە، بەڵام ڕوانگەکەی بەئاشکرا گۆڕاوە. ئەو گوتی، "ئێران پشتی لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە کرد کە خەریک بوو دەگەیشتە ئاکام"، ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە "لە تێوەگلان" دەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ناسەرکەوتوو بوو، کاتێک ئەوان داوای سەردانی زۆرتر و زانیاریی زیاتر لەمەڕ ئەو شوێنانەیان کرد کە ماددەی ناوکی لێیان بینرابۆوە. پاشان ئێران پلانی بنکەیەکی نوێی بەرهەمهێنانی ناوکی ڕاگەیاند.

بەڕێز ماڵی گوتی، ئاکامەکە "تاقمێک خولی خراپ بوون. سەرکوت دەبێتە هۆی ناڕەزایەتیی زیاتر. خۆپیشاندانی زۆرتر دەبێتە هۆی سەرکوتی زیاتر. هاوپەیمانی دەگەڵ ڕووسیە تەنیا ئێران زۆرتر تەریک دەخاتەوە، کە دەبێتە هۆی پەرە گرتنی ئەو هاوپەیمانییە و نەبوونی هیچ هاوبەشێکی دیکە".

نیگەرانیی سەرەکیی ئیسرائیل و خەڵکێکی زۆر لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕاگەیاندنی پیتاندنی ئورانیۆم تا پلەی ٦٠ لە سەد لەلایەن ئێرانەوە لە بنکەی فۆردۆ، بنکەیەک کە لەنێو چیایەکدا هەڵکەتووە و بنکەیەکی سەربازییە، دوای هێرشی پەیتا پەیتای سایبەری و فیزیکی بۆ سەر بنکەی پیتاندنی ناوکیی نەتەنز، بوو. لە کاتی وتوویژی ناوکی لە نێوان ٢٠١٣ تا ٢٠١٥، بەڕیوەبەرایەتیی ئۆباما هەوڵی دا بنکەی فۆردۆ داخرێ. سەرۆکی وتوویژکاران، وێندی شێرمەن، کە ئێستا جێگری وزیری کاروباری دەرەوەیە، ئەوکات گوتی شکستی داخستنی فۆردۆ لە گەورەترین بێهیواییەکان بوو، ئەگەرچی ڕێککەوتنەکە بەڕوونی چالاکییەکی ناوکی ئەوتۆی قاچاغ کردبوو کە ئێرانییەکان لەو دواییانەدا گوتوویانە لەوێ بەڕیوەی دەبەن.

**بەشی: سێهەم**

پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە کە ئاخۆ دەوڵەتی نوێی ناسازشکارتری ئیسرائیل کە بێنیامین نەتانیاهو خەریکە پێکی بێنێ گوشار دێنێ بۆ هێرش بۆ سەر ئەو بنکەیە، کە دژوارە وێران بکرێ مەگەر بە مەزنترین بۆمبی تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوی؟ وڵاتە یەکگرتوەکان و هەروەها ئیسرائیل ڕاهێنانی هێرشی ئەوتۆیان کردووە و، بەڕێز نەتانیاهو، دوایین جار کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بوو، زۆری نەمابوو بڕیاری هێرشێکی ئەوتۆ بدات.

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێکی گشتی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە، ئێران ئێستا هێندە گەشەی بە بەرنامە ناوکییەکەی داوە کە دەتوانێ سووتەمەنیی شیاوی بۆمب لە ماوەی چەند حەوتوودا کۆ بکاتەوە، لە کاتی ڕێککەوتنی ٢٠١٥ دا لێکدانەوەکە ئەوە بوو کە ئەو کارە کەمتر لە ساڵێک دەخایەنێ. بەڵام ڕۆژاوا هێشتا کاتی هەیە: کاربەدەستانی سی ئای ئەی و هەواڵگری ئیسرائیل دەڵێن چێکردنی سووتەمەنییەکە بە شێوەیەک کە بکری لە کڵاوی هاژەکێکدا جێگیر بکرێ، دوو ساڵی پێ دەچێ و، لەو دواییانەدا وڵاتە یەکگرتووەکان لێکدانەوەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا گوترابوو هیچ بەڵگەیەک بۆ بوونی پرۆژەی دروستکردنی بۆمب لە ئارادا نییە. بەڵام پێشمەرجی ئەوە، بوونی هەواڵگریی نزیک بێخەوش لەمەڕ دۆخی بەرنامەکانی ناوکی و هاژەکی دەخوازێ، لە کاتێکدا کە پشکنینەکان سنووردار کراون و کامێراکانی دانراو لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزی ناوکی لە لایەن ئێرانییەکانەوە کوژێنراونەوە. مەودای پەرە ئەستێنی نێوان زانیاریی دەتوانێ دۆزینەوەی لادان لە بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ناوکی دژوار بکات. چەند شارەزایەک ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئێران خەریکی گەشە پێدان بە هاژەکی دەریایی مەزنترە کە دەتوانێ زۆرێک لە بەربەستەکانی بەردەم گەیاندنی چەکێک نەهێڵێ.

ئاڵۆزیی دیکەش لە ئارادان. دانی درۆن لە لایەن ئێرانەوە بە ڕووسیە، ئێستا بۆتە فاکتەرێکی گرینگ لە جەنگدا و، بێتوو ئەو هاوکارییە هاژەکیش بگرێتەوە -تا ئێستا ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە- وڵاتە یەکگرتووەکان و ئوکراین لە هەوڵی وەستاندنی گەیاندنی ئەو چەکانەدا دەبن. بەڵام ئەوە مەترسیی بەرزکردنەوەی ڕیسکەکانی لێ دەکەوێتەوە چونکە ڕووسیە تا ئێستا لە هێرش بۆ سەر گەیاندنی چەکوچۆڵی ڕۆژاوایی بۆ ئوکراین دوودڵ بووە.

بەڕێز بایدن لە ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە نارەزایەتییە دژی دەوڵەتییەکان لە سەرکۆمار ئۆباما، کاتێک نارەزایەتی هاوشێوە لە سەرەتاکانی بەڕێوەبەرایەتی ئۆبامادا بەڕێوە دەچوون، ڕەوانبێژتر بووە. چەند یاریدەدەری بەڕێز بایدن، کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا خزمەتیان دەکرد گوتوویانە ئەوان جاری پێشوو لە ڕادەبەدەر وریا بوون، لە ترسی ئەوە کە نارەزایەتییەکان مۆرکی ورووژێنەرانی پەیوەندیدار بە سی ئای ئەی-یان لێ بدرێ. بەڵام پرسیاری شێوەی گەیاندنی یارمەتی زۆرتری وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەک کە زیاتر لە ڕەوانبێژی و پشتگیریی ئەخلاقیی لە خۆپیشاندەران بێ و

ئـاخۆ بەڕێـز بایـدن ڕیسکی کرداری شاراوە بـۆ یـارمەتی ئەوان دەکـات، بە تـایبەتی بە لەبەرچـاوگرتنی مێـژووی کـۆن، لە پەنجاکـانی زایینـی، کە سی ئـای ئەی لە سیاسـەتی ئێرانیـدا دەسـتێوەردانی کـرد، بـێ وەڵام دەهێڵێـتەوە. لە کاتێکـدا ئەو ڕووداوە تـا ڕادەیەکی زۆر لە لای زۆربەی ئەمریکاییەکانەوە لەبیر کراوە، ئەوە بە وردەکاریی زۆرەوە فێـری ئێـرانییە لاوەکـان دەکرێ.

ڕەنگبی زۆر شت بەوەوە بەسترابێتەوە کە ئـاخۆ ئێستا بەڕێـز بایـدن و یاریـدەدەرەکانی ئێـران وەک هەڕەشـەیەکی مەزنتـر لە بەراورد دەگەڵ کاتێک کە سەرکۆمار دەسەلاتی بەدەستەوە گرت، سەیر دەکەن.

بەڕێز ڕۆم گوتی، "بەڕێوەبەرایەتییەکە زۆر جار دەیگوت دەیهەوێ بەرنامەی ناوکیی ئێران بخاتەوە نێو سندووقەکەوە و، من لەو بـڕوایەدام ئەوە ڕەنگدانەوەی بیـرۆکەی بەربڵاوتـری وەلانـانی ئالنگـاریی ئێـران دوای گەیشـتن بە ڕێککەوتـن بـوو. بەڵام ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێ خەریکی ململانێ دەگەڵ ئەو ڕاستییە بێ کە،

لە بنەڕەتدا لە هەموو بوارەکاندا، ئێستا هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئاشتی جیهانی لە ساڵێک لەوەپێش زیاتر و گەورەترە".

* نیویۆرک تـایمز - دەیڤید ئی سانگەر

ئەم بـابەتە لە ژمارەی ٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## مۆڵەتی کوشتن: چۆن ئورووپا ڕێگا بە ئێران و ڕووسیە دەدا بێ سزا مرۆڤ بکوژن (١-٢)

**پۆلیتیکۆ – ماتیو کارنیشنیگ**

بەرلین- لە ئێوارەیەکی گەرمی سێپتەمبەری ساڵی ڕابردوودا، پیاوێکی ئازەریی هەڵگری پاسپۆرتی ڕووسیەیی لە سنووری باکووری قوبرس بۆ باشووری قوبرس پەڕیەوە. ئەو بە سووکی سەفەری دەکرد: دەمانچەیەک، مشتێک فیشەک و دەنگبڕێک. قەرار بوو ئەوە هەڵمەتێکی بێخەوش بێ.

پاشان، دروست ئەوکاتەی پیاوەکە خەریکی چوونەژوور بۆ شوێنێکی بەکرێدانی ئوتومبێل بوو تا مەئمورییەتەکەی جێبەجێ بکات، کە داواکارانی گشتی دەڵێن بۆ کوشتنی پێنج بازرگانی جوولەکە، لە نێویاندا میلیاردێرێکی ئیسرائیلی بوو، پۆلیس دەورەیان دا.

هەڵمەتە ناسەرکەوتوویەکە تەنیا یەکێک لە لانی کەم دەرزەنێکن لە ئورووپا لەو ساڵانەی دواییدا، بەشێکیان سەرکەوتوو بوون، هێندیکیان نا، کە بە گوتەی کاربەدەستە ئەمنییەتییەکان ئامانجی "نەرم" بوون، کە کوشتن، ڕفاندن یان هەردووکیان دەگرنە خۆ. ئۆپەراسیۆنەکان لە ڕووی چەمکیەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوشێوە بوون، بە شێوەیەکی گشتی پشت بە چەکی بەکرێگیراوی نێوخۆیی دەبەستن. کاربەدەستانی هەواڵگریی دەڵێن، گرینگترین پەیوەندییەکە، ئەوەیە کە هێرشەکان لەلایەن هەمان بەڵێندەرەوە ڕاسپێردرابوون: کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە قوبرس، کاربەدەستان پێیان وایە ئێران کە ئیسرائیل بە کوشتنی پسپۆڕە ناوکییەکانی چالاک لە بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە تاوانبار دەکات، هەوڵی داوە ئەو پەیامە بگەیەنێ کە دەتوانێ لە شوێنێک هێرش بکاتەوە کە ئیسرائیل کەمترین چاوەڕوانیی هەیە.

دەیڤید بارنیا، سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگریی ئیسرائیل، موساد، لە لێدوانێکی گشتی دەگمەندا لە سێپتەمبەر گوتی، "ئەوە ڕێژیمێکە کە دەسەڵاتەکەی لەسەر ترساندن و توندوتیژی دامەزراندووە و توندوتیژی وەک ئامرازێکی ڕەوا سەیر دەکات."

ناوبراو لە شیکردنەوەی لێدوانەکەیدا گوتی پیلانی توندوتیژانە لەو دواییانەدا زیادیان کردووە، "ئەوە لە گۆترە نین. ئەوانە تێرۆریزمی دەوڵەتیی پلانبۆداڕێژراو و سیستەماتیکن، تێرۆریزمی ستراتیژیک".

ئەو ئاماژەی بە وردەکارییەکی گرینگ نەکرد: ئەو کار دەکات. ئەو سەرکەوتووییە تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ترسی ئورووپا، گۆڕەپانی جێبەجێکردنی زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێرانی لەو ساڵانەی دواییدا، لە ناچارکردنی ئێران بۆ وەئەستۆگرتنی تاوانەکان بووە. کاربەدەستانی ئەمنییەتی دەڵێن لە ٢٠١٥ بەولاوە، ئێران نزیکەی دەرزەنێک عەمەلیاتی لە ئورووپا بەڕێوە بردوون، کە لەواندا لانی کەم سێ کەسی کوشتووە و چەند کەسی دیکەشی ڕفاندووە.

مەسیح عەلینـژاد، نووسـەری ئێرانـی-ئەمریکـایی و چـالاکی مافەکـانی ژنـان، بە تیشک خستنەسەر ئامادەیی بەردەوامی ڕێبەرانی دەوڵەتانی ئورووپا بۆ دیدار لەگەڵ سەرکردەکانی ئێران گوتی، ئورووپاییەکان تەنیا بەرانبەر بە ئێران نەرم ونیان نەبوون، ئەوان لەگەڵیان هەوکارییان کردووە و ڕەواییشیان بە بکوژەکان داوە".

عەلینژاد، یەکێک لە ڕاشکاوترین ڕخنەگرانی ڕیژیم، کە بە زەحمەت لە هەردوو هەوڵەکانی بارمتەگیران و کوژران ڕزگاری بوو، لە زۆر کەس باشتر لەوە تێدەگا کە ڕێبەریی ئێران ئامادەیە دەست بۆ چ کارهایەک ببات. ئەو گوتی، "ئەگەر کۆماری ئیسلامی سزا نەدرێ، هیچ هۆیەکیان هەیە دەست لە بارمتەگرتن، ڕفاندن یان کوشتن هەڵگرن؟" پاشان وەڵامی دایەوە: "نا".

**شێوازی یەکەم ڕێگاچارە**

لەو کاتەوە کە بروتوس و هاوپیلانگێڕەکانی جولیوس سێزاریان هەنجن هەنجن کرد، کوشتن تیژترین ئامرازی سندووقی ئامرازەکانی سیاسەت بووە. بەدرێژایی هەزاران ساڵ، ئاشکرا بووە کە ئەوە کارێکی پڕ مەترسییە کە زۆر جار دەبێتە هۆی ئاسەواری نەخوازراوی کارەساتبار (بڕوانە کوشتنی ئیمپراتوری ڕۆم سەزار یان ئورووپا دوای تێرۆری شازادەی مەزن فرانتز فەردیناند لە سارایەڤۆ). لەگەڵ ئەوەشدا، هەم بۆ دەوڵەتی بێ پڕەنسیپی وەک ئێران، ڕووسیە و کۆرەی باکوور و، وڵاتانی دێموکراتیک وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسڕائیل، سەرنجڕاکێشیی چارەسەرکردنی کێشەیەک بە لابردنی ئەو زۆر جار هێندە زۆرە کە ناکرێ خۆی لێ ببوێری.

تەنانەت بەو شێوەیەش، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا هەیە: لە خۆراوا، کوشتن دوایین ڕێگاچارەیە (بیر لە ئوسامە بین لادن بکەرەوە)؛ لە وڵاتانی دیکتاتۆردا، ئەو یەکەمینە (کێ دەتوانێ کوشتنی ٢٠١٧ ی کیم جونگنام

زڕبرای دیکتاتۆری کۆرەی باکوور، کیم یونگ ئون، بە گازی دەمار لە کاتی دابەزین لە کوالالامپور لەبیر بکات؟). بۆ دەوڵەتانی بێ پرەنسیپ، تەنانەت بێتوو پیلانی کوشتنەکان پووچەڵ بکرێنەوە، رژێمەکان هێشتا بە چاندنی ترس لە دڵ و مێشکی دوژمنەکانیاندا، براوەن.

ئەوە بۆ شیکردنەوەی رێژەی ئەو جۆرە رووداوانە لەو دواییانەدا یارمەتیدەرە. لە ماوەی چەند مانگی ساڵی ڕابردوودا، ئێران هێرشێکی زۆری لە ئەمریکای لاتینەوە تا ئەفریقا بەڕێوە بردن. لە کۆلۆمبیا، پۆلیس دوو پیاوی لە بۆگۆتا بە گومانی داڕشتنی پیلانی کوشتنی تاقمێک ئەمریکایی و ئەفسەرێکی پێشووی هەواڵگری ئیسرائیل بۆ ١٠٠ هەزار دۆلار، دەستگیر کرد؛ شانۆیەکی هاوشێوە لە ئەفریقا قەوما، کاتێک کاربەدەستان لە تانزانیا، غەنا و سێنێگال پێنج پیاویان بە گومانی پلاندانان بۆ هێرش بۆ سەر ئامانجی ئیسرائیلی، لە نێویاندا توریست لە سەفاری دەستبەسەر کردن؛ لە فێورییەی ئەمساڵ، پۆلیسی تورکیە پیلانێکی ئاڵۆزی ئێرانی بۆ کوشتنی کەسێکی ٧٥ ساڵەی ئیسرائیلی - تورکیەیی کە کۆمپانیایەکی نێوخۆیی فرۆکەوانی هەیە هەڵوەشاند و؛ لە نۆڤەمبەر، کاربەدەستان لە گورجستان گوتیان پیلانێکیان کە لەلایەن سوپای قودسی ئێران بۆ کوشتنی بازرگانێکی ٦٢ ساڵەی ئیسرائیلی-گورجستانییان لە تفلیس ئامادە کرابوو، پووچەڵ کردۆتەوە.

ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە سەرکەون یان نا، وڵاتی پشتی ئۆپەراسیۆنەکان دەتوانن لە شتێک دڵنیا بن: ئەوان ناچار ناکرێن تێچووی هەوڵدانیان وەئەستۆ بگرن. بە تێپەڕبوونی ساڵان، رژێمەکانی رووسیە و ئێران رێژەیەکی لە ئەژمار نەهاتووی نارازییان، خیانەتکاران و دوژمنی جۆراجۆریان (ڕاستەقینە و گومانکراو) لە شەقامەکانی پاریس، بەرلین و تەنانەت واشینگتۆن، زۆر جار بە رۆژی رووناک، لەنێو بردوون. بەشێکی دیکە بە بێدەنگی رفێنراون و نێردراونەوە ماڵ، لەوێ بەرەورووی دادگایی ساختەبوونەوە و پاشان بە بیانووی خیانەت لە سێدارە دراون.

ئەگەرچی رەخنەی رۆژاوا لەبەر ئەو تاوانانە کەم نەبووە، زۆر بەدەگمەن دەرئەنجامی ڕاستەقینەیان هەبووە. ئەوە بە تایبەتی بۆ ئورووپا ڕاستە، شوێنێک کە رێبەران لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ پێشێلکاریی جۆراجۆر بە هیوای ژیاندنەوەی رێککەوتنێک بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرنامەی چەکی ناوکی ئێران و بووژاندنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان، دیزەبەدەرخۆنەیان کردوون.

بە پێچەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، کە هەڵوێستێکی توندیان لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی مەلاکان لە ١٩٧٩ گرتە بەر، ئورووپا بۆ رژێم ئاوالاتر بووە. زۆرێک لە کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپا تووڕەیی خۆیان لە

هەڵوێستی توندی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران ناشارنەوە.

سەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوورووپا، جۆزێف بۆرێل، لە ٢٠١٩ ، کاتێک هێشتا وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسپانیا بوو بە پۆلیتیکۆی گوت، " ئیران دەیهەوێ ئیسرائیل لەنێو بەرێ، ئەوە شتێکی نوێ نییە. ئێوە دەبێ لەگەڵیدا بژین".

## مێژووی تیرۆر

خۆشەویستیی ئێران بۆ تیرۆر شتێکی نوێ نییە. بەڕاستی، گەلێک زانا شوێنپێی وشەی assassin = "بکوژ" دەگێڕنەوە بۆ حەسەن سەباح، میسیۆنەرێکی پارسی سەدەی ١٢ی زایینی کە "ڕێبازی حەشاشین"ی دامەزراند، هێزێکی دڕندە کە بە کوشتنی بێدەنگی دژبەرانی ناسراوە.

ڕوحی حەسەن لە ئایەتوڵڵا خومەینی، مەلای توندئاژۆیەکە کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی ڕێبەریی کرد و لە ١٩٧٩ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، دەژیا. لە یەکەمین قوربانییانی ڕێبەری گەورە شەهریار شەفیق، کاپیتانێکی پێشووی هێزی دەریایی و خوشکەزای شای دەرکراوی ئێران بوو. ئەو لە دیسەمبەری ١٩٧٩ لە لایەن دوو کەسی دەمامکدارەوە، لە دەرەوەی ماڵی دایکی لە شەقامی پەرگۆلێز، لە ناوچەی مودێرنی ئارۆندیسمۆن، دوو فیشەک لە سەری درا. لە ساڵەکانی دواتر، کۆماندۆکانی مەرگی ئێرانی ئەندامان و لایەنگرانی شا و دژبەرەکانی دیکەیان لە سەرانسەری ئوورووپا، لە فەڕانسەوە تا سوید، ئاڵمان، سویس و ئوتریش، کوشت. لە زۆربەی ئەو ڕووداوانەدا، بکەرەکان قەت نەگیران.

بۆ وێنە، لە ١٩٨٩، عەبدولڕەحمان قاسملو، ڕێبەرێکی کوردەکانی کەمینە نەتەوەی ئێران کە پشتگیریی لە خودموختاری بۆ گەلەکەی دەکرد، دەگەڵ دوو هاوکاری دیکەی لەلایەن بکوژانی ئێرانی لە ئاپارتمانێکدا لە ڤییەن کوژرا. چەکدارەکان خۆیان لە باڵوێزخانەی ئێران حەشار دا. ئەوان پاش ئەوەی باڵوێزی ئێران لە ڤییەن بە دەوڵەتی گوت ئەگەر بکوژەکان دەستگیر بکرێن، مەترسی ئەوە هەیە هاووڵاتیانی ئوتریشی لە وڵاتەکەیاندا گیانیان لە مەترسی بکەوێ، ڕێگایان پێ درا ئوتریش جێ بهێڵن. یەکێک لەو پیاوانەی کە گوایە لە ئۆپەراسیۆنی ڤییەندا بەشدار بووە، دواتر بوو بە یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکانی وڵاتەکەی: مەحموود ئەحمەدینژاد، سەرکۆماری ئێران لە ٢٠٠٥ تا ٢٠١٣.

بەشی: سێهەم

تەنانەت بانگەشە خراپەکانی دەوروبەری ئەو کەیسەش، هەوڵەکانی کوشتنی ڕێژیمی کەم نەکردەوە. لە ساڵەکانی دواتردا، ڕێژەی کوژراوەکان تەنیا زیاتر بوو. هێندێک لە کوشتنەکان بەئانقەست ترسناک بوون تا پەیامێکی ئاشکرا بنێرن. بۆ وێنە، فەرەیدون فەڕوخزاد، ئەستێرەیەکی موسیقای پاپ، بە ڕەچەڵەک ئێرانی کە لە تاراوگە و لە ئاڵمان دەژیا لە ١٩٩٢ لە بۆن بە کوژراوی دۆزرایەوە. بکوژەکان ئەندامی نێرینە، زمان و سەریان بڕیبوونەوە.

کوشتنی ناوبراو تەنیا یەکێک لە دەرزەنێک بوون کە لە ئێران بە "کوشتنی زنجیرەیی" ناسراوە، هەڵمەتێکی دە ساڵەی کوشتن کە لەویدا دەوڵەت هونەرمەند و نارازییانی لە ناوخۆ و دەرەوە کردە ئامانج. نارەزایەتیی گشتی لەبەر کوشتنی سێ نووسەری بەناوبانگ لە ١٩٩٨، لە نێویاندا ژن و مێردێک، توندڕەوەکانی ڕێژیمی بەرپرسی کوشتنەکانی ناچار کرد پاشەکشە بکەن. بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەک.

ئەوکاتی و ئێستاش هاندەری عەقڵانی بۆ کوشتنی لەو جۆرە، پاراستنی خۆیان بووە. سەرچاوەیەکی هەواڵگریی ڕۆژاوایی گوتی، "بەرزترین پێشتریەتی بۆ ڕیژیمی ئێران هێمنیی نێوخۆییە. ڕێژیم دژبەرەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران وەک هەڕەشەی مەزن بۆ سەقامگیریی خۆی سەیر دەکات".

بەشێکی زۆری ئەو پارانۆیایە ڕیشەی لە مێژووی خودی کۆماری ئیسلامیدایە. بەر لە گەڕانەوە بۆ ئێران لە ١٩٧٩، خومەینی ١٥ ساڵی لە تاراوگە تێپەڕ کرد،

**لە نێویاندا لە پاریس، ئەزموونێک کە هێزی تاراوگەی لە میتۆلۆژی کۆماری ئیسلامیدا چەسپاند. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر خومەینی توانی شۆڕشێک لە دەرەوە ڕا بەرێوە بات، دوژمنەکانی ڕێژیمیش دەتوانن.**

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٧ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

# خۆپیشاندەرانی ئێران خوازیاری گۆڕینی ڕێژیمن
# ئەمریکا دەبێ یارمەتییان بکات

**فارین ئەفەیرز - ئێریک ئێدێلمەن و ڕەی تاکیە**

لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢، مەهسا ئەمینی، کوردێکی ئێرانیی تەمەن ٢٢ ساڵ، لە کاتی دەستبەسەرکرانی لەلایەن پۆلیسەوە، دوای بەندکران بە هۆی ئەوە کە بە ڕواڵەت قژەکانی بەجوانی دانەپۆشیوە، کوژرا. ئەمینی نە یەکەم ژن بوو دەستبەسەر بکرێ و نە یەکەم کەس بوو لەلایەن پۆلیسەوە بکوژرێ. بەڵام، مردنی ناوبراو چەخماخەی جووڵانەوەیەکی ناڕەزایەتی بوو کە بوو بە دەنگی تووڕەیی گشتی و جارزبوونێک کە چەند مانگ بوو پەنگی خواردبۆوە. وەرزێڕان لە نەبوونی ئاو سکاڵایان کردبوو، خوێندکاران لەبەر نەبوونی ئازادی، مامۆستایان لەبەر نزمبوونی ئاستی مووچە و، خانەنشینکراوان لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری. ئێمە لە ٢٠٢٠، لە فارین ئەفەیرزدا باسمان کردبوو کە کۆماری ئیسلامی لەوە لاوازترە کە لێکۆڵەرەوان و سیاسەتوانانی ڕۆژاوایی بیری لێ دەکەنەوە. ناڕەزایەتییەکانی ئەمڕۆ دەیسەلمێنن کە ئێمە ڕاستمان دەکرد. کۆماری ئیسلامی خۆگونجێنە، بەڵام لە بەرانبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێراندا ناتوانێ خۆ ڕاگرێ.

لە سەرەتای دەستپێکیەوە چوار دەیە لەمەوبەر، ڕێژیمی تیۆکراتیکی ئێران بەهۆی خۆپیشاندانان هەژاوە. لە ١٩٩٩، خوێندکاران وەک ناڕەزایەتی دژی داخرانی ڕۆژنامەیەکی ڕیفۆرمخواز ڕژانە سەر شەقامەکان. لە ٢٠٠٩، مەحموود ئەحمەدینـژاد لە هەڵبژاردنێکی ساختەدا بوو بە سەرکۆمار، کە بوو بەهۆی دەستپێکی جووڵانەوەی سەوز، سەرهەڵدانێکی چینی مامناوەند کە داوای هەڵبژاردنی بێفرتوفێڵی دەکرد. لە ٢٠١٧ و ٢٠١٩، گرانبوونی سووتەمەنی و نان بوو بە هۆی سەرهەڵدان لەنێو هەژارانی ئێراندا. سەرهەڵدانەکانی پێشوو بە سەر چینەکاندا دابەش ببوون. بە پێچەوانە، ئەوڕۆ ئێرانییەکان لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"دا یەکیان گرتووە. ئەوە سەرهەڵدانێکە بۆ کەرامەت، ئازادی و لێپرسینەوە لە دەوڵەت، وەکوو جووڵانەوەی بەهاری عەرەبی، زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە وڵاتانی عەرەبی کە بە خۆسووتاندنی محەممەد بوعەزیزی، میوەفرۆشێکی تونسی، دەستی پێ کرد. ئەوڕۆ خۆپیشاندەرانی ئێرانی داوای چاکسازیی ناکەن، بەڵکوو نەمانی کۆماری ئیسلامی. ئەوان گۆڕینی ڕێژیمیان دەوێ. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە دوورەوە بە زیادکردنی گەمارۆ و باشترکردنی پەیوەندیگرتنی نێوان خۆپیشاندەران، یارمەتییان بدا.

## شەیتانێک کە دەیناسی

ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی نارەزایەتییەکانی وەک پیلانی بیانییان ڕەت کردوونەوە و ئیدیعای کردووە ئەوان "لەلایەن ئەمریکا و ڕژێمی داگیرکەر و ساختەی زایۆنی" پلانیان بۆ دارێژراوە. بێجگە لەو بەلارێدابردنە، شێوەی نەریتییانەی ڕژێم، واتە بەرەورووبوونەوەی توندوتیژانەی خێرا دژی خۆپیشاندەران، لەکارخستنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمێدیا بۆ پێشگرتن بە هاوئاهەنگیی نێوان خۆپیشاندەران، دەستبەسەرکردنی ڕێبەرە مەیدانییەکان و چاوەڕوانبوون بۆ هێوربوونەوەی شەپۆلی نارەزایەتییەکان بووە. سەرەڕای ناوبانگیان بۆ دڕندەیی، مەلاکان لە بەکارهێنانی هێز بەبێ جیاوازیی دوودڵ بوون. وەک دیکتاتۆرەکانی دیکە، ئەوان لەوە دەترسن هێزە بەکرێگیراوەکانیان ڕەنگبێ لە تەقەکردن لە هاونیشتمانانیان دوودڵ بن. بەڵام، خودی بەردەوامیی نارەزایەتییەکان و، بڵاوبوونەوەیان لە سەرانسەری وڵات، سەریان لە حکوومەت شێواندووە و ستراتێژییە ئامادەکراوەکەیان بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ نارەزایەتی بێکەڵک کردووە.

ئاماژەکان پێمان دەڵێن ئەو جووڵانەوەیە لە ئەوانی ڕابردوو خۆڕاگرتر دەبێ. سەرهەڵدانە ساواکەی ئێران هێشتا ڕێبەرانی ناسراو و پێکهاتەیەکی ڕێکخستووی نییە و هیچ شۆڕشێک بێ شۆڕشگێڕان سەر ناکەوێ. بەڵام چەند مانگ دوای دەستپێکی نارەزایەتییەکان، تاقمی وەک لاوانی تاران سەریان هەڵداوە و بە سەرکەوتوویی داوای خۆپیشاندانیان کردووە. ئۆپۆزیسیۆن هەروەها لە پارێزگاکانی ئێران مانگرتنیان ڕێکخستوون: بازارەکان داخراون و شوێنە بازرگانییەکان وەک ئاماژەیەک بۆ هاودەنگی لەگەڵ خۆپیشاندەران داخراون. لەگەڵ بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، وێدەچێ هێزە ئەمنیەتییەکان شەکەتتر بن. سەرکوتی خۆپیشاندەران تێچووی دەروونی هەیە.

خۆپیشاندانەکانی ئێران نوخبەی سیاسیی تووشی دووبەرەکی کردووە، کە ئەوەش پێشمەرجێکی گرینگ بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە. خامنەیی وێدەچی لەوە بترسێ کە ڕێژەیەکی زۆرتر لە کۆنەپارێزانی لایەنگری دەسەڵات خۆیان لە حکوومەت بەدوور بگرن. عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی پارلمان گوتی، "ئێمە دەبێ شوێنی گشتی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و ئامرازی گفتوگۆ دابین بکەین." محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری پێشوو، لێدوانێکی بڵاو کردەوە کە خوێنەری زۆری هەبوون و لەوێدا ستایشی مەبەست و دروشمەکانی خۆپیشاندەرانی کردبوو. تەنانەت "کۆماری ئیسلامی"، ڕۆژنامەیەک کە خاتەمی دایمەزراندووە، ئیدیعای ڕێبەری گەورەی لەمەڕ بوونی دەستی دەرەکی لە پشت نارەزایەتییەکان ڕەت کردبۆوە و گوتبووی "گیروگرفتی هەڵاوسانی نرخەکان، بێکاری، بێئاوی، و وێرانیی ژینگە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک، لە هەموو چین و

بەشی: سێهەم

توێژەکانی وەک خانەنشینکراوەکان، مامۆستایان و خوێندکاران، ناڕەزایەتی دەربڕن." پشتیوانییەکی لەو شێوەیە لەلایەن سیاسەتوانانی سەرەکی بێوێنەیە و نیشانەی لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

لە تەواوی ماوەی ئەو قەیرانەدا، ڕێژیم لەرزۆک دەرکەوتووە. خامنەیی بەساڵداچوو، چەند ساڵی ڕابردووی تەرخانی دەرکردنی هەموو کەس لە بازنەی دەسەڵات، بێجگە لە کەسانی ماستاوچی کردووە و ئێستا لەلایەن کەسانی کەم توانا دەورەی دراوە. سەرکۆماری ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی مۆرەیەکی کەمدوێی سیستەمە کە خەیاڵی هەڵسوکەوت دەگەڵ دۆخی ئاڵۆزی نییە. غولام حوسێن موحسینی-ئێژەیی، سەرۆکی سیستەمی دادوەری، لەنێوان داوای گفتوگۆ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و هەڕەشەکردندا لە هاتوچۆدایە. ناوەندە بەفروفیشاڵەکانی هەواڵگریی ئێرانی نەیانتوانی پێشبینی سەرهەڵدانەکە بکەن و لە تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی شکستیان هێناوە. ستراتێژیی بەرزکردنەوەی ئاستی توندوتیژیی لەلایەن ڕێژیمەوە تا ئێستا بۆتە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٥٠٠ کەس کە نەیتوانیوە خەڵک چاوترسێن بکات. ئیعدامکردنی خۆپیشاندەران لە لایەن ڕێژیم بۆتە هۆی پرینگانەوەی زۆرتری خەڵک لێی. وێدەچی کۆماری ئیسلامی پێگەی خۆی لەکیس بدا.

### بە یارمەتیی واشینگتۆن

وەکو ئێمە لە ٢٠٢٠ باسمان کرد، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە هەوڵی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێراندا بێ. سەرەڕای ئاکامی نادیار، ڕەنگبێ ئەوە تەنیا ڕێگا بۆ هێواشکردنەوەی هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی بێ و، ئەوە دەستێوەردانە بەردەوامەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ لەنێو نابا، بەڵام سنوورداری دەکات. بەڵام سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی سیاسی ئێران لە نێوخۆ دەمێننەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێوەبەرایەتیی سەرکۆمار جۆ بایدن دەتوانێ هەنگاو بەرەو پشتگیریی، خێراکردن و ڕەنگبێ تەنانەت ڕێنوێنی پرۆسەی شۆڕشگێرانەش هەڵێنێ.

یەکەم، وڵاتە یەگرتووەکان دەبێ بە فەرمی کۆتایی بە وتوویژ لەگەڵ ئێران لەمەڕ گەڕانەوەی گومانــاوی بەرجام، ڕێککەوتنێک کە پێشوەچوونەکانی ئێران بەرەو چەکی ناوکی لە بەرانبەر سووککردنی گەمارۆکان، هێواش دەکاتەوە، بێنێ. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئێرانی کە خەڵکی ئێران سەرکوت و وڵاتانی دراوسێ ناسەقامگیر دەکات، وتوویژ ناکات. ڕاگەیاندنی ئەوتۆ توانایی ڕێژیم بۆ دروستکردنی هیوا لەنێو جەماوەر بە ئەگەری هەڵگیرانی گەمارۆکان لە ژێر دەسەڵاتداریی ئەواندا لەناو دەبا.

داخستنی دەرگای دانوستان بەئاشکرا هەروەها دەتوانێ دەستی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ چەسپاندنی تەواوەتی ئەو گەمارۆیانەی کە هەر ئێستا ڕاگەیەنراون ئاواڵا بکات. ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ ئەو کاربەدەستە ئێرانییانە بکاتە ئامانج کە بەرپرسی گەورەترین پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤن، کە دەبێتە هۆی بووژانەوەی هیوا لە ناو خەڵکی ئێراندا بۆ بەرپرسیار کردنی دەوڵەت. ئەوە دەبێ هاوکات بێ لەگەڵ لێدوانەکانی دەوڵەتی ولاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران بە هەموو توانا و ڕاکێشانی سەرەنج بەرەو خراپترین لایەنەکانی سەرکوت.

ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ هەروەها هەوڵ بدا سانسۆر نەهێڵێ و پشتگیریی دابەشینەوەی زانیاریی لەنێو خۆپیشاندەران بکات. ناردنی وەرگری ستارلینک، کە لەلایەن ئیلان ماسک پێشنیار کرابوو، دەتوانێ هەوڵێکی ئەوتۆ بێ بۆ یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دەور لێدانەوەی سانسۆری ڕێژیم و داخستنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال مێدیا. ئاپی دیکە، وەک یوشاهیدی، بۆ چاودێریی هەڵبژاردن لە ولاتانی ژێر سەحرای ئەفریقا کەلکی لێ وەرگیراوە تا ڕێگا بە دەنگدەران بدەن وێنەی شوێنەکانی دەنگدان بڵاو بکەنەوە. بەرنامەی ئەوتۆ دەتوانن بۆ مەبەستی دیکە بەکار بێن، وەک ڕێگادان بە ئێرانییەکان تا وێنەی ئاکارە نارەزایەتییەکانیان لە شوێنە جیاجیاکانی ولات بڵاو بکەنەوە و بەو شێوەیە ڕێگا بە تاقمە جیاوازەکانی خۆپیشاندەران بدەن تا خۆیان ڕێک بخەن و، هێزە ئەمنییەتییەکان لە پەلوپۆ بخەن و کاری ڕێژیم بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکان دژوارتر بکەن. ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ کەڵک لە کاناڵەکانی پڕ خوازیاری سۆشیال مێدیا، وەک تێلێگرام، وەرگرێ تا زانیاریی دروست لەمەڕ ئەوەی لە سەرانسەری ولاتدا لە ئارا دایە بدات بە خۆپیشاندەران، لەنێویاندا خۆپیشاندان، پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، و ئیعدامەکان. پەرە پێدان و کەڵکوەرگرتنی داهێنەرانە لە کاناڵی پەیوەندیگرتنی ئەوتۆ دەتوانێ یارمەتیدەری سەرهەڵدانی ڕێبەرانی خۆپیشاندانەکان بێ و پرۆپاگاندای ڕێژیم پووچەڵ بکاتەوە.

لەگەڵ ئەوانەدا، ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ پەرە بە بەرنامەکانی "دەنگی ئەمریکای فارسی" و "ڕادیۆ فەردا" بدا و پشتیوانی دارایی بۆ کاناڵە تاکییەکانی تەلەفزیۆنیی کە ئێرانییەکانی تاراوگە بەڕێوەیان دەبەن پێشکەش بکات کە دەتوانێ سووتەمەنیی زۆرتر بۆ ئاگری سەرشەقامەکانی شارەکانی ئێران دەستەبەر دەکات. هەنووکە، پێشبینی دەکرێ ولاتە یەکگرتووەکان کەمتر لە ۳۰ میلیۆن دۆلار لە ساڵی ۲۰۲۳ بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامە بەرەو ئێران تەرخان بکات. ئەوە نموونەیەکە کە تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی کەم بەسەر کێشەکەدا، دەتوانێت کاریگەرییەکی ناهاوڕێژەی هەبێ.

بە گوێرەی نیویۆرک تایمز، لە دیسەمبەری ۲۰۲۲، کرێکارانی بەشی نەوت و پۆلا وەک پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی ئێران

دەستیان لە کار کێشایەوە و بەو شێوەیە مەزنترین مانگرتنی گشتیی ئێرانیان خوڵقاند. واشینگتۆن دەبێ هەموو هەوڵی خۆی بۆ پشتگیریی لەو کردەوانە بدات و یارمەتیی چالاکانی سەندیکاکانی کرێکاریی بدات تا هاوکاریی یەکتر بکەن. یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ جووڵانەوەی دژە دیکتاتۆریی هاوپشتی لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ یارمەتیدەری هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. هەوڵێکی هاوشێوە لە ئێرانی ئەمڕۆ، دەتوانێ یارمەتیدەری تێکرمانێکی ئەوتۆی کۆماری ئیسلامی بێ.

ڕێژیمی ئێران نزیکی نیو سەدەیە دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستەوەیە. لەو ماوەیەدا، بە شێوەیەکی سەرەنجڕاکێش خۆڕاگر بووە، داواکانی مافەکانی مرۆڤ و مودێڕن کردنی ڕەت کردوونەوە. لە ئێستادا، وێناچی نارەزایەتییەکان دەوڵەت بڕووخێنن، بەڵام شۆڕشەکان لەخۆیاندا پێشبینی نەکراون.

**لەبەر جەماوەری ئێرانی و بەرژەوەندییەکانی ئەمنییەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا، بەڕێوەبەرایەتی بایدن دەبێ هەموو کارێک بکات تا دڵنیا بێ ئەو ئێرانییانەی گیانیان لە مەترسی داوێن تا ئاڵوگۆڕ پێک بێنن، لە وەرگرتنەوەی وڵاتەکەیاندا سەر کەون.**

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## ئورووپا پێویستیی بە ستراتیژییەکی نوێ لە هەمبەر ئێران هەیە

ساڵی نوێ لە ئێران وەک چۆن ئەوەی پێشوو کۆتایی هات، دەستی پێ کرد: بە ئێعدام. ٢٠٢٣ قەرارە لە ٢٠٢٢ دەرئەنجامانەتر بێ، کە هەر ئێستا بناغەی کۆماری ئیسلامیی هێناوەتە هەژان. کاتی ئەوە هاتووە ئورووپا لە وەڵامدا ڕەوتی خۆی بگۆڕێ.

دوو پیاو کە لە دادگاییەکی ساختەدا بە کوشتنی ئەندامێکی بەسیج لە کاتی خۆپیشاندانەکانی کەرەج لە نزیک تاران -دوو مانگ پێشتر- تاوانبار کرابوون، لە ٧ی جانیوەری ٢٠٢٣ هەڵواسران. محەممەد مەهدی کەرەمی و محەممەد حوسێنی، قارەمانێکی کاراتە و ڕاهێنەرێکی خۆبەخشی منداڵان، هەردوو، بوونە هاوچارەنووسی موحسین شکاری و مەجید ڕەزا ڕەهنەوەرد، کە لە دێسەمبەری ٢٠٢٢ بە تاوانی هاوشێوە هەڵواسرابوون.

ئامانجی کوشتنی تۆڵەئەستێنانەی ڕێگاپێدراو لەلایەن دەوڵەتەوە ڕوونە: چاوترسێنکردنی ناڕازییان بۆ ملکەچی و، ئەگەرچی خۆپیشاندانەکان بەهۆی سەرکوتی درندانەی ڕژێم کەمیان کردووە، ناکرێ کات بۆ دواوە بگەڕێندرێتەوە. ئەوەی ناڕوونە ئەوەیە کە ئاخۆ وڵات ئاڵوگۆڕی ئەرێنی ئەزموون دەکات کە خەڵک هاواریان دەکرد و گیانیان بۆ دەبەخشی، یان تەنانەت نارەزایەتی زۆرتر ڕوو دەدەن؟

سێ هەواڵی چەند ڕۆژی ڕابردوو پێشان دەدەن چ شتێک هەر ئێستا لە ئێران گۆڕاوە و بۆچی ئەوە پەیوەندیی بە ئورووپا و باقی دنیاوە هەیە.

**یەکەم؛** لە ڕێبەری گەورە عەلی خامنەییان گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی ژنان نابێ لەبەر دانەپۆشینی قژ، بەو شێوەیە کە بڕیارەکانی ئایینی و یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەخوازن، پەراوێز بخرێن. ئەوە تەنیا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێبەرانی ئێران چەندە لە خەڵکی خۆیان دابڕاون: پاش چوار مانگ سەرهەڵدان کە هۆیەکەی کوشتنی مەهسا - ژینا - ئەمینی لەبەر ئەوەی ئێستا خامنەیی بە "حیجابی لاواز" ناوی دەبا، ئەو ددانپێدانانە دڵخوازە. بەڵام خۆپیشاندەران دەمێکە لە پرسی کۆدی جلوبەرگ و هەڵاواردنی لێبڕاوانەی ژنان تێپەڕ بوون و داوای ئازادیی بنەڕەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ دەکەن. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەوانە بەو چاکسازییانە دەستەبەر نابن کە دەمێکە لە کۆماری ئیسلامیدا حاشایان لێ

دەکرێ، بەڵکوو تەنیا بە گۆڕینی سیستەم. دەڵێی خامنەیی ویستوویەتی ئەو ڕاسییە پشتڕاست بکاتەوە، بۆیە بناژۆخوازێکی دیکەی وەک فەرماندەی هێزی پۆلیسی وڵات دەستنیشان کردووە.

**دووهەم؛** هەواڵی ئێعدامێکی دیکە بڵاو بۆتەوە، ئەمجارەیان هی جێگری پێشووی وەزیری بەرگری کە بە سیخوڕی بۆ دامودەزگای هەواڵگری بریتانیا (MI6) تاوانبار کراوە. عەلیڕەزا ئەکبەری، کە هاووڵاتیی دووانەی ئێرانی-بریتانیایی هەبوو، لە ٢٠١٩ دەستبەسەر کرابوو، بەڵام ئەمجار بە سیخوڕی تاوانبار کرا و ماوەیەکی کورت دواتر ئێعدام کرا. لە کاتێکدا کە ئەوە بەتایبەتی گاڵتەجاڕانە دێتە بەرچاو کە ئێستا ڕێژیم خەڵکی خۆی دەکوژێ، حوکمە چاوەڕوان نەکراوەکە ڕەنگبێ ئاماژە بە شەڕی دەسەڵات لەنێو ئێلیتی دەسەڵاتداریش بێ. چەند کەس لە نێوخۆوە لەو چەند حەوتووی دواییدا دەلیلیان بۆ چاکسازیی نێوەرۆکدارتر بۆ چارەسەری ناڕەزایەتییەکانی خۆپیشاندەران هێناوەتەوە، لە نێویاندا سەرۆکی پێشووی پارلەمان، عەلی لاریجانی، جێگرەوەکەی باقر قالیباف و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی عەلی شەمخانی. لە ماوەی ژیانی کاریدا، ئەکبەری پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هەرسێکیان هەبووە، کەوابوو هێندێک چاودێر ئەو سزادانە وەک هەڕەشەیەکی بچووکی خشکەیی بۆ ئەو سێ کەسایەتییەی باڵادەستی خاوەندەسەڵات سەیر دەکەن.

**سێهەم؛** لە کۆتاییدا، پشتیوانیی ئێران لە ڕووسیە دژی ئۆکراین وێدەچێ پێ بنێتە نێو برگەیەکی نوێوە، بێتوو هەواڵەکان لەمەڕ پلانی ناوەندی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، لە شاری تۆلیاتی لە خۆراوای ڕووسیە پشتڕاست بکرێتەوە. ئەوە شەرمەزارییەکی بەرچاوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان وەک بەرپرسی سەرەکیی جێبەجێکردنی گەمارۆکان، کە ئەو درۆنە هێرشبەرانەی بەسەر شارەکانی ئوکرایندا دەبارێن، ڕێژەیەکی بەرچاو لە پارچەکانیان بەرهەمی کۆمپانیای ئەمریکایین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەگەرچی لە یەکەمین ساڵڕۆژی شەڕی ئوکراین نزیک دەبینەوە و هێشتا کۆتایی جەنگەکە لە ئاسۆ دیار نییە، کۆتایی گەمارۆی چەکوچۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران، لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، لەناکاو لە ئاسۆی سیاسەتوانان سەر هەڵدەدا. بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ دا هاتووە، لە ئوکتۆبرەوە بەولاوە تاران هەمدیس ئیزنی هەناردەکردنی هاژەکی بالیستیکی کورتمەودای پێ دەدەرێ. بێتوو دۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیەت، وێدەچێ مۆسکۆ یەکەم کڕیاری ئێران بێ.

لەو ڕوانگەیەوە، ئاکامی کێشمەکێشی نێوخۆیی ئێران و هەروەها هەڵوێستی ڕێژیم لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیە دەتوانێ ئاسەواری جیددیی بۆ سەر ئاکامی جەنگ لە ئوکراین هەبێ. ئاخۆ پێش کۆتاییهاتنی گەمارۆی نەتەوە یەکگرتووەکان،

خۆراوا زەختی دەخرێتە سەر تا بۆ گەیشتن بە ئاکامی دڵخواز تانکی شەڕکەر بدا بە کییەڤ؟ بە پێچەوانە، ئاخۆ تا هاوین زەخت دەخرێتە سەر ئوکراینییەکان تا ڕەزامەندی بدەن ئاگربڕ بکرێ تا پێش بە پەرەئەستاندنی گرژییەکان بگیرێت؟ ئاخۆ ئیسرائیل بە دەوڵەتە دەستە ڕاستییە توندڕەوەکەی کە وەسوەسەی ئێرانی هەیە، لە کۆتاییدا مل دەدا و سیستەمی بەرگریی خەلاتکراوی -گومبەزی ئاسنین- دەدا بە ئوکراین؟

گەشەکردنەکان بەو شێوەیەن، لە نێوخۆی ڕژێم و هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ هاوبەشە نێونەتەوەییەکان، کە گۆڕەپانەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرفراوانتر دەگەڵ ئێران لە ئەمساڵدا دیاری دەکەن. ئەوان تەنیا بە گەشەکردنە بەردەوام، بەڵام نهێنییەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە زیاد دەبن، کە مەترسییەکەی بەرچاوی بڵاوکردنەوەی ناوکین کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی هەر دێتوو کەمتر دەتوانێ چاودێریی بکات. لە کاتێکدا کە هەواڵەکان لەمەڕ سەرهەڵدان کەمتر دەبنە مانشێتی هەواڵدەرییەکان و تەنانەت ئێعدامەکانیش تەنیا دەبنە هۆی تووڕەیی کورتخایەن لە سەرانسەری دنیا، ئەم ڕووداوانەی ژێرەوە بۆ چاودێریکردن گرینگن.

دوای ساڵانێکی زۆر کە تەنیا جەخت لەسەر هەڕەشەی ناوکی لە لایەن ئێران دەکرایەوە، و ئێستا چەند مانگ هەوڵی ناهومێدانە بۆ وەڵامدانەوە هەم بە بوێریی ئەوانەی بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" نارەزایەتی دەردەبڕن و هەروەها سەرکوتی دڕندانەی ڕێژیم، یەکیەتیی ئورووپا دەبێ لە کۆتاییدا ڕێبازێکی هەمەلایەنە بۆ ئێران و ناوچەکە بدۆزێتەوە.

**ئاکامی ڕووداوەکان لە ئێران دەتوانن باش، خراپ یان ناشیرین بن. تەنیا شتێکی جێگای متمانە ئەوەیە کە ستراتیژیی دوێنێ بەکەڵک نایەت.**

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

# تۆ دەجووڵێی، ئەوان وەدوات دەکەون (ئاشکراکردنی سیستەمی گوێهەڵخستنی یاسایی موبایل لە ئێران)

## پێشەکی

وەک دەزانین بە سەردەمی ئێمە دەڵێن سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاری. لەو سەردەمەدا کەلکوەرگرتن لە ئینتەرنێت، تەلەفۆنی مۆبایل و پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیالمێدیا بوونە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. ئەگەر بڵێین دەستڕاگەیشتن بەو خزمەتگوزارییانە بەشێک لە مافەکانی مرۆڤن، شتێکی دوور لە ڕاستیمان نەگوتووە. دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندییەکانی موبایل بە شێوەیەک کە هەرێمی تاکەکەسیی بەکارهێنەران پارێزراو بێ، پەیوەندیی ڕاستەخۆیان بە ئازادیی بیروڕاوە هەیە کە یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە.

لە کاتێکدا کە سیستەمە ئازاد و دێموکراتیکەکان هەوڵ دەدەن لەگەڵ دەستەبەرکردنی مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی سەرهێڵ بۆ خەڵکی وڵاتەکەیان، پارێزگاری لە هەرێمی تاکەکەسیی بەکارهێنەرانیش بکەن. لە زۆر وڵاتی دێموکراتیکدا جگە لەوانە، بودجەی تایبەتی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەواڵ و زانیاریی چەواشەکارانە، کە لە هێندێک لاوە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵکی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەچن، تەرخان دەکرێ. بەپێچەوانە لە وڵاتانی دیکتاتۆر و یەکێک لەوان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نەتەنیا دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی سەرهێڵ ئاسانکاریی بۆ ناکرێ، بەڵکوو بە زۆر شێوە سنووردار دەکرێ و پێشی پێ دەگیرێت. هاوکات بودجەی تایبەتی بۆ چەواشەکردنی ڕووداوەکان تەرخان دەکرێ تا بیروڕای جەماوەریی بەلاڕێدا ببەن، لەو خزمەتگوزارییە کەمەشدا کە پێشکەش دەکرێ، ئەوەی لەلای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرینگ نییە، هەرێمی تاکە کەسیی بەکارهێنەرانی ئەو خزمەتگوزارییانەیە. بێجگە لە سیخوڕی و گوێهەڵخستن، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە تا هەرکات پێی خۆش بێ دەستڕاگەیشتنی تاک یان جەماوەر بە ئینتەرنێت، خزمەتگوزارییەکانی سیستەمی پەیوەندیی موبایل و پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمێدیا بپچڕێنێ یان سنوورداریان بکات.

لە کاتی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا و هەروەها لە شۆڕشی هەنووکەی ژیناشدا، کۆماری ئیسلامی هێندێک جار هێڵی ئینتەرنێتی بەتەواوی پچڕاندووە یان تا ڕادەیەکی زۆر سنوورداری کردووە، باسی سانسۆڕیش ناکەین کە هەمیشە بەڕێوە چووە و دەچێت.

بەشی: سێهەم

ئەو وتارە کورتکراوەی ڕاپۆرتێکە کە سیتیزێن لاب(Cityzen lab) ، تاقیگایەکی سەر بە زانستگای تۆرۆنتۆی کانادا بۆ توێژینەوە و گەشەپێدانی سیاسەتی ستراتیژیک لە ئاستی باڵادا بۆ تێوەگلانی یاسایی لە یەکبڕینی تەکنەلۆژیاکانی زانیاریی، پەیوەندیی و هەروەها مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی جیهانییە، بڵاوی کردۆتەوە. وتارەکە پشت بە ڕێژەیەکی زۆر بەڵگەنامە دەبەستێ کە سەرچاوەیەکی نهێنی بۆ ڕێکخراوی هەواڵی سەرهێڵی ئینتەرسێپتی ناردووە و ئەوانیش لەگەڵ سیتیزێن لاب بەشیان کردووە. لە وتارەکەدا باس لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵی پەیوەندیی موبایل و ئینتەرنێت و هەروەها سیخوڕیی و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرجەم تاکی ئێرانی کە کەلک لە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیی موبایل وەردەگرن کراوە. ئەگەرچی ئەو پرۆژەیە هێشتا بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە بەڵام بەشێکی هەر ئێستا جێبەجێ کراوە و بێتوو ڕێژیم لەو پرۆژەیەدا سەرکەوێ، ئەو وڵاتە یەکێک لە داخراوترین وڵاتان لە ڕوانگەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و زانیاریی سەرهێڵ دەبێ.

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ڕێژیمی ئێران، توندوتیژیی بەردەوام دژی مافەکانی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا، کۆبوونەوەی ئاشتیخوازانە، ئازادیی ئایینی و دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە. کۆماری ئیسلامی بۆ سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی ڕێکاری جیاوازی بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی گۆڕەپانی دیجیتال هەڵبژاردووە، لەناییاندا گوێهەڵخستنی سەرهێڵ، سانسۆر، سیخوڕیی سایبەری و یاسای کۆنترۆڵکردنی زانیاریی پەسەند کردوون و هەوڵ دەدا ببێتە پۆلیسی گوتاری سەرهێڵ.

ئێران لە مەزەندەکردنی ئاستی ئازادیی چاپەمەنیدا لە ساڵی ۲۰۲۲، لە نێوان ۱۸۰ وڵاتدا پلەی ۱۷۸ی وەدەست هینا و لە مەزەندەکردنی ئازادیی ئینتەرنێتدا وەک وڵاتێکی "گەلێک سنووردار کراو" سەیر دەکرێ. ئەو ڕێژیمە کەلک لە ژمارەیەک ڕێوشوێنی پێشکەوتووی کۆنترۆڵکردنی زانیاریی بە مەبەستی کارتێکەری لەسەر و بەربەستدانان بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، فۆرمدان بە نێوەڕۆکی سەرهێڵ و دامرکاندنی ناڕەزایەتی وەردەگرێ. یەکێک لە گرینگترینی ئەو ڕێوشوێنانە ڕایەڵەی زانیاریی نەتەوەییە کە بە ناوی "ئینتەرنێتی حەڵاڵ" ناسراوە و وەها نیشان دەدرێ کە گوایە بە مەبەستی باشترکردنی پانتایی ئینتەرنێت، بەرفراوانکردنی ڕووبەری ناوچەی خاوەن ئینتەرنێت، پارێزگاری لە ئاسایشی زانیاریی و پێشگرتن بە گوێهەڵخستنی ناودەوڵەتی دامەزرێندراوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەکارهێنەران لەژێر چاودێریی بەردەوامدان و ئامانج لەوە پێشگرتن بە بەشێک لە نێوەڕۆک و فیلتەرکردنە. بەگوێرەی ناوەندی ئازادیی سەرهێڵ، کاربەدەستانی ئێران توانایی ئەوەیان هەیە لە ماوەی چەند کاتژمێردا دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕان نەهێڵن.

**بەشی: سێهەم**

یاسای تازەپەسەندکراو، بە تایبەتی یاسای پارێزگاری لە بەکارهێنەران، دەتوانێ ئێران بەتەواوی لە ڕوانگەی دیجیتاڵییەوە تەریک بخاتەوە. بەگوێرەی ئەو یاسایە کۆنترۆڵی دەروازەکانی ئینتەرنێت (Internet Gateway) لە ئێران دەکەوێتە دەست هێزە ئەمنیەتییەکان، دابینکارانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی بیانی ناچار بە ملکەچ بوون بۆ یاساکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێن و کەڵکوەرگرتن لە vpn لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە مەبەستی دەورلێدانەوەی سانسۆڕ بە تاوان دێتە ئەژمار. وەک بەشێک لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، دەوڵەت کەلک لە شێوازی پشکنینی قووڵی پاکەتان بۆ دیتنەوە و لەکارخستنی پەیوەندیی بە vpn وەردەگرێ.

کاربەدەستانی ئێرانی بە شێوەی ستراتیژیک کەلک لە پچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت لە کاتی هەڵبژاردنەکان و ناڕەزایەتیی جەماوەریی وەردەگرن، ئەوان هەروەها زۆرجار خزمەتگوزارییەکانی سێ کۆمپانیای سەرەکی دابینکردنی پەیوەندیی موبایل واتە "ایرانسل"، "رایتل" و "همراه اول"یان وەستاندووە.

**بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی سیتیزێن لاب لەو بەڵگەنامە و ئیمەیلانەی لەبەر دەستیاندا بوون، چوار کۆمپانیا و ناوەند لە پرۆژەی سیخوڕیی و کۆنترۆڵی پەیوەندییە سەرهێڵەکانی بەکارهێنەرانی ئێرانی بەشدارن کە بریتین لە:**

- ئاریانتێل (Ariantel) ئۆپەراتۆرێکی ڕایەڵەی مەجازی موبایلە لە ئێران.
- تێلینسۆل (Telinsol) کۆمپانیایەکی بریتانیایی ڕاوێژکاری پەیوەندیی ساتەلایتی کە بە نوێنەرایەتیی ئاریانتێل مامەڵەی بازرگانیی لەگەڵ هێندێک کۆمپانیای ناودەوڵەتی کردووە.

- پرۆتەی (PROTEI) فرۆشیارێکی ناودەوڵەتیی سیستەمی پەیوەندییەکانە کە لە ڕووسیە دامەزراوە و لەلایەن ئاریانتێلەوە بۆ دابینکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی تۆڕ وەک ئامێری ناسینەوەی ڕەسەنایەتی بەکارهێنەر، بەڕێوەبەریی داتا، پشکنینی قووڵی پاکەت، گەیاندنی کورتە پەیام و ئاماژەدانی تۆڕی موبایل، هەڵبژێردراوە.

- پۆرتا وان (PortaOne) کۆمپانیایەکی کانادایی و فرۆشیاری سیستەمی پشتگیریی سیستەمی موبایلە و وەک لە بەڵگەنامەکان دەردەکەوێ لە لایەن ئاریانتێل وەک دابینکەری دروستکردنی ئەژماری موبایل، دابینکردنی خزمەتگوزاریی، سیستەمی وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزارییەکە و جێگیر کردنی تایبەتی لەگەڵ سیستەمی چاودێریی یاسایی ئێران، هەڵبژێردراوە.

- دەسەڵاتی تۆمارکردنی پەیوەندییەکانی ئێران دامودەزگای ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئێرانە کە ئەرکی جێبەجێکردنی دەسەڵاتە حکوومییەکان، چاودێریکردن و دەسەڵاتە جێبەجێکارەکەی وەزارەتی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکانی لە ئەستۆیە.

وردەکارییە تەکنیکییەکانی نێو بەڵگەنامەکان، تیشکی نوێ دەخەنە سەر ئاستی پێشکەوتوویی ئەو ئامرازانە کە کاربەدەستانی ئێران بەتەمان بە یارمەتیی ئەوان ئۆپەراسیۆنی چاودێری و کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی و پەیوەندییەکانی موبایل دەستەبەر بکەن. نەرمەواڵە و خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی فرۆشیاران ڕێگا بە دەسەڵاتی تۆمارکردنی پەیوەندییەکانی ئێران دەدەن تا ئەی پی ئای (API) تایبەتی لە ناو ئامێرەکانی ئۆپەراتۆرەکانی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتدا کە بۆ وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزاریی، چالاککردنی خزمەتگوزاریی و ئەرکەکانی بەڕێوەبردن کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، جێگیر بکات. یەکێک لەو ئەی پی ئایانە ناوی "سیام"ــە کە بۆ شوێنهەڵگرتن و کۆنترۆڵی تەلەفۆنی موبایل کەلکی لێ وەردەگیرێت.

## بەگوێرەی بەڵگەنامەکان سیستەمی چاودێریی یاسایی لە چەند بەش پێک هاتوون کە لە سەرانسەری ئێران کاریان پێ دەکرێ و بریتین لە:

١- سیستەمی چاودێریی یاسایی. ئەو بەشە بۆ چالاکیی کۆنترۆڵ و چاودێریی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەو سیستەمە زانیاریی لە بارەی کەلکوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەک لەلایەن بەکارهێنەری موبایل کۆ دەکاتەوە و دەتوانێ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکە لەکار بخات یان دەستکاریی بکات. سیستەمی چاودێریی یاسایی دەتوانێ داوای تۆماری بەکارهێنانی ورد بکات و خزمەتگوزارییە هاوبەشەکان لەکار بخات. بۆ ئەو کارە ئەی پی ئای سیام لە لای سەرجەم دابینکارانی خزمەتگوزاریی موبایل لە ئێران جێگیر کراوە.

٢- سیستەمی کۆنترۆڵی ئامێری نایاسایی. ئەو بەشە بۆ ئاگادارکردنەوەی سیستەمی چاودێریی یاسایی لە ئاڵوگۆڕەکانی پرۆفایلی خزمەتگوزاریی سیمکارتی بەکارهێنەر کەلکی لێ وەردەگیرێ. سیستەمی کۆنترۆڵی ئامێری نایاسایی، سیستەمی چاودێریی یاسایی لە دۆخی هەنووکەیی سیم کارتی چالاک کە بە ناوی بەکارهێنەرێک تۆمار کراوە یان خەریکی تۆمار کردنە ئاگادار دەکاتەوە.

٣- سیستەمی شاهکار. کۆگایەکی داتایە کە زانیاریی لەسەر سەرجەم بەکارهێنەرانی موبایل لە ئێران بۆ پشکنینی "ڕەوایی بەکارهێنەر" کۆ دەکاتەوە و بێتوو سیستەمی چاودێریی یاسایی بڕیار لەسەر ناڕەوایی هەوڵەکە بدا، پێش بە هەر هەوڵێکی تۆمار کردن دەگرێ. ئامانجی سیستەمی شاهکار ئاگادارکردنەوەی سیستەمی چاودێریی یاساییە لە هەوڵی بەکارهێنەران بۆ گواستنەوە بۆ پێشکەشکارێکی دیکەی خزمەتگوزاریی ، گۆڕینی زانیاریی ئابوونەکەیان یان گۆڕینی ژمارە تەلەفۆنەکەیان. شاهکار پێش بە بەکارهێنەران دەگرێ ئەژماری موبایلی نوێ لە پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی دیکە وەرگرن. بەتایبەتی، لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژە بە نموونەیەک کراوە کە لەویدا هەوڵی تۆمار کردن دراوە: "شاهکار لەو زانیارییەی بۆی نێردراوە دەکۆڵێتەوە و دەبینێ بەکارهێنەر لە لای پێشکارێکی دیکە تۆمار کراوە، بۆیە تۆمار کردنەکە قەدەغە دەکرێ." ئەو شیکردنەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ئێران بڕیاریداوە هەر بەکارهێنەرێک یەک سیم کارتی هەبێ تا ئاسانکاریی بۆ ئۆپەراسیۆنی چاودێرییەکەی بکات. ئەوە بە سیستەمی چاودێریی یاسایی ئەو توانایە دەبەخشێ تا دەستبەجێ داوای ئەژمارێکی موبایل لە لایەن بەکارهێنەرێک یان ئاڵوگۆڕ لە هەژماری هەنووکەیی ئەودا هەڵوەشێنێتەوە.

٤- شەمسا. ئەو بەشە وەک ڕووکارێک بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، کورتەپەیام، وردەکاریی پەیوەندییەکان و وردەکاریی داتای پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت، کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

جێگای ئاماژەیە کە ئەو سیستەمەی خزمەتگوزاریی یاسایی کە لە بەڵگەنامەکاندا باسی دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر لە ستانداردە یاساییەکانی چاودێریی، گەشەپێدراو لەلایەن تاقمە کارییەکانی جی پی پی ٣ (gpp3) و کۆمیتەکانی ستانداردی ئێتسی (ETSI) جیاوازە.

## دۆزینەوە سەرەکییەکان

ڕێساکانی دەسەڵاتی تۆمار کردنی پەیوەندییەکان لە ئێران دەڵێن سەرجەم ئۆپەراتۆرەکانی پەیوەندیی موبایل لە ئێران دەبێ دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە سیستەمەکەیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و وەرگرتنی پارەی خزمەتگوزارییەکان لە بەکارهێنەران، بدەن بەو ناوەندە. بە ئاماژە بە پێناسەی بەرینی "گوێهەڵخستنی یاسایی" لە لایەن خۆیانەوە، ئەو ناوەندە بەتەمای کەلکوەرگرتن لە سیستەمی پێشکەوتووە بۆ پاشەکەوتکردنی زانیاریی بەکارهێنەران، ڕێگاپێدان یان ڕەتکردنەوەی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەر بە خزمەتگوزارییەکانی موبایل و، سەیر کردنی مێژووی کەڵکوەرگرتنی دەنگیی، کورتەپەیام و داتا.

سیستەمی چاودێریی یاسایی دەسەڵاتی تۆمار کردنی پەیوەندییەکان، بۆ جێگیرکردنی ڕاستەخۆ لە ناو سیستەمی کارپێکردنی ئۆپەراتۆرەکاندا کەڵک لە ئەی پی ئای وەردەگرێ تا بتوانێ زانیاریی ورد لەسەر خزمەتگوزاریی کەڵک لێ وەرگیراو، ئاستی دابین کردنی خزمەتگوزاریی و مێژووی دانی تێچووی خزمەتگوزارییەکان، وەدەست بێنێ. هەر داوایەکی نوێ، کۆتاییهێنان و داوای ئاڵوگۆڕ لە سیم کارتی بەکارهێنەران دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە ئەی پی ئایی‌یەکانی ئەو ناوەندە پەسەند بکرێ.

ئەو جۆرە سیستەمی پشتگیریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری ڕایەڵەی موبایلی سەربەخۆ لە وڵاتیکدا لە ناو پیشەسازیی مودێڕنی پەیوەندیگرتنی موبایلدا لە ڕادەبەدەر دەگمەنە. بێتوو ئەوە بەو شێوەیەی لەو بەڵگەنامانەی ئێمە لێمان کۆڵیونەوە بەتەواوی جێبەجێ بکرێ، توانایی ئەوە بە دامودەستگای دەوڵەتی دەبەخشێ تا سەرجەم پەیوەندییە مۆبایلییەکانی خەڵکی ئێران، لە ناویاندا ئەوانەی ئالنگاریی بۆ ڕێژیم دروست دەکەن، ڕاستەوخۆ چاودێریی بکات، گوێهەڵخات، لادا، کەم بکاتەوە یان بە تەواوی بیپچڕێنێ.

بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە کۆمپانیای ڕووسیەیی، بریتانیایی و کانادایی خەریکی گفتوگۆی بەربڵاون بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بازرگانی و تەکنەلۆژیا بۆ پشتگیریی لە داواکانی گوێهەڵخستنی یاسایی ئێران بۆ چاودێریی، کۆنترۆڵی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبرایەتی ئەژمار.

**لە کاتێکدا ئەو بەڵگەنامانەی ئێمە پێداچوونمان بۆ کردوون باسی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنانە ناکەن، دانوستانەکان لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکاندا مەودایەکی باشیان بڕیوە و وردەکاریی بەربڵاو لەمەڕ سیستەمی گوێهەڵخستنی ئێران و شێوەی خزمەتگوزاریی و ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە کەرتی تایبەتییەوە بۆ ئەو مەبەستە دەتوانن دابین بکرێن، لە خۆ دەگرن.**

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## بابەتی ساڵی............... ٢٧٢٣

# ڕێککەوتنی ئێران و عەرەبستان

**پۆلیتیکۆ - نەهال توسی، فەلیم کاین**

ئەو ئاشتییەی چین وەک ناوبژیوان لەنێوان ئێران و عەرەبستانی سعودی هێناویەتە ئاراوە، بۆتە هۆی هەناسەسواری هێندیک لایەن لەمەڕ گۆڕانی پارادایم و تەنانەت باس لە سەرهەڵدانی پەرگالێکی نوێی جیهانیی دەکا کە لەویدا چین دەبێتە ناوەند.

بەڵام پوختەی کاردانەوەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەو شێوەیە: خەڵکینە، ئێرە هیچ شتێکی بۆ سەیر کردن لێ نییە.

کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە لێدوانی کورتی گشتیدا ویستوویانە لە گرینگیی ئەو دەستپێشخەرییە کەم بکەنەوە. کاتێک لە وتووێژەکاندا لەبارەی وردەکارییەکان پرسیار کراوە، لەنێو شتی دیکەدا ئەوان گوتوویانە: ئەوە دیاردەیەکی یەکجارەیە؛ ئەوە لە بەرژەوەندیی ئابووریی چیندا بووە نێوبژیوانیی ئەو ڕێککەوتنە بکات؛ ئەوە بە مانای هاوپەیمانیی درێژخایەن نییە و، هەر شتێک یارمەتی بە ئارامکردنەوەی ناوچەکە بکات لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە.

ئەو بەکەمگرتنە هەروەها نیشانەی ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان لەمەڕ بنکۆڵکرانی دەستڕۆیشتوویی جیهانیی ئەمریکا لەلایەن چینەوە، لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەگەڵ هاوبەش و هاوپەیمانەکانی لە هەوڵی کۆکردنەوەی هاوپشتییە بۆ بەربەرەکانی دژی ئەوەی وەزیری کاروباری دەرەوە، ئانتۆنی بلینکەن، وەک هەڕەشەی بەیژینگ بۆ سەر "پەرگالی خاوەن ڕێسای نێونەتەوەیی" باسی دەکات، بەپەرۆشە.

لە ڕاگەیەندراوی ڕۆژی هەینیدا، کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی، "لە کۆتاییدا، ئەوە شتێکی باشە،" کە بەیژینگ

نێوبژیوانیی گرێبەستێکی کردووە تا بە گوێرەی ئەو، عەرەبستانی سعوودی و ئێران پەیوەندییە سیاسییەکانیان دەست پێ بکەنەوە. "ئێمە خوازیاری دامرکاندنەوەی قەیرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستین و بەرەو ئەو ئاراستەیە کارمان کردووە. خەڵک نابێ زۆر بەو شتەوە ماندوو بن کە لە کۆتاییدا ئەوە چینییەکان بوون کە جێبەجێیان کرد." چوار کاربەدەستی دیکەش لێدوانی هاوشێوەیان دا و لە گرینگیی ڕێککەوتنەکەیان کەم کردەوە.

خاڵێکی دیکە: کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێداگرن کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر چالاک دەمێنێتەوە و ئاماژە بە ڕاهێنانە سەربازییەکانی ئەو دواییانە، سەردانەکانی دیپلۆماتەکان و وتووێژی تەلەفۆنیی سەرکۆمار جۆ بایدن لەگەڵ سوڵتانی عوممان لە سەرەتای ئەو مانگەدا دەکەن. بە لەبەرچاو گرتنی ڕەوانبێژیی پەرەئەستێن لەمەڕ شەڕی ساردی وڵاتە یەکگرتووەکان - چین، شتێکی ئەقڵانییە کە وا دەرنەکەون کە پەشۆکاون، چونکە نیشانەی لاوازییە. بێجگە لەوە، هەردوو واشینگتۆن و بەیژینگ بەرژەوەندییان لە ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستی سەقامگیردایە، هیچ نەبێ لەبەر ئەوە کە ئەو ناوچەیە ناوەندی دابینکردنی وزەی جیهانە. وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرتر بەرژەوەندیی ئەمنییەتی هەیە، لە کاتێکدا چین زۆرتر بەرژەوەندیی ئابووریی هەیە.

ڕایان هاس، ئەندامێکی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و پسپۆڕی کاروباری چین لە سەردەمی بەڕیوەبەرایەتی ئۆباما، پرسیاری کرد: "بێتوو بەڕێوەبەرایەتییەکە بەتەواوی لەو ڕووداوە دەهری بێ، چییان پێ دەکرێ؟" ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد: لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست "لە بەرزایی ٦٠ هەزار پێ، ئێمە لە بنەڕەتدا لەگەڵ یەکتر کێشەکمان نییە". بەڵام، لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئیدیعاکانی بایدن، کە وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ چین لە ئاستی جیهانیدا و لە ڕوانگەی ئابووری و لایەنی دیکەشەوە لە کێبڕکێدایە، ناتەبایە. لە کاتێکدا بایدن پێداگرە کە بەدوای کێشەدا ناگەڕێ، ئەو و تیمەکەی زەخت دەخەنە سەر هاوپەیمانە ئورووپایی و ئاسیاییەکانیان تا بەستراوەیی خۆیان بە چینەوە کەم بکەنەوە.

لە کاتێکدا بەیژینگ گوتوویەتی "هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی تاکی" لە ڕێککەوتنی سعودی و ئێراندا نییە، ئەو وڵاتە خەریکی چنینەوەی بەرهەمی ئەو ڕێککەوتنەیە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی واڵ ستریت جورناڵ لە ڕۆژی یەکشەممە، چین پلانی کۆبوونەی شەش نەتەوەی پێکهێنەری ئەنجومەنی هاوکاریی و ئێرانی، لە ئەوساڵدا هەیە. هەر بە گوێرەی هەواڵەکان ڕێبەری چین، شی جینپینگ، دوای سەردانەکەی لە مۆسکۆ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکۆماری ڕووسیە، ڤلادیمیر پوتین، بەرنامەی گفتوگۆ لەگەڵ سەرکۆمار ڤۆلۆدۆمیر زەلەنسکی لە حەوتووی داهاتوودا هەیە. چاوەڕوان دەکرێ ناوبراو لە هەوڵی جێبەجێکردنی پێشنیاری ئەو دواییانەی چین بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ دابێ. ئەو کۆبوونەوانە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە

وڵاتە یەکگرتووەکان ئاگاداریی داون کە چین لەوانەیە چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە بنێرێ تا لە جەنگی ئوکرایندا یارمەتیی بکات.

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، عەرەبستانی سعوودی و ئێران پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانیان کە ماوەی حەوت ساڵە پچڕاون گرێ دەدەنەوە و لە ماوەی دوو مانگدا باڵوێزخانەکانیان لە خاکی یەکتردا دەکەنەوە. ئەوە هەروەها بەڵێنی هاوکاریی ئەمنییەتییش دەگرێتە، بەو مەبەستە کە هێرشی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ سەر بەرژەوەندیی یەکتر لە سەرانسەری ناوچەکەدا کەم بکەنەوە. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەتایبەتی هیوادارن ئەوە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بەشمەینەتی لە یەمەن، شوێنێک کە سعوودییەکان و ئێرانییەکان خەریکی جەنگی ناڕاستەوخۆن کە هەنووکە ئاگربڕێک لە ئارادایە.

مایکڵ سینگ، بەڕێوەبەری پلەبەرزی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، پێشبینی دەکات دەستپێشخەریی بەیژینگ وێدەچی کەلێنەکانی نێو بەڕێوەبەرایەتیی بایدن ئاشکرا بکات.

سینگ گوتی، "لایەنێک دەڵێ ... "هێور کردنەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان باشە، بەڵێ، چینییەکان هەلی بانگەشەکردنی خۆیان دەست دەکەوێ، بەڵام ئەوە شتێکی کاتییە. لایەنێکی دیکە لەناو بەڕیوەبەرایەتییەکەدا بەو ئاکامگیرییە وەڵام دەداتەوە کە بێهودەیە وەدوای ئەو دەوڵەتانەی کەنداو بکەوین، ئەوان خەریکی دوورکەوتنەوە لە ئێمەن، و تەنانەت بێتوو ئەوان نەبنە هاوپەیمانی چینیەکان ... ئەوەندە ناهێنێ ڕێککەوتنی ئەمنییەتییان لەگەڵ واژۆ بکەین".

لەگەڵ ئەوەشدا سینگ پێداگر بوو، "ئێمە نابێ تووشی پەشۆکان بین، سووککردنی کێشەی نێوان سعوودی و ئێرانییەکان بەڕاستی لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکاندایە".

ئەو ڕێککەوتنە بێگومان خاڵێکی یەکلاکەرەوە بوو بۆ چین چونکە لە هەوڵی دەسەڵاتی جیهانیی زۆرتر دایە. شی دەستپێشخەرییەکی ئاسایشی نێونەتەویی تایبەت بە خۆی ئاشکرا کردووە کە بەیژینگ خەریکی بانگەشە بۆکردن وەک جێگرەوەیەک بۆ سیستەمی نێونەتەویی بە ڕێبەریی ئەمریکایە کە بە هۆی ناسەقامگیریی وێران بووە.

هەنگاو هەڵێنانەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، قامکنان لە چاوی واشینگتۆن بوو. بەڵام چین لەو بارودۆخە تایبەتەشدا

سوودی لە هێندێک لایەنی باش وەرگرتووە. بەپێچەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەیژینگ پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ ئێران هەیە، کە وابوو تاران گوێی لێ دەگرێ، پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش لەگەڵ ڕیاز، لە بەر ناکۆکییەکان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ، بەرهەمهێنانی وزە و شتی دیکە، لە دۆخێکی خراپدایە. لە هەمان کاتدا، سعودییەکان چەند ساڵە لە هەوڵی هێورکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئێران بوون، پرۆسەیەک کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیریی کردووە و چین لە پرۆسیەکدا کە هەر ئێستا لە ئارادابوو، لە بەئەنجام گەیاندنەکەی نزیکتر بۆوە.

هێندێک چاودێر دەڵێن کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگبێ خەریکی کایەیەکی درێژخایەنتر بن، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی بێمتمانەیی بە بەڵێنییەکانی ئێران و نیگەرانییە بەردەوامە جیهانییەکان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتە.

دان شاپیرۆ، باڵوێزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئیسرائیل گوتی، "کاتێک ئێران بێ ئەملا و ئەولا بەڵێنییەکانی ژێر پێ دەنێ، ئەوە چینە وەک لایەنێک دەردەکەوێ کە هیچ وەڵامێکی بۆ پێداویستییە ئەمنییەتییەکانی سعودی پێ نییە. ئەوکات لایەنە ئەقڵانییەکەی هاوبەشیی ئەمنیەتیی عەرەبستانی سعودی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان ئاشکرا دەبێ".

واشینگتۆن بۆ دەستپێشخەرییەکی دیکەی ئاشتی یەکلاکەرەوەیە کە بێگومان لە ناوچەکەدا ڕەچەشکێنە: بەرینترکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم، کە بووە هۆی پەیوەندیی سیاسی لەنێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، بە شێوەیەک کە عەرەبستانی سعوودیش بگرێتەوە. ئیسرائیل، کە تاران وەک هەڕەشەی سەرەکی سەیری دەکات، وێدەچوو بە دەوری چین لە ڕێککەوتنی سعودی-ئێران سەری سوڕ مابێ. بەڵام ئەوان لەمێژە دەزانن کە ریاز و تاران بەرەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان هەنگاو دەنێن.

هێندێک کاربەدەستی ئەمریکایی دەڵێن سعودییەکان، بەو هەنگاوانەی ئەو دواییانە، ئەو پەیامە دەنێرن کە ڕیاز دەیهەوێ بەرەو تاران، بەیژینگ، یان مۆسکۆ بڕوات.

سعودییەکان دوای هێرشی ساڵی ٢٠١٩ بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانیان، کە گریمانە دەکرێ ئێرانییەکان لە پشتی بوون، هەوڵەکانی بۆ چارەسەری کێشەکەی لەگەڵ ئێران خێراتر کردن. ئەوە نیشان دەدا ئەوان ملکەچی زەختی ئێرانییەکان بوون. ئیزندان بە بەیژینگ کە ببێتە مابەینی وتووێژە کۆتاییەکان، تەنانەت کاتێک کە مەترسیی ناردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە

لە ئارادایە، بۆ  زۆرتر هاوتەریبکردنی سعوودی لەگەڵ بەرەیەکی دیکتاتۆرییە کە لە ڕوانگەی هێندێک لایەنەوە هەڕەشە لە دێموکراسییەکانی ڕۆژاوا بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات.

کاربەدەستێکی بەڕێوەبەرایەتی بایدن گوتی، "مەترسییەکە ئەوەیە کە ئەوان بە تەوەرێکی بەدخواز دەبەسێتەوە کە هیچ سوودێکی هەستپێکراوی بۆیان نییە. مەترسیی ناردنی ئەو سیگناڵە هەیە کە بێتوو ئێران زەخت و هەڕەشەکانی چڕتر بکاتەوە، دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵی ڕێک بکەون".

کاربەدەستانی عەرەبستانی سعوودی و عەرەب لەو ساڵانەی دواییدا گلەییان کردووە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ متمانەپێکردن نابێ. ئەوان ئاماژە بە خۆپاراستنی دۆناڵد ترامپ لە دانی پارمەتیی سەربازی و گفتوگۆکانی سەرکۆماری پێشوو باراک ئۆباما لە گەڵ ئێران لەبارەی بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتە دەکەن. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتیان عەرەبستانی سعودی و هێندێک لە دەوڵەتانی عەرەب زۆر بە دەگمەن لە ڕادەی پشتیوانیی ئەمریکا لێیان ڕازین. کاربەدەستێکی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن گوتی، "هاوبەشەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەمیشە شتی زۆرتریان لە ئێمە دەوێ، زەمانەتی ئەمنییەتیی بەهێزتر، ناردنی خێراتری چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بە پێشمەرجی کەمترەوە. ئەوان زۆرتریان دەوێ و کاتێک جێبەجێی ناکەین، گلەیی دەکەن." کاربەدەستێکی دیکە ئەوەشی زیاد کرد کە، بەو شێوە نییە کە چینییەکان یان ڕووسیەییەکان قەرەبووی لایەنی ئەمنییەتی بکەنەوە. ژێرخانی سەربازیی عەرەبەکانی کەنداو ئاراستەی ئەمریکایی هەیە و چین و ڕووسیە لە هەمان ئاستدا ناتوانن چەکوچۆڵیان پێشکەش بکەن.

ڕخنەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەوری چین بۆ ناوبژیوانی ڕێککەوتنی نێوان ئێران-سعوودی، سەرەڕای بەڵگەهێناوەکان بۆ سوودی هەستپێکراو بۆ ناوچەکە، ڕەنگبێ بیانوو بداتە چین بۆ ئیدیعای بەردەوامیی ئەوان لەمەڕ ئەقڵییەتی شەڕی سارد لە ایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە.

ڕۆبەرت س. فۆرد، باڵوێزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریە گوتی، "ئەو بیرکردنەوە کە هەر کاتێک بەرهەڵستکارێکی ئێمە لە هەر شوێنێکی دنیا هەر جۆرە سوودێک ببینێ، بە شێوەی ئۆتوماتیک بە زەرەری وڵاتە یەکگرتووەکانە، باش نییە.

فۆرد بە ئاماژە بە هەوڵی چین بۆ هێور کردنەوەی کێشەکانی ڕیاز و تاران گوتی، "ئەوە بەو مانایە نییە کە وڵاتانی

کەنداو ئەمریکاییەکان وەدەر دەنێن. بە پێچەوانە، سعوودییەکان، ئیماڕاتییەکان و قەتەرییەکان هێشتا زۆر بۆ پاراستنی پەیوەندییە سەربازییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بە پەرۆشن".

کاربەدەستێکی پێشوو گوتی، بەڵام ڕەنگبێ پێویست بە چاککردنەوەی دیپلۆماتیکی وڵاتە یەکگرتووەکان و حوزوورێکی زۆرتر هەبێ. ڕۆبەر جۆردان، باڵوێزێکی پێشووی ئەمریکا لە ڕیاز گوتی، "ئێمە لە هەموو دەورانی بەڕێوەبەرایەتی بایدندا باڵوێزێکمان لە عەڕەبستانی سعوودی نەبووە ".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## ئێران خەریکە لە چەند لاوە ئیسرائیل بەرەو ئاگر دەبات

**ئیسرئیل حەیوم - یاکۆب ناگەل**

دوای پشوویەکی دوورودرێژ لە وتووێژەکانی ناوکیدا، کە ئێران لەو ماوەیەدا لە توانای ناوکی (بەتایبەتی بە کۆکردنەوەی ماددەی پیتێنراوی پێویست بۆ بۆمبەکە) نزیکتر بۆوە، زانیاریی "دزەپێکراو" لەبارەی خولیای ئەمریکا لەمەڕ پێشنیاری ڕێککەوتنێکی بەشەکی و گەڕانەوە بۆ سەر مێزی وتووێژ بڵاو بۆوە. ئەگەرچی ڕێککەوتنی پێشنیارکراو بیرۆکەیەکی نوێ نییە، گەلێک گرینگە لە ئێستا ڕا دەنگۆیەکان ڕەت بکرێنەوە و مەترسییەکانی ڕێککەوتنی "کەم بۆ کەم" ڕوون بکرێنەوە.

بیرۆکەی "کەم بۆ کەم"، کە بەکردەوە "زۆر بۆ زۆرە"، لەسەر هێندێک سنووردارکردن و سڕکردنی بەرنامەی ناوکیی ئێرانە، کە تا ڕادەیەکی زۆر بە مانای ڕاگرتنی گەشەکردنی زیاتر لە بەرانبەر سووککردنی ڕێژەیی ئابلۆقەکان دامەزراوە.

گاڵتەجاڕیی پێشنیارەکە ئەمڕۆ زیاتر لە جاران ئاشکرایە. ئامانجی دەستپێکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دووڕاگرتنی ئێران بۆ مەودای ساڵێک لە تێپەڕین لە خاڵی بێگەڕانەوە (کۆکردنەوەی هێندە ماددەی پیتێنراو کە بۆ بۆمبی یەکەم پێویستە)، زۆر دەمێکە "بابردەڵەیە". ڕێککەوتن، تەنانەت یەکێکی بەربەرینیش، تەنیا چەند حەوتوو یان چەند مانگێک کات بۆ دنیا بەدیاری دێنێ کە هاوکات لەگەڵ سووک کردنی بەرچاوی ئابلۆقەکان، ڕێگا بە ڕێژیم دەدا تا لە بواری ئابوورییەوە ببووژێتەوە و درێژە بە پشتیگری و پشتیوانیی دارایی لە تێرۆریزم لە سەرانسەری دنیادا بدات.

گومان لەوەدا نییە کە ئێران لە پشت هێرشەکانی ئەو دواییانە بۆ سەر ئیسرائیل لە باکوور و باشوور، بە هۆی حەماس و حیزبوڵڵایە. ئێران بە چوار سێناریۆ زەحمەت دێنێ بۆ بەرەوڕووبوونەوە: لوبنان و سووریە، غەززە، جودێیا و ساماریا و ئورشەلیم. کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، هی ٢٠١٨، بهێنرێ و بەتوندی نەتەنیا سزای هێرشبەران بدرێ بەڵکو ئەو وڵاتەی سەرچاوەی هێرشەکانە و ئەو وڵاتەی ناردوونی.

لەو کاتیەوە بیرۆکەکە سەری هەڵدا، تاران ئورانیۆمی تا ئاستی ٦٠٪ پیتاندووە و تەنانەت "کایە"ی بە پیتاندنی ٨٤٪ کردووە (ئەگەرچی گیروگرفتی ڕاستەقینە ڕێژەی زۆری ئورانیۆمی پیتێنراو بۆ ٢٠٪ بووە). ئەو هەروەها کانزای ئۆرانیۆمی

بەرهەم هێناوە، پێشی بە پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی گرتووە دەستیان بە پێگە گوماناوییەکان ڕا بگا و، چاوەڕوانی زۆرترین ئاستی لابردنی ئابلۆقەکان لەبەرانبەر چەند بەربەستێک لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی دەکات، هەموو ئەوانە لە کاتێکدایە کە ڕێگا بەرەو بۆمبەکە دەهێڵێتەوە.

## کەوابوو، بۆچی پێشنیارەکە مەترسیدارە؟

ڕێککەوتنەکە ئامادەکارییەک بەرەو ڕێککەوتنێکی بەرینتر، درێژمەوداتر و باشتر نییە، وەک لایەنگرەکانی (کە هەم ئەمریکایی و هەروەها ئیسرائیلییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن)، چونکە ئەوە دوایین ڕێککەوتن دەبێ. تاران وا دەنوێنێ کە ملکەچی چەند سنووردارکردنێک بووە و لە بەرانبەردا چەندین قازانجی بە نسیب دەبن. ئەوە چەند ساڵ لەوە پێش ڕاست بوو و ئێستا، لە ژێر ڕووناکایی ئاڵوگۆڕەکان لەو کاتیەوە زۆرتریش ڕاستە. ڕێککەوتنەکە ڕەوایی دەبەخشێتە زۆربەی پێشێلکارییەکانی ئێران و ئیزنی پێ دەدا دەستی بەو سامانانە ڕابگات کە بە هۆی پێشێلکردنی بەرجام و پەیماننامەی پەرەپێنەدانی پرۆژە ئەتومییەکانی (NPT) وەدەستی هێناون. بەرهەمهێنانی سانتریفیوژی پێشکەوتوو بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر و بەنهێنی هێشتنەوەی پێگەکانی پێتاندن.

چونکە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر سانتریفیوژ پێویست دەبن، دەرفەت بۆ تاران دەڕەخسێ "بەدزی" خەریکی بۆمبەکە بێ. ئێرانییەکان درێژە بە دەستڕاگەیشتن بە هاژەکی بالیستیک بە توانایی هەڵگرتنی کڵاوی ناوکی دەدەن، لە کاتێکدا دۆخی ڕاستەقینەی تیمەکانی چەکەکە، کە لە ڕاستیدا تەنیا بڕگەی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە توانایی ناوکییە، بەردەوام بەنهێنی دەمێنێتەوە.

بۆ پاراستنی شانسی ڕێککەوتنێک، ئێران وڵاتە یەکگرتوەکان و یەکیەتیی ئورووپای ناچار کرد ڕێنوێنیی سەرۆکی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ناوکی بکەن تا خۆ لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی توندوتیژ لە بارەی پێشێلکارییەکانی ئێران، یان داوای کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری و، تەنانەت گواستنەوەی پرسەکە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ببوێرێ. واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی وەستانی کار لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بەو گریمانە هەڵەیە کە "گەڕاوەتەوە بۆ نێو سندووقەکە"، وەک جەیک ساڵیوان لە ڕابردوودا گوتوویەتی. ئێمە دەبێ لەبیرمان بێ کە ئەو پلانە لە ساڵیوانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەو ئەندازیاری ڕێککەوتنێکی کاتیی هاوشێوە لە ٢٠١٣ بوو (بەرجام) و ئەو ڕەنگبێ -بێتوو دەنگۆیەکان ڕاست بن - ئەو کەسەیە کە هەوڵەکانی ئێستا بەرەو پێش دەبا. کاتێک

ئێرانییەکـان ئیمتیـازاتی بەرچاویـان دەسـت کەوتـن، ڕێککەوتنێکـی مەزنتـر و بەربڵاوتـری دوایـی تەنیـا وەک تـراویلکە دەمێنێتەوە. ڕێبەرانی ئێران زۆر باشتر لە سەرکۆمار بایدن و خەڵکەکەی دەزانن چۆن ئەو پرسە مودیرییەت بکەن.

لێکـۆڵینەوە لە ڕوانـگەی وڵاتـانی کەنـداویش سـەرنجڕاکێش و گـرینگە، بە تـایبەتی لەژێـر ڕووناکـایی لێـکنزیکبوونەوەی عەرەبسـتانی سعوودی و ئێـران و کاردانەوەکـانی وڵاتـانی بەشدار لە پەیمـانی ئیبـراهیم. هەر ئەو حەوتـوویە، کاربەدەسـتە باڵاکانی ئێرانی و سعوودی بە میوانداریی چین یەکتریان بینی تا پەیوەندییەکانیان نوێ بکەنەوە.

زانیـــاریی ســـەرنجڕاکێش و سەرســـوڕهێنەر کە لەلایەن کاربەدەســـتانی ئیســـرائیلییەوە پێشـــکەش کـــراوە، ئەو ئەگەرە سەرسوڕهێنەرە بەرز دەکـاتەوە لە کاتێکـدا کە هەنگـاوی سعوودی بەڕاسـتی بە مەبەسـتی سـەقامگیریی هەرێمیـی و نـاردنی پەیام بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل بوو، لە هەمان کاتـدا دەتـوانێ بـۆ بەهێزکردنـی دەستڕۆیشـتوویی ئـابووری و مەدەنـی سعوودی لەنێـو ئێـران و لە درێژخایەنـدا یارمەتیـدەری بنکـۆڵکردنی دەسـەڵات و ڕووخانـدنی ڕێـژیم بـێ. سعودییەکان تێـدەگەن کە پەرەپێـدانەکانی ئێـران درێـژەی دەبـێ و، لەگەڵ لێنەهـاتوویی ئەمریکـایی، سعودییەکان بڕیاریـان دا بە کەڵـکوەرگرتن لە دراو و دیپلۆماسی و جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی سعودی دژی ڕێژیم، دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە نێوەوە تاقی بکەنەوە.
لەلایەکی دیکەوە، ترسێکی ڕەوا لە کەنداو بوونی هەیە کە هێرشێکی ئیسرائیلی بۆ سەر ئێران، بە لەبەرچـاوگرتنی نزیکیـی جوگرافیـایی و پەیمـانی ئیبـراهیم، کە بە مانـای هاوکـاریی ئەوان لەگەڵ ئیسـرائیل لێـک دەدرێـتەوە، بە مانـای تێچـووی دەستبەجێ بۆ ئەوان دەبێ. بەپێچەوانەی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەیان پـێ کرا، هەنگاوەکـانی سعودییەکان دەتـوانێ لەلایەن ئێـران وەک لاوازیـی سـعودی لێـک بـدرێتەوە و، ببێـتە هـۆی بـاوەڕبەخۆبوونی زێـدەڕۆیانە. ئەو هەڵسـەنگاندنە، لەگەڵ دەربڕینەکانی ئیسرائیل، لەمەڕ بژاردەی سەربازی، دەبنە ئالنگاریی بۆ سەر سەقامگیریی ڕێککەوتنەکان و توانایی ئەوان بـۆ تەشەنەکردن بۆ وڵاتـانی دیکە.

چالاکییەکـانی سعودی بەرانـبەر بە میسـر و سووریەش دەکـرێ بە دوو ئاراسـتەدا لێکـدانەوەیان بـۆ بکـرێ و چـاودێریی ورد دەخوازن.

ئێرانییەکان دەزانن، سەرەڕای پێشێلکارییەکانی بەردەوامی ئەو وڵاتە، پێشێلکاریی ناوکی، هێرش بۆ سەر بەرژەوەنـدییەکانی ئەمریکا لە کەنداو و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و کوشتنی ژن و پیـاو لە ئێـران، لە نێویانـدا ئەگەری کەڵکوەرگرتن کە چەکی شیمیایی کە لەو دواییانەدا هەواڵەکـانی بڵاو بـوونەوە، پشـتگیریی بەربڵاو لە ڕووسیە لە

شەڕ دەگەڵ ئوکراین، گواستنەوەی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیەییەکان و یارمەتیدانیان لە کوشتنی ژن و منداڵی ئوکراینی، واشینگتۆن نایهەوێ وەڵام بداتەوە.

ئەمریکاییەکان نایانهەوێ وەڵامی ئەو هەموو پێشێلکارییانە بدەنەوە و تەنانەت پێشنیاری ڕێککەوتنێکی بەشەکی پێ دەکەن، کەوابوو بۆچی ڕێژیم هەر جۆرە سنووردارکردنی بەرنامە هاژەکییەکەیان قبووڵ بکات، کاتێک ئەوان تەقریبەن هەموو ئەو شتانەی دەیانهەوێ لە ڕێککەوتنێکی بچووکدا دەستەبەر دەکەن، لە کاتێکدا کە سەرکۆماری ئەمریکا جۆ بایدن هەڕەشەی باوەڕپێکراوی سەربازی لەسەر مێز دانەنێ؟ بۆچی وڵاتانی کەنداو بڕوا بە وڵاتە یەکگرتووەکان بکەن؟
بۆیە، واشینگتۆن و ئیسرائیل بە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ هەر سێ بەشەکانی بەرنامەی ناوکی ئێران بکەن: ماددەی پیتێنراو (ئەگەرچی خەریکە زۆر درەنگ بێ)، گەشەپێدانی سیستەمی چەکوچۆڵ (ئەوە پێشترییەتی سەرەکی دەبێ) و، ئامرازی بەرێکردنی، لەگەڵ زەختی ئابووری و هەڕەشەی سەربازیی باوەڕپێکراو. واژۆ کردنی ڕێککەوتنێکی لاواز پەیامی ساختە دەگەیەنێتە ئێران (و بازاڕەکان) کە خۆراوا ملکەچی هەموو شتێک دەبێ کە ئەوان بیکەن، لە کاتێکدا کە ئیسرائیل بەتەنیایی فرە لاوازە و هێرش ناکات.

لە ڕێککەوتنێکی خراپدا، ئیسرائیل ناچار دەبێ زۆرترین تێچوو بدات، بۆیە دەبێ بە یەکگرتوویی دژی کار بکات. ئەو پرسە گرینگە دەبێ لە سەرووی هەر جۆرە ناکۆکیی سیاسییەوە بمێنێتەوە و لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی بە کێشمەکێشەکانی نێوخۆیی نییە، کە یارمەتی دوژمنانمان دەدەن وەک لاوازیی لێک بدرێتەوە (بە ڕاست یان بەهەڵە). کاربەدەستان دەبێ زانیارییە نهێنییەکانیان، کە دەبێ بدرێنە ڕێبەرانی ئیسرائیل، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بدەن.

ئیسرائیل دەبێ درێژە بە باشترکردنی تواناییەکانی (سەربازیی و هی دیکە) بدا، لە نێویاندا لە جەنگی نێوان جەنگەکان و لقەکانی تا بتوانێ لەگەڵ هەڕەشەی ئێرانی هەوڵسوکەوت بکات. ناچارکردنی ئیسرائیل بە هەڵسەندگاندنی قازانجەکانی ڕێککەوتنێکی سنووردار لە ڕادە بەدەر مەترسیدارە و پەیامی هەڵە دەداتە وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی کەنداو.

**وڵاتە یەکگرتووەکان گریمانەی ئەوە دەکات کە ئیسرائیل ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ قبووڵ دەکات و وڵاتانی کەنداو گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئیسرائیلیش وەک وڵاتە یەکگرتووەکان لاوازە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

# پشت ئەستووریی پیشەسازیی نیزامیی ئێران بە تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی

**سی ئێن ئێن – تیم لیستەر**

توێژینەوەی نوێ ڕادەی پشتئەستووریی پیشەسازیی بەهێزی چەکوچۆڵی ئێرانی بە تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی و چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لەو تەکنەلۆژیایە لە لایەن ڕووسیەوە دژی شارەکانی ئوکراینی، ئاشکرا کردووە.

توێژینەوەی چەکی ناکۆکی (CAR)، ڕێکخراوێکە کە بنکەکەی لە بریتانیایە و ئەو ڕێکخراوەیە کە لە سەر بەشەکانی پێکهێنەری چەکوچۆڵ توێژینەوە دەکات، ڕایگەیاندووە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی "شاهید - ١٣٦" کە ئێران بە ڕووسیەی فرۆشتوون، ماتۆڕەکەیان لە سەر تەکنەلۆژیای ئاڵمانی دامەزراوە، تەکنەلۆژیایەک کە بە شێوەی نایاسایی نزیکەی بیست ساڵ لەوەپێش وەدەست ئێران کەوتووە.

دۆزینەوەکە دوای پشکنینی چڕ لەو بەشانە وەدەست هاتووە کە لە ئوکراین دۆزراونەوە و زانیارییەکەیان تەنیا دراوە بە سی ئێن ئێن، جەخت لەسەر توانایی ئێران بۆ لاساییکردنەوە و گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای سەربازیی، کە بە نایاسایی وەدەستی هێناون، دەکاتەوە.

کاربەدەستانی ڕۆژاوایی جیا لەوە لەوەش نیگەرانن کە ڕووسیە ڕەنگبێ چەکوچۆڵ و کەرستەی سەربازیی پتر بدا بە ئێرانییەکان کە لە بەرەی ئوکرایندا دەستی بەسەردا گرتوون؛ ئەگەرچی تا ئێستا، هیچ بەڵگەیەکی قایم لەگۆڕیدا نییە تا بسەلمێنێ ڕووسیە ئەو کارەی کردووە. بەڵام پەیوەندیی نێوان تاران و مۆسکۆ پەرەی ئەستاندووە و ئەو دوو وڵاتە زۆر لە یەکتر نزیکتر بوونەتەوە. ڕووسیە خوازیاری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەکە بالیستیکییەکانی ئێرانە؛ ئێران خوازیاری وەبەرهێنان و بازرگانیی ڕووسیەیە. بەگوێرەی کاربەدەستانی ئێرانی، ڕووسیە بۆتە مەزنترین وەبەرهێنەری بیانی لە ئێران لە ساڵی ڕابردوودا.

بەگوێرەی بۆچوونی کاربەدەستانی ڕۆژاوایی، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێرانی دەتوانێ بۆ ڕووسیە ببنە جێگرەوەی هاژەکی گرانبایی کە خەریکە ژمارەیان لە عەمبارەکانیاندا لە تەنکایی بدا. پسپۆڕان لەو بڕوایەدان، بۆ وێنە درۆنی شاهید - ١٨٦

دانەی نزیکەی بیست هەزار دۆلارە کە دەکاتە بەشێکی زۆر کەم لە نرخی هاژەکی دەریایی کالیبر.

لە ئۆکتۆبری ڕابردوو، سەرۆکی هەواڵگریی سەربازیی ئوکراین، کریلیو بودانۆڤ، گوتی ڕووسیە بڕیاری کڕینی نزیکەی ۱۷۰۰ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لە مودێلی جۆراجۆردا داوە. ئوکراین شارەزایی خۆی لە خستنەخوارەوەی درۆنی شاهید - ۱۳٦ سەلماندووە، بەڵام ئەوە دەبێتە هۆی دارمانی پاشەکەوتی چەکوچۆڵی بەرگریی ئاسمانیی ئەو وڵاتە. سەرەڕای ڕێژەی کەمی تەقەمەنی بارگەکراو لەنێو درۆنی شاهید - ۱۳٦ کە نزیکەی ٤٠ کیلۆ گرامە، بێتوو ئەو درۆنە شوێنی مەبەست بە دروستی بپێکێ، دەبێتە هۆی زەرەر گەیاندنی بەرچاو.

## بەهێزکراو بە تەکنەلۆژیای ئاڵمانی

لە نێوان نۆڤەمبەری ڕابردوو تا مانگی مارچی ۲۰۲۳، ڕێکخراوی تویژینەوەی چەکی ناکۆکی توانی لێکۆڵینەوە لەسەر ۲۰ درۆن و تەقەمەنیی ئێرانی لە ئوکراین بکات، بەڵام تەنیا نیوەیان درۆنی شاهید - ۱۳٦ بوون.

ئەو ڕێکخراوە توانی پشتڕاستی بکاتەوە کە ماتۆڕی شاهید - ۱۳٦ لە لایەن کۆمپانیایەکی ئێرانی بە ناوی "اوج پرواز ما دو نفر" ناسراو بە مادۆ، کە بنکەکەی لە شاری شکوهیە لە پارێزگای قومە، ئەندازیاریی پێچەوانەی بۆ کراوە. کۆمپانیاکە لەلایەن بریتانیا و یەکیەتی ئورووپاوە لە دیسەمبەری ڕابردوودا ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنراوە.

تویژینەوەی ئەو ڕێکخراوە مۆرکی مادۆی بەسەر کڵاوی پلاک (شەمع)ی ماتۆڕی درۆنەکان و هەروەها زنجیرەی ژمارەیی کەڵکوەرگیراو لەلایەن مادۆی دۆزیوەتەوە.

بە گوێرەی دەوڵەتانی ڕۆژاوایی و وڵاتە یەکگرتووەکان، مادۆ دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە پیشەسازیی گەشەئەستێنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێراندا هەیە. نمونەی زنجیرەی ژمارەیی مادۆ هەروەها لەلایەن پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە دۆزراوەتەوە کە لە هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ سەر عەرەبستانی سعودی و هەروەها هێرشەکانی ساڵی ڕابردوو بۆ سەر ئەبو زەبی، یەکێک لە ئیمارەتەکانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کۆلیوەتەوە، کە گوایە لە لایەن حوسییەکانی یەمەن، هاوپەیمانی ئێران، بەڕیوە چووە.

تەیمورخـان، تـوێژەری خەلـیج کە بـۆ ڕێکخـراوی تـوێژینەوەی چەکـی نـاکۆکی کـار دەکـات بە سـی ئـێن ئێنـی گـوت کە سیستەمەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکـانی ئێرانی بەردەوام لە گەشەکردن و بەڕۆژکرانەوەدان و "توانیویـانە بیسەلمێنن کە لە ڕوانگەی هەنگێوی، سیستەمی ڕینوێنیکار بۆ بەئامانجگرتن و هەروەها توانـایی دژی خنکانـدنی شەپۆلی ئێلێکترۆنیکی، هەر دێتوو کاریگەرتر دەبن".

## هەوڵێکی درێژخایەن

دیزاینی ماتۆڕی مادۆ دەرخەری هەوڵە چڕەکانی ئێران لە ٢٠ ساڵ لەوەپێشـەوە بـۆ وەدەستهێنانی تەکنەلۆژیـای ڕۆژاوایـی بـۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک، هاوکات لەگەڵ بەرەوڕووبـوونەوە لەگەڵ ئـابلۆقەی بەربڵاوی نێـونەتەوەییە. لە ٢٠٠٦، ئێـران بە شێوەی نایاسایی دەستی بەسەر ماتۆڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان داگرت کە لە لایەن کۆمپانیای لیمباخ فلوگ موتـۆڕێن دروست دەکـران. سێ سـاڵ دواتـر، ئەنـدازیارێکی ئێرانـی بە نـاوی یوسف ئەبوتـالێبی، ڕایگەیانـد کۆمپانیـاکەی مـاتۆڕی فـڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دروست کردووە. ئەو کۆمپانیـایە بـوو بە مـادۆ. بەگوێرەی ڕێکخراوی تـوێژینەوەی چەکـی نـاکۆکی، وێـدەچی ئەو کۆمپانیـــایە ویســـتبێتی دەوری خـــۆی لە بەرهەمهێنـــانی فـــڕۆکەی بێفڕۆکەوانـــی شـــاهیددا بشـــارێتەوە. پشـــکێنەرەکانی ئەو ڕێکخـــراوەیە دیتوویـــانە کە زنجیـــرە ژمـــارەی بەرهەمهێنـــان لە ســـەر بەشـــەکانی ئەو درۆنـــانەی لە ئـــوکراین دۆزراونەوە، لە هەوڵێکـی ئـاشکرا بـۆ شـاردنەوەی سـەرچاوەکەیان، پـاک کـراونەوە. ڕێکخـراوی تـوێژینەوەی چەکـی نـاکۆکی دەڵـێ، "ئەو دەستکارییانە پێشیان بە لێکۆڵینەوە لە دەستنیشـان کردنـی ڕایەڵەی دابینکـاری نێونەتەوەیی، کە بەشە سەرەکییەکان بـۆ ناوخۆی ئێران دابین دەکەن، گرتووە".

لە نێو بەشی دیکەی ڕۆژاواییدا کە ئێـران کڕیـونی و کـۆپی کـردوون، هێنـدێک بەشی هـاژەکی وڵاتـی چێـک-ـە. ڕاپـۆرتێکی نەتەوە یەکگرتـووەکـان لە ٢٠٢٠ گـوتی کە مـاتۆڕی هـاژەکی قـودس-١ کە لە هێـرش بـۆ سـەر دامەزراوەی پـاڵاوتنی نەوت لە عەرەبستانی سعودی، سـاڵێک پێشتر کەڵکـی لـێ وەرگیرابـوو "کۆپییەکی ڕێگـا پێنەدارو لە مـاتۆڕی جێتـی تـی جەی - ١٠٠ (TJ100) بەرهەمهێنراو لە لایەن کۆمپانیای پی بی ئێس ڤێلکا بیتەش" لە کۆماری چێک بووە.

### پسپۆڕان دەڵێن وێدەچی ماتۆڕی چێکی هەروەها لە هاژەکی حیدەر – ٢ی ئێرانیشدا کەڵکی لێ وەرگیرابێ.

کۆمپانیاکە دەڵی قەت لەو ماتۆڕانەی بە ئێران یان یەمەن نەفرۆشتووە، بەڵام ئێران پسپۆری خۆبواردن لە کۆنتڕۆڵی

بەشی: سێهەم

هەناردەکردنی تەکنەلۆژیای هەستیارە و لە هێندێک دۆخدا کەڵک لە کۆمپانیای ڕووکەشی وەردەگرێ. پانێلەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو ئاکامە گەیشت کە ئەو بەشانەی کۆمپانیاکەی وڵاتی چێک لە ساڵی ٢٠١٠ هەناردەی کۆمپانیایەک لە هۆنگ کۆنگی کردبوو و پاشان گەیشتۆتە دەست ئێران و لە ٢٠١٩ لە هاژەکی ئێرانیدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.
تەیمور خان دەڵێ، ئێران "بەشەکان و تەکنەلۆژیای ڕۆژاوایی بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بە کەڵکوەرگرتن لە نەبوونی شەفافیەت لە زنجیرەی دابینکارانی بەشەکان، وەدەست هێناوە،" کە دەبێتە هۆی باشتر بوونی سیستەمی دەستنیشانکردنی بەش و تەکنەلۆژیای هەستیار لە کاتی هەنارده کردندا و باشتر کردنی مێکانیزمەکانی سەپاندنی ئابلۆقە.

## هاوبەشییەکی گەشەئەستێن

فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی بە ڕووسیە بۆتە هۆی قووڵتربوونی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە، کە لە پێشداش لەبەر تەریککەوتنەوەی ئەو دوو وڵاتە لە بازرگانیی جیهانی و سیستەمی دارایی، دەستی بە گەشەکردن کردبوو.

وەزیری ئابووری ئێران، ئێحسان خانوەزیری، مانگی ڕابردوو بە فاینەنشاڵ تایمزی گوت، "ئێمە پەیوەندییەکەمان لەگەڵ ڕووسیە وەک پەیوەندییەکی ستراتیژیک پێناسە دەکەین و لە زۆر بوارەوە، بە تایبەتی لە بواری پەیوەندیی ئابوورییەوە، هاوکاریی یەکتر دەکەین." داهاتی فرۆشتنی سەدان درۆنی شاهید - ١٣٦ وێدەچی بۆ باشتر کردنی زۆرتری پێشەسازییەکە تەرخان بکرێ و هاوبەشییەکە ڕەنگبێ لایەنی نوێش بگرێتەوە. خان لەسەر ئەو بڕوایەیە کە، "بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕووسیە دەست بەسەر چەکوچۆڵی خاوەن تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ڕۆژاوایی لە بەرەکان ئوکرایندا دەگرێ، وەک هاژەکی دژە تانکی جاڤەلین، و هاوکاریی پەرە ئەستێن کە لە نێوان ئەو وڵاتەدا لە ئارادایە و ئەو ڕاستییە کە ئێران تواناییەکانی لەو ڕوانگەیەوە سەلماندووە، من وای بۆ دەچم کە ئەوان هاوکارییەکان بۆ کۆپیکردنی ئەو جۆرە سیستەمانە پەرە پێ بدەن." هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕووسیە کەڵک لەو هاوکارییە وەرگرێ تا تواناییەکانی خۆی لە پیشەسازیی فرۆکەی بێ فڕۆکەواندا گەشە پی بدا.

**بەڵام تا ئەو کاتی، هێزی سەربازیی ڕووسیە وێدەچی کڕیارێکی لێبڕاو بۆ سەدان درۆنی دیکەی ئێران، وڵاتێک کە خۆ بواردن لە ئابلۆقان بۆ گەشە پێدان بە پێشەسازیی چەکوچۆڵی ڕەسەنی کردۆتە هونەرێکی جوان، بمێنێتەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## لێک نزیکبوونەوەی سعودی - ئێران لە هێورکردنەوەدا ناسەرکەوتوو بووە

فارین پاڵیسی - ستیڤن ئـ. کووک

کاتێک ڕێککەوتننامەی نێوان عەرەبستانی سعودی و ئێران لەمەڕ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لە ١٠ی مانگی مارسدا ڕاگەیەندرا، ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شرۆڤەکاران پێشوازییان لێ کرد. هەر چەندە ڕێککەوتنەکە بە نێوبژیوانیی چین، نسکۆیەکی ئاشکرا بۆ پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو، پسپۆڕان گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودییەکانی ڕیاز و ئێرانییەکانی تاران ببێتە هۆی هێور بوونەوەی ناوچەیی.

ناوەندی خاوەن پرەستیژی یەکەی هەواڵگریی ئابووری ئەو ڕوانگەیەی بەو شێوەیە کورت کردەوە: "وتووێژ و هاوکاریی زیاتری نێوان عەرەبستانی سعودی و ئێران لەجیاتی دوژمنایەتیی یەکتر کردن و پشتگیریکردنی چالاکانە لە لایەنە دژبەرەکان، دەبێتە هۆی نەهێشتنی فاکتەرێکی گرینگی دینامیزمی ناسەقامگیری لە شوێنە خاوەن کێشەکانی ناوچە". ئەگەرچی نووسەرە نەدرکاوەکان دانیان بەوەدا نابوو کە ئەگەری توندوتیژییش بوونی هەیە. بەشێکی دیکە گوتیان کە ڕێککەوتنەکە دەتوانێ تاقمێک سوود لەوبەری شوێنەکانی کێشە دەستەبەر بکات، لە نێویاندا کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانەکانی ئێران لە بەحرەین، دەستپێکردنەوەی وەبەرهێنانەکانی عەرەبستانی سعودی لە ئێران و، تەنانەت باشترکردنی ئەگەری تەشەنەپێنەکردنی ناوکی.

بێگومان، گفتوگۆی زیاتر لە نێوان سعودییەکان و ئێرانییەکاندا شتێکی ئەرێنییە. لەگەڵ ئەوەشدا پلانی گۆڕینەوەی باڵوێزان و بانگهێشتکردنی سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی لە لایەن پاشای سعودی، مەلیک سەلمان، هێشتا جێبەجێ نەکراون. گەڕانێک بە ناوچەکەدا، لە سووریەوە بۆ سنوورەکانی ئیسرائیل، تا گەرووی هورموز، پێچەوانەکەیمان بۆ دەر دەخا. هەڵبەت، هێشتا زووە. ئەو ڕێککەوتنەی بە نێوبژیوانیی چین هاتە ئاراوە تەنیا سێ مانگ تەمەنیەتی. بەڵام تا ئێرە، وێدەچی ئێرانییەکان کەڵک لە ئاساییبوونەوە بۆ بەرەو پێشبردنی دەستکەوتە ناوچەییەکانیان کەڵکی لێ وەرگرن تا هێور کردنەوەی ناکۆکییەکان.

مەزنترین بەڵێنییەکانی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێران - عەرەبستانی سعودی، ئاشتی لە یەمەنە. سعودییەکان دەیانەوێ کۆتایی بە دەستێوەردانی سەربازی لەوێ بێنن و هیوایان بە یارمەتیی تارانە، کە بۆتە سەرۆکی دژبەرانی ڕیاز، واتە حوسییەکان. بەڵام تا ئێرە، ئەو ئاساییبوونەوە کاریگەرییەکی فرە بەرچاوی لەسەر دۆخەکە نەبووە.

ئاگربڕێک لە ئارادایە، پاپۆڕەکان دەتوانن یارمەتییەکان و کەلوپەل لەو بەندەرانە بخەن کە پێشدا گەمارۆ درابوون و، فڕۆکەخانەی پێتەختی یەمەن، سەنعا، ئاوالایە. ئەوانە هەمـوو هەواڵە خۆشـەکانن، بەڵام ئەو ڕووداوانە پـێش ڕێککەوتنەکەی سعودی-ئێران-چین جێبەجێ کرابوون. وتووێژی ئاشتی لە ئارادان، بەڵام کۆتاییهێنان بە قەیرانی یەمەن تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر لاساریی حوسییەکان بێئاکام ماوەتەوە. ڕەنگبێ ئەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و ڕەنگبێ ئاکامەکەی وتووێژی نوێ لە نێوان دەوڵەتەکانی سعودی و ئێران بێ، بەڵام تا ئێستا بە دژواری دەتوانین بڵێین ئاراستەی کێشەی یەمەن لە ئاکامی ڕێککەوتنەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لە شوێنی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش شتەکان باشتر نین. تەنیا سێ حەوتوو پاش ڕێککەوتنی سعودییەکان و ئێرانییەکان، بەکرێگیراوانی ئێران هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ئەمریکایی لە سووریە، بەڵێندەرێکی ئەمریکاییان کوشت و چەند سەربازی دیکەی ئەمریکاییان بریندار کردن. هێزەکانی سەر بە ئێران بەردەوام هێزی ٩٠٠ کەسی (و ژمارەیەکی نەزانراو بەڵێندەری) وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریە دەکەنە ئامانج، بەڵام دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی عەرەبستان و ئێران قەرار بوو کاریگەریی ئەرێنی لەسەر هێور کردنەوەی گشت کێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبێ.

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لە سووریەیە؟ بەڵام ئەگەر تاران خوازیاری هێورکردنەوەی دۆخی ناوچەکە بوایە، هاوپەیمانەکانی دەبوو خۆ لە شەڕ ببوێرن. لە جیاتان، ئێران لەسەر وەدەرنانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سوورە و؛ ئاشکرایە ئامادەیە بۆ ئەو مەبەستە ئەمریکاییەکان بێنێتە ژێر ڕەهێڵەی ئاگر.

ماوەیەکی کورت پاش بەرپەرچدانەوەی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەلایەن سەربازانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس، حیزبوڵڵا و جیهادی ئیسلامیی فەلەستینی لە بەیروت کرد. ئاکامەکەی هێرشی هاوکاتی هاژەکی بۆ سەر ئیسرائیل لە لوبنان، سووریە و کەرتی غەززەوە بوو. نزیکەی مانگێک دواتر، لە پێتەختی سووریە، دیمەشق، ڕەئیسی چاوی بە ڕێبەرانی میلیشیاکانی فەلەستینی کەوت کە بەگوێرەی ڕاپۆرت سوپاسی پشتگیرییەکانی تارانیان کرد.

وێدەچێ ئامانجی ئێران خۆش کردنی ئاگری شەڕی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ ئیسرائیل بێ. تا ئێرە، ئیسرائیلییەکان لەپێشترن، ئەوان بەردەوام ئێرانییەکان و تاقمە هاوپەیمانەکانی ئێران لە سووریە و عێراق دەکەنە ئامانج. تا ئێستا، ئێران لە بەرپەرچدانەوەی کاریگەر لە گۆڕەپانی جەنگدا بێتوانا بووە؛ بەڵام وا دیارە قائانی لای وایە ئەگەر بەکرێگیراوەکانی ئێران یەک بخات، بتوانێ بەختی ئێران وەرسووڕێنێ. بەڵام، وێناچی سوپای قودس ئەو ئاواتەی بێتە دی. ئیسرائیلییەکان چەند فەرماندەی جیهادی ئیسلامیی فەلەستینیان لە شەڕەکانی سەرەتای مانگی مای، کاتێک حەماس لە پەناوە تەماشاوان بوو، کوشتن. بەڵام هیچ نیشانەیەک دیار نییە کە بیسەلمێنێ ئەو شکستە بۆتە هۆی پێداچوونەی قائانی بە بیرۆکەی قووڵترکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ ئیسرائیل.

ئاوەکانی کەنداوی فارسیشمان هەیە. لە مانگی مای، پێنتاگۆن ڕایگەیاند "هێمای بەرگریکارانەی" خۆی لە ناوچەدا بەهێزتر دەکات. بۆ؟ چونکە ئێرانییەکان، جارێکی دیکە، هەڕەشەیان لە هێڵە دەریاییەکان دەکرد. پاش کۆبوونەوەکەی قائانی لە بەیروت، وڵاتە یەکگرتووەکان زانیاریی کۆ کردبۆوە کە تاران پیلانی هێرش بۆ سەر پاپۆڕە بازرگانییەکان لە ئاوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دارشتووە. لە ماوەی تەنیا حەوتوویەکدا لە کۆتاییەکانی ئاپریل و سەرەتای مای، هێزە ئێرانییەکان دەستیان بە سەر دوو پاپۆڕی نەوت هەڵگر داگرت؛ بەگوێرەی کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێران لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دەستی لە جارز کردن، هێرش و دەستێوەردانی ١٥ پاپۆڕی بازرگانیی خاوەن ئاڵای وڵاتانی جۆراجۆردا هەبووە. وێدەچی ئەوە وەڵامی ئێران بۆ سەپاندنی ئابلۆقەکان لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بێ و گریمانە دەکات کە کەشتیوانیی، هەر کەشتیوانییەک لە کەنداو دابێ، ئامانجێکی ڕەوایە. یەکێک لەو پاپۆڕە نەوتهەڵگرانەی دەستی بەسەردا گرت، لە نێوان بەندەرەکانی ئیماڕات لە نێوان دوبەی و فوجەیڕات لە هاتووچۆ دابوو، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئیماڕات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئاسایی کردوونەوە. ئەوە وێناچی هێورکردنەوەی گژرییەکان بێ، وایە؟

باسی سەرەکی ڕێککەوتنی ئێران - سعودی - چین گەشەپێدانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستێکی سەقامگیرتر، ئاشتیخوازانەترە کە لەویدا یاریکەرانی ناوچەیی کاروبارەکان بە دەستەوە دەگرن تا داهاتوویەکی باشتر بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. ئەوە لە ڕاستیدا شتێکی ڕاشکاوانەترە: عەرەبستانییەکان دۆڕاندیان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکان لەگەڵ ئێران تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو شکستەیە.

بە چەند شێوەی جۆراجۆر، وێدەچێ سعودییەکان پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن: نزیکەی تەواوی پی جی ئەی تور دەکرێ؛ سیاسەتی سەربەخۆ لە سەرۆکی خۆی، وڵاتە یەکگرتووەکان، دەگرێتە بەر و لە هەموو شوێنێک لە بەیژینگ تا ڕۆخی

سانفرانسیسکۆ وەبەرهێنـان دەکـات. بەڵام لە خـۆرهەڵاتی نێوەڕاسـت، بە تـایبەتی یەمەن، لوبنـان، سـووریە و عێـراق، سعودییەکان نەیانتوانیوە ئێرانییەکان وەدەر نێن، کە لەو ساڵانەی دواییدا لە هەر چوار وڵات، ئێران یـان دەستڕۆیشتوویی خـۆی پـتەو کـردووە یـان پەرەی پـێ داوە. ڕەنگبـێ بەرچـاوترین نیشـانەکانی ئەوە، ڕەزامەنـدیی عەرەبسـتانی سعودی بـۆ هاتنەوەی سەرکۆماری سووریە، بەشار ئەسەد، کە مانەوەی لە سەر دەسەڵات بەشێکی قەرزداری ئێرانە، بـۆ نـاو کۆمکـاری عەرەبی بێ.

ڕەنگبێ سعودییەکان ئاغای کایەی نێونەتەوەیی گوڵف بن، ئێرانییەکان لەو شوێنە بردوویانەتەوە کە دێتە ئەژمار. ئێستا، کە عەرەبسـتان لە گۆڕەپـانەکەدا نەمـاوە، تـاران خەریکـی بنکـوڵکردنی پاشـماوەی هاوپەیمـانیی نـاوچەیی دژی ئێـرانە، سیاسەتێک کە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان دەگرێتەوە.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێـژ، گریمـانەی خـراپ دارێـژەری بنـاخەی سیاسـەتی ئەمریکـا لەمەڕ خـۆرهەڵاتی نێوەڕاسـت بـووە، لە نێویانـدا ئەو بیـرۆکەیە کە ڕێبەرانـی ئێـران دەیـانهەوێ پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ دراوسـێیەکانیان ئـاسـایی بـکەنەوە. لە ڕاستیدا، ئێران نایهەوێ ناوچەکە لەگەڵ کەس بەش بکات و ئێستا خاوەن دەسەڵاتی هەموو ناوچەکەش نییە.

ئامـانجی ڕێـژیم ئەوەیە نـاوچەکە بەشێوەیەک داڕێـژێتەوە کە لە بەرژەوەنـدیی تارانـدا بـێ و، ئێستا کە سعودییەکان بەڵێنی ناردنی باڵوێز و وەبەرهێنان دەدەن، ئێرانییەکان لەو بڕوایەدان کە بۆ بەرەو پێشبردنی بەرنامەکەیان دەستیان ئاواڵاترە. بە واتایەکی دیکە، هیچ هێور کردنەوەیەک لە ئارادا نابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

# ئورووپاییەکان بەتەمان درێژە بە گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە هاژەکی بالیستیک دژی ئێران بدەن

ڕۆیتەرز - جان ئایریش، ئارەش محەممەد و پەریسا حافزی

چوار سەرچاوە گوتوویانە سیاسەتوانانی ئورووپایی بە ئێرانیان گوتووە کە ئەوان بەتەمان گەمارۆکانی پەیوەندیدار بە هاژەکی بالیستیکی، پەسەندکراو لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە کە قەرارە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی بەرجام لە ئۆکتۆبری ئەوساڵ ماوەکەی تەواو بێ، درێژە پێ بدەن و ئەو هەنگاوە دەتوانێ پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران تووشی قەیران بکات.
سەرچاوەکان بۆ درێژەپێدان بە گەمارۆکان ئاماژەیان بە سێ هۆ کردووە: کەلکوەرگرتنی ڕووسیە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لەدژی ئوکراین؛ ئەگەری گواستنەوەی هاژەکی بالیستیکی لە ئێران بۆ ڕووسیە و ئەستاندنەوەی ئیمتیازاتی بەرجام، بە لەبەرچاوگرتنی پێشێلکاریی ئەو ڕێککەوتنە لەلایەن ئێرانەوە، ئەگەرچی ئەو پێشێلکارییانە دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو ڕێککەوتنە جێبەجێ کراون.

هێشتنەوەی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا، ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانی ڕۆژاوا بۆ پێشگرتن بە گەشەپێدانی چەکی ناوکی و ئامرازی بەڕێکردنی ئەوانە، سەرەڕای تێکڕمانی ڕێککەوتنی ٢٠١٥، کە سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٨ لێی کشایەوە. نێوەرۆکی ئەو ڕێککەوتنەی ئێران لەگەڵ بریتانیا، چین، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕووسیە و وڵاتە یەکگرتووەکان واژۆی کرد، سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکیی ئێران بۆ دژوارترکردنی وەدەستهێنانی ڕێژەی پێویست ئۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ بومبی ناوکی لە بەرانبەر سووککردنی گەمارۆی ئابووریدا بوو.

بەگوێرەی بەراوردی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ئاکامی کشانەوەی ترامپ لە بەرجام و ناسەرکەوتوویی سەرکۆمار بایدن لە زیندووکردنەوەکەیدا، ئێران دەتوانێ لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا ئۆرانیۆمی پیتێندراوی پێویست بۆ بۆمبێک دروست بکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە کاتی واژۆ کرانی بەرجامدا ئەو ماوەیە ساڵێک بوو.

چونکە بەرجام نەماوە، پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای ڕۆژاوا لە ساڵی ڕابردوودا خراپتر بووە، بە شێوەیەک کە واشینگتۆن و هاوپەیمانەکانی لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای هێورکردنەوەی گرژییەکاندان و ئەگەر لەو کارەدا سەرکەوتن،



سەرچاوە
Serchawe

بەتەمان ڕێگاچارەی جۆرێک سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکی بدۆزنەوە. ئێران حاشا لەوە دەکات بەدوای چەکی ناوکییەوە بێ، کە ڕۆژاوا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسرائیل و هەناردە کردنی نەوتی وڵاتانی عەرەبی کەنداو سەیری دەکەن.

## ئەگەری تۆڵە ئەستاندنەوەی ئێران

سیاسەتوانێک بە مەرجی نەدرکاندنی ناوەکەی گوتی، "بەئاشکرا بە ئێرانییەکان گوتراوە کە گەمارۆکان وەک خۆیان دەمێننەوە و ئێستا پرسیار ئەوەیە ئێرانییەکان لەوانەیە کام هەنگاوی تۆڵەئەستێنانە بگرنە بەر (ئەگەر هەنگاوێکی ئەوتۆ بگرنە بەر) و چۆن چاوەڕوانی ئەو هەنگاوە بین".

گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا قەرارە ١٨ی مانگی ئۆکتۆبر بەگوێرەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ناوکی (٢٠١٥) هەڵگیرێن. ئەوان "داوایان" لە ئێران کردبوو لە هەر کارێک بۆ گەشەپێدانی هاژەکی بالیستیک کە بتوانێ هەڵگری چەکی ناوکی بێ خۆ ببوێرن، فۆرمولە کردنێک کە بۆنی قەدەغە کردنی لێوە نایە.

ئەوان بە هەمان شێوە کڕین، فرۆشتن یان گواستنەوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و بەشەکانیان کە بتوانێ زیاتر لە مەودای ٣٠٠ کیلۆمیتر لە ئێرانەوە یان بەرەو ئێران بفڕێ، پێش ئیزنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەموو کەس و لایەنێک قەدەغە کرد. لە ٢٠١٧ بەولاوە، بە پێچەوانەی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران تاقمێک تاقیکردنەوەی هاژەکی بالیستیک و ناردنی مانگی دەستکردی بەڕێوە بردوون و لە مانگی مای، هاژەکێکی تاقی کردەوە کە مەوداکەی دەگاتە ٢٠٠٠ کیلۆمیتر.

زلهێزانی ئورووپایی نیگەرانی پەرەئەستاندنی پەیوەندییەکانی بەرگریی نێوان تاران و مۆسکۆن و کاربەدەستانی ڕۆژاوایی دەڵێن بەڵگەیان بۆ کەلکوەرگرتنی ڕووسیە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی دژی ئوکراین بەدەستەوەیە و ئەگەری ئەوەش هەیە ئێران هاژەکی بالیستیک هەناردەی ڕووسیە بکات.

هێشتا ڕوون نییە تاقمە سێ قۆڵییەکەی ئورووپا، پێکهاتوو لە بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان، لە کاتی چاوپێکەوتنی کاربەدەستە پلەبەرزەکەیان لەگەڵ عەلی باقریکەنی لە ١٢ی جوون لە ئەبوزەبی، بە ئێرانیان گوتووە کە بەتەمان گەمارۆکان درێژە پێ بدەن.

کاربەدەستێکی ئێرانی بە مەرجی نهێنیمانەوەی ناوەکەی بە ڕۆیتەرزی گوتووە، سیاسەتوانی ئورووپایی، ئێنریکە مۆرا، کە ڕێکخەری وتووێژەکان لەمەڕ ڕێککەوتنی ۲۰۱۵یە، پرسی پاراستنی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپای لە ۲۱ی مانگی جوون لە دۆحە بە باقری کەنی گوتووە، بەڵام ئەو کاربەدەستە ئێرانییە خۆی لە باس لەو پرسە بواردووە.

کاربەدەستێکی دیکەی ئێرانی خۆی لە باس لەبارەی ئەگەری پاراستنی گەمارۆکانی یەکیەتی ئورووپا بواردووە و گوتوویەتی ئێران سەرەڕای گەمارۆکانی ڕۆژاوا، بەرنامەی ناوکی و هاژەکی خۆی گەشە پێداوە. ئەو کاربەدەستە ئێرانییە، کە ئەویش داوای بەنهێنیمانەوەی ناوەکەی کردووە گوتی، درێژە پێدانی گەمارۆکان، لە هەر ئاست و بە هەر شێوەیەک، پێش بە پێشکەوتنە هەنووکەییەکانی ئێران ناگرێ. ئەوە بیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆژاوا بۆ پشت پێبەستن و متمانە پێکردن نابێ".

## ڕێککەوتنە ناوکییەکە "چیدیکە لە ئارادا نییە"

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا هیچ لێدوانێکی لەمەڕ پاراستنی گەمارۆکان لەلایەن سێ زلهێزی ئورووپایی یان ئاخۆ هیچ بڕیارێکیان بە ئێران ڕاگەیاندووە، نەداوە. بەڵام، وتەبێژێکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لەبارەی وتووێژەکانی ۱۲ی جوون لە ئەبوزەبی گوتی، "لەو چاوپێکەوتنەدا تاقمێک نیگەرانی لەبارەی هەڵسوکوتی ئێران، لە ناویاندا پەرەپێدانی بەرنامەی ناوکی، هاتبوونە ژێر باس".

وەزیرانی دەرەوەی فەڕانسە و ئاڵمانیش لێدوانی هاوشێوەیان لەبارەی ئەو تووێژە هەبوون. سیاستەوانێکی ئورووپایی گوتی مۆرا دەستی بە داڕشتنی بناغەی یاسایی بۆ پاراستنی گەمارۆکان کردووە کە قەرارە لەلایەن ۲۷ ئەندامی یەکیەتیی ئورووپاوە پەسەند بکرێ، دوو سەرچاوە گوتیان پرسەکە هێشتا لەنێوان ئەندامانی وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا نەهاتۆتە ژێر باس. ئەو سیاسەتوانە گوتی، "هەڵگیرانی گەمارۆکان بە گوێرەی ئەو گریمانە بوو کە بڕیاری ۲۲۳۱ (مەبەست بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ڕێککەوتنی بەرجامدا هاتووە) ڕێزی لێ بگیرێ. ئەو داوایە جێبەجێ نەکراوە، کەوابوو وتووێژێک لەگەڵ ئێرانییەکان لە ئارادایە کە ئێمە ئەو گەمارۆیانە هەڵناگرین".

وتەبێژی یەکیەتیی ئورووپا، نەبیلە ماسرالی، گوتی بەرجام هێندێک وردەکاریی لە بارەی ئەرکەکانی لایەنە جیاوازەکانی بەناو ڕۆژی گواستنەوە کە هێشتا چەند مانگی ماوە (۱۸ی ئۆکتۆبر) شی کردوونە. ئەو لە وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆیتەرزدا

**بەشی: سێهەم**

گوتی، "ئێمە زانیاریی زیاتر لەمەڕ لایەنەکانی پەیوەندیدار بە یەکیەتیی ئورووپارە، لە کاتی پێویستدا، بڵاو دەکەینەوە." بەگوێرەی ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥، هەرکام لە لایەنەکان دەتوانێ "مێکانیزمی پەلەپیتکە" یان گەڕاندەوەی سەرجەم گەمارۆکان، کارا بکات. زۆربەی گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دوای کشانەوەی ترامپ، سەپێنراونەوە.

بەڵام، سێ سەرچاوە گوتیان کە سێ زلهێزە ئورووپاییەکە زۆرتر لەبەر ئەو هۆیە پێیان خۆش نەبوو ئەو کارە بکەن چونکە ئەوە بنکۆڵکردنی ئەو هەڕەشەیە بوو کە ئەوان ساڵی ڕابردوو لە نامەیەکدا بە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێرانیان ڕاگەیاند، واتە بێتوو ئێران ئۆرانیۆم بۆ ئاستی کەڵک لێ وەرگیران بۆ بۆمبی ناوکی بپیتێنێ، ئەوان "مێکانیزمی پەلەپیتکە" کارا دەکەن.

ئێران ئۆرانیۆمی تا ئاستی ٦٠٪ پیتاندووە و ناوەندی چاودێریی ناوکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسەواری ئورانیۆمی پیتێندراو بە پلەی ٨٣،٧٪ دیتۆتەوە کە کەمێک لە پلەی ٩٠٪ کەمترە کە بۆ چەکی ناوکی پێویستە. ڕێککەوتنی ٢٠١٥ سنووری پیتاندنی ٣،٦٧٪ دیاری کردبوو.

هێنری ڕۆم، لێکۆڵەرەوەیەکی ئەنستیتۆی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە واشینگتۆنە، گوتی بڕیاری یەکیەتی ئورووپا بۆ پاراستنی گەمارۆکان دەتوانێ یەکەم هەنگاوی بەرچاوی سێ وڵاتی زلهێزی ئورووپایی بێ کە بە مانای پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ یە. ڕۆم گوتی، "ئەوە جێگرەوەی بڕیاراتی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە،

**بەڵام دەتوانێ لانی کەم لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئورووپاییدا، بەو مانایە بێ کە ئەوان ملکەچی ئەو جۆرە کردارانەی ئێرانییەکان نابن و، ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتنێکی چەسپاندووە کە بە هێچ شێوەیەک بوونی نەماوە ".**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی پووشپەڕی ٢٧٢٣**

## سەدەی بیستەم دوایین سەدەی ڕێبەرانی تاقانە

سەدەی بیستەم لە زۆر ڕوانگەوە سەدەی ڕچەشکاندن بوو و بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەدەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەیان نەبووە. لەو سەدەیەدا دوو جار جەنگی جیهانی ڕووی دا، چەند ئیمپراتوری دوای سەدان ساڵ دەسەڵاتداریی هەرەسیان هێنا و زانست پێشکەوتنێکی پێوانەیی تۆمار کرد. مرۆڤ لەو سەدەیەدا توانی ئەتۆم لەت بکات و لە وزەکەی هەم بە شێوەی ماڵوێرانکەر و هەروەها بۆ پێشکەوتن و خۆشبژیوی و ئاوەدانی کەلکی لێ وەرگیرا. لەو سەدەیەدا بوو کە تیۆرییەکانی دژە کۆلۆنیالیستی داڕێژران و گەلێک جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانە سەریان هەڵدا و بەشێکی بەرچاویان سەرکەوتن.

لەو سەدەیەدا چەندین ڕێبەری تاقانە سەریان هەڵدا و ناوی خۆیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرد. لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەتوانین باسی، گاندی، لێنین، مائۆ، چرچیل، ڕوزڤێلت و ماندێلا بکەین و لە ئاستی کوردستاندا دەکرێ باسی شێخ مەحمودی بەرزەنجی، سمکۆی شکاک، قازی محەممەد، مەلا مستەفای بارزانی، جەلال تاڵەبانی، دوکتور قاسملوو، فوئاد مستەفاسوڵتانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بکەین. تایبەتمەندی هەموو ئەو سەرکردانە ئەوە بوو کە هیچکامیان بە قەولی پێشینیان "لە پڕێک نەبوونە کوڕێک،" بەڵکوو پێگەی ئەوان لە ئاکامی چالاکیی دووروودرێژ و کۆڵنەدەرانەی خۆیاندا بوو. دوکتور قاسملوو کە هاندەری نووسینی ئەو وتارەیە، لە هەرەتی لاوەتیدا هاتە نێو گۆڕەپانی جووڵانەوە و چالاکیی سیاسی و لە ماوەی چەند دەیەدا توانی بیسەلمێنێ کە بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی بلیمەتی هەیە.

لەنێو تایبەتمەندییەکانی پێویست بۆ بوون بە ڕێبەرێکی باش، باسی ئەوانە دەکرێ: دیدی دوور، توانایی پێدانی ئیلهام بە دەوروبەر، بیری ستراتێژیک و ڕەخنەگرانە، توانایی پەیوەندیگرتن و دروستکردنی ڕایەڵە، ڕەسەنایەتی و خۆبواردن لە لاسایکردنەوە، خۆگونجاندن، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاری، پشوودرێژی و خۆڕاگری و هەروەها دڵئاوالایی بۆ چاکسازیی بەردەوام.

گومان لەوەدا نییە هەرکام لە ئێمە کە تا ڕادەیەک دوکتور قاسملوو دەناسین، دەتوانین چەند نموونە لە هەرکام لەو تایبەتمەندییانە باس بکەین کە یان بە چاوی خۆمان لە ناوبراودا دیتوومانن یان لە نووسراوە و لێدوانەکانی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ناسیویانە، بە دۆست و نەیارەوە، خوێندوومانەتەوە یان بیستوومانن. لێرەدا من تەنیا دەچمە سەر

بەشێک لەو تایبەتمەندییانە کە شەهید دوکتور قاسملوو هەیبوون و دۆست و نەیار دانیان پێدا ناون.

لەبارەی دیدی دوور دەتوانین بە پشتبەستن بە کتێبی "کوردستان و کورد"، دروشمی ستراتێژیکیی حیزب لەو کاتدا، جێخستنی نەریتی گرتنی کۆنگرە و دژایەتیکردنی تاکپەرستی، بیسەلمێنین کە دوکتور قاسملوو خاوەنی دیدی دوور بوو. لەمەڕ بوونی توانایی ئیلهامدان بە دەوروبەرییەکانی، دەتوانین بۆ سەلماندنی بوونی ئەو تایبەتمەندییە لە ناوبراودا، بە گێڕانەوەکانی هەڤاڵان و دۆستانی چ لە نێو حیزب و چ لە دەرەوەی کاری حیزبیدا پشتڕاست بکەینەوە. هێشتا ٣٤ چوار ساڵ پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، وتەکان و بۆچونەکانی ئیلهامدەری ئەویندارانی ڕێگای ئازادین. بۆ نموونەی بیری ستراتێژیک و ڕەخنەگرانە تەنیا ئاماژە بە دوو شت دەکەم کە سەلمێنەری ئەو تایبەتمەندییە لەلای دوکتور قاسملو بوون، یەکیان هێنانەدەری حیزبی دێموکڕات لەژێر هێژمۆنیی حیزبی توودە و ئەوی دیکەش ناملیکەی کورتەباس. توانایی پەیوەندیگرتن و دروستکردنی ڕایەڵە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی دوکتور قاسملو بوو، بە شێوەیەک کە دەکرێ بڵێین ناوبراو بە کەلکوەرگرتن لەو تواناییە، توانیبووی کورد و پرسەکەی بە تایبەتی لە ئورووپادا بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بناسێنێ و هێندێک دۆستی بۆ کورد پەیدا کردن کە وەفایان بۆ کورد و پرسە ڕەواکەی تا دواهەناسەی ژیانیان بەردەوام بوو و بەردەوام دەبێ. حاشا لەوە ناکرێ کە دوکتور قاسملو سیاسەتوانێکی کەتوارگەرا بوو و لەبەر ئەو هۆیەش خۆی لەگەڵ هەلومەرجی خەبات دەگونجاند. لە پەیوەندی لەگەڵ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی نە تەنیا بۆخۆی نموونەی ڕاستەقینەی ئەو تایبەتمەندییە بوو بەڵکوو هەوڵی دەدا هەموو گەلی کورد لەو ڕاستییە تێبگەیەنێ بۆیە وتەی، "گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا،" ئاماژە بەو ڕاستییەیە.

کاتێک چاو بە ڕووداوەکانی دەسپێکی سەدەی بیست و یەک تا ئێستا دەخشێنین، بۆمان دەر دەکەوێ کە لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیگرتن و ئینتەرنێت، دیاردەی ڕێبەری تاقانەش هەر دێت و دەگمەنتر دەبێ و بوار بۆ جۆرێکی دیکە لە ڕێبەری بلیمەت دەڕەخسێ.

سەتەلایت، ئینتەرنێت و سۆسیالمێدیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئیزن بە تاکەکان دەدەن تا وەک تاک بیروڕای خۆیان بە ڕێژەیەکی بەربڵاو بەردەنگ بگەیەنن و هەروەها بۆخۆشیان بتوانن لە دید و بۆچوونی تاکەکانی دیکە ئاگادار بن. ئەو دیاردەیە دەتوانێ هەم ئەرێنی بێ و هەم نەرێنی.

لایەنە ئەرێنییەکەی ساکاربوونی گەیاندنی پەیام بە جەماوەرە کە دەتوانێ لە سازکردنی شەپۆلی بەربەرینی جەماوەریی

دژی ڕێژیمی دیکتاتۆڕدا کاریگەر بێ، وەک چۆن لە شۆڕشەکانی بیست ساڵی ڕابردوودا لە چەند وڵاتی جیاواز دیتوومانن. ئێستا بۆ کەس شاراوە نییە کە کاناڵە سەتەلایتییەکان و بە تایبەت سۆسیال‌میدیا بۆ دروستکردنی ڕایەڵە لەنێوان سەدان هەزار و بگرە میلیۆنان مرۆڤ لە دەرەوەی سنووره جوغرافییەکان چەندە کاریگەرن.

لایەنە نەرێنییەکەی ئەو تەکنەلۆژیایە، تەوژمی بەلاڕێدابردن بە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و سەرهەڵدانی دیاردەی ڕێبەرانێکن کە "لە پڕێک بوونە کوڕێک،" و هەروەها دیاردەی ئینفلوئەنسەر. مەترسیی ڕێبەری پۆپۆلیست و ئینفلوئەنسەری نائاگا بۆ کۆمەڵگە حاشایان لێ ناکرێ.

هەڕەشەیەکی دیکە کە دەتوانێ لەو سەدەیەدا دەوری زۆر خراپ بگێڕێ، دەوری کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری ژیریی دەستکرد و تەکنەلۆژیای زانیارییە کە بە تێکەڵکردنی تواناییەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی بەربڵاوی تاکەکان، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بیروڕا بە شێوەیەک بێ کە لە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە دابێ کە خزمەتگوزارییەکانیان دەکڕن. نموونەی ئەو دیاردەیە لە ئابڕووچوونەکەی کەمبریج ئانالیتیکادا بینرا، کە ئاشکرا بوو فەیسبووک لەو بوارەدا و بۆ کاریگەریی لەسەر بۆچوونی بەردەنگەکان لە کاتی هەڵبژاردندا، زانیاریی بەکارهێنەرەکانی فرۆشتووە.

لە ئاستی وڵاتانی دیموکراتیکیشدا دەبینین لە سەدەی بیست و یەکدا زۆر بەدەگمەن لە هەڵبژاردنەکاندا حیزبێک دەتوانێ زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ دەوڵەتی زۆرینە پێکبێنێ. ئێستا دەمێکە یان دەوڵەتی هاوپەیمانیی بوونە باو، یان دەوڵەتی کەمینەی لاواز کە حیزبی دەسەڵاتدار لە سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆیدا ناسەرکەوتووە، چونکە ناتوانێ ڕێژەی دەنگی پێویست لە پارلەمانی وڵاتەکەیدا بۆ سیاسەتەکانی خۆی مسۆگەر بکات.
چەند نموونە تا ئێستا ڕوویان داوە کە کەسێکی دەوڵەمەند کە چەند کاناڵی ڕاگەیاندنی لە بەردەستدا بوون توانیویەتی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات و بەو شێوەیە ببێتە سەرۆکوەزیران یان سەرۆککۆمار. یەکێک لەو کەسانە سیلڤیۆ بەرلوسکۆنی، لە ئیتالیا بوو کە ماوەیەک لەوە پێش کۆچی دوایی کرد.

ڕەنگبێ بەشێک لە خوێنەران بڵێن، ئەو دیاردەیانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕوو دەدەن و پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە نییە. بەڵام لەبەر ئەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان (بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هێشتا لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی دیکتاتۆڕیدایە، مەترسی بەلاڕێدابردنی بیروڕای جەماوەر هەمیشە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە.

دیاردەیەکی دیکە کە لە زۆر وڵات باوە، بوونی ناوەندکانی لێکۆڵینەوە و دانانی ستراتیژیی جۆراجۆرە کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن تینک تانک .(Think tank) ئەو ناوەندانە کاریان لێکۆڵینەوە و داڕشتنی ستراتیژی لە بوارەکانی جۆراوجۆرەکانە و دەورێکی مەزن لە بەڕێوەبەریی سیاسەتەکانی وڵاتێکدا دەگێڕن. واتە لە جیاتی ئەوە کە ڕێبەری حیزبێک یان وڵاتێک بۆخۆی سیاسەتەکانی حیزبی خۆی بۆخۆی یان بە یارمەتیی دەوروبەرییەکانی داڕێژێ. ناوەندی تایبەتی بە کەلکوەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان، داڕێژەی سیاستی و ستراتێژیی بەڕێوەبەریی وڵاتن.

ئاخۆ ئەوە بەو مانایەیە کە ئیتر نابێ چاوەڕوانی ڕێبەری مەزن بین؟ بێگومان ڕێبەری مەزن ئیستاش بوونیان هەیە و لە داهاتووشدا دەبن بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە ڕێبەری تاقانە بە شێوەیەک کە هێژمۆنیی فکریی بەسەر بەشێکی بەرچاو لە خەڵکدا هەبێ، لە سەدەی تەکنەلۆژیای زانیارییدا هەر دێت و دەگمەنتر دەبێ. چونکە تایبەتمەندیی ئەو سەدەیە پەرتەوازەبوونی بیروبۆچوونی خەڵک و هەڕەشەی شکڵدانی بیروبۆچوون و تەنانەت حەز و خولیا، لەلایەن کەسان و لایەنێکانەوەیە کە دەسەڵاتیان بەسەر تەکنەلۆژیای زانیاریدا هەیە.

گومان لەوەدا نییە کە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی باش هەر ئەوانەن کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، بەڵام سەرکەوتوو ترین ڕێبەر (لەسەر ئاستی کوردستان)، بە بۆچوونی من کەسێک دەبێ کە لە پەیوەندیگرین لەگەڵ تاکەکان، دروستکردنی ڕایەڵە و هەروەها دروستکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا سەرکەوتوو بێ. سەدەی بیست و یەکەم سەدەی ئاڵوگۆڕی بەردەوامە، کە وابوو ڕێبەری سەرکەوتوو کەسێکە کە خۆی و جەماوەر بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو سەردەمە نوێیە و پڕ لە ئاڵوگۆڕە ئامادە بکات.

ڕێبەرانی سەرکەوتووی دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ، ژمارەیەکی زۆر ڕاوێژکاری بە توانا لە بوارە جۆراجۆرەکانیان هەن. ئەوان لە ڕاستیدا وەک ڕێبەری ئۆرکێستران، کار و ئەرکەکان بەسەر کەسانی لێزاندا دابەش دەکەن و بۆخۆیان ئەرکی خوڵقاندنی هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی هەوڵەکان بەرەو ئاراستەی سەرکەوتن وە ئەستۆ دەگرن.

ئەگەر سەردەمێک ڕێبەران بڕیاردەری چارەنووسی گەلان و وڵاتان بوون، لە دەیەکانی داهاتوودا ئەوە ژیریی دەستکرد و لێکگرێدانی زانستەکانی زانیاریی و بایۆلۆژیایە کە کۆمەڵگەکانی داهاتوو شکڵ دەدەن.

**مانەوە لە کەش‌وهەوای سەدەی بیستەمدا، لە لایەن هەر ڕێبەرێک و ڕێکخراوێکەوە بێ، دەتوانێ ئاسەواری کارەساتباری**

بەشی: سێهەم

بەدواوە بێ، بۆیە دەبێ ئەزموونەکانی سەدەی ڕابردوومان، بە سەرکەوتن و نسکۆکانیەوە، بکرێنە وانە و چرای ڕێنیشاندەر بۆ خەباتی داهاتوو. دەبێ هەر کام لە ئێمە بەگوێرەی توانا ئەرک وەخۆ بگرین و بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلەکەمان بۆ ڕزگاریی هەوڵ بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# تێچووی ئێران بۆ یارمەتیدانی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین

## کریستیان ساینس مۆنیتۆر - سکات پیترسن

یەکەم کاریگەریی فرۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران لە جەنگی ئۆکراینیدا لە کۆتاییەکانی ئاگوست ئاشکرا بوو، کاتێک ڕووسیە کەڵکی لە شاهید - ١٣٦ وەرگرت تا تۆپخانەی جۆری M777 ی ئەمریکایی لەنێو بەرێ، کە هێزەکانی ئۆکراین کەڵکیان لێ وەردەگرت. لەو کاتەوە، درۆنە کامیکازە و جۆرەکانی دیکەی ئێرانی، دەورێکی بەرچاویان لە هەڵمەتی ڕووسیە لە ئۆکراینـدا گێڕاوە. یەکەم بە هۆی پەشۆکاندنی هێزەکانی ئۆکراینی لە بەرەی جەنگ بە درۆنی هەنگێو کە ٨٠ کیلۆ تەقەمەنی هەڵدەگرن و، پاشان بە ناردنی شەپۆلی ئەوان دژی ئامانجەکانی مەدەنی و ژێرخانی ئەو وڵاتە لە سەرانسەری ئۆکراین.

هێزەکانی ئۆکراینی ئێستا فێری خستنەخوارەوەی درۆنە هێواش و بەژاوەژاوی ئێرانی، کە دەنگی ماتۆڕەکەیان وەک هی ئامێری چیمەنبڕ دەچێ، بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوپەیمانیی ئێران-ڕووسیە، بە دروستکردنی ناوەندی بەرهەمهێنانی درۆن بۆ کەرتی کشتوکاڵ، لە ناوچەی تاتارستان کە سەدان کیلۆمیتر لە مۆسکۆ دوورە، خەریکی پەرەئەستاندنە، گوایە ئێستا ئەو شوێنە بۆتە ناوەندی بەرهەمهێنانی هاوبەشی درۆنی ئێرانی. ئەوەش ئاکامەکەی بۆ ئێران جێگای ڕەزامەندی بووە، چونکە دەوری نەریتیی ڕووسیە وەک پارێزەر-مشتەری، پێچەوانە بۆتەوە. ئەوە نیشانەی هاوپشتی دژەئەمریکایی لە ڕووسیە لە کاتی پێویستدا بووە، هەردوو وڵات کەوتوونە ژێر گەمارۆی بەربڵاوی ئەمریکایی و ئورووپاییەوە. ئێران هیوادارە بتوانێ دەسەڵاتی ژیۆپۆلیتیکی خۆی گەشە پێ بدا و بیبێتە هۆی دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی پێشکەوتووی پارێزگاریی ئاسمانیی S-400 و فڕۆکەی شەڕکەری سوخۆ ٣٥.

لەگەڵ ئەوەشدا، تێچووی ئێران گەلێک زۆر بووە. لایەنگری لە ڕووسیە لە جەنگ دژی ئۆکراین تەنانەت هەڵگرتنی بەشێک لە گەمارۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی زۆرتر وەدوا خستووە و، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەگەری ڕێککەوتنێک لەمەڕ خاوکردنەوەی گەشەی بەرنامەی ناوکیی ئێران تەنانەت پێش داگیرکاریی ڕووسیە، لاواز ببوو، دوورە دیمەنی داهاتووی ئابووری پڕ لە کێشەی ئێران تاریکە.

عەلی واعیز، سەرۆکی پرۆژەی ئێران سەر بە گرووپی کێشەی نێونەتەوەیی دەڵێ، "ئێران هیچ بژاردەیەکی جێگرەوەی نەبوو و نەیدەتوانی پشتگیری ڕووسیە نەکات، چونکە ئێران دۆستی زۆر نین." ئاغای واعیز دەڵێ، "ڕووسیە تاقە وڵاتێکە کە کەڵکی لە ڤیتۆ وەرگرتووە تا لە ئەنجومەنی ئاسایش پارێزگاری لە ئێران بکات. تەنیا وڵاتێکە کە لە ساڵانی ڕابردوودا تەکنەلۆژیی بەرگریی داوە بە ئێران؛ و لە سووریە ئێرانی ڕزگار کرد. شوێنێک کە بە بۆچوونی من ئێران لێکدانەوەی هەڵەی کرد... ئەوان ئاستی کاردانەوەی ئورووپاییەکان لەمەڕ پرسی ئۆکراین وهەروەها چەندە بە سەر ئێراندا دەشکێتەوەیان بە کەم گرت".

## کاردانەوە لەسەر دیپلۆماسی ناوکی

وڵاتە یەکگرتووەکان، کە تا ئێستا بایی دەیان ملیارد دۆلار کەرەستەی سەربازیی بۆ ئۆکراین دابین کردووە، وەک "هاوبەشییەکی بێوێنە" باسی پەیوەندییەکانی کرێملین لەگەڵ ئێرانی لە جەنگێکدا کردووە کە ڕووسیە تووشی زەختی سەربازیی و سیاسی بووە.

ڕەنگبێ ئێران وای دانابێ کە شتێکی کەمی بۆ لەکیسدان لە ئورووپا هەیە چونکە بازرگانییەکەی لەگەڵ ئەوێ تێدا چووبوو. هەروەها ئێران متمانەی بە ئورووپا نەمابوو، چونکە لە جێبەجێکردنی بەڵێنییەکانی بۆ بووژاندنەوەی ئابووری ئێران، دوای کشانەوەی سەرکۆمار ترامپ لە ڕێککەوتننامەی ناوکی لە ٢٠١٨، شکستیان هێنابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پشتگیریی ئێران لە ڕووسیە، کاریگەریی لەسەر لێکدانەوەکانی واشینگتۆنیش هەیە.

ئاغای واعیز هەروەها دەڵێ، "ئەوە بۆتە هۆی دژوارتر بوون و لە ڕوانگەی سیاسییەوە پڕتێچووتربوونی دیپلۆماسیی ناوکی. چونکە هەر ڕێککەوتنێک کە لەویدا ئێران لە بواری ئابوورییەوە سوودی پێ بگا، لە ڕوانگەی توندئاژۆیان لە واشینگتۆن وەک دابینکردنی دارایی بۆ ئەو دوو لایەنەی جەنگ لە ئۆکراین سەیر دەکرێ".

ئەو هاوکارییە لەگەڵ مۆسکۆ لە ئاگوستی ساڵی ڕابردوو دەستی پێ کرد، کاتێک ئێران یەکەم درۆنەکانی بۆ دابین کردن. بەگوێرەی ڕاپۆرت، ڕووسیە بە فرۆکەیەکدا ١٤٥ میلیۆن دۆلار دراوی نەغد و سێ هاژەکی بۆ ئەندازیاریی پێچەوانە ناردە ئێران: یەکی جاڤەلین و یەکی ستینگەر، هەر دووکیان ئەمریکایی و یەک دانە جیلی داهاتووی چەکی سووکی دژە تانک (NLAW)، هی بریتانیا کە هەموویان بۆ ئۆکراین نێردرابوون بەڵام کەوتبوونە دەست ڕووسیە.

ولایەتە یەکگرتووەکان لە مانگی مایدا گوتی ڕووسیە ٤٠٠ درۆنی ئێرانی وەرگرتوون، ئەگەرچی ئۆکراین دەڵێ ١٧٠٠ دانەن. ڕاگەیاندنە دەوڵەتییەکانی ئێران لە مانگی مارچدا گوتیان گرێبەستی کڕینی فڕۆکەی شەڕکەری سوخۆ ٣٥ تەواو بووە.

پرۆفیسۆر عەبدولڕەسوڵ فەرزام دیوسالار، پسپۆڕی ئێران لە زانکۆی کاتۆلیکا دێل ساکرۆ کڤۆرێ لە میلان دەڵێ، "ئەوانە دوو دەوڵەتن کە ڕوانگەکانیان لەمەڕ هەڕەشە هاوشێوەیە و لە پەیوەندی لەگەڵ یەرمەتیدانی یەکتر لە بواری ئاسایشی وڵاتەوە خۆیان وەک هاوکاری باشی یەکتر دەزانن." ئەو دەڵێ، سەرەڕای مێژووی ڕووسیە لە وەدواخستندا " ڕووسیەییەکان ئەوەی بەڵێنیان دابوو، پێشکەشیان کرد. ئەوان لە پەیوەندی لەگەڵ پشتگیری لە کاکڵەی ئاسایشی ئێران نەگۆڕن".

## گەشەی دەیان ساڵە

بەرنامەی درۆنی ئێران لە کاتی جەنگی ئێران-عێراق لە هەشتاکانی زایینیدا، وەک ئامرازێکی ستراتیژی ناهاوشێوە بۆ بەرپەرچدانەوەی کێبڕکێکارانی ناوچەیی دەستی پێ کرد کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە تەیار کرابوون و هەروەها بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ خودی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەستی پێ کرد.

بەرنامەی ئێران هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرداگرتن و ئەندازیاریی پێچەوانەی درۆنی پێشکەوتووی ئەمریکایی کە لە عێراق و ئەفغانستان کەڵکیان لێ وەرگیرابوو، لە ناویاندا درۆنی دژە ڕاداری RQ-170 کە "سی ئای ئەی" کەڵکی لێ وەردەگرتن و بە ساغی لە خاکی ئێران لە ٢٠١١ لە لایەن سوپای پاسدارانەوە بەردرابۆوە، گەشەی کرد.

ئێران ئەزموونەکانی لەگەڵ میلیشیا شیعەکان، لە حیزبوڵڵای لوبنان تا حوسییەکانی یەمەن بەش دەکات هەتا جەنگی ئۆکراین. ترۆپکی نموونەی تواناییەکانی درۆنی ئێرانی لە سێپتەمبەری ٢٠١٩ ئاشکرا بوو، کاتێک بنکەی پاڵاوتنی نەوت لە خۆرهەڵاتی عەڕەبستانی سعودی بە ١٨ درۆنان لە عەبقیق هەنگێوتران.

ئێران بە فەرمی حاشا لە گواستنەوەی درۆن بۆ ڕووسیە لە کاتی جەنگدا دەکات و ئیدیعای بێلایەنی دەکات. بەڵام کەڵکوەرگرتنی ڕووسیە لە "هێزی درۆنی" ئێرانی لە ئۆکراین سەرچاوەی شانازی بووە بۆ ئێران. ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕێبەری گەورەی ئێران لە ئۆکتۆبری ڕابردوودا گوتی، "چەند ساڵ لەوەپێش دەیگوت وێنەکانی درۆنەکانی ئێرانی و هاژەکەکانی نموونەی فۆتۆشاپ کراون. ئێستا دەڵێن درۆنەکانی ئێرانی گەلێک مەترسیدارن س؛ بۆچی ئەوان بە وڵاتێکی

تایبەت دەفرۆشن؟"

ڕۆژنامەی توندئاژۆی کەیهان لە فیبرواری بەو "ئالنگارییە" خۆی هەڵناوە کە هەناردەکردنی کەرەستەی سەربازی، بەتایبەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی دروست کردووە و ئیدیعای کرد "سەرجەم باڵادەستی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوە هێناوەتە ژێر پرسیار".

بەڕاستی، بۆ بڕیاردەرانی ئێران، نزیکتر بوونەوە لە ڕووسیە ئاکامی سروشتیی ساڵانێکی زۆر مامەڵەی خراپ لەگەڵ خۆراوایە. هەنگاوی یەکلاکەرەوە کاتێک بوو کە دۆناڵد ترامپ لە ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، کە بە بەرجام ناسراوە، کشایەوە و گەمارۆکانی سەپاندنەوە.

مامەڵەی ڕووسیە - ئێرانیش دژواریی خۆیان هەبووە: بۆ وێنە، لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ی زایینی، ڕووسیە بۆ ماوەی چەند ساڵ تەواوکردنی ڕێئاکتۆری وزەی ناوکیی بوشەهر، کە بۆ ئێرانی دروست کردبوو، وەدوا خست. یاساغکردنی چەند ساڵە لەلایەن ڕووسیەوە دژی کڕینی سیستەمی هاژەکی بەرگریی ئاسمانیی S-300 نموونەیەکی دیکەیە.

مۆسکۆ هەروەها پشتیوانیی لە گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێرانی کرد کە بووە هۆی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥. بەڵام لە هەمان ساڵ، کاتێک هێزە زەمینییەکانی ئێران و میلیشیا هاوپەیمانەکانی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار بەشار ئەلئەسەد شەڕیان دەکرد، ڕووسیە هێزی سەربازیی نارد تا هەوشانی ئێران، لە سەرکەوتنی ئەسەد دڵنیا بێ.

## سنووردانانەکانی ئێران

لەگەڵ ئەوەشدا، وێدەچێ ئێران خۆی سنووردار کردبێ. بەگوێرەی ڕاپۆرت، ئێران ڕاهێنەری ناردنە بنکەکانی ڕووسیە لە دوورگەی کەریمە و ئەولاتر تا ڕاهێنان بە ئەفسەرانی ڕووسیە بکات چۆن کەڵک لە درۆنەکان وەرگرن. بەڵام هاژەکی بالیستیکی هەناردە نەکردوون، سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی هاژەکەکانی ڕووسیە و ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان لەمەڕ وتوویژ لەو بوارەدا. هەروەها ئیدیعاکانی ئێران لەمەڕ بێلایەنی، ئەوە دەگەیێنن کە دەرگای بۆ هاندەرە ئەرێنییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها خۆبواردن لە ڕەخنەی نێوخۆیی بۆ پشتگیریی لە داگیرکردنی وڵاتێک، لە کاتێکدا کە ئێران لە هەشتاکانی زایینیدا لەلایەن عێراقەوە داگیر کرابوو، ئاوالا هێشتۆتەوە.

بەشی: سێهەم

ڕۆژنامەی ڕیفۆرمخوازی "ئیعتیماد" لە ئۆکتۆبردا هۆشداریی دا: "بەڕاستی هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ وڵاتێک کە خەریکی جەنگە "هەنگاوێکی گەلێک ڕیسکدارە، بە تایبەتی کاتێک کە وەرگرەکە بەفەرمی وەک لایەنی هێرشبەر ناسراوە." هەروەها نووسیبووی، "ئێمە بۆخۆمان لە کاتی جەنگ لەگەڵ عێراق تووشی هەمان نەهامەتی بووینەوە. ئێران دەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەکانی بێ ... بەو گرینگییە ستراتیژیکییەی خۆراوا دەڕوانێتە ئۆکراین، مەسەلەکە گیروگرفتێکی جیددی دیکە بە لیستەی کێشەکانمانەوە زیاد دەکات".

وێدەچی ڕووسیەش گەیشتبێتە هەمان ئەو سنووردارییە. حەوتووی ڕابردوو بە پشتگیریی لە لێدوانێک لەگەڵ ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، دوای کۆبوونەوەی ئەو ئەنجومەنە لە مۆسکۆ، دەسەڵاتی ئێرانی بەسەر سێ دوورگەی کەنداوی فارسدا هێنابوو ژێر پرسیار، کە ئیمارەتەکانی یەکگرتووی عەرەبی ئیدیعای خاوەندارییەکەیانی دەکات، و ئەوە بووە هۆی تووڕەیی لە ڕادەبەدەری ئێران.

پرۆفیسۆر دیوسالار دەڵێ: "زۆر باسی 'مەزنترین' پشتگیریی ئێران لە ڕووسیە دەکرێ، بەڵام ئەوە دەیتوانی زۆرتر بێ. ئێران وریا بوو کە خاکی ئۆکراین بە هی ڕووسیە نەزانێ؛ ئەو وریا بوو چرای سەوز هەڵنەکات... و ڕووسیە لەوە تووڕە بوو." ناوبراو هەروەها دەڵێ، ئێران تاقمێک ناکۆکی لە سەر خاک لەگەڵ دراوسێکانی هەن کە دانپێدانانی کارێکی پڕ مەترسی دەبێ. "لە ڕوانگەی ڕووسیەوە، پشتیوانی تەواو نییە. لە ڕوانگەی ئێرانەوە، ئەوە ئەوپەڕی ئەو شتەیە ئەوان دەتوانن پێشکەشی بکەن".

ئاغای واعیز لە گرووپی کێشەی نێونەتەوەیی دەڵێ، بەڕاستی ئەگەر ئێران بە پشتیوانییەکەی لە ڕووسیە گەڕانەوە بۆ جۆرێک ڕێککەوتنی ناوکی ئاڵۆز کردووە، کە بۆتە هۆی سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئەو وڵاتەدا، کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنەکەش تێچوویەکی خستۆتە سەر جەنگی ئۆکراین کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان گەلێک گرینگە.

ئەو دەڵێ، "ئەمن پێموایە، بهاتبا بەرجام بووژاباوە و ئێران شتی زۆرتری بۆ لەکیسچوون هەبا، ئەوکات گەلێک زۆرتر لە پشتگیریی لە ڕووسیە لە جەنگە دەستدرێژیکارانەکەی دژی ئۆکراین، بەگومان دەبوو".

تویژەرێکی ئێرانی یارمەتیی بەو ڕاپۆرتە کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

# هێزی پشت دەزگای تیرۆری ئێران

**سپای تاک – جاناتان برۆدەر**

بۆ ماوەی دەیان ساڵ سوپای پاسدارانی ئێران یەک ڕوخساری بەرەو دنیای دەرەوەدا هەبوو: ژەنراڵ قاسم سولەیمانی، داڕێژەری بڕوابەخۆ و خاوەن کاریزمای ئۆپەراسیۆنە سەربازی و هەواڵگرییەکانی تاران لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. کاتێک لە جانیوەری ٢٠٢٠، هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی ئەوی لە بەغدا کوشت، ڕێژیمی ئێران تازیەباری لەکیس چوونی قارەمانێکی پلەبەرزی خۆی بوو. بەڵام ئێرانییەک هەبوو کە ڕەنگبێ بەوە خەمبار نەبوو: بەرپرسی سولەیمانی، ژەنراڵ حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران لە تا کوژرانی سولەیمانی، کەسێکی خاوەن دەسەڵات بەڵام بیرۆکراتێکی ناوبزر لە دامودەزگای تەشەئەستێنی ئەمنییەتیی ئێران بوو. بەڵام لە دوای ئەوە، سەلامیی ٦٣ ساڵە بە هێزەوە هاتۆتە سەر شانۆ و بەردەوام دێتە بەر دیدی جەماوەر تا وتاری ئاگرین پێشکەش بکات و لەواندا هەڕەشە لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات و بەڵێنی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەکان دەدات و، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا سوپای پاسداران ڕۆڵی سەرەکیی بووە لە قەڵاچۆکردنی ئەو ژنانەی دژی داواکارییە دواکەوتووەکانی حیجاب و پێشێلکارییەکانی گەشتی ئیرشاد وێستاونەوە. ئەوەی ئەو سەرۆکە تیرۆریستە لە کاریزمادا کەمی دێنێ، بەزیادەوە لە هێزی ڕووتدا تێی هەڵدێنێتەوە.

داگلاس لەندەن، کارمەندێکی ٣٤ ساڵەی خاوەنئەزموونی سی ئای ئەی کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا خزمەتی کردووە دەڵێ، "ڕەنگبێ سەلامی تاکە فرمێسکێکی لە کاتی کوژرانی سولەیمانیدا نەڕشتبێ، چونکە کاتێک سەلامی فەرماندەی سوپای پاسداران بوو، ئەوە هەمیشە سولەیمانی بوو لەلای ڕاستی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی دادەنیشت. ڕەنگبێ سەلامی هەستی کردبێ دەتوانێ کەڵک لە کوژرانی سولەیمانی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی بە لێدوانی ورووژێنەرانە وەرگرێ".

لەو دواییانەدا سەلامی لە لێدوانەکانیدا زۆرتر باسی ناردنی هێزی زیاتر لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ کەنداوی فارسی کردووە کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەڵێ بۆ بەرپەرچدانەوەی دەستبەسەرداگرتنەکان و جاڕزکردنەکانی سوپای پاسدارن دژی پاپۆڕەوانیی نێودەوڵەتی لە ڕێگا ئاوییەکانی ستراتیژیکدا ڕەچاوی کردووە. تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا، هێزی دەریایی ئەمریکا ٢٠ ڕووداوی بژاردوون کە لەواندا سوپای پاسداران لە کەنداو هێرشی کردووە، دەستی بە سەر

پاپۆڕی بازرگانی داگرتووە یان جارِزی کردوون و ئێران وەک "هەڕەشەیەکی ئاشکرا بۆ سەر ئاسایشی دەریایی ناوچە و ئابووری جیهان" وەسف دەکرێ.
لە وەڵامێکی سەرکێشانەدا لە مانگی جولای، سەلامی فەرمانی مانۆڕی سەربازیی سوپای پاسدارانی لە کەنداو دا کە هێزی دەریایی و ویشکانی دەگرتنە خۆ. سەلامی لە کاتی مانۆڕەکەدا گوتی، "پێویست بە هێزی سەربازیی ئەمریکایی یان ئورووپایی لە کەنداو ناکات،" و هەڕەشەی کرد سوپای پاسداران "توانای وەڵامدانەوەی هەر کردەوەی هەڵەی ئەمریکاییەکانی هەیە، لە ناویاندا بە دەستبەسەرداگرتنی پاپۆڕان".

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای دەرکەوتنی بە ژاوەژاوی سەلامی، چەند پسپۆڕی کاروباری ئێران لە خۆرئاوا، لەناویاندا چەند کاربەدەستی پێشووی سەربازی و هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان کە "سپای تاک" وتوویژی لەگەڵدا کردوون، گوتیان شتێکی زیاتر لە ژیاننامەی فەرمیی ناوبراو نازانن. سی ئای ئەی کە بە شێوەی نەریتی پرۆفایلی نەیارانی بەرچاوی خۆی ئامادە دەکات، خۆی لە درکاندنی وردەکارییەکانی ژیانی تاکەکەسیی سەلامی یان بۆچوونەکانی زیاتر لە کەسایەتییە توندئاژۆیە فەرمییەکەی بوارد. هەواڵگریی ئەوتۆ دەتوانێ لە کاتێکدا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و تاران بەرەو گۆڕینەوەی زیندانییان و ئازادکردنی دراوی سڕکراوی ئێران و ئەگەری سنووردارکردنی بەرنامەی ناوکی ئێران، یەکلاکەرەوە بێ.

## چیرۆکی ڕەچەڵەک

بەگوێرەی زانیاریی ئێرانی، ئەمریکایی و ئیسرائیلی، سەلامی لە ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی بچووکی گوڵپایەگان لە ناوەندی ئێران و پارێزگای کەمئاوی ئیسفەهان لەدایک بووە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لەو گوندە، سەلامی لە تاقیکارییەکدا بە مەبەستی بورسیەی خوێندن لە زانکۆی زانست و تەکنەلۆژیی تاران لە ١٩٧٨ دا بەشدار بوو.
عەلی ئالفۆنە، پسپۆڕێکی پرسی ئێران لە ئەنستیتۆی وڵاتانی عەرەبی کەنداو لە واشینگتۆن دەڵێ، "گواستنەوە لە لە ١٩٦٠ لە گوندێکی بچووکی پارێزگای ئیسفەهان بۆ تاران، وەکوو گواستنەوە لە شوێنێکی گەلێک بچووکی میشیگان بۆ مانهاتانە. ئەو ئەوکارەی بەهۆی پەیوەندیی بنەماڵەیی یان دەوڵەمەندیی نەکرد، بەڵکو ئەو خوێندکارێکی ژیر بوو و گەلێک کاری بۆ کردبوو".

بەڵام خوێندنی زانکۆ لە تاران بۆ سەلامی هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی جەماوەریی دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەو وڵاتە، واتە محەممەدڕەزا پەهلەوی، کە بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی لە ١٩٧٩. بە گوتەی ئالفۆنە و پسپۆڕی دیکەی پرسی

ئێران، هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی بوونی ڕوانگەی شۆڕشگێڕیی سەلامی و بەشداریی ناوبراو لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران دژی شا لەگۆڕێدا نییە. لە ١٩٨٠دەسەڵاتدارە نوێیەکانی ئێران زانکۆکانی وڵاتیان داخست و مامۆستا سێکولارەکانیان لەسەر کار لابرد و پلانی خوێندنی ئیسلامییان بۆ خوێندکارەکان دارشت. پاشان، لە سێپتەمبەری ئەوساڵە، عێراق ئێرانی داگیر کرد. بە داخرانی زانکۆکەی و بوونی ئێران لەژێر هێرشدا، سەلامیی تەمەن ٢٠ ساڵ، وەک زۆرێک لە لاوە کۆنەپارێزەکانی دیکە وەک کارێکی نیشتمانپەروەرانە و پراگماتیستی، چوونە نێو سوپای پاسداران کە ئەوکات تازە دامەزرابوو. بە گوتەی ئالفۆنە، سوپای پاسداران مووچەی دەدا و شوێنی حاوانە و خواردنی دابین دەکرد.

سەلامی پێشدا لە پارێزگاکانی باکووری خۆرئاوای ئێران، شوێنێک کە کوردەکان خەریکی شەڕ دژی دەسەڵاتی ناوەندیی تاران بوون، چاوی بە شەڕ کەوت. ساڵێک دواتر، تیپی ناوبراو نێردرا بۆ باشوور دژی داگیرکەرانی عێراق. لەوێ سەلامی شاهیدی شەپۆلە مرۆییەکانی سوپای پاسداران لە کاتی هێرشدا بوو کە دەبوونە هۆی کوژرانی هەزاران کەس، بەڵام لە کۆتاییدا عێراقییەکان لە خاکی ئێران وەدەر نران. ئەوە وانەی بەرگری بوو کە ئەو قەت لەبیری نەکرد و لێیان فێر بوو. ئاننی-ترەیسی ساموئێل، پسپۆڕێکی پرسی ئێران لە زانکۆی تێنێسی و نووسەری کتێبی تازە چاپکراوی "چیرۆکی ناتەواوی جەنگی ئێران-عێراق" دەڵێ، "لە نووسراوەکان و لێدوانەکانیدا، سەلامی بەردەوام جەخت لەسەر گرینگیی وانەکانی جەنگی ئێران-عێراق و شێوەی کەڵکلێوەرگرتنیان لە ئاسایشی ئەمڕۆی ئێراندا دەکاتەوە. ئەو هەمیشە باسی گرینگیی ستراتیژییە ناهاوشێوە و ئەو تاکتیکانە دەکات کە ئیزن بە ئێران دەدەن بەرەوڕووی ڕکەبەری بەهێزتر بێتەوە".

## چوون بۆ دەریا

لە سێپتەمبەری ١٩٨٥، سەلامی پلەی بەرز کرایەوە و گوسترایەوە بۆ یەکەی دەریایی سوپای پاسداران، کە دەستپێشخەری ئۆپەراسیۆنی سەر زەوی و دەریایی لە ناوچە قامیشەڵانەکانی عێراق و دەوروبەری ئابادان و شاری ڕۆخیی خوڕەمشار لە ڕێگا ئاوییەکەی شەتولعەرەب بوو.

کاتێک شەڕ بە شێوەی بێئاکام لە ١٩٨٨ کۆتایی هات، سەلامی بڕیاری دا برەو بە پیشەی خۆی لە نێو سوپای پاسداراندا بدا. لە کاتێکدا گەلێک لە هاوپیشەکانی لە سوپای پاسداران ڕوویان کردە کۆمپانیای بیناسازی کە هی سوپای پاسداران بوون، فەرماندەکانی سەلامی ناوبراویان ناردەوە زانکۆ تا بەڵگەنامەی زانکۆ لە ئەندازیاریی میکانیک وەرگرێ. لە ١٩٩٢، ئەو وەک فەرماندەی کۆلێژی کارمەندانی سوپای پاسداران دەستنیشان کرا و لەوێ بۆ ماوەی پێنج ساڵ خزمەتی کرد و

پلانی خوێندنی شەڕی ناهاوشێوەی سوپای پاسدارانی دارِشت. ئالفۆنە دەڵێ، ئەوە لەوێ بوو کە سەلامی پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ ئەفسەرانی سوپای پاسداران دامەزراند کە دواتر ڕێگایان بۆ هەڵکشان لەنێو سوپای پاسداراندا خۆش کرد. ئەو دەڵێ، "سەلامی بوو بە بەشێک لە ڕایەڵەی کورە دێرینەکانی سوپای پاسداران".

لە ١٩٩٧ سەلامی پلەی بەرز کرایەوە و ئەمجارە بوو بە جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران، پلەیەک کە بۆ ماوەی نۆ ساڵی دواتر هەیبوو. لەو ماوەیەدا، پێکدادانی توند لە نێوان ئێلیتی سیاسی و هێندێک لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران هاتە ئاراوە، بەڵام سەلامی سەلماندی لە ڕوانگەی سیاسییەوە خۆگونجێنە و لەو ڕکەبەرییانە تێپەڕ بوو. لە ٢٠٠٦، ئەو بوو بە فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران کە بەرپرسی یەکەکانی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانە.

جەختکردنەوە لەسەر ئەو بەرنامانەش وانەیەکی بەنرخی جەنگی ئێران-عێراق بوو، واتە گەشەپێدانی پیشەسازیی چەکوچۆڵی نێوخۆیی. ئالفۆنە دەڵێ لە ژێر ڕێبەریی سەلامیدا، لقی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران توانی دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی کە لە ئەفغانستان دەستیان کەوتبوون، ئەندازیاریی پێچەوانە بکاتەوە. ئەو کارە ڕێگای دامەزراندنی ناوەندی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی بۆ سوپای پاسداران خۆش کرد. ئالفۆنە دەڵێ، "هۆیەکەی ئەوە بوو سەلامی توانی پەیوەندییەکانی بۆ دابینکردنی دراوی پێویست بۆ بەرنامەکەی بەکار بێنێ ".

جەیسۆن برادسکی، پسپۆڕێکی هێزی سەربازیی ئێران لە ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی، دەڵێ لە کاتی فەرماندەیی سەلامی لە هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران، ئەو عەمباری مووشەکیی ئێرانی دروست کرد تا جێگرەوەی فڕۆکەی ئێف چواری ئەمریکایی بن کە لە سەردەمی شادا لە ئەمریکا کڕدرابوون. سەلامی چاودێریی چەند تاقیکاریی سەرکەوتووانەی هاژەکی مەودامامناوەند و درێژمەودای کرد کە بەشێکیان دەتوانن چەند کڵاو هەڵگرن، خۆ لە ئاشکرابوون لە ڕادار ببوێرن و دەتوانن بگەنە ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست.

## ئاشقی تەقەکردن

بە گوێرەی نووسراوەیەکی برادسکی لەسەر سەلامی لە ٢٠٢٠، ناوبراو گوتوویەتی، "قامکەکانی ئێمە هەمیشە لەسەر پەلەپیتکەن و هاژەکانمان ئامادی هاویشتنن." لە جێیەکی دیکەدا هەڕەشەی کردووە، "ئێران دەتوانێ هەر کات بیهەوێ

کاریگەریی لەسەر گواستنەوەی نیوەی وزەی دنیا هەبێ." لە ٢٠٠٩، سەرکەوتنەکانی سەلامی وەک فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران بووە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکەی وەک جێگری فەرماندەی گشتیی سوپا کە دبێتە پلەی دووهەمی ئەو ڕێکخراوەیە.

ئەو چەند ساڵ دوتر لە کاتێکدا لە پەسندی دەستڕاگەیشتوویی ستراتیژیکیی ئێران بۆ ئەوبەری سنوورەکانی کردوونی، خۆی بە پشتیوانیکردنی سوپای پاسداران لە شیعەکانی عێراق، حوسییەکانی یەمەن هەڵنایەوە و داوای لە شیعەکانی بەحرەین کرد دژی پاشایەتی کەمینەی سوننی وڵاتەکەیان سەرهەڵدان بکەن. ئەو قیڕاندی کە سوپای پاسداران حیزبوڵڵای -میلیشیا بەکرێگیراوەکەی لە لوبنان- بە سەد هەزار هاژەک پڕ چەک کردووە کە بەرەو ئیسرائیل سیرەیان گرتووە. سەلامی لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا دژی ئیسرائیل گوتی، "فەرماندەکانی حیزبوڵڵا تەنیا چاوەڕوانی فەرمانن، بە شێوەیەک کاتێک دەستیان بە پەلەپیتکاندا هێنا، خاڵە ڕەشە نەفرەتییەکە لەسەر نەخشەی ژیۆپۆلیتیکی دنیا بۆ هەمیشە پاک دەکرێتەوە." ئەو هەروەها گاڵتەی بە بنیامین نەتانیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کرد و گوتی، "نەتانیاهوو دەبێ بزانێ هیچ ڕێگایەکی بێجگە لە ڕاکردن لە ناوچەکە نییە، کە وابوو پێویستە فێری مەلەکردن لە دەریای مەدیتەرانە بێ".

برادسکی دەڵێ، بەڵام سەلامی لە ٢٠١٤ لەگەڵ سەرکۆمار حەسەن ڕوحانی لەسەر دەستڕۆیشتوویی سیاسیی سوپای پاسداران تووشی کێشە بوو. کاتێک ڕوحانی دەستی بە دانوستان لەمەڕ ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و زلهێزەکانی دیکەی خۆرئاوا کرد، سەلامی بەئاشکرا دژی هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کە ببێتە هۆی سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکی ئێران یان ئیزن بە پشکنینی بیانی دامەزراوە ناوکییەکان بدرێ، هەڵوێستی گرت. تەنانەت دوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ناوکی لە ٢٠١٥، سەلامی ئەوەی ڕەت کردەوە و گوتی، "ئێمە گوێ نادەینە بڕیارنامان. ئەوە ئەرکی ئێمەیە دەسەڵاتی خۆمان گەشە پێ بدەین و هیچ کەسێک فەرمانمان پێ ناکات".
ڕوانگە شەڕخوازانەکانی سەلامی لە ٢٠١٨، کاتێک سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە ڕێککەوتنە "خاوەن کەموکوڕییەکە" کشایەوە و تاکلایەنە گەمارۆی ئابووری خستنە سەر ئێران تا ئابووریەکەی لە پەلوپۆ بخات، بەهێزتر بوون.

## هەڵکشان بەرەو سەرەوە

ساڵێک دواتر، ماوەیەکی کورت دوای دەستنیشانکرانی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریست لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ترامپەوە، خامنەیی سەلامی کردە فەرماندەی سوپای پاسداران. بەرزکردنەوەی پلەکەی هاوکات بوو لەگەڵ

جێکردنەوەی ناوبراو لە ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی، شوێنێک کە هەڵوێستە سەرپێچیکارانەکانی سەلامی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر زوو بەسەر ئەو یەکەیەی دیاریکەری سیاسەتی وڵاتدا زاڵ بوو.

ماوەیەکی کورت پاش دەستنیشانکرانی سەلامی وەک فەرماندەی سوپای پاسداران، ئێران دەستی بە پیتاندنەوەی ئورانیۆم تا نزیک پلەی ٩٠٪ کە بۆ بۆمبی ناوکی پێویستە، کردەوە. لە یەکەم لێدوانەکەیدا وەک سەرۆکی سوپای پاسداران، سەلامی وێ دەچوو زۆر حەزی لە بەرەوڕووبوونەوەی سوپای پاسداران لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی جیهانیدا بێ. ئەو لە شوێنێک دەڵێ، "ئێمە لێهاتوویەکانمان لە ناوچەکەوە بۆ هەموو دنیا پەرە پێداوە، بە شێوەیەک کە دوژمن هیچ شوێنێکی ئەمینی نییە." بەڵام سەرەڕای خەیاڵپڵاوەکانی سەلامی بۆ سوپای پاسداران، ڕووداوی نەخوازراو و هێرش لە نێوخۆوە ئەوی سەرقاڵی پێشگرتن و کۆنترۆڵی زەرەر و زیانی زیاتر کرد.

دوای کوژرانی قام سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس لە جانیوەری ٢٠٢٠، پاسەوانیی هاژەکیی سوپای پاسداران کە لە ئامادەباشیدا بوو فڕۆکەیەکی مەدەنیی ئوکراینیان لەگەڵ هاژەکی ئەمریکایی لێ تێک چوو و خستیانە خوارەوە کە بووە هۆی کوژرانی ١٧٦ مسافیر و سەرنشین. لە کاتێکدا سەربازەکانی سوپای پاسداران کە بەرپرسی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکە بوون سزای زیندانیان لە ١٣ ساڵ بۆ سەرەوە بۆ بڕایەوە، هیچکام لە فەرماندە پلەبەرزەکان سزا نەدران.

لە هەمان ساڵدا، ئابڕووچوونی زیاتر بەدوایدا هاتن. بریکارانی موسادی ئیسرائیل، ژمارەیەک ئۆپەراسیۆنیان لە نێوخۆی ئێراندا بەڕێوەبردن، بۆمبی بەهێزیان لە بنکەیەکی هاژەکی نزیک پارچین و بنکەیەکی پیتاندنی ئورانیۆم لە نەتەنز تەقاندنەوە. هەروەها بریکارە ئیسرائیلییەکان توێژەرێکی پلەبەرزی ناوکیی ئێرانیان کوشت و سەرجەم ئارشیوی ناوکیی ئێرانیان لە عەمبارێکی ناوەندیی تارانەوە دزی.

لە کاتێکدا ڕووداوی ئەوتۆ لێهاتوویی بریکارە ئیسرائیلییەکانیان بۆ هێرش لە نێوخۆی ئێران پشتڕاست کردەوە، وێدەچی سەلامی هیچ ڕێکارێکی بۆ چارەسەریی کەمایەسییەکان تا مانگی جوونی ساڵی ڕابردوو نەگرتبێتە بەر. پاش کوژرانی سێ ئەفسەری پلەبەرزی سوپای پاسداران لە لایەن بریکارانی ئیسرائیل، ئەو سەرۆکی درێژمەودای هەواڵگریی سوپای پاسداران، حوسێن تائیب، مەلایەک کە هیچ ئەزموونێکی هەواڵگریی نەبوو، لەسەر کار لابرد. سەلامی لەجێی تائیب، ژەنراڵ محەممەد کازمی، ئەفسەرێکی خاوەن ڕابردووی هەواڵگریی دانا.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، سەلامی چاودێریی هەوڵەکان بۆ تێکشکاندنی نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی کردووە کە بە هۆی کوشتنی ژنێک بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی ئیسلامی کوژرا، دەستی پێ کرد و خێرا بوونە مەزنترین خۆپیشاندانەکانی دژی حکوومەت. بەسیجی سەر بە سوپای پاسداران بە تەقە لە خۆپیشاندەران، سەدان خۆپیشاندەریان تا ئێستا کوشتووە و هەزارانیان دەستبەسەر کردوون؛ هەروەها دەیان کەس لە دەستبەسەر کراوان لە سێدارە دراون.

## کایەی ترسنۆکانە

ساموئێل لە زانکۆی تێنێسی دەڵێ، هەڕەشەکانی سەلامی دژی ئیسرائیل شتێک نین بێجگە لە فڕوفیشاڵ. ئەو دەڵێ، "فەرماندەی سوپای پاسداران گەمژە نییە. ئەو دەزانێ ئەو بەرەوڕووی ڕکەبەرێکی بەهێزتر بۆتەوە. من پێموانییە ئەو لەو بڕوایە دابێ کە ئێران دەتوانێ ئیسرائیل لە سەر نەخشە بسڕێتەوە. ئەو پێویستە ئەو قسانە بکات تا پێگەی خۆی لە لای ڕێبەری گەورە بپارێزێ".

نۆرمەن ڕووڵ، بەرپرسێکی هەواڵگریی نیشتیمانیی کە کاری لەسەر ئێران کردووە دەڵێ، ئەوە بەڵێنییەکانی سەلامی لەمەڕ وەدەرنانی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارسیش دەگرێتەوە. ڕووڵ دەڵێ، "گوێ مەدەرە فڕوفیشاڵەکان، سەلامی سەربازێکی پرۆفیشناڵە. ئەو توندئاژۆیە، بەڵام هاوکات کەتوارگەراشە. ئەو دەزانێ هێزە سەربازییەکەی لە بەرانبەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هیچ نین. ئەو ستراتیژیی ناهاوشێوە ڕەچاو دەکات و هێزەکانی تا ئەو سنوورە هان دەدا کە لە هێڵی دەستپێکی جەنگ لەگەڵ ئێمە تێپەڕ نەبن." ڕووڵ دەڵێ، کە وابوو ئەو بە بەلەمی بچووک و خێرا دەورەی پاپۆڕە بازرگانییەکان دەدا، یان هێزەکانی بە هێلیکۆپتەر لەسەر پاپۆڕێک دادەبەزێنێ، دەستی بەسەردا دەگرێ و ناچاری دەکات لە پێش گەیشتنی هێزی دەریای وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەو بەندەرێکی ئێرانی بڕوات. بە واتایەکی دیکە، ئەو قەڵسەمان پێ دەگێڕێ، بە ئامانجی شەرمەزار کردنی وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەوە کایەی سەلامییە".

بەڵام داگلاس لەندەن، نووسەری کتێبی "بە ئەندامگر: سیخوڕی و هونەری بزربووی هەواڵگریی ئەمریکایی، بیرەوەرییەک"، دەڵێ سەرەڕای گرژییە تازەکان لە کەنداوی فارس، وێدەچێ پەیوەندیی نێوان بەڕیوەبەرایەتی بایدن و ئێران بەرەو باشتربوون بچێ. ئەو دوو وڵاتە لەو دواییانەدا گەیشتوونە لێکتێگەیشتنێکی جێگرەوە کە بەگوێرەی ئەو دوای ئازادکردنی ١٠ میلیارد دۆلار دراوی دەستبەسەرداگیراوی ئێرانی و گواستنەوەی لە کۆرەی باشوور و عێراقەوە بۆ بانکێکی قەتەری، پێنج زیندانیی شارۆمەندی ئەمریکا بە پێنج دەستبەسەرکراوی ئێرانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بگۆڕدرێنەوە. لەژێر چاودێریی

کاربەدەستانی وەزارەتی دارایی ئەمریکا، ئێران ئیزنی پێ دەدرێ ئەو دراوە بۆ پێداویستییە مرۆییەکان بەکار بێنێ.

کاربەدەستانی ئەمریکایی و ئێرانی دەڵێن ڕێککەوتنەکە، کە پاش دوو ساڵ دانووستانی ناڕاستەخۆ گەیشتە ئاکام، دەتوانێ لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەردا بە ئەنجام بگات و هێندێک چاودێر دەڵێن مامەڵەکە دەتوانێ ڕێخۆشکەری ڕێککەوتنی زیاتر بۆ سنووردار کردنی بەرنامەی ناوکی ئێران بێ.

لەندەن دەڵێ، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ سەلامی ملکەچی ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ کەمکردنەوەی گرژیی نێوان تاران و واشینگتۆن دەبێ؟ ئەو دەڵێ، "سوپای پاسداران زۆرترین زەرەر لە هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی ئاشتیانە دەکات. سوپای پاسداران سوود لە ئێرانی ژێر زۆرترین زەختدا دەبینێ. ئەوانن کە دراویان پێ دەدرێ تا بەرگریی بکەن و گەمارۆکان پووچەڵ بکەنەوە و ئەو پارەیە دەستڕۆیشتوویی و دەسەڵاتی بە دواوەیە. تا ئەوان کەمتر پێویست بن، دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەوانیش کەمتر دەبێتەوە".

تا ئێستا، سەلامی لەمەڕ ڕێککەوتنی گۆڕینەوەی زیندانییان بێدەنگ بووە. لە هەمان کاتدا، مێدیای ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت ڕێککەوتنەکەی وەک "دیپلۆماسیی ڕێزدارانە" و سەرکەوتنێک بۆ دەوڵەتی توندئاژۆی سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەئیسی وەسف کردووە. چاودێرە خاوەنئەزموونەکانی کاروباری ئێران ئاماژە بەوە دەکەن بەبێ چرای سەوزی خامنەیی، ڕێککەوتنەکە نەیدەتوانێ بگاتە ئەو دۆخەی ئێستا. ئەوان هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن بەرهەڵستکارییە سەرزارەکییەکانی سەلامی دەتوانێ ببێتە هۆی لێ ئەستاندنەوەی کارەکەی.

بەڵام ڕووڵ، بەرپرسێکی هەواڵگریی نیستانیی پێشوو، لەگەڵ لەندەن هاوڕا نییە و دەڵێ، سوپای پاسداران دەورێکی گەلێک بەرچاوتری لە پرۆسەی بڕیاردانەکانی دەوڵەتیدا دەگێڕێ. ئەو دەڵێ، "ڕێککەوتنەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان وەها ڕێک دەخرێن کە لەگەڵ سامانەکانی سوپای پاسداران ناتەبا نەبن، جەخت لەسەر "ناتەبا نەبن"، دەکەمەوە. سوپای پاسداران بەئاشکرا دژی ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان دەوەستێتەوە، بەڵام لە پشت شانۆکان دژایەتی ناکات." ڕووڵ هەروەها ئەوەش زیاد دەکات کە ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە بە مانای وەلانانی پشتیوانیی سوپای پاسداران بۆ بەکرێگیراوە ناوچەییەکانی یان هەڵوێستی شەڕانشۆیانە بەرانبەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارس، نین. ئەو دەڵێ، "لێرە جیاوازییەک هەیە. لە نێوان ڕییکەوتن و باشتر کردنی پەیوەندییەکان".

بەشی: سێهەم

لەندەن نەتەنیا نایهەوێ شتێکی لەمەڕ هەنگاوی داهاتووی سەلامی بڵێ، بەڵکو دڵنیاش نییە کە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێ. ئەو دەڵێ، "ئەو شتانە زۆر بە سانایی لێک هەڵدەوەشێن." و ئەوەش زیاد دەکات: "دانوستان لەگەڵ ئێران نەهامەتییەکی وەهایە." کە ڕەنگبێ سەلامی لەبارەیدا بڵێ: "لە زاری تۆوە تا گوێی خودا".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٣

# لاساییکردنەوەی مێتۆدەکانی ک.گ.ب. لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە

## پێشەکی

ئەوانەی شارەزای مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن دەزانن کە یەکیەتیی سۆڤیەت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ئاشکراکردنی کودەتای نۆژەدا یارمەتیدەری دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆمارە تازەدامەزراوەکەی مەلایان بوون. بێجگە لەوە دەنگۆی ئەوەش هەیە یەکیەتیی سۆڤیەت دەستی لە خستنەخوارەوەی باڵەفڕەکانی ئەمریکایی لە بیابانی تەبەس هەبوو ، کە بۆ ئازادکردنی بەبارمتەگیراوانی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە تاران نێردرابوون. هەمدیس ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی (ساواما)، یەکەم ڕاهێنانەکانیان لەلایەن کاربەدەستانی "ک.گ.ب"ەوە پێ کرا.

تا ئێستا زۆر بەڵگە لەبەر دەستدان کە دەیسەلمێنن کۆماری ئیسلامیی ئێران یارمەتیی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و دامودەزگا هەواڵگرییەکەی واتە ک.گ.ب. وەرگرتووە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم بیسەلمێنم کۆماری ئیسلامی لاسایی مێتۆدەکانی ک.گ.ب. دەکاتەوە.

### سیخوڕێکی ڕاکردوو و بۆچوونەکانی لەسەر دەسەڵاتدارانی یەکیەتیی سۆڤیەت

ساڵی ١٩٧٠، یوری ئالێکساندرۆڤیچ بەزمەنیەڤ ئەندامێکی ک.گ.ب. و کارداری چاپەمەنیی باڵوێزخانەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە هیندوستان بوو کە ڕای کرد و خۆی ڕادەستی ئەمریکا کرد. ناوبراو کوڕی ئەفسەرێکی پلەبەرزی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە ئەرکی باوکی سەردانی هێزە سەربازییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە وڵاتانی دەرەوە بووە. ئاماژە بەو پاشخانە بۆیە گرینگە تا بزانین ناوبراو لە منداڵییەوە سەر بە چینێکی خاوەن پێگە و دەستڕۆیشتووی سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت بووە و وەک تاک پارێزراو بووە لە چەوساندنەوە لەلایەن سیستەمی توتالیتەری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە.

بەزمەنیەف لە وتووێژێکی دوورودرێژ لە ١٩٨٤(١) باسی بەسەرهاتی خۆی و هۆی جیابوونەوە لە سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت دەکات. ناوبراو دەڵێ سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت خراپترین سیستەمی کۆلۆنیالیستی دنیایە و ئەو نەیدەتوانی

ئەو هەموو تاوانکاریی و چەوساندەوەی خەڵک پاشگوێ بخات.

ناوبراو دوای گەڕانەوە لە یەکەم دەورەی مەئموورییەت لە هیندوستان، لە ئاژانسی چاپەمەنیی نۆڤێستی کە سەر بە ک.گ.ب بوو دادەمەزرێ و لەوێ ئەرکی پەیوەندیی لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی دۆستایەتی لۆمومبا(۲) لە مۆسکۆ، کە بەگوتەی بەزمەنیەف شوێنی حاملاندنی ڕێبەرانی داهاتووی بەناو جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم یان سیخوڕی شاراوە لە وڵاتانی دەرەوە و هەروەها پێشوازیی لە سەردانکەرانی بەناو ڕۆشنبیری پێشکەوتنخواز و ڕۆژنامەوانانی بیانی، بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لە ئەستۆ بووە.

بەزمەنیەڤ دەڵێ، "ئێمە لە ک.گ.ب. ئەو جۆرە کەسانەمان بە گەمژەی بەکەڵک دەزانی و هیچ ڕێزێکیان لەلای ئێمە نەبوو. تەنانەت بهاتبا و یەکیەتیی سۆڤیەت لە هەر کام لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتی گرتبایە دەست، ئەمجۆرە کەسانە لە پەنا دیواران ڕیز دەکران و تیرباران دەکران".

ئەو لەو بڕوایەدا بوو یەکیەتیی سۆڤیەت بەتەمای بنکۆڵکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری ئایدیۆلۆژییەوەیە و بە یارمەتی ک.گ.ب. پلانێکی درێژمەودای چوار بڕگەیی دژی ئەمریکا بەڕێوە دەبا.(۳) ئەو چوار بڕگانە بریتین لە:

**دابەزاندنی وره و بێدەربەستکردنی بەتایبەتی لاوان بەرانبەر بە کاروباری وڵات (کاتی پێویست بۆ ئەو بەشە ۲۰ – ۱۵ ساڵ)**

**ناسەقامگیرکردن**
**دروستکردنی قەیران**
**بەئاسایی ناساندنی دۆخی سەپاو**

بە گوتەی بەزمەنیەڤ لە بڕگەی یەکەمدا هەموو هەوڵەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ورەی خەڵکی وڵات و بەتایبەتی لاوان دابەزێنن. ناوبراو بەو بڕگەیە دەڵێ "شەپۆلی بەربڵاوی مێشک شۆردنەوە." ئەو دەڵێ کاتێک مێشکی خەڵک شۆردرایەوە تەنانەت ڕاستییەکان نابینن و بەو شێوەیە کە ک.گ.ب. دەیهەوێ هەڵسوکەوت دەکەن. ناوبراو بۆ بێدەربەست کردنی لاوان بەرانبەر بە کاروباری وڵات ئاماژە بە شەپۆلی هیپیگەری و تەشەنەکردنی دیاردەی مێدیتەیشن بە شێوەی مورتازەکانی

هیندوستان و کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە مادە هۆشبەرەکان لەنێو چینی لاوی وڵاتدا دەکات کە ئامانجی هەموویان گوێنەدانە بە دۆخی وڵات و چڕبوونەوە لەسەر خۆت و دۆخی تاکەکەسیی خۆتە.

بەزمەنیەڤ لە وتووێژەکەیدا دەڵێ، ک.گ.ب. بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی پەنا بۆ مارکسیست و کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتە نابا، بەڵکوو کەسانی خاوەن نفوز کە قسەیان لە کۆمەڵگەدا دەڕوا دەکەنە ئامانج تا لە ڕێگای ئەوانەوە پلانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەو کەسانە دەتوانن ڕۆژنامەنووسان، مامۆستایانی زانکۆ و نووسەران بن. ئەو دەڵێ ک.گ.ب. ئەو جۆرە کەسانەی بانگهێشت دەکردە یەکیەتیی سۆڤیەت و بە پێهەڵداگوتن و مەزنکردنەوەی ئاستی تێگەیشتوویی ئەوان، ئەوانی وەک ئامراز بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی دڵخوازی یەکیەتیی سۆڤیەت لەنێو کۆمەڵگەی خۆیاندا بەکار دەهێنا.

بڕگەی دووهەمی پلانەکە ناسەقامگیرکردنی وڵاتە. لەو بڕگەیەدا وەک بەزمەنیەڤ باس دەکا، دامەزراوە گرینگەکانی نەتەوەیەک، واتە دامەزراوە ئابووری، پەیوەندیی دەرەوە و بەرگریی دەکرێنە ئامانج.

بڕگەی سێهەم دروستکردنی قەیرانی جۆراجۆر لە کۆمەڵگەیە تا بەو شێوەیە لە ڕوانگەی دەروونییەوە خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕ لەسەرەوەڕا ئامادە بکەن. لێرەدایە گرینگیی بڕگەی یەکەم دەردەکەوێ چونکە ئاپۆڕای جەماوەر و بەتایبەتی لاوان بێورە و بێواز بەرانبەر بە ڕووداوەکانی وڵات کراون، بۆیە هێزێک بۆ بەربەرەکانی نەماوە.

لە دۆخی چوارەمدا خەڵک هێندە جاڕز و بێهیوا کراوە کە کاتێک دیکتاتۆرێکی بەهێز دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، خەڵک دۆخەکە بەئاسایی وەرگرن و تەنانەت سوپاسی بکەن، چونکە وڵات لە دۆخی قەیراناوی ڕزگار دەکات. لێرەدایە خەڵک دێموکراسی، ئازادیی و بایەخە لیبراڵییەکانی دیکەی بۆ گرینگ نییە، بەڵکو تەنیا دەخوازێ دۆخەکە بگەڕێتەوە ئەو کاتەی سەقامگیریی حاکم بوو و قەیرانی پەیتا پەیتا ڕوویان نەدەدا.

### بەراوردکردنی دۆخی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ڕوانگەی پلانی ک.گ.ب. بۆ ئەمریکا

تا ئێستا گەلێک وتار لەبارەی هەوڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دابەزاندنی ورەی خەڵک، بە تایبەتی لاوان لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان نووسراون. بۆ ئەو مەبەستەش کەڵک لە تاکتیکی جۆراجۆر وەرگیراوە کە دەکرێ ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، بڵاوکردنەوەی دیاردەی دژایەتیی تیکەڵبوون لەگەڵ سیاسەت و تەنانەت نەفرەت لە هەر

کردەوەیەکی سیاسی، پەرەپێدانی هێندێک لایەنی ئایینی توندئاژۆ کە دژایەتی هەرجۆرە لیبرالیزە کردنی کۆمەڵگە و دیاردەکانی سێکولاریزم دەکەن تا پەلکێشکردنی بەشێک بۆ سۆفیگەری و دەروێشایەتی یان پەرەپێدانی ڕیفۆمخوازیی لە چوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا.

لێرەدا زۆر بەئاشکرا دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی بەرنامەیەکی درێژخایەنی بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوە بردووە. لە ڕۆژهەلات بەتایبەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران-عێراق و لە باشووری کوردستان دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و دروستبوونی بۆشایی دەسەلات لەو ناوچەیە ئەو هەولانە چڕ کرانەوە. لێرەش کەڵک لە 'گەمژەی بەکەڵک' وەرگیراوە تا کۆمەڵگە لە باوەڕبەخۆبوون و وره دامالێ و کەشی بێهیوایی و بێدەربەستیی بەرانبەر بە چارەنووسی وڵات باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا بکێشێ. لێرەدا کەڵک لە نووسەر، ئاکادێمیسیەن و ڕۆژنامەنووس وەردەگیرێت تا ببنە ئامرازی گواستنەوە و جێبەجێکردنی پیلانی کۆماری سێدارە.

لە کاتێکدا کە فیدراسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان باس لە سەرکوتی ئازادیی ڕادربڕین لە ئێران و دەستبەسەر کرانی لانیکەم ١٠٠ ڕۆژنامەوان لە ساڵی ڕابردوودا دەکات،(٤) ڤۆرکشۆپی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەنووسانی باشووری کوردستان لە ئیسفەهان دادەندرێ.(٥) خەڵکی بەناو ڕۆشنبیر قەڵەکەمانیان دەکەوێتە خزمەتی بەرەوپێشبردنی ئەجێندای کۆماری ئیسلامی و ئەوەی ئەوان وەک بۆچوونی سەربەخۆ بڵاوی دەکەنەوە، لە ڕاستیدا داڕێژراوی ژووره داخراوەکانی شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامییە.

لە هەموو شوێنێکی دنیا کاتێک دەسەلاتداران گەندەڵ و ناکارامەن، خەمخۆرانی نیشتمان هەوڵ دەدەن بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەلاتداریی چەوت و خراپ بکەن، بەلام زۆر دەمێکە هەوڵێک لە ئارادایە تا خەڵک لە نیشتمان و هێما پیرۆزەکانی بێزار بکەن. ئەو دیاردەیە دەکرێ بڵێین لە دنیادا بێوێنەیە. ئەوانە هەموو دەقاودەق جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی پیلانی ک.گ.ب. یەم بەلام لە لایەن کۆماری ئیسلامی و بۆ بەرژەوەندیی ئەو ڕێژیمە لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان بەڕێوە دەچێ.

بڕگەی دووهەمیش، واتە ناسەقامگیر کردن، ماوەیەکی دروودرێژە بەڕیوە دەچێ. بۆ ئەو مەبەستەش کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەلات بە میلیتاریزە کردن، بە ئامانج گرتنی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی بێکاری لە لایەک و دەستبەسەر کردن و ئێعدام لە لایەکی دیکەوە ناهێڵن کوردستان سەقامگیر بێ. لە باشووریش بە پیلانی جۆراجۆر ناهێڵن سەقامگیریی باڵ

**بەشی: سێهەم**

بەسەر عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتیدا بکێشێ. چونکو دەزانێ سەقامگیریی دەبێتە هۆی گەشەی وڵات و پێش بە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە عێراق و هەرێمێکی لاوازی دەوێ دەگرێ. هەر کەسێک لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ڕووداوەکانی باشووری کوردستانی دیتبێ بەئاشکرا دەزانێ کە لە زۆر لە هەوڵەکانی ناسەقامگیرکردنی عێراق و هەرێمدا، کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی هەبووە.

ئەو ڕاستییە لە بوونی بڕگەی سێهەمی پیلانەکەی ک.گ.ب ڕوون و ئاشکرایە. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا قەیرانی جۆراجۆر پەیتا پەیتا ڕوویانداوە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە قەیراندا دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بپارێزی. ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بە دۆخی وڵاتانی وەک عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن، ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. یەکێک لە هاندەرەکان بۆ ئەو مەبەستە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی نێوخۆیە تا وا بیر بکەنەوە بێتوو کۆماری ئیسلامی نەمێنێ، پشێوی وڵاتانی وەک سووریە باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ. بڕوا ناکەم کەسێکی ڕۆژهەڵاتی کە سەردانی باشووری کوردستانی کردبێ ئەو گوتەیەی نەبیستبێ: "نەکەن وەکو ئێمە خۆتان بەدبەخت بکەن، ئێوە لانیکەم کارەباتان هەیە".

ئەگەرچی نیشانەکانی بڕگەی چوارەم لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کەم و زۆر دەبیندرێ، بەڵام دوای شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوو بەولاوە، جیاوازییەک بەدی دەکرێ. لە کاتێکدا هێندێک جار لە باشووری کوردستان، خەڵک دەبینین بێهیوا لە دۆخی ئیستایان دەبن و ئینتیما نیشتمانییەکانیان لەکزی دەدا؛ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ماوەی شۆڕشی ژینادا، خۆشەویستیی نیشتمان، گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی لە ئاستێکی بەربەریندا دەبینرا. لەو بەشەی نیشتمان خەڵک هێشتا بایەخ لیبراڵییەکان وەک سێکولاریزم، ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ و لەهەموویان گرینگتر سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە ئاستێکی بەربەرین پشتگیریی لێ دەکرێ.

کاتێک لە بەزمەنیەڤ دەپرسن ئەمریکا چی بکات تا ئەو پیلانەی ک.گ.ب. پوچەڵ بکاتەوە، ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێ "جیلێکی بڕوابەخۆ و دەروەست بار بێنن".

**دیارە لە کوردستانیش، واتە لە هەر چوار پارچەکەی، ڕێگای پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی نەیارانمان، بە کۆماری ئیسلامیشەوە، گەڕانەوە بۆ پەروەردەی نیشتیمانییە.**

زاڵبوون بەسەر گەلێکی بێ هیوا و بێ دەربەست گەلێک ساکارە بەڵام بە پێچەوانە نەتەوەی بڕوا بەخۆ و خاوەن هەڵوێست، چۆک بۆ هیچ هێزێکی ملهوڕ دانادا.

پەراوێزەکان:


- https://www.youtube.com/watch?v=yErKTVdETpw١

٢- ئەمیر عەبباس فەخراوەر لە کتێبی هەڤاڵ ئایەتووڵادا باسی دەوری ک.گ.ب. لە شۆڕشی گەلانی ئێران و هەروەها خوێندکار بوونی خامنەیی لە زانکۆی لۆمومبا دەکات،

https://www.goodreads.com/book/show/32729606

3- https://bigthink.com/the-present/yuri-bezmenov

4- https://www.ifj.org/media-centre/news/detail/category/press-freedom/article/iran-ifj-launches-report-on-press-freedom-in-the-last-

5- https://www.zayele.com/ku/news/8203.html


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## کێشەی ئەرمەنستان - ئازەربایجان دەتوانێ هاوسەنگیی دەسەڵات لە ئێران، تورکیە، ڕووسیە هەتا چین بگۆڕێ

**- فۆربز - مەلیک کایلان**

وا دیارە کەس نایهەوێ باسی ململانێ قووڵترە ژیئۆ - پۆلیتیکییەکەی پشت کێشەی ناگۆرنۆ - قەرەباغ بکات، کە ئێستا سەری هەڵداوەتەوە و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی لە سەرانسەری دنیادا پڕ کردۆتەوە. چیرۆکێکی دەساڵە لەبارەی هەرێمێک لە قووڵایی دەڤەرێکی تەریککەوتوودا، چۆن دەتوانێ کاردانەوەی بەربڵاوتری بۆ هاوسەنگیی دەسەڵاتی جیهانیی هەبێ؟ چۆن دەتوانێ بۆ وێنە کاریگەریی لەسەر چین یان ئورووپا یان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێ؟ ئەگەرچی وەک خەیاڵ دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی لەنێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان ڕوو دەدا، ئەگەری گۆڕینی ڕێکخستنە بەرفراوانە نێوان-کیشوەرییەکانی هەیە. بێتوو بیانهەوێ، تەنیا وڵاتانی دراوسێ باسی دەکەن. هێندێک باسی ناکەن چونکە ئەو فیلەکەی نێو ژوورەکەیە.

ئەو وتارە باسی سکاڵا مێژووییەکان یان تووڕەییەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە قەیرانی قەرەباغ ناکات. ئەوان گرینگن بەڵام لە شوێنی دیکە بەوردی باسیان دەکرێ. ئەوەی لە هیچ شوێنێک نایبینی بۆچوونێکی پێویست لەسەر بەرژەوەندیی شاراوەی زلهێزان لە جوغرافیاکەیە.

بە وردی بڕوانە نەخشەی قەرەباغ. شاخێکی چیاکانی قەفقازە کە ئەوسەری هێندە بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە کە دەگاتە سنووری ئێران. لە ڕوانگەی لۆجیستیکییەوە، هەر کەس کۆنترۆڵی بەرزاییەکانی قەرەباغ لە ئازەربایجانی بە دەستەوە بێ، توانایی سەروەریی ئەو پارچە هەستیارەی سنووری بەدەستەوەیە، ئەوە سەرەداوێکی خوێنرێژییە دەیان ساڵەکە ئاشکرا دەکات. ئێستا ئەو بەشەی باسەکەمان ناتوانێ بێ سەرنجدانی جیددی بە وردەکارییە ژیئۆپۆلیتیکییەکان گەشە بکات. ئێمە ناوی دەنێین چیرۆکی دوو دالانان. یەکەم، دالانی زەنگەزوور، بە درێژایی سنووری ئێران-ئازەربایجان کە چیاکانی قەرەباغ بەسەریدا دەڕوانێ. ئەوسا دالانەکە بە باسکێکی خاکی ئەرمەنستاندا تێپەڕ دەبێ، بەو شێوەیە ئازەربایجان ڕاستەوخۆ بە تورکیە دەبەستێتەوە، پەیوەندییەکی پچڕاوی لەمێژینە کە ئەو دوو وڵاتە تورکە دەیانهەوێ بیگەڕێننەوە. ئێرانییەکان دژی ئەوەن، ئەرمەنییەکان دژایەتیی دەکەن و مۆسکۆ دژی بوو. ئەوە بۆچی هێندە گرینگە؟ وەڵام: چونکە "دالانی زەنگەزوور"

دوایین بەشی ڕێگایەکی گەلێک درێژتر بە ناوی "دالآنی نێوەڕاست"ـە کە دەتوانێ کۆمارە تورکەکانی ئاسیای ناوەندی لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە بە خاکی تورکیەوە ببەستێتەوە. ئێمە باسی ڕێگای ژێنەکیی خاکی و ڕێگای ئاسن و، چەند بۆڕیی سووتەمەنی دەکەین کە دەتوانێ جادەی ئاوریشمی کۆن بۆ بازرگانیی زیندوو بکاتەوە کە ڕووسیە دوو سەدە پێش ئێستا لە سەردەمی تێزارەکاندا بەستی.

ئەو وتارە قەت لە گوتنی ئەوە ماندوو نابێ، ئێستا کە شەڕی ئەفغانستان کۆتایی هاتووە، ئاسیای ناوەندی، بێجگە لە ئوکراین، شوێنی فرە ژیئۆستراتێژیکی داهاتوویە. ئێمە باسی کۆبوونەوەی بایدن لەگەڵ سەرکۆماری "ستانەکان" لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە مەکۆیەک بە ناوی C5+1 مان کرد. ئێمە باسی تورکمەنستان، ئوزبەکستان، قەزاقستان، قرقیزستان، تاجیکستان واتە C5 دەکەین. لە ئێستادا سەرجەم ئەو وڵاتانە، ڕووسیە، چین و ئێران دەورەیان داون و پێویستە بەناو ئەو وڵاتانەدا تێپەڕ بن تا دەستیان بە دنیا ڕابگات و بتوانن مادە خاوەکانیان کە ڕێژەیەکی گەلێک بەرچاو و ستراتێژیک زێڕ، نەوت و شتی ئەوتۆ دەگرێتەوە، بفرۆشن. بەڵام کاتێک لە ڕوانگەی جوغرافیاییەوە ئازەربایجان و تورکیەیان پێوە زیاد بکەی، ئەو ئابلۆقەیە کۆتایی پێ دێ. لێرەیە "دالآنی نێوەڕاست" دێتە نێو کایەوە، کە دەبێتە هۆی خۆبواردن لە زلهێزە ناوچەییەکان و لە ناوەندی ئاسیا تا دالآنی زەنگەزوور پێکەوە دەبەستێتەوە و شارێیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان وڵاتانی تورک (و سامانە سروشتییەکانیان) بەرەو دنیای دەرەوە دروست دەکات. ئەوە پێنج "ستانەکان" دەریای کاسپیەن، ئازەربایجان و ئەولاتر دەگرێتەوە. ئەرمەنییەکان تەنیا بەربەستی جوغرافیایین. یەکیەتیی سۆڤیەت بەو شێوەیە نەخشەی سنوورەکانی داڕشت، تا ژمارەیەکی زۆر وڵات دژی یەکتر بن و تەنیا بە ڕووسیەدا ڕێگایان هەبێ. کاتێک قەرەباغ چیدیکە هەڕەشەیەکی تاکتیکی نەمێنێ، شادەماری تورکی هەنگاوێک لە تەکمیلبوون نزیک دەبێتەوە.

بەڵام هەڵبەت بێجگە لە جیاکردنەوەی ڕێگایەکی بازرگانیی سەربەخۆ، ئەو لێکگرێدانە نوێیە دەبێتە هۆی بووژانەوەی "پان تورکیزمی" ناسنامەیی و کولتووری، هاوپشتییەکی لێک گرێدەر کە، سەدان ساڵ بە نوستوویی ماوەتەوە و دەبێتە گۆڕینی لێکدانەوەکانی دەسەڵات لە سەرانسەری ئاسیا. بێتوو بلۆکی تورک یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بن، هەڕەشەیەکی نوێ دەبێ بۆ سەر ئێران، ڕووسیە و چین، ئیدی باسی ئەرمەنستانیش ناکەین. لە چین، تورکە ئۆیغوورەکان هەست بە بوێریی دەکەن. لە ڕووسیە، ژمارەیەک ناوچەی تورک لە تاتارستان تا بوریاتیا ڕەنگبێ دەست بە جیا بوونەوە بکەن. لە پێش هەموویانەوە، ئێران لەبەر ئەو هۆیە کە دانیشتووانی پارێزگای ئازەربایجانی خۆی، بیانهەوێ لەگەڵ ئامۆزاکانیان لە باکوور یەک بگرنەوە، هەست بە هەڕەشە دەکات. لەبەر هاوپشتیی تورکی بوو کە سەرەڕای ڕەخنەی جیهانیی، ئەردۆغان لەو دواییانەدا

سەردانی باکوی کرد تا "سەرکەوتن" لە قەرەباغ بە سەرکۆماری ئازەربایجان، ئیلهام عەلییەڤ پیرۆزبایی بڵێ.

بۆ زۆرێک لە وڵاتانی خۆراوایی، بیرۆکەی "پان تورکیزم" ڕەنگبێ دوور یان خەیاڵی بێ، بەڵام بۆ وڵاتانی دەوروبەری ناوچە، بیرەوەرییەکی دووری باوباپیران لەو دیاردەیە ماوە، ترسێک لە هۆزە تاتار یان هونەکان یان هۆزە داگیرکارە سوارەکان لە ئاتیلا تا تەیموور؛ بۆیە چین شووره مەزنەکەی دروست کرد. بۆ وێنە ڕووسەکان بەشێکی زۆری شوناسی مێژوویی خۆیان لەسەر وەخۆ گرتن، دوورکردنەوە و ژێردەستەکردنی ئەو دیاردەیە و لەو ڕێگایەوە پاراستنی ئایینی کریستیان دروست کردووە. دەستەواژەی وەکوو، "دایکی پیرۆز، ڕووسیە" و تزارەکان وەک "نێردراوی خودا" لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە. بە هۆی ئەو پێ سپاردەییە، موسکۆ سەدان ساڵە ڕەوایی بە سەپاندنی هێژەمۆنی نەتەنیا بەسەر موسڵمانانەوە، بەڵکوو بەسەر سەرجەم حەشیمەتی کریستیانی ناوچەکانی دەوروبەر، لە ئەرمەنستان تا گورجستان و ئوکراین، بەخشیوە. ڕووسەکان لەوە تێناگەن، پاش ئەو هەموو پارێزگارییە، بۆچی دانیشتووان دەیانهەوێ لە کۆنترۆڵی ڕووسیە ڕزگاریان بێ. گەلۆ ئەوان لە سەدەی ١٨، ئوکراینییەکانیان لە تاتارەکانی کەریمە نەپاراست؟ تووڕەیی خۆڕسکی پوتین، کاتێک هەرکام لە وڵاتانی نزیکی ڕووسیە، چوون بەرەو خۆراوایان پێ باشترە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە تەنیا پوتین نییە، بەڵکو زۆرینەی حەشیمەتی ڕووسیە، کە بەرانبەر بە مێژووی پڕ لە کوشتوبڕی مۆسکۆ بە نێوی پاراستن کوێرن، دەگرێتەوە.

کە وابوو، لە کێشەی ئەو دواییانەی قەرەباغ، بۆچی پوتین ئەرمەنییەکانی لە بەرانبەر ئازەربایجان نەپاراست؟ بۆچی ئەو لایەنی ئازەربایجانی گرتووە؟ ئەوە لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزە. وەکوو عەمبەرین زەمان لە وتارەکەیدا باسی کردووە، سەرۆک کۆماری ئەرمەنستان، نیکۆل پاشینیان ئاکامی شۆڕشێکی ڕەنگینی خەڵکە، واتە خراپترین شێوەی هەڕەشە بۆ سەر پوتین، بە تایبەت ئەگەر لە نێوخۆی ڕووسیە ڕوو بدا. ئەو پێی باشترە مامەڵە لەگەڵ دیکتاتۆڕی وەکوو عەلییەڤ، ئەردۆغان و ئیڤانیشڤیلی لە گورجستان بکات. هەروەها لێکدانەوەی نەوتیش دەور دەگێڕێ. بە گوتەی عەمبەرین زەمان، ئازەربایجان بە فرشتنەوەی نەوتی ڕووسیە بە نێوی نەوتی باکو، یارمەتیی پوتین دەکات تا ئابلۆقەکان دەور لێداتەوە. بە تایبەت لە ڕێگای تورکیە، بە بۆڕیی باکو-تفلیس-جەیهاندا. لە کۆتاییدا، کرێملین لە سەر ئەو بڕوایەیە کە باشترین شێوازی کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی تورک، هاوکاریکردنی ڕێبەران و سیستەمەکانی پاش یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ئافراندی سامانی دوولایەنە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە. بە هەمان شێوە، لێکدانەوەی چین ئەوەیە کە دەتوانێ هەمان کار بە یارمەتیدان بە سەر گرتنی "داڵانی نێوەڕاست" لە ڕێگای "دەستپێشخەریی پشتێند و ڕێگا"ی بەیژینگە، ئەگەرچی ئابلۆقەی ڕووسیە - چین - ئێران بشکێنێ. وەکوو نەوتی ڕووسیە بە باکودا دەڕوا، کاڵای چینیش دەتوانێ بە ئاسیای ناوەندیدا بگاتە دنیا و کۆمارە تورکەکانیش لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بە بەیژینگ دەبەسترێنەوە.

کە وابوو، ئەوە لێکدانەوەی مۆسکۆ - بەیژینگە. بەڵام لێکدانەوەیەکی دژوارە، چونکە دەتوانێ ببێتە هۆی لەکیس‌چوونی خێرای کۆنترۆڵ. زۆربەی چاودێران دەڵێن ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەو زووانە پارێزەرە ڕووسییەکانی ئاشتی دەر دەکەن. وەکوو چۆن من زۆر جار باسم کردووە، وڵاتانی ئەندامی C5 لە ناوەندی ئاسیا وردە وردە دەبنە دێموکراتیک، ئابوورییەکانیان گەشە پێ دەدەن و بەئانقەست پەرە بە یەکگرتووییان دەدەن تا خۆ لە بەسترانەوە بە وڵاتانی خاوەن هێژمۆنیی ناوچەکە ببوێرن. ئەوە هۆی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرۆک کۆمار بایدنە. حەزی کۆمپانیا نەوتییە خۆراواییەکان بۆ بۆڕیی نەوتی جێگرەوە، بەو لێکدانەوەیە زیاد بکە و خێراییەکی بەرچاوت بۆ دەردەکەوێ.

**بەشێکی بەرچاو لە هیواکانی ئەوان لەسەر پەیوەندیی تورکیە – ئازەربایجان بە درێژایی سنووری ئێران و بەسەر خاکی ئەرمەنستاندا هەڵچنراوە. قەرەباغ بەربەستێک بوو، بەڵام چیدیکە بەربەستی داڵانی زەنگە زوور نییە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

# شەڕی حەماس و ئیسڕائیل

بەشی هەرە زۆری ٢٠٢٣، قەیرانێکی سیاسیی جەمسەرکار ئیسڕائیلی ئیفلیج کردووە و خودی شوناسی وڵاتی خستۆتە مەترسییەوە. پاشان، لە حەوتی ئۆکتۆبر، تەقریبەن ٥٠ ساڵ دوای ئەو هێرشەی شەڕی یوم کیپوری لێ کەوتەوە، حەماس هێرشێکی ڕووهەڵماڵاوانەی کردە سەر باشووری ئیسڕائیل. دەسەڵاتدارانی سیاسیی ئیسڕائیل، ڕێبەریی سەربازی و ئاژانسە هەواڵگرییەکان ئەوجارەش تووشی سورپرایز بوون. لێرە، تاقمێک پسپۆڕی ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک، هێرشەکەی سەر ئیسڕائیل و کاردانەوە نێونەتەوەییەکان بە سەرنجدان بە لێدوانی سەرۆکوەزیرانی ئیسڕائیل کە گوتی "شەڕێکی درێژمەودا و دژوار دێتە ئاراوە"، هەڵدەسەنگێنن.

## ئیسڕائیل تووشی سورپرایز بوو

### جان چیپمەن

سەرۆکوەزیران ناتانیاهو زۆربەی کاتی ئەوساڵی بۆ چاکسازییە جێگای مشتومڕەکەی دادوەری و پێڕاگەیشتن بە مۆرە توندڕەوەکانی هاوپەیمانییەکەی تەرخان کرد. بۆ گەلێک ئیسڕائیلی، سەرۆکوەزیران سروشتی دێموکراسی ئیسڕائیلی بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەسەڵاتی دادوەریی لە مەترسی هاویشتبوو. ئەو هەروەها بە پاشەکشەی بەرچاو بۆ ڕاستڕەوە ئایینییەکان ببووە هۆی نیگەرانیی زۆر کەس کە وڵات تووشی دیکتاتۆڕیی ئایینی بکات.

شین بێت، ئاژانسی هەواڵگریی ئیسڕائیل، ئاماژەی بە جەمسەربەندییەکەی دانیشتووانی ئیسڕائیل وەک سەرقاڵیی نێوخۆیی کردبوو. داوا نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی توندڕەوی جوولەکە زەرەری بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی هەبوو و، تووڕەیی زۆرینەی سێکولار لە زێدەمافییەکانی پێشکەشکراو بە کەمینەی پەرەئەستێنی جوولەکەی ئۆرتۆدۆکس، ڕیزپەڕبوونیان لە خزمەتی سەربازی و بەکردەوە لە کارکردن، یەکگرتوویی کۆمەڵگە، کە دەوڵەتی ئیسڕائیل هەمیشە پشتی پێ بەستووە، لە مەترسی هاویشتبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرانی سەربازیی نیگەران بوون کە ئەو ڕووداوانە ئامادەیی سەربازیی ئیسڕائیلیان لاواز کردووە. لە نێوان مانگەکانی مارس تا جولای، یەدەگی هێزی ئاسمانیی ئیسڕائیل خۆیان لە ڕاهێنانەکانیان بوارد، ڕاهێنەرانی

فرۆکەوانیی هێلیکۆپتەر نەچوونە سەر کارەکانیان و ئەندامانی یەدەگی هێزە تایبەتییەکان خۆیان بۆ خزمەتگوزاریی خۆبەخشانە ڕانەگەیاند. هەموو ئەوانە وەک نارەزایەتی لە ئاراستەی سیاسەتی وڵات بوو. زۆر کەس نیگەرانی کەمایەسیی ئامادەیی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، پەرەپێدانی تواناکانیان و لەوەش گرینگتر، 'تایبەتمەندیی چاوترسێنکەرانەیان' بوون.

هاوکات، سەرۆکوەزیران، بەرین کردنی ڕێککەوتنی ئیبراهیم بە شێوە و ئامرازی جیاوازی خستەسەرەوەی لیستەی ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوە. خەڵاتی کۆتایی، ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی دەستنیشان کرا. دامودەزگای ئاسایشی نەتەوەیی، لە نێویاندا ڕێبەریی موساد، بۆ گەیشتن بەو ئاکامە سەرقاڵ کرا، کە لە سێپتەمبەر ئەگەری سەرکەوتنی وەک ٪٥٠ مەزەندە دەکرا. تەوانجەکە لێرەدایە کە دەستنیشانکردنی 'لایەنی فەلەستینی' ڕێککەوتنە مەزنەکە لەگەڵ عەرەبستان، بەشێکی گرینگی خولیا مەزنەکە بۆ 'بەرفراوانکردنی ئاڵقەی ئاشتی' بوو. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئاسایی‌کردنەوە، ئەو بەشە پەراوێز دەخرێ.

بۆ ماوەی چەند مانگ، ئەو دوو ئالنگارییەی مامەڵەکردن لەگەڵ نارەزایەتیی سیاسی و ئایینی و هەوڵی هاوکات بۆ جێبەجێ‌کردنی ڕێککەوتنێکی بەرفراوان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی، دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەییان سەرقاڵ کرد.

ئێستا ئاشکرا نییە ئاخۆ نیشانەکانی هۆشداریی هێرشەکە نەبینران یان هۆشداریی درا بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی لێ نەکەوتەوە؟ ئەو پرسیارانە تەنیا لە لێکۆڵینەوەی پاش جەنگ لەسەر هەلومەرجی هەواڵگری دەتوانێ بەدروستی وڵامیان بدرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ ناتوانێ خۆ لەو دەرئەنجامە ببوێرێ کە چاوانێکی زۆر، کە خەریکی ڕوانینی نێوخۆ و دووردەست بوون، بەگوێرەی پێویست نەیانتوانی جەخت بکەنە سەر ئەو هێرشەی کرایە سەر سنووری باشوور.

## لایەنە فەلەستینییەکان

### لەیس ئەلجەلونی

هێرشی حەماس بۆتە هۆی یەکگرتوویی کاتی لە نێوان لایەنە فەلەستینییەکان، بە تایبەت لەگەڵ لایەنی ڕکابەر واتە

ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین لە کەناری ڕۆژاوا. کاردانەوەی سەرەتایی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین، ڕەواییدان بە هێرشەکان بوو و ئەوانی وەک 'بەرپەرچدانەوە'ی پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل دژی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و کریستیان لە ئورشەلیم' وەسف کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، وێدەچێ ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین نیگەرانی سەرکەوتنی سەربازیی سەرەتایی حەماس و هەڵکشانی خۆشەویستییەکەی لەنێو فەلەستینییان بێ. ڕاپرسییەک کە لە سێپتەمبەر بەڕێوە چوو نیشانی دا سەتا ٥٣ی فەلەستینییەکان پشتگیری لە بەرگریی چەکدارانە دژی ئیسرائیل دەکەن. ڕێبەریی بەڕێوەبەرایەتیی فەلەستین، مەحمود عەبباس، دەنگی نزمی هێنایەوە و لە ئەگەری هەڵبژاردنی سەرکۆماری، زۆربەی فەلەستینییەکانی کەناری ڕۆژاوا و غەززە گوتیان دەنگ بە ڕێبەری حەماس، ئیسماعیل هانیە، دەدەن. حەماس هەوڵ دەدا لە هێرشەکەی، کە نەبەزیی ئیسرائیلی تووشی ئالنگاری کردووە، بۆ نیشاندانی بەکەڵکبوونی بەرگریی سەربازیی لە بەراورد لەگەڵ شکستی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین بۆ پێشوەچوون بەرەو دەوڵەتێکی فەلەستینی لە ڕێگای وتووێژ، کەڵک وەرگرێ.
مەترسییەکی دیکە ئەوەیە ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین کۆنترۆڵی دۆخی ئەمنییەتی کەناری ڕۆژاوا لەکیس بدا. بەرپەرچدانەوەیەکی سەخت لەلایەن ئیسرائیل لە غەززە، دەتوانێ خەڵکی مەدەنی فەلەستینی لەوێ بورووژێنێ و تەنانەت ببێتە هۆی ڕاپەڕین. سەرکەوتنی سەربازیی حەماس هەروەها ڕەنگبێ ببێتە هۆی هاندانی میلیشیاکانی دیکەی فەلەستین لە کەناری ڕۆژاوا، لە نێویاندا ئارین ئەلئوسود، جیهادی ئیسلامی و تیپی جەنین تا هێرشی سەربازیی بکەنە سەر ئیسرائیل.

## ئاسایی کردنەوەی سعودی – ئیسرائیلی

### حەسەن ئەلحەسەن

شازادەی جێنشینی سعودی، محەممەد بین سەلمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ فاکس نیوز لە سێپتەمبەر لە لێدوانێکی خۆشبینانە لەمەڕ خێرایی وتووێژی ئاساییبوونەوەی سعودی-ئیسرائیلی گوتی: "ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نزیکتر دەبێتەوە". بەڵام دەستپێکی شەڕی ئیسرائیل-حەماس وێدەچێ ڕێککەوتنی سعودی - ئیسرائیلی لەسەر مێز نەهێشتبێ، لانیکەم لە ئێستادا. لە کاتێکدا کە عەرەبستانی سعودی داوای هێورکردنەوەی دۆخەکە دەکا، دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ دەنگی کووەیت، عوممان و قەتەر و تاوانەکە داوێتە ئەستۆی توندوتیژیی دەسەڵاتی داگیرکارانەی ئیسرائیل. سەرەڕای سوودە ستراتێژیکییەکەی عەرەبستان لە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، تێچووی نێوخۆیی و ناوچەیی هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان

لە کاتی قەیرانی هەنووکەییدا، گەلێک بەرچاو دەبێ.

بە پێچەوانەی هەڵوێستی عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئیسرائیل قووڵتر کردۆتەوە و دەڵێ "زەندەقی" لە بەئامانجگیرانی خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل چووە. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هەڵوێستێکی توندی دژی ئیخوان ئەلموسلمین و تاقمە لایەنگرەکانی وەک حەماس گرتووە کە پێی وایە هەڕەشە لە ئەمنییەتی دەکەن.

دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو وێدەچی نیگەرانی ئەوە بن کە قووڵتربوونەوەی قەیرانەکە ببێتە هۆی تەشەنەکردنی کێشەکە بۆ ناوچەی ئەوان. داگیرکردنی غەززە لە لایەن ئیسرائیل، دەتوانێ ببێتە هۆی تێوەگلانی حیزبوڵڵا کە ئەویش دەستێوەردانی ئەمریکای بەدواوە دەبێ. وەکوو تۆڵە، ئێران و تاقمە هاوپەیمانەکانی ڕەنگبێ بنکەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو بکەنە ئامانج، ئاستی شەڕەکە بگەیەننە شەڕێکی ناوچەیی.

سەرکەوتنی سەرەتایی چاوەڕواننەکراوی حەماس دژی هێزی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئیسرائیل، نیشانەی توانایی ئێران لە دەست وەشاندن بە هۆی هاوپەیمانە نادەوڵەتییەکانی لە ناوچەدا، لە ئاستێکی بەرزترە.

ئەگەر ئێران سوود لە سەرهەڵدانی شەڕێکی درێژخایەن و دژوار لە نێوان ئیسرائیل-حەماس وەرگرێ، دەوڵەتە ڕکابەرە عەرەبەکانی کەنداو لە درێژخایەندا ناچار دەبن بیر لەوە بکەنەوە چۆن تواناییەکانی ئێران لە کەڵکوەرگرتن لە بەکرێگیراوە چەکدارەکانی بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری ناوچەیی، سنووردار بکەن.

## ئاسەوارە ناوچەییەکان

### ئێمیل هۆکایەم

شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس کاردانەوەی ماڵوێرانکەری بۆ ناوچەکە دەبێ. ئەو گورزە مرۆیی، ئۆپەراسیۆنی وستراتێژیکەی حەماس لە ئیسرائیلی دا و تۆڵەی چاوەڕوانکراوی ئیسرائیل، ڕەنگبێ لە تیکهەڵچوونەکانی ١٩٨٢ بەولاوە کە بووە هۆی داگیرکردنی لوبنان لە لایەن ئیسرائیل، مەزنتر بێ.

قەیرانەکە دەتوانێ ببێتە هۆی لێکهەڵوەشانی پرۆسەی هێورکردنەوەی نێوان زلهێزانی ناوچە لەو ساڵانەی دواییدا و پێشتریدان بە هاوپەیوەندیی ئابووری و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری. ڕێککەوتنی ئیبراهیم، بەرهەمی بۆچوونێکی ئەوتۆ بوو و، وتووێژەکانی نێوان ئیسرائیل-عەرەبستانی سعودی ئاکامی ئەقڵانیی ئەو بۆچوونە بوو.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ ئێران تێکەڵی کێشەکە دەبێ و ئەگەر ئەو کارە بکات، ئاخۆ ئەوە بە ویستی خۆی دەبێ یان پەلکێش دەکرێ. هۆیەکی باش هەیە کە پێمان وابێ ئێران نایهەوێ ڕاستەوخۆ بەرەوڕووی ئیسرائیل بێتەوە و بەو جۆرە مانۆڕ بدا.

بەڵام پرسیاری پێکهاتەیی درێژخایەنتر هەن. سەرهەڵدانی حەماس وەک ڕێکخراوی سەرەکی و بێ ڕکابەری فەلەستینی کاریگەریی بەردەوامی دەبێ، وەکوو لە دۆخی حیزبوڵڵا لە ٢٠٠٦ بینرا. ئەو پێگە و دەستڕۆیشتوویی نوێی لەناو ڕێژەیەکی زۆر عەرەب وەدەست هێناوە. چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی حەماس لەو سامانە لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی زەبەلاحی سەربازیی ئیسرائیل لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیریی چەند دەوڵەت.

قاهیرە و ئەممان، کە سیاسەتیان کۆنترۆڵکردنی تاقمە ئیسلامییەکانی پشتیوانی سەپاندنی دەسەڵاتی فەلەستین بووە، لە ترس و دڵەڕاوکێ دان. بۆ میسر، داگیرکردنەوەی غەززە بە مانای کێشەیەکی چالاک لە سنوورەکەیەتی. ناسەقامگیری، توندئاژۆیی و دزەکردنی مرۆڤان لە شێوە دوورگەی سینا گیر و گرفتی سەرەکیی ئاسایشی نێوخۆیی دەیەی ڕابردوو دەتوانێ سەر هەڵداتەوە. شا عەبدوڵڵای ئوردون لە وتووێژێکدا گوتوویەتی "ئەمن پێتانم گوت". ئوردونییەکان لە جەختی بەردەوامی ڕۆژاوایی و دەوڵەتانی کەنداو لە سەر ئاساییکردنەوە لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر حیسابی سەقامگرییەکی بەردەوامی کەناری ڕۆژاوا و غەززە تووڕە بوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆرینەی دانیشتووانی ئوردن بە ڕەچەڵەک فەلەستینی یان پەنابەری فەلەستینین، شەڕێک لە دراوسێیەتیان دەتوانێ کۆمەڵگەی ئوردن ناسەقامگیر بکات. قاهیرە و ئەممان بەرژەوەندییان لە هاوکاریی یەکتر لە کاراکردنی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیان و دامودەزگا هەواڵگرییەکانیان دایە. بە پێچەوانە، قەیرانەکە تورکیە و قەتەری زەق کردۆتەوە. هەردوو وڵات پەیوەندی باشیان لەگەڵ حەماس هەیە، میواندارێی ڕێبەران و مێدیاکانیانن و پشتگیریی ئابوورییان دەکەن. ئەوان دەتوانن پێشنیاری نێوبژیوانیی بکەن، بەڵام مەترسیی ئاشکرابوونی بێکەڵکبوونیان هەیە. ئەوان بەوە تاوانبار دەکرێن کە بەنهێنی حەماس پەروەردە دەکەن. جێگای ئاماژەیە قەیرانەکە بۆتە هۆی پەراوێزخستنی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی. ئەوەی دواتر پێشەنگی ئاساییکردنەوەی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل بوو، بەڵام لە بیروڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەو وڵاتە

توانایییەکی زۆر کەمی بۆ هێورکردنەوەی سیاسەتی ئیسرائیل هەیە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شەڕێکی خوێناوی، عەرەبستانی سعودی نیگەرانی کاردانەوەی چاوبڕکێنەکەی لەگەڵ ئیسرائیلە. پساندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل وێناچی ڕوو بدا و هەردوو ڕیاز و ئەبوزەبی، حەماس وەک هەڕەشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی و ئەمنییەتی سەیر دەکەن.

## ئێران

### جان راین

ڕەنگبێ هەردوو -ئێران و حەماس- هیوادار بن ئەو شەڕە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشتیوانیی بەربەرین بۆ پرسی فەلەستین و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل. ئەگەرچی هێندێک خۆپیشاندانی جەماوەریی زۆرتر لە وڵاتانی خاوەن دەوڵەتی لاواز یان ئەو شوێنانەی نفوزی ئێران زۆرە ڕوویان داوە، بەڵام هێشتا بۆ کشانەوەی وڵاتانی ناوچە لە ئیسرائیل یان بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵی مەودایەکی زۆر ماوە. ڕەنگبێ زۆر هۆ بۆ ئەو کارە هەبن: ماندوویی، سەرلێشێواوی یان بێمتمانەیی بە پرسی ئیسلامی، کە حەماس بە هەمان ڕادە لە غەززە نوێنەرایەتیی دەکات؛ بێمەیلی یان مەترسییەک کە ئەو کارە بۆ دەسکەوتە ڕێژەییەکەی هێورکردنەوەی ئەو دواییانەی ناوچەیی هەبووە و، لە ڕوانگەی ڕێبەرانەوە خۆ لادان لە سیاسەتێک کە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی سەپاندبێتی. پووشوویەکە ڕەنگبێ هێندە ویشک نەبووبێ کە حەماس یان ئێران هیوایان بۆ دەخواست.

لە کاتێکدا کە ئێران و حیزبوڵڵا لەگەڵ حەماس "بەرەیەکی یەکگرتووی" خەیاڵییان پێکهێناوە، هێشتا نەیتوانیوە بیسەلمێنی لە تاقمەکانی دیکەی دوژمنی ئیسرائیل لە ڕابردوودا، کاریگەرتر و یەکگرتووترە. هەردوو ئێران و حیزبوڵڵا بە ئاشکراترین شێوە چەپڵەیان بۆ حەماس لێداوە، بەڵام ئاخۆ ئەوان ئامادەن سامانەکان و داهاتوویان بە شەڕ لە پەنا حەماس بخەنە مەترسییەوە، هێشتا ماویەتی ئەوە بسەلمێنن. تاران و حیزبوڵڵا لەو ساڵانەی دواییدا وریا بوون خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و پڕ تێچوو لە ترسی ئاسەوارەکانی بۆ سەر پێگەی نێوخۆییان ببوێرن. ئیسرائیل توانایی خۆی لە ڕێگای بەئامانجگرتنی تواناییەکانی ئێران لە دەرەوەی ناوچە و هەروەها بە ئۆپەراسیۆنی هەنگێو لە نێوخۆی ئێراندا پشتڕاست کردۆتەوە. بڕیارێکی دژوار بۆ ئێران و هەروەها حیزبوڵڵا ئەوە دەبێ کە ئاخۆ چۆن وەڵامی داواکارییەکانی حەماسێکی گەمارۆدرا و بچووک بۆوە بە هۆی هەنگاوی سەربازیی ئیسرائیل، بۆ دەستێوەردانی سەربازیی بدەنەوە. بێتوو ئەوان بڕیاری یارمەتیدان بدەن، دەبنە داگیرسێنەری شەڕێک لەگەڵ ئیسرائیل. بێتوو خۆ لەو کارە ببوێرن، مەترسیی



سەرچاوە Serchawe

بنکۆڵکرانی متمانە بە "بەرەی یەکگرتوو" دروست دەبێ. هەموو پشتیوانییەک بێجگە لە یارمەتیی ڕاستەخۆ لە شەڕدا، ڕەنگبێ بژاردەی دڵخوازیان بێ.

## لوبنان و حیزبوڵڵا

### ریم مومتاز و ئێمیل هۆکایەم

لەو کاتیەوە هەواڵی هێرشی حەماس بڵاو بۆوە، ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە ئاخۆ تاقمی میلیشیایی لوبنانی، حیزبوڵڵا، بەرەیەکی دیکە لە باکووری ئیسرائیل دەکاتەوە؟

هەردوو تاقمەکە پێشینەیەکی کۆنی پەیوەندیی دوو لایەنەیان هەیە و میلیشیاکانی حەماس لە لوبنان خاوەن بنکەن. حیزبوڵڵا زۆرتر پەیوەندیی لەگەڵ ئێران هەیە بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا، حەماس بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران، پشتی بە ئەو تاقمە لوبنانییە بەستووە. هەرسێک لایەن بەردەوام گوتوویانە یەکێک لە ئامانجە هاوبەشەکەیان "بەرەیەکی یەکگرتوو" دژی ئیسرائیلە و بەگوێرەی زانیارییەکان ئەوان لە بەیروت ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان هەیە. لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، ڕێبەرانی حیزبوڵڵا و حەماس (و هەروەها جیهادی ئیسلامی) بەئاشکرا دیداریان هەبووە و ویستی خۆیان بۆ هاوئاهەنگیی زۆرتر ڕاگەیاندووە. ئاخۆ فەرماندەی سوپای قودس لەو کۆبوونەوانەدا ئامادە بووە ناڕوونە، بەڵام ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی سوپای قودس، بەردەوام سەردانی بەیروتی کردووە.

تا ئێستا، حیزبوڵڵا ڕایگەیاندووە کە بەبەردەوامی لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس لە پەیوەندیدا بووە تا کاردانەوەکانیان هاوئاهەنگ بکەن، بەڵام خۆی لە هاوپشتییەکی تەواو بواردووە. ڕۆژی یەک شەممە، ئەو گرووپە پێکدادانێکی سنووورداری بە ئالۆوێری ئاگری خومپارە لە مەزراکانی شەبعا هەبووە. ناوچەی ژێر هێرش لە ڕۆژی دووشەممە بەربڵاوتر بۆوە بەڵام سەرەڕای ئیددیعای حیزبوڵڵا کە چەکدارانی بە تۆپبارانی ئیسرائیل کوژراون، کێشەکە لەژێر کۆنترۆڵدا مایەوە. ڕەنگبێ شەرکەرە فەلەستینییەکان بە پشتگیریی حیزبوڵڵا بە شێوەیەک کە بتوانی حاشای لێ بکات، ئۆپەراسیۆن بۆ ئەو دیوی سنوور بەڕێوە بەرن. گرینگ ئەوەیە کە حیزبوڵڵا دەتوانێ بە ناچالاک بوون یارمەتی حەماس بدا، چونکە دەبێتە هۆی بەسترانەوەی هێزێکی بەرچاوی ئیسرائیلی و تواناییەکانی بە مەبەستی پارێزگاریی لە سنووری باکوور چەقبەستوو بمێننەوە.

گەلۆ ئیسرائیل بڕیار دەدا بە تەواوی دەستێوەردان بکات بە فاکتەری ئاشکرا و نەزانراوەوە گرێ دراوە، لە ناویاندا ئاستی تۆڵە ئەستێنیی ئیسرائیل لە حەماس و ئاخۆ ئیسرائیل دەتوانێ بە شێوەیەکی بەربڵاو و تاهەتایی ڕێبەریی حەماس لەنێو بەرێ. دۆخی نالەباری ئابووری لە لوبنان کاریگەریی لەسەر پێگەی جەماوەریی حیزبوڵڵا و کەسایەتییەکانی هاوتەریبی ئەو هەبووە. لایەنی بڕیاردەر ئێرانە، کە حیزبوڵڵای وەک ئامرازی یەکلاکەرەوە بۆ سزادان و چاوترسێن کردن حاملاندووە و زۆر زیرەکانە کەڵکی لێ وەردەگرێ.

## یەکیەتی ئورووپا

### ریم مومتاز

کاردانەوەی یەکیەتیی ئورووپا زۆرتر سیمبۆلیک بووە، لەگەڵ دەربڕینی نیگەرانیی نیوەچڵ بۆ شارۆمەندانی ئورووپایی لە ئیسرائیل و ئارامیی جەماوەریی لەو وڵاتانەی ئورووپا کە خاوەن ڕێژەیەکی زۆر کۆچبەرن.

ڕێبەرانی فەڕانسە و لەهستان هێرشەکەی حەماس دژی ئیسرائیلیان ئیدانە کردووە و پشتیوانیی خۆیان بۆ ئیسرائیل دەربڕیوە. ئەوان هەروەها لە ڕووداوە بەرچاوەکاندا هاوپشتیی خۆیان بەئاشکرا بۆ ئیسرائیل دەربڕیوە. بەڵام، یەکیەتیی ئورووپا ستراتێژییەکی یەکگرتووی بۆ کێشەی ئیسرائیل - فەلەستین نەبووە و، دەوڵەتانی ئەندام ناکۆکییەکی قووڵیان لەسەر کێشەکە هەیە. لە ٨ی ئۆکتۆبر، وەزیری گەشەکردنی ئاڵمان ڕایگەیاند کە بەرلین پێداچوونەوە بە یارمەتییە داراییەکانی بە فەلەستین دەکات. ڕۆژی دواتر، کۆمیسیۆنەری مەجارستانیی یەکیەتی ئورووپا بۆ سیاسەتی دراوسێیان، ئۆلیڤەر ڤارهەلی، یەکلایەنە، بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام، ڕایگەیاند کە بروکسەل بودجەی سەرجەم بەرنامەکانی گەشەپێدان دەبڕێ. دوای ناڕەزایەتی فەرمی لەلایەن وەزیرانی وڵاتانی وەک ئیرلەند، لوکزەمبورگ و ئیسپانیا، و هەروەها پارلەمانی ئورووپا، لە لێدوانێکی کورتی کۆمیسیۆنی ئورووپادا، ئەو بڕیارە هەڵوەشێنرایەوە. سەرکۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕانسە دیپلۆماسیی تەلەفۆنیی خۆیان تا ئێستا ئاشکرا کردووە و لەواندا لەگەڵ لایەنە بەرانبەرەکانیان لە ئیسرائیل، بەڕێوەبەرایەتیی فەلەستین، ئوردن، لوبنان، میسر، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، عەرەبستانی سعودی و قەتەر باسی دۆخەکەیان کردووە. بەڵام چاوەڕوانییەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی کۆنکرێت کەمن. لەو ساڵانەی دواییدا، لە کاتی سەرهەڵدانەوەی کێشەی ئیسرائیلی-فەلەستینی دیپلۆماسیی یەکیەتیی ئورووپا لە هی ئەمریکا، میسر، قەتەر و تورکیە کەم دەسکەوتتر بووە .

بێجگە لە تێبینییە ژیئۆپۆلیتیکی و دیپلۆماتیکەکان، وڵاتانی ئورووپایی دەیانهەوێ پێش بەوە بگرن کە گرژییەکان ببنە هۆی قەیرانی پەنابەران کە داوێنی سنوورەکانی یەکیەتی ئورووپا بگرێتەوە. بەشێک لە ئەندامانی زۆرینەی کۆچبەری مسوڵمان لەو وڵاتانە بەئاشکرا ئەو هێرشەیان جەژن گرتووە. وڵاتانی وەک فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا لە کۆتایی حەوتوودا حوزووری پۆلیسیان لە نزیک بنکەکانی کۆمەڵگەی جوولەکە، قوتابخانە و کەنیسەکانیان زیاتر کرد.

## ڕووسیە

### نایجڵ گۆڵد – دەیڤیس

قەیرانی ئەو دواییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاردانەوەی لەسەر دیپلۆماسیی جەنگی ڕووسیە - ئوکراین دەبێ. تا ئێستا، سەرەڕای داگیرکاریی ڕووسیە بۆ "سڕینەوەی نازییەکان" و لابردنی سەرکۆماری جوولەکەی ئوکراین، ئیسرائیل پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ڕووسیە پاراستووە. ئیسرائیل سەرەڕای داوای هاوبەشەکانی، تەنیا یارمەتییەکی کەمی ناکوشندەی پێشکەشی ئوکراین کردووە. هۆی سەرەکی بۆ ئەو خۆپارێزییە، نیگەرانیی ئەمنییەتی ناوچەیی ئیسرائیل بووە: ئەو لە سووریە پشت بە پشتیوانیی ڕووسیە دەبەستێ تا هێزەکانی سەر بە ئێران سنووردار بکات.

لە هەمان کاتدا، جەنگی ڕووسیە لە ئوکراین بۆتە هۆی پەیوەندیی نزیکتری سەربازیی لەگەڵ ئێران. لە دوای داگیرکردنی ئوکراین لەلایەن ڕووسیەوە، کاربەدەستانی حەماس لانیکەم سێ جار سەردانی مۆسکۆیان کردووە. پرسیارەکە هەمیشە ئەوە بووە ئاخۆ ئەو پەیوەندییانە چەندە چڕ ببنەوە بێ ئەوەی ببێتە هۆی پێداچوونەی ئیسرائیل بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ مۆسکۆ.

هێرشی حەماس، کە بە گوێرەی ڕاپۆرت بە پلانی ئێران بووە، ئاشکرای دەکات کە ئیسرائیل، سەرەڕای دان بەخۆدا گرتندا، بەرەوڕووی هەڕەشەیەکی کوشندە لەلایەن هاوپەیمانانی ڕووسیە بۆتەوە. ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیاری نوێ لەبارەی سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە ڕووسیە، کە هێرشەکەی ئیدانە نەکردووە و سنووردانانەکانی خۆی بۆ پشتگیریی لە ئوکراین، کە لەبەر چاوی گرتووە. مۆسکۆ هەروەها دەبێ لەوە بترسێ کە سەختگیریی لەگەڵ ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی یەکێک لە هاوپەیمانە نزیکەکانی.

## وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**دانا ه. ئالین**

نیو سەدە مەودا لە نێوان هێرشی پەشۆکێنەری کۆتایی حەوتوو لەلایەن شەڕکەرانی حەماس دژی ئیسرائیل و هێرشە لەناکاوەکەی هێزەکانی میسر و سووریە لە یۆم کیپور لە ١٩٧٣ هەیە. ئەوە دەتوانێ بەهەڵکەوت بێ، بەڵام زۆرتر وێدەچێ حەماس بە هیوای دەنگدانەوە مێژوویەکە بووبێ.

پەیوەندییە چارەنووسسازەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاش ئەوکاتی و ئێستا ئەگەر هەڵخەڵەتێنەریش بن، چەواشەکارانەن. لە ١٩٧٣، هێزە سەربازییەکانی عەرەبان هەڕەشەی مان و نەمانیان لە ئیسرائیل دەکرد و پشتگیریی بەربڵاوی سەربازیی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا یارمەتیدەری تێکشکاندنی شەپۆلەکە بوو. هەروەها جەنگی خوێناوی ١٩٧٣، پێشەکیی دەسکەوتی بەرچاوی سیاسیش بوو. لە مانگەکانی دواتردا، هێنری کیسینجەر دەستی بە هاتووچۆی دیپلۆماتیک کرد کە بووە هۆی ئاگربڕی هێزە سەربازییەکانی هەردوو لا؛ لە ١٩٧٧، سەرکۆماری میسر ئەنوەر سادات سەفەری بۆ ئورشەلیم کرد تا لە کنێسێت (پارلەمانی ئیسرائیل) وتار پێشکەش بکات؛ لە ١٩٧٨، سەرکۆمار جیمی کارتەر میوانداری سادات و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل مەناخیم بگین بۆ دانوستانی مێژوویی لە کەمپ دەیڤید بوو؛ ساڵی دواتر، ئیسرائیل و میسر ڕێککەوتننامەی ئاشتییان واژۆ کرد. لە هەمان کاتدا، میسر بەئاشکرا لە سۆڤیەت دوور کەوتەوە و هاتە ناو خولگەی ستراتیژیکی ئەمریکا.

ئەو مێژوویە ئێستا ڕوونکەرەوەی سروشتی تاریکی سنووردارییی بژاردەکانی ئەمریکان. پاش دیمەنە ترسێنەرەکانی قەڵاچۆکردنی خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل لە لایەن چەکدارانی حەماس، لێدوانەکانی ئەمریکا و پشتیوانیی ئەمریکا، مەرجێکی زۆر کەمی، بۆ ئیسرائیل دەبێ. واشینگتۆن پشتیوانیی شەڕێک دژی حەماس دەکات کە وێدەچێ ئەوی بۆ هەمیشە لەنێو بەرێ. چەند فاکتەر ناڕوونن: ئاخۆ ئەوە بە تێچوویەکی قابیلی قبووڵ جێبەجێ دەکرێ، ئاسەوارەکانی شەڕێکی خاکیی و داگیر کردنەوەی دووبارەی غەززە لە لایەن هێزەکانی ئیسرائیلی و ئەگەری کاردانەوەکانی دیمەنە ترسێنەرەکانی ئازار و کوژراوانی فەلەستینی. هەموو ئەوانە، لە شوێنێک دەتوانن زەخت بخەنە سەر پەیوەندیی سیاسی ئەمریکا - ئیسرائیل، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر هاوکارییە ئەمنییەتییەکەیان هەبێ.

پەرتەوازیی تاڵی سیاسیی لە ئیسرائیل بۆ ماوەیەک نامێنێ؛ دەوڵەتێکی یەکیەتی - نەتەوەیی لە ئورشەلیم بۆ بەڕێوەبەرایەتی بایدنیش دڵخوازترە. هیچ ساداتێک لە گۆڕەپانەکەدا بوونی نییە، بەڵام بە هەموو خۆشبینییەکەوە، بیر کردنەوە لە ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ قەیرانەکە مومکین نییە. بیرۆکەی مامەڵەیەکی مەزنی ئەمریکا-ئیسرائیل-عەرەبستانی سعودی دەبێ بۆ داهاتوویەکی دیاریکراو وەدوا خرێ. لە سێناریۆیەکی کەمتر خراپدا، دیپلۆماسی دەبێتە هۆی چاوترسێن کردن.

بە نیگای شڵەژاوی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ئیسرائیل بەرەو هاژەکەکانی حیزبوڵڵا و مەترسی کرانەوەی بەرەیەکی دیکە لە باکوور، وڵاتە یەکگرتووەکانی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری ناردوونە خۆرهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە. ئەوە ئیسرائیلی پەشۆکاو دڵنیا دەکات و سیگناڵێکیش بۆ ئێران دەنێرێ کە بێتوو هێرشێکی تەواو لە خۆرهەڵاتەوە بکرێ، واشینگتۆن لە دوورەوە سەیرکەر نابێ.

**سەرچاوە:**

---

https://www.iiss.org/online-analysis/online-analysis/2023/10/iiss-experts-assess-the-hamas-israel-war-and-its-international-implications/

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---

# کاتی هاتووە بایدن ستراتیژییە لاوازەکەی بەرانبەر بە ئێران بە باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بگۆڕێتەوە

## فێدرالیست – چاک دەڤۆر

ڕووداوەکانی ئەو دواییانە پێویستیی خێرای پێداچوونەوە بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان بەرانبەر بە ئێران پشتڕاست دەکەنەوە. لە وەڵامی هێرشی بەردەوامی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکایی، کە بووە هۆی بریندار بوونی دەیان کەس و کوژرانی کەسێک لە هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەمریکا فڕۆکەی شەڕکەری ئێف - ١٦ و ئێف - ١٥ی ناردن تا جبەخانەی چەکوچۆڵی پەیوەندیدار بە باسکی سەرەکیی تیرۆری ئێران، واتە سوپای پاسداران بوردومان بکەن.

بەڵام ئەو وەڵامە خەواڵوویانەیە پێش بە شەڕانشۆیی ئێرانییەکان لە لایەن هێزە بەکرێگیراوەکانی ناگرێ و، وێدەچی ببێتە هۆی قووڵتر کردنەوەی کێشەکە لەگەڵ ئێران، ئەویش لە کات و شوێنی دەستنیشانکراو لەلایەن ئێرانەوە. وڵاتە یەگرتووەکان مێژوویەکی دوورودرێژی لە وەڵامدانەوە بەو جۆرە ورووژاندنانە بەگوێرەی ستراتیژیی ڕێژەیی هەیە کە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ترسی وەزارەتی دەرەوە لە تەشەنەکردنی کێشەکە. بەڵام تەنیا لەبەرچاوگرتنی ستراتیژیی ڕێژەیی بەس نییە. چەمکی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە دەبێتە هۆی وەرسووڕانێک لە شێوەی هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرتووکان لەهەمبەر ئێراندا.
کاتێک سیاسەتی دەرەوەی سەرۆککۆمار جۆ بایدن، لە خەوە بەئانقەستەکەی هەستێ، یان دەکەوێتەوە سەر ڕێچکە هەڵەکەی پێشوو یان جێبەجێکردنی تیۆرییەکی ماڵوێرانکەری کەتوارگەرایانە کە دەبوو لە هۆڵەکانی فێریکاریدا بمێنێتەوە.

## تێگەیشتن لە باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە

باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە لەو بیرۆکەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەوڵەتێک دەبێ هەم توانایی و هەم ویستی کۆنترۆڵکردنی قووڵبوونەوەی دوژمنایەتیی بەدەستەوە بێ. بە کۆنترۆڵکردنی خێرایی و پانتایی قووڵبوونەوەی گرژییەکە، دەوڵەتێک

دەتوانێ بە شێوەی کاریگەر پێش بە دەستدرێژیی بگرێ و بەرانبەر بە ئاسەوارەکانی دەستدرێژیی کاردانەوەی هەبێ و هەڕەشەکان پووچەڵ بکاتەوە. مرۆڤ ناتوانێ تەنیا بە وەڵامدانەوەی ئاسەوارەکانی دەستدرێژیی یان کایەی تۆڵە بە تۆڵە لەگەڵ دوژمنەکانی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە بسەپێنێ. دەسەڵاتداریی ڕاستەقینە دەخوازێ ماکەی کێشەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بکەیە ئامانج.

بڕوانە ئەو ستراتیژییەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە بەکرێگیراوانی ئێران وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان و میلیشیای جۆراجۆر لە سووریە، ڕەچاوی کردوە. ئەو ستراتیژییە دەبێتە هۆی دەوری بێکۆتایی توندوتیژیی، بەبێ چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەکە: واتە خودی ئێران. لە کاتێکدا کە هێرشی سنووردار دژی بەکرێگیراوانی ئێران ڕەنگبێ ببێتە هۆی دەستکەوتی تاکتیکیی کورتخایەن، ئەوە کاریگەریی لە سەر لێکدانەوەی ستراتیژیکی ئێران نابێ، هەرچۆنێک بێ، مەلاکانی ئێران زۆر حەز دەکەن تا دوایین ئەندامی میلیشیای حەماس و حیزبوڵڵا شەڕ بکەن.

لە هێندێک دۆخدا، ئەو کردەوانە تەنانەت بە قازانجی ئێران تەواو دەبن، چونکە ڕێگای پێ دەدەن درێژە بە چیرۆکی قوربانیبوون بدات و خەڵک لە دەوری حەزی ناسیۆنالیستی کۆ بکاتەوە.

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕاستی دەیهەوێ ئێران چاوترسێن بکات، دەبێ لەجیات جەختکردن لەسەر لێدانی بەکرێگیراوانی ئێران، کە تەنیا ئاسەواری ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی ئێرانن، خودی نەخۆشییەکە بکاتە ئامانج. ئۆپەراسیۆنی کوڵەی سەوز لە ١٩٨٨ نموونەیەکی باشە. ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکە، ساڵێ پێشووتر دەستی پێ کردبوو و چاوەڕوانی بەرپەرچدانەوەیەکی سەربازیی ئێران بەرانبەر بە هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە دەستی بە ئیسکۆرتی پاپۆڕە نەوتهەڵگەرەکانی خاوەن ئاڵای ئەمریکایی لە کەنداوی فارس کردبوو.

لە کاتێکدا کە ئێران درێژەی بە دانانی مینی دەریایی لە ئاوی نێونەتەوەییدا دەدا و هێرشی دەکردە سەر کەشتیوانیی بێلایەن، پاپۆڕی جەنگیی یو ئێس ئێس ساموێل ب. ڕابێرت بە هۆی تەقینەوەی مینێک تووشی زیانی بەرچاو بوو و برینداربوونی ١٠ دەریاوانی لێ کەوتەوە. تەنیا چوار ڕۆژ دواتر، لە ئۆپەراسیۆنی کوڵەی سەوزدا هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان هێرشی کردە سەر ٩ بەلەمی ئێرانی و پێگەی سەربازیی پلاتفۆرمی نەوتیی لە دەریادا کە بووە هۆی نقومکردنی پێنج بەلەم و ٥٦ کەس لە ئێرانییەکان کوژران و دوو سەرنشینی هێلی کۆپتەری ئەمریکاییش گیانیان بەخت کرد. ئەوە بووە هۆی ئاڵوگۆڕێکی خێرا بەرەو ڕەفتاری باشتری ئێرانییەکان.

بە ئیفلیج کردنی هێزی دەریایی ئێران، وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو کردەوە ڕاستەوخۆیەی، بەگوێرەی مەرجەکانی خۆی، جێبەجێ کرد و دەسەڵاتی ئەمریکای لە دەریادا نیشان دا کە دەستکەوتێکی بەرچاوی هەبوو.

## شەڕی ئابووری وەک تەواوکەرێک

وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها دەبێ هەنگاوی ڕاستەوخۆی ئابووری دژی سامانە ژێنەکییەکانی ئێران بگرێتە بەر. ئەوە بەو مانایەیە کە تەنیا ئەو ئابلۆقانە نەسەپێنێ کە زەرەریان بۆ ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی هەیە، بەڵکوو لە جیاتان جەخت بکاتە سەر هەناردە کردنی نەوتەکەی، کە دەماری ژیانی ئابوورییەکەیەتی. دروستکردنی زەختی ئابووری نێوخۆیی دەتوانێ وەک هاندەری ناڕەزایەتیی نێوخۆیی بێ کە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی سنووردارکردنی خولیا ناوچەییەکانی ئێران . بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەو سیاسەتەی جێبەجێ دەکرد بەڵام بایدن هەڵیوەشاندەوە. یەکێک لە لایەنە وەرەزکارەکانی بوخچەی گیروگرفتی ئێران، بەرنامە ناوکییەکەیەتی. لێرەش، ستراتێژیی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە دەبێ جێبەجێ بکرێ. لەجیاتی وەدوای وتووێژی دیاریکراو بۆ ڕێگەپێدانی ئێران بۆ کڕینەوەی کات بکەوێ، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ کاردانەوەی ڕوون و ئاشکرای بۆ هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی ئاراستەی ئێران بکات کە تا بەستنی ڕێگای هەناردە کردنی نەوت بە تەواوی، بچێتە پێش.

## گۆڕینی دینامیزمی ناوخۆیی

لە کۆتاییدا، ستراتێژییەکی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ ڕیشەکێشکردنی نفوزی ئێران لە بازنەکانی دیاریکردنی سیاسەتی ئەمریکاش بگرێتەوە. بڕیاری دەستنیشانکردنی کەسەکان دەتوانێ بۆ دیاریکردنی ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە ئێران یەکلاکەرەوە بێ. وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە بڕیاردەرانێکە کە لە گرینگیی باڵادەستیی دەسەڵاتدارانە تێبگەن، نەوکوو کەسانێک کە لایەنگری نەرمی نواندن یان وڵامدانەوەی ڕێژەیین، یان وەکوو ئاشکرا بووە تەنانەت ڕێگا بەو کەسانە بدرێ کە تا ڕادەیەک بە مەلاکانی تاران وەفادارن.

ستراتێژیی وەڵامدانەوەی ڕێژەیی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەرانبەر بە ئێران دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەرکداریی ئایدیۆلۆژیکی بەرانبەر بە چارەسەرکردنی سیاسی و فرەلایەنی. ئەوەی دواتر ڕیشەی لە ڕەتکردنەوەی ڕیزپەڕیی ئەمریکادایە، بەو مانایە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایی لە بەرژەوەندیی نەتەوە یان تاقمی دیکە گرینگتر نین و ڕەنگبێ بە لەبەرچاو گرتنی

تـاوانە خۆرسکەکانی ئەمریکـا وەکـوو کـۆیلەتیی ڕەگەزپەرستی، سـەرمایەداری و تـاد کەم بـایەختریش بـن. ئەو هەڵوێسـتە لەگەڵ چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی دیموکراتەکان یەک دەگرێتەوە، کە لایەنگری وتـووێژ و دروسـتکردنی هـاوڕایی لەجیـات کردەوەی سەربـازیی یەکلایەنەیە.

وێدەچی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن وڵامدانەوەی ڕێژەیی وەک ستراتیژییەکی مامناوەنـدیی ڕەچـاو بکـات کە ڕێگـا بە نیشـاندانی هێز تا ڕادەیەک دەدا کە دەرگای دیپلۆماسیی دانەخات. مرۆڤ هیواداره بە وڵامدانەوە، نەوکوو وڵامدانەوەی لە ڕادەبەدەر بە شەڕانشۆیی ئێران، بتوانن بالادەستیی ئەخلاقی بپارێزن و ئەگەری گێڕانەوەی ئێران بۆ سەر مێزی وتووێژ زیندوو ڕاگرن، بە تایبەتی لە ڕوانگەی بەرنامە ناوکییەکەیەوە، ئەگەرچی مێژوو لە ١٩٧٩ بەولاوە بـێ ئـاکامیی ئەو هیـوایەی ئاشکرا کردوە. بەڵام ئەو ستراتیژییە لە ڕوانگەی تارانەوە نیشانەی لاوازییە. هەڵوێستی ڕێژەیی لە وەسـتاندنی لێکدانەوە ستراتیژیکییە درێژخایەنەکانی ئێران ناسەرکەوتوویە و ڕێگـای پـێ دەدا درێژە بە چـالاکییە شەڕانشـۆیانەکەی لە نـاوچەدا، بە لانیکەمی ڕیسک بـدا. بە پـێچەوانە، سـتراتیژییەکی پتەوتـر کە ڕاسـتەوخۆ کەڵـک لە هێـزی دەریـایی دژی سـامانە ناسکەکانی ئێـران وەرگیرێت دەرخەری ویستی دروستکردنی ئالنگاری بۆ کردارە وروژێنەرەکانی ئێرانە. ئەو هەڵوێسـتە زۆرتـر لەگەڵ دۆکترینـی کەتوارگەرایانەی نەریتیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان یەک دەگرێتەوە، کە پێشـتربیەتی بە کەڵـکوەرگرتن لە توانایی سەربازیی بۆ بەرگریی کردن لە بەرژەوندییە نەتەوەییەکان دەدا.

لە گەمەی ئاڵۆزی شەترەنجی ژیۆپۆلیتیکیدا، تەنیا ڕەچاوکردنی سیاسەتی ڕێژەیی لە بەرانبەر بەرهەڵستکارێکی وەک ئێـران کەمـی دێنـێ. پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی بالادەسـتیی دەسـەڵاتدارانە ڕێگـا بە وڵاتە یەکگرتووەکـان دەدا جڵەوی ڕووداوەکـانی بەدەستەوە بـێ، ستراتیژیی سـەرەکیی ئێـران ناسـەقامگیر بکـات و ئەگەری گێـڕانەوەی تـاران بـۆ سـەر مێـزی دانوسـتان بەو مەرجانەی بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بێ، زیـاتر دەکـات. سـتراتیژییەکی ئەوتـۆ، لەگەڵ شـەڕی ئابووری و وریایی لە دەستنیشان کردنی سیاسەتی نـاوخۆ دەتـوانێ ڕێگـای نـوێ بەرەو سەقـامگیریی لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت بکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

## ژەنراڵ جۆزەف ڤۆتەڵ: کێشەی غەززە ڕەنگبێ تەشەنە بکات، چونکە ئێران کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر میلیشیا بەکرێگیراوەکانیەوە نییە

**پادکەستی ئەلمانیتۆر – عەمبرین زەمان و جارێد زووبا**

**عەمبەرین**: لەگەڵ درێژەکێشانی ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و حەماس نیگەرانییەکان لەمەر ئەگەری تەشەنەکردنەکەی لە ئارادایە کە ڕەنگبێ ببێتە هۆی دەستێوەردانی پتری لایەنە ناوچەییەکان، بە تایبەتی لەلایەن حیزبوڵڵا و ئێرانەوە. ڕێژەیەکی بەرچاو قوربانیی مەدەنی لەنێو فەلەستینییەکانی غەززە -لە نێویاندا زیاتر لە ٤٦٠٠ منداڵ، بەگوێرەی وەزارەتی تەندروستیی غەززە- بۆتە هۆی مەحکوومکردنی نێونەتەوەیی و کاڵتربوونەی هێرشە مرۆڤکوژییەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٢٠٠ ئیسرائیلی و هۆی شەڕی ئەو جارە.

بۆ باس لەسەر ئەو کێشەیە و کاریگەرییە بەربلاوترەکانی، فەرماندەی پێشووی ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل، کە سەرپەرشتی شەڕ دژی داعش بوو و زانیاریی قووڵی لەسەر ناوچەکە هەیە، لەگەڵمانە. هەواڵنێری پێنتاگۆنمان، جارێد زووبا، کە ڕاپۆرتی شەڕی داعشی دەناردن، ئەویش هاوبەشی گفتگۆکانی ئەمڕۆمانە.

**عەمبەرین**: گەلێک سوپاس ژەنراڵ ڤۆتەل کە ئەمڕۆ لەگەڵمانی.

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: گەلێک سوپاس عەمبەرین، خۆشحاڵم کە لەگەڵتانم و سوپاس بۆ بانگهێشت کردنەکەتان.

**عەمبەرین**: ئێستا دەورانێکی سەرشێتانەیە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و کاتێکی جێگای نیگەرانییە. نێردەی پێنتاگۆنی ئێمە، جارێد زووبا لەگەڵمانە ئەمڕۆ و ئەو یەکەم پرسیار ئاراستە دەکات.

**جارێد**: دیسان سوپاس ژەنراڵ بۆ بەشداریتان. دەمهەوێ لە بارەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس پرسیار بکەم. لە ڕوانگەی مەیدانییەوە لە کام بڕگەی شەڕداین؟ بە لەبەرچاو گرتنی ئەو زانیارییەی لە بەردەستدایە، هەنگاوی داهاتوو چییە؟ پێتوایە هێزی بەرگریی ئیسرائیل ڕێنوێنییەکانی کاربەدەستانی ئەمریکای لەبارەی ئاست و چۆنیەتیی شەڕەکە لەبەر چاو

گرتووە؟

**ژەنراڵ جۆزێف فۆتەل:** سوپاس و خۆشحاڵم لەگەڵ هەردووکتانم. پێموایە ئێمە هێشتا لە سەرەتای ئەو هەڵمەتەداین. شتی زۆر قەوماوە، بێگومان هێرشێکی زۆر لەلایەن ئیسرائیلەوە کراون و ئێستا جووڵەی هێزێکی بەرچاو لە غەززەدا دەبینین، لە شاری غەززە و دەوروبەری. تاقمێک شەڕ و پێکدادان لە باکووری ئەو وڵاتە دەبینرێن. بەڵام لێکدانەوەی من ئەوەیە کە هێشتا کارێکی زۆر ماوە بکرێ و لە هەمووی گرینگتر لەنێو شاری غەززە، کە هەڵبەت شەڕێکی گەلێک دژوارە و پێموایە هەموو ئەوانە ماون. بەڵام تەنانەت دوای ئەوانەش، دژوارترین بەشی ئەوە هەوڵ بۆ گواستنەوەی ئەو عەمەلیاتە سەربازییە بۆ ڕێگاچارەیەکی سیاسییە. بە بۆچوونی من لە کۆتاییدا ئەوە دژوارترین بەشە. بەڵام هەر وەکوو ئەو بەیانییە باسمان کرد ئێمە لەوبارەوە شتی زۆرتر دەبینین. بەڵام من پێموایە ئێمە ئێستا لە قۆناخێک داین کە چاوەڕوانیم دەکرد و هێشتا زۆر شت ماوە بکرێ و شەڕی زۆر دژوارمان لە پێشە. لەبارەی ئەوەی ئیسرائیل چۆن ئەو کارە دەکات پێموایە پەیامی بەهێز لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکا و ئەوانەی هەوڵیان داوە ڕاوێژکاری ئیسرائیلییەکان بن، ئەوە بووە کە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو کارە بەقەد کردنی کارەکە گرینگە و ئەوە مومکین نییە بێتوو لایەنە مرۆییەکەی لەبەرچاو نەگیرێت. پێموایە بەشێک لە ئامۆژگاریی دەوڵەتی ئەمریکا ئەوە بووە کە ئێمە دوای هێرشی یازدەی سێپتەمبەر هێندێک هەڵەمان کردن، لە یەکەم ساڵەکانی دوای کێشەکەدا. بێتوو دەرفەتمان هەبا ئەو کارە دووپات بکەینەوە، بە شێوەیەکی دیکە هەنگاومان دەنا. من پێموایە ئیسرائیل بەشێک لەو ئامۆژگارییانە لەبەر چاو دەگرێ، ڕێککەوتنی لەبەرچاوگرتنی پشوو لە شەڕدا، نموونەی ئەو ڕێنوێنییانەن. پێموابێ ئیسرائیل دەبێ ڕێز لەوە بگرێ کە بەشێک لە بردنەوەی ئەو شەڕە، هەرچۆنێک بردنەوەکە پێناسە بکەن، دەبێ ناوبانگەکەیان لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و بێگومان لە ناوچەدا بگرێتەوە، بۆیە دەبێ هەموو ئەو نیگەرانییە مرۆییانە لەبەر چاو بگرێ، وەک بەشێک لە هەڵسوکەوتی درێژخایەنیان لەگەڵ ئەو کێشەیە. من پێموایە ئەوان دەستیان کردوە بە هێندێک کاری دروست لەو بارەوە، نازانم ئەوە بەسە یان نا. ئێستا دۆخێکی گەلێک دژوارە، پێموایە ئەوان هەوڵ دەدەن بەگوێرەی یاسای کێشەی چەکدارانە بجووڵێنەوە، بەڵام دۆخەکە لە ڕادەبەدەر دژوارە.

**عەمەبەرین:** هاوکات ئێمە ڕاپۆرتی پشتڕاست نەکراوە دەبیستین کە ئیسرائیل ڕەنگبێ دژی حیزبوڵڵا هەنگاو بنێ و بە شێوەیەک چاوەڕوان دەکرێ وڵاتە یەکگرتووەکان لەو بەرەیەدا بەشداری بێ، هەڵبەت بێگومان ئەوە بەو مانایەشە کە ئێران بە شێوەیەک دەبێتە بەشێک لەو کێشەیە. ئێوە چەندە نیگەرانن ئەو شەڕە ببێتە کێشەیەکی هەرێمی کە لایەنی دیکەش بگرێتەوە، وەکوو ڕووسیە، ئێران و حیزبوڵڵا.

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: هەڵبەت لە سەرەتاوە تەشەنەکردنی کێشەکە هۆی نیگەرانیی زۆر بووە. پێمواية هەموو چاوەڕوان بوون کە لە ئاکامی ئەوەی لە ٧ی ئۆکتۆبردا ڕووی دا، کاردانەوەیەک دەبێ ڕاستەوخۆ دژی حەماس دەبێ، بەڵام بەئاشکرا لە بەرژەوەندیی هیچ کەسدا نییە، لەبەرژەوەندیی ئیسرائیل نییە، لە بەرژەوەندیی ناوچەکەدا نییە، لە بەرژەوەندیی ئەمریکادا نییە کە کێشەیەکی گەلێک بەربلاوتر لە سەرانسەری شام یان ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بێتە ئاراوە. من بەردەوام بڕوام بەوەیە، یەکەم حەوتووەکانی کێشەکە لە لێکدانەوەی هەڵە یان هەنگاوی هەڵە لە هەر لایەکەوە نیگەران بووم کە ڕەنگبێ کێشەکە بەربلاوتر بکاتەوە. پێمواية ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر خۆمان لەوە بوارد و پێمواية ئەوە باشە. نازانم ئەوە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدایە کە هێرش بکاتە سەر حیزبوڵلا لە ئێستادا، پێمواية یەکجار زۆرتر دەخوازێ کە ئیسرائیل هۆشی لە ئەرکە دژوارەکەی لە غەززە بەرەو ئاقارێکی دیکە ڕانەکێشرێ، بۆیە پێموانییە ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەواندا بێ. بەڵام ئەوە ڕوونە کە نیگەرانییەکان لە سەرانسەری ناوچەکە ئاماژەیان پێ بکرێ، وەک ئاکامی هەموو ئەوانە، چونکە ئەو شتانە کۆتاییان نایە. هەڕەشەی حیزبوڵلا بۆ سەر ئیسرائیل کۆتایی نایە، هەروەها ئێران لە کۆتایی ئەو دۆخەدا هەر لەوێ دەبێ. ئەوان درێژە بە هەوڵدان بۆ ئامانجەکانیان دەدەن، بۆیە دەبێ ڕێگایەک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانە هەبێ. بەڵام تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر کێشەی بەربلاوی ناوچەیی. ئەمن پێشتر نیگەرانی لێکدانەوەی هەڵە بووم، ئێستا من کەمتر نیگەرانی ئەوەم. لە کاتێکدا هێشتا پێمواية ئەگەری هەیە، بەڵام پێمواية ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، ئێستا ئەگەری کەمتر هەیە کێشەیەکی هەرێمی پەیوەندیدار بەو دۆخەی ئێستا بێتە ئاراوە.

**عەمبەرین**: ئەوە بۆ هەموومان کە بەدوداچوون بۆ هەواڵەکانی ناوچەکە دەکەن، ئاشکرایە کە ئێران بە هیچ شێوەیەک نایهەوێ کێشەکە قووڵتر بکاتەوە، ئەگەرچی خەڵکی وەکوو نەسروڵلا، ڕێبەری حیزبووڵلا، لێدوانی شەڕخوازانە بڵاو دەکاتەوە و دەڵێ ئێمە بۆتان دێین، بێتوو درێژە بەو هێرشە بدەن. بەڵام دانبەخۆداگرتن و خۆبواردن لە وەڵامدانەوە بە میلیشیا شیعەکانی کە ئێران لە پشتیانە و لە سووریە و عێراق چالاکن، تا کەنگێ درێژەی دەبێ؟

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: بەڵێ تۆ باسی خاڵێکی گرینگ دەکەی. من پێمواية نیگەرانی هەیە لەبارەی کۆنترۆڵ بەسەر میلیشیا شیعەکان کە گەلێک بچووکترن و شتێکی زۆر کەمتریان بۆ لەکیسدان هەیە و ڕەنگبێ بیانهەوێ کەلک لەو دەرفەتە وەرگرن تا بەو کارانە خۆیان قوت بکەنەوە و پێگەیەکی بەرچاوتر لە دنیای شیعەدا بۆخۆیان دەستەبەر بکەن و ئەوان دەتوانن کەلک لە دۆخەکە وەرگرن. ئێمە جووڵانەوەی وەهامان دیتوون، یان بەشێک لەو جووڵانەوە وەکوو عەسائیب ئەهل ئەلحەق کە بۆ بەشی ڕۆژاوای سووریە چوون و ڕێکخراوی وەکوو کەتائیب حیزبوڵلامان دیتوە کە وێدەچی لەپشت ئەو هێرشە وەڕەزکارانە بن کە دەکرێنە سەر دامەزراوە و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریە و بێگومان حوسییەکانیش کە

هاژەک بەدرێژایی دەریای سووردا دەهاوێن، جێگای نیگەرانین و بێگومان دەسەلاتی زۆریان بەسەر شوێنی سەرەکی باب ئەلمەندەبەوە هەیە و پێموایە دەبێ گەلێک لەو بارەوە نیگەران بین. شتێکی کە زۆر من نیگەران دەکا ئەوەیە چۆن ئەو ڕێکخراوە بچووکانە کۆنترۆڵ بکرێن و بە شێوەی سەربەخۆ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین. من پێموایە ئێران تا ڕادەیەک جڵەوی ئەوانی بەدەستەوە بەلام من دڵنیا نیم ئەو کۆنترۆڵە هێندە مسۆگەر بێ کە ئێمە چاوەڕوانین و من نیگەرانی ئەو ڕێکخراوانەم کە دەتوانن ببنە هۆی گیر و گرفتی زیاتر، بەو ڕادەیە نا کە ڕەنگدانەوەی لەسەر کێشەی ئێستا هەبێ، بەلام ئەوان بێگومان دەبنە هۆی زەرەری زیاتر کە بەرپەرچدانەو بخوازێ.

**جارێد**: سوپاس ژەنراڵ. پێم خۆشە بگەڕێمەوە سەر بنکەی فەرماندەیی سوپای قودس و بەکرێگیراوانی سوپای پاسداران دواتر، ئەگەر کاتمان هەبێ. بەلام ئێستا پێم خۆشە بۆمان باسی لە تواناییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا بکەی کە ئەوان چەندە ئامادەن لە ئەگەری دەستێوەردان. ئەوان ئیزنی کام کاریان هەیە و ئەوە چۆن لە چوارچێوەی ستراتێژیی بەربلاوتری بەرگریی نیشتمانیدا جێ دەگرێ، لە ڕوانگەی کەڵک لێ وەرگرتن و بەرۆژکردنەوەیان. لەو پەیوەندییەدا ئێمە دەبێ چاوەڕوانی دیتنی چ شتێک بین؟

**ژەنراڵ جۆزێف شۆتەل**: ئەمن زۆر شتم دیتوون کە ئێوەش بینیوتانن. لەو دۆخەدا بڕیارەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی سەرەوە دێن و زۆربەی بڕیارەکانی کەلکوەرگرتن لە هێز لە واشینگتۆنەوە دەدرێن، بە دڵنیاییەوە لە پێنتاگۆن و لەوێ ڕا دەنێردرێن بۆ سەنتکام و فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆنەکان. لە دۆخێکی وەک ئێستادا ئەوە نابێتە هۆی سەرسوڕمانی من. ئەوە شتێکی ئالۆزە و ئەوان هەوڵ دەدەن سەرپەرشتیی دۆخەکە بکەن، نەتەنیا پشتگیریی ئیسرائیل بکەن بەڵکو بە پەیوەندییەکان لە سەرانسەری ناوچەکەشدا ڕابگەن و هەروەها چەندین هەڕەشە کە لێرە باسمان کردن. لە ڕوانگەی فەرماندەیی و کۆنترۆڵەوە پێموایە ئێمە ئێستا لەو دۆخەداین. پێموایە دەکرێ لەوبارەوە باس بکرێ کە ئاخۆ ئەوە هەڵوێستێکی دروستە یان نا؟ بەلام ئێمە فەرماندەی گەلێک لێهاتوومان هەن کە دەتوانن دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن. ئەوە بەو شێوەیە کە سەرۆککۆمار و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەیانهەوێ ئەرکەکان دابەش بکەن و من پێم باشە. تا ئەوکاتەی ئەوان یارمەتیدەری بڕیاردانن. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوە کە ولاتە یەکگرتووەکان چی لێرە جێگیر کردوە، زۆر کەس دەزانن ئێمە دوو پاپۆری فڕۆکە هەڵگرمان بۆ ناوچەکە گواستنەوە. ئەوە یەکەم جارە کە دوای ماوەیەکی دووردرێژ دوو تاقمی هێرشبەرمان گەڕاندۆتەوە ناوچە، ئەگەرچی زۆربەی کاتی فەرماندەیی من بەسەر سەنتکامەوە ئەوپەڕی پاپۆڕێکی لەو جۆرە لە ناوچەدا هەبوو، بەلام ماوەیەکی زۆری کاتی فەرماندەیی من ئێمە هیچ پاپۆڕێکی ئەو جۆرەمان لێرە نەبوو. کەوابوو ئەوانە توانایی سەرەکیی بەرپەرچدانەوەمانن، ئەو فڕۆکە هەڵگرانە هەرکامیان ٨٠ بۆ ٩٠ فڕۆکەیان لەسەر نیشتوون کە

دەتوانن توانایییەکی جەنگیی لە ڕادەبەدەر دروست بکەن، دەتوانن ڕووبەڕێکی بەربڵاو داپۆشن و ئەو کارە زۆر خێرا ڕاپەڕێنن. کەوابوو ئەوە هێزی سەرەکیی چاوترسێنکردنی ئێمەن لێرە. وەک بیستووتانە ئێمە چەند ژێر دەریاییشمان هێناون بۆ ناوچە کە ئەوە توانایییەکان زیاتر دەکەن. ئەوە کۆی توانایییەکانمانن کە یارمەتیدەرمانن بزانن چ ڕوو دەدا. من پێموایە ئامانجی هەموو ئەو سامانانە ئەوەیە ئامادەیی ئێمە نیشان بدەن و بە ئێران و هەموو لایەنێکی دیکە بڵێین چاو لێ کەن ئێمە لێرەین و ئامادەین و توانیومانە ئەو ئامادەییە کۆ بکەینە تا پشتیوانی ڕوانگەی خۆمان بین. ئێمە ئامادەی کەڵک لێوەرگرتن لەو توانایییانەین و چەند جار لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا هێرشمان کردۆتە سەر میلیشیای سەر بە ئێران کە هێرشیان کردبووە سەر دامەزراوەکانی ئەمریکایی. کەوابوو ئێمە ویستی خۆمان لەگەڵ توانایییەکانمان ڕێک دەخەین و ئەوە لایەنێکی گرینگە. بەڵام هەر وەکوو ئاماژەم پێ کرد بێگومان ئەوە پەیامێکە بۆ بەرهەڵستکارانمان، پەیامێکە بۆ ئیسرائیل کە ئێمە لێرەین و پەیامێکە بۆ ناوچە بە شێوەیەکی گشتیتر کە وڵاتە یەکگرتووەکان لێرەیە و چالاکانە هەنگاو دەنێ تا پێش بە کێشەیەکی گەلێک بەربڵاوتر بگرێ کە ئاسەواری ماڵوێرانکەری بۆ ناوچەکە دەبێ، نە تەنیا بۆ ئێمە و هەموو کەسێکی دیکە بەڵکوو بۆ سەرجەم ناوچە کە زۆر شت لەنێو دەبا. کەوابوو ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمە دەیکەین و ئەوش زیاد بکەم کە زۆر جار گوێگرانمان پێیان وایە ئێمە تەنیا کەرەستەی سەربازیی نیشان دەدەین، بەڵام ئێمە کارێکی باشیشمان لە ڕوانگەی نیشاندانی ئامادەیی سیاسیش کردوە و پێموایە ئەوەش گەلێک گرینگە. وەزیری کاروباری دەرەوە لانی کەم سێ جار هاتۆتە ناوچەکە، فەرماندەی سەنتکام دوو جار هاتوە، وەزیری بەرگری و سەرۆککۆمار حەوتووی یەکەم هاتن. ئەگەر ئەوانە جەختکردنەوەی گەلێک ئاشکرای وڵاتە یەکگرتووەکان و ویستی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە نیشان نەدەن، نازانم چ شتێک دەتوانێ ئەو کارە بکات. کەوابوو من پێموایە ئێمە لە چەند حەوتووی ڕابردوودا کارێکی باشمان بۆ ئامادەیی سەربازیی و سیاسی کردووە و درێژە بەو کارە دەدەین.

**عەمبەرین**: تەنانەت پێش ٧ی ئۆکتۆبر ئێوە گیرۆدەی هێرشی میلیشیای سەر بە ئێران و هەروەها هی تورکیەش بوون. ژەنراڵ مەزلووم لە سلێمانی تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نزیک ببوو، کاتێک فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیە هێرشی کردبوو بۆ سەر کاروانی ئۆتومبێلەکانی و دیتوومانە ئەو جۆرە هێرشانە چەند جار دووپات بوونەوە و زەرەر و زیانێکی زۆریان بە ژێرخانی مەدەنی لەوێ گەیاندوە. ئێوە چەندە نیگەرانن کە کێشەکە لە لایەن تورکیەشەوە قووڵتر بکرێتەوە و لە کۆتاییدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هێرشانە لە چەند لاوە، بوونی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریە چەندە بەردەوام دەبێ، بێگومان زەختێکی قورسی سیاسی و دیپلۆماتیکیش کە تورکیە لەوێ دەیهێنێ و دەڵێ من هاوپەیمانی ناتۆم و "ئێوە هاوکاریی تێرۆریستان دەکەن"، بۆچوونتان لەو بارەوە چییە؟

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: بۆچوونی من لەو بارەوە ئەوەیە کە مانەوەی ئێمە بەردەوام دەبێ بەڵام پێموایە دەبێ نادڵنیایی لە دۆخەکە بسڕینەوە. من پێموانییە کە ئێمە بتوانین ڕێگا بدەین هێرشەکان بۆ سەر هێزەکانمان لێرە لە سووریە و لە عێراق بێوەڵام بمێننەوە و پێموایە دەبێ خەڵک بەرپرسیار بکەین، بۆیە گەلێک دڵخۆشم کە هێرشەکانی دوێنێشەو و ئەو دواییانە دژی ڕێبەرایەتی و مۆڵگەی ئەمنییەتی بوون. من پێموایە وەڵامدانەوە بەوانە تەمی نادڵنیایی پەیوەندیدار بە دۆخەکە دەڕەوێنێتەوە و بەرهەڵستکاران وریا دەکاتەوە کە دەبێ تێچووەکە بدەن، بێتوو ئێوە ئەو کارە بکەن ئێمە ئەوە تەحەممول ناکەین، پێموابێ ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین و بوونمان پشتڕاست بکەینەوە و دەتوانین بوونمان بە شێوەیەکی بەردەوامتر لە سووریە و عێراق بسەپێنین. هەڵبەت ئاشکرایە لە عێراق ئێمە دەبێ لە نزیکەوە هاوکاریی دەوڵەتی عێراق بکەین. ئێمە لەسەر داوای ئەوان لەوێین، کەوابوو ئەوان دەبێ هێندێک بەرپرسیاریی بۆ سەرکوتی ئەو هەڕەشانە بۆ سەر هێزەکانمان قبووڵ بکەن. ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەوان و ئێمەشدایە. دۆخەکە لە تورکیە بەڕاستی ئاڵۆزە و من ماوەیەکی دوور و درێژە نائومێد و تووڕەم و دڵنیا نین کە قەت بتوانین ئەوە لە ڕێگای سەربازییەوە چارەسەر بکەین. ئێمە هەوڵمان دا تاقمێک هەنگاوی متمانەبەخش لەگەڵ تورکەکان بگرینە بەر، بەتایبەتی لە کاتی هەڵمەتەکان لە عێراق، بەڵام ئێستا پێموایە ئەوانە کەمتر بوونەوە. لە کۆتاییدا پێموایە پێویست بە ڕێگاچارەی دیپلۆماتیک و سیاسی دەکات کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەدایە. چوار و نیو ساڵ لە هەڵمەتە سەربازییەکە تێپەڕ بووە و ئێمە نەمانتوانیوە ڕێگاچارەیەکی سیاسی بدۆزینەوە کە مافە سیاسییەکان و دانپێدانان بە کوردان لە سووریە مسۆگەر بکات و پارێزگاریی دیپلۆماتیک و سیاسییان پێ ببەخشێ کە ئەوان دەیخوازن.

**عەمبەرین**: کەوابوو ئێوە دەڵێن بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەگوێرەی پێویست کاری بۆ کوردان نەکردووە؟

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: ئەوە تەنیا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نەبووە، بەڵکو هەموو ئەوانی دیکەش. ئەوە کێشەیەکی نێونەتەوەییە، شێوەی هەڵسوکەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بوارەوە شکستی هێناوە و نەیتوانیوە کارێکی ئەوتۆ بکات. لایەنەکانی دیکە وەکوو ڕووسیە، تورکیە و ڕێژیمی سووریە نایەنە سەر مێز بۆ هەرجۆرە وتووێژی سیاسی. من نامهەوێ هەموو تاوانەکە بخەمە ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێمە زۆر کارمان بۆ پشتیوانی لە کوردان کردوە و لەو بڕوایەدام ئەوە لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە و بێگومان من کاتێکی زۆرم بۆ تەرخان کردوە بەڵام لایەنێکی گەلێک زیاتر پێویستە سەرنج بدەنە ئەو پرسە.

**جارێد**: ئێستا ئێمە باسی هەموو ناوچەکە دەکەین، لایەنی ئەمنییەتی و ڕێککەوتنی سیاسی، کاتێک ئێوە فەرماندەی

سەنتکام بوون، کارتـان لەسەر هێنـدێک وتـووێژ لەگەڵ وڵاتـانی کەنـداو لە بـارەی بەرگریی دژی هـاژەکیی یەکگرتـوو کـرد، بەڕێوەبەرایەتی بایدن هەوڵی داوە بۆ بەربەرینتر کردنەوەی ڕێککەوتنی ئیبراهیم، هاوکـاریی بەرگریـی و ئەمنییەتـی نێـوان عەرەب و ئیسرائیل. هەڵوێستی هاوبەشـان لەبـارەی ئەگەری کێشەیەکی نـاوچەیی، ئـاخۆ بەشـەکانی پێویست بـۆ ئەمریکـا و هاوبەشان بوونیان هەیە تـا بتوانن هەڵسوکەوت لەگەڵ هێرشی هاژەکی درێژمەودا لەلایەن بەکرێگیراوانی ئێران بکەن؟ ئێـوە باسی هێرشەکانی حوسییەکانتان لە یەمەنەوە کرد. ئێمە دەتوانین چ چاوەڕوانییەکمان لەو بارەوە هەبێ؟

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: من پێم‌وایە ئێمە خەریکە دەگەیـنە ئەو ئاستە کە بتـوانین هەڵسوکەتی لەگەڵدا بکەیـن. بیـرۆکەی بەرگریی ئاسمانیی یەکگرتوو شتێکی نوێ نییە و ئەوە بیـرۆکەی من نییە، هەموو لایەک لەهەوڵـی ڕێـژەیەک لە هاوکـاریی ناوچەیی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دابوون. لە ئاکامی ئامانجی جۆراجۆری سیاسی، جیـاوازیی کولتـووری، مەسەلەی متمـانە پێکردن لەنێو هاوبەشانی ناوچە، تا ئەوڕۆ هەوڵەکان بەردەوام بوون. من پێم‌وایە ڕێککەوتنی ئیبـراهیم پلاتفـۆرمێکی باشـە کە دەکـرێ لەسـەر ئەو متمـانە و پەیوەنـدیی بـاش دروست بکـرێن. مەبەسـتم ئەوەیە ئـێمە سـاڵێک لەوە پـێش ڕاهێنـانی سەربازیی هاوبەشمان لە نێوان ئیسرائیل و بەشێک لە هاوبەشانی کەنداو و ئەمریکا وەک جۆرێک ڕێکخەری ئەو کارە دەدیـتن کە لە ئاسمان و دەریا بەڕێوە دەچوون. من پێم‌وایە ئەوانە گرینگن و پەیوەنـدیی باشی بـازرگـانی لە نێوان ئەو وڵاتـانەدا هەیە، ئەوانە لایەنی گرینگن، بەڵام من ئێستا بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی لە غەززە دەقەومێ نیگەرانم ئەوانە بە لاڕێدا بچن. پێویسـتە ئەوانە بێینەوە سـەر ڕێچکەی خۆیـان، بەڵام من پێم‌وایە ئەوە پلاتفـۆرمێکە و ئـێمە دەتـوانین کەڵکـی لـێ وەرگرین و لە کۆتـاییدا ئەوە پرسی متمانە لە نێوان هەموو هاوبەشەکانی کەنداوە و ئەوە شتێکە کە هەمیشە کەمایەسییەک بووە کە بۆتە سەر نەگرتنی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانیی یەکگرتووتر و شتی بچووکتر لێرە، کەوابوو کـاتێکی زۆر دەگـرێ ئەو کـارە بکرێ بەڵام ڕێککەوتنـی ئیبـراهیم پلاتفـۆرمێکی گونجاومـان بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئەو کـارە دەداتـێ، لەگەڵ ئەوەدا پێم‌وایە ئێمە لە ئێستادا کەمێک ماومانە بەو ئامانجە بگەین.

**جارێد**: ئـاخۆ ئێـوە ڤازانجێک لە بەشداریی وڵاتە یەکگرتـوەکـان لەو کێشـەیەدا دەبیـنن، هەڵـبەت بەشداریی ڕاستەوخۆ نـا بەڵکو پشتگیریی لە هەڵمەتی ئیسـرائیل و هەوڵ بـۆ پێشگرتن بە کێشـەیەکی بەربەرینتـرە. پێتـان وایە بگەنە خاڵێک کە ببێتە بەربەستێک بۆ هەوڵەکانی واشینگتۆن بۆ ئاسایشی ناوچەیی.

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: بەڵـی، من پێم‌وایە. ئێستـا ئێمە دوو پـاپۆڕی فرۆکە هەڵگرمـان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و پێم‌وانییە بتوانین ئەو دۆخە تـا ماوەیەکی نادیار درێژە پێ بـدەین. ئێمە ئەرکـی دیکەمـان لە نـاوچەی ئۆقیانووسی هینـد و

ئارام هەن. ئێمە پێویستە جێگۆڕکێ بەو شتانە بکەین و من لەو بڕوایە دام کە ئێمە دەبێ ئاستێکی بەردەوام لە بوونی هێزەکانمان لە ناوچەدا بدۆزینەوە کە هێندە بەرچاو بێ کە بتوانین هاوبەشەکانمان دڵنیا بکەینەوە و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانمان بکەین. ئەوە شتێکە کە ئێمە خەریکی خەبات بۆ دەستنیشان کردنین. ئێمە هەموو کایەکەمان دیتووە، لە بوونی سەدان هەزار هێزی سەربازیی لە ناوچەدا تا ئەوەی پێش ئەو دواییانە کە نزیکەی ۲۰ تا ۳۰ هەزار کەسی لێبوون. ئێمە دەبێ ئاستی ڕێژەی بەردەوامی هێزەکانمان و توانایی سەربازیی پێویست لە ناوچەکەدا دیاری بکەین. من پێم‌وایە ئەو بەرژەوندییەی لێرە هەمانە ئەرکداریی سامانی سەربازیی ئێمە دەخوازێ و مەبەستم ئەوەیە ئێمە هێشتا نیگەرانی ناسەقامگیریی لە ناوچەین. ناسەقامگیریی ئێرە، لێرە نامێنێتەوە و کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانمان لە شوێنی دیکە دەبێ. ئێمە نیگەرانی تێرۆریزمین، ئێمە لەو دواییانەدا نموویەکی باشمان دیت. ئێمە نیگەرانی بەردەوامبوونی بازرگانیی و هەناردەکردنی سامانەکانی ناوچەین. ئەوە بەشێکی ژینەکی بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئێمە نیگەرانی ئامانجە بەدخوازانەکانی ئێرانین، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی و شتی ئەوتۆ. ئەوە شتێکە کە ئێمە دەمانهەوێ پێشی پێ بگرین. من پێم‌وایە کاریگەرییەکی ئەرێنی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە ناوچەدا لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە. من لەو باوەڕە دام ئێمە هاوکات کە سەرنجی پێویست دەدەینە ناوچەی دیکە، دەتوانین ئەو کارە بکەین، وەکوو ناوچەی ئۆقیانوسی هیند و ئارام. پێم‌وابێ ئێمە هێندە دەوڵەمەندین کە بتوانین ئەو کارە بکەین. دەبێ ئەو کارە بکەین و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانمان بکەین، ئێمە دەبێ بیر لە درێژ مەودا بکەینەوە و بزانین کە ئەوەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگوزەرێ، لەوێ نامێنێتەوە. ئەوە دەبێ بەشێک لە ستراتێژیی ئاسایشی نەتەوەیی بەربڵاوتر بێ کە نیگەرانییەکانمان لە شوێنی دیکەش دەگرێتەوە. لە زۆر بوارەوە ئەوانە تا ڕادەیەکی زۆر پێکەوە گرێدراون، بە هۆی نیگەرانییەکان لە بارەی کێبڕکێی زلهێزەکانەوە.

**عەمبەرین**: دوایین پرسیار ژەنراڵ، لە سەرەتاکانی کێشەکە بیرۆکەیەک هەبوو کە حەماس و داعش یەکن. ئەوە لە لایەن دەوڵەتی ئیسرائیل بڵاو دەبۆوە. ئەوان یەکن؟

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: من پێم‌وانییە ئەوان دەقاودەق یەک بن. بەشێک لە شێوازەکان و دڕندەییەکان و بەشێک لە تاکتیکەکان وەک یەک دەچن، هەر دوو بەسەر خاکەکەدا زاڵن و دانیشتووان کۆنترۆڵ و ناچار دەکەن، لەوانەدا هاوبەشن. هەردوو لا هاندەریان ئایدیۆلۆژییەکی ڤایرۆسییە کە لە سروشتدا گەلێک وێرانکەرە. پێم‌وابێ لەو شتانەدا هاوبەشن. جیاوازییەکە بە بۆچوونی من لەوە دایە کە حەماس، بە باش یان خراپ، ڕەنگبێ زۆرتر بە خراپ وەک دەسەڵاتی غەززە بۆ ماوەی چەند ساڵ دانی پێدا نرابوو. کەوابوو ئەوان ویستێکی گەلێک بەرچاوتریان هەبوو کە خۆیان لەناو دانیشتووان و

خاکەکەدا حەشار بدەن. ئەوە جیاوازییەکی فیزیکییە لە بەراورد لەگەڵ داعش. داعش دەستی بەسەر ڕووبەرێکی بەربەریندا گرت و خۆی لەناو خەڵک دا حەشار دا، بەڵام ئەوان ئەو کارەیان وەکوو حەماس بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نەکرد. لایەنێکی دووهەم ئەوەیە کە ئەو حەشیمەتەی حەماس دەسەڵاتی بەسەرەیانەوە بووە لە ئەو حەشیمەتەی داعش هەیبوو جیاوازە. حەشیمەتی ژێر دەسەڵاتی داعش بە زۆر ملکەچ کرابوون، ئەوان داعشیان بۆ هیچ جۆرە شێوازێکی ڕەوای دەسەڵاتداریی هەڵنەبژاردبوو. پێموابێ ئەوە جیاوازییەکەیە لە بەراورد لەگەڵ فەلەستینییان. هێندێک ئاژانسی مەدەنی لەنێو حەماسدا هەبوون، ئەوان هێندێک خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرد و لایەنەکانی دەوڵەتیان تێدا بەدی دەکرا، ئەوە کەمێک جیاواز بوو، ئەوان دانپێدانانی جەماوەرییان هەبوو بەڵام لە ناو داعش ئەوە نەبوو. کەوابوو من هێندێک وێکچوون و جیاوازی دەبینم بەڵام پێموایە جیاوازی ڕاستەقینە لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیاندایە. ئەو دۆخەی ئێستا ئیسرائیلییەکان بەرەورووی بوونەوە گەلێک ئاڵۆزترە. لایەنە ئاڵۆزەکان زیاترن، ڕێژەیەکی زۆر بارمتە گیراون، لایەنێکی زەبەلاحی مرۆیی هەیە و ژینگەی زانیاریی کە ئێستا گەلێک چالاکە و زۆر شتی دیکەش هەن کە دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن. بۆیە پێموایە دۆخێکی گەلێک جیاوازە.

**عەمبەرین**: حەماس لەو شوێنە سەری هەڵداوە.

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: بەڵێ، دەقاودەق وایە. داعش تا ڕادەیەکی زۆر خەڵکی بیانی بوون کە لە شوێنی دیکەڕا هاتبوون و تێکەڵی ئەو ڕەوتە بوون. هێندێک خەڵکی ناوچە لەگەڵ بوون بەڵام زۆرینەی بەڕیوەبەرییەکەی و شەڕکەرەکانی بیانی بوون. ئەوان گیانی خۆیان دانا و کاری دیکەیان کردن. زۆر سەیرە ئەوان چۆن هەوڵیان دەدا خۆیان بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا بسەپێنن.

**عەمبەرین**: هەڵبەت لە ڕوانگەی لایەنی دادوەریی دوای شەڕ ئێوە هاوبەشێکتان بە ناوی هێزەکانی سووریەی دێموکڕات هەبوو.

**ژەنراڵ جۆزێف ڤۆتەل**: ڕاست دەکەی. ئەوەش جیاوازییەکی بەرچاوە. مەبەستم ئەوەیە. شێوەی شەڕی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ داعش، بەو شێوە بوو کە ئێمە ڕاوێژکار و یارمەتیدەری هەڵمەتەکە بووین. هێزەکانی ئاسایشی عێراقی لە عێراق و هێزەکانی سووریەی دێموکڕات لە سووریە، ئەو هێزانە بوون کە زۆربەی شەڕەکە و گیانبەختکردنەکەیان کرد و ئێمە ڕێبەریی، توانایی تاقانە، زانیاریی هەواڵگریی و چەکوچۆڵ و هەموو شتی دیکەی پێویست بۆ ئەو کارەمان دابین دەکرد و

**من پێموایە کارێکی باشیان کرد. ئەوە هەڵمەتێکی جیاواز بوو بۆ ئێمە. ئیسرائیل لەوەدا بەتەنیایە. ئەوان شەڕی خۆیان دەکەن و لە مەیداندا هیچ هاوبەشێکیان نییە کە ئامانجەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناچارن بۆخۆیان ئەو کارە بکەن.**

**عەمبەرین: گەلێک سوپاس بۆ بەشداریتان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# شەڕی عەززە بیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکەی لەهەمبەر ئێراندا بکات

**ئاتلانتیک کاونسڵ - شوکریە برادۆست**

تاقمە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە ۷ی ئۆکتۆبر بەولاوە، لە عێراق و سووریە هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڵام، وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا بە چەند هێرش بۆ سەر تاقمە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریە وەڵامی داونەتەوە. ئەو هێرشانە لە کاتێکی هەستیاردا، کە شەڕی غەززە و ئەگەری دارشتنەوەی دایناميکی دەسەڵات لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارادایە، دەکرێن.

سەرەڕای هەوڵی بەڕێوەبەرایەتیی جۆ بایدن بۆ پێشگرتن بە قووڵتربوونەوە و تەشەنەکردنی شەڕی ئیسرائیل-حەماس لە ناوچەکەدا، تاقمە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق، سووریە و یەمەن درێژە بە دروستکردنی ئالنگاری بۆ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەدەن. ئەوە بەتایبەتی لە عێراق ڕوون و ئاشکرایە، شوێنێک کە تاران خاوەنی کۆنترۆڵی بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتی دوای هاتنەسەرکاری چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعەیە کە ئێران پشتیوانیەتی. ئەو شەڕە ناڕاستەوخۆیە لە هەشتاکانی زایینی و دوای دامەزراندنی حیزبوڵڵا لە لوبنان دەستی پێ کرد، کە ئێران پێی باش بوو خۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ببوێرێ، بە تایبەتی دوای دەستپێکی شەڕی غەززە. لە کاتێکدا کە ئێران بە سەرکەوتوویی ئەو سیاسەتەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ جێبەجێ کردوە، ڕەنگبێ پێشهاتە نوێیەکانی شەڕی ئیسرائیل و حەماس ئەو دۆخە بگۆڕن.

بێتوو ئەو هێرشانە بەردەوام بن، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بێ وەڵام بداتەوە. ئەو ئاڵوگۆڕە ڕەنگبێ یان بەرەورووی تاقمە میلیشیاکان لەنێو عێراق بکرێتەوە، یان ڕاستەوخۆ داوێنی ئێران بگرێتەوە. وەڵامێکی دیکە لەوانەیە چۆلکردنی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەغدا و بردنە دەرەوەی ئەو ۲۵۰۰ کەسە لە هێزەکانی ئەمریکا بگرێتەوە. بێتوو ئەوە ڕوو بدا، دەبێتە نموونەیەک بۆ وڵاتانی دیکە کە ڕەچاوی هەمان کردەوە بکەن. لێرەیە کە عێراق بەرەورووی قەیرانی ئەمنیەتی و سیاسی دەبێتەوە، بەو ئەگەرە کە ڕەنگبێ ببێتە هۆی شەڕی نێوخۆ لە نێوان تاقمە شیعە ڕکابەرەکان:

حەشدی شەعبی و هاوپەیمانانی؛ چوارچێوەی هاوئاهەنگیی شیعە و؛ مەلای شیعە موقتەدا سەدر. بێجگە لەوە، تاقمە تێرۆریستەکانی دیکە، وەکوو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، دەتوانێ کەلک لە دەرفەت وەرگرێ و دیسان دەسەڵات بەدەستەوە بگرێتەوە. کاردانەوەکانی ئەو دۆخە دەتوانێ وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە، بەو ئەگەرە کە لە دوای شەڕی حەماس، سەرجەم ناوچەکە ناسەقامگیر بکات.

شەڕی غەزە کاتێک دەستی پێ کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە ناردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک بۆ ڕووسیە (بۆ کەلک لێوەرگرتنیان دژی ئوکراین) و وەستاندنی بەرنامەی ناوکیی ئێران بوو. ئەو دەستپێشخەرییە دوای جێبەجێکردنی یەکەم ڕێککەوتن، کە ئازادکردنی چەند بارمتەی ئەمریکایی لە بری گواستنەوەی ٦ میلیارد دۆلار لە دراوی سڕکراوی ئێران لە بانکەکانی کۆرەی باشوورەوە، دەستی پێ کرد. هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەتی ئێران کە پشتگیریی لە تاقمە بەکرێگیراوەکان و سەرکوتی نارەزایەتییەکانی دژی دەسەڵات لە ئێران دەگرێتەوە، لە سەرەوەی لیستەی پێشترییەتییەکانی وڵاتە یەکرتووەکان و ئورووپا لەو ساڵانەی دواییدا نەبوو. ئەو سیاسەتە کورتبینانەی کۆشکی سپی تەنانەت بۆتە هۆی زەخت خستنەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانە هەرێمییەکان، وەکوو عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی. بەڵام، هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبر، سەرنجی جیهانی بۆ لای پشتگیریی ئێران لە تاقمە بەکرێگیراوەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕاکێشا. ئەو بووە هۆی پەرەگرتنی نیگەرانییەکان لەبارەی ئەگەری تەشەنەکردنی قەیرانەکە بەگوێرەی لێکدانەوەکانی تاران.

ئەو دۆخە هەستیارە لە ناوچەکەدا ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەرنامەی ناوکی نابێ تەنیا خاڵی نیگەرانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران بێ. تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران توانایی قووڵترکردنەوەی قەیرانی هاوشێوەی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیلیان هەیە و هەروەها دەتوانێ ببێتە هۆی ئالنگاری بۆ سەر ئەمنیەتی وزە، قەیرانی کۆچبەران و کارەساتی مرۆیی. بێجگە لەوە، شەڕی غەززە یەکەم تاقیکردنەوەی جیددی ئێران پاش سەردەمی قاسم سولەیمانییە. فەرماندە کوژراوەکەی سوپای قودس لایەنێکی سەرەکیی دامەزرێنەر، کۆنترۆڵکار و ڕێکخەری تاقمە میلیشیاییەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و گەشەپێدەری دەسەڵاتی ئێران بە هۆی ئەو بەکرێگیراوانە لە ناوچەدا بوو. سیاسەتی هەنووکەیی ئێران لەمەڕ حاشا کردن لە بەشداریی لە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و هەروەها هەوڵەکانی بۆ پێشگرتن بە تەشەنەکردنی شەڕ بۆ ئێران، بۆتە هۆی پێشکەشکردنی پشتگیریی لە حەماس تەنیا بە قسە، کە یەکێک لە باڵە فەلەستینییەکانی شەڕەکەی لەگەڵ ئیسرائیلە و ئەوەش مەترسی لەکیس چوونی ڕەوایی و دەسترۆیشوویەکەی لە ناوچەدا هەیە.

**بەشی: سێهەم**

شکستی حیزبوڵڵای لوبنان لە یارمەتیدان بە حەماس و پێشگرتن بە دۆڕاندنی دەسەڵاتەکەی لە غەززە، دەتوانێ زیانی زیاتر بە متمانەی ڕایەڵەی بەکرێگیراوان بە ئێران و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە بگەیەنێ. لە کاتی وتاردانەکەی لە ٣ی نۆڤەمبەر، حەسەن نەسروڵڵا، لایەنگەرەکانی نائومێد کرد کە بە حەزووە چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی شەڕ دژی ئیسرائیل بوون. لە جیاتان، ئەو گوتی ئەوان لە ٨ی ئۆکتۆبرەوە لە دۆخی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دان و نیشانی دا کە ستراتیژیی هەنووکەیی حیزبوڵڵا درێژەدان بە هێرشی جاروبارەیە نەوەک قووڵترکردنەوەی قەیرانەکە بۆ شەڕێکی هەمەلایەنە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە حیزبوڵڵا تاقمێکی دەستکردی ئێرانە کە فەرمانەکان لە ئێرانەوە ئاراستەی دەکرێن، خۆ پاراستنی حیزبوڵڵا لە وەڵامدانەوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوە سیاسەتی دەسەڵاتی مەلایانە لە ئێستادا.

بێجگە لەوە، شکستی ئێران لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەریی بۆ پشگیریی لە فەلەستینییەکان لە نێوخۆی وڵات، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی هەرە بەرچاوی حەشیمەتە ٨٠ میلیۆنییەکەی موسڵمانن، بۆتە هۆی پرسیار. وەزیری کاروباری دەرەوە، حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، وێنەیەکی لە خۆپیشاندان لە ئەندۆنێزی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی غەززە بڵاو کردەوە، لە کاتێکدا لە ئێران خۆپیشاندانی لەو ئاستەدا نەبینرا. ئەوە دەکرێ دوو هۆی سەرەکی هەبن:

**یەکەم**: ڕەنگبێ ڕێژیم لە وروژاندنی ئاپۆڕای جەماوەر بۆ خۆپیشاندان بە مەبەستی پشتگیریی لە غەززە تووشی ئالنگاری بێ و،

**دووهەم**: ڕەنگبێ ڕێژیم لە کۆبوونەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو و گۆڕانی ئاراستەکە بەرەو دەربڕینی نارەزایەتی دژی خۆی و لەکیسدانی کۆنترۆڵەکەی، بە لەبەرچاوگرتنی سەرکوتی بێبەزەییانەی سەرهەڵدانی ژن، ژیان، ئازادی لە ٢٠٢٢، نیگەران بێ.

ئێرانییەکان بەردەوام دەرفەتی دەبڕینی نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتەکانی پشتگیریی لە تاقمە فەلەستینییەکان لەدژی ئیسرائیل، بە کەلکوەرگرتن لە سامانەکانی ئێرانیان قۆستۆتەوە. دروشمی، "نە غەززە، نە لوبنان، گیانم فیدای ئێران"، لە خۆپیشاندانێکی حکوومەتی لە ڕۆژی قودس لە ساڵی ٢٠٠٩، لە وەڵامی خۆپیشاندانی حکوومەتی بۆ پشتگیریی لە فەلەستین، درا. ئەو هەڵوێستە لە نارەزایەتییەکانی دواتر لە ٢٠١٧، ٢٠١٩ و ٢٠٢٣-٢٠٢٢ درێژەی هەبوو و بەردەوام لە سەرانسەری ئێران دەنگ دەداتەوە. دۆخی هەنووکەیی شەڕی غەززە، لەگەڵ نادڵنیایی لە بڕیارەکانی ئێران و فەرمانەکانی بە تاقمە بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەدا، پێویستیی پێداچوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران پشتڕاست دەکاتەوە. دانپێدانان و چارەسەر کردنی دەستڕۆیشتوویی پەرەئەستێنی تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران، کە بە پشتیوانیی

تاران بواری بۆ دەرەخسێ، فرە گرینگە.

یەکەم هەنگاوی یەکلاکەرەوە ئامادە کردنی ستراتێژی پێویست بۆ بڕینی پەیوەندیی نێوان دابینکردنی پشگیریی ئێران و دابینکردنی سامانی تاقمە بەکرێگیراوەکان و لەو ڕێیەوە دارشتنەوەی دینامیکە ژێۆپۆلیتیکییەکان و پێشگرتن بە قەیرانی ناوچەییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

## ئێران بەرەوڕووی کێوێک لە کێشەی نێوخۆیی چارەسەر نەکراو بۆتەوە

### ناوەندی ستیمسۆن- نووسەر نهێنی

**یادداشتی سەرنووسەر**: لە کاتێکدا کە ناوەندی ستیمسۆن زۆر بە دەگمەن بابەتی نهێنی بڵاو دەکاتەوە، نووسەری ئەو وتارە لێکۆڵەرەوەیەکە لە تاران دەژی و، لەبەر نیگەرانیی ڕەوا لەمەڕ ئەمنییەتی خۆی، ئەو داوای کردوە ناوی ئاشکرا نەکرێ. نووسەر بۆ کارمەندانی پێوەندیداری ئەو ناوەندە ناسراوە، ڕابردووی لێکدانەوەی جێگای متمانەی هەیە و لە پلەیەک دایە کە بتوانێ ڕوانگەی وەها پێشکەش بکات کە لە شوێنی دیکە دەست ناکەوێ.

لە کاتێکدا ئێران بەکرێگیراوەکانی دژی ئیسڕائیل دەورووژێنێ، لە نێوخۆ بەرەوڕووی کێشەی پەرە ئەستێنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.
پاشگەزبوونەوەیەکی ئەو دواییانەی دەوڵەت لە زیادکردنی باجی مووچەخۆرانی کەرتی گشتی و وردە فرۆشان، تەنیا تازەترین شکستی شەرمەزارکەری بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆک کۆمار ئیبراهیم ڕەئیسییە. تەنانەت لە کاتی دنەدانی "بەرەی مقاومەت" لە دەرەوەی وڵات، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی پیسبوونی کوشندەی هەوا، چوونەسەری ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکان، کەمبوونەوەی سامانی سندووقەکانی خانەنشینی و نامۆبوونی هەرچی زیاتری خەڵک لە سیستەمی دەسەڵاتدار، خەبات بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوخۆی وڵات دەکات.

لێکۆڵەر عەبباس عەبدی لە وتارێکدا لە ٢٨ی نۆڤەمبەر، نووسی ئەو قەیرانانە "هەموویان ئاکامی سیستەمێکن کە بڕیاری هەڵە دەدات، کە لەو چەند مانگەی دواییدا خراپتریش بووە و ئاکامەکەی زۆر جار قووڵتر بوونەوەی قەیرانەکانە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە بە قووڵتربوونەوەیان، چارەسەر کردنیان تێچووی زۆرتری پێویستە کە ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی ویستی سیاسی بۆ چارەسەر کردنیان".

### کێشەکانی کەشوهەوا

هەر کەسێک زستانان سەردانی تارانی کردبێ دەزانێ پیسیی هەوا بۆتە دیاردەیەکی هەمیشەیی پایتەخت و شارە مەزنەکانی

دیکە. تا ئێستا، ئەو ساڵ ژمارەی ئەو ڕۆژانەی هەوای تاران خاوێن بووبێ زۆر کەم بووە. بەهۆی گەمارۆکان، هیچ وەبەرهێنانێکی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی گازی خاوێن نەکراوە. لە ئاکامدا، ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە قەراخ تاران و شارە مەزنەکانی دیکە لە جیات سووتاندنی گازی سروشتی، دەستیان بە سووتاندنی مازووت، نەوتێکی ڕەش و قورس، بە چۆنایەتییەکی گەلێک نزم و فرە پیسکەر کردوە. بێجگە لەوە کە بۆتە هۆی تێچووی ساڵانەی ٧ میلیارد دۆلار بۆ ئابووریی ئێران، پیسکردنەکە دەبێتە هۆی کوژرانی ساڵانەی ٢٠ هەزار کەس. تەنیا ڕێگاچارەیەک کە دەوڵەت پێشکەشی کردوە، داخستنی قوتابخانەکان بووە کە لە ٣ و ٤ی دێسەمبەر لە پارێزگای تاران جێبەجێ کرا.

کارەساتێکی دیکە کە ئاکامی سیاسەتی شکستخواردووی چەندین ساڵەیە، وشکبوونی گۆلی ورمێیە کە ئاوەکەی ٪٨٠ کەمی کردوە. لە ئێستادا، تەنیا ٪٤ی ئاوی گۆلەکە ماوە. گۆلی ورمێ، مەزنترین گۆلی ئێران و شەشەمین گۆلی سوێری گەورەی دنیایە. مەرگی نزیکی ئەو گۆلە ناکرێ تەنیا بۆ گەرمبوونی جیهانی بگەڕێتەوە، چونکە گۆلەکانی عێراق، تورکیە و ئەرمەنستان کە هەمان ڕێژە بارانیان لێ دەبارێ لە دۆخێکی گەلێک باشتردان.

## ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەڵاوسان

قەیرانێکی جیددی دیکە، قەیرانی دارایی سندووقەکانی خانەنشینیی ئێرانە. لە ١٧ سندووقی خانەنشینیی چالاک لە ئێران، پازدەیان بەکردەوە مایەپووچن و تەنیا دووانیان دەمێننەوە، لە نێویاندا ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتییش لەرزۆکە. ئەو سندووقانە ڕێژەیەکی پەرەئەستێنی بودجەی دەوڵەتیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، کە دەگاتە ٪١٥ لە داهاتی ساڵانەی ئێران. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، حکوومەتەکان بەشی خۆیان بە شێوەی دانی پشکی گرانی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان دابین کردوە. ئابووریناسی بەنێوبانگ و ئاکادێمیسیەن، ناسر زاکری، لە وتارێکدا لە ٢٦ی نۆڤەمبەر نووسی کە لێنەهاتوویی دەوڵەت بۆتە هۆی زیانی بەرچاوی ئەو سندووقانە. بێئەوەی کەسێک بەرپرسیارییەکە وەئەستۆ بگرێ. ئەوە لە کاتێکدا دەقەومێ کە کۆمەڵگەی ئێران بە تەمەنتر دەبێ و ڕێژەی مووچەخۆران و هێزی کار هێندە زیادی نەکردوە کە بتوانێ قەرەبووی ڕێژەی پەرەئەستێنی خانەنشینان بکاتەوە. لە جیاتی باشترکردنی بەڕێوەبەریی سندووقەکان، دەوڵەتی ڕەئیسی بەتەمایە تەمەنی خانەنشینکران لە ٥٥ بۆ ژنان و ٦٠ بۆ پیاوان، بکاتە ٦٠ بۆ ژنان و ٦٥ بۆ پیاوان.

بڕیار بوو ڕەئیسی لە ٢١ی مانگی نۆڤەمبەر پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵانە پێشکەش بکات، بەڵام پارلەمان هێشتا پێداچوونەوە بە حەوتەمین پلانی گەشەپێدانی ٥ ساڵەی تەواو نەکردوە. وەزیری ئابووریی ڕەئیسی، ئیحسان خاندوزی،

هێندێک لە بەشەکانی بودجەی بۆ هەواڵدەرییەکان ئاشکرا نەکرد. بەگوێرەی ئەو ناوەندە هەواڵدەرییانە، ڕێژەی باج ٤٩،٨٪ زیاد دەکات، لە کاتێکدا کە فرۆشتنی نەوت ٢٢٪ی کۆی بودجە پێک دێنێ کە لە ساڵی ڕابردوودا ٢٨٪ بوو. مووچەکان قەرارە ١٨٪ زیاد بکرێن کە گەلێک لە ڕێژەی ٤٠٪ی هەڵاوسان کەمترە.

دەوڵەت لە کەم کردنەوەی تێچووەکانی لە ساڵی هەڵبژاردندا بێزارە کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەردەوامیی چوونەسەری ئاستی هەڵاوسان.

## ئاسۆی هەڵبژاردن

لە یەکی مارس، ئێرانییەکان داوایان لێ دەکرێ لە هەڵبژاردنی پارلەمانی نوێ و هەروەها ئەنجومەنی پسپۆڕان، دامەزراوەیەکی ٨٨ کەسی کە وێدەچێ بڕیاردەری دەستنیشان کردنی ڕێبەری گەورەی داهاتوو، پاش مردنی ڕێبەری هەنووکەیی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بێ، بەشدار بن.

٤٥ ساڵە، کۆماری ئیسلامی ڕەوایی خۆی بە ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بەستۆتەوە. بەڵام، ئەوساڵ بڕیاردەرە پلەبەرزەکانی ڕێژیم وێدەچی بڕیاریان دابێ تەنیا بەشداریی ڕێژەیەکی کەم گەرەنتی ئاکامە دڵخوازەکەیان دەکات و وێدەچێ هاڵوەژاردنێکی بێبەزەییانەی بەربژێرەکان لە لایەن شووڕای نیگابان، کە زۆرینەیان توونددئاژۆن، بەڕێوە بچێ. ئەوەی میانڕەوەکان پێی دەڵێن "پرۆسەی پاکتاوکردن" لە ٢٠٢١ دەستی پێ کرد، کاتێک ڕەئیسی بەبێ ڕکابەرێکی جیددی هەڵبژێردرا. چالاکی سیاسی محەممەد سادق جەوادی - حەسار پێشبینی کردوە کە ڕێژەی دەنگدەرانی مانگی مارس "کەمترین" دەبێ و ئەوە "ئاسەواری دەبێ و پلە بەرزترین بڕیاردەران تێچووکەی دەدەن".

ژمارەیەک کەسایەتیی میانڕەو و ڕیفۆرمخواز و تەنانەی بەشێک لە توندئاژۆیەکانیش هەر ئەو بۆچوونەیان هەیە. سەرۆککۆماری پێشوو، حەسەن ڕوحانی، کە ناونووسییەکەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پسپۆڕان بوو بە هۆی تووڕەیی ڕکابەرەکانی، گوتی ئەو "دەبێ خۆی ناونووس بکات تا نیشان بدا وڵات تەنیا هی تاقمێکی هەڵبژردراو نییە." ئەو ڕەوایی ڕێبەری نوێ هێنایە ژێر پرسیار کە "لە لایەن ئەنجومەنێکەوە دەبێ کە بە بەشداریی ١٠٪ی دەنگدەران هەڵدەبژێردرێ".

ڕاپرسییە سەرەتاییەکان دەڵێن ڕێژەی بەشداران لە هەڵبژاردندا بە شێوەی پێوانەیی کەم دەبێ. ڕاپرسییەک کە لەلایەن

**بەشی: سێهەم**

ئاژانسی ڕاپرسی خوێندکارانی ئێران بەڕێوە چووە، ئاشکرای کرد کە ٢٧،٩٪ لە وەڵامدەران گوتوویانە "بێگومان بەشدار دەبن"، لە کاتێکدا ٣٦٪ گوتوویانە "بێگومان دەنگ نادەن". عەباس عەبدی پێشبینی کرد ڕێژەی بەشداریی لاوانی خوێندەواری شارەکان کەمتر لە ٧٪ و بەشداریی گشتی لە تاران و شارە مەزنەکانی دیکە کەمتر لە ١٥٪ دەبێ.

ڕۆژنامەوانی دیاری ڕیفۆرمخواز، محەممەد قوچانی گوتی هەڵبژاردنێک بەو ڕێژە کەمەی دەنگدەران و ئاکامی لەپێشدا دیاریکراو "دەبێتە هۆی بنکۆڵکردنی تەنیا جیاوازیی نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پەهلەوی. دامەزراوەی هەڵبژاردن کاریگەریی و پێوەندیداریی خۆی لەکیس داوە و شێوەکانی دیکەی ئاڵوگۆڕی ئاشتییانە وەکوو خۆپیشاندان بێکەڵک بوون. ئێمە دەبێ بیر لە شتێکی نوێ بکەینەوە".

ڕۆژنامەوانی کۆنەپەرست، محەممەد مۆهاجری، پێشبینی کردوە کە پرۆسەی ڕەتکردنەوە "وەها بەرچاوە کە بەو زووانە تەنانەت خودی ڕەئیسیش دەگرێتەوە. ئەو مەزنترین قوربانیی پرۆسەی ڕەت کردنەوە دەبێ. کاتێک وەرزی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ٢٠٢٥ دەست پێ دەکات، هەر ئەو توندڕەوانە بەردەوام دەبن و ڕەئیسی بەجێ دێڵن".

## گرژیی کۆمەڵایەتی

ئەو پێشهاتانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە گرژییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی هەوڵەکانی سەپاندنی حیجاب خەریکی پەرە ئەستاندنن. "گەشتی ئیرشاد" کە دوای کوژرانی مەهسا ئەمینی لە کاتی دەستبەسەرکران لە لایەن پۆلیسەوە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢ هەڵگیرابوونەوە، دیسان بە شێوەیەکی نوێ وەکار کەوتوونەوە. تاقمی پاسەوانانی حیجاب لە شوێنە قەرەباڵغەکان لە سەرانسەری تاران جێگیر کراون و ڕێژیم بە "کاردانەوەی خۆڕسک دژی شلیی حیجان لە شار" ناویان دێنێ. دوای ئەوە کە ڕۆژنامەی ڕیفۆرمخوازی ئیعتیماد بەڵگەیەکی ئاشکرا کرد کە فەرمانی وەزیری نێوخۆ، ئەحمەد وەحیدی، لەو بارەوە بوو، داواکاری گشتی دۆسیەیەکی یاسایی دژی ڕۆژنامەکە بە هۆی ئاشکرا کردنی بەڵگەنامەی نهێنی کردەوە. بەڵام، وەزارەتی نێوخۆ حاشای لە نێوەرۆکی ئەو بەڵگەنامەیە نەکردوە.

لیستەی دووروودرێژی ئەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی بەرەورووویان بۆتەوە هەروەها لە ڕێژەی پێوانەیی ئیعدامەکاندا، کە ڕێژیم هەوڵ دەدا سوود لە جەختی نێونەتەوەیی لەسەر شەڕی غەززە وەرگرێ، ڕەنگ دەداتەوە. گەندەڵیی بە شێوەیەکی بەرچاو بەردەوامە و هەروەها پەرەئەستاندنی بەرچاوی دیاردەی کۆچ کردنی خەڵکی خوێندەوار و پسپۆڕ بۆ هەندەران.

**هەموو ئەو قەیرانانە ئاماژە بە شکستی سیستەمی خاوەن دەسەڵات بۆ چارەسەر کردنی کێشە بەپەلەکان دەکەن. وەکوو کۆمەڵناس، فازلی ئاماژەی پێ کردوە، "ئێران لەسەر تیغی گوێزانە" بەبێ ئەوەی دەراوێکی ڕوونی لێ دیار بێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

## لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەوڕووی بەکرێگیراوانی ئێران دەبێتەوە، بایدێن لەژێر گوشاردایە

**دێهیڵ – برەد درێس**

لەسەر مافی بەپەرچدانەوەی توندتر بەهۆی هێرشی بەردەوام بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، شوێنێک کە بنکەکانی ئەمریکایی نیزیکەی ١٠٠ جار هێرشیان کراوەتە سەر و پاپۆڕە بازرگانییەکان لە دەریای سوور هەراسان دەکرێن، سەرۆککۆمار بایدێن بەرەوڕووی زەختی پەرەئەستێن دەبێتەوە.

لافاوی هێرشی تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێرانی لە سەرانسەری ناوچە، کە نیزیکەی دوو مانگ لەوە پێش، لە ١٧ی ئۆکتۆبر هاوکات لەگەڵ شەڕی ئیسرائیل - حەماس لە غەززە دەستی پێ کرد، نایشارێتەوە و بۆتە هۆی تووڕەیی پەرەئەستێن لە کاپیتۆل هیڵ.

کۆماریخوازەکان زەخت دەخەنە سەر بەڕیوەبەرایەتی بایدێن تا بەهێزتر بەرپەرچی تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران بداتەوە. ڕێبەری کەمینەی ئەنجوومەنی پیران، میچ مەککانێڵ (کۆماریخواز لە ویلایەتی کێنتاکی)، ڕۆژی چوارشەممە گوتی بایدێن دەبێ جەخت لەسەر "ئەرکی هەنووکەیی" واتە چاوترسێنکردنی ئێران بکاتەوە. مەککانێڵ گوتی: "بێتوو ئەو تاقمە بەکرێگیراوانەی ئێران چاوترسێن نەکرێن، وا بیر دەکەنەوە کە دەتوانن بێ لێپرسینەوە ئەمریکاییان بکوژن" و داوای لە بایدێن کرد "لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو هەڕەشانە جیددی بێ".

بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییش لەسەر شانۆی مشتومڕی هەڵبژاردن ئەو داوایەیان ئاراستەی بایدێن کرد. فەرمانداری فلۆریدا، ڕان دێسانتیس، کۆنە جەنگاوەرێکی هێزی دەریایی، گوتی: "هێزە ئەمریکاییەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێی'کێلی نیشانەن" و فەرمانداری پێشووی کارۆلاینای باشوور، نیکی هێلی، نێردەی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، بایدێنی بە پاشەکشە لە بەرانبەر ئێراندا تۆمەتبار کردوە. هێلی لە بارەی ئێران گوتی:" ئەوان تەنیا لە بەرانبەر هێزدا وڵام دەدەنەوە، تۆ دەبێ لێیان بدەی، دەبێ زۆر بەتوندی لێیان بدەی و ئیزنیان پێ بدەی لەوە تێبگەن".

**بەشی: سێهەم**

بەگوێرەی دوایین هەڵسەنگاندنەکانی پێنتاگۆن، لە ١٧ی ئۆکتۆبر بەولاوە تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران لە عێراق و سووریە، ٩٢ جار هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ئەمریکایی. وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەمان شێوە چەند جار بەرپەرچی چەکدارە حوسییەکانی یەمەنی داوەتەوە. حوسییەکان، کە ئەوانیش لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێن، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان بە پاپۆڕەکانی ئەمریکاییەوە ناوە و هەروەها توانیویانە پاپۆڕێک لە مانگی ڕابردوودا بە بارمتە بگرن.

ئەو هێرشانە کە لە دەریای سوور دەکرێن، ساڵانە نیزیکەی دە لە سەدی هاتوچۆی دەریایی بازرگانیی جیهانی بەوێدا تێپەڕ دەبێ. لەگەڵ زیاد بوونی هێرشەکان و پەرەگرتنی ڕەخنەکان، کاربەدەستانی بەرگریی دەڵێن ئامانجی سەرەکی ئەوان سنووردارکردنی شەڕی ئیسرائیل - حەماس پێشگرتن بە کێشەیەکی بەربڵاوتر لە ناوچەیە، بۆ ئەو مەبەستە واشینگتۆن هەنگاوی ڕێژەیی دژی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران دەگرێتە بەر.

کایەی مەترسیداری تۆڵە بە تۆڵە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو نیگەرانییە کە وڵاتە یەکگرتوەکانی کایە بە ئاگر دەکات و بۆتە هۆی ئەو ترسە هەنگاوێکی هەڵە دەتوانێ ببێتە هۆی تەشەنەکردنێکی بەربڵاوتری توندوتیژی. تاناسیس کامبانیس، سەرۆکی تینک تانکی پێشکەوتنخوازی سێنچری ئینترنشناڵ دەڵێ: "تەنانەت بێتوو ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان شەڕێکی بەربڵاوتریشیان نەوێ، لێکدانەوەی هەڵە بەئاسانی دەتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکردنی شەڕێکی ئەوتۆ".

شەڕەنگێزییەکانی میلیشیا بەکرێگیراوەکان دژی وڵاتە یەکگرتووەکان چەند ساڵە درێژەی هەیە. لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٢١ تا سەرەتای ٢٠٢٣، حەفتا هێرش لەلایەن تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێرانی لە عێراق و شوێنی دیکە ڕوویان داوە. بەڵام دەستپێکی شەڕی ئیسرائیل – حەماس بووە هۆی ڕێژەیەکی پێوانەیی هێرش لە ماوەیەکی کورتدا. لێکۆڵەران دەڵێن میلیشیا بەکرێگیراوەکان و ئێران دیانەوێ پەیامی هاوپشتی بۆ گەلی فەلەستین بنێرن، هاوکات دژی حزووری سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانن. بوونی سەربازیی، لەناویاندا پاپۆڕی فڕۆکە هەڵگری ئەمریکایی و ژێردەریایی ناوەکی لە ناوچەکەدا دەگرێتەوە.

بەگوتەی لێکۆڵەران ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانی پێویستیانە لە جەنگەی شەڕی ماڵوێرانکەری غەززەدا پیشان بدەن دژی ئەمریکان، بەڵام تاران وەکوو واشینگتۆن، نایەوێ لە ڕادەبەدەر بچێتە پێش. وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەورووی دوو شەڕی مەزنی غەززە و ئۆکراین بۆتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەو دوو کێشەیە زەخت دەخەنە سەر واشینگتۆن، ئامانجی سەرەکی بەڕیوەبەرایەتیی بایدێن دڵنیابوون لەوەیە کە ئاگری شەڕێکی بەربەرینی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی

نێوەڕاست هەڵنایسێ. وتەبێژی ڕۆژنامەوانیی پێنتاگۆن، ژەنراڵ پەت ڕایدەر، ڕۆژی پێنجشەممە بە هەواڵنێرانی گوت وڵاتە یەکگرتووەکان لە چاوترسێنکردنی تاقمە میلیشیاییەکانی سەر بە ئێران سەرکەوتوو بووە. ڕایدەر گوتی: "ئەوە بەو مانایە نییە کە ئاڵنگارییەکانی پێوەندیدار بە هێرشی بەکرێگیراوانی ئێران بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریە و ئەو چەکدارانەی هاژەک بە پاپۆڕانەوە دەنێن، شتێکن کە نابێ بە جیددی وەرگیرێن".

مایکڵ نایت، پسپۆڕێکی ئێران و عێراق لە ئەنستیتۆی سیاسەتی خۆرهەڵاتی نیزیک، گوتی وڵاتە یەکگرتووەکان توانیویەتی تێکهەڵچوونەکان لە ئاستێکی ڕێژەییدا ڕاگرێ و لە کاتێکدا کە "لە مانشێتەکاندا جوان نایەتە بەرچاو،" لەڕاستیدا هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە نییە. نایت ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ ئەندامێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هێرشەکانی ئەو دواییانەدا نەکوژراوە و تاقمە میلیشیاکان وێدەچێ هێرەشە هاژەکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان بە شێوەیەک جێبەجێ بکەن کە پێش بە کوژرانی هێزەکان بگرن. نایت گوتی: "ئەوان ئەگەرێکی کەمیان هەیە بەر هێزە ئەمریکاییەکان بکەون و هێندێک جار بەئانقەست بە شوێنی دیکەوە دەنرێن، چونکە هاژەکی مەزن تەنانەت پێگەکانیان نەگرتوونەوە. تەقەی زۆر بیستراوە، بەڵام ئەوان وەکوو دەڵێن لە ئاستێکی ماقووڵ دابوون، واتە هێرشی تاقە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بووە کە بۆ هێزەکانی ئەمریکایی شتێکی ئاساییە".

بەڵام نایت دەڵێ: "چاوترسێنکردنی حوسییەکان لە نیزیک یەمەن شکستی هێناوە و وێدەچێ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەئانقەست خۆ لە جێبەجێکردنی هێرشی وێرانکەرتر ببوێرێ. هۆیەک بۆ ئەو دادان بە جەرگ داگرتنە دەتوانێ پێشگرتن بە شکستی وتووێژی ئاشتی بێ کە ساڵێکە لەنێوان چەکدارانی حوسی و دەوڵەتی یەمەن کە هەر دوو لا لە ئاگربڕێکی لەرزۆک دان، لە ئارادایە. نایت گوتی: "وڵاتە یەکگرتووەکان نایەوێ پرۆسەی ئاشتی تێک بچێ و حوسییەکانیش بەتەواوی کەڵک لەوە وەردەگرن. چونکە دەزانن ئێستا ئەوان دەتوانن ئەوەی پێیان خۆشە بیکەن. ئەوانە بەشێک لە پازێڵی چاوترسێن کردنن کە وڵاتە یەکگرتووەکان تێیدا کەمترین سەرکەوتنی هەبووە".

حوسییەکان وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان، لایەنی بەرچاوی تاقمەکانی سەر بە ئێرانن و لە شەڕەکەیان دژی دەوڵەتی یەمەن کارامەیی خۆیان وەدەست هێناوە. ئەو شەڕە ئەوانی، لە بەراورد لەگەڵ تاقمە میلیشیاکانی دیکەی سەر بە ئێران، کردۆتە هێزێکی شەڕکەری لێهاتوو. کۆماریخواز مایکڵ مەککاڵ (لە ویلایەتی تێکزاس)، سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرە، بەهۆی شکستی بایدێن لە وەستاندنی هێرشەکانی حوسییەکان ڕەخنەی لە بایدێن گرت و داوای هەنگاوی مەزنتر دژی ئەو تاقمەیەی کرد، لە ناویاندا دەستنیشانکردنی وەکوو ڕێکخراوی تێرۆریستیی بیانییە.

**بەشی: سێهەم**

مەککاڵ لە لێدوانەکەیدا گوتی: "بە پێشتریەتیدان بە سیاسەت لە جیات ئەمنیەت، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆتە هۆی گەشەی بڕوابەخۆیی حوسییەکان و ئیزنی پێ داون گەشە بە چەکی پێشکەوتووتر بدەن. پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران پەرە پێ بدەن و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر میلیۆنان هاووڵاتی بێتاوانی یەمەنیدا چڕتر بکەن".

ئەو گوتی "ئەوە ئاشکرایە کە حوسییەکان هەڕەشەیەکن بۆ یەمەن، بۆ هاوبەشەکانمان لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هێزی سەربازیی و شارۆمەندانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە و ئازادیی دەریاوانیی بۆ بازرگانیی جیهانین" .

## دەستنیشانکردنیان حوسییەکان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی دەتوانێ ڕێخۆشکەری چاوترسێنکردنی و هەروەها سنووردارکردنی ئابووریی ئەو تاقمە بێ

"جەیسۆن بلازاکیس"، سەرۆکی ناوەندی تیرۆریزم، بنائاژۆخوازیی و دژە تیرۆر لە ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی میدڵبوری، گوتی: "دەستنیشانکردنی حوسییەکان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی، دەتوانێ یارمەتی بە وڵاتە یەکگرتوەکان بکات و وێناچێ وتووێژی ئاشتی لە نێوان حوسییەکان و دەوڵەتی یەمەن لە مەترسی هاوێ. هەروەها ئەو گوتی: "ئەوە نیشانەی نارەزایەتی وڵاتە یەکگرتوەکان بەرانبەر بە ئاکاری ئێران دەبێ. دەبێ وەڵامی حوسییەکان بەهۆی چالاکییە دەرەکییەکانیان بدرێتەوە. ئەوان بەشێوەیەکی پەرەئەستێن بوونە هێزێکی شەڕانشۆ ئەوە نابێ پاشگوێ بخرێ." وڵاتە یەکگرتوەکان هەروەها بیر لە هێزێکی بەرپەرچدانەوەی دەریایی دەکاتەوە کە لە پاپۆڕی هێرشبەری چەند وڵات پێک هاتووە تا بتوانێ لە بەرانبەر هەڕەشەکانی حوسییەکان، بەرگری لە پاپۆڕە بازرگانییەکانی دەریای سوور بکات.

وێدەچی تا ئەوکاتەی شەڕی ئیسرائیل بۆ تێکشکاندنی حەماس لە غەززە، کە ئاسەواری وێرانکەری بۆ خەڵکی مەدەنی ئەوێ هەبووە درێژەی هەبێ، گرژییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بەردەوام دەبن. ڕۆژی پێنجشەممە، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل گوتی: "شەڕی غەززە دەتوانێ چەند مانگی دیکە درێژەی هەبێ.

**"لارێنس ویلکرسۆن، سەرهەنگێکی خانەنشینکراوی ئەمریکایی کە لە پێشدا لەژێر فەرماندەیی وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو، کالین پاوێڵ، خزمەتی کردوە گوتی: "ئەگەر بایدێن دەیەوێ پێش بە چوونی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کێشەیەکی لە کۆنترۆڵ نەهاتوو بگرێ، دەبێ کۆتایی بە شەڕی غەززە بێنێ. ئەو گوتی: "تا ئەوکاتەی ئێمە بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی هێزەکانمان نەدەین تا بهێڵین دۆخەکە سەقامگیر بێ، ئەوان ئەو کارە ناکەن".**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣**



سەرچاوە Serchawe

# ئێرانی خەیاڵیی بایدن

## نەیشناڵ ریڤیو – ڕیچارد گۆڵدبرگ

چەند سەعات پێش کۆبوونەوەی ٣٠٠ هەزار کەسی لە نەیشناڵ ماڵ بۆ دەربڕینی هاوپشتی لەگەڵ ئیسرائیل و سەرکۆنەکردنی تێرۆریزمی حەماس، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن یادداشتێکی نارده کۆنگره تا ئیزن بە ئێران، پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزم و بکەری ڕاستەقینەی کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبەر بدا، تا دەستی بە ١٠ ملیارد دۆلار ڕابگات.

ئیسرائیل بە هەڕەشەی تێرۆریستی، ئەوەی مەلاکان پێی دەڵێن "ئاڵقەی ئاگر"، گەمارۆ دراوە کە لەلایەن تارانەوە هاوئاهەنگ و پشتگیریی دارایی دەکرێ. بەکرێگیراوی ئێران واتە حیزبوڵڵا، بە ١٥٠ هەزار هاژەک لە لوبنانەوە، ڕۆژانە بە هاژەکی دژی تانک، تۆپخانە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرش دەکات. خانە تێرۆریستییەکانی سەر بە ئێران لە جودیە و ساماریە ڕۆژانە هێرش دەکەن و هێزی بەرگریی ئیسرائیل ناچار بە دەستێوەردان دەکەن. حوسییەکانی یەمەن، کە خاوەن و دنەدەرەکەیان سوپای پاسدارانە، هاژەکی بالیستیکی، هاژەکی دەریایی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ئیسرائیل و هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەنێن و، لەو دواییانەدا لە دەریای سوور دەستیان بە سەر پاپۆڕێکی پەیوەندیدار بە ئیسرائیلەوە داگرت. تاقمێکی سەر بە ئێران لە سووریە بەردەوام هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکەنە سەر ئەیلات لە باشووری ئیسرائیل.

لە هەمان کاتدا، تاقمە تێرۆریستییەکانی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریە، ڕۆژانە خەریکی شەڕ دژی هێزەکانی ئەمریکایی لەو دوو وڵاتانەدان و دەیان ئەندامی هێزی سەربازیی ئەمریکایان بریندار کردوە. لە هێرشێکی ئەو دواییانەدا بەڵێندەرێکیش کوژرا.

چۆن سەرکۆمارێکی ئەمریکایی پێی وایە ئاقڵانەیە، دروست لەو ساتەوەختەدا، سەری هەمبانە شل بکاتەوە بۆ یاریدەدەری دارایی و بەرپرسی ئەو هەموو وێرانکارییە؟ وەڵامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٥، کاتێک سەرکۆمار باراک ئۆباما هەوڵی دا پارادایمی ستراتیژیکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە دانی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بگۆڕێ.

بۆ زۆربەی ئەمریکاییەکان ئەوە تەنیا "مامەڵەیەکی ناوکی" بوو (کە بەفەرمی نێوی نرا بەرجام) لەگەڵ شەڕێکی سیاسی لەسەر ئەو بابەتە کە ئاخۆ سیاسەتی سازان یان بەرەوڕووبوونەوە باشترین ڕێگایە بۆ پێشگرتن بە پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریزم لە دنیادا کە دەستی بە وێرانکارترین چەکی دنیا ڕا بگات. بۆ ئۆباما و نزیکترین یاریدەدەرانی، ئەوە دەرفەتێک بوو تا ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە نادادپەروەرییە کۆنەکانی ئەمریکا بوو، قەرەبوو بکەنەوە. ئەوان پێیان وابوو ئێران نەفرەتی لە ئەمریکا هەیە، پشتگیری لە تێرۆریزم دەکات و بەشێکی بەو هۆیەوە هاژەکەکانی بڵاو دەکاتەوە، چونکە ئەمریکا خراپەی لەگەڵ خەڵکی ئێران کردوە.

ئۆباما لە ٢٠١٥ بە توماس فریدمەنی نیویۆرک تایمزی گوت، "من پێموایە دەبێ ئەو تواناییەت هەبێ کە هێندێک جار خۆت لە جێگای ئەوان دانێی و، کاتێک دەڕوانیە مێژووی ئێران، ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە دەستمان لە ڕووخاندنی ڕێژیمێکی بە دێموکراتیک هەڵبژێردراو لە ئێراندا هەبووە. ئێمە لە ڕابردوودا پشتیوانی سەددام حوسێن بووین، کاتێک دەزانین کە ئەو لە کاتی جەنگی ئێران-عێراق کەڵکی لە چەکی شیمیایی وەرگرتبوو، کەوابوو، لە ئاکامدا، ئەوان نیگەرانیی ئەمنیەتی و بۆچوونی خۆیان هەیە".

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما پێی وابوو بە پێشکەشکردنی چڵی زەیتون و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەتوانن ڕێژیم میانڕەو بکەن و بە ئاواڵەکردنی دەستی ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە سامانەکانی و پەرەپێدانی دەسەڵاتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هاوسەنگی لە نێوان لایەنە ڕکەبەرەکانی شیعە و سوننی دەبێتە هۆی سەقامگیریی ناوچە و کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە.

هەڵبەت ئەوە نیشانی دا کە ستراتیژییەکی کارەساتبارە و لە جیات کەمکردنەوەی هەڕەشە، کێشەی سەربازیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوی زیاتر کرد. هەڵگرتنی گەمارۆکان، داخستنی ئۆپەراسیۆنەکانی وەزارەتی داد و ڕازیکردنی وەزارەتی بەرگریی بۆ خۆبەستنەوەی زیاتر بە دوژمنی سوێندخواردووی ئەمریکا، کە پشتگیریی لە تێرۆریزم دەکات و هەوڵ دەدا چەکی ناوکی وەدەست بینێ، دەبێتە ئەو شتەی کە چاوەڕوان کراوە، واتە تێرۆریزمی زیاتر، گەشەکردنی بەرنامەی ناوکی و دۆخێکی لاوازی هێزی سەربازیی.

بەر لە ڕێککەوتنی ناوکی، ئێران پرسێکی نێوان هەر دوو حیزبی کۆنگرە بوو. لە ٢٠١١ پێشنیاری گەمارۆخستنە سەر بانکی ناوەندیی ئێران لە ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا هەموو ١٠٠ دەنگەکەی پێ درا. لە کاتێکدا لە ٢٠١٥ لە باسێک لەسەر

بەشی: سێهەم

ڕێککەوتنەکە بووە هۆی هاودەنگیی ڕێژەیەکی زۆر لە نوێنەرانی دیموکراتی ئەنجومەنی پیران و کۆنگرە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماریخوازی ئۆپۆزیسیۆن، کاتێک ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کرا، کە بووە هۆی پتەوکردنی بناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی سەرکۆماری خۆشەویستی دەنگدەرە لیبراڵەکانی، ئەو ڕێککەوتنە بووە هۆی مشتومڕی سیاسیی ئەو دوو حیزبە.

بەڵێنی دۆناڵد ترامپ بۆ هەڵوەشاندنی ڕێککەوتنەکە و لە کۆتاییدا بردنەسەری ئەو بەڵێنە، باسی سیاسی لەبارەی ئێرانی هێندەی دیکەش کردە پرسێکی سیاسی. سیاسەتێک کە تەنیا هەشت ساڵ پێشتر دەنگی هەمووانی پێ درابوو، لەلایەن دیموکراتەکانەوە سەرکۆنە دەکرا، چونکە ترامپ باوەشی بۆ کردبۆوە.

بۆ هێندێک کاربەدەستی هەڵبژێردراو گرینگ نەبوو کە ئێران کەڵکی لە ڕێککەوتنەکە وەرگرتبوو تا زۆر زیاتر لە پێشوو هاژەک بهاوێ، بوونی تێرۆریستی خۆی لە سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن، کەناری ڕۆژاوا و کەرتی غەززە پەرە پێ بدا و، سانتریفیۆژی پێشکەوتووی دروست کردن بە جۆرێک کە تەنیا ڕۆژێکی کات پێویست بێ بۆ تێپەڕ بوون لە بەربەستی بوون بە هێزی خاوەن چەکی ناوکی. بۆ پشتیوانانی ڕێککەوتنی ناوکی گرینگ نەبوو کە موسادی ئیسرائیل ئارشیوی بەڵگەی نهێنی لەمەڕ چەکی ناوکی، شاردراوە لە تاران، دیتبۆوە، دیتنەوەیەک کە چەند بنکەی ناوکی نەزانراوی ئاشکرا دەکردن و دەیسەلماند کە ئێران چەند ساڵ دانوستانکاران و پشکێنەرانی فریو داوە. ئەوەشیان بۆ گرینگ نەبوو کە سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپ ئاکامی هەبوون: کەمترکردنەوەی پشتگیریی دارایی لە تێرۆریزم، ناسەقامگیریی ئابووری لە ئێران و جەماوەری لایەنگری ڕۆژاوا کە لە ٢٠١٩ لە دژی دیکتاتۆرەکەیان ڕاپەڕیبوون. تەنیا شتێک کە گرینگ بوو، پاراستنی ڕێککەوتنی ئۆباما و بەراوەژووکردنەوەی هەموو سیاسەتەکانی ترامپ بوو.

لەبەر ئەو هۆیە، بەرپژێر جۆ بایدن بەڵێنی دا خێرا بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکە و کۆتایی بە سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بێنی. لە کاتی گواستنەوەی دەسەلات بۆ بایدن، ئێران ئیرادەی سەرۆکی نوێی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ئاستی ٪٢٠، کارێک کە تاران لە کاتی دەسەڵاتی ترامپدا خۆی لێ بواردبوو، تاقی کردەوە.

سەرەڕای ئەو هەنگاوە، کاتێک سەرکۆمار دەستبەکار بوو، سیاسەتی ئەمریکای لە زەختەوە بۆ ڕازیکردن گۆڕی، بەو هیوایە بتوانێ بوار بۆ چالاککردنەوەی ڕێککەوتنی بەرجام خۆش بکات. بایدن حوسییەکانی یەمەنی -کە ئێران پشتگیرییان دەکات- لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان هێنایە دەر، خۆی لە چالاککردنی بڕیاری پەلەپیتکە ل لایەن ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بوارد، گەمارۆکانی شل کردنەوە ئێران دەستی بە دراو ڕابگا تا هێندێک قەرز بداتەوە و هەناردەی

نەوتەکەی بۆ چین زیاد بکات، پێشی بە هاوپەیمانە ئورووپاییەکان گرت تا ئێران ل لایەن ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی لە ڤییەن لێپێچینەوەی لێ بکرێ و، ئێزن درا بە بەکرێگیراوانی ئێران لە سووریە و عێراق بێ سزادان هێرش بکەنە سەر هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا. بە هیوای گەیشتنی خێرا بە ڕێککەوتن، بایدن، ڕابێرت ماڵی (کە لەو کاتییەوە نردێدراوەتە پشووی بێسنووری بێ مووچە لە چاوەڕوانیی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی بۆ هەڵسوکەتی نەشیاو لەگەڵ زانیاریی نهێنی) وەک نێردەی تایبەتی خۆی، سەرەڕای دەستەمۆ بوونی ماڵی لەلایەن ئێران و بەکرێگیراوەکانیەوە. ئەوپەڕی زەخت جێگای دابوو بە خۆ بەدەستەوە دان.

وەڵامی ئێران بۆ شلکردنەوەی زەختی گەمارۆکان، قووڵکردنەوەی کێشەکان لە سەرجەم بەرەکان بوو. ئەوەی لە جانیوەری ٢٠٢١ وەک ٢٠٪ پیتاندنی ئۆرانیۆم لە بنکەی ژێر زەویی فۆردۆ دەستی پێ کردبوو، لە ئاپریل بوو بە بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ پلەی ٦٠٪، بەرزترین ئاستی پیتاندنی ئێران. لە ئاگوستی ٢٠٢١، ئێران کانزای ئۆرانیۆمی بەرهەم هێنا، ماددەیەک کە بۆ چەکی ناوکی پێویستە. لە ماوەی ٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٢، ڕژێم بە شێوەیەکی بەرچاو سانتریفیۆژی پێشکەوتووی دامەزراندن تا توانایی پیتاندنی ئۆرنیۆم پەرە پێ بدا، لە کاتێکدا کە توانایی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی ئێران لە ناوەندی بەرهەمهێنانی سانتریفیوژ سنووردار کرا. ئێران لە دروستکردنی بنکەیەکی ناوکی لە نزیک نەتەنز پەلەی کرد کە گوایە ١٠٠ میتر لە ژێر زەوی دایە، کە لە هێرشی بۆمبی ئیسرائیلی و تەنانەت ئەمریکایی پارێزراوە. هێرشەرکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق و سووریە لە هەموو ئەو ماوەیەدا پەرەیان گرتوە، بە شایەتیی ژەنراڵ ئێریک کوریلا، فەرماندەی ناوەندی فەرماندەیی ئەمریکا لە مانگی مارس، بەکرێگیراوانی ئێران لە جانیوەری ٢٠٢١ بەولاوە ٧٨ جار بە هاژەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی ئەمریکا.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا، تیمی بایدن جارێک نەیگوت "نا". لە جیاتی پەنابردن بۆ سیاسەتی زەخت و چاوترسێنکردن، کۆشکی سپی بێهیواتر بوو، تەنانەت پەنای بۆ یارمەتی وەرگرتن لە ڕووسیە برد. لە جانیوەری ٢٠٢٢، گۆڤاری فارین پاڵیسی هاواری کرد: "یاریزانی بەتوانای دانوستانەکانی ناوکی: خوشت بوێ یان لێی بێزار بی، پیاوی ڕووسیە لە ڤییەن بۆتە وتەبێژی نافەرمیی ڕێککەوتنی ئێران." بەڕاستی، باڵوێزی ڕووسیە، میخایل ئولیانۆڤ فیلمی لێ گیرا کە بە خۆی و ئێرانییەکانی هەڵدەگوت کە لە وتووێژەکاندا چەندە پاشەکشەیان بە ماڵی کردوە.

بەڵام دروست لەو کاتەدا کە کاربەدەستانی ئەمریکایی و ڕووسیەیی پێشبینی ڕێککەوتنێک لە ماوەیەکی کورتیاندا دەکرد و

بەشی: سێهەم

ئەمریکا تەنانەت گەمارۆی سووک دەکردنەوە و ئیزنی بە ڕووسیە دەدا پشتیوانی لە بەرنامەی ناوکیی ئێران بکات، داگیرکاریی پوتین دژی ئوکراین ئەو ڕەوتەی پەک خست. مۆسکۆ پێداگر بوو کە نابێ هیچ ڕێککەوتنێک بێئەوەی ئیزن بە ڕووسیە بدرێ خۆی لە گەمارۆی ڕۆژاوا لە ڕێگای ئێرانەوە لادا، بکرێ. پوتین و خامنەیی ڕێککەوتنەکەیان پەک خست. بەڵام پاشەکشەکان بۆ بایدن قەت کۆتاییان نەهات. دوای ڕەتکردنەوەی سێ پێشنیار لە لایەن ئێرانەوە، وەڵامی کۆشکی سپی ئەوە بوو کە پێشنیاری پاشەکشەی دیکەش بکات، ئەو جار سووککردنی گەمارۆی ئابووری بۆ سەر سوپای پاسداران.

لە سەرەتای ئاگوستی ٢٠٢٢، یەکیەتیی ئورووپا شتێکی پێشنیار کرد کە ناویان نابوو ڕەشنووسی کۆتایی پێشنیاری ڕێککەوتن کە ئێران یان دەبوو پەسەندی بکات یان ڕەتی بکاتەوە. هێندێک خەڵک ڕەنگبێ پێیان وابێ گواستنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆمبرێژکراو بۆ ڕووسیە دووهەمین بەربەستی ڕێککەتن بوو، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی کرد بە هۆشداریدان کە ڕەنگبێ ئێران لە جولای ٢٠٢٢ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ڕادەستی ڕووسیە بکات و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەی دوو مانگ درێژەی بە وتوویژ بۆ ڕێککەوتنێک دا کە دەبووە هۆی پشتگیریی دارایی و ئەگەری ڕەواییدان بەو گواستنەوانە. ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان ناڕاستەوخۆ پەیامیان ئاڵوویر کردن تا وتوویژەکان لە سێپتەمبەر کۆتاییان هات.

پێش ئەوەی کۆشکی سپی دیسان ڕێگایەک بۆ پاشەکشە بدۆزێتەوە، گەشتی ئیرشادی ئێران مەهسا ئەمینی تەمەن ٢٢ ساڵی لەبەر ڕەچاونەکردنی یاسای حیجابی ڕێژیم کوشت کە بووە هۆی سەرهەڵدانی بێوێنە دژی ڕێژیم لە سەرانسەری وڵات. کاتێک ئێلیتی هالیوود لە سۆشیال مێدیادا بە لێشاو پشتگیریی خۆیان بۆ ژنانی ئێران ڕاگەیاند و، هەڵبژاردنی نێوان مەودا نزیک ببۆوە، لە کۆتاییدا کۆشکی سپی تووشی بەربەستێکی یەکلاکەرەوەی سیاسی بۆ درێژەدان بە وتوویژەکان بوو. هەڵبژاردنەکانی نێوان مەودا کۆتاییان هات و زستان بوو بە بەهار و کۆماری ئیسلامی خۆی لە سەرهەڵدانەکە دەرباز کرد. برێت مەگورک، ڕێکخەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی کۆشکی سپی چوو بۆ عوممان تا پەیامێک بۆ ئێران بنێرێ: ئەمریکا هێشتا خوازیاری ڕێککەوتنی ناوکییە.

ڕێککەوتنێکی نهێنی بۆ یەکەمجار لە ٧ی جونی ٢٠٢٣ لە لایەن ڕۆژنامەی ئیسرائیلی، هائارێتز پشتڕاست کرایەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئێران لە بەرانبەر سووککرانی گەمارۆکان، قبووڵی کردبوو "پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ ئاستی بەرز ڕاگرێ". ڕاپۆرتەکە باسی لە ئازادکرانی ٢٠ میلیارد دۆلار، لە عێراق، کۆرەی باشوور و سندووقی دراوی جیهانی، بۆ ئێران وەک "یەکەم قۆناغی" ئەو "لێکتێگەیشتنە"، کردبوو.

زۆری پێ نەچوو وڵاتە یەکگرتووەکان ئیزنی بە ئێران دا تا دەستی بە ٢،٧٦ ملیارد دۆلار ڕابگا کە لە عێراق ڕاگیرابوو تا بتوانێ قەرزەکانی لە شوێنی دیکەی دنیا بداتەوە. کاربەدەستانی ئێران مەزەندەیان دەکرد کە ١٠ میلیارد دۆلار دراوی سڕکراوی ڕێژیم لە عێراق هەیە و، لە مانگی جولای بەڕێوەبەرایەتی بایدن سووککردنێکی نوێی گەمارۆکانی ڕاگەیاند کە ئیزنی بە ئێران دەدا ١٠ میلیارد دۆلار لە عێراقەوە بگوازێتەوە تا یارمەتیدەری بودجەکەی بێ.

ئەوسا نۆرەی سووککردنی هەناردەکردنی نەوت هات کە بووە هۆی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە دراوی زۆرتر. مانشێتێکی ڕۆیتەرز لە مانگی جوون بەو شێوەیە بوو، "لە کاتی وتووێژە ناوکییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان، ئاستی هەناردە کردنی نەوتی ئێران ڕێکۆردی پێنج ساڵە دەشکێنێ" لە کاتێکدا کە ڕاپۆرتەکە دەیگوت لە مانگی مای ئێران ڕۆژانە زیاتر لە یەک و نیو میلیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەناردە دەکات کە بەرزترین ئاستی هەناردەکردنی مانگانە لە ٢٠١٨ بەولاوەیە. واڵ ستریت جورناڵ ڕایگەیاند مانگی دواتر هەناردە کردنی نەوتی ئێران دیسان ڕێکۆردی ٥ ساڵەی شکاند و گەیشتە ١،٦ میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژدا، کە دوو هێندەی ڕێژەی ساڵی پێشوو بوو. لە مانگی ئاگوست بلومبرگ ڕاستییەکەی ئاشکرا کرد: "کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە نافەرمی دانیان بەوە داناوە کە ئەوان وردە وردە سەپاندنی هێندێک گەمارۆ بۆ سەر فرۆشتنی نەوتی ئێرانیان ڕاگرتوە." بەگوێرەی سەعید قاسمی‌نژاد لە دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان، ئەوە ٣٠ میلیارد دۆلاری دیکەی پێشکەشی تاران کردوە.

دواتر، لە ساڵڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر، بەڕێوەبەرایەتی بایدن ڕێگای دا ٦ میلیارد دۆلار داهاتی نەوتی ئێران کە لە کۆرەی باشوور سڕ کرابوو، بکرێتە یورۆ و بدرێتە سەرەکیترین پشتیوانی تێرۆریزم لە دنیادا و لە حەوتووەکانی پێش کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبەر لەلایەن حەماسەوە، ئێران خەریکی وتووێژ بۆ دەستڕاگەیشتن بە ٣ میلیارد دۆلاری دیکە بوو کە لە ژاپۆن دەستی بەسەردا گیراوە.

پاش گەیشتنی هەواڵە ترسناکەکان لە ئیسرائیلەوە، لەبارەی هێرشە ترسناکەکەی کە هەموو نیشانەکانی پشتیوانیی و ڕێکخستنی ئێرانی پێوە دیار بوو، مرۆڤ چاوەڕوان بوو سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتی بایدن ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا بێ. بەڵام وا نەبوو. هەشت حەوتوو دواتر و پاش زیاتر لە ٧٠ هێرش بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەر لە عێراق و سووریە، ڕێککەوتنی ناوکیی بایدن لەگەڵ ئێران هەر درێژەی هەیە.

لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، بایدن بە فڕۆکە سەردانی ئیسرائیلی کرد تا هاوپشتیی خۆی بۆ دەوڵەتی جوولەکە ڕاگەیەنێ.

ئەوەی کە زۆر کەس نایزانێ ئەوەیە کە لە کاتی فڕینەکەدا، بایدن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانە ئورووپاییەکان، ڕێگای دا گەمارۆی هاژەک بۆ سەر ئێران ماوەی تێپەڕ بێ. ئەو دیارییە لە ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ پێشکەشی ئێران کرابوو و بایدن دەیتوانی ئەوە بە نووسینی نامەیەک بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوەشێنێ و گەمارۆکە بە سەر تاراندا بسەپێنێتەوە. بەڵام ئەو زیندوڕاگرتنی ڕێککەتنەکەی بەلاوە گرینگتر بوو.

ئەوسا مستی سەر دڵ هات، یەکەم درێژکردنەوەی سووککردنی گەمارۆی ئابووری دژی ئێران پاش ٧ی ئۆکتۆبەر، سووککردنێک کە ئیزن بە ئێران دەدا دەستی بە ١٠ میلیارد دۆلار لە عێراق ڕابگات، ڕاگەیەنرا. دەستخۆشانەیەک کە سووتەمەنی بۆ "ئاڵقەی ئاگر" بە دەوری ئیسرائیل دا زیاتر دەکات. هەر ئەو سەرکۆمارەی کە دوو پاپۆڕی فرۆکە هەڵگری وەک هۆشداریی بە تاران ناردنە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هاوکات گیرفانی ئایەتوڵلاکان پڕ دەکات. ئاخۆ جێگای سەرسوڕمانە کە حیزبوڵڵا و حوسییەکان هێشتا هاژەک دەهاوێن و میلیشیاکانی سەر بە ئێران هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان؟

ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە هیچی دەست دەکەوێ؟ بە هەموو نیشانەکانەوە، پیتاندنی ئۆرانیۆم، دامەزراندنی سانتریفیوژان، دروستکردنی بنکەی ژێر زەوی، بەربەست خستنە سەر چاودێریی لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی، لێکۆڵینەوەی ئاژانس لە چالاکی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ڕانەگەیەنراو، هەڕەشەی ناوکی ئێران هەر دێتوو پەرە دەستێنێ.

وڵاتە یەکگرتووەکان گڵۆپی سەوزی بۆ پەرەگرتنی توانایی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بە مەرجی خۆبواردنی ئێران لە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا پلەی ٪٩٠ لە کاتێکدا کۆگای ئۆرانیۆمی پیتێندراو و تواناییەکانی دیکەی ناوکی زیاد دەکەن، هەڵکردوە. ئێمە بەکردەوە تێچووی هەڕەشەیەکی مزنتر و ئالنگاریی زیاتر دەدەین، لەجیات بەرەوڕووی مەترسییەکان و ئاکاری نایاسایی بینەوە و بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیریی دارایی پێشکەشی تێرۆریزم دەکەین.

لە هەمان کاتدا، هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو بڕوایە دایە کە ئێران خەریکی خۆ ئامادە کردن بۆ ناردنی هاژەکی بالیستیکی بۆ ڕووسیە بە دژی ئوکراینە، کە ئاسەواری ڕاستەوخۆی ئیزندانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تێپەڕبوونی ماوەی سەپاندنی گەمارۆی هەنارده کردنی هاژەک لە لایەن ئێرانەوەیە. هاوکات پیلانەکانی کوشتنی کاربەدەستانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام ئاشکرا دەبن.

**بەشی: سێهەم**

**بەکورتی، سەرکۆمار ناتوانێ دەست لە پاشەکشە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگرێ. لە دوای کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبەر، ئەوە دژی لۆژیک و ئەقڵی تەندروستە، ئەوە سیاسەتی خراپ و هەڵەیە. کوشتاری بە کۆمەڵی ١٢٠٠ جوولەکە، لە ناویاندا ٣٢ ئەمریکایی، بەس نەبوو بۆ کۆتاییهێنان بەو پارادایمە ستراتێژیکییە هەڵەیە.**

**ڕەنگبێ کردەوەیەکی کۆنگرە بە سنووردار کردنی دەسەڵاتی سووککردنی گەمارۆ لە لایەن سەرکۆمارەوە، سڕکردنی دارایی ئێران لە سەرانسەری دنیا و پەرەپێدانی گەمارۆ بۆ سەر چین بۆ کۆتاییهێنان بە هاوردەکردنی نەوتی ئێران، بتوانێ ئەو کارە بکات.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**

## ئێمە لەگەڵ مەلاکانی ئێران لەشەڕ داین. یەکێک دەبێ ئەوە بە جۆ بایدن بڵێ

### ئامێریکەن سپێکتەیتەر – جەیمز هـ. مەکگی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، من هەموو بەیانـان پێش هەموو شتێک چاوەڕوانی هەواڵـی تـازە لەبـارەی دوو کەسەکەی هێزی تـایبەتیی دەریـایی بـووم کە لە کەنـارەکـانی سومالی بێسەروشوێن بـوون. بەو هیـوایە، سـەرەڕای ئەگەری کەم، بە زینـدوویی بـدۆزرێنەوە. مـن لە مـاوەی تەمەنمـدا شـانازیی کـارکردن لەگەڵ بەشـێک لە ئەنـدامانی ئەو کـۆمەڵگەیە بچـووک بەڵام زۆر تـایبەتییەم هەبـووە. ئەمن بەئانقەست کەلـک لە وشـەی "کـۆمەڵگە" وەر دەگـرم. ئەوە دەستەواژەیەکە کە ئەوان زۆر جـار بـۆ وەسفی خۆیان کەلکی لێ وەردەگرن و، کاتێک گوێیـان لـێ ڕادەگـری کاتێـک لە بـارەی یەکتردا قسە دەکەن، ئەو وەسفکردنە زۆر ڕاستە. ئەوان بە ڕاستی کۆمەڵگەیەکن، کـۆمەڵگەیەک کە لەسـەر بەهـای هـاوبەش، ئەزمـوونی هـاوبەش و بەڵێنییـان بـۆ بوون بە باشترین دامەزراوە. بێگومـان ئەوان هەر ئێسـتا لەگەڵ بیرکـردنەوە لە چارەنووسی هەڤاڵەکانیـان گەلێک زامدارن. هەروەهـا گومـان لەوەدا نیـیە کە ئەوان دەخـوازن بەرپرسیـارانی ئەو ڕووداوە سـزا بـدرێن. چـونکە ئەوانە تەنیـا قوربـانیی ڕووداوێکی دڵتەزێنی نەخوازراو نین، ئەوان قوربانیی شەڕن.

هەر ئەمریکـاییەکی ڕاسـتەقینە دەبـێ لەبەر چارەنووسـی دڵتەزێنـی ئەوان بەپەرۆش بـێ و تەنـانەت بـۆ مـوعجیزەیەک بپـاڕێتەوە. هەروەهـا هەر ئەمریکـاییەکی ڕاستەقینە دەبێ بە سۆزەوە هیـوادار بـێ کە خـوڵقێنەرانی ئەو چارەنووسە سـزا بدرێن. ئێمە ڕەنگبێ ناچار بین بەرەورووی "ڕاستییەکی تاڵ" بۆ بەرێوەبەرایەتی بایـدن ببینـەوە، ڕاستییەکی گەلێک تـاڵتر لەوەی "ئال گۆر" بیری لێ دەکردەوە. ئێمە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لەشەڕ داین. کاتی هـاتوە ئەوە قبـووڵ بکەیـن، دەرئەنجـامی پێویست وەرگرین و دەست بە گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ کۆتاییهێنانی خێرا و سەرکەوتووانە بەو شەڕە بکەین.

هاوکات کە دەگەینە ئەو دەرئەنجامە، ئێمە دەبێ سێ گەلاڵەی درۆیین وەلا نێین.

**یەکەم**، ئەو شەڕە دژی خەڵکی ئێران نییە. شەڕەکە لە لایەن دیکتاتۆری ئایینیی شیعە، "ڕێبەری گەورە" عەلی خامنەیی، ئاڵقەی تیۆکراتی نزیک لە ناوبراو و تاقمێکی مەزنتری توندڕەوی ئیسلامیی نێو سوپای پاسدارانەوە، هەڵایسا.

هەر چاودێرێکی وردی ئێران ئەوە باش دەزانێ کە سەرەڕای پشتیوانیی بەربەرینی جەماوەر بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی شا، زۆر دەمێکە مەلاکان پشتیوانیی جەماوەرییان نەماوە، ئەوە بە مێژووی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی پەتیا پەیتا لە ڕابردوودا پشتڕاست کراوەتەوە وتەنیا بە سەرکوتی دڕندانە لەگەڵ پڕۆپاگاندای بێوچانی فریودەرانە ئەو خەڵکە کپ کراوە. ئەوە کارێکی زۆر ساکارە کە لە مشتومڕەکاندا لەسەر قەیرانی هەنووکەیی هاوڕا بکەی "شەڕ لەگەڵ ئێران" و بێتوو ئەوە بکەین خیانەت لە خۆمان و لە خەڵکی ئاسایی ئێران دەکەین.

**دووهەم**: ئەوە "شەڕی پێشگیرانە" لەلایەن ئێمەوە نییە. "شەڕی پێشگیرانە" دەستەواژەیەکە کە بەردەوام باسی لێوە دەکرێ، بە تایبەت لە لایەن چەپی سیاسییەوە و هەروەها لەلایەن بەشێک لە کۆنەپارێزەکانیشەوە. ئەوە هەمیشە کارێکی نەشیاو نییە. چەند بەڕێوەبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان حەزێکی قووڵی ناتەندروستییان بۆ "نەتەوەسازی" و بۆ هەوڵی باش بیرلێنەکراوەی سەپاندنی بایەخەکانمان دا، لەجیات ڕەزامەند بوون بە پیشاندانی خۆمان وەک مودێل بۆ ئەوانیتر و ئیزن دان پێیان، کە بە مەرجی ویستی خۆیان هەڵیبژێرن. هەرچۆنێک بێ ئەوە سەردەمێک "باشترین شێوە"ی هەڵسوکەوتی ئەمریکا لەگەڵ باقی دنیا بوو.

شەڕی ئێستا "شەڕی پێشگیرانە" نییە. کەلکوەرگرتنی ڕێژیمی ئێران لە بەکرێگیراوان شتێکی ڕوون و ئاشکرایە و پێوەری سووکایەتیی مەلایان بە کاربەدەستانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانە. بەڵام هەڵە مەکەن، ئەگەرچی هێشتا بۆمبارانکردنەکان و تەقەکان نەگەیشتوونە خاکی ئەمریکا، بەرژەوەندییەکانمان، بەرژەوەندییە ڕاستەقینە و ژینەکییەکان، نە وەکوو تەنیا بەرژەوەندییە خەیاڵییەکانی گلۆبالیستەکان، هەر ئێستا لەژێر هێرشدان. بڕواننە هێرشەکان بۆ سەر کەشتیوانیی لە دەریای سوور. ڕێبەرایەتیی حوسییەکان پێداگرن کە ئەوان تەنیا ئەو پاپۆڕانە دەکەنە ئامانج کە بەرەو ئیسرائیل بەڕیوەن، ئەوە درۆییەکی ئاشکرایە.

ئەو هێرشانە نیشاندانی دەسەڵاتن، دەسەڵات بەسەر بازرگانیی گرینگی جیهانییەوە و، دەسەڵات بەسەر وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، هەم وەکوو لایەنی سوودمەند بوو و هەروەها پارێزەری ئەو بازرگانییە. ئەوە خولیایەکی باشە کە داوای گەڕاندنەوەی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نێو خاکەکەی دەکرێ، بەڵام تەنانەت ئەو کەسانەی بەو خولیایە وەفادارن دەبێ بزانن کە ئێمە ڕێگایەکی دووردرێژمان ماوە تا بگەینە ئەو ئاستە کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دنیا بپچڕێنین و لە هەمان کاتدا ستانداردی ئێستای ژیانمان بپارێزین. مرۆڤ پێویست ناکا بڕوا بە درۆیەکانی کۆربەندی ئابووری جیهان و لایەنگرانی بکات تا لەو ڕاستییە ساکارە تێبگات.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: سێهەم**

**سێهەم**؛ ئەوە شەڕیک نییە کە تەنیا بە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سنووردار بکرێ و هەروەها تەنیا لەبارەی ئیسرائیل دا نییە. بێتوو سەرنج بدەین، هەموو ڕۆژێک ئەوەمان بیر دەخرێتەوە، کە ئێمە، واتە وڵاتە یەکگرتووەکان، لە لایەن مەلاکانەوە بە "شەیتانی مەزن" ناو دەبرێین. ئێمە خۆمان بە ڕوانگەی "بژی و لێگەڕێ بژین" بەرانبەر بە باقی دنیا دەلاوێنینەوە، بەڵام ئیسلامیستە توندئاژۆکان شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەبینن. ئێمە دەتوانین جیاوازیی لەنێوان موسڵمانی ئاسایی و ئەو توندئاژۆیانە دانێین، بەڵام نیشاندانی نەفرەتی ئەو دواییانە لە شارە مەزنەکانمان و لە زانکۆکانمان، کە لەلایەن بەناو "میانڕەوەکانەوە" هیچ ئالنگارییەکیان بۆ دروست نەکرا، بیر هێنرەوەیەکی بەهێزە کە نەفرەتی ئیسلامیستەکان لە پشت ئەو ئاجێندایەیە و ئەو نەفرەتە زۆر لە دروشمی "لە ڕووبارەکەوە تا دەریایەکە" بەولاوەتر دەچێ.

ئێمە سەردەمانێک، کاتێک داعش، داعشتان لە بیر ماوە؟ داوای "خەلافەت،" دەستەواژەیەک کە بەتەما بوو هەموو دنیا بگرێتەوەی دەکرد، لەوە تێدەگەیشتین. بەڵام لە هەڕەتی برەویاندا، نە داعش و نە ئەلقاعیدە ئەو دەسەڵاتی سەربازی و ژیۆپۆلیتیکییەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان نەبوو. هیچکام لە لایەنەکانی دیکە، تەنانەت تاڵەبانیش لە ترۆپکی دەسەڵاتدارییاندا، توانایی پشتیوانیی لە ڕایەڵەیەکی بەڕاستی جیهانیی تێرۆریستییان نەبوو کە بتوانێ هێرش بکاتە سەر شێوەی ژیانی ئێمە. بەڵام ئەمڕۆ دۆخەکە چۆنە؟ تەنانەت بێتوو ئیسرائیل حەماس تێک بشکێنێ، کە بتوانێ وەها بنوێنێ کە بە شێوەیەکی دیکە سەر هەڵناداتەوە. ئەدی حیزبوڵڵا، کە دامودەزگاکانی، بە پشتیوانیی سوپای پاسداران، گەلێک لە بنکەکانی لە لوبنان بەو لاوەترن؟ مرۆڤ هیوادارە پێویست بە یازدەی سێپتەمبەرێکی دیکە نەکات تا ئێمە لە خەو، لەمەڕ هەڕەشەکە لەسەر خاکی خۆمان، هەستێنێ.

نهێنییەکی چەپەڵی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە سنوورێکی بەتەواوی ئاواڵای لە باشوور هەیە، ئێمە هیچ نازانین چەند ئیسلامیستی تێرۆریست کە ئێران ڕاهێنانی پێ کردوون، هەر ئێستا دزەیان کردووەتە نێو وڵاتە یەکگرتووەکان، بە تایبەتی ئێستا کە بە ئازادی تیکەڵاوی ئەوانەی دیکە بوون کە نەفرەتیان لە ئێمەیە و لە نێوماندان. ڕەنگبێ چینییەکان لە دۆخێکی باشتر دابن تا کەلک لە لاوازییەکانی ئێمە وەرگرن، بەڵام ڕێژیمی ئێران، بێگومان، لەو ڕوانگەیەوە لە پلەی دووهەم دایە و لە کاتێکدا کە سەرۆک شی پێشبینی خشتەیەکی کاتیی دەکات کە لە ٢٠٢٧ دەست پێدەکات، ڕێژیمی ئێران هەر ئێستا دژی ئێمە شەڕی ڕاگەیاندوە.

بەدڵنیاییەوە، ئەوە هۆی دڕندەییەکانی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبرە و هەروەها هۆی شەپۆلی هەنووکەیی هێرش بۆ سەر پاپۆڕەکانی دەریای سوورن، ئەو هێرشانەی کە لەو دواییانەدا ڕاستەوخۆ ئاراستەی پاپۆڕی ئەمریکایی کراون. گومان لەوەدا

نییە کە هەر مەبەستێکی دیکە بوونیان هەبووبێ، هێرشی ٧ی ئۆکتۆبر بە مەبەستی لەنێوبردنی هیوای نزیکبوونەوەیەکی بەردەوام لە نێوان ئیسرائیل و عەرەبستان بوو. "ڕێککەوتنی ئیبراهیم" ئالنگارییەکی ئاشکرا بۆ خولیاکانی ڕژێمی ئێران بوو و گرینگترین هەنگاو بۆ ئاشتییەکی بەردەوام لە ناوچەدا دوای "پەیماننامەی کەمپ دەیڤید" لە ١٩٧٩ لە نێوان ئیسرائیل و میسردا بوو. هەوڵی نوێ و هەڵەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران، سعودییەکانیان دەستەوەستان کرد و هێرشەکانی حەماس، ئەگەری زیندووکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنەیان، لە ئێستادا، نامومکین کردوە.

بە هەمان شێوە، دەوری ئێران لە هێرشەکانی حوسییەکان دەبێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی چاوی دیتنیان هەیە ئاشکرا بووبێ. ئەو پاپۆڕەی لەو دواییانەدا دەستی بەسەردا گیرا، دەبێ تەنانەت قەناعەت بە گومانداترینەکان بێنێ، بەڵام، بەڕاستی کەس بڕوا دەکات کە حوسییەکان، زیاد لە هەموو کەس ئەو حوسییانە، توانایی دروستکردنی هاژەکی دژە پاپۆڕ و کەلکلێوەرگرتنی وەها کاریگەر لێیانی هەبێ؟ ئەو هاژەکانە لە ئێرانەوە هاتوون، و هەموو کەس ئەوەی لە سەرەتاکانەوە دەزانی.

شاردنەوەی ئەوانە لە پشت هێمای دژە ئیسرائیلی، خەیاڵێکی دڵخۆشکەرانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بووە، بەو ئامانجەکە بیروڕای جیهانیی بۆ هەڵێنانی هەر جۆرە هەنگاوێک بۆ بەرپەچدانەوە، بەلاڕێدا بەرێ. ئەوە، ناڕاستەوخۆ هاندەری سەرەکی بۆ پارێزگاریی لە بەرنامە ناوکییەکەیان بووە. "تەنیا ئامانجی ئێمە لە چوون بەدوای چەکی ناوکی پاراستنی خۆمان لە ئیسرائیل بووە،" و " تەنیا ئیسرائیل و پشتیوانە ئەمریکاییەکەیان بە هێرشکردنە سەر بنکە ناوکییەکانی ئێمە، هەڕەشە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن،" کە بێگومان، "تەنیا ئامانجی ئاشتیخوازانەی لە پشتن".

کە وا بوو، سەرەڕای هەموو ڕێگا گۆڕینەکان و شوێنەونییەکان، هێرشەکە بە ڕاستی بەڕێوەیە و، بێتوو وەڵامی جیددی و بەردەوامی نەدرێتەوە، وێدەچی بەربڵاوتر بێ و ئەوسا ئێمە دەستەوەستان دەمێنینەوە. ئەو بەرپەرچدانەوە دەبێ گەلێک لە لەنێوبردنی هاژەکەکانی حوسییەکان، یان تەنانەت هێرشی ئاسمانی سنووردار بەولاوەتر بێ. بێگومان ئەو دەبێ لە پەیوەندیی لەگەڵ پشتگیریی لە ئیسرائیل بۆ لەنێوبردنی حەماس لەسەر پێ بێ و ئامادە بێ ئەگەر، یان باشترە بڵێین کاتێک حیزبوڵڵا جارێکی دیکە سەر هەڵێنێ، درێژە بەو پشتیوانییە بدا. ئەوە پێویست دەکات پەیامێک بۆ تەماشاوانان، کە خەریکی سەیرکردنن، وەکوو فەڕانسە، ئیتالیا و ئیسپانیا، بنێردرێ کە ئەوانیش پێویستە تێکەڵ بن و تەنیا لە قەراغەوە چەپڵە لێ نەدەن.

ئەوە ڕەنگبێ هێندێک هێرشی ئاماندجاریش بۆ سەر سامانەکانی ڕێژیم بگرێتەوە، وەکوو هێرشی هاژەکیی لە ۲۰۲۰، کە بە فەرمانی سەرۆککۆماری ئەوکاتی، دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی بەدناوی سوپای قودس، قاسم سولەیمانی لەنێو برد. ئەوە بێگومان پارێزگارییەکی بەهێزتر لە تاقمە بچووکەکەی هێزەکانمان لە سووریە و عێراق و، هەروەها هێرشی ڕاستەوخۆیانەتری تۆڵەئەستێنانە دەخوازێ. ئەوە ڕەنگبێ بخوازێ بە نابەدڵی پاکستان هان بدەین وەڵامی هێرشی ئەو دوایيانەی هاژەکی بۆ سەریان لەلایەن ئێران بدەنەوە.

بەڵام، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە، پێویست بە گرتنەبەری سێ ڕێکاری کاتی جەنگ دەکات.

**یەکەم**: ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە بیرێکی جیددی لە زامی چڵکنی سنووری باشوورمان بکەینەوە و تێرۆریستەکانی سەر بە ئێران ڕاوەدوو بنێین کە هەر ئێستا دزەیان کردۆتە نێو خاکمان. ئەوە وەک شتێکی ناهومێدانە دێتە بەرچاو، بە تایبەتی کە ئێستا ئێف بی ئای چیدیکە ناتوانێ ئەو ئامانجە وەدیبێنێ. ڕەنگبێ پارێزگار ئابۆت بتوانێ یارمەتی ڕێنجێرەکانی تێکزاس بکات. هەر چۆنێک بێ، ئەوە دەبێ جێبەجێ بکرێ، ئێمە ناتوانین ئەو شەڕە ببەینەوە ئەگەر نەتوانین خۆمان لە ناوخۆ بپارێزین.

**دووهەم**: ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە دەبێ هەنگاوی چالاکانە بنێین بۆ هاندان، پشتگیریی و بەهێزکردنی ئەو لایەنانەی ناوخۆی ئێران کە دژی ڕێژیمی هەنووکەیین. ئێمە دەزانین کە ئەوان هەن و پشگیریی جەماوەرییان هەیە. لەو دوایيانەدا، تەقینەوەی بۆمب لە گۆڕستانی کرمان، بەڵگەیەکە بۆ قووڵتربوونەوەی دوژمنایەتی دژی ڕێژیمە، سەرەڕای هەوڵەکانی ئایەتوڵڵا بۆ وێناکردنی ئەو ڕووداوە وەک پیلانێکی ئیسرائیلی یان ئەمریکایی. یەکێک لە مەزنترین ئابڕووچونەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما کاتێک ڕووی دا کە ئێمە لە جیات یارمەتیدانی سەرهەڵدانی ۲۰۰۹، دەستەوەستانماینەوە، هەمووی بە هیوای نابەرپرسیارانەی ڕێککەوتنی ناوکی کە هاندەرەکەی نەوەک کەتوارگەرایی سیاسی بەڵکو زۆرتر دوژمنایەتیکردنی ئیسرائیل و ترس لە کەوتنە نێو تەڵەی پشتیوانیی لە هێرشی ئسیرائیل بۆ سەر بەرنامەی ناوکی ئێران بوو.

دەتوانێن زۆر شتی هاوشێوە لە بارەی وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی هەنووکەیی بە نارەزایەتییەکانی دژی حیجاب لە ساڵی ڕابردوو بڵێین. ئێمە دەمانتوانی لەو کاتدا کاری زۆرتر بکەین، ئاستەمە بڵێن دەکرا کەمتر لەوەی کرا بکەین. ئاخۆ ئێمە دەتوانین ڕێژیمی ئێستا بڕووخێنین؟ لە باشترین حاڵەتدا، مێژوو پێمان دەڵێ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ کەتوارگەرایانە نییە. بەڵام ئاخۆ ئێمە لانی کەم دەتوانێن ڕێگریی لە دەربڕینی خولیای خەڵکی ئێران بۆ گۆڕینی ڕێژیم نەکەین؟ بێگومان ئێمە

دەتوانین ئەو کارە بکەین، بەڵام تەنیا کاتێک ویستی ئەوان وەپێش خولیای خۆمان بۆ جێبەجیکردنی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ مەلاکان بدەین.

**سێهەم:** ئێمە دەبێ، بە یەکجاریی هەر چەشنە ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێستا لە ئێران وەلا نێین. مافی نەتەوە سەربەخۆکان بۆ پارێزگاریی لە خۆیان، تەنانەت بە گەشەپێدان و بوونە خاوەنی چەکی ناوکی بابەتی کاتێکی دیکەیە، بەڵام وەدەستهێنانی چەکی ناوکی لەلایەن ڕێژیمێکی شەڕانگێزی ئیسلامی، کە بە تەمای سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناچە و دەستڕۆیشتوویی لە هەموو جیهانی هەیە، نابێ قبووڵ بکرێ. هەر ئێستا دۆخەکە خراپە کە ناچارین لەگەڵ هەڕەشە ناوکییەکانی کۆرەی باکوور، چین یان ڕووسیە بژین، بەڵام ئەوانە ئاکامی هەڵەی ماوەیەکی زۆر لەوە پێشن. کاتێکی زۆر کەم ماوە بۆ پێشگرتن بە دووپات بوونەوەی ئەوە لەگەڵ ئێران، بەڵام ئەوە بە عەوداڵبوونی ساویلکانە بە دوای ڕێککەوتنی ناوکی ئۆباما ناکرێ.
هەنگاوی بچووکی دیکەش بە مێشکدا دێن. چەند پاپۆڕی ئێرانی نقوم بکەن، بە تایبەتی ئەوانەی ئاشکرا بووە خەریکی بە قاچاخ بردنی چەکوچۆڵ بۆ حوسییەکانن، ڕەنگبێ یەکەم هەنگاوی باش بێ. هەروەها پارمەتیی کەیفکردنی ڕێژیمی ئێران بە ئازاد کردنی چەند میلیارد دۆلار دراوی سڕکراو، نەدەین.

کورت و پوخت، لە کاتێکدا کە شەڕەکە دەستی پێ کردووە، دەکرێ سنووردار بکرێ، تەنیا بێتوو ئێمە هەوڵ بۆ سنووردار کردنەکەی بدەین. ئێمە پێویست ناکات ئێران داگیر بکەین، بەڵام ئێمە ناچارین دەست بوەشێنین. ئێمە دەبێ پارێزگاریی لەخۆمان بکەین و، کاتێک ئەو کارە بکەین، ڕەنگبێ بتوانین بیر لەوە بکەینەوە چۆن براوە بین.

ڕەنگبێ یەکێک دەبوو جۆ باین لە خەو هەستێنێ و ئەوەی پێ بڵێ.

سەرچاوە:

https://spectator.org/we-are-at-war-with-iranian-mullahs/?utm_source=rss&utm_medium=rss&utm_campaign=we-are-at-war-with-iranian-mullahs

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

## ئایا ئەمریکا دەبێ هێرش بکاتە سەر ئێران؟

**ئانهرد – ڕوئەل مارک گەرەشت**

حاشای لێ ناکرێ هێزە بەکرێگیراوەکانی ئێران بایەخێکی زۆریان لەچاو تێچووەکانیان هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆربەیان سەرچاوەی داهاتی خۆیان هەیە، پشتگیریی دارایی ڕێژیم لە میلیشیا هاوپەیمانەکانی، لە نێویاندا حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس و حوسییەکان، ڕەنگبێ لە چەند میلیارد دۆلار لە ساڵدا تێنەپەڕێ، ڕەنگبێ لەوەش کەمتر بێت. بۆ وێنە حیزبوڵڵا، گەلێک ماددەی سڕکەر دەگوێزێتەوە، کۆنترۆڵی بەسەر هاوردەدا هەیە، بەشێک لە داهاتی بازرگانەکانی لوبنان دەستێنێ و، سیستەمی مافیایی یەک لە دەی بە سەر کۆمەڵگە شیعەکانی وڵاتانی گەشەسەندوودا سەپاندوە.

ئەو بەکرێگیراوانە گەلێک لە هێزی ئاسایی سەربازیی ئێران هەرزانترن و لە کێشە زۆرەکانی ناوچەدا گەلێک بەکەڵکترن. ئەوان هەروەها لە ڕوانگەی سیاسییەوە کەمتر پەرتەوازەن. شەڕە دەرەکییەکانی ئێران لەنێو لاوەکانیدا، کە هەر ئێستا حکوومەتی ئاینییان بە ناڕەزایەتی بەربەرین هەژاندوە، لایەنگری نییە و ئەوە شتێکی دژوارە چونکە ئێران بۆ پڕ کردنەوەی لانی کەم نیوەی هێزی سەربازیی خۆی پشت بە لاوانی سەرباز لە ڕیزەکانی سوپای پاسداران دەبەستێ. ناردنی درێژ مەودای سەربازانی ناڕازی بۆ دەرەوەی وڵات، ستراتێژییەکی ڕیسکدارە. بەڵام شەڕی بەوەکالەت تەنیا هەر سیاسەتی باش نییە، بەڵکوو سیستەمی تیۆکراسیی ئێرانیش لەسەر پێ ڕادەگرێ. چونکە ڕەوایی سیاسی و ئایینییان لەنێوخۆی وڵات تێکرماوە، ئێلیتی دەسەڵاتدار چاوی بڕیوەتە دەرەوەی وڵات. مەلاکانی ئێران گەلێک کەیفخۆش بوون کاتێک میلیشیا هاوپەیمانەکانیان لە عێراق شکستیان بە جیهادییە سوننیەکانی عەرەب و وڵاتە یەکگرتووەکان هێنا و سوکناییان بە دڵدا هات کاتێک حکوومەتی سەرەڕۆی سوورییەیان لە ٢٠١٢ لە ڕووخان ڕزگار کرد. ئەگەر دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد لە سووریە تێکشکابا، ستراتێژیی تاران بۆ دژایەتیی ئەمریکا، ئیسرائیل و لاوازکردنی سوننییەکان کە لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ بەولاوە برەوی پێداوە، هەرەسی دەهێنا.

لەو دواییانەدا، ٧ی ئۆکتۆبر و شەڕی غەززە بوونە هۆی شاگەشگە بوونی ئێلیتی سیاسیی ئێران و، بانگی فریودەرانەی لایەنەکانی دیکە لە ناوچەکەدا، کە پێیان وابوو ناتوانن خوێنی جوولەکە بڕێژن. شەڕەکە، بە ڕێژەی پەرەئەستێنی

قوربانییەکانی لەنێو خەڵکی مەدەنیدا و وێرانییە بەربڵاوەکەی لە کەرتی غەززە، ڕەنگبێ ئامرازێک بێ بۆ ڕێژیمی مەلاکان لە ئێران و بەکرێگیراوەکانی لە نێو "بەرەی مقاومەت"دا کە زۆرینەیان شیعەن، تا پێگەی خۆیان لە بڕوادار و سێکولارە سوننییەکاندا وەدەست بێننەوە. لە دوای شەڕی نێوخۆیی سووریە، کاتێک ئێران یارمەتیدەری کوشتاری دەیان هەزار عەرەبی سوننی بوو، ئەو پەیوەندییە گرژیی تێکەوتبوو.

بێتوو ئیسرائیل لە تێکشکاندنی حەماس ناسەرکەوتوو بێ، بێتوو ئەو داوەڵە وەکوو قەقنووس لە وێرانەکانی غەززە، دوای پاشەکشەی ئیسرائیل، سەر هەڵێنێتەوە، ئەوسا ئێران شانازیی بەرگریی سەرکەوتووانە دژی زایۆنیست و ئەمریکاییەکان بۆ خۆی دەگێڕێتەوە. بەرگرییەکی درێژخایەنی حەماس، کە بێگومان لە ئەگەری داگیرکرانەوەی غەززە لە لایەن ئیسرائیلەوە گەلێک زۆرە، دەبێتە هۆی ئەوە کە تاران سەرچاوەیەکی ئیلهامدەری شانۆی ئۆپەراسیۆنانی بۆ دەستەبەر بێ. کێشەی کەرتی غەززە وا دەکات تاران بەکرێگیراوانی هان بدا زەرەری زۆرتر لە ئیسرائیل و ئەمریکا بدەن. کوژرانی سێ سەربازی ئەمریکایی لە ئۆردۆن بەهۆی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە حەوتووی ڕابردوودا، ڕەنگبێ دەستپێکی ئەو ڕەوتە بێ.

لەگەڵ ئەوەشدا وێناچێ ئەمریکا خوازیاری تۆڵەئەستاندنەوە بێ. دنەدانەکانی مەلایان تا ئێستا لە وورووژاندنی ئیسرائیل و ئەریکا بۆ هێرشی تۆڵەئەستێنانە دژی ئەو بێئاکام بووە؛ ئەوپەڕەکەی، ئەوە بۆتە هۆی هێرش بۆ سەر هاوبەشە عەرەبەکانی ئێران. هۆیەکەی ئەوەیە واشینگتۆن و ئورشەلیم لە قووڵکردنەوەی گرژییەکان دەترسن، ئەوەی لە پێشدا بۆ ترسی "جەنگێکی بێکۆتایی" دیکە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگەڕێتەوە و، ئەوەی دواتر، چونکە لە توانایی هێزی ئاسمانی و پاراستنی هێرشی هاژەکی بۆ پاراستنی تەل ئاڤیڤ لە حیزبوڵڵا و ئێران دڵنیا نین. بەڕاستی دابین کردنی هاژەک لە لایەن ئێرانەوە بۆ دۆستەکەی لە لوبنان، ڕەنگبێ ئیسرائیلی لە دەستپێکی هێرشێکی داگیرکاریی زەمینی دیکە لە سنووری باکووری وڵات چاوترسێن کردبێ و لاوازیی بەرپەرچدانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ڕەنگبێ بوویێتە هاندەری خولیا ناوکییەکانی ئێران. ڕێبەری گەوری ئێران، عەلی خامنەیی، دەزانێ کە ئێستا ئەو خاوەندەسەڵاتە.

ئەمڕۆ، بەکرێگیراوانی ئێران لێک جیاوازن: سوننی و شیعەی توندئاژۆ ماکەی سەرەکی "تەوەری مقاومەت" پێک دێنن. ڕێژیمی مەلایان بیرۆکەیەکی بەهێزی پان-ئیسلامیی گەشە پێداوە کە بەڵێنی وەدەرنانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لەنێوبردنی ئیسرائیل، بەچۆکداهێنانی ئیماراتە دەوڵەمەندە عەرەبەکانی کەنداو کە ڕۆژاوا پشتیوانیانە و، دروستکردنی کولتوورێکی دیکەی ئیسلامی دەدا کە دەتوانێ لە بەرانبەر بە ڕۆژاوایی بوون خۆڕاگر بێ. ئەوە خوازیارێکی باشی لەنێو ڕێژەیەکی زۆر لە عەرەبان و هەروەها شیعەکانی ئەفغانستان و پاکستاندا هەیە. ئەمجۆرە پەیامە

دژە ئەمریکایی، دژە زایۆنیستی و دژە جوولەکەیە، برەوێکی زۆری لەنێو لاوانی نێرینەی موسڵماندا هەیە.

بەڵام ئێران تەنیا پشت بە ئایدیۆلۆژی نابەستێ. بیرۆکەی "ئەستاندنەوەی" ملکی دزراو هەمیشە سەرنجڕاکێش بووە: تەنیا سەیری یەکەم داگیرکارییە ئیسلامییەکان بکەن کە بەڵێنی غەنیمەت و هەروەها بەهەشت دەدرا، یان خاچ پەرەستەکان. وەسفی مارکسیستی فەڕانسەیی لە ئیسرائیل وەک "دەوڵەتێکی کۆلۆنیال-نیشتەجێ" بەتەواوی لە وشەنامەی ئیسلامیدا جێگیر کراوە. ئێران هیوادارە زایۆنیزم لە خەباتێکی درێژخایەنی خوێناویدا لە لایەن ئیماندرانەوە، یارمەتیدەری بەهێزتر بوونی متمانە بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچە بێ.

حوسییەکان، ئەو شیعانەی کە لە ڕوانگەی بڕواوە لە سوننییەکان نزیکن و سەردەمێک مەلاکانی ئێران نەفرەتیان لێیان هەبوو، واژۆی بەشداری لەو شەڕەیاندا کردوە و، هەنووکە کێشە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و هاوپەیمانە ئورووپاییەکان لە دەریای سوور دروست دەکەن. تەنانەت ئەگەرچی ڕەنگبێ ئێران لە قووڵترکردنەوەی گرژییەکان لە هەموو کەس زۆرتر بترسێ، نە واشینگتۆن و نە ئورشەلیم کەڵکیان لەو ترسە وەرنەگرتوە و ڕاستەوخۆ هێرشیان نەکردۆتە سەر ئێران. کوشتنی جاروبارەی زانا ناوکییەکان و ئەفسەرە پلەبەرزەکانی سوپای پاسداران، لە ناویاندا فەرماندەی تاریکی، قاسم سولەیمانی، بەڕاستی نایەنە ئەژمار. واشینگتۆنیش هیچ حەزێکی بۆ لێدان لە کۆماری ئیسلامی لە شوێنێک کە بەڕاستی لاوازە، واتە سووریە، نیشان نەداوە. ژەنراڵی سوپای پاسداران، حوسێن هەمەدانی، کە لە شەڕی حەڵەب لە ٢٠١٥ کوژرا، زێدەڕۆیی نەکرد کاتێک گوتی لە عێراق و سووریە "بۆ پارێزگاریی لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی، ئێمە ناچار بووین دەستێوەردان بکەین ".

لەگەڵ ئەوەشدا، نە ئەمریکا و نە ئیسرائیل، ئامادە نین سوننییەکانی سووریە چەکدار بکەنەوە. هەڵایسانەوەی شەڕی نێوخۆ لە سووریە لەوە بێزراوترە کە بیری لێ بکرێتەوە: قەیرانی پەنابەران بووە هۆی درووژان و بەهێزتربوونی حیزبە پۆپولیستەکان لە سەرانسەری ئورووپا و دەستمایەیەکی بەهێزی دا بە سەرۆککۆماری ئیسلامیستی تورکیە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەنێو یەکیەتی ئورووپادا. چەکداربوونی سوننییەکانی سووریە کە بەرهەمی خۆ لێ لانەدەرانەی سەرهەڵدانی عەرەبە سوننییەکان بوو، هەروەها بووە هۆی بەهێزتر کردنی جیهادیستە سوننییەکان.

بەڵام تێکڕمانی وردە وردەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست تەنانەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشووتر، بۆ ئاسەوارەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم. لەو کاتییەوە، دیکتاتۆرییە سەربازییەکان توخمە سەرکییەکانی کۆمەڵگەیەکی دروستیان لەنێو

برد، واتە ڕێزداریی بنەڕەتی وئابووریەکی کاریگەر. پاشان سەرهەڵدانە بەربەرینە عەرەبییەکە ناوچەکەی هێندەی دیکەش هەژاند. ئەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی تاقمی میلیشیا کە بەکردەوە لە شکاننەهاتوون، چونکە ئێستا زلهێزە ڕۆژاواییەکان ئالێرژی هێرشی سەربازیی خاکییان گرتوە و ناتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی ئاسمانی بە شێوەی کاریگەر ڕیشەکێشیان بکەن.

بەڵام، هێشتا لەنێوبردنی بەکرێگیراوانی ئێران کارێکی مومکینە، بەڵام پێویست بە پابەندبوونی سەربازیی بەرچاو دەکات. بیرکردنەوە لە سێناریۆیەک، کە لەویدا ڕێژیمی مەلایان نەمێنێ و بوەستێندری دژوارە، بێجگە لە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئێران و، هەر هێرشێک دەبێ گەلێک وێرانکەر بێ، چونکە هێرشێکی ڕۆژاوا کە ببێتە هۆی زەرەر پێنەگەیشتن بە بەرنامەی چەکی ناوکی ئێران، کارێکی ئاقڵانە نابێ.

ئورشەلیم وێدەچێ ئامادە بێ لە غەززە تێچوویەکی مەزن بدا. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە ئۆپەراسیۆنی غەززە بۆتە هۆی لەنێوچوونی تاهەتایی ناوبانگی ئیسرائیل لە لای سیاسەتوانە چەپەکانی ڕۆژاوا، ڕەنگبێ ئورشەلیم نەخوازێ ئەرکێکی قورستری خەساندنی حیزبوڵڵای لوبنان بگرێتە ئەستۆ. جبەخانەی زەبەلاحی هاژەکی ئەو گرووپە کە ئێران بۆی دابین کردوە، دەتوانێ تەل ئاڤیڤ بهەنگێوێ، جا جیاوازیی نییە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و سیستەمی دژە هاژەکییەکەی چەندە خێرا بن. حیزبوڵڵا تەنیا هێزی بەکرێگیراوی ئێرانە کە لەنێوبردنی دەتوانێ برینێکی کاریگەر و ڕەنگبێ ئیفلیج کەر بۆ خولیاکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بێ.

سەرەڕای ورووژاندنە کوشندەکەی ئەو دواییانە لە ئۆردۆن، وێناچێ ئەمریکا لەوبارەوە یارمەتیدەر بێ. وەڵامی بەڕاستی گێژانەی ئەمریکا بەو ڕووداوە، بێگومان ڕەنگدانەوەی سەرلێشێواویی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەمەڕ ئێران، دوای وەڵامی نەرێنی خامنەیی بە بووژاندنەوەی ڕێککەوتنە ناوکییەکە لە هاوینی ڕابردوویە. وتەبێژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، جان کربی، ڕۆژی دووشەممە گوتی، "ئێمە خوازیاری جەنگ لەگەڵ ئێران نین. ئێمە درێژە بە گەڕان بەدوای بژارەکان دەدەین ... ئێمە دەمانهەوێ ئەو هێرشانە کۆتاییان بێ." بەڵام ئەو هێرشانە کۆتاییان نایە. ئەوان زۆر خۆشن و، لە ڕوانگەی ستراتێژیکییەوە کاریگەرن: کۆماری ئیسلامی بۆتە هێزی دەسەڵاتدار لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، خامنەیی بە تاقمە کارتێکی لاواز، کایەیەکی ژیرانەی کردوە. تەنانەت بە پشتگیریی ڕووسیە و چینەوە، کۆماری ئیسلامی ناتوانێ خاوەنی هێزی بەرچاوی مەیدانی لە بەرانبەر ئەمریکا و ئیسرائیل بێ. بەڵام تەنانەت مەزنترین پاشای سەفەوی، عەبباسی یەکەم، کە عوسمانییەکانی لە دووئاوان تێکشکاند، نفوزی ئێستای خامنەیی لەنێو ئاپۆڕای جۆراجۆری لاوانی

کەمخوێندەواری عەرەب، کە ڕەنگبێ قەت نەچووبنە ئێران و تەنانەت فارسێکیان نەدیتبێ، نەبوو.

بێگومان تاران درێژە بە زەخت هێنانەکانی تا ئەوکاتەی وڵاتە یەکگرتووەکان یان ئیسرائیل بەهێزتر وەڵام نەداتەوە، دەدات. ڕێژیمی مەلایان ڕەنگبێ پشوویەک بە ئۆپەراسیۆنەکانی بدا یان ئیدیعا بکات کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر بەکرێگیراوەکانییەوە نییە، بەڵام سەرکەوتنی دەبێتە هۆی شەڕانشۆیی. ئەوە تێگەیشتی ئێران لە خۆی، وەکوو پاڵەوانێکی ئیسلامی کە لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکایی و زایۆنی دەجەنگێش دەگرێتەوە. با گوتەیەکی حوسێن سەلامی، فەرماندەی سوپای پاسداران دووپات بکەمەوە، ڕێژیمی مەلایان "بەدوای شەڕێکەوە نییە" کە دەزانێ دەیدۆڕێنێ.

لە ئاکامدا، بێتوو پەرچەکرداری واشینگتۆن بە هێرشی ئۆردۆن تەنیا هێرشێکی دیکە دژی بەکرێگیراوەکانی ئێران، یان تەنانەت هێزەکانی ئێران لە سووریە بێ، وێناچی ئەوە لێکدانەوەکانی خامنەیی بگۆڕێ.

**تەنیا شتێکی بەتەواوی پەشۆکێنەر، وەکوو هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئامانجەکانی سوپای پاسداران لە نێوخۆی ئێران و، ب ئاشکرا دەربڕینی هەڕەشەی کەڵک وەرگرتن لە هێزی نەبەزی ئەمریکا، شانسی ئەوەی هەیە مەلاکان دڵنیا بکات کە لۆلۆی ئەوجار لەگەڵ هی پێشوو جیاوازە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## ئایا واشینگتۆن لە جێهێشتنی عێراقدا جیددییە؟

### نەیشناڵ ئینتەرێست - عەدنان ناسر

**لەگەڵ داوای ئەو وڵاتە بۆ کشانەوە و قووڵتربوونەوەی قەیرانی ناوچەیی، بڵێی مانەوەی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق بەرەو کۆتایی بڕوا؟**

زۆر شت لەبارەی شێوەی هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ بەریەککەتنی ئەو دواییانەی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ عێراق گوتراوە. لەگەڵ بەردەوامیی پشتگیریی سەربازیی ئەمریکا لە ئیسرائیل لە شەڕەکەی دژی حەماس لە کەرتی غەززە، کە بۆتە تووڕەیی بەشێکی زۆر لە دنیا، ئاستی پەسەندکرانی واشینگتۆن لە ناوچەدا لە نزمترین ئاستی خۆیدایە.

حیزبوڵڵای لوبنان بۆ پشتگیریی لە حەماس، هێرشە سەربازییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل چڕ کردوونەوە. تاقمەکانی هاوتەریبی میلیشیای فەلەستینی لە غەززە هێرش دەکەنە سەر ئامانجە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە نێویاندا هێرشی ئەو دواییانە لە ئۆردۆن کە بووە هۆی کوژرانی سێ سەربازی ئەمریکایی و برینداربوونی زیاتر لە چل کەس.

ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان لێدوانێکی بڵاو کردەوە و لەویدا هێرشەکە و لەدەستدانی کارمەندانی خزمەتگوزاری لە بنکەیەکی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان، "بورجی ٢٢" کە لە ئۆردۆن هەڵکەوتووەی پشتڕاست کردەوە. ئەو هێرشە یەکەم گورزی کوشندەیە کە ئەمریکا لە دوای شەڕی ئیسرائیل - حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبر ئەزموونی کردوە. زیاتر لە ١٥٠ هێرش کراونە سەر بنکەکانی ئەمریکایی لە عێراقەوە بگرە تا سووریە و ئێستا ئۆردۆن. سەرۆککۆمار بایدن بە ئاشکرا تازیەباری لەکیس چوونی سێ سەربازەکە بوو و لە کاتێکدا دەیگوت، "ئێمە لە کات و بە شێوەی هەڵبژێردراوی خۆمان تۆڵە لە بەرپرسیارانی ئە هێرشە دەکەینەوە،" بە خەڵکی ئەمریکای گوت کە دەوڵەت ئەرکدارە دژی تێرۆریزم بجەنگێ.

هێندێک کەسی ناسازشکار لە کۆنگرە داوای تۆڵەی خوێنی ڕژاو بە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئێران، وەک شێوەیەکی شیاو بۆ تۆڵەئەستاندنیان کردوە. سەناتۆر لیندزی گراهام (کۆماریخواز لە ویلایەتی کارۆلاینای باشوور) لە لێدوانێکدا لە تۆڕی

کۆمەڵایەتیی ئێکس گوتی تۆڵەئەستاندنەوەی سەرۆککۆماری پێشوو لە بەکرێگیراوانی ئێران بەس نەبووە و "نابێتە هۆی چاوترسێنکردنی شەڕانشۆیی ئێرانی." ئەو داوای "هێرش بۆ سەر ئامانجی گرینگ لە نێوخۆی ئێرانی کرد".

سەناتۆر جان کۆرنین (کۆماریخوار لە ویلایەتی تێکزاس)، بە هەمان شێوە وەک بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە، لە ئێکس نووسی، "تاران بە ئامانج بگرە." ئەو لێدوانانە لەلایەن بەرەی فرە ڕاسترەوی ئۆپۆزیسیۆن بڵاو بوونەوە کە داوای "نیشاندانی هێز" دەکەن بەڵام لە پلەیەکدا نین کە قامک بە پەلەپیتکەکەوە بنێن.

بێگومان، بایدن لەبارەی بەرپەرچدانەوەی سەربازیی دژی میلیشیاکانی سەر بە ئێران جیددییە. هیچ نەبێ، ئەو هیچ ڕێگاچارەیەکی بێجگە لە جیددی بوون نییە. ئەمساڵ ساڵی هەڵبژاردنە و، سیاسەتی دەرەوە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێ ببێتە خاڵی لاوازی ناوبراو. گەرەنتی ئەوە دەکرێ کە واشینگتۆن کەڵک لە هێزی سەربازیی وەردەگرێ، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە خوزیاری شەڕێکی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران نییە. پێش هێرشەکانی ئۆرۆدن، هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٣ی جانیوەری، هێرشی کردە سەر هاوپەیمانانی ئێران لە ڕۆژاوای عێراق.

## عێراق داوای کشانەوە دەکات

سەرۆکوەزیرانی عێراق، محەممەد شیاع ئەلسودانی، داوای "کشانەوەیەکی وتووێژلەسەرکراوی ڕێکوپێک و خێرا"ی هاوپەیمانییەکە بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە وڵاتەکەی کردوە. بە گوتەی سودانی، ئاشکرا بووە کە ئەو هێزە ٢٥٠٠ کەسییە مانەوەی لە کشانەوەی بە گیروگرفتترە. ئەو مەترسیی ئەوەی هەیە کە مانەوەیان ببێتە هۆی ناسەقامگیریی عێراق، بە هۆی پشتگیریی ئەمریکا لە گەمارۆی سەربازیی ئیسڕائیل دژی غەززە.

لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە، ئەو سەربازانە لەسەر داوای دەوڵەتی بەغدا خەریکی دانی ڕاوێژکاریی سەربازین. ئامانجی ئەوان ڕاهێنان و دانی کەرەستە و هاوئاهەنگ کردنی سوپای عێراقە. بێتوو عێراق بیهەوێ، ئەوە مافی یاسایی دەوڵەتی عێراقە داوا لە هەر هێزێکی بیانی بکات کە خاکی ئەو وڵاتە چۆل بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێبەرە عێراقییەکە هیچ دوا وادەیەکی دیاری نەکردوە و، ڕوون نییە کەنگێ ئەو کارە دەکات.

وێناچێ واشینگتۆن لەو کاتەدا و دوای هێرش بۆ سەر هێزەکانی و دانی قوربانی بکشێتەوە، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی

شەڕی غەززە. ئیسرائیل و هاوبەشەکانی دیکەی ئەمریکا ڕەنگبێ هەست بە لاوازیی بکەن. ڕێبەرانی تاران دەتوانن کەڵک لە پاشەکشەی ئەمریکا بۆ خۆ بەهێزتر نیشاندانی خۆیان لەلای لایەنگرانیان وەرگرن. هەر چۆنێک بێ، ئامانجی درێژخایەنی ئێران وەدەرنانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەیە.

پسپۆڕی بواری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پرۆفیسۆر جاشوا لەندیس لە زانکۆی ئۆکلاهاما باسی ڕونگەکانی لەمەڕ ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا و ئەوەی کە ڕەنگبێ واشینگتۆن بیهەوی لە پێشدا بیر لە بژێرەی دیکە بکاتەوەی کرد. لەندیس گوتی، "بەڕێوەبەرایەتی بایدن هەوڵ دەدا پاش هێندێک ئاڵوگۆڕی بچووک لە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، لەوێ بمێنێتەوە. بایدن نایهەوێ بکشێتەوە، گومان لەوە دا نییە کە نایهەوێ بەر لە هەڵبژاردنی مانگی نۆڤەمبەر ئەو کارە بکات".

سەرۆک کۆماری هەشتا و یەک ساڵەی ئەمریکا لە هەوڵدایە ڕێژەی لایەنگرانی، کە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی گالۆپ لە ژێر ٤٠ لە سەد لە هاتووچۆدایە، بەرز بکاتەوە. بێتوو بایدن هەر هەنگاوێک بنێ کە وەک پاشەکشە لە بەرانبەر ئێران سەیر بکرێ، ڕەنگبێ خۆی لە هەمان دۆخدا ببینێتەوە کە سەرۆککۆماری پێشوو جیمی کارتەر لە نۆڤەمبەری ١٩٧٩ تووشی بوو، کاتێک خوێندکارانی ئێرانی (بە ئیلهاموەرگرتن لە دامەزرێنەری شۆڕشی ئیسلامی، ئایەتوڵڵا خومەینی) هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و پەنجا و دوو بارمتەی ئەمریکاییان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ ڕاگرت.

ئەو کارە بووە هۆی دۆڕاندنی کارتەر لە هەڵبژاردنی ساڵی دواتر لە بەرانبەر ڕکابەرە کۆماریخوازەکەیدا، ڕۆناڵد ڕەیگان، کە لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا وەک کەسێکی خاوەن هێز و ئیرادە دەرکەوت. ڕکەبەرە سیاسییەکەی بایدن، بێگومان دۆناڵد ترامپ دەبێ، کە بە هەمان شێوە هەوڵ دەدا سەرۆککۆمار وەک کاندیدایەکی لاواز نیشان بدا. سەرۆک کۆمارەکەی پێشوو دەتوانێ وەبیر خەڵکی ئەمریکا بێنێتەوە کە ئەوە ئەو بوو کە لە جانیوەری ٢٠٢٠ فەرمانی کوشتنی ژەنراڵی پلەبەرز قاسم سولەیمانی لە عێراق دا.

لەندیس هەروەها باسی کاردانەوەی تارانی کرد لە ئەگەری پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق. "ئێران پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق وەک سەرکەوتنێکی مەزن باس دەکات. لە سەرەتای دەستپێکی شەڕی غەززە، ئێران هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار تا وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق دەر بکات. هێرشەکانی بەکرێگیراوانی ئێران بۆ سەر بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان واشینگتۆنیان وروژاند تا کەسایەتیی بەنێوبانگی عێراقی بکوژێ".



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: سێهەم

کوشتنی موشتاق تالیب ئەلسەعیدی، فەرماندەیەکی پلەبەرزی لیوای دوازدەی حەشدی شەعبی، کە سەر بە ئێرانە، لە ٤ی جانیوەری هیچ بژێرەیەکی بۆ سەرۆک وەزیران سودانی نەهێشتەوە بێجگە لەوەی داوا لە واشینگتۆن بکات بارگەوبنەی وەپێچێ و ناوچەکە جێهێڵێت.

بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەگەڵ بریتانیا، گەمارۆی زۆرتریان دژی ڕایەڵەیەک لە کەسانێک پەسەند کرد کە بە پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران دەستیان لە کوشتنی بەرهەڵستکاران و کەسایەتی ئۆپۆزیسیۆندا هەبووە.

جێگری سەرۆکی وەزارەتی دارایی بۆ کاروباری تێرۆریزم و هەواڵگریی دارایی، برایان ئی. نێلسۆن گوتی، "ڕێژیمی ئێران درێژە بە هەوڵەکانی بۆ بە ئامانج گرتنی بەرهەڵستکاران و چالاکان دەدا کە نیشانەی نادڵنیایی قووڵی ڕێژیم و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی سەرکوتی نێوخۆیی بۆ ئاستی نێونەتەوەییە." ئەو درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، "وڵاتە یەکگرتووەکان، لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان و هاوبەشەکانی، لە ناویاندا بریتانیا، درێژە بە بەربەرەکانی دژی سەرکوتی نێودەوڵەتی ڕێژیمی ئێران دەدا و کەڵک لە سەرجەم ئامرازەکانی بەردەست وەردەگرێ تا کۆتایی بەو هەڕەشانە بێنێ، بە تایبەتی لە خاکی وڵاتە یەکگرتووەکاندا".

ئاخۆ گەمارۆی زیاتر دەتوانێ ڕەفتاری ئێران سنووردار یان ئەو وڵاتە چاوترسێن بکات؟ وێناچێ. ئەوان لە جیات کاریگەریی لە سەر سەرکوتی بە کردەوە، تەنیا دەبنە هۆی تووڕەیی. ئاکامی هەستپێکراو کاتێک دەبێ کە بایدن بڕیار بدا ئاخۆ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و شوێنی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕست ڕابگرێ، بکشێنێتەوە یان کەمتریان بکاتەوە. تاران چاودێریی دەکات تا بزانێ ئاخۆ تێپەڕینی کات بە قازانجییەتی یان نا؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی = مارچی ٢٠٢٤ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: خەرمانانی ٢٧٣٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٣٦ی زایینی



# سپاس و پێزانین

هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور بۆ وەرگێڕاوەکانی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان.

دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان

**ڕەحمان نەقشی**

